تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

فەرهەنگی شیکاری
زاراوەکانی کۆمەڵناسی

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

ئامادە کردنی:
فەخرەدین ئامێدیان

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی

ئامادەکردنی:

فەخرەدین ئامێدیان

٢٠١٣/١٣٩١

شمیم سنندج

سرشناسه	:	آمیدیان (ترکی)، فخرالدین، ۱۳۵۶ -
عنوان و نام پدیدآور	:	فه رهه نگی شیکاری زاراوه‌کانی کومه‌لناسی/نووسه‌ر فه‌خره‌دین ئامیدیان.
مشخصات نشر	:	سنندج: شمیم، ۱۳۹۰.
مشخصات ظاهری	:	۶۰۰ص.
شابک	:	978-600-91690-5-4
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
موضوع	:	جامعه‌شناسی -- واژه‌نامه‌ها-- انگلیسی
موضوع	:	جامعه‌شناسی -- اصطلاح‌ها و تعبیرها
موضوع	:	زبان انگلیسی -- واژه‌نامه‌ها -- کردی
موضوع	:	کردی -- واژه‌نامه‌ها -- انگلیسی
رده بندی کنگره	:	۱۳۸۹ ۸آ۲۳آ /۳۲۵۶PIR
رده بندی دیویی	:	۳۰۱/۰۳فا۹ک
شماره کتابشناسی ملی	:	۲۲۳۴۸۹۶

ناوی کتێب: فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی

کۆکردنەوە و نووسین: فەخرەدین ئامێدیان

ناوەندی چاپ: شەمیمی سنە

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

ژمارەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ۲۰۱۳/۱۳۹۱

نرخ: ۱۸۰۰۰تمه ن

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

ناوەندی بڵاوکردنەوە: سنە- شەقامی شوهەدا- پاساژی ئاویەر- کتێبی نیشتمان

تەلەفوون: ۲۲۷۲۱۱۵-۸۷۱-۹۸+

سالەهایە ئەم شۆڕەکاتەت بەجێ
هێشتووە کەچی، هێشتا دەنگی گەرم و
بزەی نەرمت تەلی گیانم دەبزوێنێ.

بەیادی یاری کۆچکردووم:

هووشمەند موفاخری (شەعەف)

آب دریا را اگر نتوان کشید
هم به قدر تشنگی بتوان چشید
(مولانا جلال‌الدین رومی)

دەسپێک

هەرچەند ناتوانین بلێین کۆمەڵناسی زانستێکی نوێیە، بەڵام بێشک بە زمانی کوردی تازە خەریکە پێڕۆکە دەبێ و هەنووکە لە سەرەتای ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆیدایە. لەم ساڵانەدا کاری زۆر لە سەر زانستە رامیارییەکان بە گشتی و دانانی فەرهەنگی سیاسی بەتایبەت کراوە. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەش‌وهەوایەکی سیاسی زاڵ بە سەر کوردستاندا. سەدەی نۆزدە و بیست و بیست و یەک بۆ ئێمەی کورد پڕ لە کارەسات و ڕووداوی جۆراوجۆر و زۆرجار دڵتەزێن و هەندێ جاریش دڵخۆشکەر بووە. زۆربەی هەرە زۆری شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بووە و یەکێک لە گرینگترین دەرەنجامەکانی – واتە ڕووخانی حکوومەتی بەعس و دامەزراندنی عەراقی فیدراڵ- کە لە سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکدا هاتۆتە دی، هاتی کوردی تێدا بووە. کورد ئێستا خۆی لە پاگەی حکوومەت و دەوڵەتدا دەبینێ؛ بۆیە زۆر ئاساییە کە زۆربەی کۆشەوەکانی لەم بەستێنەدا بێ.

هەروەک بێژرا، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە ئێمەی کورد خەریکین جێگە پایەک بۆ خۆمان لەنێو پێوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دەکەینەوە، پێویستە کە بە هۆکارێکی زانستی و ئاکادێمی، چەندوچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رامیاری و کولتووری خۆمان بناسین و بە پاڵ دانەوە بە لێهاتووییەکانی خۆمان، ڕێگایەکی ئەقڵانی بۆ گەیشتن بە دۆزە سەرەکییەکانمان ببینینەوە. بێشک کۆمەڵناسی بۆ گەیشتن بەم

مەبەستە، تەنیا ئامراز نییە، بەڵام بۆ ئێمە دەتوانێ ئامراز و هۆکارێکی کاریگەر و گرینگ بێ بۆ سەرکەوتن لەم ڕێگا هەڵەمووتەدا.

هەرچەند ئەم دەسپێکە جێگایەکی گونجاو بۆ ئەم باسە نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم بۆ روون بوونەوەی گرینگی کۆمەڵناسی و کاریگەری ئەم زانستە بە سەر ڕەوتی گەشە سەندنی ئابووری-کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژاوا و هەروەها نسکۆی ئەم زانستە لە دەیەکانی پاش حەفتاکان و بووژانەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا، سووکە ئاوڕێک لە ڕەوتی ئەم زانستە بدەمەوە.

هەروەک دەزانین کۆمەڵناسی، بەوجۆرەی کە ئێستا دەیناسین، لە سەر بنەمای زانستە سروشتییەکان داڕێژراوە. سەرکەوتنی زانستە سروشتیەکان لە بواری جۆراوجۆر بە تایبەتی لە فیزیا و ژینەوەرناسیدا هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی بیرمەندانی زانستە مرۆییەکان بۆ دیتنەوەی یاسایەکی گشتگیر کە بتوانێ بە تەکووزی هەموو جڤاکە مرۆییەکان پێناسە بکات و لە هەمان کاتدا ڕێگای بەختەوەرییان مسۆگەر بکات، هانا بەرنە بەر ئەم زانستانە. کۆنت بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەستی دایە دانانی «فیزیکی کۆمەڵایەتی»؛ پاشان دەستی دا بە گۆڕانی ئەم زاراوە و دانانی زاراوەی سۆسیۆلۆجی یا هەمان کۆمەڵناسی. ئەوەی لە بیری کۆنتدا بوو، دانانی شێوازێک بوو بۆ پێناسە کردنی کۆمەڵناسی. بۆیە شێوازی تۆژینەوە لە سەر پێوەری زانستە سروشتییەکانی بە شێوازێکی گونجاو بۆ ئەم کارە دەزانی.

ئاگۆست کۆنت لە فەلسەفەی پازیتیڤیسمی خۆیدا ڕەوتی گەشەی هزری مرۆڤی بە سێ قۆناغ دابەش دەکرد: قۆناغی ئیلاهی؛ قۆناغی میتافیزیکی و قۆناغی **پازیتیڤیسم** (بڕوانە پازیتیڤیسم لەم کتێبەدا). ئەم کارەی کۆنت دەسکەوتی زۆری لەم بەستێنەدا بوو و پاش ئەو دوورکایم وەک میراتبەری کۆنت درێژەی بەم پرۆسەیەدا و لە سەر هەمان ڕێچکەی کۆنت خەریکی پەرە دان بە کۆمەڵناسی بوو. دوورکایم بە جەخت کردن لە سەر بیردۆزی ئەرکخوازی، ڕەهەندێکی کۆنی بە شێوازێکی نوێ ئاوەڵا کرد و ڕێگای بۆ شرۆڤە و وردبوونەوە و وەرددانەوەی کۆمەڵگا کردەوە. بۆیە دەڵێم ڕێگایەکی کۆن، چونکە بەر لە دوورکایم زۆر لە بیرمەندانی دونیای ئیسلامی و دونیای مەسیحی ئەم بیردۆزەیان بە وردی باس لێ کردبوو؛

واتە، بۆ شرۆڤەی کۆمەڵگا لە تیۆری **ئەرکخوازی** (*functionalism*) کەڵکیان وەرگرتبوو (بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ئەرکخوازی). بەڵام دوورکایم بە راڤەی زۆرتری ئەم بیردۆزە و دانانی دوو جۆرە **یەکگرتوویی میکانیکی و ئۆرگانیگی**، زۆر باسی نەبێژراوی لە تویێی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرهێنا و خستیە بەر نەشتەرگەری.

هاوکات لە گەڵ شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی و قەیرانەکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵناسی کە وەکوو زانستێکی مرۆڤی کە بە گوێرەی فاکتەرەکانی زانستە ئەزموونییەکان دەجووڵایەوە و قسەی نەبێژراو و ڕێگەچارەی نادیاری زۆری لە ژێر داوێندا بوو، زۆرتر کەوتە بەر سەرنج و ئاوڕلێدانەوە. هەندێ پێش‌بینی وەکوو سەرهەڵدانی حکوومەتێکی فاشیستی و تووتالیتر لە ئاڵمانیا[1] و داهاتووی پڕ لە سەرکەوتنی ئەمریکا[2] و قەومانی قەیرانی نێو نەتەوەیی، ڕێگای بۆ ڕێزگرتن لەم زانستە خۆش کرد.

دەسپێکرانی شەڕی جیهانی دووەم و کۆچی زۆربەی کۆمەڵناسان بۆ ئەمریکا و سەرهەڵدانی ڕێبازی شیکاگۆ و تۆژینەوە لە تەوەرگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵناسی ورد، ئەم زانستەی وەکوو کیمیایەکی کارامە و لێهاتوو -کە دەتوانێ پەرسفەدەری بەشی هەرە زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بێ- ناساند. هەندێ کۆمەڵناسی وەکوو سپێنسێر، سامنێر، کوولی، گیدینگز، ئێدڤارد راس، زینانسکی، رابێرت پارک، پارسۆنز، سۆرۆکین و زۆر کۆمەڵناسی‌تر کە زۆربەیان یا خەڵکی ئەورووپا بوون، یاخۆ لە ئەورووپا خوێندبوویان ئەمریکایان کردە تاقیگەیەک بۆ سەلماندن و چەسپاندنی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی. ئەم هاتە تا حەفتاکانی زایینی بەردەوام بوو. پاش ئەوە سەرهەڵدانی هەندێ کێشەی نوێ کە باسی فیمینیزم لە سەرووی

---

[1] - توێژینەوەکەی ئادرنۆ سەبارەت بە رادەی سەرنەوی کردنی خەڵکی ئاڵمانیا لە بەرانبەر ئۆتۆریتە.

[2] - رای ڤیبێر پاش سەردانی ئەمریکا؛ دیمۆکراسی لە ئەمریکادا، نووسینی ئەلکسی دۆتۆکڤیل ١٨٤٠ و ... .

هەموویانەوە بوو (شەپۆلی دووەمی فیمینیزم)، نسکۆیەکی بۆ ئەم زانستە هێنایەکایەوە. هەرچەند پاش ئەوە سەرنجدان بەم پرسە، دیسان گرینگی و بایەخی کۆمەڵناسی گەڕاندەوە.

لە سەدەی بیستو یەکدا بەجیهانی بوون باس و کێشەیەکی نوێی هێنایە ئاراوە کە هەنووکەش بەردەوامە و هێشتا وەلامێکی تێرو تەسەل و گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە. لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا باسی گەشە و نوێسازی و بووژاندنەوەی ولاتە دواکەوتووەکان و هەروەها بە پیشەسازی کردنی ئەم ولاتانە هێشتا گەرم و گوڕە و هەر ولاتێکی جێهانی سێیەم بە گوێرەی لێهاتوویەکانی خۆی توانیویە تا رادەیەک لە گۆڕەپانی جیهانیدا پاگەیەک بۆ خۆی ببینێتەوە. هەندێ ولاتی وەکوو کووریای باشوور، چین، مالزی، برازیل و تورکیا توانیویانە لانی کەم داهاتی سەرانەیان لەژێر ٥٠٠ دۆلارەوە بێننە سەرتر لە ٢٥٠٠ دۆلار.

لە لایەکیترەوە سەرهەڵدانی تیۆریگەلی فرەکولتووری، کە بایەخی زۆرتر دەدەنە وردە کولتوورەکان و هەروەها باسی فیمینیزم و «پێوەندیگەلی نائاسایی جنسی»[٣] و کێشەی ژنانی سەربە وردە کولتوورەکان، بۆتە باسێکی گرینگ و سەرەکی لە کۆمەڵناسی ئەم سەدەیەدا.[٤]

بەگشتی کۆمەڵناسی لە سەرەتای بەدیهاتنیەوە -کە گەرمەی پیشەسازی بوو- تا ئێستا -کە خولی پاشپیشەسازی و سیستەمی خزمەتگوزارییە- هەورازو نشێوی زۆری بڕیوە و دەسکەوتی زۆری بەدەست هانیوە. لە ولاتی خۆشماندا کە خەریکی تاقی کردنەوەی حکوومەتین، خەریکە بایەخ و گرینگی شیاوی پێ دەدرێ و بەرە بەرە پاگەی خۆی دەبینێتەوە. بەلام ناکۆکییەک کە لە نێو نووسەرانی ئەم بوارە لە زمانی کوردیدا هەیە، بۆتە هۆی ئاژاوەیەک لە نووسین لەم بەستێنە و پێکهێنانی کێشە بۆ تێگەیشتنی خەڵکی بە تایبەت قوتابیانی کورد لەم زانستە. بێگومان هەر زانستێکی نوێ، ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و تا ئەو ئەدەبیاتە لە نێو

---

[3] Queer.
[4] - Ritzer, George (2007). *Contemporary Sociological theory and its classical roots*: the basics.

هۆگرانی ئەو زانستەدا سەقامگیر نەبێ، هیوای هیچ دەروویەکی لێ ناکرێ و هەموو کۆششەکان مشت بە سەر سندان کوتانە و هیچی‌تر.

ئەو هۆوە و چەن هۆی لە وتن‌نەهاتگی‌تر پاڵیان پێوەنام بۆ نووسینی فەرهەنگێکی شیکاری کۆمەڵناسی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە سەرەتا تێکۆشام کە سەرچاوە و کتێبی کۆن و نوێی نووسراو و وەرگێڕدراو کۆوە بکەم و لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵدا هەموو ئەو سەرچاوانەم تاوتوێ کرد. کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەش گیرو گرفتی تایبەت بە خۆیان هەبوو؛ هەندێکیان چاپی زوو بوون و دیتنەوەیان کارێکی گران بوو. بۆیە ناچار چەن جار سەفەری تاران و پیشانگای کتێبم کرد و لە ئەنجامدا توانیم ئەم کتێبانەی کە لە کۆتایی کتێبەکەدا ئاماژەم پێکردوون، ببینمەوە و هەندێکیشان کە بە راستی نایاب بوون، لە کتێبخانە و دۆست و ناسراو بە ئەمانەتم هێنان.

لەم بەرهەمەدا هەر زاراوەیەکم بە گوێرەی گرینگی و پاگەیەک کە لە کۆمەڵناسیدا هەیەتی، راڤە کردووە و بۆ هەندێ لە زاراوەکان وتاری تێرو تەسەلم نووسیوە. رەنگە هەندێ لەم زاراوانە باس و لێدوانی زۆرتری بوێت، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم بەرهەمە فەرهەنگە، راڤەی هەر زاراوەیەکم بە جۆرێک نووسیوە کە گرینگترین باسەکانی ئەو زاراوەیەی تێدا بێ. ئەگەریش خوێنەری هێژا راڤەی زۆرتری پێویست بوو، بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژەم داوە بە سەرچاوەکان، تا خوێنەر بۆ خۆی راستەوخۆ ئاو لە سەرچاوە هەڵینجنێ.

لە شیکردنەوەی هەر زاراوەیەکدا ئەگەر زاراوەیەک کە لەم کتێبەدا وەکوو لێما باسی لێ کرابێ، هاتبێت، ئەوە بە رەنگی رەش (Bold) دیاریم کردووە تا خوێنەر ئەگەر پێویستی بوو هەر لەم کتێبەدا زانیاری زۆرتر سەبارەت بەو زاراوەیە بەدەست بێنێ.

هەروەها لە کۆتایی کتێبەکەدا دوو فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی و کوردی-ئینگلیزیم داناوە تا ئەگەر خوێنەرێک بە دووی زاراوەیەکدا گەڕا و واتا ئینگلیزیەکانی زانی، بتوانی بەرانبەرە کوردیەکەشی ببینێتەوە و راڤەکەی بخوێنێتەوە. هەروەها بە پێچەوانەی ئەوە، ئەگەر خوێنەر مانا کوردیەکەی زانی و

ویستی بزانێ بەرانبەرە ئینگلیزیەکەی چییە، بە بێ ئەوەی ناچار بە پشکنینی کتێبەکە بێ، هەر لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەوەش ببینێتەوە.

هەموو زاراوەکانم بە گوێرەی ئەلفوبێتکەی کوردی بەڕیز چنیوە تا دیتنەوەیان خوێنەر تووشی سەرئێشە نەکات.

بۆ زۆربەی زاراوەکان، بە گوێرەی سەرچاوە و زانیاریەک کە لە بەر دەستمدا بوو و واتایەک کە هەیبوو، وێنەی کوردی یان ئێرانیم هێناوەتەوە، تا خوێنەر زۆرتر هەستی پێ بکات و باشتر تێیبگات. هەروەها شایانی باسە کە لە دوو سەرچاوەی «دەروازەکانی کۆمەڵناسی» و «کۆمەڵناسی گشتی» نووسینی د.مەنووچیهر موحسنی کە لە لایەن چەن وەرگێڕی کوردەوە وەرگێڕدراوە، بۆ دەرهێنانی زاراوە کوردییەکان کەڵکی زۆرم وەرگرتووە. هەر زاراوەیەکی ئەو کتێبانەش کە لە گەڵیان نەبووبێتم، ئەوەی کە خۆم بە دروستم زانیبێ، دامناوە.

بەگشتی هیوام ئەوەیە کە ئەم کتێبە بتوانێ کەلێنێک لە زمانی کوردی پڕبکاتەوە و ئاسۆیەکی نوێ بۆ خوێنەران و توێژەران و نووسەران بکاتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە قەد وابیر ناکەمەوە کە ئەم کتێبە بێ گرێ و گۆڵ و بێ کەم و کوورییە؛ بە پێچەوانە، چاک دەزانم کە وەکوو منداڵێکی تازە پێڕۆکەیە و هێشتا زۆری ماوە کە لە کرچ و کاڵی دەربێ، بەڵام بەختەوەرم کە یەکەم کاری پسپۆڕانەیە لەم بوارەدا (تا ئەو جێگا کە من ئاگەدارم)؛ چونکە هەموو کارێک کە نوێ و تازە بوو، ئەوە زۆر دەکەوێتە بەر رەخنە و پلار؛ بە واتایەکی تر، ئەو کارە دەبێتە بەرپەڵ. بەش بە حاڵی خۆم بۆ بەرپەڵ بوون ئامادەم و هیوام ئەوەیە کە لەم بوارەدا ئەوەندە کاری گرینگ و بەنرخ ئەنجام بدرێ کە کەس ئاوڕ لەم کارەی من نەداتەوە.

چاوی نووسەری ئەم دێڕانە لە ئاسۆیەکی دوورە؛ ئاسۆیەک کە تێیدا منداڵان و نەوەکانی داهاتوومان بە ئازادی و سەربەستی و سەربەرزی بژین؛ ئاسۆیەک کە بندەستی و هەژاری و نەداری و دەسندەخۆری تێیدا باربکات و خەڵکەکەم لە سەرووی هەمووانەوە بێ و سەری رێز -نەک ترس-ی بۆ نەوی بکرێ؛ ئاسۆیەک کە جێگە پەنجەی نەوەکانی داهاتوومان تێیدا بە راشکاوی خۆی بنوێنێ.

دەسپێک

لە کۆتاییدا پێویستە سپاسی ئەو دۆست و برادەرانەی بکەم کە بۆ ئامادە کـردنی ئەم کتێبە یارمەتییان داوم. ڕەنگە نەکرێ سپاسـی هـەموویـان بکـەم، بـەڵام ئـەو ئازیزانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندیم لە گەڵیان بوو ئەم خۆشەویستانەن:

وەکوو کارەکانیترم ئەمجارەش برای خۆشەویستم ڕەئووفی مەلایی بـوو کـە بـۆ ئەم کارەم سەرمایەی دانا و گەر یارمەتی ماڵی ئەو ئازیزە نەبایە، بێشک ئـەم کـارە وەکوو ئاواتێک لە دڵمدا دەنێژرا و قەد بەرگی کتێبی نەدەکردە بەر. ئاواتم تەمـەنی درێژ و پڕخێرو بەرەکەتە بۆی و هیوادارم پێتی ژینی بە پیت بێ.

دۆستی ئازیزم مامۆستا د.موسلیح ئیروانی کە هەرچەند زۆر سەری قـاڵ بـوو، کـەچـی وەکوو برایەکی دڵسۆز ڕێنوێنی کردم و زۆر خاڵی گرینگ و بەجێی، ئاماژە پێکرد و هەرجار کە لە ڕێی ئیمەیلەوە پێوەندیم لە گەڵ دەگرت، بـە خێرایـی وەڵامـی دەدامـەوە. لـە خـوا داواکارم کە وێنەی ئەم مامۆستا دڵسۆزەمان زۆر بێ و ئەم بەڕێزەش بە تەمەنی درێژو پڕخێر بتوانێ خزمەتی نەتەوەی بکات.

دۆستی خۆشەویستم د. ئێحسان ڕۆحانی کە بە ڕاستیدا لاوێکی شارەزا و پسپۆڕ و لێزانە و زۆر خاڵی گرینگی پێ گوتم و لە هێڵی لار دەربازی کردم و پێشنیاری بەنرخ و ژیرانەی بۆ باشتر بوونی ئەم کتێبە پێ کردم. هیوادارم ژینی پڕ بێ لە سەرکەوتن بـە سـەر کۆسـپ و هەورازەکانی ژیندا و بەردەوام لە هەڵکشاندا بێ.

برای هێژام کاک جەبار ڕەحمانی کە ئەرکی هەڵەگری بەشـی زۆری ئـەم کتێبـەی لـە ئەستۆ گرت و دڵسۆزانە ئەوەی پێی کرا درێخی نەکرد. هیوادارم سەربەرز و سەرکەوتوو بێ.

هەروەها سپاسی هەموو ئەو دۆستانەی دەکەم کە دوور و نزیک یارمەتییان دام.

لە کۆتاییدا هیوادارم خوێنەرانی هێژا ئەم دیاری شوانەم بە سنگفراوانیەوە لێ وەربگرن.

فەخرەدین ئامێدیان-سنە-٢٠١١

Faxre_amedyan@yahoo.com

economy / ئابووری

له راستیدا رانانی پێناسەیەک لە ئابووری کە هەمووان پەسەندی بکەن کارێکی زۆر دژوارە. ئابووری ١) تۆژینەوەیە لە سەر سەرقاڵی و ژیانی ئاسایی: ئەو بەشە لە کردەی کۆمەلایەتی لێک دەداتەوە کە پێوەندی بە گەیشتن بە ئاسانکاری و دابین کردنی هەل و مەرجی ماددی بۆ ژیانێکی ئاسوودە هەیە. ٢) ئابووری زانستێکە کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە روانگەی پێوەندی نێوان ئامانج و هەلومەرج و توانایی و ناتوانییەکانی مرۆڤ، دەخاتە بەر لێکدانەوە و وردبوونەوە؛ ٣) هەروەها ئابووری زانستێکە کە دیاردەکان دەنرخێنێ و لێکیان دەداتەوە.

بە گوێرەی ئەو پێناسانەی ئاماژەیان پێکرا، دەتوانین بەم چەشنە ئابووری پێناسە بکەین: زانستی ئابووری هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە پێوەندی لە گەڵ ئەو شتمەکانەی کە رادەیان کەمە و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، بۆ گەیشتن بە دۆزێکی رەچاو کراو –وەکوو زۆرتر کردنی داهات– دەخاتە بەر لێکدانەوە(گولد؛ ١٣٨٤).

لە باری کۆمەڵناسیەوە ئابووری بریتیە لە دامەزراوەیەک کە کاری رێکخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکار هێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە. هۆی ئەوەی کە کۆمەڵناسان ئابووری بە «دامەزراوە» دەزانن، ئەوەیە کە کاری ئەم بەشە وەکوو دامەزراوەرەسمییەکانی‌تر تا رادەیەکی سەرنجراکێش پێش بینی دەکرێ. ئەمە بەو واتایە نییە کە ئابووری لە سەر رێبازی هێنانە دی ئاواتەکانی تاکەکاندا دەڕوا.

هەموو ئابوورییەکان (ناوخۆیی و دەرەکی) لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتوون: سەرەتایی، دووەمین و سێیەمین. بەشی سەرەتایی ئابووری مەوادی کاڵ لە کانەکان دەردێنێ. ئەم بەشە بریتیە لە کشتوکاڵ، ماسی‌گری، هەڵینجانی کانەکان، جەنگەڵ و لێڕەوارەکان و ئاژەڵداری. هەرچەن ئەم

بەشە لە وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتوودا زۆر بەنرخە، بەڵام گرینگترین بەشی ئابووری نییە. بۆ وێنە تەنیا پێنج لە سەتی هێزی کاری ئەمریکا لەم بەشەدا خەریکی چالاکین، کەچی لە وڵاتێکی وەکوو کنیادا نزیک بە ٨٠% هێزی کاریان لەم بەشەدا کار دەکەن.

بەشی دووەمی ئابووری، مەوادە کاڵەکان دەکاتە ئەو کەل و پەلەی خەڵک پێویستیان پێیە و زۆرتر ئەم بەشە لە وڵاتانی پیشەسازیدا -کە خاوەن کارخانەگەلی بەرهەمهێنانی ترۆمبیل و ئاسن و کۆمپیۆتەر و...- دێتە ئەنجام. ئەم بەشە کاریگەرییەکی زۆری بە سەر گەشەی ئابووری جیهانیدا هەیە و چالاکی ئابووری نێوان وڵاتەجیاوازەکان دیاری دەکا (*Porter, M. E;* *1990*).

لە بەشی سێهەمدا ئابووری کاری دابین کردنی خزمەتگوزارییە نەک کالای پێویست. ئەم شێوازە، تایبەت بە وڵاتانی پیشەسازی زۆر پێشکەوتووە کە خەریکی بگار لە کۆمەڵگای پیشەسازی بۆ پاش پیشەسازین. ئەم شێوازە بە تایبەت لە وڵاتی ئەمریکادا دیارە. نزیک بە ٦٠% خەڵکی ئەمریکا لەم بوارەدا چالاکیان هەیە. ئەم کەرتە -کە کەرتی ئابووری خزمەتگوزاریشی پێ دەڵێن- بریتیە لە بەڕێوەبردنی کارو باری مالی، زانیاری، گواستنەوە، ڕاگەیاندن، پەروەردە، فرۆش، بیمە، توووریسم و خزمەتگوزاریگەلی تر. بەڕای پۆرتێر ئەم بەشە نە تەنیا لە وڵاتانی پێشەسازی زۆر پێشکەوتوودا خەریکی گەشەسەندنە، بەڵکوو بە ڕاشکاوی دەبینین کە پیشەی خزمەتگوزاری خەریکی بەجیهانی بوونە.

ئابووری بازاڕە پێشکەوتووەکان/ advanced market economics

ئەم زاراوە باس لە نەزمێک دەکا کە لە پانتای جیهانیدا هان دەدا تا هەلی کاری یەکسان بۆ ژنان و پیاوانی کۆمەڵگا دابین بکات. هەرچەن دابین

کردنی هەل‌ومەرجی یەکسان بۆ کاری ژن و پیاو تەنانەت لە ولاتە پێشکەوتووەکانیشدا ڕێگایەکی دوور و درێژی لە پێشە، بەلام وادیارە کە لە ولاتانی ڕۆژاوای ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا بۆ گەیشتن بەم مەبەستە کۆشەوەی زۆر کراوە (عضدانلو؛ ۱۳۸۴).

ئابووری پاش پیشەسازی / postindustrial economy

پیشەسازی پرۆسەیەکە کە بەردەوام لە گەڕایە. پاش بە پیشەسازی بوون لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، کرێکاران بەرەبەرە یەکیەتیگەلی کرێکارییان دامەزراند تا بەو بۆنەوە لە گەل کارخانەدار و سەرمایەدارەکان چەقە و وت‌و وێژ بکەن و بگەن بەداخوازەکانیان. لە درێژایی سەدەی بیستەمدا لە زۆربەی ولاتە ئەورووپییەکاندا یاسای بەرگری لە کار کردنی مندالانی کەم تەمەنیان دانا و مووچەی کرێکارانیان زۆرتر کرد و بەختی ژیانێکی لەبارتریان بۆ کرێکاران و بنەمالەکانیان هێنایە دی (وەکوو خوێندنی بالا و مافی کۆمەلایەتی). لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەدا زات و سروشتی بەرهەمهێنانیش گۆڕانی بە سەردا هات. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئابووری زۆربەی ولاتە ئەورووپییەکان تووشی گۆڕان هات و ئەم ولاتانە ڕۆیشتنە نێو قۆناغێکی نوێوە کە ناوی «ئابووری پاش پیشەسازی»یان لە سەری دانا. ئابووری پاش پیشەسازی بریتیە لەو سیستەمە بەرهەمهێنەرانە کە بنەمای کاریان لە سەر کارگەلی خزمەتگوزاری و تیکنۆلۆجیگەلی ئاست بەرز دانراوە. هاوکات لە گەل بەکارهێنانی مەکینە ئۆتۆماتیکەکان کە دەوری مرۆڤیان لە کاری پیشەسازیدا کەمتر دەکردەوە، سیستەمی بیرۆکراسی و کاری ئیداری گەشەی سەند. لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەی بەڕێوەبەران زۆر کەم بوو؛ بەلام هەنووکە پتر لە سێ یەکی هێزی کاری ئەم ولاتانە پێک دێنن (*Heilbroner, R. L. 1985*). هەروەها کارگەلی

خزمەتگوزاری وەکوو ڕاگەیاندن، پەروەردە، پڕوپاگەندە، بانکەکـان و فـرۆتنی کالا، بەشی زۆر لە هێـزی کاریـان گرتۆتـە خـۆ. کـەواتـە، لـە خـولی پـاش پیشەسازیدا زۆربەی کارە پیشەسازییەکان جێگا بۆ کارگەلی خزمـەتگـوزاری چۆڵ دەکەن.

ئابووری جیهانی / global economy

ئەم واتایە ئەو کردە ئابووریانە دەگرێتەوە کە لە زۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا بەبێ گوێدان بـە سـنووورە جوگرافیاییـەکـان، ئـەنجـام دەدرێـن. زۆرن ئـەو کۆمەڵناسانەی کە رایان وایە کە ئیدی جیهان ئاوێتـەیـەک لـە ئابووریگـەلی نەتەوەیی لێک جیاواز نییە (*Chirot.D,1977 ; Wallerstein, I. 1980*). بـە پێچەوانەی ئەوە، کۆمپانیاگەلێکی گەورەی وەکـوو ئـەمریکـەن توووریسـتێر و شەریکە گەورەکانی ترۆمبیلسازی، هەلی کـار، شـێوازی کـار و سـتانداردی ژیانی سەرجەمی خەڵکی دونیا دابین دەکەن. لە جیهانی مودێرندا ڕێکخراوە فرەنەتەوەییەکان بایەخێکی زۆریان هەیە. هەندێ لـەم ڕێکخراوانـە گـەڕانی ماڵییان زۆرتر لە سەرجەمی داهاتی وڵاتێکی مامناوەندییـە. بـۆ وێنـە بـاری ئابووری کۆمپانیای جێنێراڵز ماتۆر پتر لە زۆربەی وڵاتانی ئـەفریقا، ئاسـیا و ئەمریکای لاتینە.

وڵاتانی ڕۆژاوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخـۆ بە سەر زۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا حوکمـڕانییان دەکـرد. کـەمتـر وڵاتێکـی ئەورووپی بوو کە لە دوورترین شـوێنەکـانی دونیـادا خـاوەن چـەن کۆلـۆنی نەبێ. هەرچەن ژمارەی کۆلۆنییەکانی ئەمریکا لە چاو وڵاتانیتـردا زۆر کـەم بوو، بەڵام ئەمریکا تـوانی بـە دانی وام و یارمـەتی و لایـەنگـری سـەربـازی، بەشێکی زۆر لە وڵاتان ناڕاسـتەوخـۆ بێنێتـە ژێـر ڕکێفـی خـۆ. بـە گشـتی دەتوانین بڵێین کە کۆلۆنیالیزم جۆرێک دابەشکاری و چینبەنـدی جیهـانی

هێنایە دی (*Chirot, D;1977*). لەم دابەشکاری و چین‌بەندیە جیهانییەدا وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو، بوون بە چینی سەرمایەدار و وڵاتانی هەژاری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور بوون بە چینی هەژاری جیهانی. وڵاتانێ وەکوو سپانیا و ئیتالی و ژاپۆن چینی مامناوەندی جیهانییان پێک دێنا.

سیستەمی کۆلۆنیالیزم لە راستیدا سیستەمێکی کشتوکاڵی بوو. واتە وڵاتانی ژێر دەست، مەوادی کاڵیان بۆ وڵاتانی ئەورووپی دابین دەکرد و لەم ناوەدا زۆرترین قازانجیش بۆ ئۆرووپییەکان بوو. هەرچەند زۆربەی وڵاتە کۆلۆنییەکان بەرە بەرە سەربەخۆیی رامیاری خۆیان بە دەست هێنا، بەڵام هەنووکە لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ نین. ئەمرۆکە تەنانەت وڵاتە پێشکەوتووەکانیش لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ نین. چونکە سیستەمی دابەشکاری و چین‌بەندی جیهانی هیشتا بەردەوامە. تەنیا جیاوازی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە ئەمرۆ ئەو وڵاتانەی کە خەریکی گەشە سەندنن، نە تەنیا مەوادی کاڵ، بەڵکوو هێزی کاری هەرزانیشیان لە بەرانبەر کۆمپانیا گەورە جیهانییەکاندا رادەنێن (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

ئابووری خزمەتگوزاری / service economy

زۆربەی خەڵکی، کاتێ پێیان دەڵێن واتای «کرێکار» پێناسە بکەن، پێناسەی کەسێک دەکەن کە دەستی پینەبەسراوە و کڵاوی کار لە سەرە و ئاستی خوێندنی زۆر نزمە. لە راستیدا هەنووکە زۆربەی کرێکارانی وڵاتە پیشەسازی و مۆدێرنەکان، کرێکاری نووسینگەیین. گۆڕانی شێوازی کاری دژوار لە کان و کارخانەکانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان بە کاری نووسینگەیی، ئاکامی پرۆسەی بە پیشەسازی بوونی خێرای کۆمەڵگاکانە. هەندێ لە کۆمەڵناسان ئەم پرۆسە بە پرۆسەی پیشە لابەری ناو لێ دەبەن.

بە بۆنەی بەمەکینەیی کردنی بەرهەمهێنانەوە، پیشەی زۆر لەناو چوون (ئەو کارانـەی کـە بـە دەسـت دەکـران). بـە هـۆی گـەشـەی کۆمپانیـا بەرهەمهێنەرەکانەوە، هەندێ ئیش و کـاری نـوێ داهـاتن کـە راسـتەوخـۆ پێوەندییەکیان لە گەڵ پرۆسەی بەرهەمهێنان نەبـوو، بـەلام ئـەم کارانـە بـۆ کـاری باشـتر و قـازانجی زۆرتـر داهـاتبوون، وەکـوو: فـرۆش، پڕوپاگـەنـدە، کارگێڕێ، حیسابداری، بریکاری (بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی نێوان شەریکـە و دەوڵەت، بەشدارانی کۆمپانیا و کرێکـاران و کارمـەنـدەکـان). بـەم جـۆرە شێوازی کاری دەستی بۆ کاری نووسینگەیی گۆڕانی بـە سـەردا هـات، واتـە ئـابووری کارخانـەیـی بـوو بـە ئـابووری خزمـەتگـوزاری. واتـای ئـابووری خزمەتگـوزاری ئـەوەیـە کـە زۆربـەی کرێکـاران راسـتەوخـۆ لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانی کالادا بەشدار نین. بەڵکوو لە گەڵ خەڵکی و بۆچوونە نوێکان پێوەندیان هەیە. ئامارەکان واپیشان دەدەن کە لە ماوەی دە ساڵی رابـردوودا ژمارەی کارە خزمەتگوزارییەکـان زۆرتـرین گـەشـەیـان بـووە (*Statistical Abstract of the United States, 1992*).

بەلام ئەمڕۆکە کارە نووسینگەییەکـان بـەهـا و بایـەخـی رابردوویـان نییـە. لـە رابردوودا کارە نووسینگەییەکان بایەخێکی زۆریان بوو و **پاگەی** کۆمەلایەتی چینی ناونجییان مسۆگەر دەکرد. هـەرچـەن ئێسـتاش ئـەم بایـەخـە لـە بـیری گشـتی کۆمەڵگادا هەیە، بەلام ئەم کارانە ئاوێتەیەکن لـە مووچـەی زۆر و مووچـەی کـەم، بایەخی کۆمەلایەتی زۆر و کەم و شارەزایی زۆر و شارەزایی کەم. نزیک بـە نیـوەی ئەم کارانە، بریتین لە کاری فرۆش یاخۆ کارگـەلی نووسـینگەیـی کـەم بایـەخ کـە مووچەیان تەنانەت کەمتر لە کرێکارانی مۆنتاجی کارخانەکانە. نیوەی‌تر تایبەت بـە کاری پسپۆڕی و بەڕێوەبەرایەتیە. بـەلام ئـەم کارانـەش جۆراوجـۆرن و زۆربـەیـان پێویستیان بە شارەزاییەکی زۆر نییە و بەختی پێشـکەوت و گـەشـەیـان تێـدا زۆر کەمە.

ئابووری دەستووری / command economy

ئادام سمیت بنیاتنەری ئابووری سەرمایەداری بە راشکاوی دەیزانی کە ئەم چەشنە سیستەمە دەبێتە هۆی نابەرانبەری ئابووری لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا؛ بەڵام ئەو خۆی ئەم نابەرانبەرییەی بە دادوەرانە دەزانی (عضدانلو، ١٣٨٤). سمیت بڕوای وابوو کە لە نێو چالاکییە ئابوورییەکاندا بەهرە و قازانجی زۆرتر بە کەسانێک دەگات کە لێهاتوویی و شارەزایی زۆرتریان بێ، واتە کەسانێک سەرکەوتوون کە بتوانن کالایەکی لەبارتر بە نرخێکی هەرزانتر بخەنە نێو بازاڕەوە. بە ڕای سمیت کۆمەڵگا بە دەستێوەردانی دەوڵەت لە نێو کارو بارە ئابوورییەکاندا ناگاتە بەختەوەری و ئاسوودەیی، بەڵکوو ئەوە هەل و مەرج و تایبەتمەندیگەلی رکەبەریی نێو بازاڕن کە بەختەوەری گشتی بۆ کۆمەڵگا لە گەڵ خۆیان دێنن (تفضلی، ١٣٨٦).

ئابووری دەستووری دەکەوێتە بەرانبەری ئابووری سەرمایەدارییەوە. سەرەتای ئەم ئابوورییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم؛ کاتێک ئاڵمانیا تووشی شەڕەکانی ناپلئۆن هات و دابەش کراو بوو بە سی و نۆ پارێزگای جیاواز کە لە باری رامیارییەوە نیوە سەربەخۆ بوون و لە باری ئابوورییەوە بە تەواوی سەربەخۆ بوون و لە نێوان خۆیاندا لەمپەری گومرۆکی زۆر توند و تۆڵیان هەڵچنیبوو. زۆر لە بیرمەندان و ئابووریزانانی ئەو سەردەمە —بە تایبەت فردریش لیست- خولیای یەکیەتی و یەکگرتوویی ئاڵمانی پێشوویان لە مێشکدا بوو. بەم بۆنەوە لیست دەستی دا بە بلاو کردنەوەی کتێبێک لە ژێر ناوی سیستەمی *نەتەوەیی ئابووری رامیاری* و ڕێبازی مێژوویی بنیات نا. بریتانیا لەو سەردەمەدا دەتوانین بڵێین کە بە هۆی کالای ڕێک و پێک و هەرزانەوە چەتری دەسەلاتی خۆی بە سەر ولاتانیتردا کێشابوو. لیست دەیزانی کە ئاڵمانیا بە ئابووری سەرمایەداری و

بازاڕی ئازادەوە ناتوانێ دەروستی کاڵا بریتانیەکان بێ؛ بۆیە هەندێ لە خاوەنانی پیشەسازی ئالمانیا بە گوێرەی بیرو ڕاکانی لیست داوایان لە حکوومەت کرد کە بە دانانی هەندێ یاسای گومرۆکی، بەر بە هاتنی کاڵا هەرزانەکانی بریتانیا بگرێ و لایەنگری و پشتگیری لە پیشەسازی ناوخۆ بکات(تفضلی، ١٣٨٦).

ئەم سیستەمە لە وڵاتە کۆمۆنیستی و سووشیالیستییەکاندا درێژەی پێ درا و دەوڵەت بوو بە خاوەنی هەموو جۆرە کاڵا و پیشەیەک لەوڵاتانی مارکسیستیدا. لەم وڵاتانەدا دەوڵەت گەلالە بۆ سەرمایەکان دادەڕێژێ و بڕیار دەدا کە لە کوێدا خەرج بکرێن؛ تەنانەت سەرچاوەگەلی نەتەوەیی (وەکوو سەرچاوەمرۆییەکان) لە کوێ (کشتوکاڵ، پیشەسازی و ...) خەرج بکرێن. زۆربەی خەڵکی بۆ دەوڵەت کار دەکەن. لە بەرانبەردا دەوڵەت دەستەبەر دەبێ کە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا کار، خانوو، تەندروستی و پێداویستییەکانی‌تر دابین بکا. دۆزی سەرەکی سووشیالیستەکان دابەش کردنی بەرانبەر و دادوەرانەی سامان و سەرمایەی کۆمەڵگایە. بە وتەیەکی‌تر لە دووی ئەو شتەن کە مارکس کۆمەڵگای بێ‌چینایەتی پێی دەگوت (عضدانلو، ١٣٨٤).

بەڵام کێشەی ویست و ئەنگێزەی کرێکاران و گەندەڵی بەربڵاو و لە رادەبەدەری بەرپرسان و بەڕێوەبەران لە جڤاکە سووشیالیستیەکاندا تەنیا لە سۆنگەی بیرو بۆچوونی هەڵەی ئەم کەسانە لەمەڕ چۆنییەتی مرۆڤەوە نەبوو؛ بەڵکوو بەڕێوەبردنی ناتەواو و پڕلە هەڵە-کە لە بیچمی ئابووری دەستووریدا جێ بە جێ دەکرا- دەوری سەرەکی لە هەڵوەشاندنی رشتەی کارەکاندا بوو. نەبوونی کۆنترۆلی زاتی —کە لە تایبەتمەندییەکانی ئابووری بازاڕی ئازادە- دەست و باڵی بەڕێوەبەرانی دەزگا و بنکەکانی بۆ ئەوەی بە ویستی خۆیان ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێنن، ئاوەڵا هێشتبوو و قەدد ئاسەواری کارەکانی

خۆیان نەدەدییەوە (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

ئابووریدەڤەری / peripheral economy

مەبەست لەم زاراوەیە ئەو ولاتە هەژارانەن کە تەنیا داهاتیان هێزی کاریانە و ئابوورییەکی یەک دەستیان هەیە. کار لەم ولاتانەدا داهاتی کەمەو پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر نییە. کۆمەڵگا دەڤەرییەکان بە چەشنێکی نائاسایی بەندیوارن بە یەک بەرهەم (وەکوو قاوە، بادام یان تەماکۆ) یاخۆ یەک مادەی کانزایی وەکوو مس، رۆح و زریژە. سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ئەم ولاتانە کەمتر لە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی یەکیەتی ئەورووپایە (*Van Evera, S;1990*). ئابوورییە دەڤەرییەکان بە زۆری بەندیوارن بە ئابوورییە ناوەندییەکانەوە. هۆی ئەم بەندیوارییە دەبێ لە سەردەمی کۆلۆنیالیسمدا پەیدۆزی بکرێ. ئابووری دەڤەری لە پەنای ئابووری جیهانیدا کار دەکا. شتێک کە لەم ولاتانەدا زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە لە تەنیشت ئەو هەژارییە درێژخایەنەدا لە پرونەکاو چالاکییەکی ئابووری زۆر گەورە (وەکوو کارخانەگەلی گەورەی بەرهەمهێنان) دەست پێدەکا. هۆی ئەم رووداوە ئەوەیە کە مووچەی خەڵکی ئەم ولاتانە زۆر کەمەو بەم بۆنەوە **ئابوورییە ناوەندی و نیوە دەڤەرەییەکان** کەڵکی نارەوایان لێ دەگرن.

ئابووری ناوکی/ core economy

ئابووری ناوکی تایبەت بە ولاتانی دەوڵەمەند و پیشەسازییە کە خاوەنی حکوومەتگەلی بەهێزو بە دەسەلاتن. ولاتانی دەوڵەمەندی پیشەسازی، نزیک بە ٢/٣ بەرهەمی ئەو ولاتانەی خەریکی گەشانەوەن دەخەنە لای خۆیانەوە. ئەم ولاتانە بە کەڵک وەرگرتن لە ناوچەگەلی ئازادی بازرگانی،

ماکە سەرەکییەکان بە نرخێکی زۆر کەم لە ولاتانی جیهانی سێیەم کە پشتیان تەنیا بە هێزی کاریانەوە بەستراوە، دەکڕن (عضدانلو، ۱۳۸۴).

ئابووری نیوەدەڤەری / semi peripheral economy

ئەم واتایە ئەو ولاتانە دەگرێتەوە کە باری ئابوورییان لە نێوان **ناوکی و دەڤەریدایە.** ئەم ولاتانە تا رادەیەک سامانیان زۆرە و جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەلایەتیان بە رێژەی ولاتە دەڤەرییەکان زۆرترە. سامان زۆر نایەکسان لەم ولاتانەدا دابەش کراوە. ولاتانی تایوان، برازیل، کووریای باشوور و مکزیک لە ریزی ئەم ولاتانەن. ئەم ولاتانە، ولاتە دەڤەرییەکان دەچەوسێننەوە و ولاتانی ناوەندیش ئەمان دەچەوسێننەوە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، ولاتانی عەراق و کوەیتی بەر لە شەڕی کەنداو لە ۱۹۹۱دا لە ریزی ولاتانی نیوەدەڤەریدا بوون. ئابووری ناوکی پشتی بە نەوتی هەرزانی ئەم ولاتانە بەستبوو و ئەمانیش پالبەستووی کرێکارانی هەرزانی ولاتە دەڤەرییەکان بوون. رادە و ئاستی ئەم پشت بەستن و پال پێوەدانە، پاش هێرشی عەراق بۆ سەر کوەیت ئاشکرا بوو. لەو دەمەدا میلیۆنها کرێکاری کۆچەر (حەفتا هەزار ئێرانی، دوو میلیۆن و دووسەد هەزار عەراقی، چل و پێنج هەزار یەمەنی، بیست و یەک هەزارو هەشتسەد سوودانی، حەوتسەد هەزار میسری، دووسەد و بیست هەزار ئۆردۆنی، سی هەزار فەلەستینی) لە کوەیت هەلاتن. هاوکات لە گەل ئەوە شەست و حەوت هەزار و شەشسەد پاکستانی، سەدو پەنجا هەزار هیندی، هەشتاو پێنج هەزار بەنگلادیشی، سەد و شەست هەزار ڤیتنامی و سی هەزار فیلیپینی لە عەراق هەلاتن (*Miller, J. E;1991*).

بە رای ڤالرشتاین، ولاتانی نیوە دەڤەری دەوری زۆریان لە ئابووری جیهانیدا هەیە، چونکە گەیشتوونەتە ئاستێک لە دەسەلات کە هەلومەرجی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری لە ولاتی خۆیاندا دابین بکەن. بە رای ئەو، ئەم

هەڵومەرجە لە وڵاتانی ناوەندیدا نییە (*Wallerstein, I .1984*؛ عضدانلو، ١٣٨۴).

ئاپارتاید/ apartheid

پارتی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨دا دەسەڵاتی گرتە دەستەوە، دەستی دابە تۆماری یاساگەلی دووچاوەکی رەچەڵەکی. ئەم یاسایانە لە سەر زوڵم و نابەرانبەری و دووچاوەکی دارێژرابوون و هەموو خەڵکی ئەفریقا بە چوار پاژ دابەش کرابوون: سپی (بەرەی سپی پێستە کۆچەرە ئەوروپییەکان)، رەنگین پێستەکان (ئەوانەی کە رەچەڵەکیان لە دوو یان چەند تۆرەمەی جیاواز بوو)، ئاسیاییەکان و رەش پێستەکان. کەمینەی سپی پێست کە سێزدە لە سەدی(١٣%) خەڵکی ئەفریقایان پێک دێنا، بە سەر هەموو ئەفریقادا دەسەڵاتیان هەبوو. ئەوانەی کە سپی پێست نەبوون، مافی دەنگدان و ناردنی نوێنەریان بۆ پەرلەمان نەبوو. دووچاوەکی رەچەڵەکی لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگادا بەڕێوە دەبرا: وەکوو جیاکردنەوەی ئاودەستەکان، واگۆنی شەمەندەفەر، قوتابخانەکان و پارک و سەیرانگاکان. میلیۆنها رەش‌پێست لە ناوچەگەلێکدا کە زاگەیان پێ دەگوتن و لە دەرەوەی شاردا بوون جێگیر کرابوون. زۆربەی زۆری ئەم رەش‌پێستانە کرێکاری کانی زێڕو ئەڵماس بوون و ژینێکی زۆر ئەستەمیان بوو.

سیستەمی ئاپارتاید بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی خۆی کەڵکی لە پۆلیس و دەزگا حکوومییەکان وەردەگرت و هەرچەند خەڵکی زۆر بەرهەڵستی ئەم سیاسەتانە دەبوون، بەڵام کەمترین رەخنە و بەرەنگاری دەبووە شەڕو کوشتارێکی خوێناوی. پاش ساڵەها سەرکۆنە و لۆمەو پاوانی ئابووری و کولتووری و بەرەنگاری خەڵکی ناوخۆ، سیستەمی ئاپارتاید

بەرەبەرە لاواز کەوت. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩دا F. W. Clark بوو بە سەرۆک‌کۆماری ئەفریقای باشوور، ئەم وڵاتە تووشی قەیران و کۆسپ و تەگەرەیەکی گورچکبڕ هاتبوو. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٠ دا دەستی ئاشتی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا –گرینگترین پارتی دژ بە ئاپارتاید- راکێشا و نێلسۆن ماندێلا –رێبەری ئەم پارتەی- پاش بیست‌و حەوت ساڵ لە گرتووخانە رزگار کرد. پاش ئەوەی وتوویژێکی دوورو دێژو ئەستەم لە نێوانیاندا رووی دا، تا لە ٢٧ ئاپریلی ١٩٩٤دا کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا زۆرترین بەشی دەنگەکانی (٦٢%) بەدەست هێنا و ماندێلا بوو بە یەکەمین سەرۆک‌کۆماری رەش‌پێستی ئافریقای باشوور کە پاش ئاپارتاید هاتبووە سەر کار.

لە سیستەمی ئاپارتایددا منداڵێک کە لە دایک دەبوو، نە وەکوو مرۆڤێک، بەڵکوو وەکوو سپی پێست، رەش‌پێست یاخۆ رەنگێکی‌تر دەهاتە دونیاوە. هەموو هەل‌ومەرج و ئاسانکارییەکانی کۆمەڵگا تایبەت بە تاقمی ١٣% سپی پیست بوو و خەڵکی‌تر لە زۆربەی ئەو هەل‌ومەرجانەو تەنانەت لە زۆر پێداویستی سەرەتاییش بێ‌بەش بوون. رەنگی پێست دەورێکی گرینگی لە شێوازی خوێندن لە قۆتابخانە، یاری و خۆراک و پۆشەن و زۆر رەهەندی‌تر دەبینی.

ئاپۆرە / crowd

بە سەرنجدان بە جیاوازییەک کە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر پێناسەکردنی ئەم زاراوە هەیانە، گەیشتن بە پێناسەیەک کە لە لایەن هەمووانەوە پەسند بکرێ، زۆر ئاستەمە. بە وردبوونەوە لە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەر هاودەنگی هەیە و بە لابردنی ئەم تایبەتمەندییانە کە بۆچوونی جۆراوجۆریان لە سەرە، دەتوانین ئاوەها

پێناسەیەک پێشکەش بکەین:

ئاپۆره بریتیه لە جەماوەرێک کە لە شوێنێکدا کۆمایان بەستووه و ئەنگێزەو پێوەندییەکی زۆر پتەو و راستەوخۆ و کاتییان پێکەوە هەیە. ئەو گرووپانـەی کە لە باری جەستەییەوە نین لە نزیک یەکـەوه و هـەروەهـا جـەمـاوەرێکـی ترساو کە هیچ جۆره ویکچوونێک بێجگە لە ترسەکەیان بۆ پێوەندی نێوانیـان بەدی ناکرێ، دەتـوانین لـە نێـو بازنـەی ئـەم پێناسـەیـە بخـەینـە دەرەوە. ئاپۆرەکان رەنگە بە هۆی هۆکارێکەوە یاخۆ بە بێ هیچ هۆکارێـک بێنـە دی، هەروەها رەنگە دۆزێکی سـەرەکییـان بـێ یـان نـەیانبـێ، یـاخۆ رەنگـە لـە بەشداراندا رەفتار و پێگەیەکی تایبەتی کۆمەلایـەتی بـێ یـا نـەبـێ. پـۆلێن کردنێکی لاوەکی زۆر باو کە بە گوێرەی بـوون یـا نـەبـوونی دۆز و ئامـانجی سەرەکی بریتیه لە «ئاپۆرەی بزۆز (ئەکتیڤ)» کە تێیدا سـەرنـج بـەرەو لای هەندێ ئامانجی هاوبەش رادەکێشرێ؛ هەروەها «ئاپۆرەی نمایشی» کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە و بەشداران تەنیا هـەنـدێ رەفتـاری هـەیـەجـانی پیشان دەدەن. هەنـدێ گرووپـی وەکـوو گـوێگران یـاخۆ جـەمـاوەری نێـو شەقامەکان دەتوانن ببنە ئاپۆرە؛ جەماوەرێـک کـە خـەریکـی جـەنگـە یـان ترساوە، هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئاپۆرەی هەیە.

بۆچوون و پێناسەی هەندێ لە کۆمەڵناسان سەبارەت بە ئاپۆره بریتیه لە:

ئەلیووت دەڵێ: «کۆنترۆڵە ئاسایی و ئەقلانییەکانی کەسایەتیەک کە ئازاد کراون یاخۆ بێجووڵە ماون، ئاپۆره بەرەو هەڵس و کەوتی پەتیارانە یان ئـاژاوە رادەکێشن». بلۆمێریش جارێکیتر لە سەر گرینگی جیاوازی نێوان ئـاپۆرەی بزۆز کە لە ناوەندی سەرنجدایە و ئاپۆرەی نمایشـی کـە کـەمتـر سـەرنجـی پێدەدرێ، جەخت دەکا (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

رابێرت پارک لە نێوان هەموو تایبەتمەندییەکاندا لە سەر پێویست بـوونی پێوەندی پێداگری دەکا. بەبڕوای پارک «ئـاپۆره رێکخراوێکـی کۆمـەلایـەتی

سەرەتایی و کرچ و کاڵە. ئاپۆرە خاوەنی هیچ نەریتێک نییە و بەم بۆنەوە هیچ سیمبۆل و ڕێوڕەسمێکی تایبەتی نییە. ئەم ڕێکخراوە هیچ ئەرکێک ناخاتە ئەستۆی کەس و نابێتە هۆی ئەمەگداری هیچ کەس» (کوزر؛ ١٣٨٧). هەروەها دیسان پارک ڕای وایە کە «کۆمەڵەیەک دەبێتە ئاپۆرە کە پێوەندی نزیک لە نێوان ئەندامانیدا هاتبێتە دی» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

ئازاری سێکسی/ sexual harassment

تەشەنەی ئازاری سێکسی لە شوێنی کاردا، دەنگدانەوەیەکە لە شوناسەی سێکسی ڕێکخراوەکان. ئازاری سێکسی بریتییە لە دەسدرێژی سێکسی بەردەوام و زۆرەکی بە کردەوە یاخۆ بە قسە بۆ کەسیتر کە ببێتە هۆی ڕەنجاندن و وەڕس کردن و پەککەوتنی ئیش و کاری. هاوسەنگ نەبوونی ڕادەی دەسەڵات، هۆی سەرەکی ئەم ئازارانەیە؛ هەرچەند هەن ژنانێکیش کە پیاوانی ژێردەستیان دەخەنە بەر ئازاری سێکسی، بەڵام چونکە زۆرتر پیاوان دەسەڵاتیان لە دەستە، ئازار دیتنی ژنان لە دەست پیاوان زۆرتر باوە (*Reskin and Padavice, 1994*). لە نێو دام و دەزگا و شوێنگەلی ئیش‌وکاردا پیاوان لە هێزو دەسەڵاتی کارییان بۆ دەسدرێژی سێکسی بە سەر ژناندا کەڵک وەردەگرن. ڕەنگە ئەم ئازارانە شێوازێکی بێشەرمانە بگرنە خۆ، وەکوو ئەوەی سەرۆکی ئیدارەیەک هەڕەشەلە کارمەندێکی بکات کە یا دەبێ پێوەندی لە گەڵ بێ، یاخۆ لە کار بێکاری دەکا. بەڵام زۆربەی ئازارەکان هێورترن. وەکوو ئەوەی سەرۆکێک بە تیزو پلار تێگرتن بە کارمەندێکی بگەینێ کە گەر لەگەڵی پێوەندی هەبێ، پاداشی بەرچاوی بەردەکەوێ؛ یان ئەگەر بۆی ڕەزا نەبێ تووشی ناکۆکی دێ و بۆ گەیشتن بە پلەی سەرتر تووشی کێشە دێ.

ئاشکرایە کە ناکرێ مەودای نێوان ئازارو کۆشەوەی ڕەوای پیاوێک بۆ

نزیک کەوتنەوە لە ژنێک ڕەچاو بکرێ. بەڵام بە پێی ڕاپۆرتگەلی تاکەکەسی، لە هەر دەژنی بریتانی حەوتیان تووشی ئازاری سێکسی هاتوون. ئازاری سێکسی دەکرێ تەنیا جارێک رووی دابێ و دەکرێ رەوتێکی ئاکاری بەردەوام بێ (*L. Kelly 1988*). گەر ئازاری سێکسی رەوتێکی ئاکاری بەردەوام بێ، ژنان بۆ کاری ڕۆژانەیان تووشی ئاستەنگ و کێشەی زۆر دەبن و ڕەنگە لە هەموو جۆری مەرەخەسی کەڵک وەربگرن و تەنانەت ڕەنگە واز لە کارەکەشیان بێنن.

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی ئەرووپیدا ئازاری سێکسی بەربەستی یاسایی هەیە، بەڵام بیرو ڕای کۆمەڵناسان ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئازارانە ئاشکرا ناکرێن. هەرچەن زانیاری ژنان لە مەڕ ئازاری سێکسی گەشەی زۆری سەندووە، بەڵام زۆربەی ئەو ژنانەی کە تووش هاتوون-و لەم سۆنگەوە باری دەروونیان ئاڵۆز بووە- ڕەنگە ئەم بە سەرهاتەیان بە ئازاری سێکسی نەزانن. ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە تووشی ئازاری سێکسی هاتوون و دادخوازی ناکەن، ترسیان لەوەیە کە شکاتەکەیان بە ڕاست نەگیرێ یاخۆ بڕوایان پێ نەکەن، یاخۆ خۆیان بخرێنە بەر لێ پرسینەوە (*Giuffer and Williams: 1994*).

riot /ئاژاوە

لە کۆمەڵناسیدا ئەم واتایە باس لە هەڵوووژانی کۆمەڵایەتی دەکا کە زۆر توند و تیژ و تووڕە و ناڕاستەوخۆیە ؛بڕوانە: **شۆڕش**.

hospice /ئاسایشگا

لە ئەمریکادا مردن تا ئەم دواییانە وەکوو تابۆیەک چاوی لێ دەکرا. ئەو نەخۆشانەی کە لە گیانەڵادا بوون دەنێردرانە ئاسایشگاکان تاکوو گەنجان و

ئەو کەسانەی نەخۆش نین، نەیانبینن. پزیشکەکان کەمتر بە نەخۆشەکانیان دەگوت کە هیوایەک بە چابوونەوەیان نییە و لە دوایین کاتی ژیندان؛ بنەماڵەی نەخۆشەکانیش ئەم گومانەیان بوو کە نەخۆشەکەیان چاک دەبێتەوە. بۆیە نەخۆش بە تاقی تەنێ دەگەڵ ئێش و ئازارەکانی دەستەملان بوو و کەسی نەبوو کە ترس و دڵەڕاوکێیەکانی بۆ باس کا.

ئەلیزابت کۆبلێر ڕۆس و ئێرنێست بێکێر یەکەم کۆمەڵناسانێک بوون کە ئەم ڕچەیان شکاند و پێیان نایە نێو خەڵوەتگای ئەم کەسانەوە. کۆبلێر ڕۆس بەو وتووێژەی کە لە گەڵ ئەو نەخۆشانی کە خەریکی گیانەڵا بوون تێگەیشت کە مردنیش وەکوو ژیان قۆناغی پێشبینی کراوی هەیە. ئەم قۆناغانە بریتین لە: ١- حاشا (مردن نایەتە سەروەختی من) ٢- تووڕەیی (بۆچی من؟) ٣- چەقە کردن (زۆرتر لە گەڵ خودا، بۆ زۆرتر ژیان) ٤- دژداماوی (هەست بە شکانێکی زۆر) ٥- لە کۆتاییدا دانپێدانان (هاوڕێ لە گەڵ هەست بە ماندوویی و نیاز بە پشوودانی پێش مردن) (*Kubler Ross, E; 1969*). کۆبلێر ڕۆس تێگەیشت کە بنەماڵەی نەخۆشیش ئەم قۆناغانە هاوڕێ لە گەڵ هەست بە گۆناحباری بۆ ئەو کارانەی کە دەیانتوانی بیکەن و نەیانکردووە، یان دەکرا نەیکەن و کردوویانە، دەبڕن. بەڕای کۆبلێر سەرنج نەدان بەم نەخۆشانەو بنەماڵەکانیان لەم قۆناغانەدا و ئەو هەلانەی کە دەتوانن لەم کاتەدا چێژی لێ بگرن، زۆر توندوتیژ و زاڵمانەیە.

ئێرنێست بێکێر لە کتێبەکەیدا کە لە ژێرناوی سەرنجنەدان بە مردن، بڵاو کرایەوە، بە ئەنجامێکی لەم جۆرە دەگات (*Becker, E; 1973*). بەڕای بیکێر، ئێمە بە دوور گرتنی خۆمان لە مردن، خۆمان لە دوو شت بێبەش کردووە: یەکەم، بێوەر کردنی تاک لە دوایین هەلی ئارامگرتنی پێش مردن؛ دووهەم، فەوتاندنی ئەو هەلانەی بنەماڵەی نەخۆش بۆ ناسینی مردن هەیانە تاکوو باشتر لە گەڵی ڕووبەڕوو بن.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لە ١٩٨٠دا هاتوونەتە دەست، زۆربەی

ئەمریکییەکان هیچ ترسێکیان لە مردن نەبووەو زۆربەیان پێیان خـۆش بـووە کە کاتی مردنیان بزانن. هەروەها رایان وابووە کە بە جێی زینـدوو ڕاگـرتنی نائاسایی ئەو نەخۆشانەی دەرمان ناکرێن، دەبێ ئیزنی مردنیـان پـێ بـدرێ. ئاکـامی ئـەو باسـانە سـەرهـەڵـدانی بزاڤـێکە بـە نـاوی «بزاڤـیئاسایشـگا» (*Kamerman, J. B; 1988*). ئاسایشگا شـوێنێکی خانووئاسـایە (بـە کـەل و پەلی پێویستەوە) کە بۆ ئەو نەخۆشـانەی دەرمـان نـاکرێن رەچـاو کـراوە تـا قۆناغەکانی پێش مردن بە ئێش و ژانێکی کەمترەوە بەرنە سەر. بـەڕای ئـەم کەسانە، نەخۆشخانەکان بۆ ئەو نەخۆشانە دابین کـراوە کـە چـاک دەبنـەوە، بۆیە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دەرمان نابن زۆر شیاو نییە. بە پێچەوانەی ئـەوە، لە ئاسایشگاکاندا مردن ڕووداوێکـی ئاسـاییە و هـان دەدرێ تـا بـە دەرمانـە هێورکەرەوەکان و راوێژکاری دەروونی، نـەخـۆش بـۆ مـردن ئامـادە بکـرێ. نەخۆشی ئەیدز کە بۆتە هۆی مردنێکی پڕئازار بۆ تووشیارانی، گـەشـەی بـە بزاڤی ئاسایشگا داوە و گیانێکی نوێی داوە بە «هونەری مردن».

ئاسەواری هاوسۆرن/ hawthorne effect

هاوسۆرن ناوی کارخانەیەک بوو لە لێواری شاری شیکاگۆدا. لە دەیەکانی ١٩٣٠دا ئەزموونێک بۆ هەڵسەنگاندن و تاقی کردنـەوەی ئاسـتی لێهـاتوویی کرێکارانی کارخانەی هاوسۆرن لە هەلومەرجی جۆراوجـۆردا بـەڕێـوە چـوو؛ ئاکامی ئەم ئەزموونە بە ناوی ئاسەواری هاوسۆرن بەناوبانگ بوو. تـۆژەرانێـک بۆ نرخاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی کرێکارانی ئـەم کارخانـە بـە کـار گـیران (*Roethlisberger. F. J; 1939*). یەکێک لە گریمانەکانی تـۆژەران ئـەوە بوو کە زۆرتر کردنی رووناکی نێـو کارخانـە ئاسـتی تـوانی کرێکـاران بـەرز دەکاتەوە. بەر لە هەر شتێ دەستیان دا بە پێواندنی رادەی تـوانی کرێکـاران لە هەلومەرجی ئاسـاییدا –بـەر لـە زۆرتـر کـردنی روونـاکی نێـو کارخانـە

(dependent variable «بگۆڕی بەندیوار»)، پاشان ڕووناکی کارخانەیان زۆرتر کرد (independent variable «بگۆڕی سەربەخۆ»). پاش پتر کردنی ڕووناکی، دیسان توانی کرێکارانیان پێوا. ئاکامی تاقیکردنەوەکە ئەوەی پیشان دەدا کە بە زۆرتر کردنی ڕووناکی کارخانە، توانی کرێکاران بەرزتر بۆتەوە. واتە بیردۆزەکەیان چەسپێندرابوو. بەڵام بابەتی سەیر ئەوە بوو کە پاش کەم کردنەوەی ڕووناکی نێو کارخانە، دیسان توانی کرێکاران زۆرتر ببووەوە. ئەم ڕووداوە لە گەڵ بیردۆزەکەی ئەوان ناتەبا بوو. پاش توێژینەوەی زۆر، توێژەران تێگەیشتن کە کرێکاران تەنانەت ئەو کاتەش کە باش نەیاندەتوانی ببینن، چونکە هەستیان دەکرد چاودێریان لێ دەکرێ، باشتر و زۆرتر کاریان دەکرد. پاش ئەم ئەزموونە بوو کە کۆمەڵناسان زاراوەی ئاسەواری هاوسۆرنیان بەکار دەبرد. واتای ئەم زاراوەیە ئاڵوگۆڕێکە کە لە کاتی توێژینەوە لە هەڵس‌وکەوتی ئەو کەسانەی بە سەریاندا دەکۆڵنەوە، دێتە ئاراوە. کۆمەڵناسان پێیان وایە هۆی ئەم ڕووداوە ئەوەیە کە ئەم کەسانە دەزانن توێژینەوەیان لە سەر دەکەن. ستانلی میلگرام یەکێکتر لەو کۆمەڵناسانەیە کە لە ئەزموونی «هاودەنگی گرووپی»دا بەم ئەنجامە گەیشت (*Milgram,S; 1964: 137-43*).

ئاسیمیلەبوون (تواندنەوە) / assimilation

واتای ئەم وشەیە بریتیە لە «لێکتر چوون»، یاخۆ «زۆرتر لەیەک چوون»؛ بەڵام لە کۆمەڵناسیدا بەم چەشنە بەکار دەبرێ: ١) پرۆسەیەک کە تێیدا گرووپێک – کە زۆرتر لە گرووپە کەمینە یا کۆچەرەکان پێکدێت– بەهۆی پێوەندی لە گەڵ گرووپی زۆرینەوە، کولتووری باوی نێو کۆمەڵگا وەردەگرن و ئاوێتەی دەبن. ٢) ئاکام و ئەنجامی ئەم ئاوێتەبوون و وێکچوونە، واتە: یەکیەتی کولتووری.

بەم چەشنە ئاسیمیلەبوون پرۆسەیەکە کە تێیدا گرووپێک کۆمەڵەیەک لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆی لە دەست دەدات و کۆمەڵە کولتوورێکیتر (بە هۆی پێوەندی لە گەڵ کولتوورێکیتر و هەروەها بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا) وەردەگرێ. ئەم گۆڕانە بەرەبەرە و بەکاوەخۆ روو دەدات و لە هەر قۆناغێکدا رەنگە ئاشکرا بێ. هەروەها ئەم زاراوە لەگەڵ زاراوەی تێکەڵبوون یا تێکەڵ بوونی رەگەزەکان بە هۆی پێوەندی خێزانییەوە کە زۆرتر رەهەندێکی بایۆلۆجیکی هەیە، جیاوازی زۆری هەیە. ئاسیمیلەی تەواو کاتێک روودەدات کە ئەندامانی نوێی کۆمەڵگا بە چەشنێک لەنێو پەیکەرەی کۆمەڵگادا ئاوێتەبن کە نەکرێ لە گەڵ ئەندامانی پێشووی کۆمەڵگا جیابکرێنەوە. خاڵێکیتر کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆرجار بینراوە کە ئەندامانی نوێ یا هەمان گرووپی کۆچەر نە تەنیا کولتووری کۆمەڵگایان وەرگرتووە، بەڵکوو هاوکات لە گەڵ ئەو وەرگرتنە، ئاسەواری کولتووری خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا بەجێ هێشتووە. ئەمە پیشان دەدات کە ئەم پرۆسەیە یەک لایەنە نییە (گولدوکولب؛ ١٣٨٤). بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کۆچ و هێرشی مەنگوولەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران بەتایبەت. ئەم کۆچەرانە هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە لەنێو کولتووری کۆمەڵگادا تواونەتەوە و بەشە کولتوورییەکانی کۆمەڵگایان وەرگرتووە، ئاسەواری کولتووری خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا بەجێ هێشتووە.

بۆ ئاسیمیلەبوون، گرووپی کۆچەر دەبێ لەم حەوت قۆناغە تێپەڕێ؛ واتە، گرووپێکی رەگەزی یان هۆزی کاتێک بەتەواوی شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای وەرگرتووە کە بە تەواوی ئەم حەوت قۆناغەی تێپەڕاندبێ:

١- گرووپ بە مەبەستی وەرگرتنی کولتووری کۆمەڵگا، واز لە کولتووری خۆی بێنێ (زمان، جلوبەرگ، ئایین، خۆراک و هتد). ئێسنۆگرافەکان بەم شێوازە دەڵێن کولتوور وەرگری.

٢- گرووپ بتوانێ بڕواتە نێو تۆڕ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپی زاڵی نێو کۆمەڵگا. بەم کارە دەڵێن ئاسێمیلەی پێکهاتەیی(*structural assimilation*).

٣- ئەندامانی گرووپی کەمینە لەڕێی ژنوژنخواز لە گەڵ گرووپی زۆرینە، بەرەیەکی نوێ پێک بێنن. بەم کردەیە دەڵێن ئاسێمیلەی هاوسەرگیرانە(*marital assimilation*). شایانی باسە کە هەربەو چەشنە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، رابێرت فاریس لە فەرهەنگی زانستەکۆمەڵایەتیەکاندا، ئەم چەمکە کە تایبەتمەندییەکی بایۆلۆجیکی هەیە، لە گەڵ ئاسێمیلەبوون بە جیاواز دەزانێ.

٤- گرووپی کەمینە چییەتی خۆی لەڕێی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گرووپی زۆرینەوە بەدەست بێنێ.

٥- گرووپ بەرەنگاری دەمارگیرانەی لەگەڵ ئەندامانی گرووپی زۆرینەدا نەبێ.

٦- گرووپ رەفتاری دووچاوەکییانەی لە گەڵ ئەندامانی گرووپی زۆرینەدا نەبێ.

٧- گرووپ هیچ ململانێ و دژایەتییەکی لە گەڵ ئەندامانی گرووپی زورینەدا نەبێ.

لە کۆمەڵناسیدا جیاوازییەکی زۆر لە سەر چۆنییەتی پێناسە کردنی ئەم زاراوە نییە. هەرچەند هەندێ لە ئێسنۆگرافەکان ئەم زاراوەیە هاوواتا لە گەڵ کولتووروەرگری(*acculturation*)دەزانن. م.فریدمەن دەڵێت: «پرۆسەیەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرووپێکی کەمینە لەنێو کۆمەڵگایەکی بەربلاودا جێگای خۆی بکاتەوە، دیاردەیەکە کە هەم دەتوانین پێی بلێین ئاسێمیلەبوون و هەم پێی بلێین کولتوور وەرگری. زاراوەی یەکەم کاتێک بەکار دێنین کە مەبەستمان لێکدانەوەی شێوازی ئاوێتەبوونی کەمینەیەک

لەنێو دڵی سیستەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کومەڵگای گەورەتر بێ. کەچی مەبەست لە زاراوەی دووەم ئەوەیە کە بزانین تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گرووپی کەمینە لە بەرانبەر تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گرووپی زۆرینەدا چلۆن تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).
بڕوانە: **تێکەڵاوی**.

ئاشتی/ peace

ئاشتی بریتیە لەو هەلومەرجەی کە توندوتیژی تێدا نەبێ. پێناسە کردن و دیاری کردنی تخووب و کەوشەنی ئاشتی، وەکوو پێناسە و دیاری کردنی سنووری جەنگ هەر لە سەردەمی کەوناراوە تا ئێستا پرس و تەگەرەی زۆری تێکەوتووە. جەنگناسانێک وەکوو گاستۆن بۆتۆل هانیان داوە پێناسەیەک لە شەڕ دابین بکەن کە بنەماکانی لە سەر هەندێ پێوەری حاشاهەڵنەگر دامەزرابێ؛ واتە پێوەری ئاماری.

ئاشتی زاراوەیەکە زۆرتر لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئاشتی رەنگە باس بکات لە ١) دوایی هاتنی شەڕ و جەنگ، وەکوو ئاشتی ڤێرسای یا لە واتایەکی بەربلاوتر ٢) نەبوونی شەڕ، ٣) دۆستی و برایەتی ئەکتیڤ یا ٤) ئەو رێکخراوانەی کە توانیویانە پێوەندی نێوان دوو یا چەن وڵات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە رێکوپێک بکەن. سەنت ئاگوستین لە نێوان پێناسەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا جیاوازی داناوە و گوتوویە کە ئاشتی راستەقینە تەنیا نەبوونی دژایەتییە ئەکتیڤەکان نییە، بەڵکوو بوونی «هێمنایەتییە لە نێو سیستەمدا». لەم ساڵانەی دواییەدا بە داهاتنی ئەم زاراوانەی خوارەوە، دان بەم جیاوازییەدا نراوە: «پێکڕاژیانی بێکێشە» کە زۆرجار باس لە دژایەتییەکی پەنامەکیش دەکات؛ هەروەها «هاوکاری بێکێشە» کە ئاماژە دەکات بە ئاریکاری بۆ گەیشتن بە دۆزی هاوبەش و

چارەسەر کردنی شەڕو کێشەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە. ئەم جیاوازیـە لـە زاراەی «جەنگـی سـارد»یشـدا شـراوەیـە کـە ئامـاژە دەکـات بـە نـەبـوونی ناتەباییەکی بەردەوام لە نێوان ئەو حکوومەتانەی کە ئەوەندە لە گـەڵ یـەک دوژمنایەتی و بەدگومانییان نییە کە ببێتە هۆی شەڕێکی ئەکتیڤی بـەردەوام (رایت؛ ١٩٦٤).

یەکێک لەو پرسانەی کە کۆمەڵناسان هێناویانەتە ئاراوە ئەوەیە کـە چـۆن دەکرێ مەترسی شەڕ کەم بکرێتەوە؟ لێرەدا بـە چـەن ڕێگـەچـارە بـۆ کـەم کردنەوەی شەڕ ئاماژە دەکرێ:

١- بەرەنگاری: لۆجیکی کێبەرکێی تـەقـەمـەنی، بۆتـە هـۆی تێکـدانی ئاسـایش و «هاوسـەنگـی رەشـکوژی» (balance of terror) زلهێـزەکـان. بنەمـای متمانـەی هاوبـەشـی تێکـدان (mutually assured destruction- MAD) –بەم واتایە کە هەر لایەنێک کە دەسپێکەری هێرشی نـاوکی دژ بـە لایەنی‌تر بێ، توانی خۆڕاگرتن لە بەرانبەر هێرشی هەمەلایەنەی لایەنی‌تـری هەیە- ستراتژی بەرەنگاری،بۆ ماوەی شەست ساڵ توانیویە ئاشتی بپـارێزێ. بەڵام ئەم ستراتژییە سێ کەمایەسی هەیە: یەکەم، ئەم ستراتژییە بۆتە هـۆی کێبەرکێیەکی زۆری چەک و تەقەمەنی. دووەم، ئـەمڕۆکـە مووشـەکـەکـان دەتوانن کلاوەی ناوکی زۆر خێراتر لەو سەردەمەی کە ئەم ستراتژییە دارێژرا بگەیننە دوورترین شوێنەکانی دونیا. کۆنترۆڵـی ئـەم مووشـەکانـە دراوەتـە کۆمپیۆتەرەکانی تایبەت بەم کارە و بەبۆنەی هەلی زۆر کـەم بـۆ دژکـردەوە، مەترسی شەڕ زۆرتر بۆتەوە. سێیەم، بەرەنگاری ناتوانێ ببێتە هۆی بـەرگـری لە پەرەسەندنی چەکەناوکییەکان، ئەم چەکانەش بۆ خۆیان مـەترسـییەکـی زۆرن بۆ ئاشتی نێونەتەوەیی.

٢- تیکنۆلـۆجی پێشـڕەوی بـەرگـری(strategic defence initiative- SDI): گەر تیکنۆلۆجی بۆتەهۆی بەدیهاتنی چەک، رەنگـە خۆیشـی بتوانـێ

بەرگری لە شەڕ بکات. ئەمە بۆچوونێک بوو کە لە پەنای بەرەنگاری ستراتژیکەوە سەری هەڵداوە. ئەم بۆچوونە،ساڵی ١٩٨١ لە لایەن دەوڵەتی ڕەیگانەوە پێشنیار کرا. بەرگری ستراتژیک گەلالەیەکی ئاڵۆزە بۆ سەتەلایتەکان و پێوەندییان لە گەڵ دامودەزگا زەوینییەکان، تا بە هۆی ئەوانەوە بکرێ چەترێک بۆ بەرگری لە هێرشی مووشەکی دوژمنان دابین بکرێ. ئەم سیستەمە دەتوانێ مووشەکەکانی دوژمن لە هەمان کاتی هاویشتندا بدۆزێتەوە و بەر لە تەقینەوەیان لەناویان ببات.

٣- ڕامیاری و چەک‌کردن (چەک داماڵین): هەندێ لە بیرمەندان ڕایان وایە کە باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئاشتی، هەمان ڕامیاری و وتووێژە، نەک تێکنۆلۆجی *(dedrick, D, & R. E. yinger; 1990)*. ڕامیاری زۆرتر لە چێ کردن و هەمار کردنی چەک و تەقەمەنی دەتوانێ ئاسایشی وڵاتان دابین بکات. بەڵام ئەم شێوازەش کێشە و تەگەرەی زۆری هەیە. هیچ وڵاتێک پێی‌خۆش نییە بە کەم کردنەوەی گۆژمەی کڕینی چەک و تەقەمەنی، خۆی ئەوەندە لاواز بکاتەوە کە نەتوانێ لە بەرانبەر هێرشی دوژمنانیەوە بەرگری بکات. بەم بۆنەوە سەرکەوتنی ئەم شێوازە لەوەدایە کە هەموو وڵاتەکان بە یەکسانی لەم پرۆسەیەدا بەرپرس بن (فیشر و یوری؛ ١٩٨٨).

هەرچەن وڵاتانی ئەمریکا و ڕووسیا توانییان بە وتووێژ بگەن بە یەکدەنگییەک بۆ کەمتر کردنەوەی تەقەمەنییە ناوکییەکان، بەڵام هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە دەیانەوێ بە تەقەمەنی ناوکی خۆیان چەکدار بکەن، بوونەتەمەترسیەکی زۆر گەورە بۆ لەناو بردنی ئاشتی نێونەتەوەیی.

چارەسەر کردنی دژایەتییە بنەڕەتیەکان: بە سەرنج دان بە هەڕەشەی کوشتاری بەکۆمەڵ، چارەسەرکردنی ناکۆکییەبنەڕەتییەکان دەتوانێ مەترسی شەڕی ناوکی زۆر کەمتر بکاتەوە. تەنانەت پاش دوایی هاتنی شەڕی سارد،

جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و رووسیا هەنووکە بەردەوامە. بێجگە لەمەش، بناوانی ئەو سەربازیگەرییەی کە لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا، ئەفریقا و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەخوازی، ناکۆکییە نەتەوەییەکان و نایەکسانییە چینایەتییەکانی نێو ئەم ولاتانە. لێرەدا ئەم پرسە دێتە ئاراوە کە گەر هۆی گەیشتن بە ئاشتی لە چارەسەرکردنی شەڕو ناکۆکییەنێو نەتەوەییەکاندایە ، بۆچی نەتەوەکانی جیهان، سێهەزار بەرانبەری ئەو پارەی کە بۆ دیتنەوەی هۆی ناکۆکییەکان خەرجی دەکەن، بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی خەرجی دەکەن؟ (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

ئاکاری پرۆتستان / protestant ethic

پرۆتستان بەو کلیسایانە دەڵێن کە لە سەدەی شازدەهەمدا بە دابڕان و جیابوونەوە لە دەسەلاتی پاپ، هاتنە دی. پرۆتستانە سەرەتاییەکان، خۆیان بەم ناوە ناونەدەبرد، بەڵکوو بە خۆیان دەگوت «ئینجیلی». ئەم زاراوەیە لە کۆنترین واتایدا ئاماژەیە بە بەرهەڵستی سیاسی لە هەمبەر ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆم لە سالی ١٥٢٩ دا دەکا کە لە لایەن شازادەئالمانیاییەکانەوە دەست پێکرا و گوێیان بە ئامۆژەکانی کلیسای رۆم نەدەدا.

ماکس ڤیبێر(١٨٦٤-١٩٢٠) لە سالی ١٩٠٤-٥ وتارێکی تێر و تەسەلی لە ژێر ناوی ئاکاری پرۆتستان و گیانی سەرمایەداری لە گۆڤاری ئەرشیڤی زانستە کۆمەلایەتییەکان و رامیاری کۆمەلایەتی بلاو کردەوە وگرینگییەکی شایانی دایە ئەم زاراوەیە. ڤیبێر سەرنجی دایە ئەو هەلومەرجەی کە لە ئەورووپادا سەرمایەداری لە بیچمی سەرەتایی خۆیدا لە سەر بنەمای «بنکە»یەکی ئابووریدا گەشەی سەندبوو. بەم بۆنەوە دەستی دا بە دیتنەوەی پێوەندی نێوان ئەم گەشە سەندنە (گەشە سەندندنی سەرمایەداری بنکەیی) و تایبەتمەندی دەروونی کەسایەتی پرۆتستان بە سەرنج دان بە گەشەی

کالۆنیستی لۆتەری(واتە شێوازێکی هزری پرۆتستانی کە کـاری دونیـایی بـە پیشەی دینی دەزانێ).

لەم رووەوە بیردۆزی ئاکاری پرۆتستان دەڵێ کە ئاکار و خواناسـی ئـایینی کالۆن، وەکوو سندانێک بوو کە کەسایەتی پرۆتستان لە سەریدا کوتراوەتەوە.

کالۆنیستی نموونە، زۆر بە پەرۆش بـوو کـە بکـەوێتـە بـەر تـووک و نـزاو لەحنەتی پەروەردگار و ناهومێدانە هەڵوەدای دیتنـەوەی هـەڵـبژێردران لـە لایەن خوداوە بوو.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا کالۆنیستەکان سەکەوتن لە دونیایان بە نیشانەی هەڵبژێردران لە لایەن خوداوە دەزانێ: ئەمانـە ئـەوەنـدە تینـوو و تامـازرۆی هەڵبژێردران بوون کە بە سەختی کاریان دەکـرد تـا گـەیشـتن بـەم پلـە و پاگەیە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. دین لە لایەن ئەم کـەسـانەوە، گوشـارێکی زۆری دەخستە سەر تاک و ئەو ئاسوودەگیەی کە لە لای قەشـەوە لـە کـاتی دان نان بە گوناحەکانیان بۆیان دەهاتە ئاراوە، هیچ چێژێکی پـێ نـەدەدان و خوازیاری گەیشتن بە بەختەوەرییەک بوون کە پێشتر تایبەت بە قەشەکـان بوو.

کالۆنیسم لە سـەر ئـەم چـەمکـە پێـداگری دەکـا کـە مـرۆڤ بـە جێـی بەهرەگرتن لە ماڵ و سامانی، دەبێ تەنیا چاودێریان لێ بکا.

رەهەندی سیاسی ئەم ئایینـە، واتـە بـە دژێـو زانـینی لـەش پـەرسـتی و (زۆرجار) بەرگری لە دەسەلاتی ملهۆڕانەی دەوڵەت بە سەر ویژدانـدا، هـانی دان تا هەلومەرجێک پێک بێـنن کـە ببێتـە هـۆی گـەشـە و بـەرفـراوانی سەرمایەداری.

لەم سۆنگەوە رێکخراوی عەقلانی و نەزمداری کار، گوێڕایەڵی پارێزکارانـە لە هەمبـەر بنکـەی ئـابووری -کـە تایبـەتمـەنـدی گیـانی سـەرمایـەداری سەرەتاییە- هەموویان لە ئاکامەکانی خواناسـی کالۆنیسـتی دێنـە ئـەژمـار.

ڕەخنەگری سەرەکی بیردۆزی ڤیبێر، ر. هـ. تۆنییە کە بڕوای وایـە هـۆگر بوونی کالۆنی بە کار و سامان، گۆڕانکاریگـەلی خوداناسـانەی زاتی و ئاکـامی دەروونی ئەو گۆڕانکارییانەنییـە، بـەڵـکوو لـە ڕاسـتیدا گوشـاری ئـابووری و ڕامیاری و پلە و پاگەی کۆمەلایەتی کالۆنیستەکان بۆتە هۆی هاتنە دی ئـەم هۆگرییە. بە گوێرەی توێژینەوەیەک کە لەم دواییانەدا لە سەر سەرچاوەکانی کالۆنیسم لە بزاڤی چاکسازی دینی زووریخدا ئەنجام دراوە، وا پیشان دەدەن کە گوایە سەرمایەداری پێشتر دەست پێکراوە.

کۆمەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و دەروونی تایبەت کـە هـاوڕێ لـە گـەڵ ئاکـاری پرۆتستانین، لە نووسراوە گشتییەکانی کۆمەڵناسیدا کاریگەریان هەبـووە. ڤـیبێر ڕای وابوو کە ئاکاری پرۆتستانی لە ئاخێزگەی مێژوویی خۆی هەڵکەندراوەتـا لـە سەرلەبەری دونیادا بڵاو بێتەوە (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

ئامێته كردن (تێکەڵ كردن) / conglomerate

لە پێوانە لە گەڵ قۆڕخ و قۆڕخی چەن لایەنە، ئاوێتە کـردن یـەکێـک لـە داهێنانەکانی شەریکەکانە. بەم چەشنە کە شەریکەیەک داراییەکـانی خـۆی لە نێو هەندێ لە پیشەکانی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاریدا وەکوو سەرمایە دادەنێ. لەم دۆخەدا، بەڕێوەبەرانی کارگێڕی شەریکەی پـەڕە نرخـدارەکـان، چەندین شەریکەی جۆراوجۆر دەکڕن کە بەرهـەم و خزمـەتگوزاریـەکانیـان هیچ پێوەندییەکیان بـە یـەکتـرەوە نییـە. وەکـوو هۆتێلـەکـانی شـرایتۆن و شەریکەی بیمەی هارتفۆرد کە هی کۆمپانیای تەلەفوونی ATTن.

ئاوڕوو (كەسایەتی) / prestige

لە کۆمەڵناسیدا ئەم زاراوە باس دەکات لە کاریگەرییەک کە تاک بە سـەر کەسانیتردا هەیەتی؛ چ ئەو کاریگەرییە لە ڕێگای شیاو و گونجاوەوە بێ و چ

لە ڕێگای خۆنواندن و درۆ و دەلەسەوە. بە سەرنجدان بە سەرچاوە و ئاخێزگەی ئەم زاراوەیە، زۆربەی لێلی و پێناسە جۆراوجۆرەکانمان بۆ ئاشکرا دەبن:

تام بۆرنز لە فەرهەنگی زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بەم چەشنە باس لەم زاراوەیە دەکات: تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، زاراوەی کەسایەتی لە زمانی ئالمانی و ئینگلیزیدا هەروەکوو زمانی فەرانسە بە هەمان واتای لاتینی ئەم زاراوەیە بەکار دەبرا و بریتی بوو لە: کاریگەرییەک کە لە ڕێگای فێلێکەوە تاک بە سەر کەسانی‌تردا دایدەنا. ئەم زاراوە بە چەشنی مەجازی بریتی بوو لە کاریگەرییە هونەری و ئەدەبییەکان. پەرەسەندنی واتای مەجازی ئەم زاراوەیە کە بریتی بوو لە کاریگەری زۆر و سەرنجڕاکێش، یا ڕاکێشانی تەلیسماوی سەرنجی خەلکی بەرەو لای تاکێک، لە گەل کاریگەری ناپلۆئۆن بە سەر دۆست و دوژمنیدا پێوەندی بووە. چونکە هەم پەسنبێژان و هەمیش دوژمنانی ناپلۆئۆن ئەم زاراوەیان سەبارەت بەو بەکار دەبرد. پاش ئەوە ئەم زاراوەیە زۆرتر پەرەی سەند و لە بریتانیادا بەو تایبەتمەندییانە دەبێژرا کە ڕێکخراو و نەتەوەو پیشەکان و هەروەها تاکەکان بوویان.

لە کۆتاییەکانی هەمان سەدەدا ئەم زاراوە لە زانستە ڕامیارییەکاندا باو بوو و باسی لە کاریگەری تاک بە سەر خەلکدا دەکرد؛ هۆی ئەم کاریگەری کەسایەتییە، کردەگرینگەکان و ئاکاری بەرزی تاک بوو (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

ئەم زاراوە لە واتایەکی ئاسانگیرانەدا کە بۆتە باو، ئاماژە دەکات بە پێگەی کۆمەلایەتی و بە گوێرەی ڕێز و بەهایەک کە خەلکی بۆ تاکێکی دادەنێن، لە پێوانە دەدرێ. بە بڕوای مارکس، ڕێگایەک کە تاک بۆ بەدەست هێنانی داهات هەلیدەبژێرێ، پیشاندەری پێگە و شوێنگەی کۆمەلایەتی ئەو تاکەیە. بەلام بە بڕوای ڤیبێر، بێجگە لەو سەرچاوەی کە تاک بۆ بەدەستهێنانی داهات هەلیدەبژێرێ، چەندوچوونی خەرج کردنی داهاتەکەشی لە پێناسە و

دیاری کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکەدا دەوری سەرەکی هەیە. میتۆد و ڕەوتی خەرج کردنی داهات روون دەکاتەوە کە تاک خاوەنی چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە بڕوای ماکس ڤیبێر، هەروەها پێگەی تاک پێوەندی بەمەوە هەیە کە تاک چ بەهایەک بە تایبەتمەندیگەلی وەکوو نەتەوە، رابردووی خێزانی، ئایین، کار و ئاستی خوێندنی تاکەکان دەدات و هەروەها ئەندامانی کۆمەڵگا چلۆن جوانی، بوێری، بەزیپک و زاکوونی، یان کارە پیرۆزەکان پێناسە دەکەن (وبر؛ ١٣٨٢). بۆ وێنە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا کار یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابڕوو و کەسایەتییە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەمەی کە توێژبەندییە کۆمەڵایەتییەکان چەن ڕەهەندین، پێکهاتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەندیواری ئەوەیە کە خەڵکی لە سەر کام یەک لە ویست و پێناسەکان پێداگری زۆرتر دەکەن. بۆ وێنە لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا پێناسە نەتەوەییەکان گرینگترن تا پێناسە ئابووری و چینایەتییەکان. پێناسەی نەتەوەیی دەورێکی سەرەکی لە شۆڕشەکانی ١٩٩٠-١٩٨٩ی ڕۆژهەڵاتی ئەروووپادا گێڕاوە. بەشی زۆری ئەم شۆڕشانە دژ بە دەسەڵاتی رووسیا بوون. بە بڕوای ڤیبێر دابەش کردنی کۆمەڵگا بە دوو چینی ئابووری دژ بە یەک (بیردۆزی مارکسی) زۆر ساویلکانەیە و ئاڵۆزی دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاکە نوێکان لە بەرچاو ناگرێ (وبر؛ ١٣٨٢).

بەگشتی، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بە گوێرەی روانگەی سادەگیرانەیەک کە ئەمڕۆ باوە، لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازی و نیوەپیشەسازییەکاندا، رادەی کەسایەتی و ئابڕووی تاکەکان بە گوێرەی کار و داهاتی خەڵکی دەپێون. خەڵکی ئەم وڵاتانە بایەخێکی زۆر دەدەنە پیشەگەلی پزیشکی و بریکاری و ئەندازیاری. بەشێک لەم بایەخە کە دەدرێتە ئەم پیشانە، بەبۆنەی داهاتی زۆری ئەم کەسانەیە. بەڵام دەبێ

بزانرێ کە بە تەنیا داهات، ناتوانــێ پێــوەر و پێودانــێ بــێ بــۆ کــەسایەتی و ئاوڕووی تاکەکان. بە دەست هێنانی ئەم کارانــە پێویســتی بــە شــارەزایــی و پسپۆڕی و خوێنــدنی بالایــە. لــەنێــو کومــەڵــگاکاندا کــاری زۆر هــەیــە کــە پێویستیان بە خوێندن و شارەزایی و لێزانی زۆر نییــە. بــەم پێیــە دەتــوانین بگەین بەم دەرەنجامە کە بایــەخێــک کــە خــەڵــکی بــەم پیشــانەی دەدەن، بەبۆنەی شارەزایی و لێهاتوویی و پسپۆڕی ئەم کەسانەیە. لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازی و مۆدێرندا، زنجیرەی بایەخ و کەسایەتی ئــەم کارانــە یــەکســانن (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

ئایدیۆلۆژی / ideology

زاراوەی ئایدیۆلۆژی لە تێکەڵاوی دوو وشەی idea و logos پێکهــاتووە. یەکەمینیان بە مانای ئەندێشەیە و دووەمینیان تا رادەیەک بە مانای زانایی و ئاگەدارییە. دەڵێن کە سەرەتا لە کۆتایی سەدەی هــەژدەهــەمــدا لــە لایــەن فیلسووفی فــەرانســی دێســتوت دۆترێســی (Destutt de Tracy) بــە واتــای زانستی بیر و بۆچوونەکان، بە مەبەســتی شرۆڤــەی ســەرچــاوەو چۆنییــەتی گۆڕانی ئەندێشەکان هاتۆتەدی (گولــد؛ ١٣٨٤). لــە یــەکــەمــین دەیــەکــانی سەدەی نۆزدەهــەمــدا زاراوەی ئایــدیۆلۆژی جۆرێــک ســووکایەتی تێــدابوو و دەبینین کە لە *ئایدیۆلۆژی ئالمانیایی*شدا هەر ئەم ســووکایەتییــەی تێدایــە. هەنووکەش بــۆ هــەنــدێ لــە لیبراڵــەکــان، زاراوەی ئایــدیۆلۆژی واتایــەکــی ســووکایەتی ئــامێزی تێدایــە (ایگلتــون؛ ١٣٨١). ســەرنجێــک کــە زانایــانی کۆمەڵناسی، بە تایبەت لقەکانی کۆمەڵناسی مەعریفــە، زانســت و دیــن بــەم زاراوەیانە داوە، بۆتە هۆی گرینگی ئەم زاراوەیە، بە چەشنێک بۆ مــاوەیــەکــی دوور و درێژ وەکوو وشەیەکی کلیلی سەیری دەکرا. لەم بــوارەدا کــەســانێک وەکوو ماکس شیلەر، مانهایم و مارکس زۆرترین کاریگەرییان بــە ســەر ئــەم

زاراوەیەدا بووە.

ئایدیۆلۆژی بریتیە لە ڕێبازێکی سیستماتیک و ڕێکخراو، کە بنەماکانی بە تەواوی دیاریکراون؛ بەها و ئامانجەکان بە مرۆڤ فێر دەکا؛ بەرژەوەندییان لە بەرانبەر پرس و کێشەکان دیاری دەکا و ڕێنومایییان دەکات (سروش؛ ١٣٧٨).

مانهایم ئایدیۆلۆژی لە دوو واتای تایبەت و گشتیدا بەکار دەبا. بەڕای مانهایم، بۆچوونی مارکس و ناپلۆئۆن لەمەڕ ئایدیۆلۆژی -کە بۆچوونێکی نێگاتیڤ و ئاڵوگۆڕ کراوە- باس لە واتایەکی تایبەت دەکا کە تەنیا پاژێک لە ئایدیۆلۆژی دەگرێتەوە. بەڵام کاتێک ئایدیۆلۆژی بۆ باس لە کۆمەڵەیەک تایبەتمەندی و هەل و مەرجی پێکهاتەیی خولێک لە مێژوو دێتە ئاراوە، لە گەڵ واتای گشتی ئایدیۆلۆژیدا ڕووبەڕوو دەبێ. لە واتای دووەمدا، ئایدیۆلۆژی لە گەڵ بیردۆزی کۆمەڵناسی مەعریفە نزیک دەبێتەوە. مانهایم دەست دەدا بە جیا کردنەوەی دوو واتای ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیا و لەم ڕوانگەوە ئایدیۆلۆژی بە بەرهەمی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژوویی کۆمەڵگاکان دەزانێ کە لە بەژنی جیهان‌بینی خولێکی مێژووییدا خۆی دەنوێنێ. مانهایم، یۆتۆپیا بە کۆمەڵە ئاوات و ئامانجێک کە چینی هەژاری بێدەسەڵات هەیانە، پێناسە دەکات. بەڕای ئەو، بە هەمان ڕادەیەک کە ئایدیۆلۆژی هان دەدا بۆ نەگۆڕان و سەقامگیری بارودۆخێک کە هەیە، یۆتۆپیا لە بیری گۆڕان و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدایە. بۆیە یۆتۆپیا، ئایدیۆلۆژیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە لە بیری گۆڕاندایە (مانهایم؛ ١٣٨٠).

ئایدیۆلۆژی لە بەرهەمەکانی مارکسدا لە خولەجیاوازەکاندا بە سێ واتای جیاواز بەکار براوە: ١- بە واتای «ئاگەداری درۆینە»، کارێکی درۆینە و بەئاوەژووی واقیع بە جێی ڕاستەقینە پێناسە کردن. ئەم واتا لە *ئایدیۆلۆژی ئاڵمانیدا* هاتووە. چونکە ئەم کتێبەی لە دەیەی ١٩٣٠دا بڵاو کرایەوە، بەرەی

یەکەمی چالاکانی نێونەتەوەی دووەم و مارکسیستە رووسیەکان، شارەزاییەکیان لەمەڕ ئەم زاراوەیە نەبوو؛ مەگەر هەندێ لە وشیارترینەکانیان وەکوو لووکاچ و کارێل کۆرش کە بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایە، ئەم رەهەندە گرینگەی بیر و بۆچوونی مارکسیان لێ ئاشکرا ببوو. ٢- بە واتای سیستەمی ئەندیشە، باوەڕ و بیرو بۆچوونگەلی تۆکمەکراوی هەر چینێکی کۆمەلایەتی. چالاکانێ وەکوو ئێدوارد برێنشتاین، کائۆتیسکی، پۆلخانۆف، لنین و لۆگزامبورگ ئەم واتایانە بە تێگەیشتنی مارکس لە ئایدیۆلۆژی دەزانی. ئایدیۆلۆژی لەم واتایەدا (کە لە هەندێ نامیلکەی مارکس و ئەنگلس و ژمارەیەک لە نوسراوەکانیان لە سەر شۆڕشی ١٨٤٨دا هاتووە) بیردۆزێکی چینایەتییە و زۆرتر وەکوو جیهانبینی دەزاندرێ. ٣- بە مانای سیستەمێکی گشتگیر لە بەرهەمهێنانی بڕوا و بیرو بۆچوون و تێگەیشتنەکان لە کۆمەلگایەکی تایبەتدا. ئەم واتایە چەن جار لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگلسدا هاتووە (زۆرتر لە نامیلکەکانی ئەنگلسی بە سالاچوودا). بە وردبوونەوە لەم تەوەرەدا دەسەلاتی چینی دەسەلاتداری تێدا بەدی دەکرێ.

لە یەکەمین لاپەڕەی دەسپێکی مارکس لە سەر *ئایدیۆلۆژی ئالمانیدا*، ئایدیۆلۆژی بە «زانستی بڕواکان» پێناسە دەکات، بەلام تەنیا بەم مەبەستەوە کە پیشان بدا رەخنەی تێرو تەسەلی لە سەرە. بەم جۆرە باسەکەی دەست پێدەکا: «تا ئێستا، مرۆڤەکان بڕوای هەلەیان سەبارەت بە خۆیان و ئەمەی کە چین و دەبێ چی بن، داڕشتووە. مرۆڤەکان باوەڕەکانی خۆیان بە گوێرەی بڕوایان بە خودا، مرۆڤی ئاسایی و سروشت، رێکو پێک کردووە. بەرهەمەکانی مێشکیان لە دەرەوەی چاودێری خۆیاندایە. خەلکی خۆیان ئافرێنەرن، کەچی لە بەرانبەر ئافرێندراوەکانیان چۆک دادەدەن و کڕنۆش دەبەن» (احمدی؛ ١٣٨٥). پاشان گوتوویە با ئێمە مرۆڤەکان لە بەندەگی

بڕواكان و دەمارگرژییەكان و بوونەوەرانی خەیاڵی ڕزگار كەین و دژ بە حكوومەتی واتاكان شۆڕش كەین.

بیردۆزی ماركس سەبارەت بە ئایدیۆلۆژی وەكوو ئاگەداری درۆینە، پیشانی دا كە لە هەر خولێكی مێژوویيدا، باوەڕە باوەكان، باوەڕی چینی دەسەڵاتدارن كە دەبێ پاكانە بۆ حكوومەت و دەسەڵاتیان بكات و بەردەوام ڕایبگرێ.

بیری دوایی هاتنی سەردەمی ئایدیۆلۆژی لە كۆتاییەكانی دەیەی ١٩٥٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ لە كۆمەڵناسی ئەمریكادا هاتە ئاراوە. سەرەتا ئێدوارد شیلز ئەم باسەی كردو پاشان «دانییێل بێل» زۆرتر پەرەی پێ دا. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ڕایان وایە كە لە نێو سیستەمی سەرمایەداریدا بنەڕەتیترین گۆڕانكارییەكان بە هاوبەشی چینی كرێكار لە سیاسەتە لیبراڵ دیمۆكراسیەكاندا هاتۆتە ئەنجام، بۆیە دەبێ هان بدرێ ئەم بارودۆخە بپارێزرێ و بە چوونە ناو ئەم قۆناغە مێژوویەنوێیە كە بە جۆرێک لە گەڵ كۆمەڵگای پاش پیشەسازی پێناسە دەكرێ، سیاسەتە ئەقڵانییەكان بە سەر ژیانی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری كۆمەڵگاكاندا دادەسەپێن. لە ئاوەها بارودۆخێكدا ئیدی ئایدیۆلۆژییەكی نوێ نایەتە دی و سیاسەتە نوێكان تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیكیان نییە (غفاری؛ ١٣٨٨).

گی ڕۆشە لە كتێبی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكاندا ئاماژە بەوە دەكا كە بۆ پێناسەی ئایدیۆلۆژی دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لەبەر چاو بگرین: یەكەم: ئایدیۆلۆژی بریتییە لە سیستەمێک لە بۆچوون و ڕای ئاشكرا و ڕێكخراو كە شوێنگەی گرووپ یان كۆمەڵگایەک پاكانە، ڕاڤە و شرۆڤە دەكا و دەیچەسپێنێ. ئەم سیستەمە دەكەوێتە ژێر كاریگەری بەهاكان و ڕەوت و ئامانجێكی ڕوون و ئاشكرا بۆ چۆنییەتی كردەو هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی ئەو گرووپ یان كۆمەڵگایە پێشنیار دەكا. كەواتە، بە گوێرەی ئەم پێناسەیە

ئایدیۆلۆژی لە نێو کولتووردا وەکوو کۆمەڵەیەکی پێکبەستراو، هاودەنگ و ڕێکخراو لە زانیارییەکان و هەروەها نوێنەر و پیشاندەری بیرو بۆچوونەکان دێتە ژمار.

دووەم: ئەم سیستەمە ئەو هەلە بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەلومەرج و شوێنگەیەکی تایبەتدا دەژین، دەڕەخسێنێ کە چاکتر بتوانن پێناسە بۆ شوێنگەی خۆیان بکەن و باشتر لە واتاکانی بگەن و بیسەلمێنن. ئایدیۆلۆژی پێیان دەڵێ کە چۆن و بۆچی و لە لایەن چ کەسێکەوە چەوساونەتەوە، بۆچی دواکەوتوون، بۆچی وڵاتێک تووشی سەرنخوونی و فەوتان دێ و بۆچی دەبێ گۆڕانێک لە بارو دۆخی ئێستادا بێتە ئاراوە و لەم چەشنە پرسیارانە.

سێیەم، هەرچەند ئایدیۆلۆژی سیستەمێکە لە راو بۆچوونەکان، بەڵام نابێ بە دیاردەیەکی ئینتزاعی بزانرێ، چونکە لە گەڵ قازانجە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانی تاکەکاندا پێوەندی هەیە. واتە، قازانجی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە پێگەی کۆمەڵایەتییان پارێزگاری بکەن، یان کەسانێک کە دەیانەوێ شوێنگەی خۆیان بگۆڕن و بارێکی چاکتر بە ژیانیان بدەن. بە واتایەکیتر، ئایدیۆلۆژی بە گوێرەی قازانجێک کە بۆ تاکەکان هەیەتی، یا دان بە شوێنگە هەنووکەییەکاندا دەنێ، یاخۆ دەیانخاتە بەر رەخنە (روشە؛ ١٣٨٧).

بەڵام دواتر ئایدیۆلۆژی زۆر خراوەتە بەر رەخنە و تەنانەت تاوانبار کراوە بە پارێزگەری (conservatism). هەرچەن ئەم تاوانبار کردنە بە تەواوی پووچەڵە و بێل دەڵێ «حاشا لە ئایدیۆلۆژی، بۆ ئەوەی کە واتادار بێ، دەبێ نەتەنیا لە سیستەمی یۆتۆپیایی رەخنەبگرێ، بەڵکوو دەبێ کۆمەڵگای واقیعیش بخاتە بەر رەخنە» (گولد؛ ١٣٨٤). بەڵام ناتوانین ئەم بیردۆزە بە شێوەی رەها بسەلمێنین و دانی پێدا بنین. چونکە ئایدیۆلۆژییەکان لە بەها

و نۆرمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا پێک دێن و هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە کە کولتووری نەبێ. کەواتە چونکە ناتوانین بیر لە دوایی هاتنی کولتوور و کۆمەڵگای بێکولتوور کەینەوە، ناتوانین بیر لە نەمان و دوایی هاتنی ئایدیۆلۆژیش بکەینەوە. هەروەها ئەمەش کە بیردۆزی دوایی هاتنی ئایدیۆلۆژی لە هەل و مەرجێکی تایبەتی کۆمەلایەتی و رامیاری و مێژوویدا هاتۆتە دی، خۆی دەتوانێ ئایدیۆلۆژییەک بێ. رەنگە باشتر بێ وا بڵێین کە لە کۆمەڵگا کراوەکاندا گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان بەرپرسی نوێیان بۆ هاتۆتە دی و ئەم بەرپرسانە دەبنە بەربەست لە بەرانبەر گۆڕانە رادیکاڵەکانەوە کە بە هۆی ئایدیۆلۆژیگەلی رادیکاڵەوە دێنە دی (غفاری؛ ١٣٨٨).

ئایین/ cult

به گشتی ئەم واتایە ئەو گرووپە بچووک و کەمتر رێکخراوانەدەگرێتەوە کە لە لایەن کەسایەتییەکی کاریزماتیکەوە بنیات نراون و رێبەری دەکرێن؛ کەسێک کە بە هۆی کەسایەتی و ئاکار و دانستەیەکی تاکەکەسیەوە یارانی لە دەوری خۆی کۆوەدەکا. چونکە کەسایەتی کاریزما دەورێکی باڵا لە کۆوەکردنی پێڕەوانیدا دەبینی، زۆرجار پاش مردنی، گرووپەکەی لێک هەڵدەوەشێن. لەم رووەوە کەمتر ئەم ئایینانە ئەوەندە دەژین و گەشە دەستێنن کە ببنە مەزهەب. هەرچەند هەندێکیان توانیویانە گەشە بستێنن و درێژە بە ژیانیان بدەن. مەزهەبە سەرەکییەکانی دونیا سەرەتا وەکوو ئایین بوون؛ وەکوو ئیسلام، مەسیحییەت و یەهوودییەت. هەروەها چونکە ئەو ئایینانە تازە دادێن رێو رەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لە گەڵ داب و نەریتی باوی کومەڵگادا ناگونجێن، تووشی ناکۆکی و دژایەتی لە گەڵ ئەوانەی دێن کە لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدان.

هۆوارد بێکێر تەکووزترین راپۆرتی لە مەڕ ئایینەوە ئاراستە کردووە. بێکێر

دەڵێ: «حەزێکی دینی کە خاوەنی دانستەیەکی تەواو تایبەت و تاکەکەسی بێ، لە ئاییندا دەگاتە ئەو دۆزەی بۆی دەگەڕێ. ئامانجی پێڕەو گەیشتن بە ئەزموونێکی تاکەکەسی لەمەڕ رزگاری، هێمنی و دەرمانی گیان و لەشە».

ج. م. یینگێر ئاماژە بەم پێوەرانە دەکا: «زاراوەی ئایین زۆر رەهەندی جیاواز دەگرێتە بەر کە زۆربەیان بریتین لە قەوارەی بچووک، گەڕان بە دووی ئەزموونێکی عیرفانی، نەبوونی پێکهاتەیەکی رێکخراو و بوونی رێبەرێکی کاریزما». واتە: زێدەڕۆیی لە ئەزموونێکی تاکەکەسی مەزهەبی کە لە بیچمێکی وشیار و تەکووزکراودا لە ژێر ناوی کۆمەڵەیەکدا درێژە بە ژیانی دەدات (*William. L. Kolb*).

مارک گالانتێر بە وردی لە مەڕ ئایین لە ئەمریکادا تۆژیوەتەوە تا بەڵکوو هۆی کۆما بوونی خەڵک لە دەوری ئەمانەدا لێی روون بێتەوە (*Galanter, M. 1989*). لە گەڵ زۆر کەس لەم ئایینانەدا وتو وێژی کردو تێگەیشت کە ئەمانە گرووپگەلێکی کاریزماتیکن، چونکە رێبەرایەتی ئەم گرووپانە لە ئەستۆی تاکێکدایە کە کەسایەتییەکی کاریزمای هەیە. ژمارەی ئەندامانی ئەم گرووپانە دەتوانن چەن کەس یاخۆ هەزاران کەس بن. هەرچەند ئەم گرووپانە جیاوازی زۆروزەوەندەیان پێکەوە هەیە، بەلام لەم بابەتانەدا تەبان: ١) لە نێوان هەموویاندا سیستەمێکی بیرو باوەڕی هاوبەش هەیە؛ ٢) هەموویان یەکگرتوویەکی زۆر پتەویان پێکڕا هەیە؛ ٣) هەموو ئەم گرووپانە نۆرم و رێسای زۆر بەهێزی ئاکارییان لەناوایە؛ ٤) رێبەرایەتی هەموو ئەم گرووپانە، لە روانگەی پێڕەوانیانەوە، کاریزماتیک و تەنانەت خاوەنی هێزو تواناییگەلی خوداییین.

ئایینی (تیۆلۆجی) رزگاریدەر / liberation theology

یەکێک لەو رەخنانەی کە لە بۆچوونەکانی مارکس و بیردۆزی دژایەتی،

سەبارەت بە مەزهەب دەگیرێ، ئەوەیە کە ئایین هەموو دەم «هەناسەی ساردی چینی چەوساوە» نییە. لە لای رەخنەگرانی ئەم بۆچوونانەدا، ئایین بۆ خەڵکی چەوساوە وەکوو ماتۆڕێکە بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی و ئامرازێکە کە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نابەرانبەری ئابووری چێژی لێ دەگیرێ. ئایینی رزگاریدەر دەنگدانەوەی یەکێک لەم بۆچوونانەیە. تیۆلۆجیستانی رزگاریدەر بڕوایان وایە کە بەرپرسایەتی دابین کردنی دادی کۆمەڵایەتی (بۆ خەڵکێک کە کەوتوونەتە پەراوێزەوە، بە تایبەت جووتیاران و خەڵکی هەژاری نێو شارەکان) لە ئەستۆی ئەوانە و دەبێ دەورێکی کاریگەر لە رێبەری جەماوەری هەژاردا بگێڕن.

شێوازی زاراوەی ئایینی رزگاریدەر، خۆی بۆتە کۆسپێک لە سەر رێی پێناسە کردنی ئەم زاراوەیە. دەتوانین بڵێین کە بیچمی تاکی ئەم زاراوەیە، بە تەواوی مەبەست و بزاڤگەلی رزگاریخوازی ناگرێتەوە و دەبێ بڵێین کە چەندین ئایینی رزگاریدەرمان هەیە؛ وەکوو: تیۆلۆجی رەش پێستەکان (کانی لە ١٩٦٩)، تیۆلۆجی یەهوودی (ئێلیس لە ١٩٨٧)، تیۆلۆجی ئاسیایی (سۆ کوانگ سوون لە ١٩٨٣)، تیۆلۆجی ئەمریکای لاتین (هایت لە ١٩٨٥)؛ بێجگە ئەمانەش تیۆلۆجییەکی رامیاری هەیە کە لە ژێر کاریگەری رێبازی فرانکفۆرتدایە و رەنگە بتوانین بڵێین کە ئەوە تیۆلۆجییەکی رزگاریدەری کۆمەڵگای رۆژاوایە (متز لە ١٩٦٩). بە واتایەکی تر زۆرتر «ئایینگەلی رزگاریدەر»مان هەیە تاکوو یەک «ئایینی رزگاریدەر» (باتامور، کیرنن، میلی‌بند؛ ١٣٨٨).

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئەم بۆچوونە خۆی لە ژێر کاریگەری بیروڕا مارکسییەکاندایە و پێڕەوانی خوازیاری گەشەی ئاستی رۆشنبیری خەڵکی هەژارن و دەیانەوێ ئەم چینە بە یەکگرتوویی و یەکیەتی خۆیان مافە پێ شێلکراوەکانیان بە دەست بێنن.

ئایینە گەورەکان هەموو کات دڵە خورپەی رەنج و ئازاری خەڵکی چەوساوەیان بووە، بەڵام هەریەکە بە جۆرێکی تایبەت پەرسڤی ئەم پرسەیان داوەتەوە. لە روانگەی مێژووییەوە و بۆ بەرهەڵست بوونی ئەم هەژاری و نەداریە، مەسیحییەت دەستی داوە بە بەهێز کردنی بڕوای بڕوادارن بۆ گەیشتن بە جیهانێکی‌تر کە بێجگە لەم دونیا پڕ لە زوڵم و زۆرەی ئێستایە. بەڵام لەم چەن دەیەی دواییەدا هەندێ لە رێبەرانی کلیسا و قەشە مەسیحییەکان روویان لە بیرو بۆچوونێک ناوە کە کۆمەڵناسان تیۆلۆجی رزگاریدەریان ناو ناوە. ئەم واتایە تێکەڵاوێکە لە بنەماکانی مەسیحییەت و پراکتیسی سیاسی (زۆرتر مارکسیسم). لە کۆتایی شەستەکاندا لە کلیسا کاتۆلیکەکانی ئەمریکای لاتینەوە دەستی پێکرا. پراگماتیستە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە بۆ رزگاری مرۆڤ لە گوناح و تاوان تێدەکۆشان، هانیان دەدا تا خەڵکی هەژار و بەلەنگاز بتوانن خۆیان لەو هەژارییەی کە تووشی هاتبوون دەرباز کەن. پەیغامی تیۆلۆجی رزگاریدەر زۆر سانایە: ستەمی کۆمەڵایەتی دژ بە ئاکاری مەسیحییەتە و دەکرێ بەربەست بکرێ. کەواتە مەسیحییەکان دەبێ وەکوو ئەرکێکی ئایینی بۆ دابین کردنی دادوەری کۆمەڵایەتی کۆشەوەیەکی زۆرتر بکەن.

لە سەرەتای حەفتاکانەوە خەڵکێکی زۆر لە کاتۆلیکەکانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین هاتنە ریزی ئەم بزاڤە؛ بەڵام ئەم بەربەرەکانێیە زۆر بۆیان بە گران تەواو بوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کلیساکان، وەکو Oscar Arnulfo Romero ئۆسقۆفی مەزنی کلیسای سان‌سالڤادۆر لە نێو ئاژاوەکانی ناوچەکەدا کوژران.

بزاڤی تیۆلۆجی رزگاریدەر بوو بە هۆی دوو جەمسەری لە نێو جڤاکی کاتۆلیکدا. جۆن پۆڵی دووەم، رێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان، ئەم بزاڤەی بە هۆی ئاوێتە بوون لە گەڵ تێزی سوننەتی مەسیحی لە گەڵ سیاسەتە

مارکسیستیەکان، مەحکووم کرد. بەڵام ئەم مەحکووم کردنەش نەبووە هـۆی پاشگەز بوونی خەڵکی لە لایەنگری لەم بزاڤە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم باوەڕە لە دڵی خەڵکدا پتەوتر بوو کە تێکۆشان بۆ باشتر کردنی ژیانی هەژاران، بەشێک لـە بـیرو بـاوەڕی ئـایینی مـەسـیحییەتـە (*Boff, L & Clodovis, 1984; Neuhouser, K. 1982:233-44*).

بەڕای یینگێر لانی کەم ئایین لـە یـەکێـک لـەم دوو هـەل و مـەرجـەدا دەتوانێ ببێتە ماتۆڕێ بۆ بەرهەڵست بوون و گۆڕانی کۆمـەڵایـەتی: یـەکـەم حکوومەت یان ڕێکخراوەگەلی‌تری کۆمەڵایەتی نەتوانن ئەو بـەڵـێنانەی کـە داویانە بە ئەنجامی بگەینن (وەکـوو: هـەلی هاوسـان بـۆ کـار، دادوەری بـۆ هەمـووان و هتـد). لـە ئـاوەهـا هـەل و مـەرجێـکـدا گرووپـە هـەژارو زیـان پێگەیشتووەکان دەتوانن دەست بـدەن بـە ڕێکخسـتنی ئـەم بزاڤـانە و لـەم شێوازە نوێیە ئایینییە بۆ دەربڕینی نـاڕەزایـەتی خۆیـان کـەڵـک وەربگـرن و پێڕەوەکانیان دژ بە سیستەمی داسەپاو بخـەنـە ڕێ (*Yinger, J. M; 1971: 111*). بۆ وێنە ئەمریکا نەیتوانی بەڵـێنەکـانی خـۆی سـەبـارەت بـە هـەلی یەکسان لە باری ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی کەمینەکان بگەینێتە ئەنجام. لە کاردانەوەی ئەم کەمایەسییە و بۆ بەربەرەکانێ لە گـەڵ ئـەم بـارو دۆخـە، ئایینێک بە ناوی «ئۆممەتی ئیسلام» یان موسوڵمانانی ڕەش پێست گەشەی کرد.

لە سییەکاندا ناسیۆنالیستێکی ڕەش پێست بـە نـاوی W. D. Fard کـە نازناوی‌تری وەکوو فەراد محـەممـەدی بـەکـار دەبـرد، ڕێکخـراوی ئومـەتی ئیسلامی بنیات نا و لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری دیترۆیتـدا خـەریکـی ئامۆژگاری بوو. کاتێ لە ساڵی ١٩٣٤دا فـەراد محـەممـەد بـزر بـوو، ئێلیجـا محەممەد بوو بە جێگری و درێـژەی بـە ڕێگـای دا. فـەراد محـەممـەد بـە شاگردەکانی فێر دەکرد کە پیاوانی سپی‌پێست، ڕەنگدانـەوەی شـەیتـانن و

دینی ڕەش پێستەکان بەر لە هاتنیان بۆ ئەمریکا، ئیسلام بووە. هەروەها فێری دەکردن کە ڕێگای رزگاری، گەیشتن بە دیسیپلین و نەزمە نەک دان پێدانانی سپی پێستان.

گرووپی ئومەتی ئیسلام تەنیا یەکێک لەڕێکخراوە ئاینییەکانی ئەمریکایە کە دەستیان داوە بە ڕەخنە و نارەزایەتی دەربڕین بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەمینەکان. هەل و مەرجێکی‌تر کە ئایین تێیدا دەتوانێ ببێتە ماتۆڕێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و گۆڕانکاری، چەن جەمسەری بوونی کۆمەڵگایە لە باری چینایەتی و رەگەز و نەتەوەوە. لە ساڵی ۱۹۷۵دا واتە کاتێک شەڕی ناوخۆی لوبنان دەستی پێکرد، مەودای چینی دەوڵەمەند (زۆرتر مەسیحییەکان) و چینی هەژار (زۆرتر شیعەکان) گەیشتبووە رادەیەکی ئێجگار زۆر. هەرچەن مەودای چینایەتی هەموو کات بووە و ڕووداوێکی نوێ نییە، بەڵام کاتێک زۆرتر زەق و بەرچاو بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ‌پەنا و خانوو، لە لێواری شاری بەیرووتدا دەستیان دا بە کردنەوەی کۆلیت و تێیاندا ژیان.

خەڵکی هەژار بە دوو بۆنەوە دەهاتنە بەیرووت: یەکەم شیعەکانی باشووری لوبنان بوون کە بە هۆی شەڕی ئیسرائیل و فەلەستینەوە خانووەکانیان کاول ببوون و ڕوویان لە بەیرووت نابوو؛ دووەم ئەو کەسانە بوون کە لە ناوچەگوندنشینەکانی عەککار (لە باکووردا) و لە گەلیی بوقاع (لە ڕۆژاوادا) بەرەو بەیرووت کۆچیان کردبوو. حکوومەتی مەسیحی لوبنان هیچ ئاوڕێکی لە بارو دۆخی ڕێگا و بان و قوتابخانە و ئاسانکاری بۆ ژیانی هاووڵاتیانی موسوڵمان نەدەدایەوە. ئەم ناوچە تەنیا چەن کارخانەیەکی بچووک و چەن کۆمپانیایەکی بازرگانی تێدا بوو؛ دەوڵەت پارەیەکی زۆر کەمی بۆ بەشی کشتوکاڵ تەرخان کردبوو (عضدانلو، ۱۳۸٤).

ئەم بابەتانە ئەوەمان پێ پیشان دەدەن کە بۆ تێگەیشتن لە پرسی

کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و کولتووری جڤاکەکان، دەبێ دەوری ئایین لە بەرچاو بگرین؛ بە تایبەت ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە باوەڕە ئایینیەکان چۆن بە سەر هەڵس‌وکەوتی مرۆڤەکاندا کاریگەرییان هەیە و چۆن کارەکانیان بە ڕەوا پیشان دەدەن. ماکس ڤیبێر لەو کۆمەڵناسانەیە کە لەم بابەتەدا بە تێرو تەسەلی کۆڵیوەتەوە و پیشانی داوە کە چۆن باوەڕە ئایینیەکان کردە ئابوورییەکان بە ڕەوا دەنوێنن و لەم بوارەدا رێنومایی بڕوادارنیان دەکەن (وبر؛ ۱۳۸۷).

ئەرک/ function

نەزم و رێک‌وپێکی کۆمەڵگا گرینگترین بابەتێکە کە ئەرکخوازان جەختی لە سەر دەکەن. ئەوان کۆمەڵگا وەکوو سیستەمێک دەزانن کە لە بەش و پاژگەلی جۆراوجۆر پێک هاتووە و ئەو بەشانە لە گەڵ یەکتر پێوەندیان هەیە. بەڕای ئەوان، ئەم بەشە لێک‌جیاوازانە ئەوەندە لێکتر نزیکن و پێوەندییان پێکەوە هەیە کە نەتەنیا بە سەر یەکدا کاریگەرییان هەیە، بەڵکوو کاریگەریان بە سەر سەرجەمی سیستەمدا بە راشکاوی دیارە. واتای ئەرک بریتیە لەرادەی بەشدارییەک کە هەر بەش بۆ ئاژووتنی سەرجەمی سیستەم هەیەتی و هەروەها کاریگەرییەک کە ئەم بەشە بە سەر پاژەکانی‌تردا هەیەتی. بە واتایەکی‌تر، ئەرک بریتیە لە ئاسەوارێک کە هەر بەش بە سەر بەشەکانی‌تر یاخۆ سەرجەمی سیستەمدا بەجێی دێڵێ. بۆ وێنە، دەکرێ جێژنی نەورۆز لە پێوەندی لە گەڵ بەشە کۆمەڵایەتییەکانی‌تر -وەکوو کڕینی شت‌ومەکی نەورۆز، خاوێن کردنەوەی خانوو، بزاوتنی ئابووری و...- راڤە بکرێ. هەندێ لە کۆمەڵناسان ئەم واتایە وەکوو واتایەکی گشتی بەکار دەبەن کە بریتیە لە ئەرکی نیگەتیڤ، ئەرکی پازیتیڤ، ئەرکی ئاشکرا و ئەرکی پیوار.

بۆ روون بوونەوەی ئەم واتا ئالۆزە، ئەرکخوازانی سەرەتایی کۆمەڵگایان لە گەڵ بوونەوەرێکی بایۆلۆجیک هەڵدەسەنگاند: لەشی مرۆڤ لە بەشی جۆراوجۆری وەکوو ئێسک و ماسوولکە و دەمار و هۆرمۆن و خوێن و رەگ و دڵ و گورچیلە و سی و ماکی کیمیایی جۆراوجۆر و زۆر شتیتر پێک هاتووە، کە هەموویان بە پێوەندی لە گەڵ یەک و بە کاریگەر بوون بە سەر یەکدا دەبنە هۆی ئەوەی کە سیستەمی لەشی مرۆڤ لە دۆخێکی هاوسەنگدا بمێنێتەوە و لە سەر رەوتی خۆی بەردەوام بێ. هەریەک لەم بەشانە ئەرکێکی تایبەتی بۆ راگرتن و پاراستنی سەرجەمی سیستەمی لەشی مرۆڤ هەیە، بەڵام ناتوانێ لە بەشەکانیتر جیابێتەوە و بە تەنیا و بە سەربەخۆیی کاربکات. بەواتایەکیتر، پێوەندی و کارلێکی ئەم بەشانە بە سەر یەکدا، ئەرکەکانیان دیاری و کاریگەریان دەکات.

ئەرکخوازان، کۆمەڵگا بە لەشی مرۆڤەوە دەچوێنن کە لە بەشی جۆراوجۆر و لێکجیاواز پێک هاتووە کە لە گەڵ یەکدا پێوەندی و بەسەر یەکدا کاریگەریان هەیە. بەبڕوای ئەوان، ئەو پاژانەی کە پێکهێنەری کۆمەڵگان بریتین لە تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک، وەرزش، دەرمان، خشڵ و زیو، رێورەسمی تازیە، رێزگرتن لە یەکتر، رێو رەسمە ئاینییەکان، یاسا، زمان، شێوازەکانی گواستنەوە، ئامراز و کەرەسەکان، باوەڕەکان و هتد. هەر یەک لەم بەشانە، وەکوو بەشە جۆراوجۆرەکانی لەشی مرۆڤ، بۆ بەرەنگاری و راگرتنی سیستەمی کۆمەڵگا خاوەنی ئەرکی تایبەت بە خۆیە. بۆ وێنە، یەکێک لە ئەرکەکانی دامەزراوەی پەروەردەی رەسمی بریتییە لە گواستنەوەی زانست و شارەزایی لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکیتر. بەشەکانیتری سیستەمی کۆمەلایەتی، وەکوو رەسم و یاسا نەنووسراوەکان (نۆرم و باوەڕەکان) سەبارەت بە کات و شوێنی پێویست بۆ پێوەندی کردن لە گەڵ کەسانیتر، خەڵکی بە چەشنێکی رێکوپێک کە دەکرێ پێشبینی

بكرێن، بە یەكتر دەبەستنەوە. بەواتایەكی‌تر، نەبوونی ئەم رەسم و یاسا نەنووسراوانە دەتوانێ ببێتە هۆی بشێوە و ئاژاوە و نارێكی كۆمەڵایەتی.

ئەركی ئاشكرا/ manifest function

ئەركی ئاشكرا بریتیە لە ئەنجامە زەق و دیار و پێش‌بینی كراوەكانی میتۆدە كۆمەڵایەتییەكان. رابێرت مێرتۆن، كۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەمریكی، داهێنەری ئەم زاراوە و زاراوەی ئەركی پیوارە. ئەو لە كتێبی بیردۆز و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا ئەم باسە راڤە دەكات كە دەرەنجامی میتۆدە كۆمەڵایەتییەكان، بۆ ئەندامانی جۆراوجۆری كۆمەڵگا بە چەشنێكی لێك‌جیاواز شرۆڤە دەكرێ (مرتون؛ ١٩٦٨). بۆ وێنە خێزانە سوننەتی و ئاساییەكان، رەنگە هاوكات لە گەڵ ئەوەی كە نیاز و پێداویستی و ئاسانكاری بۆ گەشە و پێگەیشتنی كوڕەكانیان دابین دەكەن، بۆ كچان و ژنانی بنەماڵە سنوور و كۆسپ و تەگەرەی زۆر دابنێن. بەبڕوای مێرتۆن، خەڵكی بە دەگمەن سەرجەمی ئەركەكانی پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی دەناسن و هەستی پێدەكەن.

ئەركی پیوار/ latent function

ئەركی پیوار بریتیە لەو دەرەنجامە كردەییانە كە پێش‌بینی ناكرێن. بۆ وێنە، دەكرێ بە شێوازی كار و چالاكی دامەزراوەكانی خوێندنی بالا ئاماژە بكرێ. ئەركی ئاشكرای ئەم دامەزراوانە، دابین كردنی زانست و زانیارییە بۆ خوێندكاران تا بتوانن بۆ جێ‌بەجێ كردنی ئەو ئەركەی كە دواتر دەخرێتە ئەستۆیان كەڵكی لێ‌وەربگرن و بە جوانی بەڕێوەی ببەن. بەڵام یەكێك لە ئەركە پیوارەكانی ئەم دامەزراوانە ئەوەیە كە رەنگە تاك لە گەڵ كەسانێك ئاشنا بێ كە دواتر بە سەر رەوتی ژیانیدا كاریگەری زۆریان هەبێ. یەكێك‌تر

لە ئەرکەپیوارەکانی ئەوەیە کە ئەم دامەزراوانە میلیۆنها گەنج و لاو کە ناتوانن لە بازاڕی کاردا جێگایەک بۆ خۆیان ببیننەوە، لە بازاڕی کار دوور دەخەنەوە. یەکێکتر لە ئەرکەپیوارەکانی ئەوەیە کە سیستەمی نابەرانبەری کۆمەلایەتی بە ڕەوا پیشان دەدات و کەسانێک کە نەیانتوانیوە بڕۆنە نێو زانکۆوە، لە کارو باری پڕبایەخ و خاوەن پێگەی کۆمەلایەتی دوور دەکاتەوە.

ئەرکخوازی/ functionalism

ڕەنگە تا ئێستا سەبارەت بە هیچ بیردۆزێک وەکوو ئەرکخوازی جیاوازی لە بیرو بۆچوون و مشتومڕ لە سەر واتای ئەم زاراوەیە نەهاتبێتە ئاراوە؛ بە چەشنێک کە هەندێ کەس بە تەواوی ئەم بیردۆزە ڕەت دەکەنەوە و بڕێ لە خاوەن ڕاکان بە بیردۆزێکی گشتگیری دەزانن. لە سەر ئەم هەموو کێشەوە، دەبێ ئاماژە بکەین کە ئەرکخوازی وەکوو بیردۆزێک لە کۆمەلناسی سەدەی بیستەمدا سەقامگیر بووە و درێژەی بە ژیانی خۆی داوە.

ڕابردوو و مێژووی ئەم بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیلسووف و هۆزانانی رۆژگاری کەونارا؛ واتە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە. بنەمای ئەم بیردۆزە زۆر ساکارە و ئەوەش بریتیە لەوەی کە: هەر گشتێک (کل) پێکهاتووە لە هەندێ پاژ کە بە چەشنێکی تایبەت ئاوێتەن و پێوەندییان پێکڕا هەیە و تەنانەت ئەگەر هەردوو بەش (واتە: گشت و پاژەکان) تووشی ئاڵوگۆڕ بن، دیسان یەکیەتی و سەقامی گشت (کل) دەپارێزن.

زۆربەی بیرمەندانی کۆمەلایەتی، کاری ئۆرگانیزم بە بناغەی ئەرکخوازی دەزانن و بۆ کۆلینەوە لە سەر ئەم بابەتە دەبێ لە کتێبی پێشووناندا وردبینەوە. ئەفلاتوون و ئەرەستوو بۆ ڕاڤەی پێوەندی نێوان حکوومەت و هێز و دەسەلات، لە سەر پێوەندییەکی ڕێکوپێک و خاوەن نەزم کە لە نێوان

پاژە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتدا هەیە، جەختیان کـردووە (ارسـطو؛ ١٣٨٦). لە نێوان هۆزان و بلیمەتانی ئیسلامیشدا هـەر ئـەم بۆچوونـە هـەیـە. ئیمـام ئەبووحامیدی غەزالی لە کتێبی کیمیای بەختەوەریدا بـۆ راڤـەی پێـوەنـدی نێوان کارو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، لە بیردۆزی ئەرکخوازی بەهرە دەگـرێ. بۆ ئەم مەبەستە، وێنـەی ئۆرگـانیکی دێنێتـەوە و هـەر کـار و پیشـەیـەکـی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لـە ئـەنـدامان دەچوێنـێ و رێـکوپێکـی و نـەزمـی کۆمەڵگا لە گرۆی رێکوپێکی لە ئەنجامدانی ئەرکی هەر یەک لە بەشەکانی ئەندامی کۆمەڵگادا دەزانێ. هەروەهـا ئامـاژە دەکـات کـە نیـاز بـە ئـەرک و وەزیفەی نوێ دەبێتە هۆی بەدیهاتنی رێکخرا و ئەرک و وەزیفـەی نـوێ لـە کۆمەڵگادا و بە هەمان رادە کە کۆمەڵگا گەورەتر دەبێ، ئەرکەکانیش ئاڵـۆزتر دەبن (غەزالی؛ ١٣٨٩). لە کۆمەڵناسیدا ئەم بۆچوونە تایبـەت بـە سپێنسـێر دەزانن (دیلینی؛ ١٣٨٨)؛ بەڵام بێگومان هەم غەزالی و هەم ئیبنی خەلـدوون و زۆربەی هۆزانە ئیسلامییەکان بە راشکاوی ئاماژەیان پێ کردووە.

بنەڕەتی ئەرکخوازی لە سەر ئەم راستییە بنیات نـراوە کـە سـەرجـەمـی داب‌و نـەریـت و رەسـم و یاسـا و رێکخـراوە کۆمـەڵایـەتییـەکـان، دەوام و مانەوەیان بەستراوە بەو کارو ئەرکەی کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیـدا (واتـە: گشت) لە ئەستۆیاندایە. ئەوەی گرینگە، کەڵک و قازانجی ئەو ئەرکانەیـە لـە سەرجەمی سیستەمدا، چونکە دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە پێوەندییەکانـدا تـا هەموو ئەو گرووپانەی کە لەو بازنەیەدان، کەڵکی لێ وەربگرن؛ تەنانەت گـەر ئەو دامەزراوانە لە رەهەندی ئابووریەوە بەکەڵک نەبن، لە باری نائابوورییەوە بە قازانجن، واتە لە سەرجەمی سیستەمدا ئـەرک و وەزیفـەیـان لـە ئـەسـتۆیە (توسلی؛ ١٣٨٧).

بە گشتی باس و تەوەری ئەرکخوازی، بریتیە لە روون کردنـەوەی دەور و ئەرکی هەریەک لە بەشەکانی گشت، کە دەبێتە هۆی رێکوپێکی و نـەزمـی

ئەو گشتە (کل). لەم بیردۆزەدا لێهاتوویی و قازانجی هەر بەشێک بە گوێرەی ئەو ئەرکەی کە خراوەتە ئەستۆی لە پێوانە دەدرێ؛ واتە ئەگەر پاژێک بتوانێ بە باشی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بۆتە هۆی یەکگرتوویی ئەو گشتە. هەرچەند هابز و سپێنسێر و مالتووس و مارکس لە بەدیهاتنی ئەم بیردۆزەدا دەوری سەرەکییان بووە، بەڵام دوورکایم بە بنیانتەری فەرمی ئەم بیردۆزە لە کۆمەڵناسیدا دەزانرێ. دوورکایم لە کتێبی *دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی*دا بەردی بناغەی ئەم تیۆرییەی لە کۆمەڵناسیدا داناوە. هەرچەند دوورکایم لەم کتێبەیدا بە توندی رەخنەی لە سپێنسێر گرتووە، بەڵام بۆ خۆی لە ژێر کاریگەری دڵەڕاوکێیەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە گەڵ ژینەوەرناسیدایە. ئەگەر ئەو وشانەی کە لەژێر کاریگەری ژینەوەرناسیدان بنینە لاوە، واتا سەرەکییەکانی وێکچوونێکی زۆریان لە گەڵ بیردۆزی ئۆرگانیزمدا هەیە. ١- کۆمەڵگا لە خۆیدا دیاردەیەکی سەربەخۆیە و ناکرێ بە بەشی جۆراوجۆر دابەش بکرێ. ٢- هەرچەند پێداگری لە سەر ئەم خاڵە پیشاندەری پاڵدانەوە بە لای بیردۆزی ئۆرگانیکی نییە، بەڵام دوورکایم «گشت» لە رەهەندی عیللیەوە بە سەرتر و پێشتر دەزانێ و بەشەکان بە پێکهێنەری کردەکان، نیازەکان و ویستەکانی گشت (کل) دەزانێ و بەم چەشنە پاڵ دەداتە لای بیردۆزی ئۆرگانیکییەوە (دورکیم؛ ١٣٨٤).

بەگشتی لە بیردۆزی ئەرکخوازیدا گشت (کل) سەرتر لە پاژە (جزء) و ئەمە نیازەکانی گشتە کە دەبێتە هۆی زۆرتر بوونەوەی پاژەکان.

ئەزموون/ experiment

ئەزموون بریتیە لە تاقیکردنەوەی تێزێک لە لایەن تۆژەرێکەوە و لە هەلو مەرجێکی تەواو کۆنترۆڵکراودا (*A. Giddens, 2003*). لە کۆمەڵناسیدا مەودای شێوازی ئەزموون بەرتەسکتر و سنووردارتر لە زانستە

سروشتییەکانە. لە ئەزمووونی کۆمەڵناسیدا تەنیا دەتوانین ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی بخەینە نێو بازنەی تۆژینەوە. هەروەها چونکە ئەو ژمارەیەش دەزانن چاودێری بە سەر کاریاندا دەکرێ و لە سەریان دەکۆڵنەوە، ڕەنگە بە ئاوەژووی ڕەوتی ئاسایی کارەکەیان ببزوونەوە. لە دەهەی ١٩٣٠دا ئەو تۆژەرانەی کە لە کارخانەی هاوسۆرنی کۆمپانیای ڤێستێرنئەلکتریک خەریکی تۆژینەوە لە سەر ڕادەی لێهاتوویی کرێکاران بوون، بە سەرسووڕمانەوە بینییان کە لێهاتوویی کرێکاران بەهەر گۆڕانێک لە بارودۆخدا (وەکوو کەمو زۆرکردنی ڕادەی ڕووناکی، پشوودان، کەمو زۆر کردنی ژمارەی گرووپی کرێکاران و ...) بەردەوام لە زۆربووندایە؛ ئەمەیان ناو نا **ئاسەواری هاوسۆرن** (hawthorne effect).

ئەزموون بە دوو جۆری ئەزمووونی تاقیگەیی و ئەزمووونی ئاسایی یان سروشتی جێبەجێ دەکرێ. لە تاقیگەدا تۆژەر بۆی هەیە بە وردبوونەوەیەکی زۆرتر هەلو مەرجی تاقیکردنەوە دابین کا، بەڵام کەمایەسی ئەم شێوازە ئەوەیە کە ناتوانین ئەنجامی ئەزمووونی تاقیگەیی بە ئاوێنەی بالانوێنی ڕووداوەکانی کۆمەڵگا بزانین. هەروەها لە ئەزمووونی ئاسایی یا سروشتیدا ناکرێ هەموو ئەو ڕووداوە لاوەکییانەی کە ڕەچاو نەکراون، کۆنترۆڵ بکرێن.

بۆ ئەزمووونی تاقیگەیی دەتوانین بە ئەزمووونی «ئەنگێزەی پێشکەوتن لە ئافرەتان»ی ماتینا هۆرنێر ئاماژە کەین کە دەستی دا بە تۆژینەوەیەکی بەرفراوان لە سەر ئەم چەمکەی کە بۆچی ژنان لە چاو پیاوان پێشکەوتنێکی کەمتریان هەیە. ئەم بیردۆزە بە بیردۆزی ترس لە سەرکەوتن بەناوبانگ بوو. ئەم ئەزموونە بریتی بوو لە ژن و پیاوانێ کە لە دوو دانیشتنی جیاوازدا کۆوە دەبوونو دوو چیرۆکی ناتەواویان پێ دەدراو پاش خوێندنەوە هەریەکەیان بە بۆچوونی خۆی دەبوا بە ئەنجامی بگەینێ. ئەم ئەزموونە دانی بە سەر ئەم بیردۆزەدا نا کە نیازی

ژنان بە ئەوین و خۆشەویستی پیاوان هۆی ترسانیانە لە سەرکەوتن لەو رکەبەرییانەدا کە دەگەڵ پیاوان رووبەڕوو دەبن(*Horner, Matina; Femininity and Successful Achievement: A basic Inconsistency; 1970*).

ئەزموون لە شوێنی ئاساییدا وەکوو ئەزموونی تاقیگەیی پێویستی بە هەلومەرجی کۆنترۆڵ هەیە؛ واتە رەچاو کردنی گرووپی ئەزموون، گرووپی کۆنترۆڵ، بزوێنەر، وەلام و تاقیکردنەوەی ئەوەی کە بزوێنەر دەبێتە هۆی وەلام دانەوە، یان نە. یەکێک لە گرینگترین گەلالەکانی ئاسوودەیی کۆمەلایەتی لە ئەمریکا، یارمەتیدانی توێژە دەسکورتەکانی کۆمەلگایە. بۆ ئەم مەبەستە بە پارەدان و وەرنەگرتنی پیتاک لەو کەسانەی کە بێکارن یاخۆ داهاتیان ئەوەندە نییە کە پێداویستی ژیانیان پێی دابین کەن، یارمەتییان دەدەن. سالی ١٩٦٠ ئەم بیرە هاتە کایەوە کە رەنگە ئەم یارمەتیدانە مەیلی کارکردن و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لە خەلکەکەدا کەم کاتەوە. سالی ١٩٧٠ لە پنسیلڤانیا و نیووجرسی تۆژینەوەیەکی بەربلاو بۆ روونکردنەوەی ئەم خالە دەستیپێکرا و پاش سێ سال توێژینەوە و وتوویژ ئەم بیرە کە یارمەتی دان دەبێتە هۆی کار نەکردن پووچەل کرایەوە و ئەم راستییە کە ئەم جۆرە یارمەتیدانە چاکترین رێگای بەرزکردنی ئاستی ژیانی خەلکە سەلمێندرا.

ئەقلانییەت (ئاوەزگەری)/ rationality

ئەقلانییەت لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بە چەن واتای جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و لە زانستی ئابووریدا، بە تایبەت لە بۆچوونی پارێتۆدا، بریتییە لە کردەیەکی ئەقلانی کە لە گەل مەبەستێک کە بکەر یان ئەکتەر دەیەوێ، سازگار بێ. بەم چەشنە ئەقلانییەت بریتیە لە سازگار بوونی ئامراز و ئارمانج پێکەوە. لە کۆمەلناسیدا واتاگەلی «کردەی ئەقلانی بە گوێرەی ئامانج»

(ڤیبێر)، «کردەی لۆجیکی» (پارێتۆ)، «کردەی ئامرازی» (پارسۆنز) لە راستیدا یەک واتایان هەیە و بریتین لە کردەیەک کە کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ گەیشتن بە ئارمانج و دۆزەکانی هەڵدەبژێرێ. بەلام ڤیبێر واتای «کردەی ئەقلانی بە گوێرەی بەهاکان»یش هەڵدەبژێرێ و مەبەستی ئەو کردانەیە کە نە لە گەڵ ئارمانجەکان، بەڵکوو لە گەڵ بەهاکان سازگارن (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

ماکس ڤیبێر لە کتێبی *ئاکاری پرۆتستان و گیانی سەرمایەداری*دا، دەستی داوە بە کۆڵینەوە لە سەر چۆنییەتی بەدیهاتنی سیستەمی سەرمایەداری و هۆکارەکانی ئەم بەدیهاتنە و هەروەها لێکدانەوەی ئەم پرسیارە کە بۆچی ئەم سیستەمە لە رۆژاوادا سەری هەڵدا نەک لە رۆژهەلاتدا. لێرەدا ڤیبێر باسی ئەقلانییەت دێنێتە ئاراوە. واتە لە رۆژاوادا ئەقلانییەت کە هەمان سازگاری ئامراز و ئامانجە بە هۆی ئایینی پرۆتستانەوە دێتە کایەوە. هەرچەند ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە لە ولاتانی رۆژهەلاتدا ئەقلانییەت نەبووە، بەپێچەوانە ڤیبێر سەرنج دەداتە ئەو تەوەرەش و ئاماژە دەکات کە ئەقلانییەتی رۆژهەلات لە سەر بەهاکان و واتا ئینتزاعی و سونەتییەکان جەخت دەکات، کەچی لە رۆژاوادا ئەقلانییەتی کردەیی (پراکتیکی) کە لە سەر ئەزموون بنیات نراوە، دێتە دی. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە رۆژاواییەکان بتوانن بگەن بە پێشکەوت و دۆزە کردەییەکانیان (وبر؛ ١٣٨٧).

مێژوونووسی ئالمانی، ڤۆلفگانگ مۆمسێن، ئاماژە دەکات کە ڤیبێر بەم دەرەنجامە گەیشت کە ئەقلانییەتی ولاتە ئاسیاییەکان بە هیچ جۆر سووک و کەم نرخ نییە، بەڵکوو ئەم ئەقلانییەتە بە گریمانە و دەسپێکی زۆر جیاواز لە ئەقلانییەتی رۆژاوای مۆدێرنەوە دەس بەکار دەبێ و بەم پێیەش، کاریگەرییەکی زۆر جیاوازی بە سەر پێکهاتەی کۆمەلایەتیدا هەیە

.(*Mommsen, W; 1989*)

لە لای ڤیبێر، ئەوەی کە هاندەری شارستانییەتی رۆژاوا بەرەو مۆدێرنیتە بوو، نە ئەقلانییەتی رەها و پەتی، بەڵکوو شێوازێکی تایبەت لە ئەقلانییەت بوو کە ڤیبێر پێی دەڵێ «ئەقلانییەتی فەرمی». ئەقلانییەتی فەرمی بریتییە لە ئەقلانییەتێک کە ساکارترین و هەرزانترین رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج هەڵدەبژێرێ. بەلام ئەو ئەقلانییەتەی کە ولاتانی ئاسیایی لایەنگرییان لێ دەکرد، ئەقلانییەتی حەقیقی و گەوهەری (جوهری) بوو. ئامانجی ئەم ئەقلانییەتە فام کردنی ئەو بەها و دۆزانە بوو کە لە سەر سونەت، داب و نەریت، پارێزکاری و لەخۆبوردن بنیات نرابوون. هەروەها ڤیبێر ئاماژە دەکات کە ئەقلانییەتی فەرمی بە تەنیا تایبەت بە ولاتانی رۆژاوا نەبووە، بەڵکوو ئەم ئەقلانییەتە بە سەر ئەقلانییەتی حەقیقی و گەوهەریدا زاڵ ببوو. لە راستیدا، پووچەڵ کردنەوەی دۆز و بەها حەقیقی و گەورهەرییەکان و دانانی ئامانجی حسێبگەرانە لەجێی ئەوان، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەقلانییەتی رۆژاوا لە چاو شوێنەکانی تری دونیادا، شتێکی تایبەت بێ. ئەم جۆرە ئەقلانییەتە ئازادییەکی رووناکبیرانەی داهێنا کە شوێنەکانی تری دونیا لێی بێبەش بوون.

ڤیبێر لە درێژەی لێکدانەوەو تۆژینەوەکانیدا پیشان دەدات کە چلۆن ئەقلانییەتی رۆژاوایی، لە رێی پەرەدان بە ئاکاری پرۆتستان و سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە، دەبێتە تەوەرێکی پراکتیسی. سەرمایەداری وەکوو ئەقلانییەتی فەرمی، تەنیا تایبەت بە ولاتانی رۆژاوا نەبوو، بەڵکوو لە جیهانی کەونارا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ولاتانێک وەکوو چین و هیندیش، هەبووە (بروباکر؛ ١٩٨٤). بەلام سەرمایەداری کاتێ لە ولاتانی رۆژاوای ئەورووپا و ئەمریکای باکوور بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشت، بوو بە بابەتێکی تایبەت بە رۆژاوا. بەڕای ڤیبێر، هۆی سەرەکی ئەم گەشە ساندنە،

ئاکاری پرۆتستان بوو کە لە ئەندێشەکانی جۆ کالڤینەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بیرانە، خەڵکی ئەورووپای رۆژاوای مۆدێرنیان بۆ کاری زۆر، خەرجی کەم، دیسیپلینی تاکەکەسی و خۆڕاگری لە کاردا هان دەدا. کالڤینیستەکان لە سەر ئەم سێ خاڵە جەختیان دەکرد: ۱) سپاس و شوکرانەبژێری و بەندەگی پەروەردگار، ۲) چارەنووس، واتە باوەڕ بەمەی کە چارەنووسی تاک لە هەمان کاتی لە دایکبوونییەوە دیاری کراوە و ۳) بیری کار کردنی زۆر و دژوار کە وەکوو ئەرکێکیان دەزانی کە پەروەردگار خستۆیە ئەستۆیان. ڤیبێر نەیدەگوت کە ئەم تیۆرییە بە تەنیا خۆی بۆتە هۆی سەرهەڵدان و هاتنەدی سەرمایەداری، بەڵکوو رای ئەوە بوو کە لە نێوان پرۆتستانیزم و واتای رزگاری و شێوازی پێویستی ژیان بۆ گەشەو پەرەسەندنی سەرمایەداری، پێوەندییەکی زۆر نزیک هەیە.

کەواتە، بەبڕوای ڤیبێر، ئەم بیرەی کە کاری یەکدەست و ئەقلانی کارێکی ئاکاری پەسندکراوە و بێکاری و تەوەزەلی گوناح و تاوانە، بۆتە هۆی گەشە و پەرەسەندنی شێوازێک لە ژیان کە تێیدا خەڵکی خۆیان بەرپرسی چاک یان خراپ بوونی باری ژیانیانن. کۆوە کردنی سامان کاتێک گوناح و هەڵە و لادان بوو کە بۆ رابواردن و هێنانەدی ئارەزووەکانی نەفس کەڵکی لێ بگیرێ. بەڵام سامانێک کە لە رێی رەزامەندی پەروەردگاردا خەرج بکرێ، نەتەنیا گوناح و لە راستەڕی کلابوون نییە، بەڵکوو پاداشیشی هەیە. کۆوەکردنی سامان بۆ رابورادن و ئاسوودەژیان کارێکی نائاکاری و هەڵە و گوناح بوو (وبر؛ ۱۳۸۷).

hidden motive / ئەنگێزەی پیوار

ئەنگێزەی بەرپیوار، بە ئەنگێزەیەک دەبێژرێ، کە تاک هەیەتی بەڵام هیچ ئاگەدارییەکی لە کار و کاریگەرییەکانی نییە. بە سەرنجدان بەوەی کە تاک

پێی خۆشە بەها و نۆرمەتاکەکەسییەکانی لە زۆربەی هەل و مەرجەکاندا بەشداری بدا، بۆی هەیە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا ئەو بەشە لە نۆرم و ڕێساکانی کە ئەو هەڵس و کەوتەی پاکانە دەکەن، بێنێتە ناوەوە و ئەوانەی بەربەستی ئەو کردەوەن، لە بەرچاو نەگرێ. بەم بۆنەوەکاتێ ئەنگێزەکانی تاک لە تاقمێ لە بەهاکانی هاتبێتنە دی کە بەهاکانی‌تر دانی پێدانەنێن، دەتوانین بڵێین کە ئەو تاکە خاوەنی ئەنگێزەی بەرپیوارە.

ئەورووپاناوەندی / euro centrism

ئەم زاراوە باس لە سەرتری میتۆدە کولتوورییەئەورووپییەکان (بە تایبەت بریتانیا) دەکات. یەک لەو چەمکە گرینگانەی کە کۆمەڵناسان باسی لە سەر دەکەن، پێناسەی واتای کولتوورە. زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان ڕۆژاوا کولتووری ئەورووپی بە کولتووری سەرتر و پێشڕەو دەزانن و هان دەدەن کولتووری خۆیان بە چوار تەنشتی جیهاندا بڵاو کەنەوە و تەنانەت بە سەر وڵاتانی‌تردا دایسەپێنن. بە واتایەکی‌تر، بڕوایان وایە کە سەرمەشقە کولتورییە (*cultural pattern*)ئەورووپیەکان لە هی بەشەکانی‌تری دونیا سەرتر و هێزاترن. بە ڕای بیرمەندانی ئەرووپی چوار هۆکار بوونەتە هۆی جیاوازی کولتووری ئەورووپی لە کولتووری شوێنەکانی‌تری دونیا:

١- **جیهان‌بینی**: بنەمای هزری ئەورووپی لە سەر بیر و هزری یوونان و ئیمپراتۆری ڕۆمەوە دانراوە و ڕۆنێسانس گەڕانەوەیەک بوو بۆ هزری یوونانی و شێوازی حکوومەتداری ئیمپراتۆری ڕۆم و هەروەها تایبەتمەندیگەلێکی «مرۆڤخوازانەی» نوێی بۆ هونەر، رامیاری و فەلسەفەی ڕۆژاوا هێنایە دی.

٢- **دین**: مەسیحیەت کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ، لە بیر و مێشکی خەڵکی ئەورووپادا ڕۆچوو. ئەو ڕۆچوونە بە چەشنێ بوو کە لە زۆربەی نووسراوەکانی بیرمەندانی ڕۆژاوادا واتای «ئەرووپا» و «جیهانی

مەسیحییەت» وەکوو یەک دێن.

٣- **رووناکگەری**: شۆڕشی پیشەسازی، دڕدۆنگی دیکارتی، هاتنە دی بۆچوونگەلی رووناکبیرانە کە راڤە و پێناسەی رووناکگەرییان دەکرد و بوو بە هۆی هاتنە دی بیرێکی نوێ لە هەموو بوار و ڕەهەندێکدا.

٤- **بەپیشەسازی بوون**: هەرچەن ئەورووپا تەنیا شوێنێک نییە لە جیهاندا کە پیشە سازی تێدا گەشەی سەندبێ، بەلام یەکەم شوێنی دونیایە کە لە پیشەسازیدا پێشڕەو بووە (*Hay, D; 1969*).

ئۆپۆزیسیۆن / opposition

ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لە تاقم یاخۆ پارتێک کە بە یەکیەتی و یەکگرتوویەوە دەست دەدەن بە دژایەتی لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە دۆز و ئامانجی دیاریکراویان، بە تایبەت گەیشتن بە حکوومەت. لە راستیدا دەکرێ پارتی ئۆپۆزیسیۆن وەکوو حکوومەت، یاخۆ دەوڵەتی جێگر بە دەنگدەران بناسێنرێ.

یەکێک لە ڕەهەندەکانی حکوومەتە دیموکراتەکان، ڕەخساندنی هەل و دەرفەتە بۆ دژایەتی لە گەڵ کەسانێک کە دەسەلاتیان لە دەستایە. حکوومەتە دیموکراتەکان نە تەنیا ئیزن دەدەن کە خەڵکی لە گەڵ ئەو کەسانەی دەسەلاتیان لە دەستدایە دژایەتی کەن و بیانگرنە بەر ڕەخنە، بەڵکوو ئەو هەلەشیان بۆ دەڕەخسێنن کە لە دەنگدان و هەڵبژاردنی داهاتوودا خەڵکیتر بۆ دەنگنەدان بەم دەسەلاتدارانە دنە بدەن.

دەوری ئۆپۆزیسیۆن بە راشکاوی لە ولاتێکدا دیارە کە دوو پارت لە گۆڕەپانی رامیاریدا دەسەلاتیان بە دەستەوە بێ. بە چەشنێ کە هەموو جار یەکێکیان دەسەلاتی حکوومەت دەگرێتە دەست و ئەویتریان وەکوو «لایەنی دژ بە دەوڵەت» دەور دەگێڕێ. هەروەها ئەم لایەنە لە راستیدا وەکوو

حکوومەتێکی جێگرە کە گەر بەختی یار بێ، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سواری ئەسپی موراد دەبێ و دەسەلاتی دەولەتی دەکەوێتە دەست. لە پارڵەماندا ئەندامانی لایەنی دژ بە دەولەت، بەرنامە و گەلالەکانی دەولەت دەگرنە بەر رەخنە و پلار و گوشار دەخەنە سەر دەولەت کە کار و بار و گەلالەکانی تەکووزتر کا. دیسیپلینی پارتەکانی ئێستا بە جۆرێکە کاتێ رێبەرانی پارتی ئۆپۆزیسیۆن بیانەوێ کە دژ بە حکوومەت دەنگ بدەن، پێڕەوان و ئەندامانی ئەو پارتەش ئەمەگناسانە پێڕەویان لێ دەکەن؛ بەلام چونکە ئەندامانی پارتی دەسەلاتداریش بە هەمان چەشن پێڕەوی لە پارتی خۆیان دەکەن و لە پارڵەمانیشدا ژمارەیان پتر لە لایەنی دژ بە دەولەتە، دەنگی ناکۆکی لایەنی دژ بە دەولەت تەنیا وەکوو دەربڕینی نارەزایەتییەکی رەسمی خۆی دەنوێنێ و کارێکی بۆ ناڕواتە پێش. کۆشەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەیە کە خەلکی بۆ نارەزایەتی لە دەولەت دنە بدا و سیاسەتەکانی خۆی بە پێشکەوتوو و گونجاو پیشان بدا تا بەلکوو لە دەنگدانی داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ سەر تەختی دەسەلات.

لە ولاتانێکدا کە چەن پارتی سەرکی هەیە و حکوومەت لە چەن پارتی هەڤبەند پێک هاتووە، یاخۆ لە پارتێک پێک هاتووە کە لە لایەن پارتەکانیترەوە پشتگیری لێ دەکرێ، واتای ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوی ئەم واتایەی سەرووی نییە. ئەو پارتانەی کە لە دەرەوەی زۆرینەدان، دەکرێ بلێین لە رەهەندی دژ بە دەولەتدان، بەلام چونکە زۆرجار لە نێوان خۆیاندا ناکۆکیان هەیە، ناتوانین وەکوو گرووپی ئۆپۆزیسیۆن ناویان لێ بەین(برومهید؛ ١٩٦٤).

ئۆلیگارشی / oligarchy

ئۆلیگارشی یان حکوومەتی تاقمێکی کەم، وشەیەکە کە هەندێ ئاماژەی

سووکانەی تێدایە: مەبەست لەم زاراوەیە تەنیا دەسەڵاتی تاقمێکی کەم نییە، بەڵکوو مەبەست تاقمێکی کەمە کە نەتەنیا لە بەرانبەر خەڵکدا بەرپرس نین، بەڵکوو سیستەمێکی پڕ لە گەندەڵی و نالەبارییە، یاخۆ لە ڕەهەندگەلی ترەوە کەوتۆتە بەر رق و قینی گشتی.

ئۆلیگارشی دەتوانێ لە هەر کۆڕ و کۆمەڵەیەکدا کە تاقمێکی هاوبۆچوون بە سەر زۆربەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەدا دەسەڵاتیان بێ، ببێژرێ. لە واتای رامیاریدا ئەم زاراوەیە لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە لە گەڵ واتای مۆنارشی (حکوومەتی پادشا) و دیمۆکراسی (حکوومەتی جەماوەری خەڵکی) جیاوازییەکی زەقی بووە. ئۆلیگارشی لە روانگەی ئەفلاتوونەوە هەمان شێوازی بەراوەژووی حکوومەتی خانەدانانە (ئاریستۆکراسی). ئەم چینبەندییە کە ئەفلاتوون دایڕشتووە، هێشتا وەکوو خۆی ماوەتەوە، هەرچەن لە تیری رەخنەگرانی بە دوور نەبووە. بۆ وێنە، هابز دەیگوت: «ئەوانەی لە ئاریستۆکراسی تووڕە بن، پێی دەڵێن ئۆلیگارشی».

ئەرەستووش سێ جۆرە حکوومەت دەست نیشان دەکا و بە ناوی سێ جۆری حکوومەتی چاک ناویان دەبا: حکوومەتی پادشایەتی، ئاریستۆکراسی و کۆماری. لە بەرانبەری ئەم سێ جۆرە حکوومەتە چاکەوە سێ حکوومەت کە لە راستەڕێ لایان داوە ناودەبا: پادشایەتی ستەمکار، ئۆلیگارشی و دیمۆکراسی. دەڵێ: «ئۆلیگارشی ئەوەیە کە تەنیا قازانجی دەوڵەمەندانی تێدایە»؛ هەروەها دەڵێ: «ئۆلیگارشی ئەوەیە کە دەوڵەت لە ژێر رکێفی تاقمێ دەوڵەمەنددا بێ». بە بڕوای ئەرەستوو، لە حکوومەتی ئۆلیگارشیدا دەسەڵات لە ژێر رکێفی تاقمێکی زۆر کەم لە دەوڵەمەنداندایە و مافی هەژاران لەم حکوومەتەدا پێشێل دەکرێ و تاقمی دەوڵەمەند تووشی گەندەڵی و ملهۆڕی دەبن (ارسطو؛ ١٣٨٦)

لەم سەردەمەشدا، چونکە هەر جۆرە حکوومەتێک دەتوانێ ئۆلیگارشی بێ،

ئۆلیگارشی کەوتۆتە بەر رەخنە. هەروەک مەک ئایڤێر دەڵێ: «بە پرسینی ئەم پرسیارە کە یەک کەس حکوومەت دەکا یان چەن کەس یاخۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، ناتوانین بەوردی دەوڵەتەکان چینبەندی بکەین. ژمارەیەکی زۆر یان خودی خەڵکی قەد حکوومەت ناکەن؛ حکوومەت کردن هەموو کات کاری تاقمێکی زۆر کەمە. بابەتی گرینگ دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی حکوومەتی تاقمێکی زۆر کەم کە بە سەر کۆمەڵگادا حکوومەت دەکەن. لەم سۆنگەوە چەن کەس نابنە بەرپرسی ژمارەیەکی زۆر؟ ئۆلیگارشی هەر ئەمەیە».

ئایڤێر لە درێژەدا دەڵێ کە حکوومەتی ژمارەیەکی کەم بریتیە لە حکوومەتی چین، پارت یان گرووپێک کە مۆنارشی، ئیمپراتۆری، دیکتاتۆری، حکوومەتی دین یان هەر جۆرێکیتر لە حکوومەتمان بۆ دێننە دی.

سپیتز دەڵێ کە حکوومەتی تاقمێکی کەم لە بژاردەکانی کۆمەڵگا ناتوانێ ببێتە خاڵێکی گرینگ بۆ دابڕانی دیمۆکراسی و ئۆلیگارشی. «خاڵی سەرەکی، بابەتی بەرپرس بوونە. ئەمەی کە دەسەلاتی رێبەرایەتی لە رەزامەندی سەربەستانەی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و هەروەها رێبازێک کە رێبەر گرتوویەتە بەر، لە گەڵ رەزامەندی و نارەزامەندی خەڵکی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا سازگارە یا نە؟ کەواتە، ئەم بەشانەی کە پەیکەرەی بەرپرسایەتی رامیاری پێک دێنن، پێوەری سەرەکین بۆ جۆری حکوومەت، نەک ژمارەی ئەو کەسانەی کە حکوومەتیان لە ئەستۆیە» (گولد، ١٣٨٤).

بژاردەکانی دەسەلات / power elite

سیڕایت میلز لە ١٩٥٦دا بەرهەمێکی بلاو کردەوە بە ناوی بژاردەکانی دەسەلات کە تێیدا هانی داوە پیشان بدا ئەمریکا چلۆن لە ژێر چەتری دەسەلاتی چینێکی بچووک لە رامیاران و بازرگانان و خاوەن پیشەسازییە

مەزنەکاندایە.

ئەم بەرهەمەی میلز درێژەی هەمان باسی بژاردەکانی رامیاری پارێتۆوە. بەبڕوای میلز لە کۆمەڵگایەکی گەورەی وەکوو ئەمریکادا ئەندامانی چینێکی بچووک کە هەموو پلە و پاگە گرینگە کۆمەلایەتییەکانیان داگیر کردووە، بە هۆی ئاخێزگەی کۆمەلایەتی هاوبەش، پێوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەییەوە، پێکەوە پێوەندیان هەیە (بشیریە؛ ١٣٨٠).

بەڕای میلز، بژاردەکانی دەسەلات، پیلان نییە، بەڵکوو لە گرووپە دەسەلاتدارەکانی نێو کۆمەڵگا پێک هاتووە کە سەرترین پلە و پاگەیان لە بەشی بەڕێوەبەرایەتی حکوومەت، هێزە چەکدارەکان، کۆمپانیا گەورەکان و ناوەندە ماڵییەکان لە ئەستۆیە. ئەندامانی ئەم گرووپانە رەنگە جێگایان پێکەوە بگۆڕنەوە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تری ئەم بازنەیە بڕۆن، بەلام قەد لە بازنە ناڕۆنە دەرەوە. هیچ یەک لەم ئێلیتانە بە سەر ئەوی‌تردا زاڵ نین، بەڵکوو بە ئاریکاری یەک و بە هۆی دەزگاگەلی راگەیاندنەوە، خەڵکی لە ژێر چەتری دەسەلاتی خۆیاندا رادەگرن. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، کۆنگرەی ئەمریکا و گرووپگەلی گوشار، دەورێکی زۆریان لە سەر بڕیاردانەکان نییە. لەم کاتانەدا، بڕیاری دوایی لە لایەن ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا گەورەکان و بانک‌دارەکان لە لایەکەوە و بەرپرسە رەسمییە سەربازییەکان لە لایەکی‌ترەوە دەدرێ. گەر سەرۆک کۆمار بتوانێ رای ئەم کەسانە بۆ پەسند کردنی گەلالەی خۆی بگۆڕێ، ئەو گەلالە جێ بە جێ دەبێ (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

لە راستیدا میلز دەسەلاتی بە واتای بەشداری لە بڕیاردانە رامیارییەکاندا هێناوە، کەچی واتای بژاردەکانی دەسەلات لە گەڵ واتای «چینی دەسەلاتدار» کە لە نووسراوەکانی پارێتۆ و مۆسکادا دیارن، جیا دەکاتەوە. بە پێی لێکدانەوەی میلز کۆمەڵگای ئەمریکا لە سێ بەش پێک هاتووە، واتە:

بژاردەکانی چینی یەکەم، بژاردەکانی چینی دووەم، جەماوەری ناسیاسی کە دەتوانن پێکەوە کۆوە بن و ئاپۆرە ببەستن. هەرچەند بەرهەمەکەی میلز بە زمانی رووسی وەرگێڕدرا و لە لایەن مارکسیستەکانەوە سەرنجی زۆری پێ درا، بەڵام میلز خۆی مارکسیست نەبوو و دەرەنجامێکیش کە پێی گەیشت نامارکسی بوو، واتە ئاکامێکی ئێلیتی دەست کەوت، ئەوەش بریتی بوو لەوەی کە «دەوڵەمەندەکان بە تەنیا لە لای سەرووی زنجیرەی دەسەڵاتی رامیاریدا بوون» (بشیریه؛ ١٣٨٠).

ئینتزاعی (ڕووت) / abstraction

واتای ئەم زاراوەیە باس لە پرۆسەیەکی هزری دەکا کە بە هۆی ئیدراکێکەوە بگات بە تێگەیشتنێکی گشتگیر. لەم پرۆسەیەدا تێگەیشتن پاڵ بە یەکێک لە وێنەکانی واقیعەوە دەدا. ئەم وێنا لە نێوان چەن تێگەیشتنی جیاوازدا هەڵبژێردراوە و بە هۆی سیمبۆلەکانەوە شرۆڤە دەکرێ و بە گوێرەی گشتگیرکردنێکەوە کە لە هەندێ بواری زەق و ئاشکرادا سەرچاوەی گرتووە، دەگاتە ئەم گریمانەیە کە ئەم گشتگیر کردنە(تعمیم) لە تەوەری هاوچەشنیشدا کاریگەری هەیە. هەرچەند دەبێ بزانین کە ئەم گشتگیر کردنە ناتوانێ بە تەواوی شرۆڤەی هەر یەک لەوانە بکات(عضدانلو، ١٣٨٤).

بارانی ئەسیدی / acid rain

بارانێکە کە بە هۆی پیسی هەواوە، ئەسیدی بووە و دەبێتە هۆی فەوتاندنی روەک و ئاژەڵان. ئەم دیاردەیە بە بۆنەی تەم و دووکەڵی سووتەمەنی کارخانەکانەوە -بە تایبەت لە وڵاتانی پیشەسازیدا- هاتۆتە دی. یەکێک لە دەرئەنجامە پێش‌بینی نەکراوەکانی شۆڕشی پیشەسازی، پیس کردنی هەوایە. سەد ساڵی لەمەو پێش ئەو تەم و دووکەڵە خەستەی لە دووکەڵکێشی کارخانەکان دەهاتە دەرەوە، ئاگەدارییەک بوو بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان. پاش شەڕی جیهانی دووەم، پیسی هەوای شارە پیشەسازییەکان، ببووە کێشەیەکی گرینگ بۆ ئەم شارانە. لە دەیەی یەکەمی پاش شەڕی جیهانی دووەم، لەندەن یەکێک لە پیسترین شارەکانی دونیا بوو. لە ساڵی ١٩٥٢، تەمێکی رەش و خەست، ئاسمانی لەندەنی بۆ ماوەی پێنج رۆژ داگرت و بوو بە هۆی کوژرانی نزیک بە ٤٠٠٠ کەس. ئەم دووکەڵانە لە گەڵ هەورەکان تێکەڵ دەبن و دەبنە هۆی دابارینی بارانی ئەسیدی. کێشەی بارانی ئەسیدی، کێشەی وڵاتێکی تایبەت نییە، بەڵکوو کێشەیەکی جیهانییە؛ چونکە ئەو وڵاتانەی ئەم بارانانەی تێدا دەبارێن، رەنگە هەزاران میل دوورتر لە شوێنی چێ بوونی ئەم دووکەڵانە بن (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

بازاڕی کاری دووەمین / secondary labor market

بازاڕی کاری دووەمین بریتیە لە کرێکارانی کارگە گەڕەکییەکان، کار و پیشە بچووکەکان (وەکوو مامەڵەی خانوو و ئاژانسی گواستنەوەی موسافیر)، کارگەلی خزمەتگوزاری تایبەت، کار کردن لە مەزرای کەسانی‌تردا (وەرزێری). کار لەم بازاڕانەدا کاتی و بێ‌دەوامە، مووچەی کەمە و هەل و

مەرجێکی کاری نالەباری هەیە. هەلی پێشکەوتن لەم کارانەدا زۆر کەمە (بۆ نموونە، گارسۆنێک بە دەگمەن بتوانێ ببێتە مودیری ریستووران، یان کرێکاری مەزرایەک بە دەگمەن بتوانێ ببێتە مودیری مەزرا). کرێکارانی ئەم بازارانە، لێهاتوویەکی زۆر کەمیان هەیە، یەکیەتی کرێکارانیان نییە و زۆرتر کاتی کار دەکەن. لەم رووەوە ئەم دوو بازاڕی کارە (سەرەکی ودووەمین) نە تەنیا لە یەک جیاوازن، بەڵکوو زۆریش نابەرانبەرن.

بازاڕی کاری سەرەکی / primary labor market

بەڕای هەندێ لە کۆمەڵناسان، پرۆسەی بەپیشەسازی بوون، بوو بە هۆی پێشکەوتی دوو جۆرە کاری لێک جیاوازی بازاڕی کاری سەرەکی و بازاڕی کاری دووەمین لە ئەمریکا و هەندێ لە ولاتانی‌تری سەرمایەداریدا (*Kasarda, J. D; 1989: 26-47*). بازاڕی کاری سەرەکی بریتیە لە کار لە شەریکە و دەزگا و کارخانە گەورەکان، ئەنجامدانی ئەو کار و پیشانەی کە پێویستیان بە شارەزایی هەیە و هەروەها نوێنەرانی حکوومەت و پیشەسازییەکان. کار کردن لە بازاڕی کاری سەرەکی، داهاتێکی زۆرتر، هەل و مەرجی شیاوترو هەلی پێشکەوتی زۆرتری هەیە. تەنانەت کرێکارانی ئاساییش لەم بازاڕی کارەدا، شارەزایی و ئاستی خوێندنیان زۆرترە لە بازاڕی کاری دووەمین(عضدانلو؛ ١٣٨٤).

باوکسالاری / patriarchy

دەتوانین بڵێین کە ئەم زاراوەیە، هەنووکە لە فەرهەنگی زاراوەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکاندا نەماوە. پێشتر واتای ئەم زاراوە بریتی بوو لە گرووپێکی بنەماڵەیی کە پیاوێکی بەساڵاچوو بە سەریدا زاڵ بوو. هەرچەند هەندێ رەهەندی‌تریش کە نەختێ لە گەڵ ئەم پێناسەیە جیاوازی هەیە

دەگرێتەوە.

نووسەرانێ وەکوو هـ. مین و ل. مۆرگان جێگایەکی تایبەتیان بۆ ئەم پێناسەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کردەوە. ئا. هابێل، ڕوونی کردۆتەوە کە بە بۆنەی گۆڕانی دۆخ و قۆناغێک کە تێیدا باوک بە سەر هەموو بنەماڵەدا حوکمی دەکرد، ئەم قۆناغە کە یەکێک لە قۆناغە گرینگەکانی گەشە و تەواوتر بوونی کۆمەڵگای مرۆییە، دوایی هاتووە و مۆڵەتی نەماوە. هابێل دەنووسێ: «باوکسالاری و دەسەڵاتداری هۆزە سەرەتاییەکان، شتێک نییە بێجگە لە تارمایی بیرو بۆچوونەکانی سەدەی نۆزدەهەم». پێشتر، مەبەست لە باوکسالاری، حکوومەتێکی بنەماڵەیی بوو کە باوک یان جێگری باوک بە سەر هەموو بنەماڵەدا حوکمی دەکرد. هەندێ‌تر لە نووسەران لە زاراوەی «حکوومەتی ڕەهای پیاوان» پێناسەیەکی بەرفراوانتر دەدەنە دەست و ڕایان وایە کە ئەمە بارودۆخ و هەلومەرجێکی «زۆر دەگمەنە». لە فەرهەنگی نێونەتەوەیی نوێی وێبستردا هاتووە کە: باوکسالاری نە تەنیا ئاماژە بە سەرتری پیاوان —سەرتری پیاوان لە باری جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە- دەکا، بەڵکوو «مافی باوکی» یان «پشتی باوکی» لە پێداویستەکانی ئەم سیستەمەیە (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

هەرچەند باوکسالاری تا ڕادەیەکی زۆر بە پرسێکی جیهانگیر دێتە ئەژمار، بەڵام ڕادەی دەسەڵات و ویستی پیاو و ژن لە کولتووورە جیاوازەکاندا جۆراوجۆرە. بۆ وێنە دەسەڵاتی پیاوان بە سەر ژناندا لە سعوودیدا زۆرتر لە هەر شوێنێکی دونیایە، کەچی ئەم دەسەڵاتە-دەسەڵاتی پیاوان بە سەر ژناندا- لە وڵاتی نورویژدا بە کەمترین ئاستی خۆی گەیشتووە. بە بڕوای والبی، باوکسالاری لە شەش پێکهاتەدا کە هەندێ جار لە گەڵ یەک تێکەڵاویان هەیە، خۆی دەنوێنێ: ١) ئاستی داهات؛ ٢) ژمارەی خێزان؛ ٣) دەوڵەت؛ ٤) توند و تووڕەیی؛ ٥) ڕەگەز؛ ٦) کولتوور (*Walby, S; 1990*). ئەم

شەش پێکهاتە لە هەر کولتوورێکدا کارێکی جیاوازیان لە ئەستۆیە. بەڕای والبی، لە سەدەی بیستەم و لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا باوکسالاری تایبەت (باوکسالاری نێو خێزان)، بووەتە باوکسالاری گشتی یان دەوڵەتی (باوکسالارییەک کە دەوڵەت و بازاڕی کار چەند و چوونی ژیانی ئافرەتان دیاری دەکەن).

بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێ لە نووسەران ئاماژەیان پێ کردووە، دەسەڵاتی باوکسالاری تەنیا بە سەر ئافرەتاندا نەبووە، بەڵکوو لە بنەماڵە بەرفراوانەکاندا دەسەڵاتی بەساڵاچووترین پیاو بە سەر هەموو ئەندامانی -چ ژن و چ پیاو- بنەماڵەدا یەکسان بوو. ئەنجامی ئەم سیستەمە لە سەدەی بیستو یەکدا لە بیچمی باوکسالاری حکوومیدا خۆی نواند. حکوومەتی پارتی بەعس و سەدام حوسێن لە عەراقدا یەکێک لە زەقترین وێنەکانی ئەم شێوازە بوو. بێشک پیاوانیش لەم شێوازەدا تووشی زیان و ئازاری زۆر دەهاتن، بەڵام ئازاری پیاوان هیچ کات پتر لە ئازاری ژنان نەبووە؛ چونکە هەر بنەماڵەیەک باوکی تێدا هەیە و باوکیش بە گوێرەی هەمان شێوازی قۆرخکردنی دەسەڵات، لە نێو بنەماڵەیدا حوکمی دەکرد و دوایین کەسانێک کە زۆرترین ڕەنج و ئازاریان بەر دەکەوت ژنان و ئافرەتان بوون.

بێگومان یەکێک لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە سەرنجێکی وردبینانەی داوەتە ئەم سیستەمە لە عەراقدا، ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*، نووسینی شیرزاد حەسەنە. شیرزاد حەسەن لەم ڕۆمانەیدا بە وردی چۆنییەتی دەسەڵاتی باوک بە سەر هەموو ئەندامانیتردا (چ کچان و چ کوڕانی نێو خێزان) پیشان دەدات. شیرزاد حەسەن لەم بەرهەمەیدا دەستی داوە بە ڕاڤەیەکی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە لە سیستەمی باوکسالاری. لەم سیستەمەدا کە وێکچوونێکی زۆری لە گەڵ سیستەمی کۆیلەداری هەیە، تاک کەسایەتی و بەها ئینسانییەکانی خۆی دەدۆڕێنێ و لەنێو کۆمەڵگایەکی

مەحکووم کراودا دەژیت. ژیانێک کە هیچ هیوایەک بە دەربازبوون لێی نییە. سەگەکانی باوکی سالار (سیمبۆلی دەسەلاتی بێچەندوچوونی باوک)، بێهیچ بەزەییەک ئەوانەی کە بیانەوێ لە کەوشەنێک کە باوک دیاری کردووە بپەڕنەوە، پەلپەل دەکەنەوە. باوک بۆ خۆی لە گەڵ ژنەکانیدا رادەبوێرێ و کوڕەکانی دەبێ بە حەسرەتەوە سەیری ئەو رابواردنەی باوکیان بکەن. هەموو ئەم زوڵمانەی کە سیستەمی باوکسالار لە تاک و سەرجەمی کۆمەڵگای دەکات، کۆمەڵگا بەرەو شۆڕش و هەڵوەشاندنی ئەو سیستەمە پاڵ پێوە دەنێ و باوک ستەمکار یا هەمان پادشای باوک سالار تەفرو توونا دەبێ. کێشەیەک کە پاش رووخانی ئەو سیستەمە دێتە ئاراوە ئەو شتەیە کە لە کۆمەڵگای کۆیلەداریشدا خۆی پیشان دا؛ ئەوەش بریتیە لە نەبوونی متمانە بە خۆ لەنێو کوڕەکانی باوکدا بۆ بەڕێوەبردنی خۆ و دەسپێکردنی شەڕ و کێشەی ناوخۆ و رووخانی دیوارەکانی حەسار و هەڵگیرانی کچانی شار و سەتان کێشەیتر، کە هێشتا لە عەرقدا دوایی نەهاتووە و هەر رۆژ دەیان کەس دەخاتە بەردەم دێوەزمەی مەرگەوە (شیرزاد حەسەن؛ ٢٠٠٥).

باوەڕ / belief

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، باوەڕ یەکێک لە بەشە ناماددییەکانی کولتوورە کە وەکوو وردە کولتوورە نامادییەکانیتر (بەها، نۆرم و سیمبۆل) نادیار و بەرپیوارە. ئەم وردە کولتوورانە کاریگەرییەکی بەرچاویان بە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤدا هەیە. باوەڕەکان بریتین لە بیر و بۆچوونێکی هاوبەش لەمەڕ کاری جیهان. خەڵکی بە گوێرەی باوەڕەکان واتە ئەو بیر و بۆچوونانەی کە خەڵکی بە راستیان دەزانن، پلە و پاگەی خۆیان لە نێو جیهاندا شرۆڤە دەکەن. باوەڕەکان دەتوانن لە سەر بڕوا کوێرەکان، ئەزموون، سوننەت یاخۆ شێوازە زانستییەکاندا بناغەیان داڕێژرابێ. بناغەی باوەڕەکان

هەرچی کە بێ، کاریگەرییەکی بەرچاوی بە سەر ڕەفتاری مرۆڤەکاندا هەیە.

بۆ پێوانی ڕادەی کاریگەری بڕواکان بە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤدا، دوو کەس لە کۆمەڵناسانی ئەمریکی بە ناوی ئیڤان فۆگت و جۆن رابێرت، دەستیان دابە توێژینەوەیەک لە سەر باوەڕی دوو گرووپی لێک جیاواز لە ئەیالەتی نیوومکزیکۆدا. ئەم دوو کۆمەڵناسە دەیانەویست تێبگەن ڕوانگەی ئەم دوو تاقمە لە سەر سروشت و کاریگەر بوونی بە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤدا چەند لێک جیاوازن. یەکێک لەم گرووپانە ئەمریکی و پرۆتستان بوون و لە تیگزاسدا دەژیان و خاوەن خانوو بوون. گرووپیکە، سوورپێستە خۆماڵییەکانی هۆزی زوونی بوون کە لەم ئەیالەتەدا دەژیان. کۆمەڵناسان پاش تۆژینەوە تێگەیشتن کە گرووپی یەکەم خۆیان بە جیا لە سروشت دەزانن و پێیان وایە کە سروشت دەبێ لە ژێر ڕکێفی ئەواندا بێ و بەهرەی لێ وەربگرن. بە پێچەوانەی ئەوان، خۆماڵییەکانی زوونی، خۆیان بە پاژێ لە سروشت دەزانی و پێیان وابوو کە سروشت و ئادەمیزاد، نە قوربانی یەکترن و نەلە یەک سەرترن. پێیان وابوو کە هاودەنگی نێوان سروشت و مرۆڤ دەبێتە هۆی پاراستنی ڕێک و پێکی کاکێشان (*Vogt, E. Z; 1960*).

کاریگەری باوەڕە جیاوازەکانی ئەم دوو گرووپە دەتوانین لە پێوەندییان لە گەڵ ژینگە، بە تایبەت لە کاتی سیاساڵدا بزانین. پرۆتستانە خاوەن مەزراکان لە تراکتۆر و شێوازە نوێکانی کشتوکاڵ بەهرە دەگرن؛ لە کاتی بێئاوی و وشکەساڵیشدا بە هۆی تیکنۆلۆجیای نوێوە هەورەکان ئاوس دەکەن و باران دادەبارێنن. بە پێچەوانەی ئەوان، خۆماڵییەکان هێزێکیان لە خۆدا ڕاهێناوە تا لە کاتی تەنگانەدا بتوانن لە گەڵ دژوارییەکانی ژین خۆیان سازگار بکەن. هەروەها لە کاتی کێشە و دژواریدا زۆرتر خەریکی گازە و سکاڵا دەبن. خۆماڵییەکانی زوونی باوەڕیان وایە کە ئەگەر مرۆڤ لە ئاست سروشتدا ئەرکەکانی بە جوانی بەڕێوە ببا، پەروەردگاریش پێداویستییەکانی

بۆ دابین دەکات. بە درێژایی سەدان ساڵ بارینی باران لە وەرزی گەرمی هاویندا جەخت لە سەر ئەم بۆچوونەیان دەکا. بەم بۆنەوە بە توندی دژایەتی لە گەڵ ئاوس کردنی هەورەکان بە هۆی تیکنۆلۆجیای نوێوە دەکەن (*Vogt, E. Z; 1960:116* – عضدانلو؛ ۱۳۸۴).

باوەڕی گشتیکراو / generalized belief

نیل سمێلسێر بۆ سەرچاوەی کردە بە کۆمەڵەکان چەن مەرج دەست نیشان دەکا کە بریتین لە: *بواری پێکهاتەیی*، بەو هەل و مەرجە گشتیە کۆمەلایەتییانە دەبێژرێ کە هاندەر یاخۆ بەربەستی هەرجۆرە بزاڤێکی کۆمەلایەتین. بۆ نموونە، بە بڕوای سمێلسێر سیستەمی کۆمەلایەتی- رامیاری ئەمریکا بە بۆنەی نەبوونی نەزمی دەوڵەتی لە هەندێ چەمکەکانی کۆمەڵگادا، هەندێ ڕێگای نارەزایەتی و سەرهەڵدانی لەو ولاتەدا ئاوەلا هێشتۆتەوە. هیچ ئایینێکی رەسمی و حکوومی نییە و خەڵکی دەتوانن سەربەستانە بڕۆنە ریزی هەر ئاینێکەوە کە خۆیان پێیان خۆشە. دووەمین مەرج بریتیە لە *گوشاری پێکهاتەیی* یان هەمان شتێک کە مارکس ململانێی پێ‌دەگوت و دەبێتە هۆی هاتنە دی قازانجگەلێکی ناتەبا و دژ بە یەک بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەم گوشارانە لە قەوارەی: پەشێوی لە مەڕ داهاتوو، دڵەخورپە، کاسی و سەرسامی ئاشکرا دەبن. بەم چەشنە ناتەبایی و نابەرانبەری بەردەوامی نێوان گرووپەکان، دەبێتە هۆی هاتنەدی ناکۆکی گشتی.

سێیەمین مەرج کە سمێلسێر باسی لێ دەکا بریتیە لە *باوەڕە گشتیکراوەکان*. بزاڤە کۆمەلایەتییەکان بە تەنیا پەرسڤدەری دڵە خورپە یان ئەو دوژمنایەتییانەی بە چەشنێکی لێڵ هەست پێ دەکرێن، نین. بەڵکوو لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژییەکدا دێنە دی کە دەنگی

نارەزایەتییەکان هەڵدەبڕێ و رێگەچارەیەکی پراکتیکی بۆ چارەسەر کردنی پیشان دەدات. بۆ وێنە بزاڤە شۆڕشگێڕانەکان لە سەر ئەم بۆچوونە دادەمەزرێن کە بۆچی کۆمەڵگا پڕ لە نایەکسانی و نابەرانبەرییە و چۆن دەکرێ لە رێی خەباتی سیاسیەوە چارەسەر بکرێن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

بە بڕوای سمێلسێر، باوەڕە گشتیکراوەکان دەبنە هۆی کەم کردنەوەی گومان و دڕدۆنگی و نیگەرانی ئەندامانی گرووپێک کە دەیانەوێ دەست بدەن بە کارێکی بەکۆمەڵ. بۆ نموونە ئاماژە دەکەین بە کۆمەڵەی ئاینی دەیڤید لە تیگزاسدا کە لە ساڵی ١٩٩٣دا ئاوری تێ بەر بوو و هێزەکانی پۆلیس و فریاکەوتن بە هەموو کۆششێک کە کردیان نەیانتوانی تەنیا یەک کەسیش دەرباز کەن. وادیار بوو کە هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بڕیاریان دابوو کە بەجێی خۆبەدەستەوەدان، لە گەڵ رێبەری کاریزمایان-دەیڤید کۆرێش- بمرن. هەرچەند هێزەکانی پۆلیس لە کاتی فریاکەوتندا کونی زۆر گەورەیان لە دیوارەکاندا داکردبوو و گازی فرمێسک هێنەریان هاویشتبووە ناوەوە، کەس لەوێ نەهاتبووە دەرەوەو سەرلەبەریان سووتابوون. هەرچەند ئەم گریمانەش هەیە کە رەنگە دەیڤید تووشی نەخۆشیەکی دەروونی بووبێ، بەڵام ئەمە ناتوانێ روونکەرەوەی ئەم بابەتە بێ کە بۆچی پێڕەوەکانی خۆیان لە گەڵ ئەودا بە کوشتن دا. کردەوەکەیان هەر هۆیەکی بێ، لە روانگەی کۆمەڵناسیوە دەخرێتە ریزی کردەو هەڵسوکەوتە بە کۆمەڵەکانەوە (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

بزاڤە ئاینییە نوێکان / new religious movements (NRMs)

لە دونیای نوێدا لە لایەکەوە مەیلی خەڵکی بۆ بەشداری لە ئایینە نوێ و سەقامگرتووەکان بە توندی رووی لە کزی ناوە و زۆربەی ئاینە فەرمییەکان بەرژەوندییەکی پاراستنخوازانەیان هەڵبژاردووە و لە لایەکیتریشەوە

زۆربەی خەڵکی بە شوێن ڕێگایەکدا دەگەڕێن بۆ پاڵاوتنی دەروونیان و گەیشتن بە ئارامشی دەروونی و کەچی دونیای سیکۆلاریش ناتوانێ پەرسڤدەری ئەو نیازە بێ. بە بڕوای کۆمەڵناسان هۆی سەرەکی بۆ گەشە و پەرەسەندنی ئایینە نوێکان، هەمان گەشە و بڵاوەی بەدونیایی کردنە. بە واتایەکی‌تر، لە لایەکەوە ئاینیە ڕەسمییەکان ناتوانن نیازەکانی کۆمەڵگا دابین کەن و لایەکی‌تریشەوە سیکۆلاریزم ناتوانێ نیازە دەروونییەکانی تاک یان گرووپەکان دابین بکات. بەم بۆنەوە ئایینە نوێکان کە زۆرتر وەکوو تاقم و دەستەکانن، بۆ دابین کردنی نیازی دەروونی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگا خەریکی گەشانەوە و پەرەسەندنن. بە واتایەکی‌تر، گەشەی سیکۆلاریزم و کەم بوونەوەی هێزی ئایینە سەقامگرتووەکان بۆتە هۆی زۆربوونەوە و پەرەسەندنی بزاڤی ئایینە نوێکان. ئەوەی زۆر کەوتۆتە بەر سەرنجی کۆمەڵناسانی هاوچەرخ، ئەوەیە کە تەنیا لە ماوەی چەن دەیەی رابردوودا زۆرتر لە بیست هەزار گرووپی ئایینی نوێ سەریان هەڵداوە و پەرەیان سەندووە (*Stark, R & W. S. Bainbridge, 1981*).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئایینە نوێکان، نزیکی ئەم ئایینەیانەیە لە گەڵ ئایینە سەرەکی و سەقامگرتووەکان. هەندێکیان وەکوو هەری کریشنا (*hari krishna*)، پێوەندییان بە هیندووئیزمەوە هەیە، هەندێکی‌تر وەکوو گرووپە جۆراوجۆرەکانی زێن (zen)، بە بوودائیسمەوە پێوەندییان هەیە و هەندێکی‌تر وەکوو ڕۆڵەکانی مەسیح، بە مەسیحییەتەوە پێوەندییان هەیە. ڕۆی والیس گرووپە ئاینییە نوێکان بە سێ دەستە دابەش دەکات (*Wallis, R; 1976*):

١) ئەو گرووپانەی جەخت لە سەر دونیا دەکەن: ئەندامانی ئەم گرووپانە زۆرتر تاک‌خواز و پازیتیڤن. بە واتایەکی‌تر، ئەم کەسانەگەش‌بینانە سەیری دونیا دەکەن و هان دەدەن لێهاتووییەکانی مرۆڤ ببیننەوە و لێی بەهرەمەند

بن. توێژینەکان وا پیشان دەدەن کە ئەم بۆچوونانە لە نێوان تاکەکانی چینی ناونجی و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان بە نیوە گەیشتووە و بایەخێکی زۆتر بە بەها ماددییەکان دەدەن، زۆرتر باوە. زۆربەی ئەم گرووپانە شوێنێکی تایبەتیان بۆ عیبادەت و بەجێهێنانی ڕێو ڕەسمی ئایینی نییە. ئەمانە زۆرتر وەکوو تاقمێکن کە خۆیان دەرمانی خۆیان دەکەن تا ئەوەی کە پێڕەوی لە ئاینێکی سوننەتی بکەن. یەکێک لەمانە گرووپێکە بە ناوی کلیسای زانست (Church of Scientology) کە بە هۆی کەسێکەوە بە ناوی ران هۆباردەوە (Ron Hubbard) بنیات نراوە. هۆبارد فەلسەفەیەکی دامەزراند کە بنەمای لە سەر ئازاد کردنی زەین دانرابوو. بە بڕوای ئەو، ئازاد کردنی زەین دەبێتە هۆی «ڕووناکی بیر» و لەم سۆنگەوە زەین دەتوانێ باشتر واتا گەشبینانەکان هەست پێ بکا.

٢) ئەو گرووپانەی پشت لە دونیا دەکەن: ئەو گرووپانە زۆرتر تاقم و گرووپن، بەڵام لە زۆر ڕەهەندەوە وەکوو ئایینە باوەکانی دونیان. ئەندامانی ئەم تاقم و گرووپانە، وەکوو ئەندامانی ئایینە ڕەسمییەکان، ڕێو ڕەسمی دوعا و سکالایان هەیە و داوایان لێ دەکرێ کە نووسراو و کتێبی ئایینە ڕەسمییەکان بخوێننەوە. هەروەها ئەم گرووپانە یاسای ئاکاری زۆر سفت و سەختیان هەیە و جۆری ڕوانینیان بۆ دونیا، ڕوانینێکی ڕەشبینانە و نیگەتیڤە. بە هۆی کردە بەکۆمەڵەکانیانەوە هان دەدەن پارێزگاری لە باوەڕەکانیان بکەن و ئەندامانی نوێ بە ویستی خۆیان ڕابێنن. زۆربەیان باوەڕیان بە گەڕانەوەی مەسیحە و چاوەڕوانن کە خوداوەند ڕاستەوخۆ بارودۆخی دونیا بگۆڕێ و بەرەو باشتر بوونی ببا. بە بڕوای کۆمەڵناسان زۆربەی ئەو کەسانەی کە دێنە ریزی ئەم گرووپانەوە، کەسانێکن کە لە لێواری شارەکاندا دەژین و باری ئابووری و کۆمەلایەتییان زۆر باش نییە. یەکێک لەم گرووپانە، گرووپێکە بەناوی یەکیەتی کلیسا کە بە ناوی موونیز (Moonies) بەناوبانگە. ئەم گرووپە بە هۆی

قەشەیەکی کوورییاییەوە بە ناوی سان میونگ مـوون (Sun Myung Moon) لـە سالی ١٩٥٤ەوە دامـەزرا. مـوون لـە دەیـەی ١٩٦٠ لـە ئـەیالـەتی کالیفۆڕنیـای ئەمریکا لایەنگری زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. جۆن لۆفلەندی ئەمریکـی و ئایلین بارکێری بریتانی کۆمەڵناسانێک بوون کە لە ئەمریکا و بریتانیادا لـە سـەر ئەم گرووپە تۆژانەوە. گرووپی یەکیەتی کلیسا، جیهانی ماددی بە دونیایەکـی پـڕ لە گەندەڵی و خراپی دەزانێ و ئـەنـدامانی دەبـێ یاسـاگەلی دژواری ئاکـاری -وەکوو هەڵبژاردنی یەک هاوسەر و نەخواردنی ئەلکـول و نـەکێشـانی جگـەرە- بەڕێوە ببەن.

ئەم گرووپانە بزاڤگەلێکی ئاینین کـە لـەم سـالانەی دواییـەدا سـەرنجـی تاقمێکی زۆر لە خەڵکی ئاساییان بەرەو لای خۆیان راکێشاوە و خەڵـکی زۆر ئاگاداری هەڵـسوکـەوتی ئـەم گرووپانـەن. ترسـی خـەڵـکی لـە «مێشـک شوشتنەوە»و کۆنترۆڵی زۆر و تەنانەت خۆکوژی بەکۆمەڵی ئەم گرووپانەیـە. ٣٩ کەس لە ئەندامانی یەکێک لەم گرووپانە بە ناوی دەروازەی بەهەشت لـە کالیفۆڕنیادا دەستیان دا بە خۆکوژی بەکۆمەڵ. بەم بۆنەوە، هەرچـەنـد ئـەم گرووپانە وێکچوونێکی زۆریان لە گەڵ ئایینە رەسمییـەکـانی دونیـا هـەیـە، بەلام زۆرتر وەکوو لادانی کۆمەلایەتی سەیریان دەکرێ.

٣) ئەو گرووپانەی هاوڕێی جیهانن: ئەم گرووپانە زۆرتر رەسمین و دانیـان پێدا نراوە. هـەرچـەنـد ئـەم گرووپانـە بایـەخـی زۆر دەدەن بـە پاراسـتن و لایەنگری لە بنەما سەرەکییەکانی ئایینە رەسمییەکان، بەلام بۆ ژیانی ئـاینی ناوخۆ بایەخێکـی زۆرتـر دادەنـێن. گرووپـی پێنتـێ کۆستالـی نـوێ (neo-Pentecostals) لە بریتانیا یەکێک لەم گرووپانەیە. بـەبـڕوای پێـڕەوانی ئـەم گرووپە، گیانی پیرۆز(روح‌القدس) ئاخاوتنی پێ خەلات کردوون و بـە هـۆی ئەوانەوە قسە دەکات. لایەنگرانی ئەم چـەشـنە ئایینانـە، هـەم بـۆ ژیـان لـە جیهانی مـادی و هـەم جیهـانی دوارۆژ و هـەمـیش بـۆ بنـەماکـانی ئایینـە

سەرەکییەکان بە پەرۆشن. ئەم گرووپانە هاوکات لە گەڵ ئەوەی کـە هێـز و وره و ژیانێکی نوێ دەدەنە بـاوەڕ و ئیمـانی ئایینـە مـەزنـەکـان، خوازیـاری سەقامگرتنی ئەم ئایینانەن.

بزاڤی بەرهەڵستکارانە / protest movement

کۆمەڵناسان ئەم زاراوە بۆ کۆشەوەی خەڵکی ئاسایی بۆ گۆڕانی سیاسەتـە سەقامگرتووەکان بەکار دەبەن. دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە ئـەمریکـادا، بـە ناوی دەیەکانی بزاڤە بەرهەڵستکارەکان بەناوبانگن. ئەم بزاڤـانە سـەرەتـا بـە بزاڤی شارستانییەوە دەست پێکران و بە بزاڤی دژ بە شەڕی ویتنـام و بزاڤـی ژنان درێژەی پێ درا. بەگشتی دەتوانین بڵێین کـە هـەرچـەنـد لـە دەیـەی ١٩٨٠دا ئاستی پراکتیسی رامیاری کەم بوونەوەیەکی بەرچـاوی بـوو، بـەلام بزاڤە بەرهەڵستکارەکان وەکوو یەکێک لە شێوازە گرینگەکان دەربڕینی بـیرو بۆچوون، بە ژیانی خۆی درێژەی دا.

بزاڤی بەرهەڵستکارانە کارێکە بۆ کۆ کردنەوەی خەڵکی تا سـەبـارەت بـە بابەتێک کە ئاگادرییـان لێـی نییـە، یـان هێـزی بـەرەنگـاری لـەگـەڵ ئـەو چەمکەیان نییە و ناتوانن خۆیان رێک خەن و دەنگیان بە گوێی کەسـانیتـر بگەینن، رێکبخا. ئەم بزاڤانەش وەکوو هەموو گرووپـەکـانی گوشـار، رەنگـە کەسانێکی دەسچوو لە نێو حکوومەت یان پەرلەماندا بە مەبـەسـتی گـۆڕانی سیاسەتی رامیاران و یاسادانەران بـەرەو لای خۆیـان رابکێشـن. بـەلام ئـەم بزاڤانە بە پێچەوانەی گرووپەکانی گوشار، دەیانەوێ لە رێی تاکتیکی رەخنـە گرتن و نارەزایـەتی دەربـڕین و کـۆ کردنـەوەی خـەلـک و خۆپیشـاندانەوە، سەرنجی گشتی خەلک و دەزگاکانی راگەیاندن بەرەو لای خۆیان رابکێشـن و رامیاران و یاسادانەران رازی بکەن و دەسەلاتی خۆیان پێیان پیشان بدەن.

بزاڤی ئاگەدار کردنەوەی خەلک سەبارەت بە ڤایرووسی ئەیدز، بە بزاڤێکی

بەرهەڵستانە دێتە ژمار. خەبات دژ بەم ڤایرووسە، لە لایەن گرووپی پزیشکانەوە دەست پێکرا کە چۆنییەتی ئەم ڤایرووسەیان ناسیبوو و زانیبوویان کە چلۆن کەسانیتریش تووش دەکا. پاشان دەبوایە کۆمەڵەی نێربازان ئاگادار کەنەوە و تێیان بگەینن کە پتر لە هەرکەسێکیتر ئەم کەسانە رەنگە تووشی ئایدز بن (*Shilts, R; 1987*). لە نیوەی هەشتاکاندا، کۆمەلەی نێربازان کەوتنە رێ و بە یارمەتی کەسایەتییە بەناوبانگەکان توانییان کێشەی ئەیدز وەکوو کێشەیەکی گشتی بە هەمووان بناسێنن.

grean belt movement / بزاڤی پشتوێنی شین

لە سالی ١٩٧٥دا وانگاری ماتایی (Wangari Maathai) بیۆلۆجیست و لایەنگری ژینگە و مرۆڤخواز و چالاکی کنیایی، بە دامەزراندنی بزاڤی خۆراک دان، چاودێری بە سەر زاوزێ و جەنگڵکاری لە یەکێک لە ناوچە کاول کراوەکاندا، یەکێک لە گرینگترین و کاریگەرترین بزاڤەکانی ژینگەی جیهانی دارشت کە بە پشتوێنی شین ناوی دەرکرد. بەرای وانگاری، نەخۆشی و لەناوچوونی ژینگە، کاریگەرییەکی زۆر خراپی بە سەر شێوەی ژیان و شادمانی مرۆڤدا داناوە. لە سالی ١٩٧٥دا زۆرتر لە پەنجا هەزار ئافرەتی بۆ چاندنی دە میلیۆن دار خستە رێ. لە گەڵ ئەو لایەنگرانەی کە لە دەوری ئالابوون، خۆپیشاندانێکی دژ بە کاول کردن و فەوتاندنی ژینگە خستە رێ.

social movement / بزاڤی کۆمەلایەتی

بزاڤی کۆمەلایەتی بریتیە لە کۆشەوەیەکی بەردەوام و تەکووز لە لایەن گرووپێکی کۆمەلایەتییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج یان ئامانجگەلێکی هاوبەش. ئەم کۆشەوە بە تایبەتی بۆ پاراستن، گۆران یان ئاڵوگۆڕ و

نەهێشتنی ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە. هەروەها ئەم زاراوە ئەو کەسانەش کە خەریکی ئەم کارەن دەگرێتەوە. ئەوەی بێژرا، تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ نییە و ڕەنگە لە بزاڤێکەوە بۆ بزاڤێکیتر گۆڕانی بە سەردا بێ.

بلۆمێر کۆشەوەیەکی بەرچاوی بۆ روون کردنەوەی زاراوەی «بزاڤی کۆمەڵایەتی» لە چوارچێوەی هەڵس‌وکەوتی بەکۆمەڵدا ئەنجام داوە: «کارێکی بەکۆمەڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ لە ژیاندا. دەسپێکردنی ئەم بزاڤانە لە هەل‌ومەرجێکی نائارامدایە. هاندەر و بەدیهێنەری ئەم بزاڤانە، ناڕەزایەتی لە سیستەمی باوی نێو کۆمەڵگا و هەروەها مەیل بە گەیشتن بە دوارۆژێکی باشتر و بێ‌کێشەترە. بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات لە گەڵ گەشەسەندنیان، تایبەتمەندی کۆمەڵگاکەشیان بەدەست دێنن. بەم چەشنە کە دەبنە خاوەنی بیچم و ڕێکخراوێک لە داب‌و نەریتەکان، ڕێبەرایەتی و دابەش کردنی بەردەوامی کار، یاسا و پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بە گشتی کولتوور و دامەزراوە و گەلاڵەیەکی نوێ لە ژیان، دادەڕێژن». بلۆمێر بەم چەشنە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دابەش دەکات: ١) بزاڤی کۆمەڵایەتی گشتی، وەکوو بزاڤی کرێکاری؛ ٢) بزاڤی کۆمەڵایەتی تایبەت، وەکوو بزاڤی دژ بە کۆیلەداری؛ ٣) بزاڤی کۆمەڵایەتی نمایشی، وەکوو بزاڤی ئایینی و مۆد. هەروەها دەڵێ: «بزاڤی کۆمەڵایەتی یان پیشاندەری کۆشەوەیەکی بەکۆمەڵە بۆ گۆڕانی بەشێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان، یاخۆ گۆڕانێکی گەورە و ڕێنوێنی نەکراوە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بە ناچار ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران دەگرێتە نێو بازنەی خۆی» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

هەروەک بێژرا، یەکێک لە گرینگترین دۆزەکانی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. ئەم بزاڤانە بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم کارانە ئەنجام دەدەن. دەتوانن یاسادانەران ناچار بکەن کە یاسایەک بچەسپێنن کە لە

گەڵ دۆزەکانی ئەواندا هاوڕێ بێ. دەتوانن بە سەر دەنگی خەڵکدا لە کاتی دەنگداندا کاریگەرییان بێ. هەروەها دەتوانن بە بەرپا کردنی خۆپیشاندانی ڕەخنەگرانە، هێز و توانی خۆیان بە رامیاران و کاربەدەستانی حکوومەت پیشان بدەن. خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی، لە گەڵ ناوەندە لیبرالەکانی دیمۆکراسی، کە زۆربەی گۆڕانە سیاسییەکان لە لایەن ئەوانەوە ئەنجام دەگرێ، ناتەبان و بە پێچەوانەی ڕەوت و ڕێبازی ئەوانە. ماکس ڤیبێر یەکەم کۆمەڵناسێک بوو کە لە نێوان کردە بۆرۆکراتیکە ئاساییەکان (کە کار و باری ئاسایی رامیاری بەڕێوەبەرایەتی دەکەن) و تایبەتمەندییە سەقامنەگرتووەتاوتاوییەکانی بزاڤی کۆمەلایەتی (کە کێشە بۆ دەسەلات ساز دەکەن) جیاوازی دانا. بەڕای ڤیبێر بزاڤە کۆمەلایەتییەکان دەتوانن سەقامی بۆرۆکراسی لەناو ببەن و بزوێنەری شێوازی گۆڕانی خێرای کۆمەلایەتی بن (وبر؛ ١٣٨٢).

بەڕای هەندێ لە کۆمەڵناسان لە خولی مۆدێرندا چوار جۆر بزاڤی کۆمەلایەتی لێک جیا دەکرێنەوە (*Blumer, H; 1969*):

١) بزاڤی لاوەکی (alternative movement): ئەم بزاڤانە هان دەدەن تا گۆڕانێکی سنووردار لە هەندێ لە تاکەکاندا بێننە دی (وەکوو بزاڤی لەش جوانی لە ئەمریکادا). ئەم جۆرە بزاڤانە هیچ مەترسییەکیان بۆ نەزمی کۆمەلایەتی نییە.

٢) بزاڤی رزگاریخوازی (redemptive movement): ئەم بزاڤانە هان دەدەن تا گۆڕانێکی بنەمایی لە ژیانی تاکەکاندا بەدی بێنن (وەکوو کۆشەوەی ئایینەکان بۆ گۆڕانی دینی خەڵکی).

٣) بزاڤی چاکسازی (reformative movement): ئەم بزاڤانە بە چاکسازی لە بەشێکی کۆمەڵگادا، دەیانەوێ سەرجەمی کۆمەڵگا بگۆڕن (وەکوو بزاڤی مافی شارستانی لە ١٩٦٠ی ئەمریکادا کە خوازیاری گۆڕانی

بنەمایی بۆ گەیشتن بە هەلی یەکسان بۆ خوێندن، کارو داهات بوون).
٤) بزافـی شۆڕشـگێڕانە (revolutionary movement): هـان دەدا تـا سەرجەمی کۆمـەڵـگا بگـۆڕێ (وەکـوو شۆڕشـی ١٩١٧ رووسـیا) (عضـدانلو؛ ١٣٨۴).

بزاوتی ئەستوونی / upward mobolity

بزاوتی ئەسـتوونی، بزاوتێکـە بـەرەو شـوێنگەیـەکـی باشـتر (موحسـنی؛ ٢٠٠٦). واتە، گۆڕانی پێگەی تاک کاتێک کە لە چینێکی کۆمەلایەتییەوە بۆ چینێکی‌تر دەڕوا. هەرچەند مەرج نییە هەموو بزاوتێکـی ئـەسـتوونی بـەرەو شوێنگەیان پێگەیەکی باشتر بێ، هەندێ جار ئەم بزاوتە بزاوتی دابەزینە. بـۆ وێنەیەک لە بزاوتی ئەستوونی هەڵکشان ئەوەیە کە خوێنکارێکی هـەژار بـە کۆششی زۆر ببێتە فیزیازانێکی بەناوبانگ. یان بەپێچـەوانـەی ئـەوە بـزاوتی ئەستوونی بەرەو خوار وەکوو ئەوەیـە کـە کرێکـارێکی مووچـەبگـیر لـە کـار دەربکرێ و بڕواتە ریزی بێکاران (کوئن؛ ١٣٨٧).

بزاوتی کۆمەلایەتی/ social mobility

بزاوتی کۆمەلایـەتی بریتیـە لـە گواسـتنەوەی گـرووپ یـان تاکێـک لـە پێگەیەکی کۆمەلایەتیوە بۆ پێگەیەکی‌تر. رەنگە ئەم بزاوتە، هـەڵکشـان یـان دابەزین بێ؛ واتە، تاک بە هۆی چالاکی و کۆشش یـان بـەخـت و شانسـەوە بەرەو پێگەیەکی سەرتر هەڵکشێ، یان بـەهـۆی تێنـەکۆشـان یـان بـەخـت نەهێنانەوە، لە پلەو پێگەیەکی کۆمەلایەتی کە هەیەتی دابەزێ.

بیرو ڕای زۆر لە سەر بزاوتی کۆمەلایەتی هەیە کە زۆر لێکتـر نـزیکن. بـۆ وێنەسوروکین، وەکوو پێشڕەو لە تەوەری بزاوتی کۆمەلایەتیدا بەم چـەشـنە پێناسەی ئەم زاراوەیە دەکا: «جێ‌گۆڕکێی تاک لە نێو بازنـەی کۆمـەڵـگادا»

(نیک‌گهر؛ ١٣٦٩). گیدنز بەم جۆرە باسی بزاوتی کۆمەڵایەتی دەکا: «لە توێژینەوە لە سەر پۆلێنی کۆمەڵایەتیدا، ئێمە ناچارین نە تەنیا سەرنج بدەینە جیاوازی نێوان شوێنگە ئابووری یان کاریەکان، بەڵکوو دەبێ سەرنج بدەینە بارودۆخی ئەو تاکانەی ئەم پلە و پێگەیانە داگرتووە. بزاوتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە هەڵکشان یان دابەزینی تاک لە نێوان شوێنگەکۆمەڵایەتی- ئابوورییەجیاوازەکاندا» (گیدنز؛ ١٣٨٦).

کۆمەڵگاکان لە ئاست بزاوتی کۆمەڵایەتیدا یان بەسراون یاخۆ کراوەن. گەر تاکێک بتوانێ بە هەوڵ و کۆشش پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بگۆڕێ و هیچ کۆسپێکی پێکهاتەیی لە سەر ڕێی هەڵکشانیدا نەبێ، ئەوە کۆمەڵگایەکی کراوەیە؛ کەچی لە هەندێ کۆمەڵگادا هەڵکشان زۆر ئاستەمە؛ لەو کۆمەڵگایانەدا کە سیستەمێکی بەستراویان هەیە، تاک لە هەمان پێگەیەکدا کە دێتە دونیاوە ناچار دەبێ هەر لەو پێگەشدا بمرێ. لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا تاک هیچ ڕێگایەکی بۆ بزاوتی هەڵکشان نییە؛ وەکوو سیستەمی کاست لە هیندوستاندا. لەم سیستەمە کە بە گوێرەی ئاینی هیندوو دارێژراوە و بڕوایان بە دۆنادۆنە (تناسخ)، تاک لە سەر ویستی خودایان لە هەر پێگە و چینێکی کۆمەڵایەتیدا کە دێتە دونیاوە، تا مردن دەبێ هەر لەو پێگەیەدا بژێ و هەلی هەڵکشانی بۆ نییە، مەگین پاش مردن کە بۆ جارێکی‌تر دۆن بە دۆن کرا. لەم کاتەدا گەر لە دونیادا بە چاکی ژیابێ، ئەوا ڕۆحی لە جەستەی تاکێک کە لە کاستێکی سەرتردایە دێتە دونیاوە و گەر واش نەبێ لە کاست یان چینێکی خوارتردا دێتە دونیاوە.

بزاوتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیی / structural social mobility

زۆربەی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان کە لە وڵاتە پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا ئەنجام دەگرێ، بزاوتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیین. کاتێ پێکهاتەی کۆمەڵگا بە

بۆنەی ڕووداوی وەکوو داهێنان، گەشەی شارەکان، شەڕ، گەشە یان قەیـرانی ئابووری، بەدیهاتنی کاری نوێ یـان لـەنـاوچوونی کـارە کۆنـەکـان تووشـی گۆڕانکاری دێ، چین و پێگەکانی کۆمـەڵـگا سـەرو ژێـر دەبـن و کۆمـەڵـگا تووشی بزاوتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیی دێ. ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانـە ئـەوەیـە کە زۆربەی خـەڵـکی بـەبـێ هـەوڵ و کۆششـی خۆیـان، یـان بـەرەو سـەر هەڵدەکشن، یاخۆ بەرەو چینی خوارتر دادەبەزن.

بزاوتی نێوان وەچەکان / intergenerational mobility

جۆرێک بزاوتی کۆمەڵایەتییە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی‌تر. بـۆ وێنـە: کاتـێ کچـی شـۆفێری تاکسـیەک خوێنـدنی بـاڵا دوایـی دێنـێ و دەبێتـە پزیشکێکی سەرکەوتوو، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی‌تر ڕۆیشتووە و بـزاوتی نێوان وەچەکانی ئەنجام داوە. هەرچەند ئەم بزاوتە دەتوانێ دابەزینـیش بـێ، وەکوو ئەوەی کە منداڵی پزیشکێک بووبێتە شۆفێری تاکسی. ئەمـەش هـەر بزواتی نێوان وەچەکانە (کوئن؛ ١٣٨٧).

بزاوتی نێو وەچەیی / intragenerational mobility

بریتیە لەو ئاڵوگۆڕەی کە لە پێگەی کۆمەڵایـەتی تـاک یـان گرووپێکـی یەک وەچەدا ئەنجام دەگرێ. بۆ وێنە بنەماڵەیـەکـی مامنـاونجی کـە پێـنج منداڵیان هەیە لە بەرچاو بگرن. چوار کەس لەو منداڵانە پاش دوایی هێنانی بەشی پاش ناوەندی دەڕۆنە نێو بازاڕی کار و خەریکی کارێکی ناونجی بـەرەو خوار دەبن. بەڵام منداڵی پێنجم لە هەمان کاتدا کە خەریکی کارێکی کـاتی دەبێ، دەڕواتە نێو زانکۆ و درێژە بە خوێندنی بـاڵا دەدا. ئـەم کـەسـە پـاش دوایی هێنان بە خوێندن، لە باری کارییەوە سەرکەوتنی بەرچـاو بـەدەسـت دێنێ و لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتردا جێی خـۆی دەکاتـەوە، کـەچـی

براکانی لە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتی پێشوویاندا دەمێننەوە. ئەم کەسە توانیویە دەست بدا لە بزاوتێکی نێو وەچەیی (کوئن؛ ١٣٨٧).

بناغەی کولتووری/ cultural base

بەگوێرەی پێناسەیەک کە لێزلی وایت لەم زاراوەیە دەکات، بناغەی کولتووری بریتیە لەو داهێنانانەی کە لە نێو کۆمەڵگادان. بە بڕوای ئەو هەر داهێنانێکی نوێ بەرهەمی داهێنانەکانی پێش خۆیە. بۆ وێنە، چێکردنی یەکەمین فڕۆکە، بەرهەمی داهێنانی پێشتر وەکوو گاز، ماتۆر، سوکانی فڕۆکە، فڕۆکەی بێماتۆر و چەرخ بووە. هەر بەم چەشنە زۆربەی داهێنانە بازرگانییەکانیش بەرهەمی داهێنانەکانی بواری تیکنۆلۆجیا، پزیشکی، ئەندازیاری، وزە و هتدن. بە بڕوای وایت، ژمارەی داهێنانەکان لە نێو بناغەیەکی کولتووریدا بە شێوەی تەساعودی پەرە دەستێنن. هەروەها بەبڕوای ئەو، بۆ بەدیهاتنی هەر داهێنانێکی نوێ، دەبێ بناغەی کولتووری ئەو کۆمەڵگا بە رادەیەکی شیاو و پێویست پەرەی سەندبێ تا بتوانێ ئیزنی بەدیهاتن بداتە داهێنانێکی نوێتر. بۆ وێنە، گەر برایانی وایت لە سەدەی چواردەهەمدا ژیابان، قەد نەیاندەتوانی فڕۆکە چێ بکەن، چونکە بناغەی کولتووری بۆ بیری نوێ، مادە سەرەکییەکان و ئەو داهێنانانەی کە بۆ چێ کردنی فڕۆکە پێویستن، بەدی نەهاتبوون (وایت؛ ١٩٤٩).

بنەماگەری / fundamentalism

جیابوونەوەی ئاینن لە سیاسەت بۆتە هۆی پێکهێنانی بوارێکی نوێ بۆ گەشەو پەرەسەندنی رامیاری ئایینی. بە تایبەت سەرهەڵدانی بنەماگەری ئایینی، کاردانەوەیەکە لە بەرانبەر هەڕەشەکانی دونیای نوێ و پرۆسەی تێکدانی سیستەمی پێشووی جیهان. بەم چەشنە بە نائایینی بوونی ژیانی

کۆمەلایەتی و رامیاری (سێکۆلاریزم) لەم سەردەمە نوێیەدا، رەنگە ئایین و کەسایەتییە ئاینییەکان زۆرتر لە سیاسەتدا بەشداری بکەن (بشیریە؛ ١٣٨٠).

بنەماگەری بریتیە لە بزاڤێکی ئایینی کە جەخت لە سەر پێرەوی لە روالەتی کتێبە پیرۆزەکان دەکات. ئەم زاراوە هەندێ جار بەو کەسانەش دەبێژرێ کە ناوەرۆکی کتێبەپیرۆزەکان بە هەمان چەشنی روالەتی، بە دروست دەزانن و پێرەوی لێ دەکەن. سەرەتا ئەم زاراوە بۆ بزاڤە پرۆتستانەکان بەکار دەبرا کە لە دەیەی ١٩٢٠دا دژ بە مۆدێرنیسم دەستیان دا بوو بە نارەزایەتیەکی بەربلاو. هۆی نارەزایەتییان ئەوە بوو کە مۆدێرنیسم نەریت و باوەرەکانی خستۆتە لاوە و تەنیا ئاور لە زانست دەداتەوە. لەم رووەوە خوازیاری گەرانەوە بو بنەمای ئایینی خۆ و پێرەوی روالەتی لە یاسا و داب و نەریتەکان بوون. هەندێ ئەم زاراوەیانە هاو واتا لە گەڵ کۆنپەرستی و لایەنگری لە مەسیح بەکار هێناوە. بەلام دەبێ ئاگەدار بین کە واتای بنەماگەری لە گەڵ هیچ یەک لەم زاراوانە هاو واتا نییە. بنەماخواز بریتیە لە کەس، گرووپ یان دەستەیەک کە بە بێ هیچ شرۆڤە و لێکدانەوەیەک خوازیاری پێرەوی لە کتێبی پیرۆزن. لەم سۆنگەوە بنەماگەری بەم چەشنەی خواریش پێناسە دەکرێ: بیردۆزێکی ئایینی کۆنخواز کە لە گەڵ روانگە رووناکبیرانە نوێکان و پێوەندییەدونیاییەکان ناتەبایە و لایەنگری لە بەها سوننەتیەکان و رۆحی ئەو دونیا (بە هەمان چەشن کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە) دەکا. بنەماخوازەکان رایان وایە کە ئەو بەهایانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون، تەنیا راستەقینەیەکن کە هەن و کات و شوێن هیچ کاریگەرییەک لە سەر راست و دروست بوونیان دانانێ. بە واتایەکی تر، رای بنەماخوازەکان ئەوەیە کە ئەو بەها نووسراوانە بۆ هەموو کەس بە هەر دین و ئاینێکەوە و لە هەر شوێنێکدا گونجاو و لەبارن. زۆرجار ئەو گرووپانەی کە

مۆرکی بنەماگەرییان لە سەر دانراوە، بە گرووپگەلێکی کۆنپەرست دەزانن کە بە چەشنێکی هەتاهەتایی لە رابردوودا دەژین (*Caplan, L; 1987*).

خەڵکی وڵاتانی رۆژاوا زۆرتر ئەم چەشنە پێناسە ساویلکانەیە بۆ ئەو شەڕو ئاژاوانەی بەکار دەبەن کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دادەگرسێن. بەڵام ئەم پێناسە سادەبینانە ناتونێ بەوردی بزاڤو سەرهەڵدانی جۆراوجۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شی بکاتەوە. بە واتایەکی‌تر، واتای بنەماگەری زۆر ئاڵۆزتر لەو پێناسەیە کە خەڵکی رۆژاوا بە پێڕەوی لە دەزگاگەلی راگەیاندنەوە دووپاتەی دەکەن و دەیڵێنەوە. بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەم خاڵە لە بەرچاو بگرین کە ناتوانین ئەم زاراوەیە بە گوێرەی کات، نەتەوە، چینی کۆمەڵایەتی یان ئایدیۆلۆژی سیاسی پێناسە بکەین؛ چونکە بنەماگەری رادەیەکی بەرفراوان لە خەڵکی گرتۆتە خۆ. هەروەها گرووپە بنەماخوزاەکان، هەموو کات لە گەڵ دەسەڵاتدارنی رامیاری و ئابووریدا خەریکی دژایەتی و ناکۆکی نین. ئەمانە دەتوانن گرووپگەلێک بن کە بە هێزەوە لایەنگری لە رژیمە سیاسیەکان دەکەن. رەنگە یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی بنەماخوازەکان ئەوە بێ کە بڕوایان وایە کە پێوەندی لە گەڵ خودا یان هێزە سەروو سروشتییەکانی‌تر، دەتوانێ پەرسفدەری کێشە و پرسە تاکەکەسیەکانیان بێ. هەروەها، بنەماخوازان خوازیاری ئەوەن کە کولتووری نوێ بگێڕنەوە بۆ بناغە ئایینیەکانی (*Lechner, F. J; 1989:51*).

کاپلەن و هانتێر (*Hunter, J. D; 1983; 1985*) لە نێوان بنەماگەری و شێوازەکانی‌تری ئاییندا جیاوازی دادەنێن. بەڕای ئەوان بۆچوونەکانی بنەماگەری ئایینی بریتین لە:

١) باوەڕ بە بێخەوش بوونی کتێبە ئایینیەکان بە هەمان چەشنی سەرەتایی: ئەم تایبەتمەندییە بەو واتایە نییە کە تەنیا یەک شرۆڤە لە کتێبە

پیرۆزەکان هەیە. بەڵکوو هەر گرووپێک بۆ خۆی بە گوێرەی بیرو بۆچوونێک کە لە مەڕ کۆمەڵگا و ئایین هەیەتی، شرۆڤەیەکی تایبەتی لە کتێبە پیرۆزەکان هەیە. بوونی گرووپە بنەماگەرە ئیسلامی و مەسیحییەکان نموونەیەکی باشن بۆ ئەم وتەیە.

٢) حاشا لە پلۆرالیسمی ئایینی: بنەماخوازەکان پێیان وایە کە رێژەیی بوونی تاکەکان دەبێتە هۆی کزبوونی باوەڕی تاکەکەسیان. بەم بۆنەوە، ئەم کەسانە باوەڕی تاکەکانی نێو کۆمەڵگای مۆدێرن بە ناڕەوا و نەشیاو دەزانن.

٣) باوەڕ بە ئەزموونی تاکەکەسی خۆیان سەبارەت بە بوونی خودا: بنەماخوازەکان بەردەوام پەیدۆزی بووژاندنەوەی رۆحن. بەڕای ئەوان هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ پیرۆزن.

٤) دژایەتی لە گەڵ دونیاپەرستی و نوێخوازی: بەڕای بنەماخوازەکان، هاودەنگی لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان دەبێتە هۆی تێکچوون و توانەوەی باوەڕە ئایینییەکان. واتە، بەپێی ئەم باوەڕە، مرۆڤخوازی دونیایی یان نائایینی دەبێتە هۆر کوفر و گەندەڵی.

٥) برەو دان بە باوەڕە پاراستنخوازەکان، وەکوو باوکسالاری: بە گوێرەی بۆچوونی بنەماخوازەکان، خودا مرۆڤی لە شێوازی بوونەوەرێکدا ئافراند کە رەگەزێک بێجگە لە رەگەزی خۆی دەوێ و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پیاوانی بە سەر ژناندا زاڵ کرد. بەم بۆنەوە لە گەڵ بزاڤی یەکسانی ژن و پیاو یان هاوڕەگەزخوازییەکان دژایەتی دەکەن و پێیان وایە کە ئەم بزاڤانە دەبنە هۆی تێکدانی ئاکار.

٦) ئامادە بوون لە نێو خەڵکدا بە مەبەستی دوایی هێنان بە نایەکسانییەکان، یان فام کردنی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان: بنەماخوازەکان بۆ لەناو بردنی خەم و کەسەری خەڵکی پێشنیارەکانی خۆیان دەڵێن و بەم چەشنە ئەندامانی نوێ بە ئەندامێتی وەردەگرن. ئەم تایبەتمەندییە بۆتە

هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەم کەسانە بە دواکەوتوو و خۆپەسەند بزانن. بەڵام هەر ئەم تایبەتمەندیەش یارمەتیمان دەدات تا تێبگەین بۆچی لایەنگرانیان، بەجێی دەسەڵاتە روناکبیرانەو نوێ و ئەم جیهانییەکان، ئەو رێبازانەیان هەڵبژاردووە (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

بۆچوونی کۆمەڵناسانە / sociological imagination

واتای فێربوونی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسانە، بەرانبەرە لە گەڵ راهێنانی هێزی خەیاڵ و رامان. توێژینەوەی کۆمەڵناسانە ناتوانێ تەنیا پرۆسەیەکی ئاسایی بێ بۆ بە دەست هێنانی زانیاری. کۆمەڵناس کەسێکە کە بتوانێ نەکەوێتە ژێر کاریگەری راستەوخۆی بارودۆخە کەسییەکانی خۆی. کاری کۆمەڵناسانە بەستراوە بەو شتەی کە رایتمیلز ناوی *بۆچوونی کۆمەڵناسانەی* لە سەر دانا (*Mills. C. W. 1959*).

بۆچوونی کۆمەڵناسانە پێویستی هەیە بەوەی کە بتوانین بیر و خەیاڵمان لە رەوتی ئاسایی ژیان دوور کەینەوە تا بتوانن سەرلەنوێ سەیری رووداوە ئاساییەکانی ژیان کەینەوە. کۆمەڵناسی یارمەتیمان دەدات تا بتوانین باشتر لە ئەزموون و کێشە و روانگەکانمان بگەین. خەڵکی لە وتو وێژی رۆژانە و ئاساییاندا هان دەدەن لە نێوان کێشە کەسییەکانی خۆیان و تەوەرە گشتییەکاندا جیاوازی دابنێن. ئێمە وای بۆ دەچین کە کێشە و پرسە تاکەکەسییەکان رەنگدانەوەی ئەزموونگەلی راستەوخۆ و پێوەندیگەلی تاکەکەسین و چارەسەر کردنیان لە ئەستۆی خودی تاکە. بە پێچەوانەی ئەوە، تەوەرە گشتیەکان سەرتر لە ئەزموونە تاکەکەسییەکانن، بۆیە رەنگە لێڵ و ئینتزاعی دیار بن. هەرچەند بەها گشتییەکان زۆرجار دەکەونە مەترسییەوە، بەڵام لە راستیدا ئێمە زۆرجار نازانین مەبەست لەم بەها گشتییانە چین و بۆچی تووشی مەترسی هاتوون، بەڵام پێمان خۆشە تەوەرە

گشتییەکان لە کێشە تاکەکەسییەکانی خۆمان جیا کەینــەوە. لــە روانگــەی کۆمەڵناسیەوە ئەم دوو چەمکە لێکتر جیاواز نین و تێکەڵاوی یــەکتــرن. بــە بڕوای رایتمیلز بە بێ تێگەیشــتن لــەم دوو تــەوەرە، نــە ژیــانی تــاک و نــە مێژووی کۆمەڵگا هیچ یەکیان بە تەواوی ناناسرێن (عضدانلو؛ ۱۳۸۴).

بۆ وێنە دەتوانین رووداوێکــی زۆر ئاســایی وەکــوو خورادنــەوەی قــاوە لــە بەرچاو بگرین. لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە دەتوانین ئاوەها هەڵسوکەوتێک لە چەن رەهەندەوە بخەینە بەر باس و لێداون. سەرەتا دەتوانین بڵــێین کــە قاوە تەنیا جۆرێک خورادنەوە نییە کە بۆ پاراستنی رادەی ئاوی نێو لــەشمــان پێویستە. بەڵکوو وەکوو بەشێک لە رێورەسمی کۆمەڵایەتییە کە بــایــەخــی سیمبۆلیکی هەیە. ئەو رێورەسمەی کە قاوەی تێدا دەخورێتــەوە، گرینگتــر لە خودی خواردنەوەکەیە. بۆ وێنە دوو کــەس کــە بــڕیاری قــاوە خواردنــەوە پێکەوە دادەنێن، مەبەستی سەرەکییان قسە و لێدوانە تا خواردنــەوەی قــاوە. خــواردن و خورادنــەوە لــە هــەمــوو کۆمــەڵــگاکاندا هــەلــێکن بــۆ کــارلێکی کۆمەڵایەتی؛ ئەم هەلانەش بابەتێکی گرینگ بۆ توێژینــەوەی کۆمــەڵناســانە دەدەنە دەست.

قاوە ماددەیەکی سڕکەرە، کافئینی تێدایە کە بە سەر مێشکدا کاریگــەری هەیە. ئەوانە خوویان بە خواردنەوەی قاوە هەیە، لــە زۆربــەی کۆمــەڵــگاکاندا وەکوو ئەوانەی گیرۆدەی ماددە ســڕکەرەکــانن ســەیــر نــاکرێن. هــۆی ئــەم بابەتەش خۆی دەتوانێ پرســیارێکی کۆمــەڵناســانەی ســەرنجــڕاکێش بــێ. سێیەم، کەسێک کە خەریکە قوم-قوم قاوە دەخواتەوە، هاتۆتــە نێــو بازنــەی کۆمەڵە پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر ئاڵۆزەوە کە لە سەرلــەبــەری دونیادا تەشەنەی کردووە. بەرهەمهێنان، راگواســتن و دابــەش کــردنی قــاوە پێویستی بە پێوەندیەکی بەردەوام لە نێوان کــەســانێکە کــە هــەزاران میــل دوورتر لەو کەسانەن کە قاوە دەخۆنەوە. توێژینەوەلــە ســەر ئــەم بازرگانییــە

جیهانییه، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی کۆمەڵناسییە، چونکە ئەمڕۆکە زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانمان وا لەژێر کاریگەری پێوەندی و توجارەتی جیهانیدا(گیدنز؛ ١٣٨٥).

بە گشتی پێوەندی نێوان پرسەکان و تەوەرەکان، لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسین. تێگەیشتن لە ئاوەها پێوەندییەک، بەستراوە بە چۆنییەتی بۆچوونی کۆمەڵناسانەوە. بۆچوونە کۆمەڵناسانەکان کەرەسە و ئامرازێکی گرینگن بۆ پێوەندی دانی ژیانی تاکەکەسی تاکەکان بە هێزە مێژوویی-کۆمەلایەتییەکانەوە. لە دونیای ئەمڕۆدا، تەیار بوون بە بۆچوونی کۆمەڵناسانەوە، یارمەتیمان دەدات تا چاکتر لە پێوەندی و بەندیواری ولاتان، نەتەوەکان و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی دونیا بگەین.

بورژوازی / bourgeoisy

بورژوازی لە سەرەتادا بە چینە ناونجییە فەرانسییەکان دەبێژرا؛ لەم چەرخەدا بۆ ئەم زاراوەیە دوو ڕەهەند دەستنیشان کراوە: یەکەم، ئاماژە دەکات بە تاکە سوننەتخواز و بەرچاو تەنگەکان؛ واتە زۆتر ژیانی ئاسایی و ڕواڵەتی بریکار و قەشە و بازرگان و کارمەندانی دەوڵەت دەگرێتەوە. ئەم زاراوە، جۆرێک سووکایەتی تێدا بوو و باسی لە لووتبەرزی چینی سەرمایەدار دەکرد. ڕەهەندی دووەم لە بیردۆزی مارکسیەوە سەرچاوە دەگرێ و بریتیە لە سەرمایەداران و خاوەنانی کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان. لە سەرەتای سالانی شۆڕشی پیشەسازیدا (لە دەیەی ١٧٥٠ بەم لاوە) سەرمایەدارەکان پێکهێنەرانی چینی ناونجی بوون؛ واتە چینێک لە نێوان کرێکارن و وەرزێران لە لایەکەوە و زەویداران و دەرەبەگەکان لە لایەکیترەوە. لە کۆتایی بەرگی سێی کتێبی *سەرمایە*دا، مارکس باس لە بوونی سێ چینی گەورە دەکات: کرێکاران، سەرمایەداران و خاوەن

زەوینەکان (مارکس؛ ١٣٨٣).

خاوەن زەوینەکان وەکوو چینی سەرەکی لە دەورێکدا کە خەریک بوو دەبووە پیشەسازی، گرینگترین چین بوو. بارینگتۆن مۆر دەڵێ گۆڕانی داهاتووی دیمۆکراسی بەوەوە بەستراوە کە بەپیشەسازی بوون لە سەرەوە (واتە لە چینە خاوەن زەویەکانەوە) سەرچاوە دەگرێ (وەکوو ئەو پرۆسەی لە ئاڵمانیا و ژاپۆندا بەڕێوە چوو) یاخۆ لە خوارەوە، لە شۆڕشی بورژواییەوە (بەو جۆرەی کە لە فەرانسەدا هاتە ئاراوە) (مۆر؛ ١٣٧٦). پاش بوون بە پیشەسازی، بایەخی زەویدارەکان هاتە خوارەوە و بەو جۆرەی کە پۆلانزاس (١٩٧٦) (مارکسیستی مۆدێرنی فەرانسی) دەڵێ زۆرتر لە هەر شتێ وەکوو بەشێک لە بورژوازی دەزاندران. بەشێکی تری بوژوازی مۆدێرن کە زۆر گرینگ بوو، سەرمایەدارە ماڵییەکان بوون. ئەم گرووپانە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا دەتوانن قازانجەکانیان یەکسان یاخۆ لێک جیاواز بێ. لە بریتانیادا بە درێژایی سالانێکی زۆر، سەرمایەدارانی پیشەسازی بەشی زاڵی بوژوازی بوون و لە چاو زەویدارەکاندا توانییان لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنن، بەلام ئێستا ئەم سەرکەوتنە تایبەتی سەرمایەدارانی ماڵییە. دەیڤید هارڤی (١٩٨٩) تاوتوێی ئەو شتەی کە ئێمە پاشپیشەسازی پێ دەڵێین، دەکات و هۆی ئەم گۆڕانە بە گەشەی هێز و دەسەلاتی سەرمایەدارانی ماڵی دەزانێ کە بەهرەلە تیکنۆلۆجیای زانیاری نوێ وەردەگرن تا بتوانن سەرمایەیانلە شوێنێکدا دابنێن کە لە کەمترین کاتدا زۆرترین قازانجیان دەست کەوێ. مارکس هەندێ ناتەبایی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازیدا دیبەوە و رایگەیاند کە ئەم قازانجە دژ بە یەکانە، لە لایەن دەوڵەتەوە وەکوو «لێژنەی ناوەندی» بورژوازی کۆنترۆڵ دەکرێن.

بێگومان، مارکس لە زۆر شوێندا وای هەست کردووە کە دوو چینی

سەرەکی سەرمایەداری، بورژوازی و پرۆلیتاریا، سەرمایەداران و کرێکاران، لە پشت ئەو سەنگەرانەوە کە مەودایەکی زۆریان لە نێواندا نەماوە، خەریکی بەربەرەکانێ لە گەڵ یەک دەبن؛ واتە هەموو چینەکانی‌تر لەم دوو سەنگەرەدا کۆوە دەبن. هەروەها پێی وابوو کە بورژوازی تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە و ئەرکی ئەوەیە کە ببێتە هۆی گەشەسەندنی چینی کرێکار و لەوە بەدوا ئەرکێکی نەماوە و دەبێ نەمێنێ. لەم بابەتەدا بەتەواوی بە هەڵەدا رۆیشتووە و ئاوڕی لە گرووپە ناونجییەکان کە بەردەوام لە هەڵکشاندان، نەداوەتەوە. یەکێک لە گرووپە سەرەکییە ناونجییەکان چینی وردە بوژوان (کرایب؛ ۱۳۸۸).

چینی وردەبورژوا زۆر لەوەی دەکا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن چینی ناونجی و بریتیە لەو وردە کاسبکارانەی کە ڕەنگە بەبێ کرێکار کار بکەن، یاخۆ پتر لە چەن کرێکاریان نەبێ؛ هەروەها ئەو پسپۆڕانەی کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نییە؛ وەکوو بریکارەکان، دووکاندارانی بچووک و ... . دەیڤی مەکلێلان (۱۹۷۱) دەڵێ کە مارکس لە بەرگی دووەمی *بیردۆزی بەها زیادییەکان* (۱۹٦۹/۱۸٦۲)دا ریکاردۆی بە بۆنەی نەناسینی چینی ناونجیەوە -کە خەریکی گەشەسەندنە- خستۆتە بەر رەخنە و پلار. بەڵام بێ‌گومان ئەمە تەنیا ئاماژەیەکە و بۆ روون کردنەوە و شرۆڤەی زۆرتر خراوەتە ئەستۆی مارکسیستەکانی داهاتوو (کرایب؛ ۱۳۸۸).

بۆرۆکراسی / bureacracy

سیستەمی بۆرۆکراسی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکانی سەدەی بیستەمە، هەرچەند ئەم پێکهاتانە لە سەدان ساڵ لەمە پێشەوە هەبوون. ماکس ڤێبێر، بۆرۆکراسی بە ئامراز و کەرەسەیەکی لێهاتوو دەزانی بۆ گەیشتن بە دۆز و ئارمانجەکانی ڕێکخراو. بەڕای ڤیبێر ، ڕێکخراو دەتوانێ بە

هۆی بۆرۆکراسیەوە کارمەندەکانی هان بدا کە زۆرترین کاری بۆ بکەن و لە ئاوێتەبوونی ژیان و پێوەندییە کەسیەکانی کارمەندان لە گەڵ چالاکییەئیدارییەکانیان بەرگری دەکات. هەروەها دەسنیشانی کردووە کە بۆرۆکراسی زۆرتر لە رەوت و شێوازە رێکخراوەییەکانیتر بەرگری لە فەوتانی کات و پارە دەکات (کوئن؛ ١٣٨٧).

بۆرۆکراسی لە واتای گشتی خۆیدا -بەڕای ڤیبێر- تایبەت بە کۆمەڵگاکانی رۆژاوا نییە. پادشاکانی میسر، ئیمپراتۆری چین، کلیسای کاتۆلیکی رۆم و دەوڵەتەئەورووپییەکان، هەموویان وەکوو بنکە بەرفراوانەکانی سەرمایەداری ئێستا خاوەنی نووسینگە و کارمەند و کاری دیوانی بوون. بەڵام ئەو بۆرۆکراسییەی ڤیبێر ئاماژەی پێ دەکا، خاوەنی پێکهاتەیەکی تایبەتە. ئەم جۆرە بۆرۆکراسیە بریتیە لە رێککەوتنی بەردەوام و سەقامگرتووی هاوکاری نێوان تاکەکان، کە هەر یەکەیان خاوەنی ئەرکێکی پسپۆڕانە و تایبەتن. کاری بۆرۆکراسی جیا لە ژیانی خێزانییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە جیاوازە لە کەسایەتی خودی کارمەندیش. ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ کارمەندێکدا کە لە ئیدارەیەکدا دانیشتووە، لە گەڵ کەسایەتی خودی ئەو کەسە پێوەندیمان نییە، بەڵکوو لە گەڵ بەڕێوەبەرێکی گومناو بەرەوڕوو دەبین کە هیچ سەرنج نادەینە ئەوەی کە بزانین ئەم بەڕێوەبەرە چ تایبەتمەندی و کەسایەتییەکی هەیە. هەروەها، بێگومان زۆر تووڕە و زویر دەبین گەر کارمەندێک بە هۆی کێشەی خێزانی خۆیەوە کارەکانی بە جوانی جێبەجێ نەکات، یاخۆ باس لە کەمایەسی ژیانی بێنێتە نێو ئیدارەو لە لای کارمەندانیتر بیگێڕێتەوە. کارمەند دەبێ بە کاری ئیداری خۆی رابگا و ئەم کارەش هیچ پێوەندییەکی بە منداڵ و رۆژی پشوودان و لەم چەشنە باسانەوە نییە. ئەم بێناو و نیشان بوونە، بەشی زاتی بۆرۆکراسییە و هەرکەس دەبێ یاساکان بناسێ و بە پێڕەوی لە یاسا و دەستوورەکان

بزوێتەوە و لە هەمبەر ئەو کارەی مووچەیەکی دیاری کراو بە گوێرەی پلە و پاگەو رادەی کار کردنی وەربگرێ (آرون؛ ١٣٨٦).

ماکس ڤیبێر بەم جۆرە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی بۆرۆکراسی شرۆڤە دەکات:

١) بەپیشەیی بوونی کارەکان: لە سیستەمی بۆرۆکراسیدا هەر کەسە دەبێ بە تەنیا ئەو کارەی لە ئەستۆی نراوە جێبەجێ بکات. کرێکارێکی مۆنتاژی ترۆمبیل رەنگە تەنیا ئەرکی بەستنی سپەری ترۆمبیل بێ کە بە سەر هێلی بەرهەمهێنانەوە خەریکی رۆیشتنە (وبر؛ ١٣٨٢).

٢) بوونی زنجیرەی پلە و پاگە ئیدارییەکان: هەر خاوەن پلەیەک لەم زنجیرەدا خاوەنی بەرپرسایەتی، ئەرک و چاوەڕوانی تایبەت بە خۆیە و هەر تاکێک لەم زنجیرەدا دەبێ چەندوچوونی چالاکییەکانی بە بالادەستەکەی خۆی رابگەینێ. لە سیستەمی بۆرۆکراسیدا، رادەی دەسەلات بە پلە و پاگەی تاکەوە بەستراوە، نەک خودی تاک (کوئن؛ ١٣٨٧).

٣) رەفتاری فەرمی: لەم سیستەمەدا حوکم و پلەی رێکخراوەیی هەرکەس بە گوێرەی ئەرکێکە کە خراوەتە ئەستۆی. بە گشتی بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی پلەو پاگەیان لە سیستەمی بۆرۆکراسیدا یەکسانە، حوکم و روتبەی ئیداری یەکسان دەردەچێ (کوئن؛ ١٣٨٧).

٤) بەڕێوەبەرایەتی ئیداریەکان، پێویستیان بە فێرکارییەکی تایبەت و پسپۆڕانەیە. ئەم بابەتە کە رۆژبەرۆژ زۆرتر پەرە دەستێنێ، هەم بۆ کارمەندان و بەڕێوەبەرانی کەرتی تایبەت و هەمیش بۆ کارمەندانی ئیداری دەولەتی رەچاو دەکرێ (وبر؛ ١٣٨٢).

٥) بەڕێوەبەری ئیدارە لە یاساو دەستوورگەلێکی گشتی پێڕەوی دەکا و دەکرێ هەموو ئەو یاسایانە فێری کارمەندانیتر یا خۆ بەڕێوەبەران بکرێن (وبر؛ ١٣٨٢).

ماکس ڤیبێر بۆرۆکراسی بە کەرەسەیەکی شیاو بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانی ڕێکخراو دەزانی. بە بڕوای ڤیبێر، ڕێکخراو دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە بۆرۆکراسی، کاری کارمەندان بگەیەنێتە بەرزترین و زۆرترین ئاستی خۆی و بەر بە ئاوێتە بوونی کاری کارمەندانی بەشە جۆراوجۆرەکان بگرێ. هەروەها زۆرتر لە شێوازە ئیدارییەکانیتر بەرگری لە بەفیڕۆ چوونی کات و پارە دەکرێت (وبر؛ ١٣٨٢).

rehabilitation / بووژاندنەوە

بووژاندنەوە یەکێک لە پاکانەکانی تەمبێیە (بڕوانە: سزادان، بەرگری کردن، بووژاندنەوە). بووژاندنەوە بەرنامەیەکە بۆ ڕاهێنانی تاوانکار تا بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و لادانەکانی دووپاتە نەکاتەوە. ئەم بەرنامە لە سەدەی نۆزدەهەم و شان بە شانی زانستە مرۆییەکان گەشەی سەندووە. بە بڕوای کۆمەڵناسان، لادان و تاوانەکۆمەڵایەتییەکانیتر بە هۆی هەلومەرجی نەشیاو و نالەباری وەکوو هەژاری، نەبوونی پەروەردەی شیاو و گونجاو دێنە دی. بەڵگەی کۆمەڵناسان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە گەر تاوانبار دەتوانێ لادان فێر بێ، توانی ئەوەشی هەیە کە پێڕەوی کردن لە یاسا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان فێر بێ. پرسی سەرەکی بۆ کۆمەڵناسان، کونترۆلی شوێنێکە کە تاک تێیدا پەروەدە دەبێ. کاری یانەکانی چاکسازی و ڕاهێنان-وەکوو شوێنگەلی کۆنترۆڵ- ئەوەیە کە شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری شیاو و گونجاو بە خەلکی فێر کەن.

وێکچوونی سزادان و بووژاندنەوە لەوەدایە کە هەردوویان هان دەدەن تا تاک بە چەشنێک ڕابێنن کە خۆی لە گەڵ نۆرم و یاساکانی کۆمەڵگا بگونجێ. جیاوازییان لەوەدایە کە بووژاندنەوە لە سەر چاکسازی پێکهاتەیی جەخت دەکا، کەچی سزادان، تاوانبار ناچار دەکا کە دان بە سزادانەکەیدا بنێ. بێجگە ئەوانەش، سزادان خوازیاری تەمبێیەکە کە لە گەڵ لادانەکەدا

بەرانبەر بێ، بەڵام بووژاندنەوە لە دووی دەرمانی تاوانە. بەم بۆنەوە، هەرچەند لادانە وەک یەکەکان، سزایەکی وەک یەکیان هەیە، بەڵام رەنگە پێویستیان بە بووژاندنەوەیەکی جیاواز هەبێ (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

بۆلشیڤیزم / bolshevism

هەرچەن زاراوەی بۆلشیڤیزم لە گەڵ لنینیزم بە هاوواتا دەزانرێ، بەڵام ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە کردە یان بزاڤێکی سووشیالیستی-مارکسیستی، کەچی لنینیزم بریتیە لە شرۆڤەی هزری شۆڕشی سوشیالیستی. لنین دانەری ئەم بۆچوونە رامیاریەیە، بەڵام چەمکی بۆلشیڤیزم گۆڕانی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانەیە کە زۆربەی مارکسیستەکان (وەکوو ستالین و ترۆتسکی و مائۆ) تێیدا بەشدارن. بۆلشیڤیزم لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سووشیال دیمۆکراتی رووسیا (R.S.D.L.P) لە ١٩٠٣دا هاتە دی. هەر لەو کاتەوە، لنین بۆلشیڤیزمی وەکوو «بزاڤێکی هزری رامیاری و وەکوو پارتێکی رامیاری» پەسەند کرد (باتامور؛ ١٣٨٨).

بۆلشیڤیزم لە روانگەی لایەنگرانیەوە بریتی بوو لە سەرسپاردنی بێ چەندوچوون بە مارکسیسم، دان نان بە رێکخراوێکی پارتی کە بە گوێرەی زنجیرەی پلە و پاگەی فەرمیوە چینبەندی کراوە و خاوەنی ناوەندێکی لێزان و پسپۆڕ لە باری شۆڕشەوەیە کە کاری رێنومایی و رێبەرایەتی پارتیان لە ئەستۆیە؛ هەروەها خاوەنی تاکتیکی شۆڕشگێڕانەن لە بەرانبەر تاکتیکی چاکسازانەوە. لە روانگەی پارتی مینشڤیزمەوە (پارتی دژ بە بولشیڤیستەکان)، بۆلشیڤیزم تاوانبار کراوە بە دۆگماتیسم، ئایینپەرستی، دەسەڵاتخوازی لە لایەن رێبەرانیەوە، بایەخ نەدان بە قازانجە راستەقینەکانی کرێکاران و گوێ نەدان بە بیر و بۆچوونەکانیان و هۆگرێتی بە پیلانگێڕی (گولد؛ ١٣٨٤).

لنین دوو پێناسە لە بۆلشیڤیزم دەداتە دەست کە بریتین لە : ١)

مارکسیسمی شۆڕشگێڕانەی رووسیا و ٢) بەکارهێنانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەلە هەل و مەرجە تایبەتەکانی سەردەمدا. لنین، بۆلشیڤیزمی لەم دوو رەهەندەدا دەناسی و وەکوو «پرۆسەی هزری رامیاری و پارتێکی رامیاری» ناوی لێ دەبرد.

لە دەرەوەی رووسیادا، لە نێوان سالانی ٣٠-١٩٢٩ دا بۆلشیڤیزم وەکوو بزاڤیکی پێشکەوتوو، چەپگەرا و رادیکاڵ سەیری دەکرا؛ کەچی لە نێوان سالانی ٥٠-١٩٤٠ دا وەکوو حکوومەتێکی یەک پارتی نوێ باسی لێ دەکرا. هەر لەم رووەوە گووریان بەم جۆرە بۆلشیڤیزم لێک دەداتەوە: «کۆمۆنیزمێکی نوێ کە لە شۆڕشی ١٩١٧ی رووسیادا دەسەلاتی گرتە دەست و لەو سەردەمەوە بوو بە بزاڤێک کە بایەخێکی جیهانی هەیە» (گولد؛ ١٣٨٤).

بەبازاڕی بوون/ marketization

ئەم زاراوە بۆ سیستەمێکی ئابووری بە کار دەبرێ، کە بناغەی لەسەر رەوشت و بنەما و میتۆدی بازاڕ (وەکوو رانان، داواکردن، هەڵبژاردن و ململانێ) دانراوە.

بەپیشەسازی بوون/ industrialization

بەپیشەسازی بوون، لە واتایەکی گشتیدا و بەبێ ئاماژە بە هیچ جۆرە شۆڕشێکی پیشەسازی تایبەت، بە مانای گەشەی پیشەگەلی نوێیە هاوکات لە گەڵ هەموو هەڵومەرج و کێشەیەکی ئابووری و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگایەکی کشتوکالیدا.

هەرچەند بەرفراوانی ئەم زاراوەیە ناگاتە ئاستی شۆڕشی پیشەسازی، بەلام ئەم زاراوەلە ٣٠ ساڵی لەمەوپێشەوە بۆ پۆلێنی هەڵومەرجگەلێکی تایبەت

بەکار براوە، چونکە زاراوەی کۆنتری شۆڕشی پیشەسازی، بۆ نواندنی ئەو واتایە زۆر کارا نەبوو. ئەم زاراوە دوو واتای سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

١- بە گشتی باس لە کۆمەڵگایەک دەکات کە پیشەکانی بەرهەمهێنان، رۆڵی سەرەکییان لە گەشە و پەرەسەندنیدا بووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم پیشانە بریتین لە: سەرمایەدانانی نەگۆڕ و زۆر لە بەشی کارخانە و بیناسازیدا، بەکارهێنانی زانست لە تەکنیکی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لە بارستێکی زۆر و ستاندارد کراودا. ئەم واتایە جیاوازە لەوەی کە لە شۆڕشی پیشەسازیدا باسی لێ دەکرێ. بۆ وێنە، لە باکووری ئیتاڵی و رووسیا و ژاپۆندا رەوتی بەپیشەسازی بوون دیار بوو، بەڵام باری ژیانی ئابووری خەڵک گۆڕانێکی زۆر کەمی تێدا بەدی دەکرا.

٢- بەپیشەسازی بوون بەگوێرەی ئەو پیشانەی لە بەر چاو دەگیرێ کە لە رێی شۆڕشی پیشەسازی بریتانیاوە لە شوێنەکانی‌تردا بەکار برا. هەروەها مێژوونووسان ئەم زاراوەیە بۆ پیشاندانی هەرچەشنە گەشەیەکی پیشەسازی لە بەرانبەر کشتو کاڵدا دەزانن. وەکوو پیشەدەستییەکان، بەرهەمهێنان لە رادەیەکی کەم یا زۆردا (کولمن؛ ١٩٦٤).

به پیشەیی کردن / professionalization

واتای ئەم زاراوەیە باس لە مەیلی تاقمێک دەکا بۆ بەدەست هێنانی تایبەتمەندییەکانی کارێکی تایبەت و پسپۆڕانە، یاخۆ باس لە پرۆسەیەک دەکا کە دەبێتە هۆی بەدەستهاتنی ئەم تایبەتمەندییانە. ماکس ڤیبێر لە نووسراوەکانیدا بەتایبەت لە بابەتانەی کە لە سەر بۆرۆکراسی نوسیویە، لە سەر ئەم خاڵە جەخت دەکا کە دەسەڵات و هێزی تاک نەک لە خودی تاکدا، بەڵکوو لەو پلەو پاگەیەدایە کە لە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا پێی‌سپێردراوە. دەسەڵاتێک کە ماکس ڤیبێر وەکوو دەسەڵاتێکی یاسایی و

فەرمی، باسی لێ دەکا، روون و ئاشکرایە و هەموو کۆمەڵناسان دەیناسن: بەڕێوەبەرێک دەستوور دەداتە کارمەندێکی و ئەو کارمەندەش دەبێ دەستووری بەڕێوەبەر جێبەجێ بکا. دەسەڵاتی بەڕێوەبەر بە هۆی یاسا و ئەو هۆکارانەی بۆ چاودێری بە سەر کارمەندەکاندا رەچاو کراون پشتگیری لێ دەکرێ؛ وەکوو دەرکردنی کارمەند یاخۆ دابەزاندنی پێگەی کاری. پیتێر بلاو و ریچارد شۆنهێر، لە هەمان کاتدا کە دان بە سەر ئەم دەسەڵاتەدا دەنێن، ئاماژە بە دەسەڵاتێکیتر دەکەن بەناوی «دەسەڵاتی پیشە» کە ئەم جۆرە دەسەڵاتە زۆر لێڵ و ئاڵۆز دیارە. بەڕای ئەمان، ئەم جۆرە دەسەڵاتە زۆرتر لەوەی کە دیارە بۆ دیمۆکراسی مەترسی هەیە و ناکرێ بە سانایی پێناسە بکرێ (*Blau, P. M; and R. A. schoenherr, 1973*).

بەبڕوای بلاو و شۆنهێر، دەسەڵاتی پیشە لە دامەزراوەیەکدا، باس لەوە دەکات کە ئەو دامەزراوە بە خێرایی بەرەو بەپیشەییبوون دەڕوا. بەپیشەیی بوون پرۆسەیەکە کە تێیدا دامەزراوەیەک، دەست دەدا بە دامەزراندن و گرتنە کاری پسپۆڕانێک (وەکوو کیمیازان، فیزیازان، ژمێریار، بریکار، ئەندازیار، دەروونناس، کۆمەڵناس و هتد)، کە بۆ بابەت و کارێکی تایبەت، کە بۆ گەیشتن بە دۆز و ئامانجەکانی رێکخراو گرینگن، بە چەشنی فەرمی پەروەردە کراون. ئەم پسپۆڕانە لە زانکۆ و ناوەندە فەرمییەکانی پەروەردەدا راهاتوون. بەم چەشنە، ئەم پسپۆڕانە لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا سەربەخۆن و راستەوخۆ لە سەرپەرشتەکانیان دەستوور وەرناگرن. پسپۆڕان لە نێو چوارچێوەی پیشەکەیاندا دەست دەدەن بە لێکدانەوە و وردبوونەوەلە هەلومەرجەکان و کێشە و پرسەکان چارەسەر دەکەن، یاخۆ شتێکی نوێ دادەهێنن. لە روانگەی پسپۆڕاندا، کارێک کە ئەوان بۆ ئەو دامەزراوەیە ئەنجامی دەدەن (بە دەست هێنانی زانیاری، ئەنجامدانی خزمەتگوزاری یاخۆ داهێنان) کارێکی تەکنیکی و بەبێ لایەنگرییە. ئەم پسپۆڕانە بیر لە

به پیشەیی کردن

ئەنجام و ئاکامی کاریان ناکەنەوە و تەنیا وان لەو بیرەدا کە ئەرکەکەیان بەڕێکوپێکی جێبەجێ کەن.

بلاو و شۆنهێر بڕوایان وایە کە ئاوەها پێوەندییەک لە نێوان پیشە و ڕێکخراودا کێشە ساز دەکات؛ چونکە لە لایەکەوە هیچ کەس بەرپرسایەتی کاری ڕێکخراوێکی گەورە ناگرێتە ئەستۆ و لە لایەکیترەوە دیتنەوەی کەسێک کە سەرچاوەی بە ئەنجام گەیشتنی ئاوەها کردەیەکە، زۆر دژوار و ئالۆزە (*Ibid: 20-21*). لانی کەم دوو هۆ بۆ ئالۆز و دژوار بوونی ئەم شوێنگەیە ڕەچاو دەکرێ. یەکەم: بناغەی پێشنیار و دادوەری پسپۆڕ، لە سەر زانستی پیشەیی و شێوازی پەروەردەیدا بنیات نراوە. ڕەنگە پسپۆڕێک بە جوانی بنەماکانی زانستێکی وەکوو حسێبداری، فیزیا، کیمیا، بیۆلۆجی و کۆمەڵناسی بزانێ و تێی بگا، بەلام ئەم پسپۆڕانە بە چەشنێکی یەک ڕەهەندی ڕاهاتوون و زانیارییەکانیان دەستەبەندی کراون. ڕەنگە ئەم کەسانە سەبارەت بە بابەتێک شارەزایی زۆریان هەبێ، بەلام لە زانستەکانیتر هیچ نازانن. بۆ وێنە ڕەنگە کیمیازانێک بتوانێ ماکێک بۆ کوشتنی قۆلانچە چێ بکات، بەلام سەبارەت بە کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای بەهرە وەرگرتن لەم ماکە، هیچ شتێکی پێ فێر نەکراوە. ڕەنگە کۆمەڵناسێک بتوانێ بە تەواوی لەو کۆسپ و بەربەستانە بگات، بەلام هیچ زانستێک سەبارەت بە تیکنۆلۆجیایی ئەو ماکەی پێی فێر نەکراوە. کەواتە چونکە کۆمەڵناس زانستێکی سەبارەت بە کیمیا نییە، ناتوانێ بەرنامەیەک بۆ فێرکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ماکە دابڕێژێ.

بێجگە لەمەش بڕیار دان لە ڕێکخراوە گەورەکاندا ئالۆز و دژوارە، چونکە هیچ تاکێک بە تەنیا خۆی ئەو زانیاریانەی کە دەبنە هۆی بڕیاردان، کۆ ناکاتەوە. بڕیاردان بەرهەمی زانیاری و پێشنیارەکانی یەک کەس نییە، بەلکوو بەرهەمی زانیاری و پێشنیاری چەن پسپۆڕ لە بواری جۆراوجۆرە.

زۆرجار بڕیاردەران (یا بەڕێوەبەرانی گشتی) بەڕاشکاوی لە بنەمای زانیاری و پێشنیاری پسپۆڕەکان ناگەن. بەم بۆنەوە لە کاتی ڕوودانی کارەساتێکدا، پسپۆڕان دەڵێن کە تەنیا ئەرکی ئەمان کۆکردنەوە و دابین کردنی زانیارییەکان بووە و کەچی بڕیاردەران دەڵێن کە بڕیاری ئەمان بە گوێرەی زانیاری و پێشنیاری پسپۆڕان بووە و بەم بۆنەوە نەیانتوانیوە دەرەنجامی کارەکەیان پێش‌بینی بکەن. بە واتایەکی‌تر، هیچ یەک لەم دوو لایەنە (بڕیاردەران و پسپۆڕان) بەرپرسایەتی کارەساتەکە ناگرنە ئەستۆ.

بەختەکانی ژیان/ life chanced

بەختەکانی ژیان زاراوەیەکە کە یەکەم جار ڤیبێر بۆ داهێنانی باسێکی نوێ سەبارەت بە پێناسەکردنی چین، بەکاری هێنا. بەختی ژیان لە گشتی‌ترین واتایدا بریتیە لە: «دابین کردنی کالا، هەل‌ومەرجی ڕواڵەتی ژیان و ئەزموونە کەسیەکانی ژیان».

ڤیبێر بەنیاز نەبوو کە چینی کۆمەڵایەتی لە گەڵ ئاستی ژیان (بە هەر پانتایەکەوە کە بیری لێ بکرێتەوە) بەرانبەر بزانێ. تەنیا کاتێک کە بکرێ پیشان بدرێ بەختەکانی ژیان تایبەت بە تاقمێک لە خەڵکی خاوەن دەسەڵاتە، ئەو کاتەیە کە دەکرێ ئەو تاقمە -بە گوێرەی بۆچوونی ڤیبێر- بە پێکهێنەری چینێک بزانرێن. پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا پیشاندەری دابەش‌کردنی کۆمەڵایەتی دەسەڵات بە مەبەستی بەکارهێنانی کالا یان توانایە بۆ گەیشتن بە داهات؛ داراییش (بۆ کڕین و بەهرەوەرگرتن لە کالا یا تواناییەکان) بە هۆکاری سەرەکی دەزانرێ. بەگوێرەی هەل‌ومەرجی بازاڕی بەکارهێنانی کالا، دابەش کردنی سامان دەبێتە هۆی پێکهاتنی ناتەبایی و ناکۆکی لە شوێنگە چینایەتییەکاندا؛ واتە هۆکارێکە بۆ بەدیهاتنی بەختەکانی ژیانێکی تایبەت کە چینەکان دیاری دەکات. «دارا بوون و نەداربوون، بە

چەمکی سەرەکی هەموو شوێنگە چینایەتیەکان دەزانرێ».

بونی جیاوازی بەردەوام و سازگار لە بەختەکانی ژیانی گرووپگەلی کۆمەلایەتی-ئابووری لەنێو جڤاکە پیشەسازییەنوێیەکاندا، راستییەکی جێکەوتوو و سەلمێندراوە. کەواتە، بۆ وێنە بە سەرنجدان بە ئاخێزگەی کۆمەلایەتی منداڵێک، دەکرێ کەم تا کورتێک پێشبینی بکرێ کە چەن بۆی هەیە ئەم منداڵە بەر لە کاتی خۆی لەدایک بێ، مانگی یەکەم تا ساڵی یەکەم زیندوو بمێنێ، برا و خوشکی زۆری هەبێ یا تاقانە بێ، لە شوێنگەیەکی جەنجاڵ و قەرەباڵغدا گەورە دەبێ، لە ئەزموونەکانی هۆشدا نومرەی چاک وەردەگرێ، زۆرتر لەو تەمەنەی کە بۆ خوێندن رەچاو کراوە لە قوتابخانەدا بمێنێتەوە، بڕواتە زانکۆ، لە پێگەی کاری بابیدا بمێنێتەوە یا سەرتر کەوێ، بە هۆی نەخۆشی جۆراوجۆرەوە پەکی بکەوێ، تەمەندرێژ یا تەمەن کورت بێ. بەلام گرێدانی هەموو ئەم بۆچوونانە لە گەڵ شێوازی دابەش‌بوونی سامانی گرووپە کۆمەلایەتی-ئابوورییە لێک جیاوازەکان، لە شوێنگەی بازاڕدا (بەچەشنێ کە بتوانین چییەتی چینەکان بەو جۆرەی کە نیازی ڤیبێر بوو جیا بکەینەوە) بۆ خۆی چەمکێکی‌ترە.

هێشتا ئەم بابەتە بەهێزە کە «توانی ئابووری» و «ناتوانی ئابووری» تەوەر و بابەتی بنەڕەتین لە هەموو شوێنگە چینایەتییەکاندا (فلود؛ ١٩٦٤).

بەدەروونی کردن / internalization

لە کۆمەلناسیدا ئەم زاراوە بەرانبەرە لە گەڵ بەکۆمەلایەتی کردن. پرۆسەی بەکۆمەلایەتی‌کردن و بەدەروونی‌کردن و باوەڕە کۆمەلایەتییەکان، لە کاتی لە دایک بوونەوە دەست پێ‌دەکەن و تا کۆتایی تەمەن، درێژەیان هەیە. ئەم زاراوە باس لە پرۆسەیەک دەکات کە منداڵ لەم سۆنگەوە ورە و توانەکانی خۆی دەگەشێنێتەوە و پەرەیان پێ‌دەدات و کەسایەتی و چییەتی

تاکەکەسی خۆی بە دەست دێنێ. بە هۆی ئەم پرۆسەوە، مرۆڤ نۆرم و بەهاو باوەڕ و زمانێک کە بۆ پێوەندی کردن بە خەڵکەوە پێویستی پێیە، فێری دەبێ و لە ناخی خۆیدا سەقامگیری دەکات. هەروەها بەکۆمەڵایەتی کردن و دەروونی کردنی نۆرم و باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆسەیەکە کە کولتوور لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی‌تر رادەگوێزرێتەوە.

بەرزبوونەوەی چاوەڕوانییەکان / rising expectation

لە دەیەی ۱۹٦۰دا ئاژاوەو نائارامی زۆربەی شارەکانی ئەمریکای داگرت. ئەم ئاژاوانە، بە تایبەت ئاژاوەی شاری لۆسانجێلیس لە ساڵی ۱۹۹۲دا کۆمەڵناسانی هان دا بۆ توێژینەوەبۆ ناسینی هۆکانی ئەم کێشە و ئاژاوانە. ئەوەی کە زۆرتر سەرنجی کۆمەڵناسانی بەرەو لای خۆی رادەکێشا ئەوە بوو کە زۆربەی ئەم ئاژاوانە لەو گەڕەکانەی شاردا بوون کە بە رێژەی ساڵانی رابردوو و ناوچەکانی دەور و پشتیان، بارو دۆخێکی شیاوتری ئابووری و کۆمەڵایەتییان بوو. بۆ وێنە لە دەیەی ۱۹۸۰ و لە چاو دەیەیەک لەوە پێش نرخی هەژاری لە ۳۳٪ بۆ ۲۱٪ دابەزیبوو؛ نرخی مرۆڤکوژی لە شاری لۆسانجلێس، لە ئاستی ناونجی هەموو ولاتدا بوو (*U.S News & World report, May 31, 1993: 38*). پرسیارێک کە بۆ کۆمەڵناسان هاتە ئاراوە ئەوەبوو کە بۆچی ئەم ئاژاوانە لەم گەڕەکانەی شاردا دێنە دی، نەک لە گەڕەکە هەژارەکاندا؟ بۆچی شۆڕشەکانی دەیەی ۱۹٦۰ پاش خولێک گەشەی ئابووری و زۆرتر بوونەوەی ئازادییە شارستانییەکان بۆ کەمینەکان هاتە دی؟ ئەمە هەمان شتە کە ئەمڕۆکە کۆمەڵناسان بەرزبوونەوەی رادەی چاوەڕوانییەکانی پێ دەڵێن.

بەرھەمهێنانەوە/ reproduction

بیردۆزانی تیۆری ململانێ لە روانگەیەکی ترەوە سەیری چین‌بەندی و یەکسانی هەل و دەرفەتەکانی ژیان دەکەن. ئەمانە رایان وایە کە هۆی کێشەوگرفتەکانی نێو سیستەمی پەروەردە، ململانێی نێو کۆمەڵگایە. پەروەردەش تەنیا بەشێکە لە سیستەمی دارا و نەدار یان سەرمایەدار و هەژار. مارکس بڕوای وابوو کە سیستەمی پەروەردە دەبێتە هۆی بەردەوامی پێکهاتەی چینایەتی. بە کۆنترۆڵی شێوازی پەروەردە، بێ‌شک دەسڕاگەیشتنی گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بە هەلومەرج و ئاسانکارییەکانی نێو کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەبێ. کەواتە، دەوری پەروەردە، درێژەدان بە پێکهاتەی چینایەتی نێو کۆمەڵگایە.

ئەندامانی نێو چینێکی کۆمەڵایەتی، شێوازی بەکۆمەڵایەتی بوونێکی یەکسان و وەک یەکیان هەیە، بەم بۆنەوە بەها و نۆرم و شێوازی ژیان و حەزەکانیان زۆر لێکتر دەکەن. هەر گرووپێکی نێو کۆمەڵگا دەیەوێ لە کۆمەڵگادا بەشێکی زۆرتر لە دەسەلات و سامان و پلە و رێز بە دەست بێنێ، بۆیە هەر ئەمە دەبێتە هۆی هاتنە دی ململانێ لە نێو کۆمەڵگادا. هەندێ بڕوایان وایە کە پەروەردە دەبێتە هۆی یەکسانی و بەرامبەری لە کۆمەڵگادا، بەڵام لایەنگرانی بیردۆزی ململانێ، پەروەردە بە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوەی نابەرانبەری و نایەکسانی دەسەلات، سامان و رێزی کۆمەڵایەتی دەزانن. بەهاکان، بنەماکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، هەموویان رەنگدانەوەی قازانجی گرووپە دەسەلاتدارەکان و چینی حاکمی کۆمەڵگان و پەروەردەش لەم ریزە بەدەر نییە.

لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠دا، منداڵی کرێکار یان جووتیارێکی فەرەنسی بۆ رۆیشتننە نێو زانکۆ، کەمتر لە یەک لە سەت بەختی بوو، کەچی لە هەمان کاتدا ئەم بەختە بۆ بەڕێوەبەرانی پایەبەرز و چینی سەروو -وەک پزیشک و بریکار- شەست لە سەد بوو. بیردۆزی بەرهەمهێنانەوە کە لە

دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا ناوبانگی دەرکرد، دژکردەوەیەک بوو لە بەرانبەر شکانی سیستەمی پەروەردەی ئەرووپا بۆ گەیشتن بە بەرانبەری کۆمەڵایەتی. بەر لەمە، جیاوازییەتاکەکەسییەکان لە بیرو زمان و هۆش و ئەنگێزەی خوێندن، بە هۆی سەرنەکەوتنی منداڵانی چینە خوارووەکان دەزاندرا. لە راستیدا زۆرتر سەرنج بە تایبەتمەندییە تاکە کەسییەکانی منداڵ دەدرا، تا شێوەی کاری قوتابخانەکان. بە سەرهەڵدانی بیردۆزی بەرهەمهێنانەوە، سەرنجی سەرەکی درایە ئەو چاوەڕوانیانەی کە بە نەبێژراوی ماونەتەوە و هەروەها سەرنجی زۆرتر درایە کاریگەریە نادیارەکانی قوتابی زیرەک و قوتابی نازیرەک و هەروەها پێوەندی نێوان قوتابخانە و ئابووری. بەگوێرەی بیردۆزی بەرهەمهێنانەوە، قوتابخانە هەلومەرج و ئاسانکارییەکان بۆ سەرکەوتن، تەنیا بۆ کەسانێک دابین دەکا کە ئاخێزگەیان لە چینی سەرووی کۆمەڵگادا بێ. بە گشتی بیردۆزی بەرهەمهێنانەوە دەبێتە دوو بەش: **بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی**، **بەرهەمهێنانەوەی کولتووری** (شارع‌پور؛ ١٣٨٧).

بەرهەمهێنانەوەی کولتووری / cultural reproduction

بناوانی ئەم بیردۆزە لە نێو بەرهەمەکانی دوو بیرمەندی بەناوبانگی ئەرووپی، بازیل بێرنشتاین و پییەر بۆردیۆدایە. گریمانەی سەرەکی ئەم دوو بیردۆزە ئەوەیە کە لە نێو سیستەمی پەروەردەدا، شێوازێکی تایبەت لە نەزمی کۆمەڵایەتی هەیە کە سەرچاوەی لەنێو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژووییەکە کە لە دەرەوەی ئەم سیستەمەدایە. نەزمی کۆمەڵایەتی سیستەمی پەروەردە، بە تەواوی بەندیوارە بە هەلومەرجی دەرەوەی ئەم سیستەمە و لە راستیدا ئەرکی پەروەردە، راگواستنی میراتی کولتووری کۆمەڵگایە. بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، زۆر گرینگە بزانین لە قوتابخانەکاندا چ

شتێک رادەگوێزرێ؛ راگواستنێک کە هەم لە رێی بەرنامە پەروەردەییەکانە و هەمیش لە رێی خودی رێکخراوی قوتابخانەوە جێبەجێ دەبێ.

بێرنشتاین، پێکهاتەی کۆمەلایەتی بە سیستەمێک نابەرانبەر لە چینەکان دەزانێ و هۆکاری سەرەکی راگواستنی ئاسەوارەکانی ئەم پێکهاتەیە، هەمان بنەماڵەیە. پلەوپاگەی چینایەتی بنەماڵە، هۆی سەرەکی دیاری کردنی بنەماکانی زمانناسییە (*Bernstein; 1971*).

ئاشکرایە، تاک لە نێو هەر چینێکدا کە راهاتبێ، بە شێوازی تایبەتی ئەو چینە قسەدەکات. گەر ئاخاوتنی بنەماڵەی کرێکارێکی ناپسپۆڕ تۆمار بکرێ و لە گەڵ شێوازی ئاخاوتنی بنەماڵەی کەسایەتیەکی پایەبەرزی ئیداریدا بەراورد بکرێن، جیاوازیەکە ئاشکرا دەبێ، هەرچەن هەر دوو بنەماڵە لە سەر یە شت -وەکوو نرخی شتمەکی خواردت، یان رادەی پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەدا- بپەیڤن. بێشک جیاوازییەکی زۆر هەیە هەم لە نێوان ئەو وشانەی کە بەکار براون و هەم لە چۆنیەتی چنینی ئەو وشانەدا. ئەم دوو جیاوازییە، بناغەی بیردۆزی بێرنشتاین پێکدێنن. بەڕای ئەو چۆنیەتی پێوەندی کۆمەلایەتی، بە سەر شێوازی ئاخافتندا کاریگەری هەیە و ئەم ئاخاوتنەش بەسەر پێوەندی کۆمەلایەتیدا کاریگەری هەیە. لە راستیدا بناغەی هزری بیردۆزی بێرنشتاین دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی دوورکایم، مارکس و مید؛ دوورکایم رای وابوو کە تەوەرەکانی بیرو هزر، بەرهەمی کۆمەڵگان (*Robinson; 1981*).

بەم چەشنە، شێوازی بەرتەسک و سنووردار، مۆدێلی زمانی تاکەکانی چینی کرێکارە و شێوازی ورد و رێکوپێک، مۆدێلی زمانی چینی ناونجییە. بەڕای بێرنشتاین، جیاوازی لە رادەی بیروهۆش نابێتە هۆی جیاوازی نێوان مۆدێلە زمانییەکان، بەلکوو هۆی ئەوە جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان پێوەندیە کۆمەلایەتیەکان. بێرنشتاین رای وایە کە دوو جۆری

سەرەکی لە زمان هەیە: شێوازی رەمەکی و شێوازی فەرمی. زمانی رەمەکی بە رستەی کورت، ساکار و هەوالی دیاری دەکرێ. لەم شێوازەدا سیمبۆلەکان خوارترین ئاستی گشتگیرییان هەیە. زۆر بە کەمی لە ئاوەڵناو و مەرج کەڵک وەردەگیرێ. بەلام زمانی فەرمی، پێکهاتەیەکی چەن تویی هەیە. زۆرتر پاڵ دەداتە لای واتا ئینتزاعییەکانەوە و بازنەی وشەی زۆر بەرفراوانە. بێرنشتاین دەڵێ کە مندالانی چینی کرێکار، بە زمانی رەمەکی قسە دەکەن، کەچی مندالانی چینی ناونجی، بە زمانی فەرمی دەدوێن. مندالی چینی ناونجی دەتوانێ بە هەردووی ئەم زمانانە بدوێ و لێیان تێبگا، بەلام مندالی چینی کرێکار تەنیا لە شێوازی خۆی دەگا و تەنیا بە شێوازی خۆی دەتوانێ بدوێ. شێوازی رەمەکی زۆرتر بۆ پێوەندی نێو دۆستان و هاوالان چاکە تا پێوەندیەکانیتر (*Bernstein; 1977*).

دەتوانین بلێین کە کاری بۆردیۆ، درێژەی کاری بێرنشتاینە. ئەمیش سەبارەت بە کولتوور، پێڕەوی لە روانگەی دوورکایم دەکا. بەڕای بۆردیۆ، بەرهەمهێنانەوەی کولتووری (کە بە هۆی پەروەردەوە جێبەجێ دەبێ) رێگایەکی گرینگە بۆ بەرهەمهێنانی دووبارەی پێکهاتەی چینایەتی؛ واتە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەلایەتی بە هۆی رێکخراوە پەروەردەییەکانەوە جێبەجێ دەبێ، بۆیە سیستەمی پەروەردە بە باشترین رێگایەک دەزانێ کە مێژوو بۆ گواستنەوەی دەسەلاتی دیوەتەوە (*Bourdieu; 1973*). لە ئاوەها هەڵومەرجێکدا قوتابخانە دوو ئەرکی لە ئەستۆیە: ١) پاراستنی کولتوور: قوتابخانە ئەرکی بەرهەمهێنان و راگواستنی سەرمایەی کولتووری لە ئەستۆیە، کولتوورێ کە لە پێشوونانەوە بە میراتی پێمان گەیشتووە. ٢) بەرهەمهێنانەوەی کولتوور: بە ڕای بۆردیۆ، بوون لە قوتابخانە دەبێتە هۆی بەردەوامی و یەکگرتوویەکی بنەمایی سەبارەت بە کالا کولتوورییەکان. تاک لە رێی پەروەردەیەکی بەردەوام و تەکووزەوە کە قوتابخانە رێکی دەخا، بەبێ

ئـەوەی خـۆی بزانـێ، دەبێتـە خـاوەنی سیسـتەمێکـی تـەواو لـە بـیرو تێگەیشتنەکان کە لە ناسینی کولتـووری خۆیـدا یارمـەتی دەدا (شـارع‌پـور؛ ١٣٨٦).

منداڵ لە نێو بنەماڵـەدا لـە بـاری کۆمـەڵایـەتی و زمـان‌ناسـیەوە رادێ و هەروەها تایبەتمەندیگەلێـک وەکـوو شـێواز و رەوتی کـار کـردنی پـێ فێـر دەکرێ. بنەماڵەیە کە بە منداڵ فێر دەکا چ چاوەڕوانییەکی لە داهاتووی بـێ و پێوەرەکانی سەرکەوتن و هەندێ زانیاری تایبەت سەبارەت بـە بـەهاکـانی قوتابخانەی پێ فێر دەکا. بەم چەشنە، منداڵ دەگاتە فام و تێگەیشتنێک کە بتوانێ بەهاکانی نێو کۆمەڵگا بناسێ. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم سەرمایە لە رێی بنەماڵەیانـەوە فێـر نـابن، قوتابخانـە تـەنیـا هۆکارێکـە کـە دەتوانـێ کولتووری زاڵی نێو کۆمەڵگایان پێ بناسێ. کەوابوو، سەرچاوەی نایەکسانی کولتووری، هەمان بنەماڵەیە کە منداڵ لە بـاری زمـانی و کۆمـەڵایـەتییـەوە راناهێنێ. ئێمە وامان خوو گرتووە کە بنەماڵەکان بە گوێرەی ماڵ و سـامانی ماددیانەوە دابەش کەین، بەڵام دەکرێ پلەوپاگەی بنەماڵـەکـان بـە رێـژەی سەرمایەی کولتوورییانەوە دابەش بکرێن. سەرمایەی کولتـووری بریتیـە لـە بەرهەمە کولتوورییەکان (کتێب، ئاسەواری شێوەکاری و...)، چالاکیگەلێـک وەکوو بەشداری لە کۆنسێرتی مۆسیقا، سەردانی مۆزەخانـەو بیرئانینـەکـان، سەردانی کێبەرکێیە وەرزشیەکان، بوون لە قوتابخانەیەکی شیاو و بـوون بـە خاوەنی بەڵگەنامەی خوێندنی باڵا.

دەوری قوتابخانـە ئـەوەیـە کـە سـەرمایـەی کولتووریـەک کـە لـە نێـو بنەماڵەکاندا هەیە، بکاتە سەرکەوتنێکی پـەروەردەیـی. کـەسـانێک کـە لـە ئاستێکی شیاوی سەرمایەی کولتووری بەهرەمەندن، دەتوانن ئەو سـەرمایـە بکەن بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی و پاشان بە هۆی ئەم بەڵگەنامـەوە ئـەرک و بەرپرسایەتیەکی بەرزی کۆمەڵایـەتی بـەدەسـت بێـنن (شـارع‌پـور؛ ١٣٨٦).

بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی / social reproduction

بۆلز و جینتیس لە بیرمەندانەنی ئەم چەرخەن کە بۆ راڤەی سیستەمە پەروەردەییەکان، بەر لە هەر شتێک سەرنجیان داوەتە تایبەتمەندی هێز و پێوەندی کۆمەلایەتی بەرهەمهێنان. ئەم بیرمەندانەزۆریان سەرنج داوەتە پێوەندی کۆمەلایەتی بەرهەمهێنان، چونکە ئەم پێوەندییە کۆمەلایەتییانە بناغەی دابەشکردنی کاری کۆمەلایەتین. بەشی هەرە زۆری چالاکییەکانی بۆلز و جینتیس بۆ سەلماندنی ئەم خالە تەرخان کراوە کە سیستەمی پەروەردە، لە بەرهەمهێنانەوەی دابەشکردنی کاردا دەوری سەرەکی دەگێڕێ. هەرچەند دەسەلاتی چینی سەرمایەدار بێکۆسپ و بەربەست نییە و ئەمەی کە سیستەمی پەروەردە کراوەتە ناوەندێک بۆ گەشەدان بە نابەرانبەریە کۆمەلایەتییەکان، قوتابخانەکانی کردۆتە مەلبەندی دژایەتی چینایەتی.

پێوەندی نێوان سێ دامەزراوەی بنەماڵە، کار و قوتابخانە، چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ بیردۆزی بۆلز و جینتیس سەبارەت بە دەوری پەروەردە لە بەرهەمهێنانەوەی دابەشکاری کۆمەلایەتیدا چێ کردووە. وادیارە کار بەشی سەرەکی ئەم چوارچێوەیە. لەم بابەتەدا توێژینەوەی کۆهن سەبارەت بە چینی کۆمەلایەتی و بەهاکانی دایک و باوکەکان، ئاماژە دەکات بە پلە و پاگەی تاک لە پێکهاتەی دەسەلات لە شوێنی کاردا (*kohn; 1963*).

بۆلز و جینتیس رایان وایە کە نابەرانبەری پەروەردە بەشێک لە تان و پۆی جڤاکی سەرمایەدارییە؛ بۆیە تا سیستەمی سەرمایەداری بەردەوام بێ، ئەم نابەرانبەرییە درێژەی هەیە. بەم بۆنەوە سیستەمی پەروەردە بە بەشێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی چینی دەسەلاتدار دەزانن. لە راستیدا رەخنەی بۆلز و جینتیس لە قوتابخانە ئەوەیە کە قوتابخانە

پێوەندییەکی بەردەوامی لە گەڵ سیستەمی پیشەسازی هەیە و بۆیە شتێکە زۆرتر لە دەزگایەکی ئایدیۆلۆژیکی.

به گشتی رای ئەم دوو تۆژەرە ئەوەیە کە لە جڤاکە سەرمایەدارییەکاندا، فێرکاری قوتابخانەیی بۆتە هۆی گۆڕانی چۆنییەتی مرۆڤەکان، بە تایبەت بۆتە هۆی نامۆ کەوتنی ئینسانەکان لە خۆیان و بۆ ناسینی راستەقینەی خۆیان تووشی کێشە هاتوون. پەروەدە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو جۆرە زانیارییەی کە چینی سەرمایەدار خوازیارین، هان دەدا و بەردەوامی دەداتە پرۆسەی بەرهەمهێنانێک کە ئەم چینە دانەر و لایەنگریە (شارع‌پور؛ ۱۳۸۷).

خاڵە لاوازەکانی بەهەمهێنانەوەی کۆمەلاتی بریتیە لە: روانگەیەکی نەزۆک سەبارەت بە مرۆڤ و رەش بینی و سەرنج نەدان بە ناکۆکی و قەیرانەکانی نێو قوتابخانە و شوێنی کار. بە بڕوای گرامشی ئەم بیردۆزە لە روون کردنەوەی چۆنییەتی کۆنترۆڵی چینی دەسەلاتدار بە سەر کۆمەڵگادا، زۆر لە سەر ئیجباری راستەوخۆ پێداگری کردووە.

یەکێک‌تر لە خاڵە لاوازەکانی ئەم تیۆرییە، سەرنج نەدان بەو زانستەیە کە پێکهێنەری وانەکانە. بە بڕوای ئەوان، بەرهەمهێنانەوەی کۆمەلایەتی نەک لە ڕێی ناوەرۆکی پەروەردەی قوتابخانەکانەوە، بەڵکوو لە ڕێی بیچم و قەوارەی پەروەردەوە دێتە دی. بۆیە ئەم پرسانە دێنە ئاراوە کە چ پێوەندییەک لە نێوان ناوەرۆک و شێوازی پەروەردەدایە؟ ئایا شێواز بە سەر ناوەرۆکدا کاریگەری هەیە؟ ئایا دەتوانین وای بۆ بچین کە ناوەرۆک بایەخێکی کەمی هەیە؟سەرنج نەدانی بۆلز و جینتیس بەم بابەتانە، لە خاڵە لاوازەکانی بیردۆزەکەیان دێتە ژمار(شارع‌پور؛ ۱۳۸۷).

بەشی دووەمینی ئابووری / secondary economic sector

ئەم بەشە بریتیە لەو بەشەی کە ماکە کاڵەکان بۆ ئاڵوگۆڕ دەبەنە نێو

کارخانەکان. ئەم بەشە لە ئابووری، دەسکەوتی پاش شۆڕشی پیشەسازی و بنیاتنانی کارخانەگەلی جۆراوجۆر لە ئەورووپایە. تا بەر لە شۆڕشی پیشەسازی، خێزانەکان دەوری سەرەکیان لە بەرهەمهێناندا دەگێڕا، بەلام بە زۆربوونی ژمارەی خەلک و پاش شۆڕشی پیشەسازی و داهاتنی کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ بەرهەمهێنان، کاری خێزانەکان پەرسڤدەری داواکارییەکانی نێو بازاڕ نەبوو، بۆیە کارخانەکان داهاتن و ئەم کارخانانە بە گۆڕانی مەوادی سەرەکی و کال، پێداویستییەکانی کۆمەلگایان لە رادەیەکی زۆر و بەرچاودا دێنایە بەرهەم (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

ئەم بەشە لە کاری ئابووری، پالاوتنگەکانی نەوت، بە کار هێنانی کانزاکان بۆ مەکینەگەلی پیشەسازی و چێ کردنی ترۆمبیل دەگرێتەوە. لە نێوان سالانی ١٩٨٠-١٩٩٣دا ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە کارخانە پیشەسازییەکانی رۆژاوای ئەورووپادا خەریکی کار بوون، لە ٢٧ میلیۆن کەسەوە گەیشتە ٢١ میلیۆن (*Eurosat; 1995: 288*).

بەشی سێیەمینی ئابووری / tertiary economic sector

یەکێک لە دیاردە ئابوورییەکانی خولی پاش پیشەسازی، داهاتنی پیشەی خزمەتگوزارییە بەجێی بەرهەمهێنانی پیشەسازی. ولاتانی پێشکەوتوو بە گواستنەوەی کارخانەکان بۆ ئەو ولاتانەی خەریکی گەشەسەندنن، توانیویانە لە هێزی کاری هەرزانی ئەو ولاتانە کەلک وەربگرن و هەم تەم و دووکەلی کارخانەکانیان بۆ ئەو ولاتانە گواستۆتەوە و بۆ خۆیان لە بەشی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبەرایەتی و بەرهەمهێنانی تیکنۆلۆجی و زانیاریدا کار دەکەن (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

ولاتانی هەژار تەنیا ٢٢ لە سەتی بەرهەمەکانیان لەم ڕێگایەوە دابین دەکرێ، کەچی لە سالی ١٩٧٠دا زۆرتر لە ٤٠ لە سەتی داهاتی ولاتانی

پێشکەوتووی رۆژاوای ئەورووپا لە سۆنگەی بەرهەمی کارخانەکانەوە دابین دەکرا (بەشی دووەمینی ئابووری). لە ساڵی ١٩٩٢دا بەشی خزمەتگوزاری زۆرتر لە ٦٠ لە سەتی داهاتی ئەم وڵاتانەی پێک دێنا و ٧٠ لە سەتی هێزی کاری خەڵکی ئەورووپا بە چەشنێک لەم بوارەدا کار دەکەن (*Eurosat; 1995: 250*). ئەم گۆڕانکارییە بە یەکێک لە گرینگترین گۆڕانکارییەکانی ئابووری نوێ دێتە ژمار.

بەشی یەکەمینی ئابووری / primary economic sector

کۆمەڵناسان لە لایەکەوە شۆڕشی کشتوکاڵ و پیشەسازی و زانیاری لێک جیادەکەنەوەو لە لایەکی ترەوە ئابووری کۆمەڵگاکان بە سێ بەشی یەکەمین و دووەمین و سێیەمین دابەش دەکەن (بڕوانە: بەشی دووەمین و بەشی سێیەمینی ئابووری). لە لای ئەوان هەر یەک لەم شۆڕشانە بۆتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی لەناو بەشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا. بەشی یەکەمین بریتیە لەو بەشەی کە مەوادی سەرەتایی و کاڵ راستەوخۆ لە سروشت هەڵدەگرن. ئەم بەشە کە بریتیە لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ماسیگری، جەنگڵوانی و دەرهێنانی کانەکان، بەشی سە رەکی ئابووری کۆمەڵگا پێش پیشەسازییەکان دەگرێتە بەر. ٦٣ لە سەتی داهاتی وڵاتە هەژارەکان لە بەشی یەکەمینی ئابووریدایە. هەرچەند گەشەی ئابووری کۆمەڵگاکان زۆرتر بێ، بایەخی بەشی یەکەمین کەمتر دەبێتەوە. ئەم بەشەی ئابووری، ٣٢ لە سەتی داهاتی ئابووری وڵاتانێ ناونجی و ٤ لە سەتی داهاتی ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو پێک دێنێ (*Eurosat; 1995: 250*). ئەم بەشە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا خەریکە بایەخ و گرینگی خۆی لە دەست دەدا.

بەها (بایەخ)/ value

بەها کۆمەلایەتییەکان، بۆ خەڵکی روون دەکەنەوە کە چ شتێک گرینگ و

بەنرخە و دەبێ خەڵکی بە پێی ئەو بایەخانە هەڵسوکەوت کەن و چ شتێک لە باری ئەخلاقییەوە نالەبارەو دەبێ خەڵکی خۆی لێ بپوێرن (موحسێنی؛ ٢٠٠٦). بە پێچەوانەی واتای باوەڕ کە باس لە پێناسەی ئەو شتانە دەکات کە هەن، بەها، پەسنی ئەو شتانە دەکات کە دەبێ بن. بە واتایەکی ساکارتر، بەها، بریتیە لەو بۆچوونانەی کە دەڵێن چ شتێک دروستە و چ شتێک هەڵەیە. بەهاکان، پێوەرگەلێکن بۆ دادوەری کردن.

بەهاکان، پێوەرێکی کۆمەلایەتین و خەڵکی لەسۆنگەی ئەوانەوە جوانی و دلڕفێنی و خوشیکی کەس یان کردەوەیەک دەنرخێنن و دەیکەن بە ڕێنومای ژیانی کۆمەلایەتییان. واتاگەلێک وەکوو «ئازادی دەنگدان» یان «هەلی یەکسان» لە جڤاکە دیمۆکراتیکەکاندا واتای بەهادارن. بەها کولتووریەکان نە تەنیا چۆنییەتی بۆچوونمان لە مەڕ کۆمەڵگا پێک دێنن، بەڵکوو داڕێژەری بنەمای کەسایەتیمانن(عضدانلو؛ ١٣٨۴).

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەندێ بەها گرینگی زیاتری پێ دەدرێت. لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، بەگفت بوون، پێشکەوتنی ماددی و ململانێ، بەهاگەلی گرینگن. کەچی لە کۆمەڵگای ناپیشەسازیدا بەهاگەلیتر گرینگن. لە هەندێ کۆمەڵگادا گرینگی زۆرتر بە تاکخوازی دەدرێ، کەچی لە هەندێ کۆمەڵگایتردا بایەخی زۆرتر بە نیازە گشتییەکان دەدرێ؛ بۆ نموونە زۆربەی قوتابییانی بریتانی لە ئەزموونداگەر ببینن قوتابیەک دەغەڵبازی دەکات و لە رووی کەسانیتر وەلام دەداتەوە، زۆری پێ تووڕە دەبن، کەچی قونابیانی رووسی ئەم تووڕەبوونەیان پێ سەیرە و پێیان وایە کە یارمەتیدانی یەکتری بۆ سەرکەوتن لە ئەزمووندا، بەهای کولتووریە (گیدنز؛ ٢٠٠۴).

لە کۆمەڵگایەکی ساکاردا، ڕێککەوتن لە سەر کۆمەڵە بەهایەک زۆر ئاسانە، کەچی لە کۆمەڵگایەکی نوێدا سیستەمێک لە بەهاکان، زاڵ و بالادەستن. وەکوو ئەوەی «گرینگی دان بە گەشەی ئابووری پێویستە یاخۆ

ژینگە؟» کۆمەڵگا دەبێ زۆرتر پەرە بە تاکخوازی بدا یان بیر و باوەڕی گرووپی؟ (موحسنی؛ ٢٠٠٦)

بە گۆڕانی کۆمەڵگاکان و ئاڵۆزتر بوونی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان، بەهاکانیش تووشی گۆڕان دێن؛ تەنانەت بۆیان هەیە ببنە دژەبەها، یاخۆ دژە بەهاکان ببنە بەها و نۆرمی کۆمەلایەتی. وەکوو ئەوەی کە پێوەندی سێکسی بەر لە زەماوەند یان پێکەوە ژیانی کوڕ و کچانێ کە ژن و مێردی ڕەسمی نین، لە چەن دەیەی لەمەو پێش، ڕووداوێکی نائاسایی و لادان لە بەهاکان بوو، کەچی ئێستا لە زۆربەی ولاتاندا وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی سەیری دەکرێ.

بە کۆمەلایەتیبوون / socialization

بەکۆمەلایەتیبوون لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵسیەوە بریتیە لە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕێگەیانەوە ئەندامانی گەنج و مندالی کۆمەڵگا فێری کولتووری کۆمەڵگاکەی خۆیان دەبن. بەلام لە ڕوانگەی تاکەکەسییەوە، مرۆڤ لە ڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوونەوە ئامادەیی هەڵسوکەوتی ناو ژیانی کۆمەڵی تێدا پەیدا دەبێ(موحسنی؛ ٢٠٠٦).

لە باری دەروونناسی کۆمەلایەتییەوە، بەکۆمەلایەتیبوون بریتیە لەپرۆسەیەک کە تاک فێر دەبێ لە ڕێی فێر بوونی دابونەریتێک کە لە لایەن گرووپەوە دانی پێدا دەنرێ، خۆی لە گەڵ ئەو گرووپە سازگار بکا.

بەرفراوانی واتای ئەم زاراوەیە بە قەدەر ڕادەی هۆکارەکانی بەکۆمەلایەتیبوونە. ت. پارسۆنز و ر. بیلز پاش ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەی کە «ناوەندی سەرەکی بە کۆمەلایەتی بوون، کۆمەڵگایەکە کە مندال تێیدا دیتە دونیاوە»، ئاماژە دەکەن کە ڕەهەندە گرینگەکانی کولتوور بۆ ئەم مەبەستە، بایەخەکانی کۆمەڵگان؛ هەروەها هەلومەرجی پێویست بۆ

بەکۆمەڵایەتی بوون

بەکۆمەڵایەتی بوون «بوون لە بارو دۆخێکی کۆمەڵایەتییە کە تاک بەهێزتر و بەرپرسانەتر لەو سیستەمە کولتوورییەدا لە گەڵ یەک تێکەڵ بن؛ هەروەها هەر بەم چەشنە لە گەڵ منداڵانیان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێک دێنن و ئەو میتۆدانە کە بە منداڵانی فێر دەکەن، لە خۆیاندا جێگیر و سەقامگیر دەبن».

زاراوەی بە کۆمەڵایەتی بوون زۆرتر سەبارەت بە منداڵان بە کار دەبرێ. بەڵام ئەم ڕەوتە لە ڕاستیدا گشتگیرە و گەورە ساڵانیش دەگرێتە بەر. تاک لە هەر تەمەنێکدا بۆی هەیە کە لە گەڵ گرووپی نوێدا ئاشنا بێ و بایەخەکانیان فێر بێ. زۆربەی کۆمەڵناسان رایان وایە کە بەکۆمەڵایەتی بوون خۆی لە دوو بیچمی سەرەکیدا دەنوێنێ:

١) بەکۆمەڵایەتی بوونی سەرەتایی: ئەم بەکۆمەڵایەتی بوونە لە منداڵیەوە دەست پێدەکا و بە گرینگترین بەشی بەکۆمەڵایەتیبوونی تاک دەناسرێ. بەکۆمەڵایەتیبوونی سەرەتایی لە نێو خێزانەوە دەست پێدەکا و لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا درێژەی پێدەدرێ و لە کۆتاییەکانی نەوجەوانیدا کە تاک ئامادە دەبێ تا دەوری جۆراوجۆری گەورەساڵان لە نێو کۆمەڵگادا بگرێتە ئەستۆ، دوایی دێ. ئەم بەکۆمەڵایەتیبوونە، تاک بەرەو تێگەیشتن لە «خۆ»، کولتوور، زمان، ڕێسا (نۆرم)، بەهاکان و هەروەها تێگەیشتنێکی گشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێنوێنی دەکا. بەشە سەرەکییەکان ئەم چەشنە بەکۆمەڵایەتی بوونە بریتین لە: خێزان، گرووپی هاوساڵان، قوتابخانە و ڕاگەیاندنە گشتییەکان.

٢) بەکۆمەڵایەتی بوونی لاوەکی: ئەم بەکۆمەڵایەتیبوونە کاتێک دەست پێدەکا کە تاک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی نوێی کۆمەڵایەتی ئامادە بێ. ئەم جۆرە بەکۆمەڵایەتیبوونە بریتیە لە پرۆسەیەک کە تێیدا تاکێک کە پێشتر بەکۆمەڵایەتی بووە، دەورێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆ و لە

پێگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتیدا رادەوەستێ. کاتێک تاک بەکۆمەڵایەتی بوونی سەرەتایی دوایی پێ هێنا و بۆ خوێندنی پسپۆڕانە ئامادە بوو، بەکۆمەڵایەتی بوونی لاوەکی دەست پێدەکا. تاک لەم قۆناغەدا لە گەڵ نۆرم و رێساکانی کار ئاشنا دەبێ و لە باری زمانی کارییەوە رادێ. ئەم پرۆسە، تاک بۆ لە ئەستۆ گرتنی دەور یان پێگەی نوێی کۆمەڵایەتی ئامادە دەکا. بێجگە لەمانەش، هەندێ رێو رەسمی وەکوو جێژنی دوایی هێنان بە خوێندن، لە گەڵ بەکۆمەڵایەتی بوونی لاوەکیدا گرێ دەخوا و پیشان دەدا کە شوێنگەی تاک لە کۆمەڵگادا گۆڕانی بە سەردا هاتووە (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

بیردۆز (تیۆری)/ theory

بە وردبوونەوە لە چەن کتێبی بیردۆزەکانی کۆمەڵایەتیدا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەم زاراوە چەن واتای جۆراوجۆری هەیە. هەر کۆمەڵناسێک بە گوێرەی بۆچوونی خۆی پێناسەیەکی داوەتە دەست. ج. بیلی لە کتێبی بیردۆزی کۆمەڵایەتی لە کردەدا دەنووسێ: «تیۆری لە کۆمەڵناسیدا دەورێکی ئاڵۆزی هەیە؛ بیردۆز لەم زانستەدا وەکوو زانستەکانی‌تر دەبێتە هۆی هان دان و هەڵخراندن، یەکیەتی دەبەخشێ و بەرەو تۆژینەوەهانمان دەدات؛ بەڵام لە هەمان کاتدا بە رێبازی جۆراوجۆری دابەش دەکات کە هیچ پێوەندیەکی بە کردە و پراکتیکەوە نییە. لە ناوەرۆکیدا دەتوانین دابەش‌کردنێکی کاری دەسکردانە هەڵینجێنین». دیسان دەڵێ: «زاراوەی بیردۆزی کۆمەڵایەتی بە چەشنێکی لێڵ بە کار دەبرێ، بە جۆرێک کە هەندێ جار هەر لێکۆڵینەوەیەک دەگرێتەوە و هەندێ جاریش تەنیا ئەنجامی کۆڵینەوەکان کە بە چەشنێکی ئێستقرایی کۆوەکراون، دەگرێتە بەر. بەگشتی بەکارهێنانی بیردۆزی کۆمەڵایەتی لە هەردوو واتای گشتی و تایبەتیدا زانیاریمان سەبارەت بە هەڵی کەڵکوەرگرتن لە بیردۆزە

کۆمەڵناسانەکان فرەتر دەکات» (توسلی؛ ١٣٨٧)

بیردۆز بریتیە لە حوکم یا دەستوورێک کە چەندوچوونی پێوەندی واقیعە تایبەتەکانمان بۆ روون دەکاتەوە. پێوەندی کردن و تێگەیشتن و فام کردنی بینراوە تەریک و تاکەکان، دەمانباتە نێو رەهەندێکی‌تری کۆمەڵناسیەوە بە ناوی تیۆری. بە گشتی تیۆری دەستوورێکە بۆ روون کردنەوەی چۆنییەتی و چەندایەتی پێوەندی واقعیەتەکانی نێو کۆمەڵگا. لە ژێرەوە بۆ روون بوونەوەی باشتری بیردۆز، چەن نموونە لە پێناسەجۆراوجۆرەکانی دێنین:

١- ئەمڕۆکە تیۆری بە گشتی بریتیە لە لێکدانەوە و شرۆڤەی بەربلاوی پرسەکان لە رێی بیرو خەیاڵ و رامانەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ پێوەندییەکی بە کردەوە بێ. ئەم پێناسە دوو خاڵمان بۆ روون دەکاتەوە: یەکەم گریمانەیی بوونی بیردۆز؛ دووەم، کەم پێوەندی بوون بیردۆز لە گەڵ کردە. بەم بۆنەوە لەم پێناسەدا بیردۆز خاوەنی واتایەکی ناکردەیی یا ناواقعییە.

٢- بە پێچەوانەی پێناسەی ژمارەی یەک، ئەزموونخوازان رایان وایە کە بیردۆز بریتیە لە کۆشەوەیەکی پراکتیکی بۆ کۆوەکردنی بەڵگە و دەسکەوتە ئەزموونییەکان و دیتنەوەی یەکگرتوویی نێوان داتاکان و روون کردنەوەو راڤەی ئەو دەسکەوتانە لە رێی لێکدانەوەوە (ئێستقرا)، بەبێ ئەوەی خەیاڵ و داڵغە هیچ دەورێکیان تێیدا هەبێ. بە واتایەکی‌تر بیردۆز بریتیە لە دیتنەوەی پێوەندیەکی عێللی لە نێوان دیاردەکاندا. هەرچەند دەبێ ئاماژەی پێ بکەین کە ئەم پێناسە لە لایەن ئاوەزخوازانەوە پەسند نەکراوە. هەروەها مێژووی زانست پێمانی پیشان داوە کە تیۆری بە هۆی لێکدانەوەوە (ئێستقرا) بەدەست نایێ، یا گەر بەدەست بێ، ئەوەندە بەرتەسکە کە ناتوانین ناوی بیردۆزی بە سەردا بنێین.

٣- بیردۆز بریتیە لە کۆمەڵە یاسایەک کە لە سەر بنەما لۆجیکییەکاندا پێکەوە پێوەندییان هەیە و روونکەرەوەی بەشێک لە واقعییەتن. بە گوێرەی

ئەم پێناسەیە، بەردی بناغەی تیۆری، بریتیە لە یاسامەند بوون. بە واتایەکی تر، بیردۆز گوتارێکە کە پیشاندەری پێوەندی عیللی نێوان دیاردەکانە. بەڵام لەم پێناسەشدا روون نەبۆتەوە کە ئایا ئەم پێوەندییە عیللییە بە هۆی ئەزموون و لێکدانەوەوە (ئێستقرا) بە دەست دێت، یاخۆ بە هۆی هەڵسەنگاندنەوە (قیاس) (رفیع‌پور؛ ١٣٦٠).

٤- تیۆری بریتیە لە کۆوەکردن و وردبوونەوە لە تەوەرگەلی جۆراوجۆر لە نێو بازنەی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو و لۆجیکیدا، بە چەشنێ کە بتوانین بە هۆی ئەم کۆمەڵەوە هەندێ لە دیاردەکان راڤە بکەین. «بیردۆز بە شێوازی گریمانەیی لە لایەن هەموو زانایانەوە پەسند کراوە» (مندراس؛ ١٣٤٩). ئەم پێناسە لە راستی زۆر نزیکترە (توسلی؛ ١٣٨٧).

بێ‌شک بیردۆزەکان ناتوانن پەرسڤدەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بن و لە هەموو رەهەند و لایەنەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵنەوە. بەڵام بۆ گەیشتن بە وەلامێکی شیاو و گونجاو لە سەر پرسێکی کۆمەڵایەتی، پێویستە کە لە دەرەوەی بازنەی تیۆرییەکان، هان بدرێ کە زانیارییەجۆراوجۆرەکان کۆوە بکرێن و بۆ لێکدانەوە و باشتر تێگەیشتنیان، لە بیردۆزەکان کەڵک‌وەربگیرێ. هیچ بیردۆزێک ئەوەندە گشتگیر نییە کە هەموو بابەتەکان لە نێو بازنەی خۆیدا بگرێ؛ تەنانەت زۆرن ئەو کۆمەڵناسانەی کە دەست دەدەن بە داڕشتنی بیردۆزێک، کەچی بۆ خۆیان لە کردەدا و لە کاتی وردبوونەوە و لێکدانەوەدا، لەو بیردۆزەیان کلا دەبن.

بێسانکار / horticulture

تا چەن دەیەی لەمەو پێش، کۆمەڵناسان پێڕەوی ئەم گریمانەیە بوون کە بە هۆی ئاوەز و فامی مرۆڤەکانەوە، داهێنانی تێکنۆلۆژیکی و گەشەی کۆمەڵگاکان دەبێ بە کارێکی ئاسایی و سروشتی بزانرێ. بەڵام لەم

دواییانەدا هەندێ پرس و گومان لە سەر ئەم بیرو بۆچوونانە هاتە کایەوە. کۆمەڵەیەکی بەرچاو بە توێژینەوەگەلی مێژینەناسی ئاشکرایان کردووە کە زۆربەی کۆمەڵگا راوچییەکان، هەزاران ساڵ بەر لەوەی بە هۆی شێوازی بێسانکارییەوە بژیوی ژیانیان دابین کەن، لە گەڵ ئەم شێوازە ئاشنایەتییان هەبووە (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

هۆی هاتنەدی ئەم جڤاکانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنا بوونی ئەندامانیان لە گەڵ توو چاندن، بەخێو کردن و هەڵگرتنی روەکە خۆراکییەکان. بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا راوچییەکان بۆ کۆمەڵگای بێسانکار، ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی کراوە: ١) گۆڕانی ژینگە ٢) زۆربوونی جەماوەر ٣) گەشەی زانیاریە کولتووری و تیکنۆلۆجیکیەکان. بێڵ و دەیلەمی چێوی بۆ کەندنی خاک، لە گرینگترین و سەرەکیترین ئامراز و کەرەسەکانی ئەم چاخەدێنە ئەژمار (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣). هەروەها رەوتی ئەم کارە لە سەر تیکنۆلۆجیای «کەندن و سووتاندن»دا داڕێژراوە. لەم شێوازەدا بێسانکارەکان بەشێک لە زەوی لە دارو گژو گیا خاوێن دەکەنەوەو ئاوریان تێبەردەدەن و خۆڵەمێشەکەی وەکوو کوود بەکار دەبەن و بۆ ماوەی دوو تا سێ ساڵ توو دەچێننە نێو خاک تا ئەوەی کە خاکەکە توانی خۆی لە دەست بدات. پاش ئەوە ئەم پرۆسەیە لە شوێنێکیتردا دووپاتە دەکەنەوە (رابرتسون؛ ١٣٧٥). لەم چاخەدا ژنان دەورێکی زۆرتر دەگێڕن و ئەرکی کێلان و هەڵگرتنی بەرهەمەکانیان لە ئەستۆ بووە و پیاوان بە گوێرەی خولی راو، هەل و کاتی زۆرتریان هەیە و زۆرتر دەپەرژانە سەر ئەو کارانەی کە دژوارتر بوون (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣). کۆمەڵناسان، کۆمەڵگای بێسانکار بە یەکەمین شۆڕشی مەزنی کۆمەڵایەتی لە مێژووی مرۆڤدا دەزانن. هەرچەند ئەم گۆڕانە لە روانگەی خەڵکی ئەو سەردەمەدا بە هۆی بەرەبەرە بوونیەوە بە شۆڕش نەزاندراوە. گواستنەوە لە قۆناغی راو و کۆکردنەوەی خۆراک بۆ بێسانکاری،

بوو بە هۆی پتر بوونی بەرهەم، زۆرتر بـوونی بارِسـت، گـەشـەی جـەمـاوەر، نیشتەجی بوون، داهاتنی بازرگانی، هاتنـەدی پێگـە و دەوری نـوێی وەکـوو سیحربازی و پیشەسازی.

سیسـتەمـی خزمایـەتی لـەم جڤـاکانەدا شـێوازێکی ئالـۆزتری هـەیـە و گرووپگەلی خوێنی بەرفراوان یان کلان هاتوونەتە دی و بە بۆنەی مانەوە لـە یەک شوێن و چاندنی مـردووەکـان لـە شـوێنێکی دیـاریکراودا، پـەرسـتنی پێشوونان بایەخێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە. هەروەها لـەم کۆمـەڵـگایەدا خزمانی دایکی بایەخێکی زۆرتریان هەیە؛ رەنگە هۆکـەشـی بگـەرێتـەوە بـۆ بەشداری زۆر و بەرچاوی ژنان لە کاری بەرهەمهێنان و نەبـوونی پیـاوان لـە نێو خێزان‌دا بە هۆی رۆیشتن بۆ راو یان شـەرِ لـە گـەڵ دوژمنـان (غفـاری؛ ١٣٨٨).

بێکاری / unemployment

بێکاری بریتیە لە دیاردەیەکی بەرفراوان و زۆر گرینگ کە لـە سـەرەتـای دەیەی ١٩٨٠دا وەکوو کێشەیەکی گرینگی کۆمەلایەتی خراوەتە بـەر بـاس. شرۆڤەی ئامارە فەرمیيەکانی بێکاری ئاسان نییە و ناتوانین بـە ئاسـانی ئـەم دیاردەیە پێناسە بکەین. لێرەدا مەبەست لە کار، کـاری کـرێ، یـان کـار لـە پیشەیەکی ناسراودایە. ئەوانەی وەکـوو بێکـار ناویـان نووسـراوە، رەنگـە بـە شێوەی کاتی، خەریکی هەندێ کاری وەکوو رەنـگ کـردنی خانووبـەرە یـان باخەوانی بن (گیدنز؛ ١٣٨٥).

بێکاری بە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بـەرهـەمهێنـانی سـەرمایـەداری دەزانن. لەو ولاتانەدا کە هەنووکـە گـەشـەیـان نـەسـەنـدووە و لـە شـێوازە سەرەتاییەکانی دان و ستانی بازارِی و بازرگانی سوننەتی بـۆ دابـین کـردنی بژیوی ژیانیان بەهرە وەردەگرن، ناتوانین رادەی بێکاری بە چەشنێکی شـیاو

و بە گوێرەی ئەو پێوەرانەی لە دونیای مۆدێڕندا هەیە لە پێوانە بدەین. مەرجی بێکاری لە کۆمەڵگا نوێکاندا بوونی خاوەن کارە؛ کەسانێک کە خاوەنی کاری خۆیانن و بۆ خۆیان کار دەکەن، ناتوانن بێکار کەون، رەنگە لە هەندێ هەلومەرجدا کاریان نەبێ؛ ئاوەها پێناسەیەک، خۆی لە کێشەی بێکاری چینی جووتیار، دووکاندار و ئەوانەی کاری ئازادیان هەیە، لادەدا. بە زۆرتر بوونی تەمەن، زۆربەی ئەوانەی خەریکی کارن، بە چەشنێکی ئارام و نادیار رادەی چالاکیان کەم دەبێتەوە و زۆر بە دژواری کاتی لە دەست دانی توانی کاریان رەچاو دەکرێ. هەروەها ئافرەتێک کە خەریکی کاری ئاسایی ناوماڵە، ناکرێ بە بێکار بزانرێ.

نووسینگەی نێونەتەوەیی کار بۆ پێناسەیەکی ستاندارد لە کار، بایەخی زۆر دادەنێ. بەرپرسانی ئەم نووسینگەیە کەسانێک بە کارکەر دەزانن کە یان بۆ خۆیان کار دەکەن، یاخۆ بۆ کەس یان کەسانیتر کاردەکەن؛ یاخۆ کەسانێکن کە خەریکی کاری خانوویین و هیچ مووچەیەک وەرناگرن و لە حەوتەدا لانی کەم پانزدە سەعات خەریکی جێبەجێ کردنی ئەرکێکن کە راستەوخۆ پێوەندی بە کارو باری ناوخۆی بنەماڵەوە هەیە، بەبێ لە بەرچاو گرتنی کاتێک کە بۆ کاری نێو خێزان تەرخان کراوە و مووچەی پێ نادرێ. بە کەسانێک دەڵێن بێکار، کە لەو رۆژەوە کە خەریکی کار نین، هەستن بۆ دیتنەوەی کار و گەر کارێکیان پێ پێشنیار کەن دەتوانن لە ئەستۆی بگرن (گولد؛ ١٣٨٤).

پادشایەتی (مۆنارشی)/ monarchy

پادشایەتی یا مۆنارشی بریتیە لە حکوومەتێک کە سەرۆکی دەوڵەت یا حکوومەت، پادشا یا شاهینە بێ کە خاوەنی بایەخێکی تایبەتی دینی یاخۆ سەمبۆلیک بن. هەروەها پادشایەتی بریتیە لە ١) دامەزراوەیەکی تایبەت لە نێو ئەو حکوومەتەدا، ٢) دەوڵەتێک کە ئاوەها حکوومەت یا دامەزراوەیەکی بێ.

بۆ ئەرەستوو ئەم زاراوە بە مانای حکوومەتێکی «تاکەکەسی» بوو، جا ئەوە چ بە شێوەی پادشایەتی بێ یاخۆ بە شێوەی ملهۆڕانە و ستەمکارانە. هەرچەند لە کتێبی پێنجمی politicsدا لە نێوان حکوومەتی مۆنارشی و حکوومەت لە واتای تایبەتدا جیاوازی دادەنێ، چونکە مۆنارشی لە ریزی جۆرەکانی حکوومەتدا دانانێ، بەڵکوو بە نوێنەری دەسەڵاتێکی تاکەکەسی دەزانێ کە لە هەر جۆرە سنوور و پاوەنێک رزگارە. کەچی لە کتێبی سێهەمدا مۆنارشی بە یەکێک لە شێوازەکانی حکوومەت ناو لێدەبا (ارسطو؛ ١٣٨٦).

ئەمڕۆکە ئاوەها دەسەڵاتێکی بێبەرگر و بێڕادە، لە بەرانبەر حکوومەتی پادشایەتی پەرلەمانیدا دادەنێن و پێی دەڵێن، پادشایەتی رەها یا موتلەق. پادشایەتی پەرلەمانی بریتیە لە سیستەمێک کە تێیدا پادشا سەرۆکی وڵاتە و بێجگە لە هەندێ ئەرکی سەمبۆلیک و رواڵەتی، ئەرکێکی وای لە ئەستۆ نییە؛ مەگەر ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا لە ژێر چاودێری پەرلەماندا ئەرکی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی خراوەتە ئەستۆ.

بۆ جیاکردنەوەی حکوومەتی کۆماری و پادشایەتی ئاماژە بە سێ خاڵ دەکرێ:

١) جیاوازییەکە بریتیە لەوەی کە «لە شوێنێکدا کە سەرۆکی دەوڵەت هەمان سەرۆک کۆمار بێ، ئەو حکوومەتە کۆمارییە، لە شوێنێکیشدا کە

سەرۆکایەتی دەوڵەت لە ئەستۆی پادشا یان شاهینە بێ، ئەو حکوومەتە پادشایەتییە».

٢) زۆر کەس دەڵێن لە سیستەمێکدا کە حکوومەت بە میرات بگاتە جێنشنانی حکوومەت، ئەوە دیاردەی حکوومەتی پادشایەتییە. بەڵام میراتی بوونی حکوومەت، تەنیا یەکێک لەو چوار هۆکارەیە کە دەکرێ لە سەر تەختی پادشایەتی رۆبنیشێ. هۆکارەکانی‌تر بریتین لە هەڵبژێردران بە هۆی خەلکەوە، هەڵبژێردران بە هۆی پادشای پێشووەوە، هەڵبژێردران بە هۆی بەخت و هات و غەیبەوە.

٣) بوونی یەک یا هەردووی ئەم بابەتانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکرێ، پادشایەتی لە هەموو شێوازەکانی‌تری حکوومەت جیادەکاتەوە: ئا) رەهەندی سیحراوی یا ئاینی بوون کە زۆرجار بە رێو رەسمی تایبەتی تاجگوزارییەوە جێبەجێ دەکرێ. ب) بوونی ئەرکێکی تایبەت و سیمبۆلیک. بۆ وێنە لە راگەیندراوێکی فەرمی سەبارەت بە پادشایەتی لە بوگاندادا هاتووە کە: «کاباکا... هەروا بەردەوام سەمبۆلی یەکیەتی خەڵکی بوگاندا و پێوەندی نێوان رابردوو و ئێستا و داهاتووە» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

پادشایەتی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حکوومەت لە کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا بووە. پادشایەتی لە ئەورووپادا لە سەر بنەمای یاساوە دانرابوو، هەرچەند رەنگە ئەم یاسایانە بۆ بەربەست کردنی دەسەڵاتی پادشا زۆر بەرتەسک و سنووردار یاخۆ نادادوەرانە بووبێتن. بەڵام لە خولێکی کورتدا کە پادشایەتی رەها یان دیسپۆتیک دەسەڵاتدار بوو، مافەکانی دەوڵەت بێ‌سنوور نەبوون. حکوومەتی دیسپۆتیک بەهێزترینی حکوومەتەکانی ئەرووپا بوو، بەڵام ئەویش دەبوایە لە هەندێ یاسا و پێوەر پێڕەوی بکات. بۆ وێنە لوویی چواردەهەم کە دەسەڵاتدارترین پادشای فەرانسە بوو، نەیدەتوانی لەخۆڕا و بەبێ هیچ پشتگیرییەکی یاسایی گیان یا

ماڵی یەکێک لە خانەدانەکان یاخۆ بەرپرسە حکوومییەکان، بازرگانان و کاربەدەستان بگرێ.

لە ڕۆژاوادا کەسێک دەبوایە ببێتە پادشا کە لە بەرەی پادشایان بێ. بۆ وێنە کەس لە چینێکی خوارتر لە چینی پادشاکانەوە نەیدەتوانی ببێتە پادشا. ئەلیزابتی دووەم، شاهینەی بریتانیا، وەچەی جۆرجی یەکەمە کە لە ١٧١٤-١٧٢٧دا پادشایەتی کردووە. هەرچەند جۆرجی یەکەم ئاڵمانی بووە، بەڵام چونکە بنەماڵەی ستوارت میراتبەرێکی پرۆتستانی لێ بەجێ نەما، جۆرجی یەکەم توانی ببێتە میراتبەری ئەو دەسەڵاتە. جۆرجی یەکەمیش بۆ خۆی لە بەرەی جەیمزی یەکەم بوو کە لە سالانی ١٦٠٣-١٦٢٥ دا پادشای بریتانیا بوو.

بەڵام پادشایەتی لە ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی زۆر جیاواز بووە. بوون بە پادشا لە ڕۆژاوادا پێویستی بە شکۆی خودایی بوو. واتە پێویست بوو کە تاک بە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە بێ، لە لایەن خوداوە بۆ پادشایەتی هەڵبژێردرێ. دیارە ئەم هەڵبژاردنەش یا بە هۆی بەخت و هاتەوە بووە، یاخۆ بە هۆی زۆر و شەڕ و کوشتارەوە. پادشا ناچار بوو کە دان بە ئایینی خەڵکدا بنێ و ڕێزی بۆ دابنێ و لایەنگری لێ بکات تا بە هۆی بەرپرسە ئایینییەکانەوە دەسەڵاتەکەی بسەلمێندرێ. بۆ وێنە بە وردبوونەوە لە پادشاکانی ئێران بۆمان روون دەبێتەوە کە چلۆن پادشایەک هاتۆتە سەر کار و پادشایەکی‌تری لەناو بردووە. سەفەوییەکان تۆرەمەی شێخ سەفیەدین بوون. شێخ سەفی زانایەکی ئاینی بوو کە هیچ پێوەندییەکی بە حکوومەتەوە نەبوو. پاش سەفەوییەکان نادرشای ئەفشار هاتە سەر کار. پاش نادر کەریمخانی زەند کە حکوومەتی زەندییەی بنیات نا. دوای ئەوانیش حکوومەتی قاجارەکان و پاش ئەویش حکوومەت پەهلەوی. ڕەزاخانی پادشای ئێران کابرایەک بوو لە چینی خوارووی کۆمەڵگاوە. سەربازێک بوو

کە خۆی گەیاندە پادشایەتی. دەبینین ئەم پادشایەتییە -کە پێویستی بە شکۆی ئیزەدی بوو- زۆر لە گەڵ ئەو پادشایەتییە کە پێویستی بە پێوەندی خوێنی لە گەڵ تۆرەمەی پادشایان بووە جیاوازی هەیە (کاتوزیان؛ ١٣٨٨).

بە وردبوونەوە لە نێو دیرۆکە کوردییەکانیشدا، راستی ئەم پەیڤەمان بۆ روون دەبێتەوە. یەکێک لەو دیرۆکە کوردیانە کە جێگای باش و وردبوونەوەیە، چیرۆکی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێیە. کاتێک شێخ فەرخ لە ولاتی خۆی هەڵدێ و بەرەو گەرمیان دەڕوا و دەڕوا بۆ لای ماڵی خاڵی، خاڵی ئاوڕی لێناداتەوە و شێخ فەرخ ئاوارەی کووچەو کۆڵان دەبێ. کاتێک پادشا یا حاکمی ئەو شوێنەبە ئەمری خودا دەچێ و میراتبەری لێ بەجێنامێنێ، خەڵکی بۆ هەڵبژاردنی پادشا بازی شاهی هەڵدەفڕێنن. ئەو بازەش لە سەر شانی هەرکەس بنیشێتەوە، ئەو کەسە بێچەند و چوون دەبێتە پادشا. دەبینین کە بازەکەش لە سەر شانی فەرخۆلەی ئاوارەی دوورە ولات دەنیشێتەوە و دەبێتە پادشا. لەم هەڵبژاردنەدا هیچ ئاوڕ لەوە نادرێتەوە کە ئەم پادشا لە بەرەو تۆرەمەی پادشایانە یانە، بەڵکوو بەم بۆچوونەی کە ئەو بازە لە لایەن خوداوە، دەستووری پێدراوە و ئەو کەسەی کە وەکوو پادشا هەڵدەبژێردرێ، لە راستیدا شکۆی ئیزەدی ئاوڕی لێداوەتەوە و پەروەردگار ئەو پلەوپاگەیە پێیداوە (ئۆسکارمان؛ ٢٠٠٥).

هەروەها دەبینین کە دەسەڵاتی پادشا لە ئێراندا هیچ تخووب و کەوشەنێکی نەبووە. پادشا بەبێ هیچ بەڵگە و بیانوویەک توانیویە گیان و ماڵ و سامانی پایەبەرزەکانی حکوومەت، بازرگانان، دادوەرەکان و وەزیرەکانی بگرێ. پادشا خۆی بە نوێنەری خودا لە سەر زەوی زانیوە و هیچ پێویستی بۆ چەسپاندنی ئەم دەسەڵاتەی نەبووە. پادشا بە سەر گیان و ماڵی خەڵکدا دەسەڵاتی بووە. ئەم راستیەلەنێو ئاسەوارەئەدەبی و ئاینییەکاندا بە روونی رەنگی داوەتەوە. غەزالی لە کیمیای بەختەوەریدا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە سەرنجراکێشە. پادشایەک

پادشایەتی

وەزیرێکی باوەڕپێکراوی دەبێ کە دەبێتە جێی بەخیلی دەستوپێوەندەکانی تری پادشا. جارێک یەکێک لە دوژمنەکانی کابرا، پیلانێکی بۆ دەڕێژێ و بانگی دەکاتە ماڵی خۆی و خواردنێکی زۆر خۆشی پڕ لە سیری بۆ لێدەنێ. پاشان دەڕواتە لای پادشا و دەڵێ ئەم وەزیرەی کە ئەوەندە بڕوات پێیە، دەڵێ هەناسە پادشا بۆنی پیسی دێ، بەڵگەش ئەوەیە کە بەیانی هات سەرنجی بدە بزانە دەست بە بینیەوە ناگرێ؟ بەیانی کابرای وەزیر چونکە خۆراکی پڕلە سیری خواردووە و دەمی بۆنی سیری دێت، بۆ ئەوەی بۆنەکەی پادشا نەڕەنجێنێ، دەست بە بینیەوە دەگرێ. پادشاش پێی وایە مەبەستی سووکایەتی بە پادشایە، بۆیە فەرمانی کوشتنی کابرا دەدات (غەزالی؛ ١٣٨٩). هەرچەند غەزالی لەم سەربهوردە مەبەستێکی تری هەیە، بەلام خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە، ئەوەش هەمان دەسەڵاتی بێسنووری پادشایە، کە تەنیا لە بەر ئەوەی کە پێی وابووە وەزیرەکەی گوتوویە پادشا بۆنی زاری دێت، فەرمانی کوشتنی داوە، ئەوەش بەبێ هیچ بەربەست و گرفتێک. لەم چەشنە چیرۆک و سەربهوردانە لەنێو ئاسەوارە ئەدەبی و ئایینیەکانی ڕۆژهەلاتدا بەزۆری هەیە. بەلام هەرچەند کاتێک جەیمزی یەکەم پادشای ئەنگلتەرە نووسی پادشایان جێگرانی خودان لە سەر زەویدا، زۆر لەبیردۆزی شکۆی ئیزەدی ڕۆژهەلاتییەکان نزیک بۆتەوە. جەیمزی یەکەم لە دژایەتی لە گەڵ ناونجیگەرییەکانی دادگای تایبەتی پادشایەتیدا نووسی کە گومان کردن لەو شتەی کە پێوەندی بە «ڕەمز و رازی خودایی»وە هەیە دژایەتییە لە گەڵ یاسا. بەلام هەر ئەوەی کە پادشا ناچار بووە بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی لە گەڵ دادوەرەکاندا شەڕەقسە بکات و بۆ چەسپاندنی ڕەوابوونی خۆی لە یاسا یارمەتی بخوازێ، پیشان دەدا کە ئەم پادشایەتییە چەند لە گەڵ پادشایەتی ڕۆژهەلاتییەکان جیاوازی بووە. (کاتوزیان؛ ١٣٨١).

the conflict paradigm / پارادایمی ململانێ

پارادایمی ململانێ چوارچێوەیەکە بۆ دارشتنی ئەو بیردۆزانەی کە کۆمەڵگا بە مەڵبەندێکی نابەرانبەر دەزانن، مەڵبەندێک کە دەبێتە هۆی هاتنەدی ناتەبایی و ململانێ. ئەم بیدۆزە یاریدەرێکە بۆ پارادایمی ئەرکخوازی، بەم جیاوازییەوە کە پارادایمی ململانێ جیاوازی و نایەکسانییەکان و چینە کۆمەلایەتییەکان زەقتر پیشان دەدات. کۆمەڵناسانێ کە پێڕەوی لەم پارادایمە دەکەن، وان بە دووی دیتنەوەی وەلامی ئەم پرسیارەوە کە چلۆن هۆکارگەلێک وەکوو چینی کۆمەلایەتی، رەگەز، نەتەوە، رەچەڵەک و تەمەن لە گەڵ دابەش کردنی نابەرانبەری سامان، دەسەلات، خوێندن و بایەخی کۆمەلایەتیدا گرێیان خواردووە. تۆژەرانی ململانێ بە جێی گەشەدان بە ئەرکەکانی کۆمەڵگا، ئەم خاڵە زەقتر دەکەنەوە کە: پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان قازانجی هەندێ کەس دابین دەکەن و کەسانیتر لە قازانجەکانیان بێبەش دەکەن. پێداگری ئەم کۆمەڵناسانە لە سەر ململانێیە کۆمەلایەتییەکانە کە لە نێوان چین و توێژە زاڵەکان و چینە کەمدەسەکانی کۆمەڵگادا هەیە: پێوەندی دەوڵەمەندان لە گەڵ هەژاران، سپی پێستان لە گەڵ رەشپێستان، ژنان لە گەڵ پیاوان و هتد. لە لای لایەنگرانی ئەم پارادایمە ئەوانەی کە خاوەنی پلە و پاگە سەرووەکانی کۆمەڵگان، تێدەکۆشن پلە و پاگەی خۆیان بپارێزن و ئەوانەش کە بێبەشن هان دەدەن دەسەلاتێک بخەنە دەست. کەواتە لە لای ئەم کۆمەڵناسانەوە، کۆمەڵگا بەردەوام گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی نێوان چینی سەروو و چینی خوارووی کۆمەڵگایە. بە گوێرەی ئەم روانگەیە:

١) پۆلێنکردنی کۆمەلایەتی ئاکامی ناکۆکییە کۆمەلایەتییەکانە. کانە کۆمەلایەتییەکان لە خزمەت دابین کردنی پێداویستییەکانی هەندێ لە چینەکانی کۆمەڵگادان و چینەکانیتر لەم کانانە بێبەهرەن.

٢) پۆلێن‌کردنی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری لێهاتووییەکانی ئەندامانی کۆمەلگا نەگەشێنەوە و هیچ بەهرەیەکیان لێ وەرنەگیرێ.

٣) پۆلێن‌کردنی کۆمەلایەتی تەنیا بۆ هەندێ لە خەلکی کەلکی هەیە.

٤) بەها و باوەڕە کۆمەلایەتییەکان ئایدیۆلۆژیکین؛ لە راستیدا ئەم بەها و باوەڕانە دەنگدانەوەی ویستی ئەندامانی بەهێزی کۆمەلگان.

٥) چونکە سیستەمگەلی پۆلێن‌کردنی کۆمەلایەتی تەنیا پێداویستی و نیازەکانی پاژێک لە کۆمەلگا دابین دەکەن، ناتوانن زۆر پتەو و قایم و نەگۆڕ بمێننەوە.

پاراستنی کۆمەلایەتی / societal protection

پاراستنی کۆمەلایەتی چوارەمین و دوامین پاکانەیە بۆ تەمبێ (بڕوانە: سزادان، بەرگری کردن،بووژاندنەوە). پاراستنی کۆمەلایەتی ئامرازێکە بۆ ئەوەی کۆمەلگا بەر بە دووپاتە بوونی تاوان بگرێ (لە رێی لەبەندکردنی کاتی، لە بەند کردنی دائیمی، کوشتن). پاراستنی کۆمەلایەتیش وەکوو بەرگری کردن، رێگایەکی لۆجیکییە بۆ تەمبێ و سزادان و هان دەدا کە لە دووپاتە بوونی تاوان و لادانی کۆمەلایەتی بەرگری بکات. بە واتایەکی‌تر، تەمبێی تاوانبار، بۆ پارێزگاری لە کۆمەلگایە. ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی نوێیە و زۆر ساکارتر لە بووژاندنەوەیە. گەر کۆمەلگا نەتوانێ لە رێی بووژاندنەوە تاوانکار بێنێتەوە سەر هێلی راست، یاخۆ هەل‌ومەرجی کۆمەلایەتی بگۆڕێ، بە لەبەند کردن یاخۆ کوشتنی تاوانبار، خەلکی لە تاوانەکان دەپارێزێ (شیخاوندی؛ ١٣٨٦. سروستانی؛ ١٣٨٧).

پارت / party

پێناسەیەک لە سەرجەمی ئەو دیاردانەی لە دونیای ئەمڕۆدا بە ناوی پارت

بەناوبانگن ڕەنگە کارێکی ئەستەم و دژوار بێ، مەگەر ئەوەی کە پێناسەیەکی گشتی لێ پێشکەش بکرێ. بەم چەشنە پارت بریتیە لە تاقمێک لە تاکەکان کە پرسە گشتییەکان گەلاڵە دەکەن و کاندیدای دەنگ دانەکان دیاری دەکەن.

ڤیبێر دەڵێ: لە کۆمەڵگا هەنووکەییەکاندا، دامەزراندنی پارت، ڕەهەندێکی گرینگ لە دەسەڵات پێک دێنێ. بە بۆچوونی ڤیبێر پارت بریتیە لە تاقمێک لە تاکەکان کە بە بۆنەی هاوبەشی لە ڕوانگە و قازانج و بۆچوونەکانیانەوە دەست دەدەن بە کارێکی هاوبەش. مارکس بە گوێرەی ناتەبایی چینایەتی دەستی دا بە شرۆڤەی جیاوازی و دژایەتیەکانی پێگە و دامەزراوەپارتیەکان. بە گوتەی ڤیبێر هەریەک لەم دوانە بۆ خۆیان دەتوانن بە سەر هەلومەرجی ئابووری تاکەکان و گرووپەکاندا کاریگەرییان هەبێ و لەم سۆنگەوە بە سەر چینەکانیشدا کاریگەر بن. پارتەکان ڕەنگە داواکارییەکیان هەبێ کە سەرتر لە جیاوازی چینایەتی بێ؛ بۆ وێنە پارتەکان ڕەنگە بە گوێرەی پێوەندی ئایینی یان نەتەوەیی دابمەزرێن (گیدنز؛ ١٣٨٤).

مانتی جانستۆن دەڵێ: مارکس و ئەنگلس قەد نەپەرژانە سەر بیردۆزێکی تەواو سەبارت بە پارتە ڕامیارییەکان. بەپێچەوانەی ئەوان لە بۆچوونی لنیندا سەبارەت بە پارت، خاڵێکی زۆر ئەکتیڤ و بەهێز هەیە کە پیشان دەدات لنین بایەخێکی هزری و پراکتیسی ئەوتۆی بۆ دادەنا. لە بەرهەمەکانی لنینیشدا -وەکوو مارکس- پتر لە یەک مۆدێلی پارت دەتوانین ببینین، هەرچەند کە لە نێو هەموو ئەو پارتانەدا بڕوایان بە یەک پارتی پێشڕەوە کە تێدەکۆشێ بیردۆز و زانستی سووشیالیستی لە گەڵ بزاڤی خۆئەنگێزی کرێکاریدا ئاوێتە بکات (باتامو و میلیبند؛ ١٣٨٨).

هەندێ لە پێناسە هەنووکەییەکانی پارت لە سەر تەوەری ئەنگێزەی دەسەلاتی پارتەکان جەخت دەکەن، بەم بۆنەیە کە سی. ئا. مریام و

پارت

گاسێنگڵ دەڵێن: «دەتوانین پارت بە جۆرێک گرووپی کۆمەڵایەتی بزانین کە زۆتر لە سەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە چەشنێ کە لە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەبرێ، جەخت دەکەن. سیستەمی پارتی دەکرێ بە دامەزراوەیەک بزانرێ کە حکوومەت کامڵ دەکا، لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی کاربەدەستانی حکوومەت و دیاری کردنی سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت یارمەتی خەڵکی دەدات و هەروەها دەورێکی گرینگتر کە دەیگێڕێ بریتیە لە رەخنە گرتن لە بەڕێوەبەرایەتی حکوومەت». هەر بەم چەشنە سی. جەی. فرێدریک دەڵێ: «گرووپێک لە تاکەکان کە بە چەشنێکی سەقامگرتوو و بە مەبەستی بەدەستگرتن و کۆنترۆڵی گرووپێکی هاوبیر لە دەوری یەک کۆوە دەبن». لاسوێڵ و کاپلان دەڵێن: «پارت بریتیە لە گرووپێک کە پرسە سەرەکییەکان پۆلێن دەکا و کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردن بە خەڵک دەناسێنێ». جیاوازی نێوان پێناسەکان زۆر نییە و دەکرێ بە گوێرەی هەلومەرجێک کە دێتە ئاراوە، لە هەر یەک لەو پێناسانە کەڵک وەربگیرێ. بەم چەشنە بە ئاوڕدانەوەلە پێناسەیەک کە ڤیبێر کردوویە دەتوانین بڵێین: «پارتی رامیاری، کۆمەڵەیەکە کە پێک هاتووە لە خەڵکێک کە بە ویستی خۆیان خەریکی پڕوپاگەندەو هەڵخڕاندنی سیاسی خەڵکی بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵات و بۆ گەیشتن بە هەلودەرفەتی شیاو بۆ لایەنگران و چالاکانی خۆیانن تا لە سای ئەو هەلودەرفەتانەدا بگەن بە دۆز و ئارمانجە ئاشکراکانیان». بە واتایەکی‌تر دەتوانین بڵێین: «پارتی رامیاری، بریتیە لە گرووپێک کە بە راشکاوی و بەگشتی بنیاتنراوە تا لە رێی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی حکوومەت بگرێتە ئەستۆ». بەم پێیە، دەبێ ئاگەدار بین کە ئەو پێناسانەی کە لە سەر دەنگدان جەخت دەکەن، بە ئاستەم دەتوانن پارتە ملهۆڕ و تووتالیترەکانیش بگرنە نێو بازنەی خۆیان. پارتی نازی و پارتە کۆمۆنیستەکان لەم ریزەن (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

پارێزکای دونیایی/ this worldly asceticism

ماکس ڤیبێر بۆ راڤە و شیکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری، لە وتاری ئاکاری پرۆتستان و گیانی سەرمایەداری کە سەرەتا لە سالی ١٩٠٤-١٩٠٥ بلاوی کردەوەو پاشان لە سالی ١٩٢٠دا پاش کۆچی دوایی کردنی، بە چەشنێکی تێر و تەسەلتر بلاو کرایەوە، دەستی داوە بە راڤەی هۆکانی بەدیهاتنی سەرمایەداری. بە بڕوای ماکس ڤیبێر، زۆر بۆچوونێکی ساویلکانەیە گەر هۆی بەدیهاتنی سەرمایەداری بە مەیلی مرۆڤ بە ماڵ و سامان بزانین. بە بڕوای ڤیبێر ئەم مەیلە لە درێژایی مێژوودا لە گەڵ مرۆڤ بووە، بەلام دەبینین کە کۆمەلگای مرۆیی قەد بەرەو ئەم سیستەمە نەڕۆیشتووە و ئەو سامانەی کە بوویە، لە رێی رابواردن و شەڕ و ئاژاوەدا خەرجی کردووە. بۆ وێنە ئەنگێزەئابوورییەکانی سەرمایەدارانی نوێ، بەهێزتر لە ئەنگێزەی بازرگانە رۆژهەلاتییەکان نەبووە. مەیلە ئابوورییە پرژ و بلاوەکان تەنیا دەبنە هۆی ئەنجام و ئاکامێکی نائەقلانی. کەسانێک وەکوو کۆرتێز(cortes) و پیزارۆ (pizzaro)، کە رەنگە بەهێزترین نوێنەری ئەم هەستە بن، هیچ بۆچوونێکیان سەبارەت بە ژیانی ئابووری ئەقلانی نەبوو. ڤیبێر زاراوەی ئەقڵخوازی وەکوو زاراوەیەکی هونەری بەکار هێنا و مەبەستی لەوە سیستەمێکی ئابوورییە کە بە رێکی و تەکووزی لە گەڵ ئامرازە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە یەکیان گرتبێ بۆ گەیشتن بە قازانجی ئابووری. ئاوەها سیستەمێک لە سەر خوو و خدە و نەریت بنیات نەنراوە. پرسێک کە دێتە ئاراوە ئەمەیە کە بۆچی ئەم هەستە بە سەر ئەو باوەڕە زاڵ و باوەی نێو کۆمەلگایەدا –کە مەیل بە کۆوە کردنی سامان بە کارێکی ناکۆمەلایەتی و نائاکاری دەزانی– سەرکەوت. وەلامی ڤیبێر ئەوەیە کە دەبێ سەرچاوەی ئەم دەسکەوتە لەو بزووتنەوانەدا بزانین کە لە شۆڕشە دینییەکانی سەدەی شانزدەهەمەوە سەرچاوە دەگرن (تانی؛ ١٣٨٧).

پارێزکاری دونیایی

ڤیبێر له درێژەی تۆژینەوەکانیدا بەم ئەنجامە دەگات کە لقی پرۆتستانی مەسیحی، واتە کالڤینیزم، گیانی سەرمایەداری لەنێو جەستەی کۆمەڵگادا بەدیهێنا. کالڤینیزم بە پێچەوانەی دینەکانی‌تر، جەختی لە سەر پارێزکاری دونیایی دەکرد. بنەمای پارێزکاری دونیایی لە سەر ئەم باوەڕە دانرابوو کە خەڵکی ئامرازەکانی دەستی پەروەردگارن و کردەکانیان لە لایەن خوداوە دیاری کراوە. بۆیە، کاتێک خەڵکی ئەو ئەرکانەی لە لایەن خوداوە پێیان ئەسپێردراوە جێبەجێ دەکەن، فەرمانبەرداری خودایان بەجێ هێناوە و ئەرکەکانیان بە شێوازی ئەقڵانی و بە باشترین جۆر جێبەجێ کردووە؛ هەروەها کاتێک لە دەسرەنجیان بۆ رابواردن و خۆشی خەرج ناکەن، دیسان سەری رێزیان لە هەمبەر خودا داهێناوە و بەندەگی خۆیان بەجێ هێناوە. بەم چەشنە کالڤینیستەکان ژیانی خۆیان بۆ سەرکەوتن تەرخان کرد و تەکووزی و کاری زۆر و دژواریان بە بەشێک لە ئەرکە شەرعییەکانی خۆیان دەزانی. لە لای ئەوان تەوەزەلی و رابواردن لەم دونیایەدا گوناحێکی ئێجگار گەورە بوو. ئەوان پێیان وابوو کە کاری دژوار و کۆشەوەی زۆر، ئەرکی دینییانە و خودا ئەوانی بۆ بەختەوەری هەتاهەتا ئافراندووە. ئەم چەشنە ژیانە، هەمان شتێکە کە پێی دەڵێن پارێزکاری دونیایی. ئیلاهیاتی کالڤینیستی بە گوێرەی بارودۆخە ئابوورییەکان و نەریتەکۆمەلایەتی و هەلومەرجە رامیارییەکانی هەر ولاتێک و هەروەها لە هەر خولێکدا، کاریگەری جیاوازی بووە. کالڤینیزم هەم سەرنجی بە رابردوو دەدا و هەمیش بە داهاتوو. گەر لە هەندێ قۆناغدا لایەنگری گۆڕان و داهێنان بوو، لە هەندێ قۆناغدا بۆچوونی کۆنپەرستانەیان بوو (وبر؛ ١٣٨٧).

سەرچاوەی ڤیبێر لەم نامیلکەیەدا، نووسراوەکانی پیۆریتەنەکان(puritans) یا گرووپی پارێزکارانی بریتانی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا بوو. وێنەیەک کە ڤیبێر لە بورژوایی پارێزکار –بورژوازییەک کە بازرگانیان بە ئەرکێکی

دینی خۆیان دەزانی کە لە لایەن خوداوە خراوەتە ئەستۆی بژاردەکانی-پیشانی دەدا لە ئامۆژەکانی ئەم گرووپە پارێزکارانەوە سەرچاوە دەگرێ (تانی؛ ١٣٨٧).

پازێتیڤیسم/ positivism

کۆمەڵناسان ئەم واتایە بە ئامرازێک دەزانن بۆ ناسینی زانستی دونیا. لە راستیدا پازیتیڤیسم روانگەیەکی فەلسەفییە کە لە لایەن ئۆگۆست کۆنتەوە دارێژرا و لە سەر ئەم را و بۆچوونەیە کە زانستیە مرۆییەکان دەبێ لە شێوازی زانستە ئەزموونییەکان پێڕەوی بکەن (عضدانلو؛ ١٣٨٤). مەبەستی کۆنت لە دارشتنی بیردۆزی زانستی خۆی (واتە: پۆزیتیڤیسم) بەرەنگاری لە گەڵ ئەو بزاڤەی بوو کە خۆی ناوی فەلسەفەی مەنفی (نیگاتیڤ) و کاولکەری رووناکبیری لە سەر دانابوو. لە گەڵ کاتۆلیکە دژبە شۆڕشەکانی فەرانسە، بە تایبەت دۆبۆناڵد و دۆمیستەر، هاودەنگ بوو و کەوتبووە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکەیان. بەڵام لانی کەم لە دوو رەهەندەوە دەتوانین رەوتی کۆنت لەوان جیا کەینەوە؛ یەکەم: دڵنیا بوو کە ئیدی ناگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، چونکە پێشکەوتی زانست رێگای پاشگەز بوونەوەی داخستووە؛ دووەم ئەوەی کە کۆنت سیستەمێکی رێکوپێکی دارشت کە لەوەی پێشوونان، لێهاتووتر و کارامەتر بوو و توانی پاژێکی گرینگ لە کۆمەڵناسی سەرەتایی بنیات بنێ (جۆرج ریتزێر، ١٣٨٥).

هەروەک بێژرا پۆزیتیڤیسم بۆچوونێکی فەلسەفی بوو و لە سەر یاسای ئەو سێ قۆناغەی کە کۆنت وەکوو پێشکەوتی هزری مرۆڤ ناوی لێ دەبات، دارێژرابوو. بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، سێ قۆناغی هزری هەیە کە سەرانسەری مێژوو، گرووپ و کۆمەڵگا و زانست و تەنانەت تاکەکان ئەو سێ قۆناغەیان تێپەڕاندووە: یەکەم قۆناغی ئیلاهییاتێکە کە جیهان تا ساڵی ١٣٠٠ زایینی

له سەر ئەو ڕێبازە دەڕۆیشت. لەم قۆناغەدا پێکهاتەی هزری لە سەر ئەم رایە بوو کە هێزە بەرپیوار و نادیارە و ئاسمانییەکان لە بنەمای هەموو شتێکدا دەستیان هەیە. بەتایبەت، کۆمەڵگا و جڤاکی ئینسانی لەم قۆناغەدا بە دەسکردی خوداکان دەزانران. قۆناغی دووەم، قۆناغی سەرووسروشتییە کە لە ١٣٠٠ تا ١٨٠٠ دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا بۆچوون ئەوە بوو کە هێزە ئینتزاعییەکان (وەکوو سروشت) نەک خودا داتاشراوەکان، راڤەی هەموو دیاردەیەک دەکەن. لە ئەنجامدا (لە ساڵی ١٨٠٠) جیهان ڕۆیشتە نێو قۆناغی پازیتیڤیسم. مرۆڤی ئەم قۆناغە بۆ دیتنەوەی یاساگەلی داسەپاو بەسەر جیهاندا پێداگرییان لە سەر دیتنی جیهانی کۆمەڵایەتی و سروشتیە، هەروەها وازهێنان لە گەڕان بە دووی هۆوە ڕەهاکاندا (خودا و سروشت) (کاپلستون؛ ١٣٨٢. ریتزر؛ ١٣٨٤).

هەرچەند پازیتیڤیسم خۆی بە قۆناغێک دەزانێ کە بۆ شرۆڤە و روونکردنەوەی دونیا لە ئەزموون و زانستی ئەزموونی چێژ وەردەگرێ، بەڵام زور ساویلکانەیە گەر لە گەڵ ماتریالیسم بە یەکێک بزانرێن. بێگومان لە هیچ خولێکدا بیرمەندێکی مەزن و گرینگ نەبووە کە بە تەواوی ماتریالیست بێ. زۆرجار لودڤیک ڤۆیەرباخ بە نموونەی هەرە مەزنی ئەم چەشنە بۆچوونە دەزانن، بەڵام تەنانەت ئەویش بە تەواوی ماتریالیست نەبووە (هیوز؛ ١٣٨٦).

«دەتوانین نووساندنی پۆزیتیڤیسم بە ماشینخوازی بە دروستتر بزانین، چونکە باس لە شرۆڤە بە پێی فیزیای نیۆتۆن، بە تایبەت لقی تازەداهاتووی کارەبا، دەکا. هەر بەم پێیە ناتورالیسمیش باس لە شرۆڤە بە پێی بایۆلۆژی دەکا؛ هەرچی زۆرتر لە سەدەی نۆزدەهەم تێدەپەڕا، شرۆڤە بە گوێرەی بایۆلۆژی پتر گەشەی دەسەند، بەتایبەت پاش داسەپانی بیردۆزی دارڤین لە ١٨٦٠-١٨٧٠» (هیوز؛ ١٣٨٦).

ئاگۆست کۆنت لە بیردۆزەکەیدا پێداگری زۆری لە سەر هۆکارە هزریەکان

دەکرد. لە راستیدا بڕوای وابوو کە ناکۆکی هزری دەبێتە هۆی ناکۆکی کۆمەلایەتی. بەڕای کۆنت، ئەو ئالۆزییانەی کە لە سۆنگەی پێکهاتە هزرییەکانی پێشووەوە (ئیلاهییاتی و سەروسروشتی) هاتبوونە دی، لە سەردەمی پازیتیڤیسمیشدا هەروا بەردەوامە و درێژەی هەیە. تەنیا کاتێک ناکۆکییەکانی کۆمەلگا دواییان دێ کە پازیتیڤیسم بە سەر هەموو جیهاندا بە تەواوی زاڵ بێ. چونکە گەیشتن بەم دۆزەش نیازی بە پرۆسەیەکی تەکامولی هەیە، پێویست بە هەلکردنی ئاوری شۆڕش و دژایەتی نێو کۆمەلگا نییە. بە کورتی دەتوانین بلێین کە کۆنت چەن بۆچوونی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی رەچاو دەکات: پاراستنخوازی بونیادی، چاکسازی خوازی، پراگماتیسم و بیردۆزی تەکامۆلی لە مەڕ کۆمەلگا (آرون؛ ١٣٨۶).

ئەمڕۆکەش زۆرکەس وەکوو پۆست پۆزیتیڤیزم رایان وایە کە دەبێ دیاردە کۆمەلایەتییەکان بە گوێرەی یاسا نەگۆڕە ئەزموونییەکان شرۆڤە بکرێن؛ بەلام ئەم بیردۆزەش بەرهەلستی زۆری هەیە. کۆمەلناسانی ئەمڕۆ لەم بابەتە گەیشتوون کە دیاردە مرۆییەکان زۆر ئالۆزتر و ئەستەمتر لە دیاردە سروشتییەکانن، زانستیش بۆ خۆی دژوارتر و ئالۆزتر لەو شتەیە کە دیارە. مرۆڤ ئافرێندراوێکە بە بیرو بۆچوونی تایبەت بە خۆی کە رەنگە تەنیا لە لای خۆی پاکانەی بۆ بکرێ و بە لۆجیک بزانرێ. بۆیە کردەوە مرۆییەکان قەد بە هۆی «یاسا کۆمەلایەتییەکانەوە» راڤە ناکرێن (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

پاشەکشەخوازان / retreatism

بەڕای مێرتۆن خەلکی لە بەرانبەر زەختە پێکهاتەییەکانی کۆمەلگاوە دژ کردەوەیەک لە خۆیان پیشان دەدەن. ئەم دژکردەوە تێکەلێکە لە سەلماندن و نەسەلماندنی ئەو بەهایانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستن یاخۆ

هۆکارێکن بۆ گەیشتن بە ئامانج. ئەم دژکردەوانــە لــە بیچمــی جۆراوجــۆری وەکوو هاوڕێ بــوون، داهێنــان، راپــەڕیــن و پاشــەکشــەدا خۆیــان دەنــوێنن (سروستانی؛ ١٣٨٧).

پاشەکشەخوازی بریتیە لە دان پێدا نەنان یاخۆ دژایەتی لە گــەڵ ئامانجــە کولتوورییەکان و هۆکارەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە. کەسانێک لە بەرانبــەر ئەم زەختە پێکهاتەییانە ئاوەها کاردانەوەیەکیان هەیە کە نە لە رێگای شیاو و نە لە رێگای نارەواوە نەیانتوانیوە پاگەیەک لە کۆمەڵگادا بە دەست بێنن؛ بەم بۆنەوە لە کۆمەڵگا کشاونەتەوە.

پاشەکشە کردووان / retreatists

بە رای مێرتۆن پاشەکشە کردووان کەسانێکن کە بە رێژەی بەها و نۆرمــە کولتووریەکانی کۆمەڵگا نامۆ کەوتوون و کۆشەوەیەک بۆ هاوڕێ کردنی خــۆ لە گەڵ ئەو رێسایانە ناکەن. دەرکراوان، بەرەڵلاکراوان، دەرۆزەکەران، بــێ ڕێ و جێیان، گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان و ئەلکول، لە ریــزی پاشــەکشــە کردووانن. ئەم کەسانە لە کۆمەڵگادا دەژین، بەڵام هیچ پێوەندییــەکیــان بــە کۆمەڵگاوە نییە . بڕوانە: **پاشەکشە خوازان**.

پاڵاوتن / purge

مەبەست لە پاڵاوتن، دەرپەڕاندنی ئەندامانی پارت، گرووپ یان حکوومەتە کە لە گەڵ رێبەرایەتیدا ناتەبــان، یــاخۆ لــە روانگــەی رێبــەرایــەتییــەوە، بــە ئەندامی نەگونجاو دێنە ئەژمار، لــە رێگــای زینــدان و حــەبــس و کوشــتن و دوورخستنەوە و هەر رێگایەکی ترەوە ئەم کــەســانە لــەریــزی ئــەو گرووپانــە دەخرێنە دەرەوە. هەروەها زیندانی کردن یاخۆ کوشــتنی بــەکۆمــەڵــی ئــەو تاقمانەی لە گەڵ حکوومــەتــدا نــاکۆکن و لــە بــواری کۆمــەڵایــەتییــەوە بــە

مەترسیدار دەزاندرێن.

هەرچەند کە پاڵاوتن زاراوەیەکە کە زۆرتر تایبەتە بە پارت و حکوومەتە یەک دەستووریەکان، بە تایبەت حکوومەتە کمۆنیستییەکان، لە سەدەکانی رابردووشدا هەندێ نموونەی هەیە؛ وەکوو «پاڵاوتنی پراید». سەرهەنگ پراید لە ساڵی ١٦٤٨دا ئەو تاقمەی -کە هەستی دەکرد لایەنگری حکوومەتی پادشایەتین- لە پەرلەمان وەدەرنان. رژیمی ناسیونال سوسیالیستی ئاڵمانیا (نازی) لە ساڵی ١٩٣٤دا دەستی دا بە لەناو بردن و پاڵاوتنی رێبەرانی ئێ.ئا و ئەو نازییانەی لە گەڵ بیرو بۆچوونەکانی هیتلێر ناتەبا بوون.

لە یەکیەتی سۆڤییەتدا پاڵاوتن (چیستکا) بەم چەشنە پێناسە کراوە: «پاڵاوتنی پارتی کمۆنیست لەو ئەندامانەی کە لە گەڵ چینی کرێکاردا نامۆ و دوژمنن و خۆیان پەستاوتۆتە نێو ریزی کرێکارانەوە. پاڵاوتنی کەسایەتیگەلی دەغەڵباز، لاڕێ، خۆپەسەند، بۆرۆکرات و گەندەڵ کە هیچ گوێ بە دیسیپلینی پارت نادەن». یەکەمین پاڵاوتنی رەسمی پارتی کۆمۆنیست لە ١٩٢١دا کەوتەڕێ. بەم پێیەش، بەر لەم مێژووە، واتە لە ١٩١٩دا، لە پێوەندی لە گەڵ کۆوە کردنی کۆمۆنیستەکان بۆ شەڕی ناوخۆ، دەستوورێک بۆ ناونووسی دووبارەی ئەندامانی پارت بە مەبەستی بژار کردنی ئەندامانی «گەندەڵ»و «خوێنخۆر»ی پارت دەرکرا. بە هۆی ئەم بژارەوە ئەندامانی پارت نیوە بە نیوە بوون.

لە پاڵاوتنی ١٩٢١-١٩٢٤دا نزیک بە ٢٥٠٠٠ کەس لە ئەندامانی پارت (واتە سێ یەکی ئەندامان)، لە پارتی کۆمۆنیست دەرکران. ئامارە رەسمییەکان وا پیشان دەدەن کە زۆرترین لادانەکان بریتی بوون لە: ٣٤٪ «مونفەعیل»، ٢٥٪ خوازیاری شێوەی ژیانی بۆرژوایی و حەز بە خواردنەوەی بەردوامی ئەلکول، ١١٪ لادان لە دەستوورەکانی پارت. هەرچەند رێبەرانی

پارت رایانگەیاندبوو کە ئەم پالاوتنە بۆ تەمێی ئەو گرووپانەی کە لە گەڵ سیاسەتە رەسمییەکان دژایەتییان کردووە بەکار نابرێ، کەچی زۆربەی ئەوانەی پالێورابوون، لەریزی ئەم کەسانە بوون (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

پرستیژی کاری / occupational prestige

مەبەستی کۆمەڵناسان لەم زاراوەیە ئەو بایەخەیە کە خەڵکی کۆمەڵگا بۆ ئیش و کارە جۆراوجۆرەکانی دادەنێن. بە گشتی خەڵکی بەهایەکی زۆر دەدەنە هەندێ کاری وەکوو پزیشکی، ئەندازیاری، بریکاری و بە گشتی ئەو کارانەی داهاتی زۆریان هەیە. بەلام پرستیژی کاری شتێک سەرتر لە داهاتی تەنیایە، چونکە ئەو کارانەی لە لای خەڵکی بەنرخن، پێویستیان بە خوێندنی بالا و ئاستێکی بەرز لە توانایی هەیە. بە پێچەوانەی ئەو کارانە، هەندێ کاری وەکوو کۆلکێشی، قاپشۆری و ... نەتەنیا داهاتێکی کەمیان هەیە، بەڵکوو پێویستیان بە شارەزایی و پسپۆڕی نییە و خوێندنێکی کەمیان پێویستە. دەبێ ئەم خاڵەمان لە بەرچاو بێ کە هەرچەن ئەم کارانە کە پرستیژی زۆریان هەیە زۆرجار لە گەڵ داهاتی باشیش هاورێ نین، بەلام لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، بە تایبەت کۆمەڵگا پیشەسازییەکان ئەم کارانە زۆر لێکتر دەچن. دەتوانین بڵێین کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئەو کارانەی کە لە گرۆی کاری دەستدا نین و پێویستیان بە چاودێری نییە، لە چاو ئەو کارانەی کە پێویستیان بە کاری دەست و چاودێری هەیە، پرستیژێکی زۆرتریان هەیە.

تا نزیک بە پەنجا سالی لەمەو پێش، تەنانەت لە ولاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، پیاوان نانهێنەری بنەمالە بوون و ژنان تەواو کات خەریکی مالداری بوون. شێوازی ژیان و پاگەی کۆمەلایەتی بنەمالەکان بە کار و داهاتی پیاوەوە بەسترابوو. بڕیارە سەرەکی و گرینگەکانی بنەمالە (وەکوو

کڕین یان گۆڕانی خانوو و ...) لە ئەستۆی پیاودا بوو و ژن تەنیا بەرپرسی پاک و خاوێنی و چێشتلێنان بوو. ژن پێداویستی ماڵی دەکڕی و پیاو پارەکەی دەدا. پیاو دەیگوت کە کەی دەبێ لە گەڵ ژنەکەی هاوتوێنی بکات و ژن لە سەری بوو کە گوێی لە ویستی پیاوەکەی بێ. چونکە ژنان لە ئەنجامدانی کاری دەر لە ماڵ شارەزاییەکیان نەبوو و دەسەڵاتی ئەوەشیان نەبوو کە داهاتێکیان بۆ بنەماڵە بێ، تەنانەت ئەو ژنانەی کە بە زۆر دەدرانە شوو و بە ژیانی خۆیان ڕەزا نەبوون و بە خراپی لە گەڵیان هەڵسوکەوت دەکرا، ناچار دەبوایە ئەو هەلومەرجە نالەبارە قبووڵ بکەن.

هەرچەند ئەمڕۆ دابەشکردنی کار و هاوسەنگی دەسەڵات گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانە ئەوەندە نییە کە بیری لێ دەکرێتەوە. هێشتا نیوەی لە ژنانی وڵاتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکان نەهاتوونەتە نێو بازاڕی کارەوە و خەریکی ماڵدارین (*Berk, S. F; 1988: 287-302*). لە ڕیزبەندی پرستیژی کارەکاندا، کاری ژنانی ماڵدار کە مووچەیەک وەرناگرن، نەهاتووە؛ واتە: پرستیژی ئەم کارە سفرە (*Oakley, A; 1985*). بەڵام پرستیژی ئەم کارە –گەر مووچەی پێ بدرێ- ٣٤ لە سەتە (*Nakao, K & J. Treas, 1990*). گەر ژنیش وەکوو پیاو لە دەرەوەی ماڵ کار بکات، کاری پیاو گرینگتر لە هی ژن دێتە ئەژمار. توێژینەوەیەک لە ئەمریکادا ئەنجام دراوە پیشان دەدات کە گەر پێشنیاری کارێک باشتر لە شارێکی‌تردا بە پیاو بدرێت، زۆربەی پیاوان (٧٢%) و ژنان (٦٢%) ڕایان وایە کە ژنی ماڵ دەبێ واز لە کارەکەی بهێنێ و لە گەڵ مێردەکەیدا بڕوات. بەڵام گەر ئاوەها هەلێک بۆ ژن بڕەخسێ، تەنیا ٢٠% ژن و پیاوان ڕایان وایە کە دەبێ پیاو لە گەڵ ژنەکەی بڕوا و واز لە کارەکەی بێنێ (*Simon, R. J & G. Danziger; 1991*).

questionnaire / پرسیارنامە

پرسیارنامە، کۆمەڵە پرسیارێکی نووسراوە کە توێژەر ئامادەیان دەکا و لە نموونەی ئاماری خۆی داوا دەکا کە وەڵامیان بدەنەوە. زۆربەی توێژەران پرسیارنامەکانی خۆیان بە یەکێک لەم دوو شێوازە دابین دەکەن و پیشانی وەڵامدەرانی دەدەن:

١) پرسیارنامەی بەستراو: لەم شێوازەدا، توێژەر هەندێ وەڵام هەڵدەبژێرێ و لە پێش پرسیارەکەی رایدەنێ تاکوو وەڵامدەر بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکەی، یەک یان چەن وەڵام هەڵبژێرێ و دەستنیشانیان کا. هەرچەن لەم پرسیارنامانەدا، وەڵامەکان پانتایەکی بەرتەسکیان هەیە و رەنگە لێکدانەوە و شرۆڤەی وەڵامەکان تووشی لێڵی بکەن، بەڵام کاری لێکدانەوەو راڤەی وەڵامەکان بۆ توێژەر ئاسانترە.

٢) پرسیارنامەی کراوە: لەم شێوازەدا هیچ وەڵامێک لە بەرانبەر پرسیارەکانەوە رانەنراوە و وەڵامدەر دەتوانێ سەربەستانە و بەکەیفی خۆی بیرو رای خۆی دەربڕێ. کاری توێژەر بۆ لێکدانەوەی ئەم وەڵامانە دژوارە و دەبێ واتایەکی شیاو بۆ وەڵامەکان ببینێتەوە تا لە گەڵ پرسیارەکەی خۆی بگونجێن.

هەر پرسیارنامەیەک بریتیە لە پەڕەیەک بۆ نووسینی را و بۆچوونەکان، شیکردنەوەیەکی کورت بۆ چۆنییەتی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان، پرسیارەکان و شوێنێک بۆ وەڵامەکان، ئەو کۆدانەی کە بۆ خستنە نێو کۆمپیۆتەری وەڵامەکان پێویستن، هەندێ روون کردنەوە سەبارەت بە چۆنییەتی ناردنەوەی پرسیارنامەکە (هەروەها پاکەتی نامە و تەمبر لە گەڵ ئادرێسی ناردنەوە) و لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانین بۆ ئاریکاری وەڵامدەرەوە (بیکر؛ ١٣٨٧).

لە هەر پرسیارنامەیەکدا چەن بنەمای گشتی هەیە کە دەبێ لە بەرچاو

بگیرێ:

١) پرسیارەکان دەبێ تەنیا بریتی بن لەو پرسیارانە کە پێوەندیان بە بابەت و گەلاڵەی لێکدانەوەی پرسیارەکان هەیە.

٢) پرسیارنامە بۆ وەلامدەر روون و ئاشکرا بێ.

٣) کورت و پڕواتا بێ بە جوانی هەموو رەهەندەکانی ئامانجی پرسیارەکە بگرێتەوە.

٤) گەر پرسیارنامەکە بۆ وەلامدەرەوە بەڕێ دەکرێ دەبێ چەند و چوونی وەلامدانەوەکان و روون کردنەوەی لە گەڵدا بێ.

٥) دەبێ بەر لە ناردنی پێداویستەکانی وەلامدەرەوە بۆ وەلامدانەوە و ناردنەوەی پرسیارەکان بزانرێ و دابین بکرێ (بیکر؛ ١٣٨٧).

پزیشکی / medicine

پزیشکی دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتییە کە ئامانجی بەرەنگاری لە نەخۆشی و بەرزتر کردنی ئاستی تەندروستی کۆمەڵگایە. پزیشکی بەشی تەندروستی واتایەکی بەرفراوانتری هەیە کە بە ناوی پاراستنی تەندروستی (health care) (واتە: هەر کردەوەیەک کە بە مەبەستی چاکسازی باری تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگا بێ) بەناوبانگە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، تا ئەو کاتەی کە بەرهەمهێنانی جڤاکەکان گەشەیەکی بەرچاوی سەند و ئەندامانیان دەوری رەسمی و بەرچاوی گرتە ئەستۆ، بەرپرسایەتی باری تەندروستی لە ئەستۆی خودی تاک یان بنەماڵەیدا بوو. پزیشکی –وەکوو دامەزراوەیەک- کاتێک هاتە دی کە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کار ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و زۆر ئاڵۆزتر بوو. پزیشکەکان بەرەبەرە ئەو بەشانەی لەشی مرۆڤ کە چاکبوونەوەیان بۆ هەیە، ناسی و رێگە دەرمانی زۆرێک لەو نەخۆشیانەیان پێشان دا. هەرچەند ئەمڕۆ رەنگە ئەو شێوە

دەرمانییانەکە پێشوونانمان لە پزیشکی سونەتیدا (وەکوو پزیشکی سووزەنی و گیایی) پیشانیان دەدایبن، بە نازانستی و سیحربازانەی بزانین؛ بەلام هەر ئەم شێوازانە، ئێستاش لە دونیادا کاری زۆر بۆ چاککردنەوەی نەخۆشان ئەنجام دەدەن (*Ayensu, E. S; 1981: 87-89*). هەرچەند کۆمەڵگا زۆرتر بەرەو پیشەسازی بوون بڕوا، ئەرکی پاراستنی تەندروستی زۆرتر دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانێ (لە پسپۆڕی بێهۆشیوە تا دەگاتە تکنیسیەنی رادیۆگرافی) کە خوێندنی بالایان هەیە و بەڵگەنامەی پیشەییان وەرگرتووە.

پزیشکی بەکۆمەڵایەتی کراو / socialized medicine

بە گشتی ئەمڕۆ لە ولاتانی پیشەسازی و پێشکەوتوودا پێداگرییەکی زۆر لە سەر تەندروستی سەرجەمی کۆمەڵگا دەکرێ و گوژمەیەکی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە. تەندروستی یەکێک لە پرسە گرینگەکانی هەموو کۆمەڵگایەکەو گوژمەی بەهرەوەرگرتن لە تیکنۆلۆژیای نوێی پزیشکی ئەوەندە زۆرە کە زۆربەی خەڵکی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا (پێشکەوتوو و دواکەوتوو) ناتوانن بە تەواوی لێی بەهرەمەند بن. هەندێ لە ولاتانی وەکوو بریتانیا و سوید، گوژمەی تەندروستی هاوولاتیانی خۆیان لە رێی وەرگرتنی پیتاکەوە دابین دەکەن؛ هەندێ ولاتی تری وەکوو ئالمانیا، نورویژ، دانمارک و بلژیک بیمەی تەندروستی دەولەتیان هەیە؛ هەندێکی تری وەکوو گریک، ئۆتریش‌و هۆلەند بیمەی تایبەتیان هەیە؛ هەندێ ولاتی تری وەکوو ئیرلەند، فەرانسە و سویس، خاوەنی ئاوێتەیەک لە بیمەی تایبەت و دەولەتین.

لە سالی ۱۸۹۱دا لە ولاتی سوید یاسایەک دەرکرا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە حکوومەت بوو بە بەرپرسی پاراستنی تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگا. بە واتایەکی‌تر: دەولەت ناچار بوو بۆ پاراستنی تەندروستی تاکەکان هان بدا و بەرنامە و گەلالەی نوێ دابرێژێ. هاوولاتیانی سویدی، دەبوایە گوژمەی

تەندروستی خۆیان بخەنە سەر پیتاک و بیدەن بە حکوومەت. بەم بۆنەوە دانیشتوانی ئەم وڵاتە زۆرتر لە وڵاتانی‌تری دونیا پیتاک دەدەنە حکوومەت. زۆربەی کاتەکان، پزیشکەکان بەجێی وەرگرتنی پارە لە نەخۆشەکان، مووچە لە حکوومەت دەستێنن و زۆربەی نەخۆشخانەکانیش حکوومین. چونکە ئەم سیستەمی پزیشکییە زۆر لە وڵاتە سووشیالیستییەکان دەکا، ناوی پزیشکی *بەکۆمەڵایەتی کرا*ویان بە سەردا ناوە. کەواتە، پزیشکی بەکۆمەڵایەتی کراو، سیستەمێکی چاودێری لە تەندروستییە کە حکوومەت خاوەنی کەل و پەل و کەرەستەی پزیشکی و چاودێری تەندروستی تاکەکانە و زۆربەی پزیشکەکان کارمەندی حکوومەتن.

پشتی شانۆ / back stage

بریتیە لە شوێن و جێگایەک کە بەدوور لە چاوی خەڵکە و لەم شوێنەدا رەنگە تاکەکان دەست بدەن بە کاری ناڕەوا و بەدەر لە نۆرم و یاسا؛ ئەو کارانەی کە لە پێش چاوی خەڵکەوە ئیزنی ئەنجامدانیان نییە. چونکە هەڵس‌وکەوتی پشتی‌شانۆ جیاوازە لەو هەڵس‌وکەوتەی کە خەڵکی لە سەرشانۆدا هەیانە، خەڵکی کۆشەوەی زۆر دەکەن تا پەردە بە سەر ئەم کارانەیان بکێشن و نەهێڵن کەس پێیان بزانێ و تێیان بگا. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە بەشی چێشتخانە لە ریستوورانەکاندا. کارمەندی ریستووران رەنگە لە نێو چێشتخانەدا (پشتی‌شانۆ) کارێک بکەن کە لە لای موشتەرییەکانیان (سەرشانۆ) خۆیان لەو کارانە دەپارێزن؛ وەکوو خواردنی خۆراک لە قاپی موشتەری، داکەوتنی خۆراک و هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی هەمان خۆراک بۆ نێو دەفری موشتەری و هاوار کردن بە سەر یەکتردا. کەچی کاتێ دێنە نێو هۆڵی چێشتخواردن (سەرشانۆ)، خۆیان لەم شێوە هەڵس‌و کەوتانە دەپارێزن.

پۆلێنکردنی (چینبەندی) سەرەتایی/ primitive classification

ئەم زاراوە لە وتارێکدا کە کۆمەڵناسانی فەرانسی، دوورکایم و مارسێل مووس لە ساڵی ١٩٠٣دا بڵاویان کردەوە، هاتووە. دوورکایم و مووس ئەم پرسیارەیان هێنایە ئاراوە کە: مرۆڤەکان چلۆن و بۆچی جیهانی کۆمەڵایەتی و فیزیایی خۆیان پۆلێن دەکەن؟ پەرسڤی ئەم کۆمەڵناسان بۆ پرسیارەکەیان کە لە لایەن ژۆزێف نیدهامەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا بەوردی خراوەتە بەر رەخنە، زۆرتر پاڵ دەداتە لای سەرنج و بۆچوونە مێژووییەکانەوە.

بەڵام پاش ئەم وتارە بوو کە راڤەی سیستەمە پۆلێنکراوە سەرەتاییەکان خرایە بەر سەرنج و وردبوونەوە. تۆژینەوەلەمەدا کە جڤاکەکان چلۆن کۆمەڵگەلێک وەکوو خزم و کریڤان، روەک و گیانداران، دەرمان و نەخۆشییەکان، بوونەوەرە سەرووسروشتییەکان و رەنگەکانیان پۆلێن کردووە، هەروەها ئەم چینبەندییانە لە سەر چ بناغەیەک دارێژراون، بووبە هۆی ئەنجامدانی کۆڵینەوەگەلی بەرچاو و بەنرخ (سی. گریوز؛ ١٣٨٦).

پووچەڵ کردنەوە/ neutralization

کۆمەڵناسان ئەم واتایە بۆ پووچەڵ کردنەوەی مۆرکی لادان لە لایەن کەسانێکەوە کە ئەم مۆرکەیان لێ دراوە، بەکار دەبەن. ئەو رووداوانەی کە دێنە ئاراوە، وەکوو لادانی یەکەمین، مۆرکی لادان و لادانی دووەمین، ناکرێ تاک دڵنیا بێ کە بە تەواوی خۆی لێیان دەپارێزێ. هەندێ جار ئەوانەی لە یاسا و نۆرم و رێساکانی کۆمەڵگا لادەدەن، بە نەناسراوی دەمێننەوە و مۆرکی لادانیان لێ نادرێ. تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەش ئەگەر بناسرێن و مۆرکیان لە سەر بنرێ، بە چەشنێکی سەرکوتووانە و لە رێی پرۆسەیەک کە گێرشام سایکس و دەیڤید ماتزا ناوی پرۆسەی پووچەڵ کردنەوەیان لە سەر داناوە (*Sykes, G; and D. Matza; 1957: 664-470*)، خۆیان لە

دەپارێزن و پاکانە بۆ کارەکەیان دەکەن. بە واتایەکی‌تر، ئەم کەسانە بە پاکانە کردن، یان بە ژیرانە پیشان دانی لادانەکەیان، هەم هەست بە گوناح و تـاوان ناکەن و هەمیش دەنگی تاوانبارکەرانی خۆیان کـەم دەکـەنـەوە. سـایکس و ماتزا پێنج تەکنیکی سەرەکی بۆ پووچەڵ کردنەوە دەستنیشان دەکەن:

١) حاشا و قەبووڵ نەکردنی بەرپرسایەتی (خەتای مـن نـەبـوو و بێجگـە لەوە کارێکی‌ترم لە دەست نەدەهات).

٢) حاشای ئازار گەیاندن بە کەسانی‌تر (لە راستیدا من ئـازارم بـە کـەس نەگەیاندووە).

٣) حاشای کوشتن، گەر کوژراوێک هەبێ (خۆیان ئەم کـارەسـاتەیـان بـە سەر خۆیاندا هێنا، حەقی خۆیان بوو).

٤) لۆمە و سەرزەنشتی ئەو کـەسـانەی تاوانباریـان دەکـەن (هـەموویـان خەریکی گەندەڵین).

٥) هانا بردن بۆ ئەمەگداری بە کەسانی‌تر (من ئەم کارەم بۆ هەڤاڵـەکـەم کرد، نەک خۆم).

دایانا سکالی و جۆزێف مارۆلا لە کاتی کۆڵـینەوە لـە سـەر تاوانبـاران بـە ئازاری سێکسی، بینیان کـە ئـەم کـەسـانە بـۆ پاکانـەی خۆیـان و پووچـەڵ کردنەوەی مۆرکێک کە بە سەریاندا نراوە، لـە شـێوازی جۆراوجـۆر کـەڵـک وەردەگرن. هەندێکیان حاشایان لە رەفتاری ئازاری سێکسی دەکرد و ژنانیان بە هەڵخڕێنەر و تاونبار دەزانی؛ هەندێکیان شێوازی جلـک لـە بـەر کـردنی ئافرەتەکانیان بە هۆی کارەکەیان دەزانی؛ هەنـدێ دەیـانگوت «نـە» گـوتنی ژنان هەمان «ئەرێ»یە؛ هەندێ دەیانگوت ئەوانیش زۆریان حـەز بـەم کـارە دەکرد؛ هەندێکیش دەیانگوت «ئەو ژنە مرۆڤێکی چاک نەبوو، حـەقـی هـەر ئەوە بوو»؛ تاقمێکیش تێکەڵێک لەم پاکانەیـان دەهێنایـەوە. ئـەوانـەش کـە دانیان بە سەر کردەکەیاندا دەنا، مەست و بێهۆش بوونی خۆیـان بـە هـۆی

تاوانەکەیان دەزانی. هەرچەند زۆربەی هەرە زۆری تاوانباران ئازاری سێکسییان بە خراپ دەزانی، کەچی کەسیان نەبوو دان بە مۆرکی «ئازاری سێکسی»دا بنێ (*Scully, D; and Marolla; 1984: 530-44*).

پەرومردە/ education

ئەم زاراوەزۆرتر بریتیە لە پەروەردە (بۆ گەنجان)، راهێنانی هزری و ئاکاری، گەشاندنەوەی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت لە رێی فێرکاری فەرمی لە قۆتابخانە و رێکخراوەکانیتردا. ئەم زاراوەلە واتایەکی بەرفراواندا ئاماژە دەکات بە فێرکاری و راهێنانێک کە لە تەمەنی گەورە سالیدا بە کار دێت.

هەندێ جاریش ئەم زاراوەیە بەربلاوتر دەکرێ تا هەموو ئاسەوارەکانی راهێنان لە هەموو بوار و قۆناغێکدا بگرێتەوە (شارع‌پور؛ ١٣٨٧).

هەرکەس چاوەڕوانییەکی لە پەروەردە هەیە: ئەزموونێکی زەینی سەرنجراکێش بۆ منداڵ، هۆکارێک بۆ هەڵاتن لە بێکاری یاخۆ هەڵگەڕان لە چینەکانی خوارەوە بۆ چینەکانی سەرووی کۆمەڵگا. پەروەردە بۆ هەندێ لە دایک و باوکان ئامرازێکە بۆ منداڵەکەیان تا بگات بەو پلە و پاگەی کە ئاواتی خۆیان بووە.

جیاوازیگەلێک کە لە پێناسە کردنی پەروەردەدا هەیە بۆتە هۆی شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر لەم بابەتەدا. جۆن ستوارت میل هەر شتێک کە بەسەر تاکدا کاریگەری هەبێ، بە پەروەدەی دەزانێ. دیوویی دەڵێ: بە گشتی پەروەردە کۆمەڵە پرۆسەیەکە کە گرووپ یان کۆمەڵگایەک-گەورە یان بچووک- دەسەڵات و دۆزەکانی خۆی رادەگوێزێتەوە تا بتوانێ گەشەی بەردەوامی خۆی مسۆگەر بکا(شکوهی، ١٣٦٧). دوورکایم رای وابوو کە دەبێ بەکار هێنانی ئەم زاروەیە زەقتر و راشکاوتر بێ و جەختی زۆرتری لە سەر

بکرێ و زۆرتر «کاریگەری بەرە بە سالاچووەکان بە سەر بەرەی گەنجدا بگرێتەوە کە هێشتا بۆ ژیانی کۆمەلایەتی رانەهاتوون»؛ بەم پێیە دەتوانین بلێین «پەروەردە بریتیە لە بە کۆمەلایەتی بوونی رەوتداری بەرەی گەنج و لاو». بە گوێرەی ئەم روانگە ئەرکخوازانەیە، پەروەردە دامەزراوەیەکە بۆ راهێنانی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، بە جۆرێ کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی یەکەتی و یەکگرتوویی بەرەی دوارۆژ «کۆمەلگا تەنیا بە مەرجێ دەتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدا کە کە پێوەندی و یەکگرتوویی لە نێوان ئەندامانیدا بێ: پەروەردە بە بەهێز کردنی نیازەسەرەکییەکانی ئەم یەکگرتووییە لە منداڵدا، بوون و بەردەوامی کۆمەلگا مسۆگەر دەکات». ماکس ڤیبێر هەرچەن بە راشکاوی باسێکی بنەڕەتی لە سەر پەروەردە نەکردووە، بەلام بە وردبوونەوە لە تیۆری بۆرۆکراسی ڤیبێر روون دەبێتەوە کە مەبەستی هەر سیستەمێکی پەروەردە ئەوەیە کە خوێندکاران بۆ بەڕێوەبردنی جۆرێکی تایبەت لە ژیان رابێنێ. ئەم جۆری تایبەتە بە گوێرەی پلەوپاگە و رادەی دەسەلاتی کۆمەلایەتی هەر تاکێکە لە نێو پێکهاتەی کۆمەلگادا (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

هەندێ باسی جۆراوجۆر لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلسدا بە دێ دەکرێ (بۆ وێنە: سەرمایە، بەرگی ١؛ ئایدیۆلۆژی ئەلمانیایی، بەرگی ١؛ رەخنەی پرۆگرامی گۆتا). بەلام بیردۆزێکی یەکگرتووتر کە لە مارکسیزمدا هاتە دی، پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر بوو. چونکە کۆمەلگای مارکسیستی پێویستی بە پراکسیسی پەروەدەیی بوو، بۆیە ئەم نیازە بوو بە دنەدەری گەلالەیەکی نوێ لەم رەهەندەدا. لە راستیدا بیردۆزی مارکسیستی لە پەروەردەدا، بیردۆزێکی پراتیکییە. خودی مارکس هەرچەند بە چەشنێکی سەربەخۆ لە سەر پەروەردە باسی نەکردووە، بەلام بایەخێکی زۆری داوە بە فێرکاری، بە تایبەت بە شێوازی دابەشکردنی ئاسانکاری بۆخوێندن لە

کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا.

مارکسیستە پێکهاتە خوازەکان(Structuralist) لەسەر ئەم باوەڕەن کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت پێکهاتە ئابورییەکانن کە میتۆدی هەڵس وکەوتی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. بەڕای لوویی ئاڵتوسەر جۆرێک لە جەبرخوازی ئابووری سێبەری خستۆتە سەر بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، وەکوو بەشی پەروەردە، زانیاری و ئایین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر بەشێک بە گوێرەی بەشەکانی‌تر تا رادەیەک سەربەخۆیە (*Robison.P.1981*) بەشی سەرەکی لە سیستەمی سەرمایەداریدا، چێ کردنی هێزی کار و هەلومەرجی بەرهەمێنانە، واتە هەمان چێ کردنی پێوەندی بەرهەمێنان. لە روانگەی ئاڵتۆسەرەوە قوتابخانە دەوری بەرهەمێنانەوەی کولتووری (Cultural reproduction) دەگێڕێ، بۆیە لە راستیدا قوتابخانە هۆکارێکی بێ‌لایەن و سەربەخۆ نیە، بەڵکوو وا لە ژێر کاریگەری ئاپۆلۆژی دەوڵەتدا. لە بیردۆزە نوێکان کە لەسەر پەروەردە و فێرکاری ئاخاوتوون، دەتوانین ئاماژە بە پارادایمی رەخنەگرانە بکەین. ئەم پارادایە شرۆڤەیەکی جیاواز لە پەروەردە دەداتە دەست. ئەمیش وەکوو بیردۆزی قوتابخانەی ئەرکی، لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە قوتابخانە پێوەندییەکی نزیکی بە کۆمەڵگاوە هەیە، بەڵام باوەڕیان وایە کە سیستەمی پەروەردە زۆرتر پێداویستی و نیازەکانی بژاردەکانی کۆمەڵگا دابین دەکا تا ئەوەی کە نیازەکانی سەرجەمی کۆمەڵگا پێک بێنێ. هەروەها زۆرتر لەسەر پێوەندی نێوان فێرکاری فەرمی و فێرکردنی گوێڕایەڵی پێداگری دەکا تا فێرکردنی توانایی بۆ تێگەیشتن. بۆیە سیستەمی پەروەردە مەودای نێوان چینەکانی کۆمەڵگا زۆرتر دەکا و خەڵکی رادێنێ کە بەو هەلومەرجەی کە تێیدان رەزا بن (*Hurn. C; 1985*)

پەروەردەی فەرمی (ڕەسمی)/ formal education

کۆمەڵناسان لە نێوان فێرکاری فەرمی و نافەرمیدا (بڕوانە فێرکاری نافەرمی) جیاوازی دادەنێن. فێرکاری فەرمی کۆششەوەیەکی ئامانجدارو گەلالەکراوە بۆ گواستنەوەی لێهاتوویی و شێوازەکانی بیر کردنەوە. لەم ڕووەوە فێرکاری فەرمی پرۆسەیەکی سیستماتیکە کە تاک بە گوێرەی بەرنامەیەکی داڕێژراو، زانستەکانی خۆی فێری کەسانی تر دەکات. زۆرتر فێرکاری فەرمی بە پرۆسەی دەوڵەمەندسازی، ڕزگاری کەری و بەدەست هێنانی ئەزموونی بەکەڵک دێتە هەژمار، بەڵام زۆر جار ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی بیر کورتی، دەمار گرژی یاخۆ «مێشک شۆردنەوە». پەروەردەی فەرمی کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە خوێندکاران ئەو شتانەی پێیان فێر دەکرێ، بە هەمان چەشن کە مامۆستایان چاوەڕوانیان لێ دەکەن، فێری بن و بەکاری بهێنن (شارع‌پور؛ ١٣٨٧).

پەروەردەی نافەرمی/ informal education

ئەم فێرکارییە بە ئاوەژووی پەروەدەی فەرمی کە ئامانجدارو گەلالە کراوە، بەخۆڕایی و بەبێ‌بەرنامە و ئامانج ڕوو دەدا. واتە، ئەو ئەزموونانەی کە بە شێوازی نافەرمی فێر دەکرێن، بە چەشنێکی ئاسایی دێنە کایەوە. کەس ئەم چەشنە فێرکارییەی بۆ ڕاگواستنی لێهاتوویی و ڕاهێنانی شێوازی بیرکردنەوە دانەڕشتووە. فێرکاری نافەرمی لە هاتوچۆی نێوان بنەماڵەکان، دۆستایەتی، سەفەر و ... دێتە ئەنجام (عضدانلو، ١٣٨٤).

پەرەسەندن / diffusion

پەرەسەندن بریتیە لەو پرۆسانەی کە دەبنە هۆی وێکچوونە کولتوورییەکانی نێو کۆمەڵگا. پەرەسەندن بریتیە لە سێ جۆر پرۆسەی

مێژوویی بڵاوبوونەوەی کولتووری:

١- هەندێ جار کولتوور لە ڕێی کۆچەوە پەرە دەستێنێ و بڕێ جار بەم پرۆسەیە «پەرەی یەکەمین» یا «پەرەی کولتووری» دەڵێن. نموونەی ئەم جۆرە، پەرەسەندنی سیستەمی یاسایی بریتانیایە لە زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکای باکوور و ئۆسترالیادا.

٢- جاربەجار پەرەسەندن کولتوورێکی دووەمینە و ڕاستەوخۆ تاقمێک لە تاقمێکی تری وەردەگرن. ئەمە تایبەتمەندییە ماددیەکانیش دەگرێتەوە.

٣- هەندێ جار پەرەی هزری بە تەنیا خۆی دەتوانێ بڕواتە ڕیزی پەرەسەندنەوە کە کرۆبێر پێی دەگوت «پەرەی بزوێنەر».

یەکەم جار تایلێر بوو کە وشەی پەرەسەندنی لە ئێسنۆگرافیا و کۆمەڵناسیدا داهێنا. هەروەک بێژرا، مەبەست لەم وشەیە، پەرە و گەشەی کولتوورییە لە ڕێی کۆچ و پێوەندی و تێکەڵاوی نێو کۆمەڵگاکانە. بەکار بردنی ئەم زاراوە، دەتوانێ پەرسڤدەری ئەو وێکچوونە کولتوورییانە بێ کە کۆمەڵگاکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

پەنابەر / refugee

بەگوێرەی پێناسەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەنابەر بە کەسێک دەبێژرێ کە بە هۆی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەچەڵەک، ئایین، نەتەوە، بیرو بۆچوونی سیاسی، یاخۆ ئەندام بوون لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا بترسێ لەوەی کە تووشی ئەشکەنجە و ئازار بێ و بتوانێ بۆ هۆی ئەم ترسەش، بەڵگەی پتەو قایم و ئاشکرا بێنێتەوە (*Walsh, M. W; 1993: A6*). کۆمەڵناسان لە توێژینەوەکانی خۆیاندا بە دانانی جیاوازی لە نێوان دووچاوەکیە تاکەکەسیەکان و دووچاوەکییە فەرمییەکان، بەم ئەنجامە گەیشتوون کە دیاری کردنی پێناسە، مەحکووم کردن، بەرگری و دیاری کردنی تەمبێ بۆ

دووچاوەکییە بەڕەسمی بووەکان زۆر دژوارە؛ چونکە ئاوەها دووچاوەکییەک تەنانەت کاتێک کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەمارگرژ یان دووچاوەکیخواز نەبن، دیسان دەتوانێ لە کۆمەڵگادا هەبێ. ناتوانین شۆپی ئەم جۆرە دووچاوەکییانە لە نییەت و مەبەست و کردەوەی تاکەکاندا ببینینەوە. ئەم جۆرە رەفتارە دووچاوەکییانە، ئەنجامی پێڕەوی لە هەندێ کردەوەی سەقامگیرکراون کە لە رواڵەتدا بە قازانجی کەسێکی تایبەت نییە و زۆریش دادوەرانە دیارە. بە واتایەکیتر، ئەم دووچاوەکییانە ئاکامی یاسا و پێوەرگەلێکن کە لە رواڵەتدا وادیارە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بە چەشنێکی یەکسان لەبەر چاو دەگیرێ. بۆ وێنە، پێناسەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە سەرەوە هات، ئازاری سێکسی بە هۆی پەنابەری نازانێ. توندی لە گەڵ ژنان، ساواکوشتن، خەتەنەکردنی ئافرەتان، هاوسەرگیری زۆرەکی و بەراویتن (سقط جنین) زۆرتر بە کردەیەکی تاکەکەسی یان کردەیەکی یاسایی دەزانرێ کە پێوەندی بە یاسای وڵاتێکەوە هەیە کە ئەو ژنە سەربەو وڵاتەیە.

پیرناسی / gerontology

ئەم زاراوە لە وشەی گریکی geron بە واتای «بەساڵاچوو» گیراوە. پیرناسی بە مانای توێژینەوە لە سەر بەساڵاچوو و پرۆسەی پیر بوونە. پیرناسان پەیدۆزی پرۆسەی پیربوون و دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەن کە ئایا لە پرۆسەی پیربووندا کەسایەتی تاکەکانیش تووشی گۆڕان دێ یان نە. هەروەها پەیدۆزی دیتنەوەی بەشە کولتوورییەکانی پرۆسەی پیربوون و جیاوازی ئەم پرۆسەیە لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندایە. پیرناسان بێجگە لە توێژینەوە بە سەر پرۆسەی بیۆلۆجیکی پیربوون، ئاڵوگۆڕی دەروونی، کولتووری و چینبەندی پیری لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانیشدا دەخەنە بەر

لێکۆڵینەوە.

پێشبینی / prediction

بەبێ پێشبینی و بەبێ گریمانەیەک سەبارەت بە داهاتوو، چالاکی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت چالاکیەکی رامیاری شیاو و گوونجاو، زۆر ئەستەمە. بەڵام کێشە و گرفتی چالاکی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە هەرچەند کۆمەڵگا ئاڵۆزتر بێ، پێشبینی کۆمەڵایەتی هەم دژوارترە و هەمیش پێویستتر.

گرتنی سیاییەک لەو پێشبینییانەی کە رۆژگار هەڵە بوونی سەلماندوون، کارێکی زۆر دژوار نییە، بۆ وێنە: دێنی دۆرۆژمۆن پێناسەی وشەی «ترۆمبیل»ی لە فەرهەنگی زۆر بەناوبانگی ئاڵمانی برۆکهاوێرز لە ساڵی ١٨٨٠دا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: «ترۆمبیل ناوێکە کە بە گەڕۆکێکی سەیرو سەمەرە دراوە کە بە هۆی ماتۆڕی ئیحتراقییەوە دەئاژوێ... ئەم داهێنانە کە ئەمڕۆ لە بیرکراوە، بەردەوام شکستی هێناوە و بەرپرسانی زانستی، دانیان پێدا نەناوە». بە لەبەرچاو گرتنی بارو دۆخی ئێستای ترۆمبیل، ئەم پێناسە هەڵەیەکی زۆر زەقی لە شێوازی پێشبینیدا تووش بووە. ئاگۆست کۆنت لە کورسی وانەکانی فەلسەفەی پازیتیڤیسمدا پێشبینی کردووە کە قەد مرۆڤ ناتوانێ تایبەتمەندی کیمیاوی ئەستێرەکان بناسێ (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

ئەم چەن نموونە، هۆکارە سەرەکییەکانی شکست هێنانی پێشبینی لە چەمکی کۆمەڵایەتیدا روون دەکەنەوە. وەکوو ئەوەی کە کاتێک دەرەنجامێکی ئاماری یان یەکگرتوویەکی بەردەوام سەبارەت بە بابەتێک دێتە دەست، ئەوو ئاکامە ئامارییە بە چەشنێکی ئاسایی مرۆڤ هان دەدات بۆ پێشبینی کردنی رووداوەکانی داهاتوو بەگوێرەی هەمان دەرەنجام و ئاکامی ئاماری (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

پێشبینی بریتیە لە دەربڕینی ئاکامی ئاڵوگۆڕێک لە داهاتوودا کە

چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا روو بدات. لانی کەم سێ هۆکار لە پێش‌بینیدا پێویستن: ١) پرۆسەی ئاڵوگۆڕ کە پێش‌بینی لە سەر دەکرێ، ٢) زنجیرە هەلومەرجێک کە دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕ، ٣) مەزەندەیەک بۆ روودانی ئەو دەرەنجامە. کاری پێش‌بینی بریتیە لە دەربڕینی راو بۆچوونێک کە بنەمای لە سەر سەرجەمی ئەم هۆکارانەوە دانراوە (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

پێش‌بینی لە زاستدا پرۆسەیەکی لۆجیکی و کۆنترۆڵ کراوە کە پێویستی بە تاقی‌کردنەوەی زەینی و کردەوەیی هەیە. بەم بۆنەوە بەڕای پارسۆنز: «ئاشکرایە کە ئەم کارە (واتە: پێش‌بینی) شتێک بێجگە لە لۆجیکی تاقی‌کردنەوە نییە، لە هەلومەرجێکدا کە ئاستەنگەکان، کۆسپێکن لە بەرانبەر چێ‌کردنەوەی بارودۆخ و هەلومەرجی سەرەتایی و هەروەها ناکرێ هۆکارەکان بگۆڕین تا بزانین چ شتێک روودەدا، لە ئاوەها هەلو مەرجێکدا دەبێ دەست بدەین بە تاقی‌کردنەوەی زەینی؛ واتە هێڵێک لە رەوتی رووداوەکان بە شێوەی زەینی بکێشین» (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

پێشکەوت (گەشەکردن)/ development

تا ئێستا زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی زۆریان بۆ پێشکەوت هێناوەتە ئاراوە. هەر یەک لەم زانایانە هانی داوە بە گوێرەی دۆز و ئارمانجێک کە خۆی بوویە، پێناسەیەک لە پێشکەوت بداتە دەست.

واتای پێشکەوت، پاش شەڕی جیهانی دووەم، وەکوو زاراوەیەکی گشتگیر بەکار براوە. ئەم واتایە زۆر ئاڵۆز و چەند رەهەندییە. هەندێ لەو پێناسانە کە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە پێشکەوتنیان کردووە، بریتین لە: مایکێل تودارۆ دەڵێ: «دەبێ پێشکەوتن بە بزاڤێکی چەن رەهەندی بزانین کە پێویستی بە گۆڕانی بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بۆچوونی سەرجەمی خەڵکی و دامەزراوە نەتەوەییەکان و هەروەها خێرایی لە گەشەی ئابووری،

کەم کردنەوەی نابەرانبەری و بنەبڕ کردنی هەژاری و نەداری هەیە. پێشکەوتن دەبێ پیشان بدا کە کۆمەڵەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، هاوڕێ لە گەڵ نیازە هەمەڕەنگ و سەرەکییەکان و ویستی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو سیستەم، لە بارودۆخی نەشیاوی ژیانی رابردوو دەرباز بووە و بەرەو هەلومەرجێکی نوێ لە ژیانی مادی و مەعنەوی کە چاکتر لەوەی پێشووە، دەڕواتە پێش» (تودارو؛ ١٣٦٦). دادالی سیرز: «پێشکەوتن بە بزاڤێکی چەن رەهەندی دەزانێ کە دەبێتە هۆی نوێ کردنەوەی رێکخراو و لاگرییەکی جیاواز لە سەرجەمی سیستەمی ئابووری-کۆمەلایەتیدا. بەڕای سیرز، پێشکەوتن بێجگە لە باشتر کردنی ئاستی بەرهەمهێنان و داهات، دەبێتە هۆی گۆڕانی بنەمایی لە پێکهاتەناوەندی، کۆمەلایەتی و ئیدارییەکان و هەروەها شێواز و پێودان و بۆچوونەکانی خەڵکی. پێشکەوتن، زۆرجار خوو و رەوشت و بیرو بۆچوونەکانی خەڵکیش دەگرێتە بەر» (ازکیا؛ ١٣٧٧).

پیتێر دۆناڵدسۆن لە پێناسەی گەشەسەندندا دەڵێ: گەشەسەندن بریتییە لە گۆڕانی بنەمای پێکهاتەی کۆمەلایەتی و لایەنگیری دامەزراوەکان بۆ گەیشتن بە سەرجەمی دۆز و ئامانجەکانی کۆمەڵگا. لەم رێبازە گرینگەدا گەر هەموو خەڵکی بەشدار بن، رەنگە بە خێرایی بگەن بە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە؛ چونکە پرۆسەی گەشەسەندن بە رەنج و ئازاری زۆر دەگاتە ئەنجام. تا ئەو دەمەی کە سەرجەمی خەڵکی بە شارەزایی و ئاگەداری تەواوی کۆمەلایەتیەوە سەبارەت بە گۆڕان و نیاز بە هاوڕێ بوون لە گەڵ ئەو گۆڕانە، هاریکاری سەرەکییان لە گەڵ رەوتی گەشەسەندندا نەبێ، قەد ئەم پرۆسە بەردەوام نابێ و ناگاتە ئەنجام (دینی؛ ١٣٧٠).

هەندێ لە کۆمەڵناسان زۆرتر لە سەر بەها کولتووری و کۆمەلایەتییەکان جەخت دەکەن و بەم چەشنە پێناسە بۆ پێشکەوتن دەکەن: پێشکەوتن، گەیشتن بە ژیانێکی پڕپیت و بەرهەمە کە کولتوور پێناسەی بۆ دەکا. بەم

پێشکەوت

چەشنە دەتوانین بڵێین کە پێشکەوتن، گەیشتنی مرۆڤە بە بەها کولتوورییە تایبەتەکانی پێشکەوتن (مسیرا، وەرگیراو لە: ازکیا؛ ١٣٧٤). لە باری کۆمەڵایەتیدا جەخت لە سەر ئاسوودەگی و نەمانی هەژاری کراوە. لەم رەهەندەدا پێشکەوت بریتیە لە پرۆسەی دوورکەوتنەوە لە دواکەتوویی؛ واتە دەرباز بوون لە پەنجەی هەژاری. تەنیا ڕێگای پێشکەوتن، دانانی بەرنامە و پرۆگرامە بۆ پێشکەوتن (میردال؛ ١٣٦٦). برۆگفیلدیش بەم چەشنە پێناسە بۆ پێشکەوت دەکا: پێشکەوت بریتیە لە رۆیشتن بەرەو ژیانێکی ئاسوودە و بەبێ هەژاری و بێکاری و نایەکسانی (برگفیلد؛ ١٣٧٧).

کۆمەڵناسانی مێژوویی، پێشکەوت بە رۆیشتنێکی مێژوویی و بگار لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکیتر دەزانن. پێناسەی ئەوان لە پێشکەوت بریتیە لە رۆیشتنی کۆمەڵگا لە قۆناغێکی مێژووییەوە و سەرکەتنی هەمەلایەنە لە گەیشتن بە قۆناغێکیتری مێژوویی. بەواتایەکیتر، پێشکەوت بریتیە لە تێکچوونی سیستەمە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزران و گەشەی سیستەمە نوێکان. مەبەست لەم گۆڕانە-چ لە پانتای بەربڵاودا بێ یاخۆ پانتایەکی بچووکدا- بەرز بوونی پێودانەکانی ژیان لە وڵاتانی دواکەوتووە. بەم چەشنە کە، پێشکەوت پەڕینەوەیە لە قۆناغێکی نزم لە زنجیرەی پلەوپاگەکان بۆ قۆناغێکی سەرتر لەوە. کۆمەڵگاکان یا ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە، یاخۆ خەریکن تێپەڕی دەکەن، یا لە داهاتوودا لێی دەپەڕنەوە.

لە هەموو پێناسەکانی پێشکەوتدا، ئاواتی ژیانێکی باشتر حەشار دراوە. بۆ گەیشتن بە ئارمانجی باشتر بوونی باری ژیانی کۆمەڵگاکان، لە رەوتی پێشکەوتنی نەتەوەکاندا، بۆچوون و پێشنیاری زۆر گەڵاڵە کراوە. هەرچەند بۆچوونە پراکتیک و هزریەکانی پێشکەوت زۆرن بەڵام لێرەدا گرینگترینیان پێناسە دەکەین کە بریتین لە: «پێشکەوتی ناوخۆیی»، «پێشکەوتی دەرەکی»، «پێشکەوتی یەکسان»، «پێشکەوتی نایەکسان»، «پێشکەوت لە

سەرەوە»، «پێشکەوت لە خوارەوە».

پێشکەوتی ناوخۆ: لەم رەوتەدا سەرجەمی توانەکانی ناوخۆی ولات بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کۆمەلایەتی، ئابووری، رامیاری و کولتووری لە چوارچێوەی بارودۆخی مێژووییدا لە بەرچاو دەگیرێ و بە پەرەدان بە چالاکییەکانی ناوخۆی کۆمەلگا، بۆ چارەسەرکردنی نیازەکانی ئەندامانی هەمان کۆمەلگا، بەکار دەبرێ. لەم رەوتەدا، بابەتی هەرە گرینگ، بەرز کردنی رادەی چەندوچوونی ژیانی هەموو ئەندامانی کۆمەلگایە و کۆشەوەکان بۆ گەیشتن بەم مەبەستەن. ئەم میتۆدە لە دەرەوە نایێ و لە سەر داهێنانەکانی ناوخۆ بنیات نراوە و بە هیچ جۆر بە چاولێکەری ناگاتە ئەنجام.

پێشرەوتی دەرەکی: ئەم میتۆدە کە پاش شەری دووەمی جیهانی هاتە کایەوە، بە تەنیا دەرمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ولاتانی جیهانی سێیەم دەزانرا. هەروەک لە ناوی ئەم رەوتەوە دەردەکەوێ، سەرچاوەی ئەم میتۆدە دەرەکی و بیانییە و میتۆدێکی چاولێکەرانەیە و بە گوێرەی ئەم میتۆدە، ولاتانی دواکەوتوو دەبێ لە هەمان شێوازی ولاتانی پێشکەوتوو بەهرە وەربگرن. لەم میتۆدەدا هیچ ئاورێک لە رەهەندی مێژوویی ولاتانی جیهانی سێیەم نادرێتەوە. تەنانەت هیچ سەرنجێک نادرێتە بارودۆخی ئەمرۆی ولاتانی جیهانی سێیەم و دوێنێی ولاتانی پێشکەوتوو. کۆمەلناسانی پێشکەوت، کە لە بواری جیهانی سێیەمدا کۆلاونەتەوە، ئەم میتۆدە بە «پێشکەوتی رۆژاوایی» ناودەبەن.

پێشکەوتی نایەکسان: مەبەست لە پێشکەوتی نایەکسان، پێشکەوتێکە کە لە سێ ئاستی گەورە و ناونجی و ورددا نایەکسان بێ. لە ئاستی گەورەدا، مەبەست ئەوەیە کە لە نێوان ولاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوودا هیچ هاوسەنگی و یەکسانییەک نییە و پێشکەوتنی ولاتانی پێشکەوتووی ئێستا لە

سۆنگەی دواخستنی ولاتانی جیهانی سێیەمە. بە واتایەکی‌تر ڕێگاکانی پێشکەوتی ولاتانی جیهانی سێیەم، زۆر بەرتەسک و سنووردارن و نایەکسانی بە راشکاوی دیارە (تیلور، وەرگیراو لە: لهسایی‌زادە؛ ١٣٨٧). هۆی ئەم نایەکسانییە دەگەڕێتەوە بۆ دابەش‌کردنی کاری جیهانی؛ لەم پرۆسەیەدا بەرهەمهێنانی هەندێ کالا بە سەر هەندێ لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا دادەسەپێ.

لە ئاستی ناونجیدا هەرکات پێشکەوت لە بەشی پیشەسازی و کشتوکالدا، یان لە نێوان شارو گونددا نابەرانبەر گەشە بسێنێ، پێشکەوت نایەکسان بووە.

لە ئاستی ورددا پێشکەوتی نایەکسان بریتیە لە نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکاندا. بۆ وێنە لە بەشی کۆمەلایەتیدا زۆربەی بوودجەکان بۆ بەشێک تەرخان دەکرێن و بەشەکانی‌تر کەمتریان بەردەکەوێ و بەم بۆنەوە بەشێکی کۆمەلگا زۆر پێشدەکەوێ، کەچی بەشەکانی‌تر دوادەکەون (لاوی، وەرگیراو لە: لهسایی‌زادە؛ ١٣٨٧).

پێشکەوتی یەکسان: لە پێشکەوتی یەکساندا بە پێچەوانەی پێشکەوتی نایەکسان، دۆزی سەرەکی لە پێشکەوت، گەشەی هاوکاتە لە چەندوچوونی بەشەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، رامیاری و کولتووری کۆمەلگادا. لەم جۆرە پێشکەوتەدا، هیچ یەک لە بەشەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، رامیاری و کولتووری بە ژێربینا یان رووبینا نایەنە ئەژمار و بەم بۆنەوە هیچ یەکیان بە گرینگتر لەوانی‌تر نازانرێ. لە باری پلان‌دانانیشدا هیچ بەرو دوا ناکەون. بە دانانی بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، هەموو بوارەکان پێکڕا بەرەو پێش دەڕۆن.

پێشکەوت لە سەرەوە: لە راستیدا ئەم پێشکەوتە گۆڕانێکی پێکهاتەییە کە لە چوارچێوەی بارودۆخی هەنووکەیدا دێتە کایەوە. بە واتایەکی‌تر، کۆمەلگا دەست نادا بە گۆڕانی بناغەیی، بەلکوو چاکسازی لەو هێزانەوە دەست

پێدەکات کە لە سەرەوەی کۆمەڵگادان و پاشان بەشەکانی تری کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. لەم گۆڕانەدا هێزە سەرەکی و بنەماییەکانی گۆڕان، «بژاردەکان»ن. ویلفریدۆ پارێتۆ و مووسکا لە دانەرانی ئەم بیردۆزەن. ئەم دوو بیرمەندە رایان وایە کە کۆمەڵگا بە هۆی بژاردەکانیەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و بەرەو پێش دەڕوا. ئەو بژاردانەی کە دەسەڵاتیان لە دەستدایە بە هاوکاری ئەوانەی کە بێدەسەڵاتن، دەتوانن رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە سەر خەڵکی ئاساییدا داسەپێنن و کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوت پاڵ پێوەبنێن. هەروەها مەک کلێلەند و هیگن، لەو بیرمەندە نوێیانەن کە لە سەر دەور و کاریگەری کارئافرێنەران بە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگادا جەخت دەکەن (لیور، وەرگیراو لە: لهساییزادە؛ ١٣٨٧).

پێشکەوت لە خوارەوە: ئەم پێشکەوتە گۆڕانێکی بناغەییە کە دەبێتە هۆی وەرگەڕاندنی پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکان. زۆرتر ئەم پێشکەوتە هاوڕێیە لە گەڵ شۆڕش و بەشداری چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە. لەم گۆڕانەدا لاوان بەشدارییەکی ئەوتۆیان هەیە. لە پێشکەوت لە خوارەوە، مەبەست و دۆزی سەرەکی، گۆڕانی بارودۆخی باوی نێو کۆمەڵگایە (لهساییزادە؛ ١٣٨٧).

پیشەکان/ professions

ئەم زاراوە باس لەو کارانە دەکات کە پێویستیان بە زانست و شارەزایی هەیە. فێر بوونی ئەم زانستانە پێویستی بە فێرکاری و پەروەردەی تایبەت هەیە و کۆرسەکانی فێرکاری ئەم زانستانە زۆرتر هزرین و کەمتر لە رێی ئەزموونەوە بەدەست دێن. ئاستی پسپۆڕی و شارەزایی بەشداران لەم کۆرسانەدا لە رێگای تاقیکردنەوەلە زانکۆ یان ئەو دامودەزگا و رێکخراوانەی کە بۆ راهێنانی ئەم خوێندکارانە تەرخان کراون، لە پێوانە دەدرێ و بەو کەسانە لەم خولانەدا سەرکەون بڕوانامەیەک دەدرێ کە دەسەڵاتێکی

شایانیان پێ دەدات.

ئەم هێز و دەسەڵاتە لە لایەن یەکیەتی و کۆمەڵەپیشەییەکانەوە پشتگیری لێ دەکرێ. ئەم یەکیەتییانە هەندێ یاسا و پێوەر بۆ وەرگرتن، فێرکردن و هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵکی (ئاکاری پیشەیی) بۆ بەشدارن و ئەندامانیان دادەڕێژن و چاودێری دەکەن لەوەی کە ئاستی زانست و لێهاتوویی و شارەزایی خوێندکاران کەم نەبێتەوە. لە ئاستی مووچەیان لایەنگری دەکرێ و تێدەکۆشن تا گرووپەرەقیبەکان لە دەستێوەردان لە کار و بار و چالاکییە پیشەییەکانیان دوور بگرن و بۆ پاراستنی پێگەی پیشەییان تێدەکۆشن.

ئەمڕۆکە ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە کار و پیشەیەکی تایبەت کە بەشداران لەم کارەدا پتر لەوەی کە خەریکی بەرهەمهێنانی کالایەک بن، خەریکی خزمەتگوزارین. ئەم پیشانە جیاوازن لە گەڵ ئەو کارانەی کە کالایەک بۆ سوود و قازانج لە نێو دووکان یاخۆ هەر شوێنێکیتردا رادەنێن و دەیانفرۆشن. هەروەها جیاوازە لە گەڵ هەندێ کاری وەکوو نەشتەرگەری، دەرمانسازی یاخۆ هەندێ لە ئەندازیاران کە دەست دەدەن بە فرۆتنی هەندێ کالا کە فرۆشتنیان پێویستی بە شارەزایی و زانینێک هەیە کە لە رێگای فێرکارییەوە بە دەست دێت (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

شارەزایی و لێهاتوویی پسپۆڕەکان دەبێ لە لایەن خەڵک و بەرپرسە رەسمییەکانەوە دانی پێدا بنرێ. بە واتایەکیتر، ئەم پسپۆڕانە دەبێ بۆ پیشەکەی خۆیان پێودانگی یاسایی ببیننەوە. گەر وانەکەن، دەسەڵاتە لاوەکییەکان، کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر ئەم پیشەیە دەگرنە ئەستۆ. هەروەها پسپۆڕان دەبێ پیشان بدەن کە توانی چاودێری بە سەر ئەندامانی خۆیانیان هەیە.

بە بڕوای گوود، گەر پسپۆڕان ئەم دوو پێداویستییە سەرەکییە بە دەست

بێنن (واتە پەسند کردنی خەڵکی و چاودێری بە سەر ئەندامانیان)، تایبەتمەندییەکانی‌تری ئەو کارەش دەسەلمێنن. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە:

١- ئەو پیشە خۆی پێوەرو پێودانگەکانی فێرکاری و خوێندنی ئەندامانی دیاری دەکا.

٢- لەچاو ئەو کەسانەی کە کاری ئاساییان هەیە، خوێندکارانی پیشەیی، پرۆسەی بەکۆمەلایەتی بوونیان دژوارترە.

٣- زۆربەی پیشەکان لە لایەن بەرپرسە رەسمییەکانەوە دانی پێدا دەنرێ و بیچمێکی یاسایی دەگرێتە خۆ.

٤- پەسندکردنی لێهاتوویی خوێندکار و هەروەها تەسلیم کردنی بڕوانامە، لە لایەن ئەندامانی هەمان پیشەوە ئەنجام دەگرێ.

٥- زۆربەی یاساکانی ئەو پیشە، بەهۆی ئەندامانی هەمان پیشەوە دادەڕێژرێن.

٦- هاوکات لە گەڵ گەیشتن بە داهات، دەسەلات و پێگەی کۆمەلایەتی، ئەو پیشە دەتوانێ داوای ناونووسی خوێندکارانی شیاو و لێهاتوو بۆ ئەو پیشەیە بکات.

٧- تا رادەیەکی زۆر، پسپۆڕەکان لە چاودێری و کۆنترۆڵی کەسانی‌تر ئازادن.

٨- ئەندامانی پیشە، پێناسەی سەرەکی خۆیان لە رێی هەمان پیشەوە بە دەس دێنن (*Good, W. J; 1960*).

بۆ نموونەی پیشەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە لیژنەی پزیشکان، کۆمەڵەی بریکاران، ئەنجومەنی ئەندازیارانی کارەبا و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و سەندیکای رۆژنامەوانان.

پیشەی ئێخە سپییەکان / white-collar occupations

ئەم واتایە باس لەو پیشانە دەکا کە بایەخێکی ئەوتۆی کۆمەلایەتییان هەیە و زۆربەیان دەپەرژێنە سەر کاری هزری. ئەم کارانە بریتین لەو شوێنگانەی کە لە بەشی فرۆش، بەڕێوەبەرایەتی و خزمەتگوزاری دامەزراوەیەکی بۆرۆکراتیکدا هەیە. هەرچەند ئەمڕۆکە بەشێکی زۆر لەم کەسانە خەریکی هەندێ کارن کە هەموو رۆژ دەبێ دووپاتەیان کەنەوە (وەکوو کرێکارانی کارخانە پیشەسازییەکان)، بەڵگەکان وا پیشان دەدەن کە زۆربەی ئەم کەسانە خۆیان لە ریزی چینی کرێکار نازانن و بارودۆخی خۆیان بە گوێرەی پێوەرە مارکسییەکان ناپێون؛ بە پێچەوانە، زۆربەی ئەم کەسانە پێیان وایە کە پێگەی کۆمەلایەتییان بەرزتر لە پێگەی کۆمەلایەتی باوکەکانیانە.

بە سەرنج دان بەم خاڵەی کە لە چاخی نوێدا بە گۆڕانی چۆنییەتی کۆمەڵگاکان، واتە گۆڕان لە کۆمەڵگای پیشەسازییەوە بۆ کۆمەڵگای سەروو پیشەسازی، چۆنییەتی کارەکانیش گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. بە گوتەی گێرهارد لێنسکی، لە کۆمەڵگای سەروو پیشەسازیدا دەوری کرێکارانی ئێخە شین زۆر کەمتر دەبێتەوە و پرۆسەی بەرهەمهێنانی خولی پیشەسازی جێگای خۆی لە گەڵ بەشی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی زانیاری و تیکنۆلۆجی دەگۆڕێتەوە. لەم سەردەمەدا زۆربەی کرێکاران و ئەو کەسانەی لەم کۆمەڵگایەدا کار دەکەن، کرێکاری ئێخە سپین؛ هەرچەند ئەم کرێکارانە خۆیان بە کرێکار نازانن. هەروەها رەنگە داهاتی هەریەک لەم کەسانە زۆر کەمتر بێ لە کرێکارێکی پسپۆڕ یان نیوە پسپۆڕی ئێخە شین، بەلام ئەم کەسانە خۆیان لە چینی کرێکار سەرتر دەزانن (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

پیشەی ئێخە شینەکان / blue-collar occupations

ئەم زاراوە ئاماژە بەو پیشانە دەکات کە بە کاری جەستەیی جێبەجێ دەکرێن و لەپیشەهزری و کۆمەلایەتییەکان جیاوازن. ئەم کەسانە بریتین لە

کرێکارانی شارەزا و نیوە شارەزا و کرێکاری سادەی وەکـو کرێکـارانی مـەزرا، کارخانەکان، کرێکارانی کانەکان، کرێکارانی بیناسازی و هتد. ئەم واتایـە بـۆ هەڵاواردن و جیاکردنەوەی کارە هزرییەکان لە کارە جەستەییەکـان بـەکـار براوە.

پێکهاتەخوازی/ structuralism

کەڵکوەرگرتن لەم زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی هزری کۆمەڵناسـی لـە سەدەی نۆزدەهەمـدا. لـەم سـەدەیـەدا، بـەشـێکی زۆر لـە کۆمـەڵناسـان و ئێسـنۆگرافەکـان لـە بـاس لـە سـەر یـەکـەتی و گشـتگیربوونی دیـاردەی کۆمەڵایەتی، واتای پێکهاتەیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار هێناوە. هەروەک یەکەم جار دوورکایم لە پێکهاتەی بـیچمناسـی (structures morphology) باس دەکات، هـەروەهـا مـارکس باسـی سـەرپێکهاتـە (super-structure) و ژێرپێکهاتە (infra-structure) دێنێتە کایەوە.

وشەی پێکهاتـە (structure) لـە وشـەی لاتـینی structura و لـە کـاری struere بە مانای چێ کردن و بنیات نـان وەرگـیراوە. تـا بـەر لـە سـەدەی حەڤدەهەم ئەم وشە تەنیا لە نۆیارڤانیدا بەکار دەبرا، بەڵام پاش ئەوە هاتە نێو زانستی نەشـتەرگەری و زمانەوانییەوە. پێکهاتەی بەشەکانی لەشی مرۆڤ بـە بینایەک دەچوێندرا و هـەروەهـا بـیچم و قـەوارەو تێکـەڵاوی وشـەکـانیش بەخاوەن پێکهاتە دەزاندران. لە سەدەی نۆزدەهەمدا هێربێرت سپێنسێر ئـەم زاراوەیە لە ژینەوەرناسی وەرگرت و لە زانستەکۆمەڵایـەتییـەکانـدا کـەڵـکی لێوەرگرت. هەرچەند ئەو لە نێوان ئـەنـدامی کۆمـەڵایـەتی و بایۆلۆجیکیـدا جیاوازی دادەنا، بەڵام واتای پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەک کە ئـەو مـەبـەسـتی بوو، رەنگ و بۆیەکی سروشتخوازانەی بوو (توسلی؛ ١٣٨٧).

پێکهاتەخـوازی لـە پێگـەی رێبـازێکی هزریـدا، لـە چـەن مـەڵـبەنـدی

لێکجیاوازەوە تێدەپەڕێ. یەک لەوانە ئێسنۆگرافیای بریتانی و فەرانسییە و دووەمینیان نەریتی سەرەکی کۆمەڵناسی فەرانسەیە: کۆنت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و دوورکایم لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بیری کۆمەڵگا، وەکوو شتێکی بەرزتر و هێژاتر لە تاکیان هێنایە کایەوە.

لقی سێیەم نەریتی فەلسەفییە کە لە کانتەوە سەرچاوە دەگرێ و بیری سەرەکی ئەو ئەمەیە کە مرۆڤەکان خاوەن هێزی ئاوەزن و بەهۆی ئەم ئاوەزەوە نەزم بە سەر جیهاندا دادەسەپێنن. لقێکیتر کە لەوان گرینگترە، لە نێو ڕێباری زمانناسی پێکهاتەیی فێردینان دۆسۆسۆر و ڕێبازی فۆرمالیستی رووسی لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەرچی ئەم ڕێبازی هزرییە، سەرچاوەی زۆری هەیە، بەڵام بۆ خۆی لق و پۆی زۆری لێ بۆتەوە و کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی ئەم بیردۆزە، فەرانسین: ستراوس (ئێسنۆگرافی)، ئالتۆسر (بیردۆزی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە)، بارت (ڕەخنەی ئەدەبی)، کریستین مێتز (ڕەخنەی فیلم)، ژاکلاکان (دەروونذۆزی)، میشل فۆکۆ (مێژووی هزر) و ژاک دریدا (فەلسەفە) (کرایب؛ ١٣٨٨).

بابەتێک کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ، سەرنجێکە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەدرێتە پێکهاتەخوازی؛ هەرچەند دەڵێن زۆرتر لە فەرانسەدا لایەنگری هەیە، بەڵام ئەمڕۆکە بۆتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی. کێشەی پێکهاتەخوازی لەوەدایە کە هەنووکە نەیتوانیوە لە کۆمەڵناسیدا وەکوو لقەکانیتر زۆر گەشە بستێنێ و بە ڕاشکاوی پێناسە بکرێ. بەڵام بەکورتی ئاماژە بە هەندێ لە بۆچوونەکانی ئەم ڕوانگەیە دەکرێ. هەندێ لە پێکهاتەخوازان لە سەر ئەو شتەی کە خۆیان پێکهاتە قووڵەکانی زەینی پێ دەڵێن، جەخت دەکەن. بەبڕوای ئەوان، ئەم پێکهاتە ناوشیارانە، خەڵکی بۆ بیرکردنەوە و کار هان دەدەن. کاری دەروونناسی بەناوبانگ زیگمۆند فرۆید، دەخرێتە ڕیزی ئەم تاقمەوە. تاقمێکیتر ئەوانەن کە جەخت لە سەر پێکهاتە بەرفراوان و

پیوارەکانی کۆمەڵگا دەکەن و ئەم پێکهاتانە بە هۆی سەرەکی کاری تاک و کۆمەڵگا دەزانن. هەندێ جار مارکس دەخەنە ریزی ئەو کەسانەوە کە لە سەر ئەم بۆچوونە بووە؛ چونکە لە سەر پێکهاتەی ئابووری بەرپیواری کۆمەڵگای سەرمایەداری جەخت دەکات. لە ئەنجامدا گرووپێک لە پێکهاتەخوازان لە سەر پێوەندی دیالکتیکی نێوان تاکەکان و پێکهاتەی ئابووری دەکۆڵنەوە. ئەوان لە نێوان پێکهاتەکانی زەین و پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا پێوەندییەک بەدی دەکەن. کلۆد لوی ئێشتراوس دەخەنە ریزی ئەندامانی ئەم روانگەوە (ریتزر؛ ١٣٨٥).

کێشە و کۆسپی کۆمەڵناسی پێکهاتەیی لەوەدایە کە بۆتە هەنبانەیەک لە بیرو بۆچوونی جۆراوجۆری لێک جیاواز. بێشک تا ئەم بیرە لێکجیاوازانە یەک نەگرن، هەروا لە پەراوێزی کۆمەڵناسیدا دەمێنێتەوە. بە گشتی، ئاڵو گۆڕی لقە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەخوازی بۆ کۆمەڵناسان ئەوەندە سەرنجڕاکێش بووە کە رەنگە بیردۆزی کۆمەڵناسی پێکهاتەیی لە سالانی داهاتوودا سەرنجێکی زۆرتر بۆ لای خۆی رابکێشێ. هاوکات لە گەڵ پێکهاتەخوازی لە نێو کۆمەڵناسیدا، بزاڤێکی تریش بەناوی پاشپێکهاتەخوازی، لە دەرەوەی ئەم رێبازەدا سەری هەڵێناوە کە سەرتر لە گریمانە سەرەتاییەکانی پێکهاتەخوازی دەڕوا (هەمان سەرچاوە).

پێگەی ئابووری-کۆمەڵایەتی/ socio-economic status

باوەڕی مارکس ئەوە بوو کە دەسەڵات و ئێعتباری کۆمەڵایەتی تاکەکان لە بارودۆخی ئابوورییانەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم بۆنەوە بە پێویستی نەدەزانی کە وەکوو هۆکاری نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە سەریان بکۆڵێتەوە. ماکس ڤیبێر بە تێگەشتن لەم بابەتەدا کە چینبەندی لە جڤاکە پیشەسازییەکاندا یەکگرتوو و یەکسان نییە، لە گەڵ ئەم بۆچوونەی مارکس

ناتەبا بوو. بە ڕای ئەو ڕەنگە تاکێک لە یەکێک لە ڕەهەندەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا پێگەیەکی سەرتری بێ، کەچی لە رهەندەکانیتردا پێگەیەکی نزمی بێ. بۆ وێنە: بەرپرسە ڕەسمییەکانی سیستەمی بۆرۆکراتیک، ڕەنگە خاوەنی دەسەلاتێکی زۆر بن، بەلام لە سامان و ئێعتبارێکی کۆمەلایەتی زۆرکەم بەهرەمەندن.

بە پێچەوانەی مارکس کە بە گوێرەی دوو چینی کۆمەلایەتی زۆر ئاشکرا و روون و پێناسە کراو نایەکسانی کۆمەلایەتی لێکدەدایەوە (پرۆلتاریا و بورژواکان)، ڤیبێر بە خاڵێکی ورد و نادیار ئاماژە دەکا کە لە پۆلێنکردنی کۆمەلگا پیشەسازییەکاندا دەوری سەرەکی دەبینێ. خزمەتی ماکس ڤیبێر بەم بوارەی کۆمەلناسی ئەوەیە کە پێناسەیەکی زاتی لە چەند بواری چینبەندی کۆمەلایەتیدا ناسیوە و پێمانی ناساندووە. کۆمەلناسان زۆرتر واتای پێگەی ئابووری-کۆمەلایەتی بۆ ئاماژە بە ئاوێتەیەک لە چینبەندی کۆمەلایەتی بە کار دەبەن کە بنەمای لە سەر ڕەهەندەجۆراوجۆرەکانی نایەکسانی کۆمەلایەتی داڕێژراوە (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

achieved status / پێگەی بەدەستهاتوو

بە گشتی، پێگەکان لە کۆمەلگادا بە دوو دەستە دابەش دەکرێن: پێگەکان یا لە ڕێگای هەوڵ و کۆششەوە بە دەستهاتوون و پێی دەڵێن پێگەی بەدەستهاتوو، یاخۆ وەکوو میراتی هەر لە کاتی بە دونیا هاتنەوە لە گەڵ تاکدا بوون کە پێی دەڵێن پێگەی پێسپێردراو. پێگەی بەدەستهاتوو شوێنگەیەکە کە بە هۆی ئەندێشە و لێهاتوویی و کۆشەوەی تاکەوە بە دەست هاتووە یان لە دەست دراوە (کار، ئاستی خوێندن، یاری و هتد). بە واتایەکیتر، پێگەی کۆمەلایەتی تاکەکان بەرهەمی هەلسوکەوتی کۆمەلایەتی خودی ئەو کەسانەیە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، تاکێک کە

تووشـی مـادە سـڕکەرەکـان هـاتووە، یـان بۆتـە پزیشـکێکی شـارەزا، یـان خوێندکارێکی لێهاتوو، خۆی بەرپرسی ئەو شوێنگەیە کە بە دەستی هێنـاوە. دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە هێزە کۆمەڵایـەتییـەکـان لـە دیـاری کردنی ئەم پاگانەدا دەورێکی گرینگیان هەیە.

بۆ وێنە منداڵی کرێکارێک کە بە خوێنـدن و کۆشـەوە و هـەوڵـی زۆرەوە توانیویە ببێتە پزیشکێکی شارەزا و پسپۆڕ و بەم بۆنـەوە شـوێن و چۆنییـەتی ژیانی خۆی بگۆڕێ و لە گەڕەکی دەوڵەمـەنـدانی شـاردا دابنیشـێ و ببێتـە خاوەن پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی، ئـەو پێگـە، پێگـەی بـەدەسـتهاتووە. پزیشک لە هەموو شوێندا پێگەیەکی کۆمەڵایـەتی بـەرزیـان هـەیـە، بـەڵام گەیشتن بە ئاوەها شوێنێک لە ژیاندا پێویسـتی بـە کۆشـەوە و هـەوڵـی زۆر هەیە.

پێگەی پێسپێردراو / ascribed status

ئەم واتایە باس لە شوێنگەیەک دەکـا کـە تـاک تێیـدا هاتۆتـە دونیـاوە و گەشەی کردووە. بە واتایەکی‌تر، پێگەی پێسپێردراو هـەڵومـەرجێکـە کـە تاک لە بنیات نان و داڕشتن و بەدیهێنانیدا هیچ دەورێکی نـەبـووە (وەکـوو: رەگەز، تەمەن، نەتەوە، تەندروستی، پیری، لەکارکەوتوویی، ناتوانی زەیـنـی و هتد). بۆ وێنە، سـپی پێسـتەکـانی ئـەمریکـا نـە بـە بۆنـەی کارێکـەوە کـە جێبەجێـی دەکـەن (پێگـەی بـەدەسـتهاتوو)، بـەڵـکوو بـە بۆنـەی رەنگـی پێستیانەوە (پێگەی پێسپێردراو) خاوەن پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتین.

پێگەی سەرەکی / master status

هەندێ لە پێگەکان لە چاو پێگەکانی‌تـر، بایـەخێکـی زۆرتریـان هـەیـە. پێگەی سـەرەکـی بریتیـە لـە پێگـەیـەک کـە بـۆ روون کـردنی پێناسـەی

پێگەی سەرەکی

کۆمەڵایەتی بایەخێکی ئەوتۆی هەیە و زۆرجار بنەمای ژیانی تاک لە سەر ئەو پێگەیە دادەمەزرێ. کاری زۆربەی خەڵکی، پێگەی کۆمەڵایەتییان دیاری دەکات، چونکە کاری تاکەکان تا رادەیەکی زۆر نوێنەری پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن و داهاتیانە. بەرزترین ئاست بۆ بەناوبانگ بوونی تاک، دەتوانێ شازادە یان شابانوو بوون بێ. بە پێچەوانەی ئەوەش هەندێ نەخۆشی دەتوانن وەکوو پێگەی سەرەکی تاک رەچاو بکرێ. بۆ وێنە زۆربەی خەڵکی خۆیان لە نەخۆشانی شێرپەنجە یان ئەیدز دەپارێزن، ئەوەش تەنیا لە بەر جۆری نەخۆشییەکەیانە. لە هەندێ کۆمەڵگادا ژنان تەنیا لە بەر ژن بوونیان (بەبێ سەرنجدان بە توان و لێهاتووییەکانیان)، تووشی ئاستەنگ و پێگەی نزم دێن.

رەچەڵەک و نەتەوەش لەو تایبەتمەندییانەن کە دەتوانن پێگەی کۆمەڵایەتی تاک دیاری بکەن. زۆرن ئەو کەمینانەی کە لە ولاتانی ئەورووپی و ئەمریکیدا بەبێ سەرنجدان بە توان و لێهاتووییەکانیان، تەنیا بە گوێرەی رەچەڵەک و نەتەوەیان پێناسە دەکرێن. واتە: نەتەوە یان رەچەڵەک پێگەی سەرەکی ئەم کەسانە دێتە ئەژمار (*benjamin, L; 1991*).

تاکەکان دەتوانن هاوکات، لە چەن پێگەی جۆراوجۆردا بن. بۆ وێنە ژنێک دەتوانێ مکزیکی بێ و لە ئەمریکادا بژی و ئەندازیاری شارسازی بێ و خێزانی پیاوێکیش بێ و هەروەها دایکی منداڵ و منداڵی ژن و پیاوێک بێ. بەڵام هەندێ جار تەنیا پێگەیەک دەتوانێ پیشاندەری پێناسەی کۆمەڵایەتی تاک بێ. پێگەی سەرەکی بریتیە لە شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەموو یان هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی تاک لە بەرچاو ناگرێ، یان ئاوڕ لەو کارانەی کە لە ژیاندا جێبەجێیان دەکا ناداتەوە (*Hughes, E. C; 1945*). بۆ وێنە: کەسێک کە خاڵی لە نێو سیستەمی حکوومەتدا دەسەڵاتێکی زۆری

هەیە، زۆرتر سەرنج و گرینگی پێدەدرێ تا ئەوەی کە مامی کارخانەیـەکـی

بچووکی هەیە.

پێگەی کۆمەڵایەتی / social status

پێگە، بریتیە لە جێگا و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی کە تاک لە نێو گرووپ یان لە نێو چینی کۆمەڵایەتی گرووپێکدا، لە چاو گرووپەکانیتردا بە دەستی دێنێ. پێگە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تاک، ماف و بەرهەمەندیەکانی تاک لە نێو کۆمەڵگادا دیاری دەکات. بۆ وێنە مامۆستایەکی زانکۆ کاتێ لە گەڵ گرووپە کاریەکانیتر هەڵسەنگێندرێ، پێگەیەکی بەرزی لە نێو کۆمەڵگادا هەیە. کەچی لە نێوان کۆلێژەکانی زانکۆیەکدا، پێگەیەکی ڕێکخراو هەیە کە بە گوێرەی ئاستی زانستی و ماوەیەک کە خەریکی کار بووە دیاری دەکرێ (کوئن؛ ١٣٨٧).

یەکێک لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک ببێتە خاوەن پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی، ماڵ و سامانە. ئەو کەسانەی کە لە بنەماڵەیەکی ئەریستۆکرات و خانەدانن، هەرچەند کە ئەو سامانەی کە پێشتر بوویانە لە دەستیان داوە، بەلام هێشتا لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێدەگیرێ. هەروەها بنەماڵە دەوڵەمەندە کۆنەکان، بە سووکی سەیری دەوڵەمەندە نوێکان دەکەن و پێیان دەڵێن «نۆکیسە (new money)» (گیدنز؛ ١٣٨٥).

پێواندن / survey

پێواندن یەکێک لە شێوازەکانی توێژینەوەیە؛ لەم شێوازەدا ئەندامانی کۆمەڵەی ئاماری (نموونە) بە پرسیارەکانی توێژەر وەلام دەدەنەوە. ئەم وەلامدانەوە یان لە ڕێگای پڕکردنەوەی پرسیارنامەیە یاخۆ بە شێوازی ڕاستەوخۆ توێژەر لە گەڵیان دیمانە دەکات.

پێواندن بە دیاری کردنی کەسانێک کە نوێنەری گرووپی بەرباس و

هەروەها دیاری کردنی ئەو پرسیارانە کە دەبێ لێیان بپرسرێ دەست پێدەکرێ. هەروەها لە پێواندندا مەرج نییە هەموو کات تاکەکان بابەتی توێژینەوە بن، بەڵکوو گرووپ، ڕێکخراو یا تەنانەت سەرجەمی کۆمەڵگا دەتوانێ ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوە. دەکرێ لە پێواندن بۆ تاقی کردنەوەی بابەتگەلی روون و ئاشکرا یان تاقی کردنەوەی بیردۆزەکان یاخۆ دانانی بیردۆزی نوێ بەهرە وەربگیرێ. گەر توێژینەوەکان وا پیشان بدەن کە ئەو پێوەندییە کە پێشتر ڕەچاو کراوە لە نێوان ئەم گرووپی بەرباسدا هەیە، ئەو بیردۆزە پەسند دەکرێ و گەریش بەڵگەی ئاشکرا و روون بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ئەو بیردۆزە دەست نەکەوێ، لە ڕاست و دروست بوونی ئەو بیردۆزە گومان دەکرێ. مەبەست لە پێواندن، روون کردنی ئاستی گۆڕانی وەڵامەکانە؛ لە پێواندندا هەر پاژ لە زانیارییەکان نوێنەری بگۆڕێک، واتە ڕادەیەک بۆ دیاری کردنی جیاوازی وەڵامەکانە. بۆ وێنە: لە پێواندنەکاندا ڕەگەزی (جنسییەت) هەر وەڵامدەرێک دەستنیشان دەکرێ. لەم بابەتەدا بگۆڕی ڕەگەز تەنیا دوو وەڵامی بۆ هەیە: ژن یان پیاو. گەر پێواندن تەنیا سەبارەت بە یەک ڕەگەز بێ، ڕەگەز نەگۆڕە و وەکوو بگۆڕ لە پێواندنەکەدا سەیری ناکرێ (بیکر؛ ١٣٨٧).

measurement / پێوان

لە کۆمەڵناسیدا ئەم زاراوەیە سەبارەت بە پرۆسەیەک بە کار دەبەن کە تێیدا بایەخی بگۆڕێک، لە نێو چەمکێکی ئاشکرادا، دیاری دەکرێ. پێواندنی هەندێ بگۆڕ -وەکوو زۆر یا کەم بوونی داهات لە کاتی دانی پیتاکدا- کارێکی ئاسانە. بەڵام پێوانی زۆربەی بگۆڕەکان لە کۆمەڵناسیدا کارێکی دژوارن. بۆ وێنە چۆن دەتوانین چینی کۆمەڵایەتی کەسێک دیاری بکەین؟ ڕەنگە بتانەوێ بە گوێ دان بە شێوازی ئاخاوتنی ئەو کەسە، یان دیتنەوەی

شوێن و گەڕەکی ژیانی، یان سەرنج دان بە شێوازی جل و بەرگ لە بەر کردنی، چینی کۆمەڵایەتی کەسێک دیاری بکەن. هەروەها ڕەنگە بە گوێرەی داهات، کار یان پلەی خوێندنی ئەو کەسە رای خۆتان بڵێن.

کۆمەڵناسان بە چاکی دەزانن کە دەکرێ هەموو بگۆڕەکان لە زۆرتر لە یەک ڕێگاوە تاقی بکرێنەوە. ڕەنگە داهاتی زۆر ببێتە هۆی ئەوەی کە کەسێک لە چینی سەرووودا دابنرێ؛ بەڵام گەر ئەم داهاتە لە ڕێی فرۆتنی ترۆمبیلەوە هاتبێتە دەست (واتە کارێک کە زۆربەی خەڵک تایبەت بە چینی ناوەندی و یاخۆ تەنانەت بە کاری چینی کرێکاری دەزانن) دیسان دەکرێ بە ئەندامێکی چینی سەروو بێتە ئەژمار؟ یاخۆ گەر کەسێک پاش دوایی هاتنی قۆناغی ناوەندی واز لە خوێندن بێنێ، دەکرێ بڵێین ئەو کەسە لە چینی خوارووی کۆمەڵگایە؟ بۆ چارەسەر کردنی ئاوەها کێشەیەک، کۆمەڵناسان بە شێوازێکی شیاو (هەرچەن تا رادەیەک خۆڕایانە)، هەرسێ بگۆڕی داهات، خوێندن و کار بۆ پیشان دانی چینی کۆمەڵایەتی تاکەکان، کە پاگەی ئابووری-کۆمەڵایەتی پێ دەڵێن، لەبەر چاو دەگرن و لە توێژینەوەکانی خۆیاندا چێژی لێ دەگرن. هەروەها کۆمەڵناسان لە گەڵ کێشەی پێوەرێک بۆ پێوانی هەزاران و بگرە میلیۆنها کەسێک ڕووبەڕوون کە چینی کۆمەڵایەتی خۆیان بە گوێرەی یەکێک لەو بگۆڕانە (ئاستی خوێندن، کار، داهات) دەپێون. پێوان، هەموو دەم خۆڕایانەیە، چونکە بەشێک لە بایەخی هەر بگۆڕێک بەستراوە بە پێناسەیەک کە لەو بگۆڕە دەدرێتە دەست (پێناسەیەک کە بە پێی ئەوە کۆمەڵناس دەتوانێ گەلالەی پرسیارنامەیەک بۆ نموونەی کۆمەڵەی ئاماری خۆی دابڕێژێ) (بیکر، ١٣٨٧).

پیودان (شێوە)/ norm

پێودانەکان، بریتین لە یاسا و شێوازگەلی هەڵسوکەوتی هاوبەش لە

بارودۆخگەلی تایبەتدا. بەپێچەوانەی **بەهاکان**، کە بۆچوونگەلی **ئینتزاعین**، پێودانەکان یاساگەلێکن کە بە خەڵکی فێر دەکەن کە لە هەلومەرجی تایبەتدا دەبێ چی بکەن، چی بڵێن وو چۆن بیر بکەنەوە. بۆ وێنە، نیشتمانپەرستی بەهایەکە، کەچی رێزگرتن لە ئالای ولات، پێودانە. پێودانەکان چۆنییەتی هەڵس‌وکەوتی خەڵکی روون دەکەنەوە. لە راستیدا پێودانەکان، رێنمای سەرجەمی کردەوەکانی ئێمەن: رێورەسمی بەدنیاهاتن و مردن، داب‌ونەریتی زەماوەند، شەر کردن، خواردن، لە بەر کردن، کات و ساتی گاڵتە کردن و ... .

هەندێ لە پێودانەکان بۆ خەڵکی پیرۆزن و لادان لەو پێودانانە یاخۆ سووکایەتی پێ کردنیان لە بیری کەسدا ناگونجێ. زۆرتر بەم پێودانانە دەڵێن **داموودەستوور**. هەندێ لە پێودانەکان زۆر پیرۆز نین، بەلام بناغەی لە نێو چاند و کولتووری کۆمەڵگایە و خەڵکی بە شێوەیەکی ناخۆئاگا خوویان پێوە گرتووە و پێی دەڵێن **رێسا**. وەکوو سلاو کردن کاتێک دەرۆینە نێو ژوورێکەوە، یاخۆ لە نێو پاسدا جێگە خاڵی کردن بۆ بە سالاچووان. ئەو پێودانانەش کە وەکوو دەستوور دەنووسرێن، پێی دەڵێن **یاسا**.

پێودانەکان بە گوێرەی هەر نەتەوەیەک جیاوازن. بۆ وێنە، لە نێو کورداندا کچێک تا باب و بنەماڵەی ئیزن نەدەن، ناتوانێ لە گەڵ کورێکدا کە خۆی حەزی لێیە، زەماوەند بکات، کەچی لە ولاتانی رۆژاواییدا ئاساییە. یاخۆ لە نێو موسوڵماناندا کچی شوو نەکردوو ناتوانێ لە گەڵ پیاوێکدا کە خۆشی دەوێ، پێوەندی سێکسی هەبێ؛ لە راستیدا پەردەی کچێنی، بۆ بنەماڵەی کچ وو بۆ خودی کچ وەکوو ئاورو و تەنانەت تابۆیە. کەچی لە نێو رۆژاواییاندا بە پێچەوانەی ئەمەیە. یاخۆ رەنگە لە چاندی ئێمەدا پرسین لە تەمەنی ئافرەتێکدا کارێکی ئاسایی بێ، کەچی لە چاندی زۆربەی ولاتانی رۆژاواییدا پرسیارێکی نائاساییە. ئەم نموونانە پێمان پیشان دەدەن کە

پێودانەکان چلۆن کار دەکەن. کەواتە، پێودانەکان بریتین لە دەستوور و چاوەڕوانیگەلێک کە کۆمەڵگا بە هۆی ئەوانەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی خۆی رادێنێ.

هەندێ لە پێودانەکان بە جۆرێک قەدەغە کردنن و لە خەڵکی چاوەڕوان دەکرێ کە توخنی ئەو کارانە نەکەون. هەروەها پێودانەکان نە تەنیا لە چاندێکەوە بۆ چاندێکیتر جیاوازییان هەیە، بەڵکوو لە نێو یەک کۆمەڵگا و یەک چاندیشدا لە چینێکەوە بۆ چینێکیتر جیاوازییان هەیە.

functional relationship / پێوەندی ئەرکی

پێوەندی ئەرکی بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەبێژرێ کە بنەمای لە سەر پێوەندی کارلێکی دابەش کردنی کار لە کۆمەڵگادا داڕێژراوە.

social contact / پێوەندی کۆمەڵایەتی

پێوەندی کۆمەڵایەتی ئاماژە دەکات بە چۆنییەتی لایەنگری تاکەکان لە پێوەندی لە گەڵ یەکتردا. ئەم لایەنگرییە بۆ دەسپێکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی پێویستە. پاژە سەرەکییەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی-وەکوو ئەو شتەی کە لە کارلێکدا دیارە- بریتین لە **روانگەکان** و **بەهاکان**. گەر ئەم روانگە و بەهایانە تەکووز کرابێتن و بووبێتنە یەک، دەتوانین دەور و ڕۆڵەکانیش بە پاژی سەرەکی لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا بزانین.

ئەم زاراوە سەرەتا لە نێو بەرهەمی کۆمەڵناسانی ئەمریکی وەک سمۆل، پارک و بۆرگسدا بەهرەی لێ گیراوە. سمۆل لە بەرهەمەکەیدا کە لە ژێرناوی *کۆمەڵناسی گشتی*دا بلاوی کردەوە، بەم چەشنە ئەم زاراوەیە پێناسە دەکات: «ڕێگاگەلی جۆراوجۆر کە خەڵکی پێکڕا دەبەستێتەوە». پارک و بۆرگس نووسیان: «دەکرێ پێوەندی بە قۆناغی یەکەمی کارلێکی

کۆمەڵایەتی و دەسپێکی قۆناغەکانی‌تر بزانرێ».

وتەی سەرەوە وامان پێ پیشان دەدەن کە پێوەندی کۆمەڵایەتی، پێوەندییەکە لە نێوان تاکەکان و گرووپەکاندا و پێش‌مەرجێکە بۆ ڕۆیشتنە نێو کارلێکی کۆمەڵایەتیوە. ئەم زاراوە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام زۆریش سەرسەریانەیە. ئەمە وەکوو ئەوەیە کە بڵێین: «پێوەندی بیۆلۆجیکی، پێوەندی نێوان ڕوەک یان ئاژەڵانە». جەوهەری پێوەندی کۆمەڵایەتی، هەمان پێوەندی نێوان تاکەکانە. ئەم تاکانە بە گوێرەی ڕوانگە و بەها و هەروەها (بە سەرنجدان بەوەی بەهاکان لە نێو دەورەکاندا ڕێک‌وپێک دەبن و دێنە دی) بە گوێرەی دەورەکانیانەوە پێکڕا پێوەندییان هەیە. کەواتە بە ڕاشکاوی دیارە کە ئاوەها لایەنگرییەکی دوولایەنە، نەتەنیا پێش‌مەرجی ڕۆیشتنە نێو کارلێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو مەرجی مانەوە و بەردەوام بوونە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤). بڕوانە: **بەها؛ کارلێکی کۆمەڵایەتی؛ دەور؛ ڕوانگە**.

پێوەندی گاڵتەجاڕانە/ joking relationship

پێوەندی گاڵتەجاڕانە پێوەندییەکە لە نێوان دوو تاک یا هەندێ جار گرووپدا کە لەم پێوەندییەدا یەکێک بە هۆی نەریتێکەوە کە ئیزنی پێ‌دەدا (یا هەندێ جار ناچاری دەکا) گاڵتە بە کەس یا کەسانی‌تر دەکات و سەر دەنێتە سەریان؛ ئەوەش کە گاڵتەی پێ دەکرێ، بۆی نییە زیز و زویر بێ. هەندێ جار گاڵتەکردن، دوو لایەنەیە. شێوازەکانی گاڵتەکردن زۆر لێک جیاوازان، بەڵام سووکایەتی (کە لە بابەتەکانی‌تردا بەرگری لێ کراوە) و داگیر کردنی سامان، بە شێوازە ئاساییەکانی گاڵتە دەزانرێن. پێوەندی گاڵتەجاڕانە، ئاوێتەیەکە لە دۆستی و دوژمنی، تەنانەت هەندێ جار دەبێتە مشتو مڕ، هەرچەند دەبێ لە شەڕ و

پێکدادان دووری بکرێ. گریۆل دەڵێ: جێنو دان بە یەکتری دەبێتە هۆی نەمانی دوژمنایەتی و گرینگترین ئەرکی ئەم پێوەندییە «پالاوتن»ە؛ واتە پالاوتنی دۆستایەتی لە دوژمنایەتی (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

taboo / تابۆ

گشتی‌ترین واتای زاراوەی تابۆ دەگەڕێتەوە بۆ قەدەغەی ئایینی:

پاش سێهەمین سەفەری کاپیتان کۆک بوو کە بۆ یەکەم جار وشەی تابۆ هاتە نێو زمانە ئەورووپییەکانەوە. ئەو شتانەی کە کۆک لە پۆلێنزیدا چاوی پێکەوتبوو —وەکوو هەڵس‌وکەوت لە گەڵ سەرۆک هۆزەکان، قوربانی کردنی مرۆڤەکان یان کەسانێک کە دەستیان بە تەرمێکەوە دابوو- واتایەکی «پیرۆز»ی دا بە وشەی تابۆ. بۆیە پاش ماوەیەک تابۆ بۆ باس لەو شت یان کردەوانە کە پیرۆزن یاخۆ نزیک کەوتنەوەیان قەدەغەو حەرامە بەکار برا.

لەهەمان کاتدا واتای تابۆ وەکوو سیستەم یان دامەزراوەیەکی لێ هات کە بۆ ڕێک‌وپێک کردنی کۆمەڵگای بەرباس، بەهرەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو. لێرەوە بوو کە واتای کۆمەڵناسانەی تابۆ پتر سەرنجی پێدرا.

ماوەیەکی زۆری نەبرد کە تابۆ لە نێو کۆمەڵناسیدا جێی خۆی کردەوە. سەرنجی زۆر دەدرایە واتای دوو ڕەهەندەی تابۆ، هەرچەند کە هەندێ جار تێگەیشتن لەم واتا دووپاڵووە، زۆر جیاواز بوو. وەکوو ئەوەی کە لە بارێکەوە ئەم زاراوە واتای «پیرۆز»و «پاک»ی بوو و لە بارێکی‌ترەوە واتای «پیس»، حەرام و «پڕمەترسی». هۆی ئەم دوو ڕەهەندیەش لە واتای ئەم وشەیەدا ئەوەیە کە بیروبۆچوونی کۆمەڵناسان وایە کە لە پۆلێن کردنی سەرەتایی بابەتەکاندا پێشکەوتێ نەهاتبووە دەست. لە تابۆدا دوو واتا هەیە کە بە پێشکەوتنی شارستانییەت لە یەکتر جیاکەوتوونەتەوە: ١) پیرۆز ٢) پیس و سپڵۆت. فرۆید ڕەهەندێکی‌تریش بۆ تابۆ پێناسە دەکا کە بریتیە لە کۆمەڵە دەستوور و حوکمێکی کۆمەڵایەتی کە پارێزەرێکی ئایینی دەیهێنێتە دی تا تاکەکان بە هۆی وازوازیەکانی بەشی ناوشیاریانەوە تووشیاری نەبن.

دوورکیم تابۆ بە حەرامکراوە ئایینییەکان پێناسە دەکا و دیاردەکەشی بە ڕێزگرتن لە شتە پیرۆزەکان دەزانێ، ئەوەش لە بەرانبەر حەرامکراوە

سیحراوییەکاندایە کە پێوەندی بە کارو باری دونیاییەوە هەیە. حەرامکراوە ئاینییەکان دەستوورگەلێکی یەکجاری و بەبڕشتن، کەچی حەرامکراوە سیحراوییەکان تەنیا دابو نەریتگەلێکی بەکەڵکن (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

ماڵکۆم هەمیلتۆن لە کتێبی کۆمەڵناسی دیندا لە زمان ستاینێرەوە دەگێڕێتەوە کە ئاگاداری لە تابۆ و ڕێڕەسمەکان، تەنانەت ئەو کاتەش کە پیشاندەری دزەکردنی بەشێک لە پیسییە، تا هەنووکەش بەردەوام بووە و ناتوانین بڵێین کە ئەم ڕێو ڕەسم و تابۆوانە، پاشماوەی خولە سەرەتاییەکانن. سەردەمی ویکتۆریایی رابێرتسۆن سمیتیش تەژی لە تابۆ بوو. هەندێ شتی زۆر ئاسایی (وەکوو پاتۆل)، لەم سەردەمەدا نەدەکرا لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەرەسمیەکاندا ناوی لێ ببرێ. هەرچەند ئاوەها تەوەرێک، تایبەتمەندی تابۆیی نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا هاوچەرخەکانیش، لە واتایەکی بەرفراواندا تابۆیان هەیە، هەرچەند لێرەدا کەمتر بڕەویان سەندووە (همیلتون؛ ١٣٨٧).

جیاوازی نێوان تابۆ لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان و کومەڵگا سەرەتاییەکاندا لەوەدایە کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا وابیر ناکەنەوە کە لە بەرچاو نەگرتنی تابۆ دەبێتە هۆی چارەڕەشی، کەچی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا وایان بیر دەکردەوە کە هەرکەس سنووری تابۆ ببڕێ، تووشی چارەڕەشی دێ. رادکلیف براون، ئاماژە بەم رەهەندەی تابۆ لە نێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەکات (همیلتون؛ ١٣٨٧).

تابۆی زینا لە گەڵ مەحرەمەکان / incest taboo

یەکێک لەو تابۆوانەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا باوە، تابۆی زینا لە گەڵ مەحرەمەکانە. بە گوێرەی ئەم تابۆیە، کەس ناتوانێ لە گەڵ ئەندامانی خێزانی ناوکی (وەکوو دایک، باوک، برا، خوشک) یان خێزانی فراوان

(وەکوو: دایە گەورە، بابەگەورە، خاڵ و مام و پووررو پلک و ...) پێوەندی سێکسی بێ.

thatcherism / تاچێریسم

لە بریتانیادا تا سەدەی نۆزدەهەم، پارتەکان وەکوو ڕێکخراوەگەلێک دەزاندران کە تەنیا کەڵکیان کۆکردنەوەی سەرنج و لایەنگری خەڵک لە کاتی ڕووداو یان قەیراندا بوو. هاوکات لە گەڵ گۆڕانی پارتەکان بۆ ڕێکخراوگەلێکی سەقامگرتوو و بەهێز، ئەم بیرەش هاتە ئاراوە کە لایەنگری لە ڕێبەرایەتی پارت، دەتوانێ کەڵک و قازانجی زۆری تێدا بێ. بە درێژایی سەدەی بیستەم زۆرتر دوو پارتی سەرەکی بریتانیا (پارتی کرێکار و پارتی پاراستنخواز) بە سەر بریتانیادا دەسەڵاتیان هەبوو و هەر یەکە هانی دەدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگا بەرەو لای خۆی و خەریکی ڕکەبەرێ بوون.

لە ۱۹۹۷دا پارتی کرێکار توانی ببووژێتەوەو سەرنجی دەنگدەران بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ، کەچی پارتی پاراستنخواز ڕووی لە کزی نا. هۆی لاواز بوونی پارتی پاراستنخواز دەگەڕێتەوە بۆ سێ دەیەی لەمەو پێش؛ واتە پاش ئەوەی تاچێر هات و لە سەر جێگای سەرۆک وەزیراندا پاڵی داوە. مارگارێت تاچێر لە ۱۹۷۹ تا ۱۹۹۰ بوو بە سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و ئاڵو گۆڕێکی زۆری هەم لە کارو باری ئابووری و هەمیش لە حکوومەتدا هێنایەدی (گیدنز؛ ۱۳۸٦). ئەم گۆڕانکارییانە ئەوەندە بەرچاو بوون کە وەکوو ڕێبازێکی هزری ناوی تاچێریسمیان بە سەردا دانا. تاچێریسم بریتی بوو لە سیستەمێک لە باوەڕە سیاسیەکان کە بناغەی لە سەر بازاڕی ئازاد و تاکگەرایی ئابووری داڕێژرابوو. بۆ وێنە، تا بەرلەوەی تاچێر هەوساری دەسەڵات بگرێتە دەستەوە، تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی بابەتگەلی تەندروستی و پەروەدەیانلە ڕێی مۆدێلی بازاڕی ئازادەوە بۆ پێشبینی

دەکرا. ڕەنگە بکرێ بڵێین کە پێداگری پارتی کرێکاری بریتانیا لە ساڵی ١٩٩٧دا لە سەر بازاڕی ئازاد و کاریگەری ئەم بازاڕە بە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، لە بیرو بۆچوونەکانی تاچێرەوە سەرچاوە دەگرێ (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

مارگارێت تاچێر بۆ کەم کردنی باری سەرشانی دەوڵەت دەستی دا بە تایبەتی کردنی کارخانە و پیشەسازییە دەوڵەتییەکان و تەنانەت تەلەفوون، ئاو و کارەبا و گاز و هێڵی ئاسنیشی دابە کەرتی تایبەت. مەبەستی لەم کارە ڕزگاری لە گوژمەی زۆری ڕاگرتنی ئەم بەشانە و هەروەها دەرباز بوون لە بۆرۆکراسی دەست و پێگری بریتانیا بوو. هەروەها هانی دا کە دەوڵەت کەمتر لە کار و باری بازاڕدا دەست تێوەر بدات و وەکوو وڵاتی ئەمریکا کارو باری بازاڕ بۆ خودی بازاڕ دابنێ.

خاتوو تاچێر لە یەکێک لە گوتارەکانیدا گوتبووی کە «من ئافرەتێک نیم کە لە قسەی خۆم پاشگەز بمەوە»، بێگومان یەکێک لە گرینگترین هۆکانی مانەوەو بەردەوام بوونی خاتوو تاچێر، کەسایەتی و ئاکاری بەرزی ئەو خاتوونە بوو. هەرچەند کە بۆچوونی شەڕانی تاچێر نەیتوانی لە دڵی زۆربەی ناتەباکانیدا جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام توانی وەکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ بەدەست بێنێ. کاتێ جزیرەکانی فۆلکلۆند بە هۆی ئەرتەشی ئارژانتینەوە داگیر کران، تاچێر ملی بەم داگیر کردنەدا؛ ئەمەش خۆی دەنگدانەوەی هەمان کەسایەتی تایبەتی تاچێر بوو (گیدنز؛ ١٣٨٦).

تاک/ individual

تاک وەکوو ناو، هاوواتایەکە بۆ «کەس» یا «بوونەوەری مرۆیی» و بەشێوەی ئاوەڵناو (واتە: تاکی) بریتیە لەمەی کە بابەتی باس لێکراو یەکەیەکی جیاواز و زەقە، وەکوو «بوونەوەرێکی مرۆیی تاک».

لە نووسراوەکانی زانستەکۆمەلایەتییەکاندا، وشەی تاک، واتا سەرەتاییەکەی خۆی لە دەست داوە و ئەمرۆکە واتای «کەس»ی لێ هەلدەگیرێ. هەربەو جۆرەی کە ل.فۆن ولیس و هـ.بیکێر دەلێن «ئێمە نامانەوێ بلێین مرۆڤ یەکەیەکی دابەش نەکراوە، بەلکوو ئێمە دەلێین کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تاقانە و یەکتایە».

لادانێکی بچووک لە کەلک وەرگرتن لەم زاراوەیە لە نووسراوەکانی رابێرت.ا.پارک و بورگێس لە کتێبی *دەسپێکێک بە سەر زانستی کۆمەلناسیدا*، بەدی دەکرێ. ئەوان دەلێن: «کەس تاکێکە کە خاوەنی پێگە بێ. ئێمە وەکوو تاک دێینە نێو ئەم جیهانەوە؛ پێگەی کۆمەلایەتی بەدەس دێنین و دەبینە کەس». کەچی لە چەن پاراگراف پاش ئەوەدا زاراوەی «تاک» و «کەس» بە یەک مانا بەکار دەبات. لاسوێلیش ئاوەها واتایەکی لە گوتاری *کەس، کەسایەتی، گرووپ و کولتووردا* بەکار هێناوە: «کەس، تاکێکە کە خۆی لەوەی کە وەکوو کەسانیتر بێ دەپارێزێ». بەلام لاسوێلیش وەکوو پارک و بورگس لە سەرانسەری وتارە کەیدا تاک و کەس بە یەک واتا بەکار دەبات (دِوی؛ ١٩٦٤).

تاوان / crime

لە باسی خۆکوژی و تاوانناسیدا دوورکایم کاری بناغەیی ئەنجام داوە. هەم لە دابەش کردنی کاری کۆمەلایەتی و هەم لە بنەماکانی رەوتی کۆمەلناسیدا، دوورکایم دەستی داوە بە باس لە سەر هەندێ تەوەری تاوانناسانە:

١) ئێمە کردەوەیەک بە بۆنەی ئەوەوە کە تاوانە لۆمە ناکەین، بەلکوو چونکە لۆمەی دەکەین، دەبێتە تاوان. سوقرات لە دادوەری ئاتنییەکاندا تاوانبار بوو، کەچی لە دادوەری ئێمەدا تاوانبار نییە.

٢) تاوان دیاردەیەکی «نۆرماڵە»، چونکە رق و نەفرەتێ کە لە سۆنگەی کردەگەلی تاوانبارانەوە، وەکوو تاوان لە نێو کۆمەڵگادا دێنە دی، لە هەموو شوێن و لە لای هەموو کەس بە یەک جۆر نییە.

٣) «سزادان زۆرتر بە مەبەستی تەمبێ تاکە ئابڕووداره‌کانەوه رەچاو کراوە» تا هەستی یەکگرتوویی پتەوتر کاتەوە، نە بۆ تەمبێ و راهێنانی تاوانباران. تۆڵە کردنەوە دەتوانێ تا رادەیەک بەرگری لە تاوان کردن بکا، بەڵام چونکە هەستی رق و نەفرەت لە کردەیەک کە شیاوی لۆمەیە لە هەندێ لە تاکەکاندا لاوازە، ناتوانین بڵێین تۆڵە کردنەوە دەتوانێ بە تەواوی تاوان لەناو دەبا.

٤) تاوان کاتێک مانای خۆی پێدەدرێ کە بە گوێرەی یاسا سزای بۆ رەچاو کرابێ. سزای یاساییش کاتێ دەتوانێ بوونی هەبێ کە کردە تاوانبارانەکان بە وردی پێناسە کرابێتن. رەنگە کردەیەک بە دزێو بزانرێ، بەڵام سزای بۆ رەچاو نەکرێ (رۆڵەی نەشیاو و تاکی لووتبەرز تەنانەت لە توندترین دۆخیاندا بە تاوانبار نازانرێن) (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

لە پێناسەیەکی گشتیدا تاوان بریتیە لە لادان لەو رێسا و نۆرمانەی کە یاسا چەسپاندوونی و بە هۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لایەنگرییان لێ دەکرێ و دەپارێزرێن. تاوان، لادانێکی رەسمییە کە بە هۆی حوکمێکی فەرمییەوە سزای بۆ رەچاو کراوە.

لە راستیدا، هۆی ئەوەی کە ئێستا لە بیردۆزی کۆمەڵناسی لاداندا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر کۆکراوەتەوە، هەمان پرسیارێک بوو کە سەرەتا دوورکایم هێنایە کایەوە. دوورکایم ڕای وابوو کە بەرفراوانی رق و قین لە لادان، لە نێوان هەموو خەڵکدا یاسامەند و یەک جۆر نییە، بەڵام لە نێوان هەندێ لادان و تاوان و پێگەی کۆمەلایەتیدا پێوەندییەک بەدی دەکرێ. دزی زۆرتر کاری تاکەکانی خوارووی کۆمەڵگایە. لادانی ئێخە سپییەکان

(لادانی کارمەندەکان) بە گوێرەی گوتەی ساتێرلەند، زۆرتر کاری چینی ناونجی و سەرووی کۆمەڵگایە. بیردۆزی مێرتۆن ئەوەیە کە نەبوونی نەفرەت لە کردە دزێوەکان (وەکوو ئەوەی دوورکایم دەیگوت) هەم دەرەنجامی پێڕەوی ناتەواو لە بەها کۆمەڵایەتییەکانە و هەمیش ئاکامی پێڕەوی زۆر کردن لە بەهاکانە. لە کۆمەڵگای ئەمریکا و هەروەها کۆمەڵگاکانی تردا، سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە بەها گرینگەکۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام ئامرازو هۆکاری گەیشتن بەو سەرکەوتنانە بە یەکسانی لە ناو خەڵکدا دابەش نەکراون. گەر ئەم بەهای سەرکەوتنە زۆر بۆ تاک بەدەروونی کرابێتەوە، کەچی هۆکاری گەیشتن بەو سەرکەوتنە بۆ تاک ئامادە نەکرابێ، دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە تاک هانا بباتە ئەو هۆکارانەی کە کۆمەڵگا رقی لێیە. کەواتە تاکێک کە هەلی گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتنەکانی بۆ نەڕەخسێ، ناچار دەبێ یەکێک لەم سێ کارە هەڵبژێرێ: یەکەم ئەوەیە کە تاک ویست و حەزی بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، سەرکوت بکا؛ دووەم پاشەکشێ کردنە لەو ئامانجانەی کە سەرەتا بوویە؛ سێیەم شۆڕش کردنە دژ بەو یاسا و پێوەرانە.

بەگوێرەی ئەو باسەی کە کرا، چونکە لادان لە گەڵ ئازار و سزای یاسایی رووبەڕوو دەبێ، دەبێتە رووداوێکی دەگمەن. ئەو کەسانەی کە هەست بە نائۆمێدی و تێکشکان دەکەن، دەتوانن پەنا ببەن بە دوورەپەرێزی و خەریکی گۆشەگیری بن، یاخۆ بە هانا بردنە بەر داهێنان، ئابڕووی کۆمەڵایەتییان بپارێزن. هەروەها داهێنانی لادەرانە گەر لە گەڵ هەلومەرجی شیاو رووبەڕوو نەبێ، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەر رێگای راست. وەکوو ئەو چیرۆکەی کە ساتێرلەند دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: دوو گەنجی تاوانبار دەستیان دا بە دزی و پۆلیس کەوتە دوویان. یەکێکیان کە بالای بەرزتر و هەنگاوەکانی بەرزتر و پاکانی بەهێزتر بوون، هەڵات و خۆی دەرباز کرد. پاش دەرباز بوون لە کاری

خۆیدا راماو تێگەیشت کە چ کارێکی پڕ مەترسی کردووە و رەنگ بوو بکەوێتە دەست پۆلیس، بۆیە لە کردەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەر رێی راست. ئەویتریان دەکەوێتە دەست پۆلیس و لە زینداندا لە گەڵ گرووپێکی تاوانکار ئاشنا دەبێ و پاش رزگار بوون دەست دەدا لە دزی چەکدارانە (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

لادان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەڵام جۆری ئەم لادانەکان بە گوێرەی پانتایەک کە یاسا تێیدا دەسەڵاتی هەیە و دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوە یاساییەکان و هێزی یاسا لە نێو چینە جۆراوجۆرەکاندا، جیاوازە. بە بڕوای بیردۆزدانەرانی ململانێ، هێزی دەسەلات لە ژێر رکێفی کەسانێکدایە کە خاوەنی سامان، دەسەلات و هێزی کۆمەڵایەتین. ئەو کەسانە دەتوانن بەرگری لە لادان بکەن و رێکخراو و دامەزراوەیەک بۆ بەربەست کردنی ئەم تاوانانە رێک بخەن. لەم سۆنگەوە نابێ پێمان سەیر بێ کە دامەزراوە و رێکخراوەکانی بەرگری لە لادان، تەنیا لە سەر لادانی هەژاران و بێدەسەڵاتاندا جەخت دەکەن.

تاوانە رقاوییەکان / hate crimes

ئەم واتایە سەبارەت بەو تاوانانە بە کار دەبرێ کە مەبەستیان سووکایەتی یان لەناو بردنی ئەندامانی گرووپی کەمینەیەکە کە کەوتوونەتە بەر رق و قینی تاوانباران. بە ڕای مێرتۆن، دووچاوەکیخوازانی دەمارگرژ، پتر لە هەر گرووپێکیتر دەست دەدەن بەم چەشنە تاوانانە. توێژینەوەکانی جەک لێڤین و جەک مەکدیڤیت پیشان دەدەن کە لە نێوان سالانی ١٩٨٣ و ١٩٨٧دا زۆرتر لە ٤٥٠ تاوانی رقاوی لە شاری بوستۆندا رووی داوە (*Levin, J & J. McDevitt*). نزیک بە ٦٠٪ ئەم تاوانانە هەڵمەت بردن بۆ کەسانێک بووە کە لەو شوێنانەدا وا تاوانباران دەمارگیریان لە سەریان بووە، خەریکی

پیاسە و ترۆمبیل ئاژووتن و هاتوچۆ بوون. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو کۆمەڵناسە پیشان دەدەن کە ٢/٣ی هەڵمەتبەران کەمتر لە ٢٩ ساڵ تەمەنیان بووە، ١٠٨ تاوان لە لایەن سپیپێستانەوە دژ بە رەش پێستان بووە و ٩٥ تاوان لە لایەن رەشپێستانەوە دژ بە سپیپێستان؛ هەروەها ٣٠٪ ئەوانەی کەوتوونەتە بەر ئەم هەڵمەتانە، ئافرەت بوون.

ئیڤان لایت دەڵێ کە هەرچەند ئەنگێزەی تاوانە رقاوییەکان زۆرتر دەمارگرژی دژ بە کەمینەکانە، بەلام دەتوانین لە نێو هۆکارە ئابوورییەکانیشدا هەندێ سەرچاوە بۆ ئەم تاوانانە بدۆزینەوە (*Light, I; 1990*). بۆ وێنە: لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا هەندێ لە سپیپێستان هۆی بێکاری خۆیان سیاسەتی دووچاوەکی پازیتیڤ دەزانن کە لایەنگری لە قازانجی کەمینەکان دەکا؛ رەشپێستەکان هۆی چارەڕەشی خۆیان بە سپیپێستە دەمارگیرەکان دەزانن.

بە گوێرەی هەواڵێک کە فەرمانداری ناوچەی ساکسۆنی لە ئاڵمانیادا دەری کرد، لە نێوان سالانی ١٩٩١ و ٩٢دا ١٢٤٤ کەس بە لادانی رقاوی تاوانبار کرابوون. ٩٦٪ ئەم تاقمە پیاو بوون، ٢/٣ ئەم کەسانە هەژدە ساڵ و کەمتر لە هەژدە ساڵ تەمەنیان بوو. ٥٠٪ لەم کەسانە بەر لە تاوان کردن، خواردنەوەی ئەلکولداریان خواردبووەوە. ٩٠٪ تاوانەکان لە نزیک شوێنی ژیانی تاوانبارەکانەوە (نزیک بە ١٢ میل) رووی دابوو. خوێندنی رەسمی ٩٨٪ ی تاوانکاران کەمتر لە پۆلی دەهەم بوو. ئەوەی لەم هەواڵەدا سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە تەنیا ٢٠٪ی تاوانباران بێکار بوون یان وازیان لە خوێندن هێنابوو. ٨٠٪ ئەم کەسانە یەکەم جار بوو کە دەستیان بەم کارانە دەدا. تەنیا ٣٠٪ لەم کەسانە پاکانەی ئایدیۆلۆژیکی راستخوازانەیان

بۆ تاوانەکەیان هێنابووەوە (*Marshal, T; 1993*). ئەم ئامارە دواییینانە پیشان دەدەن کە مەبەستی تاوانبارانی رقاوی بە تەنیا مەبەستی ئایدیۆلۆژیکی نییە و هۆکاری‌تر لەم چەشنەی لادانە بەشدارن.

تاوانە کۆمپانیاییەکان / corporate crimes

ئەم واتایە بۆ ئەو لادانانە بەکار دەبرێ کە شەریکەیەک بۆ رکەبەرێ و ململانێ لە گەڵ کۆمپانیاکانی‌تر و بۆ بەدەست هێنانی بازاڕ و گەیشتن بە قازانجێکی زۆرتر ئەنجامی دەدا. ئەم لادانە، وەکوو هەمان لادانی ئێخە سپییەکانە. بۆ وێنە: ئەم کەسانە بە بۆنەی پێگەی کۆمەلایەتی یان دەسەلاتێک کە لە نێو سیستەمی حکوومی و ئیداریدا هەیانە، دەست دەدەن بە بەرهەمهێنانی کالایەک کە پێوەرگەلی تەندروستی تێیدا رەچاو نەکراوە. هەروەها بە هۆی دەسەلاتێکەوە کە هەیانە، پیتاک نادەن و پارەی زۆر کۆوە دەکەن. خالی سەرنجڕاکێش لەم چەمکەدا ئەوەیە کە پۆلیس بە کێشەی ئەم شەریکانە راناگا، بەلکوو هەندێ کارگێری ئیدارەکان پێیان ڕادەگەن کە دەسەلاتێکی زۆریان نییە. چونکە ئەم «ئێخە سپی» و خاوەن شەریکانە خۆیان لە ریزی بڕیاردەرانی سیستەمی ئابووری-رامیاری کۆمەلگان، بە ئاسانی خۆیان لە سزا و تۆلەی یاسا دەرباز دەکەن (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

گەری سلاپێر و ستیڤ تۆمبز(١٩٩٩) بە توێژینەوەلە سەر چەندوچوونی لادانی شەریکەکان، بەم دەرەنجامە گەیشتن کە تاقمێک لە شەریکەکان ئەو یاسا و دەستوورانەی کە سەبارەت بە خۆیانە، بەڕێوەی نابەن. بەبڕوای ئەم دوو کەسە، تاوانی شەریکەکان تەنیا بە دوو «هەرمێی کرمۆل» دوایی نایە، بەلکوو گشتگیر و بەربلاوە. توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە کۆمپانیاکان شەش جۆرە تاوانیان لێ دەوەشێتەوە: لادان لە یاسا ئیدارییەکان (کاغەزبازی و خۆبواردن لە ئەنجامدانی کارەکان)، لادان لە یاسا

ژینگەییەکان (پیس کردنی ژینگە و گوێ نەدان بە یاسا و سنوورەکان)، لادان لە یاسا ماڵییەکان (زەغەڵکاری بۆ نەدانی پیتاک یان دانی بەرتیل)، لادان لە یاساکانی کار (هەل و مەرجی نەشیاوی کار، دەرکردنی هێزەکانی کار)، لادان لە یاساکانی بەرهەمهێنان (گوێ نەدان بە چۆنییەتی بەرهەم)، هەروەها چالاکی بازرگانی نەشیاو و نەگونجاو (شێوازی دژ بە رکەبەری، پروپاگەندەی ناڕاست) (گیدنز؛ ١٣٨٦).

شێوازی بەقوربانی کردن لە لادانی کۆمپانیاکاندا روون و راشکاو نییە. هەندێ جار قوربانی ئاشکرا هەیە؛ وەکوو کارەساتی ژینگەیی، بۆ وێنە: دەلاندنی کارخانەی بوال لە هێند. بەلام زۆربەی قوربانییەکانی لادانی کۆمپانیاکان، خۆیان بە قوربانی نازانن. چونکە لە لادانە سوننەتیەکاندا قوربانی و لادەر زۆر لێک نزیکن؛ بە دەگمەن کەسێک نەزانێ کە تێیان هەڵداوە. بەلام لە تاوانی کۆمپانیاکاندا مەودای کات و شوێن دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی قوربانییەکان خۆیان بە قوربانی نەزانن؛ یاخۆ رەنگە نەزانن کە چلۆن دەتوانن داوای مافی خۆیان بکەن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

تاوانی ئێخەسپییەکان / white-collar crimes

هەرچەند زۆربەی لادانەکان دەخرێنە ئەستۆی گەنجان یان پیاوانی لاوی چینی خوارووی کۆمەڵگاوە، بەلام لە راستیدا تەنیا ئەم کەسانە نین کە تووشی لادان دەبن و لە یاسا لادەدەن. زۆر لە دەوڵەمەندان و دەسەلاتداران دەست دەدەن بە لادانگەلێک کە پانتای کارەکەیان و هەروەها ئەنجامی کارەکەیان زۆر لە لادانی هەژاران بەرفراوانترە.

سەرەتا ئێدوین ساتێرلەند (١٩٤٩) بوو کە تاوانی ئێخە سپییەکانی پێناسە کرد. واتای ئەم زاراوەیە بریتیە لەو لادانانەی کە ئەندامانی چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگا ئەنجامیان دەدەن. ئەم زاراوە پانتایەکی زۆر لە

لادانەکان دەگرێتە نێو بازنەی خۆی، وەکوو زەغەڵکاری بۆ نەدانی پیتاک، فرۆش بەپێچەوانەی یاسا، گزیکاری ماڵی، دزی، چێ‌کردن و فرۆتنی کاڵاگەلی مەترسیدار. هەڵسەنگاندن و دابەش کردنی لادانی ئێخەسپییەکان لە جۆرەکانی‌تری لادان دژوارترە. زۆربەی ئەم لادانانە لە ئامارە فەرمییەکاندا پیشان نادرێن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

totalitarianism / تۆتالیتاریزم

تۆتالیتاریزم بۆ ناونانی هەندێ لە رژیمە سیاسییە هاوچەرخەکان بەکار دەبرێ و بریتیە لە تەشەنەی دەسەڵاتی حکوومەتێک لەنێو سەرجەمی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئایدیۆلۆژی یان بزاڤێک کە لایەنگری تەشەنەی ئاوەها دەسەڵاتێک بێ، تۆتالیتری پێ دەڵێن. ستامێر لە قامووسی کۆمەڵناسیدا دەڵێ: «تەنیا لە شوێنێکدا دەتوانین باس لە تۆتالیتر بکەین کە بزاڤێکی گشتگیر کە رێبەرایەتییەکەی لە دەست کەمینەیەکی سیاسی یا رەوتێکی ملهۆڕانەدا بێ و بە کەڵک‌وەرگرتن لە قۆرخکردنی دەسەڵات و سیستەمی حکوومەتی دیکتاتۆری، دەسەڵاتێک پێک بێنن کە بتوانێ بە سەر هەموو لایەن و رەهەندەکانی کۆمەڵگادا زاڵ بێ» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

زاراوەی تۆتالیتر دژ بە زاراوەی پلۆرالیستە کە بۆ پێناسەی حکوومەتی رامیاری کۆمەڵگا پیشەسازی و نوێکان بەکار دەبرێ. چونکە پێناسەی زاراوەی تۆتالیتاریزم یان دەوڵەتی تۆتالیتر ئاسان نییە، هەندێ لە نووسەران لە هەندێ بابەتی لێلی وەکوو رژیمی فرانکیستی سپانیا، بەجێی تۆتالیتر، زاراوەی حکوومەتی ئۆتۆریتە پێشنیار دەکەن (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

یەکێک لەو پێناسانەی کە لە رژیمی تۆتالیتر کراوە، ئەم شێوە حکوومەتە، لە شێوەکانی‌تر جیادەکاتەوە. لەم پێناسەیەدا شەش تایبەتمەندی بۆ حکوومەتی تۆتالیتر رەچاو کراوە کە بریتین لە: ١) خاوەنی ئایدۆلۆژییەکی

توتالیتر و ئامۆژەیەکی رامیارین کە سەرجەمی خەڵکی دەبێ پێڕەوی لێ بکەن، ٢) پارتێک کە گوێڕایەڵی ئەم ئایدۆلۆژییەیە و زۆرتر بە هۆی تاکێکی ملهۆڕەوە رێبەری دەکرێ، ٣) پۆلیسی نهێنی زۆر پێشکەوتوو بۆ دیتنەوە و سەرکوت کردن و لەناو بردنی تاک یان گرووپە ناتەباکان لە گەڵ حکوومەت، ٤) هەروەها قۆرخ و کۆنترۆڵی دەزگاگەلی راگەیاندنی گشتی، ٥) کۆنترۆڵی چەک و تەقەمەنی، ٦) کۆنترۆڵی هەموو رێکخراوەکان بەتایبەت رێکخراوە ئابوورییەکان.

دوو کەس لە مارکسیستەکان بەهرەیەکی وردو رێزبینانەیان لەم زاراوەیە بردووە. نویمان رژیمی ناسیونالیستی ئاڵمانیا بە «ئابووری قۆرخکراوی توتالیتر» پێناسە دەکا و بە وردی دەست دەدا بە لێکدانەوەی ئامۆژەی حکوومەتی توتالیتر، وەکوو دەوڵەتێک کە بە گوتەی گوبلز «هەموو رەهەندەکانی ژیانی گشتی دەگرێتەوە» (باتامور، کیرنن، میلی‌بند؛ ١٣٨٨).

دەوڵەتە توتالیترەکان لە بەرانبەر کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر بیرو هزر و هەست و هەڵس‌وکەوتی رۆژانەی خەڵکی، بەڵێنی حکوومەتێکی دەسەڵاتدار، ئاسۆی روون و هەست بە بەختەوەری دەدەن. بەڵام لە ئاوەها هەلومەرجێکدا، واتە لە هەلومەرجێکدا کە پەسنی توندوتیژی دەکرێ و خەڵکی بە ئاسانی دەکەونە بەر ئازار و ستەمی حکوومەت، دەوڵەتیش بۆ خۆی یان بە هۆی توندو تیژییەوە (وەکوو رژیمەتوتالیترەکانی ئاڵمانیا، ئیتالی و کامبووج)، یان بە هۆی کۆشەوە بۆ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگا (وەکوو یەکیەتی سۆڤییەت) تووشی فەوتان دێ.

totem / توتم

ئەم زاراوە لە وشەیەکی ئۆجیبواییەوە (هۆزی ئەلگۆنکین لە ئەمریکای باکوور) وەرگیراوە و بە شێوازی جۆراوجۆری وەکوو توتم، تاتام و دودایم

نووسراوە. بۆیە سەرەتا هەست دەکرا تایبەتە بە سوورپێستەکانی باکووری ئەمریکا. بەڵام لەساڵی ١٨٤١ەوە ئاشکرا بوو کە لە نێو خەڵکی ڕەمەکی ئۆسترالیاشدا دامەزراوەیەکی ئاینی لەم چەشنە هەیە. پاش ئەوە بوو دوورکایم تێگەیشت کە توتمپەرستی شێوازی سەرەتایی ژیانی ئاینییە و دەستی دا بە توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە و لە کتێبێکدا بە ناوی *شێوەسەرەکییەکانی ژیانی دینی* ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بڵاوکردەوە.

بە بڕوای دوورکایم، توتمپەرستی ساکارترین شێوازی ئاینە و ئەم بۆچوونە لە بیری دوورکایمدا زۆرترین بایەخی هەیە (آرون؛ ١٣٨٦). پاشان دوورکایم دەست دەدا بە توێژینەوە و وردبوونەوە لە سەر توتمپەرستی خەڵکی ڕەمەکی ئۆسترالیا. باس لە ڕێکخراوی کلانی کۆمەڵگا ڕەمەکیەکانی ئۆسترالیا دەکا. پێوەندی نێوان کلان و ئاژەڵ یان ڕوەک پیشان دەدا. توتمەکان لە پەیکەرەیەکی داری یان بەردیدا پیشان دەدرێن و چونکە ئەم پەیکەرانە نوێنەری وێنەیەکی پیرۆزن، بۆ خۆشیان بە پیرۆز دەزانرێن. هەر توتمێک بە هۆی تابۆی جۆراوجۆرەوە دەورە دراوە و دەپارێزرێ (همیلتون؛ ١٣٨٧).

لە سیستەمی هزری توتمیدا چونکە هەموو شتەکان لە گەڵ توتمی کلاندا پێوەندییان هەیە، ئەوانیش بەهرەیەکیان لە پیرۆز بوون بردووە. بۆ وێنە باران، برووسکە، هەور، تەرزە، زستان و هتد، هەموویان لە گەڵ کلانی قالاو لە نێو هۆزی ئۆرۆنتادا پێوەندییان هەیە (همیلتون؛ ١٣٨٧).

واتایەک کە زۆرتر باری کۆمەڵناسانەی هەیە، لە کاری رابێرتسۆن-سمیتدا هاتەدی کە توتمیزمی پێوەندی دەدا بە قوربانی و جێژنە نەتەوەییەکانەوە. هەندێ لە نووسەران (وەکوو: توتن، گولدێن، وایزێر و وێستێر مارک) دان بە چۆنییەتی ویژدانی توتمدا نانێن (گولدو کولب؛

(١٣٨٤).

تۆڕ (شەبەکە)/ network

ئەم واتایە بۆ میتۆدی پێوەندی یا ڕاگەیاندنی هەواڵ لە نێوان ئەندامانی گرووپێکدا بەکار دەبرێ. تۆڕ بریتیە لە هەوداگەلی پێکچنراو کە دەبێتە هۆی پێوەندی (ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) ئەندامانی گرووپ لە گەڵ یەک. پێوەندی و گەیاندنی هەواڵ لە نێوان ئەندامانی گرووپێکدا قەد بە یەک جۆر نییە. هەندێ لە ئەندامان لەچاو ئەندامانی‌تر پێوەندییەکی زۆرتریان هەیە. چەندوچوونی ئەم پێوەندییە وا لە ژێر کاریگەری پێوەندیگەلی فەرمی یا نافەرمی و هەروەها پێکهاتەی پێوەندییەکانی نێوان ئەندامانی گرووپ، دۆز و ئارمانجەکانی گرووپ و جیاوازی پێگەی‌کۆمەلایەتی تاکەکان. کانالی پێوەندی نێوان تاکەکانی گرووپ بە گوێرەی گۆڕانی کاری گرووپ، تووشی گۆڕان دێ.

تۆڕەکان یەکێک لە کەرتە ناسراو و ئاشناکانی ژیانی ڕۆژانەمان پێک دێنن. بۆ وێنە کاتێک دوو خاوەن کارگە لە میوانییەکدا لە گەڵ یەک ئاشنا دەبن، کارتەکانیان دەگۆڕنەوە و لە سەر کاروبار و شوێنگەی کۆمەلایەتی خۆیان دەدوێن، لە ڕاستیدا هەر دووکیان دەستیان داوە بە بەرفراوان کردنی تۆڕی پێوەندییەکانی خۆیان. کاتێک بە شوێن کارێکدا دەگەڕێن، سەرەتا دەڕۆینە لای کەسانێک لە نێو تۆڕی پێوەندییەکانماندان؛ تا هەم سەبارەت بەو کارەی کە دەمانەوێ زانیاریمان پێ بدەن و هەمیش ئەگەر کارێکیان لە دەست هات بۆمانی جێبەجێ بکەن. لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا دیتنەوەی کارێکی باش، پێویستی بە پێوەندی لە گەڵ کەسانێک هەیە کە لەنێو دامودەزگا حکوومییەکاندا پێوەندی زۆریان هەبێ. زۆرتر لەم ولاتانەدا بۆ گەیشتن بە کاروبار و پێگەی باشی کۆمەلایەتی، بوونی تۆڕێکی بەرفراوان لە

پێوەندییەکان کاریگەری زۆرترە تا لێهاتوویی و شارەزایی خودی تاک.

تۆڕی پێوەندی نێوان تاکەکان بە چوار کەرت دابەش دەکرێ:

١- *تۆڕی پێوەندی دەستەودایرەکان* (clique network): ئەم تۆڕی پێوەندییە، تۆڕێکی زۆر ئاڵۆزە کە تێیدا هەمووان پێکەوە پێوەندییان هەیە و بە زۆرتر بوونی ئەندامان ئاڵۆزی تۆڕەکە زۆرتر دەبێ. بۆ وێنە گەر ئەم تۆڕە لە a و b و c و d و e پێک هاتبێ، هەمووی ئەمانە لە گەڵ یەک -نەک بە هۆی یەکەوە- پێوەندییان هەیە.

٢- *تۆڕی پێوەندی خولگەیی* (orbit network): لەم تۆڕی پێوەندییەدا، بۆ وێنە c لە ناوەندایە و a و b و d و e تەنیا لە گەڵ c پێوەندییان هەیە نەک لە گەڵ یەکتر.

٣- *تۆڕی پێوەندی زنجیرەیی* (chain network): لەم تۆڕی پێوەندییەدا کە وەکوو ئاڵقەکانی زنجیر پێکڕا بەستراون، a لە گەڵ b و b لە گەڵ c و هەر بەو چەشنە تا دەگاتە d لە گەڵ e پێوەندی هەیە. بە واتایەکی ساکارتر، پێوەندی ئەمانە وەکوو ئاڵقەکانی زنجیرە کە پێوەندی یەکەم ئاڵقە لە گەڵ ئاڵقەی سێیەم بە هۆی ئاڵقەی دووەمەوەیە.

٤- *تۆڕی پێوەندی بازنەیی* (ring network): لەم تۆڕی پێوەندییەدا پێوەندی ئەندامان وەکوو ڕۆیین بە سەر لێواری بازنەیە. ئەم پێوەندییەش زنجیرەییە، بەڵام بە پێچەوانەی تۆڕی زنجیرەیی، لە سەر هێڵێکی ڕاست نین، بەڵکوو لە سەر بازنەیەکن کە لە کۆتاییدا دەگەنەوە بە یەک.

توندوتیژی / violence

«شەڕی هەموو لە گەڵ هەموو»دا کە بە وتەی هابز باس لە بارودۆخی ئێستا دەکا، یارمەتیمان دەدات تا واتای توندوتیژی باشتر بۆمان روون بێتەوە. واتای هابزی بارودۆخی ئاسایی، لە چوار بابەتدا ڕاڤە دەکرێ: یەکەم

ئەوەی کە مرۆڤەکان حەز و داخوازی یەکسانیان هەیە، ڕەنگە هۆی ئەم یەکسانییە ئەوەبێ کە بەدیهاتنی داخواز و حەزەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی حەزێکیتر لە دەروونیاندا. دووەم مرۆڤەکان ملهۆڕو بێبەزەیین؛ سێیەم ئەو شتانەی کە دەتوانن ئەم داخوازانەی بۆ بەدی بێنن، بە دەگمەن دەست دەکەون؛ چوارم ئەوەیە کە تێکەڵ بوونی حەز و بەدەگمەن دەست کەوتنی ئەو داخوازانە، مرۆڤەکان دەخاتە خانەی ململانێیەکی بەردەوامەوە. هیچ تاکێک ئەوەندە توان و هێزی نییە کە دەسەڵاتی خۆی بە بەردەوامی بەسەر کەسانیتردا داسەپێنێ. پایەدار نەبوونی ململانێی نێوان مرۆڤەکان، هەر یەکەیان تووشی مەترسی «فەوتان لە لایەن کەسانیتر» دەکات.

توندوتیژی شتێکی جیاواز لە زۆرە. پادشایەک کە هابز لە یۆتۆپیاکەیدا دایدەنێ و بە ژیری و هۆزانی خۆیەوە لە نێوان کاربەدەستانی ڕامیاریدا ئاشتی دادەمەزرێنێ، خاوەنی زۆر و دەسەڵاتە، بەڵام توندی نانوێنێ. بەکار بردنی زۆر بۆ بەرەنگاری لە لادەران و تاوانباران و زۆربێژان و ئەوانەی مافی هەژاران پێشێل دەکەن، دوایین ڕێگەچارەی دامەزراندنی حکوومەتی دادوەرانەیە. لە ڕێبازی مارکسیدا بە تایبەت لە جۆری لنینیستیدا، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەناچار لە گەڵ زۆر ئاوێتەدەبێ، بەڵام ئەم زۆرنواندنە توندوتیژی نییە؛ چونکە بە مەبەستی دوایی‌هێنانی چەوساندنەوە و دامەزراندنی نەزمێکی ڕەوای کۆمەڵایەتییە کە تێیدا پێیداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دابین دەکرێ. هەرچەند دەبێ سەرنج بدرێتە ئەوەی کە ئەم زۆرنواندنە چۆن دەگاتە توندوتیژیەک زۆر توندوتیژتر لەوەی کە لنین و هاوڕێیانی بە نیازی لابردنی بوون (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥). بەگشتی لە حکوومەتە ئایدیۆلۆجیکیەکاندا کە دەرمانی هەموو پرس و کێشە و گیروگرفتێکی کۆمەڵگا، پێشتر ئامادە کراوە، ڕێگا و جێگا بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکان زۆر بەرتەسکە و سنووردارە. ئەمە لە ئێرانیشدا کە

توندو تیژی

حکوومەتێکی دینی و ئایدۆلۆجیکیە، بە راشکاوی پیشان دراوە. حکوومەت بە مەبەستی گەیشتن بە حکوومەتێکی دادوەرانەی دینی، دەستی داوە و ئێستاش دەست دەدات بە قاتوقڕکردنی لایەنە ناتەباکان لە گەڵ خۆی، یاخۆ تەنانەت لەگەڵ گرووپە تەباکانی خۆی کە رەخنە لە هەندێ بیرو بۆچوون و شێوازی حکوومەت دەگرن، بەتوندوتیژییەکی زۆرەوە رەفتار دەکات و بەرەنگاریان دەبێتەوە و سەرکوتیان دەکات.

توندوتیژی هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەلایەتی گرتۆتەوە و لانی کەمی ژیانی کۆمەلایەتی پێک دێنێ. تەنانەت لە نێو جڤاکە هێور و ئارام و تەکووزەکانیشدا مەترسی لێکهەڵوەشانی ئەو هێمنی و ئاشتییە هەیە. هاتنە کایەی ئەم مەترسیە دوو هۆکاری سەرەکی لێک جیاوازی هەیە کە بریتین لە: لە لایەکەوە توندوتیژی کاتێک خۆی دەنوێنێ کە کۆنترۆڵ و چاودێری لاواز بووبێ، یاخۆ ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی تاک یا ئەو گرووپە کۆمەلایەتییە «خراپ بەکۆمەلایەتی بووانە» زۆر نزم بێ. لەم بۆچوونەدا دەکرێ توندوتیژی بە هەڵسوکەوتێکی «نائەقلانی» پێناسە بکرێ. لەم روانگەدا هۆی توندی نواندن کەموکووڕی و گرێیە دەروونییەکانی تاک یان گرووپە کە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سیستەمی کۆمەلایەتی، خۆیان دەنوێنن. لە لایەکیترەوە توندی یەکێک لە سەرچاوەکانی دەسەلاتە کە دەتوانێ لاوازەکان بێنێتە ژێر ئاوزینگی ئەو کەسانەی کە گیانیان تووشی مەترسی دەکەن. لەم رەهەندەدا توندی وەکوو گرێیەکی دەروونی کە دەمی کردبێتەوە نییە، بەڵکوو وەکوو رێگەچارەو شێوازێک بۆ حکوومەت دەزانرێ. لەم بارودۆخەدا توندی دەبێتە سەرەکیترین هۆکاری «شانتاژ» و لەم رێگەوە لەزگ و لێبڕاوترین کەس کە لە باری جەستەییەوە بەهێزترین کەس نییە، دەتوانێ بە سەر رەقیبەکەیدا زاڵ بێ. توندوتیژی گەر لەجێی خۆیدا و بە چاکی بەهرەی لێ بگیرێ،

دەتوانێ بەرگری لە بەکاربردنی زۆر بکات (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

لانیکەم دوو بۆچوون لە سەر توندی هەیە کە بریتین لە توندی نارێسایی (ئانۆمی) و ئەویتریان توندی ستراتیژی. مەبەست لە نارێسایی (یا ئانۆمی) واتای بەرفراوانی ئەم زاراوەیە و بریتیە لە بارودۆخ یان سیستەمێکی نۆرمی کە هەموو یا بەشێک لە دەسەلات و لێهاتوویەکەی خۆی دۆڕاندبێ. لەم بارودۆخەدا تاکەکان تووشی سەرلێشێوان دەبن و نازانن چ ئەرکێکیان لە ئەستۆیە و لە رەوابوونی ئەو ئەرکانەی ناچارن جێبەجێی بکەن، دلنیا نین؛ یاخۆ کاتێ هەست دەکەن مافیان پێشێل کراوە، بۆ ئەستاندنی مافیان نازانن روو لە چ بەرپرسایەتییەک بکەن. توندوتیژی نارێسایی لە سۆنگەی تەشەنەی پێوەندییە ناکۆکەکان لە بەشە ئالۆزەکانی کۆمەلگاوە دێتە دی.

لە راڤەی توندی نارێساییدا ئاماژە بە رەهەندی جۆراوجۆر کراوە: توندی دەبێتە هۆی بەدیهاتنی قازانج و بۆچوونی دژبەیەک و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لێکهەلوەشانی کۆمەلگا.

لە درێژەی دۆخی ئاسایی بیردۆزی هابزدا، توتالیتاریزمی مۆدێرن وەکوو «دژی توندوتیژی» لە نێو وازهێنان یا لاواز بوون یاخۆ ئالوگۆڕی دەسەلاتی رامیاریدا سەرهەلدەدا. بەلام بیردۆزدانەرانی نوێی تووتالیتاریزم لە ئێستبدادی هابزی جیاوازن. بۆ ئەمان هێمنایەتی کاتێک دێتەدی کە سەرجەمی خەلکی گوێڕایەلی دەسەلات بن. بۆ رێبەرانی تووتالیتر، توندوتیژی بریتیە لە بەکار بردنی رەوای زۆر (کە بە گوێرەی نیازەکانی گەیشتن بە ئامانج، بەناوی رەشکوژی و دیکتاتۆری پرۆلتاریا ناوی لێدەبرێ). لە کۆمەلگای توتالیتردا توندوتیژی بارودۆخێکی نائاسایی و کاتی نییە، بەلکوو بارودۆخی ئاسایی و بەردەوامە، چونکە نەتەنیا ئاخێزگەی دەسەلاتی رامیارییە، بەلکوو گرینگترین سەرچاوەی دەسەلاتی توتالیترە.

مەرج نییە هەر دەسەلاتێکی رامیاری توتالیتر بێ. کەواتە، واتا و کردەی

ڕەوابوونی ئەقلانی-یاسایی بە نیازی گشتگیر کردنی کارەکانی حکوومەتـە و دەسەڵات لە ژێر پاوان و قۆرخی چین یا بەرەیەکی سیاسی تایبەتـدا دەربـاز دەکات. بە گوێرەی ئەم باسە، ڕەوا بوونی ئـەقـلانی-یاسـایی لـە سـەر ئـەم گریمانەیە بنیات نراوە کە دەستو پێوەندەکانی حکوومەت دەتوان کەڵک لـە دەسەڵات و زۆر وەربگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەو مەرجەی کە ئـەو توندی نواندنە لە چوارچێوەی یاسا بە دەر نەبێ. کەواتە دەبێ توندیوتیـژی لە گەڵ زۆرداری جیا بکرێنـەوە و لانی کـەم هـەر سـزادانێک کـە لادەر بـە ڕاشکاوی دانی پێدا نەنێ، وەکوو داسەپاندنێکی نایاسایی بزانرێ. هەرچـەنـد ئەم بۆچوونە توندڕەوانەیـە سـەبـارەت بـە سـەربـەخـۆیی تـاک، تـەنیـا لـە ڕوانگەیەکی ئانارشیستیدا کە تاک سەر بۆ سنوورەکـانی یاسـا نـەوی ناکـات شیاوی لایەنگرییە.

بـە گشـتی تونـدوتیژی بریتیـە لـە بـەکـار بـردنی نایاسـایی زۆر. لـە کۆمەڵگایەکدا کە زۆر بە پێودانی یاسا کۆنترۆڵ نەکرێ، توندوتیژی دێتەدی. هەروەها کۆمەڵگایەک کە توندوتیژی بە سەریـدا زاڵ بـێ، کۆمـەڵـگا نییـە، بەڵکوو ناکۆمەڵگایە (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

توندوتیژی خێزانی / family violence

توندوتیژی خێزانی واتایەکە بۆ ئاماژە بـەو ئازارانـەی کـە تـاک لـە بـاری دەروونی، جەستەیی و سێکسییەوە لە نێو خێزاندا تووشی دەبێ. ڕەنگە ئـەم باسە سەیر بێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لـە نێـو هـەنـدێ لـە وڵاتانـدا خێزان پاش ئەرتەش و پۆلیس بە تونـدوتیژترین دامـەزراوەی کۆمـەڵایـەتی دەزانرێ (سروستانی؛ ١٣٨٧). تا چەن دەیەی لەمەو پێش خێزان بە ناوەندی خۆشەویستی و ئاشتی و دۆستایەتی دەزانرا، هەرچەند زۆرکەس ڕاسـتەوخـۆ هەندێ توندوتیژییان لە نێـو بنـەماڵـەکانـدا دەدی، بـەڵام کـەس بـە وردی

سەرنجی پێ نەدەدا و بیری نەدەکردەوە کە ئاستی ئەم توندوتیژیانە چەندە. خەلکی پێیان وابوو ئەم توندوتیژییانە زۆرتر لە نێو ئەو خێزانانەدا کە ئاستی رۆشنبیریان خوارترە یاخۆ تووشی ناکۆکی هاتوون و بە نیازن لەیەک جیابنەوە هەیە یاخۆ لەنێو ئەو خێزانانەی کە لە باری داهاتەوە دەسکورتن روو دەدا؛ تا ئەوەی کە لە سالی ١٩٦٢دا هێنری کەمپ لە وتارێکدا بە ناوی «سیندرۆمی مندالی لێدراو» (*Battered Child Syndrom*)، باسی لەو مندالانە کرد کە لە لایەن دایک و بابیانەوە کەوتوونەتە بەر شەق و لێدان. ئەم وتارە دەسپێکێک بوو بۆ زنجیرە تۆژینەوەیەک سەبارەت بە توندوتیژی لە نێو خێزاندا. چەند سالی خایاند تا بە شێوازێکی تەکووز و رێکوپێک ئەم باسە تۆمار بکرێ. لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا تۆژەران سەرنجیان دایە پێوەندییە واقیعیەکانی نێو خێزان. بە سەرسوورمانەوە ئەنجامی تۆژینەوەکان روونیان دەکردەوە کە بە پێچەوانەی بۆچوونەباوەکان، نە تەنیا ئەو خێزانانەی کە تووشی کێشە هاتوون لە گەل مندالیان توندوتیژی دەکەن، بەلکوو ئەو خێزانانەی کە لە روالەتدا زۆر هێمن و گونجاون، بە گوێرەی ئەندامانیان توندوتیژی دەنوێنن. توندوتیژی نواندن لە نێو خێزاندا، لە گەل هۆکاری وەکوو رادەی داهات، ئاستی خوێندن و چۆنییەتی دابەش کردنی کار لە نێو خێزاندا پێوەندییەکی روون و ئاشکرای نییە و بەبێ سەرنجدان بەو هۆکارانەی کە بێژران، لە نێو زۆربەی خێزانەکاندا-دارا و نەدار، خوێندەوار و نەخوێندەوار- توندوتیژی لە گەل ئەندامان هەیە (اعزازی؛ ١٣٨٨).

گرینگترین جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی بریتین لە: ١) هاوسەر ئازاری، ٢) مندال ئازاری، ٣) بە سالاچوو ئازاری.

هاوسەر ئازاری: زۆرتر رووداوێکی پیاوانەیە و بە شێوەی ژنئازاری خۆی پیشان دەدا. هەرچەند هەندێ بەلگەش بە دەستەوەیە کە لە لایەن هەندێ

لە ژنانەوە پیاوئازاریش هەیە. هەندێ لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ژن ئازاری بریتین لە: ١- باوەڕ بە دەسەلاتی پیاوانەو ئەوەی کە پیاوان دەبێ هەموو کات ژنانیان لە ژێر رکێفدا بێ؛ ٢- ناتوانی و بێهێزی ژن لە باری ئابوورییەوە؛ ٣- باوەڕ بەوەی کە دەوری ژنان لە نێو خێزاندا تەنیا ماڵدارییە و هیچی‌تر؛ ٤- بۆچوونی نیگەتیڤی ژنان سەبارەت بە خۆیان؛ ٥- باوەڕ بەوەی کە ژنیش وەکوو منداڵە؛ ٦- باوەڕ بەوەی کە سیستەمی دادوەری لایەنگری لە پیاوان دەکات (سروستانی؛ ١٣٨٧).

بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران، هەندێ جار ناکۆکی نێو خێزان و ئازاری ژنان لە لایەن پیاوانەوە، هۆی خۆکوژی ٤١% ژنانی ئێرانییە. هۆی سەردانی ٢٤% ژنان لە پزیشکی یاسایی، توندوتیژی مێردەکانیانە (وزارت کشور؛ ١٣٨٣).

هاوسەرکوژی دوایین رادەی هاوسەر ئازارییە، کە تێیدا ژنان بە هەر هۆیەک لە لایەن مێردیانەوە دەکوژرێن. هۆوە سەرەکییەکانی هاوسەرکوژی لە ئێراندا بریتین لە: مێرد کردنی ژنان لە منداڵیدا، بە زۆر بە مێردانی کچان، خەیانەتی ژن بە پیاو، تووڕە بوونی لەپڕونەکاوی ژن و پیاو و کۆنتڕۆڵ نەکردنی تووڕەییەکەیان، خانووگومانی و بەخیلی پیاو، بوونی یاسای سنووردار بۆ جیابوونەوەی ژن لە پیاو، درێژ خایاندنی دادوەری و نەبوونی دەستەبەرێکی یاسایی گونجاو بۆ بەرگری لە توندوتیژی پیاوان (آشوری و معظمی؛ ١٣٨١).

منداڵ ئازاری: هەنووکە توندوتیژی لە نێو خێزاندا پێناسەیەکی تەواو و گشتگیری بۆ نییە. لە زۆرێک لە ولاتاندا تەمبێی جەستەیی منداڵ بە توندوتیژی نازانن. بەلام توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە تەمبێیە بێزیانەکان کە هیچ ئازارێک بە جەستەی منداڵ ناگەینن، بەرەبەرە دەبنە هەڵس‌وکەوتێکی توندوتیژ و پڕ لە ئازار (اعزازی؛ ١٣٨٨). منداڵ ئازاری

جۆرێکی جیاواز لە توندوتیژی خێزانییە کە ساڵانە چەن میلیۆن قوربانی بەجێ دێڵێ. لە زۆربەی وڵاتاندا بە تایبەت ئەمریکا، منداڵ ئازاری بۆتە کێشەیەکی گشتگیر. ئەو منداڵانەی کە لە گەڵ زڕبابیان دەژین، زۆرتر تووشی مەترسی منداڵ ئازاری دەبن. بەڵام دایک و بابە خوێنییەکانی منداڵیش بە شێوازی جۆراوجۆر منداڵەکانیان دەخەنە بەر ئازار و توندوتیژی.

منداڵان وزەیەکی زۆریان هەیە، بە گوێرەی لۆجیکی گەورەکانیان نابزوێنەوە، زۆرجار بنەماڵە تووشی کێشە دەکەن و دایک و بابیش هەندێ جار بەبۆنەی کێشە و گرفت و گوشاری دەر و ناوەوەی ماڵەوە تووشی سەرئێشە دەبن و منداڵەکانیش بە یەکێک لە سەرچاوەکانی گوشار دەزانن و هەموو ماندووبوون و ئازارەکانی‌تر بە سەر منداڵی کەم دەسەڵاتدا دەڕژێنن.

ئازاری سێکسی منداڵ زۆرتر لەوەی کە لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا باس دەکرێن، تەشەنەی سەندووە. هەرچەند منداڵانی کوڕ زۆرتر توندوتیژییان لە گەڵ دەکرێ، بەڵام کچان زۆرتر تووشی ئازاری سێکسی دەبن (٨٥% کچان و ١٥% کوڕان لە ئەمریکادا) (سالومون، ١٩٩٢-وەرگیراو لە: سروستانی؛ ١٣٨٧). هەندێ لە تۆژینەوەکان واپیشان دەدەن کە دە تا بیست لە سەتی ژنان لە منداڵی و لاوەتیدا لە لایەن باب یان زڕبابیانەوە تووشی ئازاری سێکسی هاتوون. ئەم ژمارە بۆ پیاوان لە نێوان یەک تا سێ لە سەت بووە (میزلمن، ١٩٩٠- وەرگیراو لە سروستانی؛ ١٣٨٧).

بەڵام زۆربەی منداڵ ئازارییەکان لە نێو خێزاندا بریتین لە تەمبێی جەستەیی منداڵان لە لایەن دایک و بابیانەوە. زۆربەی منداڵ ئازارییەکان لەو ڕادەیەدان کە ئاسەواری زۆر کەمیان لێ بەجێ دەمێنێ و کەمتر منداڵ تووشی برین و مردن دێ.

سەروستانی سێ هۆ بۆ منداڵ ئازاری دەسنیشان دەکا کە بریتین لە: ١- توندوتیژی نێوان وەچەکان: ئەو دایک و باوکانەی کە خۆیان لە منداڵیدا

تووشی توندوتیژی هاتوون، لە رووبەڕوو بـوون لـە گـەڵ کێشـەی راهێنـانی منداڵدا رایان وایە کە توندوتیژی بە زەبرترین هۆکارە بۆ پەروەردە و راهێنانی منداڵ. هەرچەند مەرج نییە ئەو کەسانەی لـە منداڵـیدا کـەوتوونـەتـە بـەر توندوتیژی لە گەورە ساڵیدا خۆیان توندوتیژی بنوێنن.

٢- هۆکارێکی کاریگـەری تـر لـە منـداڵئازاریـدا بریتیـە لـە ئـەو باوەڕە گشتییەی کە تەمبێی جەستەی شێوازێکی گونجاوە بۆ راهێنانی منداڵان.

٣- هۆکارەکانی تر بریتین لە نەداری، دوورەپـەرێـز بـوون لـە کۆمـەڵـگا، بێکاری، کێشەو ئاژاوەی نێو خێزان و نەخوێندەواری کە هەموویان گوشـاری زۆر دەخەنە سەر خێزان کە ئەنجـامی دەبێتـە منـداڵ ئـازاری (سروسـتانی؛ ١٣٨٧).

بە ساڵاچوو ئازاری: هەندێ جار دایک و باوکە بە ساڵاچووەکان دەکەونـە بـەر تونـدوتیژی منداڵـەکانیانـەوە. لێـدان و سـووکایەتی و ئـازاری بـە ساڵاچووەکان لە لایەن گەنجان و لاوانەوە دیـاردەیـەکـی کـەم وێنـە نییـە. سەروستانی لە هاید دەگێڕێتەوە کە هەموو ساڵێ پتـر لـە سێسـەد دایـک و باوک لە لایەن منداڵەکانیانەوە دەکوژرێن (هاید، ١٩٩٢).

هۆکانی بەساڵاچوو ئـازاری بـەم چـەشـنە راڤـە دەکـرێن: یارمـەتیـدانی بەساڵاچووان زۆرجار کـارێکی ئـەسـتەم و دژوارە، بـە تایبـەت بـۆ تـاقمێکی نیوەتەمەن کە کەوتوونەتە نێوان دوو پرۆسەی دژواری راهێنـانی منـداڵان و چاودێری لە دایک و باوکی بـەسـاڵاچوو. تۆژینـەوەکـان پیشـانیان داوە کـە زۆربەی بەساڵاچوو ئازارییەکان لە چـەشـنی هاوسـەر ئـازارین. زۆربـەی بـە ساڵاچووان پتر لەوەی کە لـە لایـەن منداڵـەکانیانـەوە بخرێنـە بـەر ئـازار و سزادان، بە هۆی هاوسەرەکانیانەوە ئازار دەدرێن. زۆربەی ئەو کەسـانەی کـە ئازاری بە ساڵاچووان دەدەن، لە باری ماڵییەوە پێویستیان بە قوربانییەکـانی خۆیان هەیە یاخۆ لە هەندێ کەمایـەسـی جـەسـتەیـی یـان دەروونی ئـازار

دەبینن، بەم بۆنەوە ناتوانن بە چاکی چاودێری لە نەخۆشی بەساڵاچوویان بکەن. بەم بۆنەوە دەتوانین بڵێین کە هۆکانی پیرئازاری بریتین لە گوشاری دەروونی، کێشە و چەڵەمە لە کەسایەتی تاکدا و هەروەها نیازی ماڵی بە قوربانی. هەروەها تێچووی عاتیفی و جەستەیی چاودێری لە بەساڵاچووان زۆرتر لە قازانجی ماڵییانە (تیو، ٢٠٠١- وەرگیراو لە: سروستانی؛ ١٣٨٧).

توێژبەندی کۆمەڵایەتی/ social stratification

سیستەمی توێژبەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکدا هەیە کە نابەرانبەری کۆمەڵایەتی تێیدا وەکوو دامەزراوەیەک دەرهاتووە. ئەم دامەزرانە بە چەشنێکە کە کۆمەڵگا دەکاتە چینگەلی لێک جیاواز، چینگەلێک کە ئەندامانی بۆ گەیشتن بە دۆز و ئامانجێکی یەکسان، هەل و دەرفەتی یەکسانیان نییە. لە سیستەمی توێژبەندی کۆمەڵایەتی بەسراودا، پێگەی کۆمەڵایەتی تاک بە هۆی شوێنگەی تاک لەنێو زنجیرەی پێگەکاندا کە بە میرات پێیگەیشتووە، دیاری دەکرێ و لێهاتووییەکانی تاک لە دیاری کردنی ئەو پێگەیەدا هیچ کاریگەرییەکی نییە. بەپێچەوانەی ئەوە، لە سیستەمی توێژبەندی کراوەدا، شوێنگەی تاک بەستراوە بەو دەستکەوتانەی کە بە کۆشەوە پێیان گەیشتووە و تاک دەتوانێ لە پەیژەی پێگە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبەزێ یان دابەزێ. مارکس و ماکس ڤیبێر پتر لە نووسەرانیتر ئەم زاراوەیانە لەنێو نووسراوەکانیاندا هێناوە و وەکوو ئامرازێک بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەهرەیان لێی گرتووە. توێژبەندی کۆمەڵایەتی لە نووسراوەکانی مارکسدا، بە گوێرەی خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکرێ و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانیتر لەم هۆکارەوە سەرچاوە دەگرن و بەگوێرەی ئەو ئامرازانە لە پێوانە دەدرێن. بەڵام ماکس ڤیبێر، بۆ شیکردنەوە و راڤەی توێژبەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بێجگە لە

هێزی ئابووری سەرنجی داوەتە هێزەکانی تری وەکوو هێزی رامیاری و پێگەی کۆمەڵایەتی.

ئەمڕۆکە لە کۆڵینەوە کۆمەڵناسانەکاندا زۆرتر سەرنج دەدرێتە را و بۆچوونەکانی پارسۆنز. بەڕای ئەو، توێژبەندی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێگە و شوێنگەی جۆراوجۆر و لێک‌جیاوازی ئەو تاکانەی کە پێکهێنەری سیستەمی کۆمەڵایەتین و سەیر کردنی ئەو تاکانە وەکوو ژێردەست و بالادەست لە پێوەندی لە گەڵ یەکدا و لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە، بایەخێکی بەرچاوی هەیە.

توێژینەوە (لێکۆڵینەوە) / research

واتای لێکۆڵینەوە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بابەتێکی واقیعی و راڤە و لێکدانەوەی ئەو زانیاریانە، کە بە هۆی شێواز و رەوتی نوێوە بەڕێوە دەبرێ. ئەوەی کە پێی دەڵێن توێژینەوەی زانستی، رێگایەکە کە ئەم قۆناغانە دەگرێتەوە:

١) هەڵبژاردنی بابەت: بیری یەکەم بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، دەتوانێ لە خوێندنەوەی گۆڤارێکەوە سەرچاوە بگرێ، یان دەتوانێ بە هۆی باس و وتو وێژ لە سەر بابەتێکی وانەیی، یان رووداوێکی مێژوویی، یاخۆ بە هۆی ئەزموونێکی تاکەکەسیەوە بە بیری توێژەردا تێپەڕێ. کۆمەڵناسان بە دووی بابەتێکدا دەگەڕێن کە یان زۆرتر بەرباسی ئەندامانی کۆمەڵگایە، یان لە باری هزریەوە سەرنجیانی راکێشاوە.

٢) چاوخشانێک بە سەر ئەدەبی بابەتدا: قۆناغی دووەم لە توێژینەوەدا، چاوخشانە بە سەر ئەدەبی بابەتی توێژینەوەدا. ئەم کارە ناچار توێژەر بەرەو کتێبخانەکان یان ئەو شوێنانەی کە شوێنی کۆوەکردنی ئاکامی توێژینەوەگەلی پێشوون رادەکێشێ. توێژەر دەیەوێ بزانێ تا چ رادەیەک لە سەر ئەو بابەتەی کە دەیەوێ لە سەری بکۆڵێتەوە، کەسانی‌تر کۆڵاونەتەوە.

توێژەرانی‌تر چۆن لە سەر ئەم بابەتە تۆژیونەتەوە و چ وەڵامێکیان بۆ ئەو پرسانە دیوەتەوە و هەروەها چ پرسیارێک بۆ ئەوان گرینگ و پڕبایەخ بووە.

٣) گەڵاڵە کردنی بابەتەکە: قۆناغی سێیەم کە کۆمەڵناسان پێی دەڵێن گەڵاڵە کردنی بابەت، بریتیە لەوەی کە توێژەر ئەو زانیاریانەی بە هۆی وردبوونەوە لە ئەدەبی بابەت و چاوخشان بە سەر توێژینەوەکانی‌تردا بە دەستی هێناوە، بیکاتە پرسیارگەلێک کە شیاوی توێژینەوەکەی بێ. پاشان دەتوانێ دەست بدا لە گەڵاڵە کردنی گریمانە. پاشان بگۆڕە سەربەخۆ و ناسەربەخۆوەکانی گریمانەکەی جیا دەکاتەوە و دەست دەدا بە پێناسەی هزریان تا بتوانێ پرسیارنامەکەی خۆی ئامادە بکات.

٤) بەدیهێنانی گەڵاڵەی توێژینەوە: قۆناغی چوارم بڕیاردانە سەبارەت بە شێواز یان شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان و کەڵک وەرگرتن لەو داتایانە. بە واتایەکی‌تر، گەڵاڵەی توێژینەوە بریتیە لە هەڵبژاردنی شێوازێک بۆ توێژینەوە، ڕەوتی هەڵبژاردنی نموونە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو زانیاریانە.

٥) کۆ کردنەوەی زانیاری و داتاکان: ئەم قۆناغە سەرەتای کاری مەیدانی و کردەیی توێژەرە. پرسیارنامەکان بۆ نموونەی کۆمەڵگای ئاماریەکەی بەڕێ دەکا، یان بۆ دیمانە دەڕواتە لایان.

٦) شرۆڤە و لێکدانەوە ی داتاکان: کۆ کردنەوەی زانیاری و داتاکان، زۆرجار دەبنە هۆی ئەوەی ئەنجام و ئاکامێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە دەست. پۆلێن کردنی زانیاریەکان بە دەستەگەلی جیاواز و ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو زانیاریانە یەکێک لە گرینگترین قۆناغەکانی توێژینەوەیە. لەم قۆناغەدا گریمانەکان یا ڕەت دەکرێنەوە یاخۆ دەچەسپێندرێن، یا بێ وەڵام دەمێننەوە.

٧) دیتنەوەی دەزگایەکی بڵاو کردنەوە: پاش دوایی هاتنی لێکۆڵینەوەکە،

توێژەر دەسکەوتەکانی خۆی یان لە ڕێگای خوێندنەوەی وتار لە نێو لێژنەیەکدا، یان ناردنی وتارەکەی بۆ گۆڤارێکی زانستی، یان چاپ و بلاو کردنەوەی کتێبێک دەخاتە بەردەست هەمووانەوە. لە ڕاستیدا ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرسیاری نوێ بە بیری بیرمەندانیتردا تێپەڕێ و هانیان دەدا بۆ توێژینەوەی زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە.

٨) چێ‌کردنەوە: واتە دووپاتە کردنەوەی لێکۆڵینەوەکە لە لایەن توێژەرێکیتر و لە گەڵ گرووپێکی هاوچەشنیتر و لە کات و شوێنێکیتردا. ئەم کارە ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕان لە گریمانە و شێوازەکانی توێژینەوەدا (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

تەلاق (جیابوونەوە)/ divorce

واتای تەلاق، دوایی هاتنی پێوەندی ژن و مێردایەتییە. هەندێ جار مەبەست لە تەلاق، دەربڕینی پووچەڵ بوون، واتە دان نیان بەسەر ئەم خاڵەیە کە پێوەندی ژن و مێردی لەناودا نەبووە. هەروەها لەباری یاساییەوە جیابوونەوە بریتیە لە هەڵوەشاندنی گرێبەستی پێوەندی نێوان ژن و مێرد.

هەندێ جار زاراوەی جیابوونەوە، ئاماژە دەکات بە جیابوونەوەی جەستەیی هاوسەرەکان، بەبێ ئەوەی کە هیچ گۆڕانێک لەو پێوەندییە یاساییەی کە بە هۆی هاوسەرێتییەوە لەنێوان ژن و مێرددا هاتووەتە دی، بێتە گۆڕێ. واتە جیابووونەوە یا تەلاق، جیابوونەوەی سۆزدارانە یا عاتیفییە لەنێوان ژن و مێرددا (مەعن خەلیل؛ ٢٠٠٧).

لە باری یاساوە بۆ جیابوونەوە، سەرەتا پێویستە کە لایەنێک کە خوازیاری جیابوونەوەیە، هاوسەرێتی خۆی بسەلمێنێ. گەر هاوسەرگیری یاسایی یا ئایینی نەبێ، تەلاقیش هیچ واتایەکی نییە. لە کۆمەڵناسی بەراورددا، دژواری پێناسەی هاوسەرێتی لەو کولتووورە لێک‌جیاوازانەدا کە خراونەتە بەر ڕاڤە و

لێکۆڵینەوە، بە رادەیەک زۆرە کە ناتوانین بگەین بە بۆچوونێکی یەکسان و گشتگیر سەبارەت بە تەلاق.

لەروانگەی کۆمەڵناسییەوە واتای جیابوونەوە هەندێ جار لە تەلاق جیایە. بارێنز کە پێوەرێکی بۆ تەلاق خستۆتە بەردەست و بەگوێرەی پێوەرەکەی ئەو هاوسەرەکان ئیزنی هاوسەرگرتنی نوێیان هەیە، لە سەر ئەم بابەتە جەخت دەکات کە «رەنگە لە هەندێ کۆمەڵگادا جیاکردنەوەی تەلاق و جیابوونەوە زۆر ئەستەم بێ». شنایدرێر بەوردی لە سەر جیاوازی نێوان جیابوونەوە (جیابوونەوە لە خواردن و هاونوێنی) و تەلاق دەکۆڵێتەوە: «هەندێ جار جیاوازییەکی لاوەکی لە نێوان پێوەندی ژن و مێردی و هەندێ پێوەندی یاسایی کە بە هۆی هاوسەرگیری یاساییەوە دێتە ئاراوە، هەیە. واتە جیابوونەوەی جەستەیی ژن و مێرد، بەم مانایە نییە کە پێوەندی یاسایی نێوان ئەو دوو کەسە هەڵوەشاوە و ئەرک و مافێک کە یاسا بۆیانی رەچاو کردووە و لە هەمبەر یەکدا هەیانە، پووچەڵ بۆتەوە» (داگلاس؛ ١٩٦٤).

بە گشتی هەرچەند زانینی واتا و پێناسەی تەلاق دەورێکی زۆری لە راڤەکانی‌تردا هەیە، بەڵام خێزانی ئەم چەرخە ناوەند و مەکۆیەکە بۆ ئارامش و هێمنایەتی و ئاسوودەیی. ژن و مێرد لە خێزانی ناوکیدا مەبەستیان لە هاوسەرێتی، گەیشتن بە ئاسوودەگی دەروونی و جێنسی و هەروەها منداڵدار بوونە. ئەمەی کە بۆچی خێزانەکان دەگەنە ئەو ئاستەی کە بڕیاری لێک جیابوونەوە دەدەن، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بێ‌شک زۆر هۆکاری کۆمەلایەتی، ئابووری و کولتووری و دەروونی دەبنە هۆی تەلاق. گرینگترین ئاسەوار و زیانی تەلاق، تووشی مندالانی ناو خێزان دێت. خێزانی ناوکی بە پێچەوانەی خێزانی فراوان، پەروەردە و چاودێری لە منداڵی خستۆتە ئەستۆی هەم دایک و هەم باوک. لە خێزانی فراواندا بە گشتی هەموو گەورە ساڵەکان بەرپرسایەتی پەروەردە و گەشەی منداڵیان لە ئەستۆ بوو. بۆ وێنە،

دەوری مام یان خاڵ لە گەڵ دەوری باب بۆ منداڵ زۆر جیاواز نەبوو. واتە ئەوانیش بە هەمان رادە خۆیان بە بەرپرسی راهێنانی منداڵی برا یا خوشکیان دەزانی. هەروەها لە خێزانی فراواندا هەر تاکێک لە هەر تەمەنێکدا ئەرکێکی ئابووری لە ئەستۆ بوو؛ لە راستیدا منالدار بوون بۆ کار لە بەشی ئابووری و بەرهەمهێنان بوو. بە پێچەوانە لە خێزانی ناوکیدا منداڵ هیچ ئەرکێکی ئابووری لێ چاوەڕوان ناکرێ. دایک و باب نەتەنیا ئەرکی دابین کردنی نیازە ئابوورییەکانی منداڵیان لە ئەستۆیە، بەڵکوو ئەرکی دابین کردنی نیازە دەروونییەکانی منداڵیشیان لە ئەستۆیە (اعزازی: ١٣٨٨). بەم بۆنەوە تێکچوونی خێزانی ناوکی گرینگترین و بەزەبرترین کاریگەری بە سەر منداڵدا هەیە؛ چونکە منداڵ رەنگە تەنیا سەرچاوەو کانی هێمنایەتی و خۆشەویستی خۆی لە دەست بدات. بەم بۆنەوە ناسینی هۆکارەکانی هەڵوەشانی خێزان و تەلاق، گرینگیەکی تایبەتی هەیە. بۆ ئەم مەیەستە فالسام، کۆمەڵناسی ئەمریکی هەوڵی داوە کە هۆکارەکانی قەیرانی ژنو مێردایەتی لەم خالانەدا راڤە بکات:

١- هۆکاری شوێنگەیی و ناکەسێتی (غیر شخصی) وەک لەشساغی، بارودۆخی ئابووری، دەستێوەردانی خزمان، لەدایکبوونی منداڵی نەویستراو و....

٢- کەم کورتی کەسی و کەسێتی (فردی و شخصیتی) لە یەک یان هەردوو هاوسەردا؛ وەکوو نەخۆشی دەروونی، نەزۆکی، مەیلە جینسییە لادەرەکان، گیرۆدە بوون بە ئەلکول یا مادە سڕکەرەکان و جۆرەکانی لادانی دەروونی.

٣- جیاوازی و لێکنەچوون لە باری هزری، کۆمەلایەتی و کولتووری و ئایینی و رامیاری و هونەری و هەندێ هەستۆکی تایبەت.

٤- نەگونجانی دەورەکان، وەک ئارەزووە نایەکسانەکانی هەردوو هاوسەر

و ناتوانی هەر یەک لە هاوسەرەکان لە پێکهێنـانی ئـارەزوو و داخـوازەکـانی لایەنی‌تر (محسنی؛ ٢٠٠٦).

بەگشتی، سەقامگیرنەبوونی پێـوەنـدی ژن و مێردایـەتی کـە ئـەنجـامی دەبێتە تەڵاق و لێک جیابوونەوە، خێزان لە ئەرکەکانی خۆی دادەبـڕێ و بـە تایبەت منداڵ تووشی زیان دەکات. زیانەکانی تەڵاق بۆ هـەر سیسـتەمێکـی خێزان جیاوازە، بەڵام زیانی بۆ خێـزانی نـاوکی ئێجگـار زۆرتـر لـە خێـزانی فراوانە. چونکە هەروەک ئاماژەی پێکرا، خێزانی نـاوکی بریتیـە لـە دایـک و بـاوک و منـداڵ. بـە جیابوونـەوەی دایـک و بـاوک، خێـزان بـەتـەواوی لێکهەڵدەوەشێ و منداڵ تووشی ئاژاوە و سەرلێشێوان دەکات. کـەچـی لـە خێزانی فراواندا تەڵاق نابێتە هۆی هەڵوەشانی خێزان و خێزان بـەبـێ هـیچ گرفتێک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

خەڵکی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا زۆرتر لە خەڵکی کۆمەڵگا نوێیـەکـان لە تەڵاق کەڵکوەردەگرن. توێژینەوە لە سەر چل کۆمەڵگای ساکار (هەشت کۆمەڵگای ئاسیایی، هەشت کۆمەڵگای ئۆقیانووسییە، هـەشـت کۆمـەڵـگای ئەفریقی، هەشت کۆمەڵگا لـە ئـەمریکـای بـاکوور و هـەشـت کۆمـەڵـگا لـە ئەمریکای باشوور) پیشان دەدات کە تەڵاق لە بیست و چوار کۆمـەڵـگا لـەم چل کۆمەڵگایەدا، زۆرتر لە نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بـووە (آگبـرن و نیم‌کوف؛ ١٣٥٢). بەڵام دەبێ ئەوەمان لـەبـەرچـاو بـێ کـە لـە هـەنـدێ لـە جڤاکەکاندا تەڵاق بە کارەساتێکی نالەبار و نەگونجاو دەزانـرێ. بـۆ وێنـە لـە کۆمەڵگای خۆماندا ژنی تەڵاقدراو بەڕێزەوە سەیری ناکرێ. لـە راسـتیدا ژنی تەڵاقدراو هەموو کات والەژێر پەردەی گۆمانەوە. ئەم زەختە کۆمـەڵایـەتییـە بۆتە هۆی: یەکەم زۆربوونی تەمەنی هاوسەرگیری و دووەم، کـەمتـر بـوونی رێژەی تەڵاق. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەم سـاڵانەی دواییـەدا، بـە هۆی کـەمتربـوونی رێـژەی ئـەم زەختـە کۆمـەڵایـەتییـە، رادەی تـەڵاق و

هەڵوەشانی خێزانەکان زۆرتر بۆتەوە.

تەندروستی/ health

تەندروستی زاراوەیەکی گشتگیرە کە سەبارەت بە پانتایەکی بەرفراوان لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەکار دەبرێ؛ بەڵام نە لە ڕەهەندێکی یەکساندا بەکار دەبرێ و نە واتاکەی سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. واتە، مەرج نییە مانای ئەم زاراوەیە هەم بۆ تەندروستی جەستەیی و هەمیش دەروونی یەکسان و وەک یەک بێ. هەروەها پێوەرێکی تایبەت بۆ پیشان دانی جیاوازی نێوان تەندروستی و دۆخە مرۆییەکانی‌تر وەکوو نەخۆشی، نییە. بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هاوکات لە گەڵ ئاڵوگۆڕی زانستدا، گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

بە بڕوای زۆربەی کۆمەڵناسان، تەندروستی بە هەمان ڕادەیەک کە بابەتێکی بایۆلۆجیکییە، بابەتێکی کۆمەڵایەتیشە. لە لای ئەم کۆمەڵناسانەوە، تەندروستی جەماوەرێک، بەهۆی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو جەماوەرەوە پێک دێت. شێوازەسەرەکییەکانی تەندروستی بریتین لە:

١- خەڵکی ئاستی تەندروستی خۆیان بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ کەسانی‌تر دەپێون: پێوەرەکانی تەندروستی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی‌تر جیاوازە. بۆ وێنە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەفریقا نەخۆشی پێستی یاز (yaws) ئەوەندەباوبوو کە بە شتێکی ئاسایی دەزاندرا. بەم بۆنەوە هەندێ جار تەندروستی بریتی بوو لەوەی کە تاک ئەو نەخۆشییەی کەسانی‌تر هەیانە، ئەمیش بیتی.

٢- خەڵکی زۆرجار تەندروستی هاواواتا لە گەڵ ئاکار بەکار دەبەن: زۆربەی خەڵکی بەسووکی و بەگومانەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە نەخۆشییەکی جنسیان هەیە؛ بەتایبەت نەخۆشییەک کە کەسانی‌تریشی

تووش بکەن. هەندێ لەو ولاتانەی کە کۆچەران وەردەگرن، بەر لـەوەی کـە ڤیزا بدەن بە کەسێکی بیانی، بۆ بەرگری لە هەندێ نەخۆشی وەکوو ئەیـدز و سفلیس، تاقیان دەکەنەوە تا لە تەندروستییان دڵنیا بـن. بـە واتایـەکـی‌تـر، بۆچوونەکان سەبارەت بە تەندروستی بـریتین لـە شـێوازێک لـە کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵایەتی کە هاندەری هاوڕاییە لە گەڵ ڕێسا کولتوورییەکانی کۆمەڵگا.

٣- پێوەرەکانی تەندروستی بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆڕیان بـەسـەردا دێ: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێ لە پزیشکە بەناوبانگەکان بـەرگرییـان لە ڕۆیشتنی ژنان بـۆ زانکـۆ دەکـرد. بـاوەڕی ئـەو پزیشـکانە ئـەوە بـوو کـە خوێندنی باڵا زیان بە مێشکی ژنان دەگەینێ. هەندێ پزیشکی‌تر رایان وابوو کە شاوەت هێنانەوە بە دەست، بۆ تەندروستی مەترسی هەیە. بەڵام ئەمڕۆکە کۆمەڵەی پزیشکان ئەم بۆچوونانە بە هەڵە دەزانن. بەپێچـەوانـە، نزیـک بـە شەست ساڵی پێش، هەندێ لە پزیشکەکان خەڵکیان سەبارەت بە مەترسـی جگەرەکێشان ئاگەدار دەکردەوە. کەچی ئەمڕۆکە کۆمـەڵـگای پزیشـکەکـان کێشانی هەر چەشنە دووکەڵێک بە مەترسییەکـی گـەورە بـۆ تـەندروسـتی خەڵک دەزانن.

٤- تەندروستی و پێوەرەکانی ژیان پێوەندییەکی راسـتەوخۆیـان پێکـەوە هەیە: جڤاکە هەژارەکان بەردەوام خەریکی مشتومڕ لە گەڵ خراپی خۆراک و نەبوونی پاک و خاوێنی لە ژینگەیاندان؛ هەژاری لەم جڤاکانەدا بۆتە هـۆی زۆرتر بوونەوەی رادەی نەخۆشییە پـەتـادارەکـان. گـەشـەی پیشـەسـازی سەرنجێکی زۆر ناداتە تەندروستی تاکەکان و زۆر جار بۆتە هـۆی دابـەزیـنی ئاستی ژیانی خەڵکی.

٥- تەندروستی لە گەڵ نابەرانبەرییە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندی هەیە: لە هەموو کۆمەڵگاکاندا خەڵکی بە یەکسانی کەڵک لە سەرچـاوە گشـتییەکـان وەرناگرن. تەندروستی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی دەوڵەمەنـدان لـە

چاو هەژاراندا زۆر باشترە. ئەم نایەکسانییە لە هەمان کاتی لە دایکبووندا بە ژمارەی زۆری مردن لە نێو خێزانە هەژارەکاندا خۆی دەنوێنێ. لە چاو خەڵکی هەژاردا دەوڵەمەندەکان بەختی زۆرتریان بۆ تەندروستی و دووری لە کارەساتەکان هەیە.

تیکنۆلۆجی / technology

بۆ ئەم زاراوەیە دوو واتا دەستنیشان کراوە:

١) لەنێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، نەتەوە دواکەوتووەکان و هەروەها لەنێو خولەکانی بەر لە مێژوو یان مێژووی بەرلە پیشەسازیدا، هەروەها لە بواری مێژینەناسی و ئێسنۆگرافیای کۆمەڵایەتیدا، ئەم زاراوەبریتیە لە کۆمەڵە زانستی باو کە بۆ چێ کردنی سەرجەمی نیازەکانی ئەو کۆمەڵگا لە رێی پەرژانە سەر کاری دەستی (بێجگە کارگەلی ئایینی، سیحربازی، سەربازی و چێشتلێنان) بۆ دەرهێنان یان کۆوەکردنی هەر جۆرە ماکێک (بێجگە لەو مەوادەی کە بۆ خۆراک یان بۆ رێ و رەسمی ئایینی بەهرەی لێ دەگیرێ) بەکار دەبرێ.

٢) لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی کە پیشەسازین یاخۆ خەریکن دەبنە پیشەسازی، ئەم زاراوە بریتیە لە هەموو یان زۆربەی ئەو زانستانەی کە تایبەتن بە: ئا- بنەما و دەسکەوتە زانستییەکان، ب- پرۆسە پیشەسازییەکانی کۆن و نوێ، کانی وزە و ماکەکان و شێوازەکانی گواستنەوەو راگەیاندن کە یارمەتی بەرهەمهێنان یان چاکسازی کالا و خزمەتگوزاری دەکەن.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ئەم زاراوە پێوەندییەکی زۆر نزیکی بە واتای ئەم زاراوەیە لە زمانی یوونانیدا بوو. لە فەرهەنگی ئاکسفۆرددا بۆ ئەم زاراوەیە ئاماژە بە کتێبێک دەکا کە لە ١٧٠٦دا بلاو کراوەتە و لەژێر ناوی:

پێناسەیەک لە هونەرەکان، بە تایبەت هونەرە میکانیکییەکان، ناوی لێ دەبا.
کۆمەڵناسان ئەم زاراوەیە ئەوەندە بەرتەسک دەکەنەوە کە تەنیا ئاماژە دەکا بە پرۆسە پیشەسازییەکان لەو جڤاکانەی کە ئێستا پیشەسازین یان خەریکی بەپیشەسازی بوونن. لەم دواییانەدا ئەم زاراوەبەرتەسکتر کراوەتەوە و ئا) لە جیاوازی نێوان «بەکارهێنانی پیشەسازی دەرەنجامەکانی زانست» کە کاری «تەکنیکناسان» و «ئەندازیاران»ە و هەروەها «زانست» یان «زانستی ڕەها» باس دەکا. ب) بریتیە لە چالاکی زانستی بۆ چاکسازی میتۆد و کەرەسە پیشەسازییە کۆنەکان بەبێ ئاوڕدانەوە لە بنەما زانستییەکان، واتە مەیل بە «چێکردن و داهێنانی شتمەک و پرۆسەگەلی نوێ، یاخۆ چاکتر کردنی کەرەستە و پرۆسەکانی رابردوو». پ) بریتیە لە -بە تایبەت لە نووسراوەی ئەمریکییەکاندا- کۆمەڵەیەک لە زانست و لێهاتوویی کە ڕێنوێنی داهێنان و پێشکەوتنە تەکنیکییەکانە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

amalgamation / تێکەڵاوی

یەکێک لە میتۆدەکانی پێوەندی ناو گرووپی، تێکەڵ بوونە. لە کۆمەڵناسیدا واتای ئەم زاراوەیە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر بە سەربهورد و ڕەگەز و نەتەوەی جیاوازەوە، لە دەوری یەکدا کۆوە دەبن و کۆمەڵگایەکی تێکەڵ پێک دێنن. لە نێو ئەندامانی جۆربەجۆری ئەم کۆمەڵگایەدا، پێوەندی ژن و مێردی پێک دێ و لەم بنەماڵە نوێیانەدا کولتوور و ژینی جۆراوجۆر ئاوێتە دەبن و مرۆڤگەلێکی نوێ، بە کولتوور و تایبەتمەندی نوێوە دێنە دی. بۆ نموونە، کاتێ پورتۆگالیەکان بڕازیلیان داگیر کرد، بە بۆنەی ئازادییەکی ڕێژەیی کە لە وێدا بوو، سوورپێستە ئەمریکییەکان و پورتۆگالییەکان و کۆیلە ڕەشپێستەکان لە نێو یەکدا تێکەڵ بوون و بنەمای کولتوورێکی نوێیان دارشت. تۆرەمە و کولتووری ئێستای خەڵکی برزیل، ئاکامی چوارسەد ساڵ

تێکەڵ بوونە.

لە ئەمریکای باکووردا دێرتر ئـەم رووداوە رووی دا؛ چونکـە سـەربـەستی رەچەڵەکی دێرتر لە ئەمریکـای باشـوور هاتـە دی. کولتـووری ئـەمریکییـە ئافریقاییەکانی ئەمڕۆ بە ئەنجـامی ئاوێتـەبـوون و تێکـەڵاوی دێتـە ئـەژمـار؛ بڕوانە: **ئاسیمیلەبوون**.

جڤاکی دەستەو تاقمەکان / sectarian community

ئەم زاراوەیە بە گرووپێکی جوگرافیایی دەڵێن کە لە گرووپ و ئایینەکانی‌تر دابڕاون و بە جیاواز لەوانی‌تر دەژین و خۆیان بە ئەمەگدار و گوێڕایەڵی ئایینێکی تایبەت (وەکوو ئیسلام یان مەسیحیەت) دەزانن. هەروەها ئەم گرووپانە پێوەندییەکی پتەویان لە گەڵ بنەماڵە و هۆزەکانیان هەیە(*U. S. Department of the Army, 1989*). بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٢٠دا فەرانسە بە تێکەڵ کردنی جڤاکی دەستەکانی لوبنان، کۆماری لوبنانی پێک هێنا. ئەم کارە بە تێکەڵ کردنی جڤاکی دەستەکانی بەشی باکووری کێوەکانی لوبنان (زۆرتر ئەو مەسیحیانەی کە لە سەدەی حەڤدەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێ ببوون)و جڤاکی دەستەکانی بەشی باشووری کێوەکانی لوبنان (زۆرتر موسوڵمانە سوننەکانی ناوچەی ترابلۆس و سەیدا و سەور) و جڤاکی دەستەکان کە لە دۆڵ و دەربەندەکانی عەککار و بوقاعدا دەژیان (زۆرتر موسوڵمانانی شیعە) بە ئەنجام گەیشت. مەبەستی فەرانسە لەم کارە، پێک هێنانی وڵاتێک بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەم لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بێ و هەمیش زۆربەی دانیشتوانی مەسیحی بن.

جەبرخوازی تیکنۆلۆژیک / technological determinist

بریتیە لە کەسێک کە بڕوای وایە مرڤ خاوەنی هیچ جۆرە سەربەستی و ئازادییەک نییە و سەرلەبەری هەڵسوکەوتی لە سۆنگەوەی داهێنانە تیکنۆلۆژیکییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. زۆربەی کۆمەڵناسان ئەم بۆچوونە پەسند ناکەن و مرۆڤ بە گیاندارێکی ئازاد دەزانن. هەرچەند کە تیکنۆلۆژییە نوێکان شێوازی ژیانی مرۆڤیان تووشی گۆڕان کردووە، بەلام مرۆڤ بەبێ رامان و بیرکردنەوە خۆی ناداتە دەست ئەم داهێنانە مادییانەوە. بەپێچەوانە، مرۆڤ بۆ ئافراندن و بەکار هێنانی ئەم داهێنانە نوێیانە خاوەنی را و بۆچوونە

و بە گوێرەی را و بۆچوونی خۆی هەڵیاندەبژێرێ و بەکاریان دەبا. گەر مرۆڤ توانی ئافراندنی تیکنۆلۆژیای نوێیان هەیە، توانی تێکدانی ئەم داهێنانەشی هەیە.

جیاوازی کۆمەلایەتی / social differentation

جیاوازی بریتیە لە ١) پرۆسەی جیابوونەوە و هەلاواردن و بە پیشەیی بوون؛ بەدەست هێنانی شێواز و ئەرکی تایبەت؛ ٢) هەروەها هەرچی لە سۆنگەی ئەم پرۆسەوە بێتە دی.

لە بایۆلۆجیدا واتای ئەم زاراوەیە بریتیە لە پرۆسەیەک کە بە چاکسازی یان گۆڕانی بەشێکی تایبەت، گیاندار بۆ ئەنجامدانی ئەرک و فانکسیۆنێکی تایبەت ئامادە دەکات.

ئەم واتا بایۆلۆجیکییە دەورێکی زۆری بوو لەوەی کە ئەم زاراوەیە بباتە نێو کۆمەڵناسی تەکامولی سەدەی نۆزدەهەمەوە.

جیاوازی کۆمەلایەتی زاراوەیەکی گشتییە کە زۆرتر ئاماژە دەکات بە : ١) پرۆسەیەک کە لە سۆنگەیەوە تاک یان گرووپەکان دەوری لێک جیاواز یان پسپۆڕانە یاخۆ پلە و پاگەی شیاو بۆ ئەم دەورانە دەگرنە ئەستۆ؛ ٢) دەرەنجامی ئاوەها پرۆسەیەک. بەرهەمی کلاسیک لەم بابەتەدا کتێبی *جیاوازی کۆمەلایەتی* نووسینی سی. سی. نۆرتە. نۆرت دەڵێ کە «جیاوازییە گرینگەکۆمەلایەتییەکان چوار جۆرن: جیاوازی لە دەورو ئەرکدا، جیاوازی لە پلەو پاگەدا، جیاوازی لە کولتووردا و جیاوازی لە حەز و قازانجدا».

لەم سالانەی دواییدا مەیلێکی دووبارە بۆ هەلاواردنی واتای جیاوازی کۆمەلایەتی و **پۆلێنی کۆمەلایەتی** سەری هەڵداوە. وادیارە کە ئەم واتا دواییە، لە راڤە گرینگەکاندا بەگوێرەی بارودۆخێک پێناسە کراوە کە تێیدا «ماف و بەهرەی پێگەکانی نێو کۆمەڵگا دەبێ نایەکسان بن». رەخنەگران لە

وەلامدا گوتوویانە کە ئەمە فرموولێکە بۆ جیاوازی کۆمەلایەتی کە دەرەنجامی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خۆی دەنوێنێ و جیایە لەو چینبەندییەی کە باس لەو کۆمەلگا پۆلێن‌کراوانە دەکا کە «بەردەوام و لە درێژایی تەمەنی چەن تۆرەمەدا دەگەنە ئاستێکی بەرز لە ئامانجە مادیەکان، دەسەلات و رێزو حورمەتی کۆمەلایەتیدا» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

جیهانی سێیەم / third world

بناوانی ئەم زاراوەیە دەگەرێتەوە بۆ بۆچوونێکی کۆنی فەرانسی کە کۆمەلگایان بە سێ پاژ دابەش دەکرد. ئەو سێ پاژە بریتی بوون لە: یەکەم- خانەدانان و دەرەبەگان، دووەم- پایەدارانی کلیسا، سێیەم- خەلکی رەمەکی. لە چاخی نوێدا، بە تایبەت پاش شۆرشی مەزنی رووسیا لە ١٩١٧دا ئەم زاراوەیە بۆ کەرتبەندی ئەورووپا بەکار برا. رۆژاوای ئەرووپا و ئەو ولاتانەی لە گەل ئەمریکا پێوەندییان هەبوو، بە ناوی «جیهانی یەکەم» و رۆژهەلاتی ئەورووپا و ئەو ولاتانەی لە گەل یەکیەتی سۆڤییەت پێوەندییان هەبوو بە ناوی «جیهانی دووەم» و ولاتانی هەژاریش بە ناوی «جیهانی سێیەم» ناو دەبران. هەلوەشانی یەکیەتی سۆڤییەت بوو بە هۆی لەناوچوونی واتای جیهانی دووەم. بەم بۆنەوە هەنووکە کۆمەلناسان لە گەل دوو واتای جیهانی یەکەم، واتە ئەو ولاتە پێشکەوتووانەی کە لە باکووری هێلی ئێستوادا دەژین و جیهانی سێیەم یان ئەو ولاتە هەژار و نەدارانەی کە لە باشووری هێلی ئێستوادان، رووبەروون.

لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا کە زۆربەی خەلکی لە گوندەکاندا دەژین، ئاستی بێکاری و بێکاری نادیار زۆر لە سەرەوەیە و کۆچی ناوخۆ و مەودای نێوان چینە کۆمەلایەتییەکان زۆرە. بە پیشەسازی بوون پێشکەوتێکی ئەوتۆی نییە و ئەوەش کە هەیە، زۆرتر مۆنتاج و پیشەسازییە بچووکەکانە کە

ئەوەش زۆر جار ناگاتە رادەیەکی شیاو و لەبار. لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا دوو دیاردە سەرنجی پێ دەدرێ:

یەکەم) گۆڕانی کۆمەڵگا و بەدیهاتن و بە زانستی کردنی پەروەردەی نوێ کە دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا.

دووەم) نوێ کردنەوەی کۆمەڵگا بە کەڵکوەرگرتن لە تیکنۆلۆجی، بەم مەبەستەی کە بەهرەی تاکەکان زۆرتر بێتەوە. لە راستیدا ئەم زاراوە لە واتای بە پیشەسازی بوون یاخۆ «گەشەی پێکهاتەی پیشەسازی» نزیک دەکەوێتە (آشفته تهرانی؛ ١٣٨٤).

مەبەست لە گەشەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، گەیشتن بە جۆرێک رۆنێسانس و ژیانەوەی سەرجەم رێکخراوەکانی سیستەمی ئابووری- کۆمەلایەتییە.

بەشێکی زۆر لە ولاتانی جیهانی سێیەم تووشیاری کەم خۆراکی یان خراپی خۆراکن. بە گوێرەی راگەیندراوەکانی فائۆ (F. A. O)، نزیک بە ٤/١ خەڵکی ئەم ولاتانە لە بەر کەم خۆراکی رەنج دەکێشن. ئامارەکانی یوونیسێف (UNICEF) پیشان دەدەن کە ٤٥٠ تا ٥٠٠ میلیۆن لە خەڵکی جیهان تووشیاری کەم خۆراکی درێژخایەنن و سالانە ٥٠ میلیۆن کەس بە هۆی کەم خۆراکییەوە دەمرن (آشفته تهرانی؛ ١٣٨٤). کۆمەڵناسان بۆ پێناسە کردنی ولاتانی جیهانی سێیەم ئاماژەیان بە دە تایبەتمەندی کردووە: ١- زۆربوونی ژمارەی ساوایان، ٢- زۆربوونی رادەی مردن، ٣- کورت بوونی تەمەنی ناونجی تاکەکان، ٤- کەم خۆراکی یان خراپی خۆراک، ٥- زۆر بوونی رادەی نەخوێندەواران، ٦- زۆر بوونی ژمارەی جووتیاران بە رێژەی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی، ٧- بێکاری (بێکاری درێژخایەن، نادیار و کەم کاری)، ٨- گەشە نەسەندنی چینە ناونجییەکان، ٩- کار کردنی ئەو مندالانەی کە نەگەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی بۆ کار کردن، ١٠- بەشداری

نەکردنی خەڵکی لە کارە گشتییەکاندا.

لە ئێراندا تەنیا بابەتێک کە لەم سالانەی دواییەدا گۆڕانی بە سەردا هاتووە، کەم بوونەوەی رادەی مردنە؛ ئەمەش بۆتە هۆی زۆربوونی لە ڕادە بەدەری جەماوەری ئێران.

لە سالانی پاش شۆڕشی ئێران، ڕێژەی زۆربوونی جەماوەری ئێران گەیشتە ٣/٥%؛ واتە پاش دە ساڵ جەماوەری ئێران گەیشتە نزیک بە دوو بەرانبەر. پاش ئەوەهان درا تا بەرگری لە زۆربوونی جەماوەر بکرێ و ئێستا ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە ٢/٥%؛ واتە هەر ساڵ دوو میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران زیاد دەبێ. کەچی بارو دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی و بژیوی خەڵکی، زۆرتر نەبووە و تەنانەت بە هۆی ناکۆکی ئێران لە گەل ولاتانی پێشکەوتوو، ئێران تووشی قەیرانی ئابووری هاتووە و هەر ساڵ باری ژیانی خەڵکی زۆرتر دادەبەزێ و بەرەو خراپتر بوون دەڕوا.

بانکی جیهانی بە گوێرەی داهاتی سەرانە، ولاتانی جیهانی سێیەم بە سێ بەش دابەش دەکات:

١- ئەو ولاتانەی کە داهاتیان کەمتر لە ٥٠٠ دۆلارە؛ وەکوو چین، هیند، بەنگلادیش، سریلانکا و ئەفغانستان، چاد، ولاتانی ناوەند و ڕۆژاواو باشووری ئەفریقا؛ وەکوو سوومالی، مووزامبیک و ... .

٢- دووەم ئەو ولاتانەن کە داهاتیان لە نێوان ٥٠٠ تا ٩٠٠ دۆلارە. وەکوو لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقا، زیمباوە و زامیبیا، لە ڕۆژاوای ئەفریقا نیجریە و کامرۆن، لە باشووری ئاسیا، تایلەند و فیلیپین و ئەندوونزی.

ئەو ولاتانەی کە داهاتی سەرانەیان لە نێوان ٩٠٠ تا ٢٥٠٠ (و هەندێ جار تا ٤٠٠٠) دۆلارە؛ وەکوو گواتمالا، پیرۆ، کووبا، شیلی، برزیل، تورکیا، عەراق، ئێران (آشفته تهرانی؛ ١٣٨۴).

لەم چەن دەیەدا هەندێ ولاتی جیهانی سێیەم وەکوو کووریای باکوور،

تایوان، سەنگاپوور و هۆنگ‌کۆنگ لە باری ئابووریدا گەشەیەکی بەرچاویان بووە. ساڵی ١٩٥٠ داهاتی سەرانە لە کووریای باکوور ٣٥٠ دۆلار بووە و رادەی تەمەنیان ٥٠ ساڵ و زۆرتر لە ٨٠ لە سەدی خەڵکی لە گوندەکاندا دەژیان. پاش چل ساڵ، واتە لە ١٩٩٠دا داهاتی سەرانەیان گەیشتە ٢٩٠٠ دۆلار، رادەی تەمەنیان گەیشتە ٦٩ ساڵ و تەنیا ٢٥ لە سەتی خەڵکی خەریکی کشت‌وکاڵ بوون (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

چارەنووس/ predestination

هەرچەند کە چارەنووس واتایەکی دینییە، بەلام بە بۆنەی مەیلی ماکس ڤیبێر بۆ بەهرەوەرگرتن لە واتا دینییەکان لە پێکهاتن و گەشەسەندنی سەرمایەداری مۆدێرندا، ئەم زاراوە هاتۆتە نێو مەڵبەندی دەسەلاتی کۆمەڵناسیەوە. یەکێک لە پرسەسەرەکییەکان بۆ زۆربەی کۆمەڵناسان ئەوەیە کە ئایا سەرمایەداری پیشەسازی، سیستەمێکی ئابووری ئەقلانییە؟ مارکس و ڤیبێر دوو وەلامی دژ بە یەک و جیاوازیان بۆ ئەم پرسیارە هەیە. بە رای ڤیبێر، سەرمایەداری پیشەسازی لە خۆیدا ئەقلانییە، چونکە لە رێگاگەلێکی ئەقلانییەوە لە دووی قازانجی زۆرتردایە. بەلام مارکس، سەرمایەداری بە ئانتی‌تێزی ئەقلانییەت دەزانێ و دەڵێ ئەم سیستەمە ئابوورییە، لە پێکهێنانی نیازە سەرەکی و سەرەتاییەکانی مرۆڤدا شکستی هێناوە.

پرسیارێکی‌تر کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە سەرمایەداری چلۆن هاتە دی؟ بە بڕوای ماکس ڤیبێر، سەرمایەداری میراتی هزری کالڤینیزمە (وبر؛ ١٣٨٧). کالڤینیزم بریتی بوو لە لقێکی دینی مەسیحی کە لە لایەن جۆن کالۆنەوە بنیات نرا (١٥٠٩-١٥٦٤). کالۆن بە پشت‌بەستن بە ئیلاهیاتی دامەزراوەدینییەکانی مەسیحییەت، حکوومەتی قەشەکان یاخۆ

خواسالارییەکی سنووورداری لە ژنێڤدا بنیات نا. ئەم حکوومەتە ئاینیە بوو بە هۆی ئەوەی کە جۆرێک کلیسای چاککراوی ئایینی پرۆتستان بەدی بێت. کالڤینیزم لە سەر دەسەڵاتی رەهای خودا بە سەر چارەنووس و ژیانی شارستانی و کلیسایدا جەختی دەکرد (هینلز؛ ١٣٨٦). بە گوێرەی ئایینی کالڤین، خودا بژاردەکانی خۆی داسپاردووە تا لە دونیادا بە زۆری کاربکەن و سامانی زۆر کۆوە بکەن، هەرچەند کە نابێ لەو سامانە کەڵک وەربگرن. بە گوێرەی ئەم ئایینە، بژاردەکان ناچارن کە بەم چەشنە هان بدەن و بژین، چونکە ئەمەلە چارەنووسیاندا نووسراوە. بە بۆچوونی ڤیبێر، بۆچوونی کالڤین بە ژیان، بۆچوونێکی تەکووز و ئەقلانییە (وبر؛ ١٣٨٧). لە ئەندێشەکانی کالڤیندا هاتووە کە خودا بەختەوەری و رزگاری لە چارەی هەندێ کەسدا نووسیوە و چارەڕەشی و نەهاتی لە چارەی هەندێ‌تردا. هەروەها چارەنووسی هەرکەس لە رۆژی لە دایک بوونیدا نووسراوە و کەس ناتوانێ گۆڕانی بە سەردا بێنێ و کەس نازانێ لە داهاتوودا چی بە سەر دێت. بەم بۆنەوە، ژیانی پێڕەوەکانی کالڤین، بە هیوا بە رزگاری هەتاهەتا و ترس لە دوایی‌نەهاتنی چارەڕەشی تێدەپەڕا. بۆ چارەسەر کردنی ئەم ترسە بێ‌بڕانەوەیە، پێڕەوانی ئەم ئایینە هانیان دا تا نیشانەیەک بۆ بەختەوەری دواڕۆژیان ببیننەوە. نیشانەی بەختەوەری هەتاهەتایان لەوەدا دەزانی کە گەر کەسێک لەم دونیایەدا بەختەوەر و بێ‌نیاز بێ، لەو دونیاش هەروا دەبێ. بۆیە ژیانیان بۆ بەختەوەری و سەرکەوتن لەم دونیایەدا تەرخان کرد و ئەقلانییەت و تەکووزی و کاری دژوار و بەردەوامیان بە ئەرکی ئاینی خۆیان دەزانی. مەبەستیان لە کۆوەکردنی ئەم سامانە زۆرو زەوەندەیە، نە رابواردن بوو و نە یارمەتی هەژاران؛ چونکە لە لایەکەوە رابواردن و تەوەزەلی و تەن‌پەروەریان بە گوناحێکی گەورە دەزانی و لە لایەکی‌تریشەوە، هەژاری هەژارانیان بە هۆی نارەزایەتی خوداوەند لە هەژاران دەزانی. بڕوانە: **پارێزکاری دونیایی**.

بەڕای ڤیبێر، کالڤینیستەکان بە سەرمایەدانانی دووبارە بۆ قازانجی زۆرتـر، بناغەی سەرمایەدارییان داڕشـت. کـەچـی بـە پێچـەوانـەی ئـەم بـیردۆزە، کاتۆلیکەکان روانگەیەکی مونفەعیلیان سەبارەت بە دونیا بوو و هیوا بە ژیانی بەختەوەر لەو دونیا بە سەر ژیانی ئەم دونیایەیاندا زاڵ بـوو. بـەپێچـەوانـەی کالڤینیستەکان کە بۆ کۆوەکردنی سـامان و ماڵـی زۆرتـر، ئـەنگێـزەیـەکـی دینییان بـۆ هـاتبووە کایـەوە، کاتۆلیکـەکـان سـامانی دونیاییـان بـۆ دواڕۆژ بەبێ کەڵک دەزانی. بەم بۆنەوەبوو کە ڤیبێر بەم دەرئـەنجـام گـەیشـت کـە سەرمایەداری پیشەسازی سەرەتا لەو شوێنانەدا هاتەدی کە کالڤینیستەکـان دەسەڵاتێکی زۆرتریان بوو.

چینەژێرینەکان/ underclass

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بە هۆی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، خەڵک بەرەو چینە سەروو یا خوارووەکان لە گەڕدان. بو وێنە، هـەرچـەنـد لـە پێکهاتـەی چینایەتی ئەمریکا لە دەیەکانی ١٩٨٠دا، ژمارەی ئەو کـەسـانەی کـە بـەرەو چینە سەرووەکان لە هەڵبەزیندا بوون، زۆرتر لە ژمارەی ئەو کـەسـانە بـوون کە بۆ چینە خوارووەکان دابەزین (*Hout, M; 1988*– وەرگـیراو لـە: عضـدانلو: ١٣٨٤)، بەڵام چینە خوارووەکان هەم زۆرتر پـەرەیـان سـەنـد و هـەم زۆرتـر دابەزین. ئەم تەشەنە کردنی هەژارییـە تووشـی ئـەو کـەسـانە دەهـات کـە پێکهێنەری چینەژێرییەکان بوون (*Jencks, C; 1991*– وەرگیراو لە: عضـدانلو: ١٣٨٤). لە ئەنجامدا ئەگەر چینێکی نوێ لە ئەمریکادا هاتۆتەدی، ئەوە هەمان چینی ژێرینە. بەڵام بەڵگە بۆ ئەوەی کـە ئایـا دەتـوانین چینـە ژێرییـەکـان وەکوو چینێکی نوێ لە پێکهاتەی چینایەتی زیاد بکەین، بە دەسـتەوە نییـە. بە سەرنج دان بەوەی کـە زاراوەی چینـە ژێرییـەکـان، زاراوەیـەکـی نوێیـە، زۆربەی خەڵکی وای بۆ دەچن کە ئەو دیاردەیـە کـە بـە هـۆی ئـەم زاراوەوە

پێناسە دەکرێ، دەبێ نوێ و تازە بێ. بەلام هەر بەو جۆرەی کە جێنکس ئاماژەی پێ دەکات، ئەم واتایە، هەمان واتایەک کە کۆمەڵناسان «چینە خوارووەکان»ی پێ دەڵێن، دەخاتەوە بیر. لە لای جێنکسەوە ئەم دوو واتایە ئاستێکی بەرز لە بێکاری، نەخوێندەواری، مندالانی بێ‌باب، توندوتیژی، نائۆمێدی و سەرلێشێوان دێننەوە بیر (هەمان سەرچاوە). کەواتە، چینی ژێرین، نە وەکوو چینێکی نوێ، بەڵکوو وەکوو زۆربوونی ژمارەی کەسانێک دەزانرێ کە نە تەنیا لە خوارترین ئاستی پێگەی چینایەتیدان، بەڵکوو لە باری رەفتاری کۆمەلایەتیەوە زۆر ناتەواون.

ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان چینە ژێرییەکان لە گەڵ چینە خوارووەکانی‌تر، هەڵس‌وکەوتی دژە کومەڵگای ئەم کەسانەیە (*Auletta, K: 1982*- وەرگیراو لە: عضدانلو: ۱۳۸۴). لەم رووەوە لە لای زۆربەی کۆمەڵناسان، چینەژێرییەکان لە لایەکەوە بریتین لە ژێرکۆمەڵەیەک لە هەژاران و لە لایەکی‌ترەوە کەسانێک کە هەڵس‌وکەوت و شێوەی ژیانیان بە چەشنێک لە گەڵ هەژاری دەگونجێ. چینە ژێرییەکان کەسانێکن کە لە لێواری کۆمەڵگادان و ژیانیان بە هۆی یارمەتییەکانی دەوڵەت یان لە رێی کاری نارەواو دژ بە یاساوە بەرێوە دەچێ. بە گشتی پێنج گرووپ لە خەڵکی کە لە چینە ژێرینەکاندان بریتین لە: ۱) لادەرانی نێو شەقامەکان کە بە راشکاوی لە گەڵ بەهاکانی کۆمەڵگادا ناکۆکی و دژایەتی دەکەن، ۲) فرۆشێنەرانی مادە سڕکەرەکان و دەلالانی ناموس و قوماربازەکان کە هەرچەند بە دزەوە خەریکی کارن، بەلام توندوتیژی نانوێنن، ۳) تاکە ئارام و بێ‌کێشەکان کە هیچ کەڵکێکیان نییە و بە تەواوی دەسندەخۆری حکوومەتن، ٤) کارەسات لێکەوتووان و لەترمە لێداوانێک کە بە هۆی خواردنی ئەلکۆل و مادە سڕکەرەکانەوە بوونەتە هەژاری بێ‌خانوبەرە، ٥) گرووپی پێنجم ئەو بێ‌خانووانەن کە مۆرکیان لێ دراوە و لە مافە کۆمەلایەتی و رامیارییەکان

بێبەش کراون. ئەندامانی ئەم گرووپە بۆ دەست دان بە هەر کارێکی دژ بە یاسا و کۆمەڵگا ئامادە و تەیارن کە تەنانەت بکوژن یا بکوژرێن.

بێجگە لە هەندێ لە بێخانووەکان کە لە شەقامەکانی ناوەڕاستی شار یا لە نێو گەڕەکەکانی نزیک بە شوێنی کەسب و کاردا دەژین، زۆربەی ئەندامانی چینەژێرینەکان لەو گەڕەکاندا دەژین کە کاولن یاخۆ خەریکی کاول بوونن. ئەو کەسانە لە رادەبەدەر هەژار و بێکارن و زۆربەیان چاوەڕوانی یارمەتییەماڵییەکانی دەوڵەتن. ئەم کەسانە هەم لە باری کۆمەلایەتی و هەمیش جەستەییەوە گۆشەگیرن و لە کۆمەڵگا تەریک کەوتوون و بە هۆی کەم و کووڕی لە باری لێهاتوویی و شارەزایی کاری و کۆمەلایەتییەوە، ناتوانن بارودۆخی خۆیان بگۆڕن. ئەندامانی چینە ژێرییەکان، زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوە و بێکارن و بەبێ سەرنجدان بە بارودۆخی ماڵیان، منالیان دەبێ و بەردەوام یاسا و رێسا کۆمەلایەتییەکان دەخەنە ژێر پێ (عضدانلو: ١٣٨٤).

چینی ئێخەسپی/ white-collar class

چینی ئێخەسپی، لە بەرانبەر چینی کرێکاری ئێخەشین کە بە دەست کار دەکەن، ئاماژە دەکات بە چینێک لە کارمەندانی نزم پایە کە کاری هزری و نیوە پسپۆڕانەیان لە ئەستۆیە. بەگشتی ئەم زاراوەیە باس لە پایەنزمانی چینی ناونجی دەکات کە لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆن. هەروەک ئار. سنتێزر کارمەندانی پسپۆڕ و بەڕێوەبەران جیادەکاتەوە و ئەم زاراوەیە بۆ «کارمەندانی نووسینگەیی، کرێکارانی فرۆشندە، فرۆشندەکان، کرێکارانی نیوە پسپۆڕ و تکنیسیەنەکان» بەکار دەبات. بێنهام پێناسەیەک لە هەمان چەشن رادەنێ: «لەخوارترین لێواری چینی ناونجی، نزیک بەو سنوورەی کە کرێوەرگرانی کارە دەستییەکان لەوێوە دەست پێدەکەن، گرووپێک لە

کرێکاران هەن کە پێیان دەڵێن کرێکارانی ئێخە سپی». بێنهام سێ پێوەر بۆ ئەم چینە هەڵدەژمێرێ: ۱) کرێکار دەبێ لە بەشی خزمەتگوزاریدا بێ، ۲) بپەرژێتە سەر کاری هزری، ۳) تایبەتمەندی و دانستەکانی، تایبەتمەندی پسپۆڕانە نەبن.

ئەم واتا هەرچەند واتای ئاسایی ئەم زاراوەیە پیشان دەدات، هەندێ جار تا ئەو جێگا پەرە دەستێنێ کە لە گەڵ چینی «ناونجی نوێ» هاوواتا دەبێتەوە. بۆ وێنە سی. رایت میلز لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە چینی ناونجی ئەمریکا، هەموو ئەو کەسانەی کە نە خاوەن کارن و نە کاری دەستی دەکەن، دەخاتە ریزی ئێخە سپیکانەوە؛ وەکوو بەڕێوەبەران و پسپۆڕان و بەڕێوەبەرانی فرۆش و کارمەندانی نووسینگەیی.

هەندێ جار ئەم زاراوەیە لە گەڵ «مووچەخۆر» بەرانبەر دەزانرێ. ئەم واتایە کەمتر پەسند دەکرێ، چونکە لەباری تەکنیکییەوە دەبێتە هۆی هەڵاواردنی ئەو کارمەندانەی کە کرێ وەردەگرن و کەچی کاری دەستی ناکەن.

زۆرتر را لە سەر ئەمەیە کە گرووپی ئێخە سپیکان، زۆرتر پێکهێنەری توێژێکن، نەک چینێک. لەروانگەی خاوەنێتییەوە، خەڵکی ئێخەسپی نین لە نێوان سەرمایە و کاردا؛ پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کەسانە لە باری خاوەنێتییەوە، زۆرتر لە هەمان پێگەی مزبگیران دەکا (لاکوود؛ ۱۹٦٤).

چینی کۆمەڵایەتی/ social class

واتای چین یەکەم جار لە لایەن ئابووریزانانی کلاسیکەوە -بەتایبەت ریکاردۆ و ئادام سمیت- بەکار براوە. چین دەکرێ بە کۆمەڵەیەک لە تاکەکان پێناسە بکرێ کە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە شوێنگەی چوونیەکیان هەیە. بەڵام بەم پێیەش پێناسەی جۆراوجۆر و لێکجیاواز

چینی کۆمەڵایەتی

سەبارەت بە چینی کۆمەڵایەتی هەیە. جۆری ئەو پێناسانە بە جۆری روانگەی تاکەوە بەستراوە.

پاش ئابووریزانانی کلاسیک زۆرترین باس لە سەر چینی کۆمەڵایەتی تایبەت بە مارکسە. گرینگی کاری مارکس و پاش ئەو ڤیبێر -هەرچەند جیاوازییان پێکەوە هەیە- لەوەدایە کە سەرنجیان داوەیە پێکهاتەیەکی نوێی چینی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا سەری هەڵدابوو. مارکس زۆرتر لە سەر پڕۆلتاریای پیشەسازی و ڤیبێر لەسەر سەرمایەداری پرۆتستان کۆڵاونەتەوە.

مارکس ئەم زاراوەیەی لە بەرهەمی مێژوونووسانی فەرانسی لە سەدەی نۆزدەهەم و ئابووریزانانی بریتانی سەدەی هەژدەهەم هەڵگرتووە. مارکس لە توێژینەوەکانی خۆیدا بە تایبەت لە *ئایدۆلۆجی ئاڵمانیدا*، بەم دەرەنجامە گەیشتووە کە چینەکان بەرهەمی دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتین و هەموو فۆرمبەندییە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی پێوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتوون. ئەم پێوەندییانەش لە سەر خاوەنێتی و نەبوونی خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دامەزراون و هەردەم دەسەڵاتداری و زاڵبوونی چینە خاوەن ئامرازەکان بە سەر ئەو چینانەی کە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان نین پیشان دەدەن (احمدی؛ ١٣٨٢).

مارکس بە پێچەوانەی ئابووریزانانی کلاسیک سەرهەڵدانی چینەکانی سەرمایەداری و پڕۆلتاریای بە رووداوێکی کاتی دەزانی. هەروەها هۆی دابەش بوونی کۆمەڵگای بە چینگەلی جۆراوجۆر، لە شێوازی بەرهەمهێناندا دەزانی، لە کاتێکدا ئابووریزانەکلاسیکەکان هۆی بەدیهاتنی چینی کۆمەڵایەتیەکانیان بە شێوازی دابەش کردنی کار دەزانی. مارکس لە بەرگی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا باس لە سێ چینی جیاواز دەکات: «یەکەم چینی زەویندار کە کرێی زەوینەکانیان وەردەگرن، دووەم سەرمایەدارەکان

کە قازانجی سەرمایەکەیان وەردەگرن و سێیەم چینی کرێکار کە کرێی شان و پیلیان وەردەگرن» (کوزر؛ ١٣٧٠). پاش دامرکانی شۆڕشی پیشەسازی، زەویدارەکان و سەرمایەدارەکان پێکڕا ئاوێتە بوون و چینێکی نوێیان بەدیهێنا. ئەندامانی ئەم چینە هەرچەند هەریەکە و لە بوارێکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە سەریان هەڵدابوو، بەڵام هەموویان بۆچوونێکی سەرمایەدارانەیان بوو.

بایەخی روانگەکلاسیکەمارکسیەکان بەبۆنەی رووداوەکانی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە خرانە بەر گومان و دڕدۆنگی. ئەنجامی ئەم دڕدۆنگییە بوو بە سەرهەڵدانی پاشمۆدێرنیزم و پاش سوشیالیزم (ملک؛ ١٣٨٧).

بێجگە لە روانگەی مارکسی سەبارەت بە چینی کۆمەڵایەتی، روانگەی جۆراوجۆری تر هەیە. گورویچ دەڵێ: «پێناسە نامارکسیەکانی چینی کۆمەڵایەتی ئێجگار زۆر و جۆراوجۆرن و پێوەری جۆراوجۆریان بۆ پێناسەی چینی کۆمەڵایەتی هەیە، وەکوو داهات، پیشە، سامان، لێهاتوویی، ئەرکی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و هتد» (گورویچ؛ ١٣٦٩). بەبڕوای گورویچ هەموو ئەو پێناسە نامارکسیانە رەهەندێکی هاوبەشیان هەیە، ئەوەش ئەو تایبەتمەندی و پێوەرانەیە کە بۆ ئەو پێناسانە بەکار براون و هەموویان دەتوانن بەردەوام بن و هیوایەک بە گۆڕانیان تێدا بەدی ناکرێت؛ کەچی پێناسەی مارکس لە چینی کۆمەڵایەتی، باس لەو پێوەرانەی دەکات کە لە هەلومەرجی تایبەتی مێژووییدا هاتوونەتەدی و بەگۆڕانی ئەو هەلومەرجانە، ئەو چینە کۆمەڵایەتیانەش گۆڕانیان بە سەردا دێ.

گرینگترین نوێنەری روانگەی نامارکسی سەبارەت بە چینی کۆمەڵایەتی ماکس ڤیبێرە. ڤیبێر وەکوو مارکس باوەڕی بەوەنەبوو کە چینی کۆمەڵایەتی هۆی سەرەکی نابەرانبەری کۆمەڵایەتییە. بەڵام لەم بارەدا لە گەڵی هاوڕایە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازیدا پێوەندی ئابووری دەوری

چینی کۆمەڵایەتی

سەرەکی لە بیچم دان بە نابەرانبەری نێوان تاک و گرووپەکان هەیە.

پاریتۆش بەجێی چینی کۆمەڵایەتی، بە واتای مارکسی، واتای چینی دەسەلاتدار (بژاردەکان) و چینی ژێردەسەلات دادەنێ. مووریس هالبواکس لە پێناسە کردنی چینی کۆمەڵایەتیدا جەخت لە سەر ئاگەداری چینایەتی دەکات. ئەو چینە رامیاری، یاسایی و ئابوورییەکان لە چینە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکاتەوە. هۆی جیاوازی چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە جیاوازی لە نیازەکانیان دەزانێ و بە پێچەوانەی مارکسیستەکان، بۆ دیاری کردنی چینی کۆمەڵایەتی بایەخ بە شێوازی بەکارهێنانی کالا بەرهەمهاتووەکان دەدات تا خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. سوروکین یەکێکتر لەو کۆمەڵناسانەیە کە پێناسەیەکی نامارکسی لەمەڕ چینی کۆمەڵایەتی هەیە. بەبڕوای سوروکین چینە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە:

١- ئەو گرووپانەی کە لە باری یاساییەوە بۆ هەمووان کراوەن، بەلام لە راستیدا نیوە بەستراون.

٢- جەخت لە سەر یەکگرتوویی دەکەن.

٣- لە گەڵ چینەکانیتر ناتەبا و ناکۆکن.

٤- تا رادەیەک رێکخراون.

٥- بەرێژەی یەکیەتی و بوونی خۆیان تا رادەیەک ئاگەدارن (گورویچ؛ ١٣٦٩).

لە کۆمەڵناسی ئەم دوو دەیە دواییەدا چینی کومەلایەتی بە سەرنج دان بە جنسییەت، نەتەوە و ... بۆتە یەکێک لە بەشەکانی **توێژبەندی کۆمەڵایەتی**. ئەم جیاوازییانە نە تەنیا پێکڕا بەستراون بەڵکوو وان لەژێر کاریگەری بەجیهانی بووندا، کە هەم رەهەندی ئابووری هەیە و هەم رەهەندی کولتووری.

چینی کۆمەڵایەتی ئینتزاعی/ abstract social class

ئەم واتایە سەبارەت بە چینێک بەکار دەبرێ کە ئـەنـدامانی تـا رادەیـەک بەرێژەی هەست و نیازەهاوبەشەکانیان ئاگەدارییان هـەیـە، بـەلام بـەرادەی پێویست یەکگرتوو و یەکجۆر نین کە بکرێ لەنێو گرووپ یا کۆمەڵـەیـەکـدا دابنـرێن. لـە لایـەکـی‌تـرەوە، ئـەم چینـە لـە گـەڵ دەسـتەبـەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی‌تر کە تۆژەران بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆیان پۆلێنیان کردووە، جیاوازی هەیە. ئەندامانی ئەم چینە زۆرتر نازانن کە ئەندامی یـەک گرووپـی کۆمەڵایەتین. نموونەیەک کە دەتوانین بۆ ئەم چینە بیهێنینەوە، لایەنگـرانی گوڵ و شینایی، ژنانی ماڵدار، گەنجان و هتدن. جۆرج هێربێرت مید یەکـەم کەس بوو کە لە کتێبی زەیـن، خـود و کومـەڵـگادا لـەم زاراوەیـە کـەڵـکی وەرگرت.

حکوومەت / government

حکوومەت بریتیە لە پرۆسەی حوکمداری کردن. واتە: چاودێری بە سەر خەڵکی و گەلالەکردنی شێوازی هەڵس‌وکەوت بۆ خەڵکی (گولدو کولب؛ ١٣٨٤). هەروەها حکوومەت، ناوەندی سیستەمێکی رامیارییە. حکوومەت دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتییە کە بەکار بردنی زۆر و توندی لە کۆمەڵگای بۆ خۆی قۆرخ کردووە و لەم ئامرازە بۆ ناچار کردنی خەڵکی بۆ شێوازێکی تایبەت لە هەڵس‌وکەوت و گوێڕایەڵی لە بەرانبەر یاسا و پێوەرێکی تایبەتدا لە ناوچەیەکی تایبەتی جۆگرافیاییدا بەهرە وەردەگرێ. حکوومەت گشتگیرترین دامەزراوەی کۆمەڵگایە. بێجگە لە حکوومەت هیچ دامەزراوەیەکی‌تری کۆمەلایەتی (یەکیەتی کرێکاران، دامەزراوە ئاینی و پەروەردەکان و هتد) هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا ناخاتە ژێر رکێف و دەسەلاتی خۆی.

هەروەک بێژرا، حکوومەت کۆمەڵەیەک لە دەزگا و دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانە کە کاری دابین کردنی پێوەندی نێوان چینەکۆمەلایەتییەکان و پاراستنی نەزم و هێمنایەتی کۆمەڵگای لە ئەستۆیە. بەلام ئەم دامەزراوانە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بوونیان نەبووە. کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە بۆنەی یەکگرتوویی و وێکچوونێکی مەزنەوە کە لە نێوانیاندا بووە، بەبێ پێڕەوی کردن لە کەس یان رێکخراوێکی تایبەت ژیاون و تەنیا لە کاتی رووداوێکی گەورەی وەکوو جەنگدا کە پێویست بووە هێزەکانی کۆمەڵگا کۆوە بن و لە یەک سەنگەردا راوەستن، کەس یان کەسانێکی شاز و هەڵکەوتە لە لایەن خەڵکەوە بۆ رێبەرایەتی هەڵبژێردراون و پاش دوایی هاتنی شەڕ، هەموو شت و هەموو کەس گەڕاونەتەوە بۆ سەر جێگای سەرەکی خۆیان. هەروەکوو چۆن لە جیهانی گورگ و ئەسپ و مەیمووندا رێبەرایەتی کارێکی کاتییە. خەڵکی رەمەکی جەزیرەکانی

ئاندامان (*Andaman*) و خەڵکی تییەڕا دێلفۆئێگۆ (*Tierra del fuego*) و هۆزی بووشمەن (*Bushman*) نموونەی کۆمەڵگای بێحکوومەتن (*Thomas, W. I; 1973*).

بێنیازی کۆمەڵگای سەرەتایی بە حکوومەت، چەن هۆی هەیە: ١) بچووک بوونی گرووپ؛ ٢) خاوەنێتی گشتی؛ ٣) نەریتپەرستی زۆر (آگ برن، ١٣٤٧).

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی حکوومەت بەهرەوەرگرتن لە «زۆرە». زۆر و دەسەڵات دیاردەیەکە کە حکوومەت بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر خەڵکدا بەهرەی لێ دەگرێ. هەندێ جار حکوومەت بە دامەزراوەکانیتری کۆمەڵگا ئیزنی کەڵکوەرگرتن لە زۆر دەدات، بەڵام ئەم ئیزنە بە تەواوی سنووردارە و چەندوچوونی ئەم بەکارهێنانە لە لایەن خودی حکوومەتەوە دیاری دەکرێ. بۆ وێنە: ڕەنگە باب یان دایکی بنەماڵەیەک بۆ ڕاهێنانی منداڵانی لە زۆر بەهرە وەربگرێ، بەڵام ئیزنی ئەوەیان نییە لە سنوورێکی دیاریکراو تێپەڕن. گەر دایک یان باوکێک بە فراوانی بۆ ڕاهێنانی منداڵانی لە زۆر بەهرە بگرێ، ئەو ڕەفتارەی پێی دەڵێن منداڵ ئازاری و بە کردەوەیەکی دژ بە یاسا دێتە ئەژمار. بەگشتی، گەر ئامرازی زۆر لە لایەن دامەزراوەیەک بێجگە لە حکوومەتەوە بەکار بگیرێ، نایاساییە. زۆربەی ئەو توندوتیژییانەی لە کۆمەڵگادا دەکرێن، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتن، بۆیە بە تاوان و لادان دەزانرێن. هەرچەندە تاوان و لادان لە کۆمەڵگادا تەشەنە کا و پەرە بستێنێ، پیشاندەری ئەوەیە کە دەسەڵاتی حکوومەت ڕووی لە کزی ناوە. لە ئاوەها هەڵومەرجێکدا بوونی حکوومەت تووشی مەترسی دێ. کاتێ کەسانێک کۆوە بن و یاسایی بوونی حکوومەتێک بخەنە بەر گومانەوە، یاخۆ لە ئامرازی زۆر و توندو تیژی بۆ تێکدانی حکوومەت بەهرە وەربگرن و نیازی ئەوەیان بێ بۆ خۆیان سیستەم و حکوومەتێکی نوێ

بنیات بنێن، ئەو کۆمەڵگا تووشی راپەڕین و شۆڕش هاتووە.

بەکار بردنی زۆر دوایین ئامرازێکە کە حکوومەت کەڵکی لێ دەگرێ. بە گشتی، هەرچەند نیاز بە بەکاربردنی زۆر کەمتر بێ، ئەوە پیشان دەدات کە دامەزراوەی حکوومەت باشتر و چاکتر توانیویە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خەڵکی دانیان بە سەر یاسایی بوونیدا ناوە. بەکاربردنی زۆر بە چەشنی دڵخوزا و پێش‌بینی نەکراو، لە تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی ئۆتۆریتەو ملهۆڕە. ئەم حکوومەتانە دەیانەوێ بە ترس و دڵەڕاوکێ ئەندامانی کۆمەڵگا بێننە ژێر رکێفی خۆیان.

بێجگە لە زۆر ئامرازێکی‌تر کە حکوومەتەکان کەڵکی لێ دەگرن، وتو وێژە. وتو وێژ بە هەموو شێوازێکیەوە، وەکوو ئامرازێکی کاریگەر نە تەنیا بۆ پاراستنی بارودۆخی باوی نێو کۆمەڵگا، بەڵکوو بۆ چێ کردن، تێکدانی پێکهاتە و تەنانەت چاکسازی کۆمەڵگاکان بەهرەی لێ دەگیرێ. بەکار بردنی ژیرانەی وتو وێژ یەکێک لە ئامرازەپێویستەکانی پێوەندی نێوان خەڵک و حکوومەتەکانە. کەواتە، زۆر و وتو وێژ دوو ئامرازی گرینگن کە حکوومەت بۆ چاودێری و کۆنترولی ئەندامانی نێو کۆمەڵگا بەهرەیان لێ دەگرێ. تێکەڵ بوونی ئەم دوو ئامرازە دەتوانێ گۆڕانکاریەکی قوول و بنەمایی لە پێوەندی نێوان خەڵک و حکوومەتەکاندا بێنێتە دی. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە توێژینەوە و لێکدانەوەی وتو وێژ، قەد تەواو نابێ، مەگەر ئەوەی کە پێوەندی لە گەڵ «زۆر» و «توندو تیژی»دا لێک بدرێتەوە. وتو وێژ و زۆر پێکەوە و بە یارمەتی یەک دەتوانن ببنە هۆی چاکسازی، گۆڕان و رێکو پێک کردنی سنووری کۆمەڵایەتییەکان، زنجیرەی پێگە ئابووری، رامیاری، کومەلایەتی و کولتوورییەکان و تەکووز کردنی داموودەزگاکان و میتۆدەکانی خوو و خدە رامیاری و ئابووری و کولتووری و کۆمەلایەتییەکان.

زۆر (واتە: کردەوەو رەفتارێک کە گەڵ توندو تیژی تێکەڵ بێ) ئامرازێکە

کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەت تاکەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگادایە و بە شێوەی جۆراوجۆر بەهرەی لێ دەگرن. بەڵام زۆرتر لە لایەن کەسانێکەوە بەکار دەبرێ کە خاوەن دەسەڵاتێکی فەرمین. ئەم کەسانە لەم کەرەسە بۆ گوێڕایەڵ کردنی تاکەکان و بەرگری لەو شتەی کە «لادان»ی پێ دەڵێن، بەهرە وەردەگرن. بەم بۆنەوە خاوەنانی ئەم کەرەسەیە (زۆرتر حکوومەتەکان) لە لایەکەوە هان دەدەن نەزم و هەلومەرجی هەنووکەیی کۆمەڵگا بپارێزن و لە لایەکی ترەوە هان دەدەن دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن و دەسەڵاتەکەیان بە یاسایی پیشان بدەن (هێزی کەڵکوەرگرتن لەو سەرچاوە کەم وێنانەی کە هەموو کەس پێی خۆشە بەهرەیان لێ بگرێ). ئەم سەرچاوە دەگمەن و گشتخوازانانە هەر ئەوانەن کە ماکس‌ڤیبێر لە سێ گرووپدا ریزیان دەکا: سامان، هێز، وەج و ئاوڕوو؛ هەروەها بابەتی تری وەکوو پەروەردە، زانیاری، تەندروستی و ئاسوودەگی و هتد.

زۆر، هەروەها دەتوانێ لە لایەن بژاردەکانی کۆمەڵگاوە –کە دەسەڵاتیشیان هەیە– بۆ کاریگەری بە سەر گۆڕانێکی گرینگی کۆمەڵایەتی بەکار ببرێ: وەکوو بەهرە گرتنی راستەوخۆ لە توندوتیژی بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی سنووری وڵاتدان (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

لەم سەردەمەدا حکوومەت وەکوو سیستەمێکی زۆر ئاڵۆز دەرهاتووە و زۆر کاری گرینگ و بەربڵاوی گرتۆتە ئەستۆ. سێ هۆکاری سەرەکی لەم گۆڕانەدا بەشداریان بووە کە بریتین لە:

١- بەرفراوانی مەڵبەندی ژێر دەسەڵات: گەشە سەندنی هەندێ لە حکوومەتەکان و یەکگرتوویی هەندێ لە هۆزە جۆراوجۆرەکان، بۆتە هۆی هاتنەدی حکوومەتگەلی بەربڵاو بە پانتایەکی زۆرەوە.

٢- ئاڵۆز بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی: هەنووکە لە دونیادا کەمتر وڵاتێک هەیە کە تەنیا لە یەک نەتەوە (nation) هاتبێتە دی. هەندێ لە

حکوومـەتـەکـان خـەڵـکێکی زۆر لـە نـەتـەوەو ئـایین و کولتـوور و زمـانی جۆراوجۆریان لەنێو بازنەی خۆیاندا گرتووە.

٣- گۆڕانی بەردەوام: کۆمەڵگاکانی ئێستا بـە هـۆی پیشـەسـازی نوێـوە، هەردەم خەریکی گۆڕانن. ئەم گۆڕانە بەردەوامە کێشەیەکی بێبڕانـەوەی بـۆ حکوومەتەکان هێناوەتە ئاراوە. بۆ وێنە داهاتنی ترۆمبیل و باو بوونی، ئەرکی نوێی وەکوو چێ کردنی ڕێگاوبانی شـیاو و تـەکـووز کـردنی هـاتوچـۆ بـۆ حکوومەتەکان هێناوەتە دی (آگ برن، ١٣٤٧).

ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی دژواری و ئاڵۆزی ئەرکەکـانی حکوومـەت، بـە چەشنێ کە حکوومەتەکانی ئێستا وەکوو حکوومەتەکانی پێشـوو نـاتوانن بـە ئاسانی و بەبێ کێشە هێمنی و ئاسایش و ڕێکوپێکی بۆ ژیانی کۆمـەڵایـەتی خەڵک دابین بکەن.

خزمایەتی / kinship

ئەم زاراوە سەبارەت بە پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەکار دەبرێ کە بنەمـای لە سەر پێوەندی خوێنی، هاوسەرگیری، یا بە منداڵگیرییـەوە دانـراوە. ئـەو تاکانەی کە ئاوەها پێوەندییەکیان هەیە، خزمایەتی پێکدێـنن. هـەرچـەنـد خێزان بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە هەموو جڤاکەکاندا دەزانرێ، بەڵام ئەم پرسـە کـە چ کـەسـانێک لـە ژێـر چـەتـری پێکهاتەی خزمایەتیدا دادەنرێن، لە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمـەڵـگایەکـیتـر جیاوازە. خزمایەتی پێوەندییـەکـی کۆمـەڵایـەتییـە کـە بنـەمـای لـە سـەر بەندیواری خزمایـەتییـەوە دانـراوە و کولتـووری کۆمـەڵـگا جـۆری ئـاوەهـا پێوەندییەک روون دەکاتەوە. کولتووری کۆمەڵگا یەکێک لەو هۆکارانەیە کـە بایەخی ئەم پێوەندییانە روون دەکاتەوە. بە واتایەکیتر، کولتووری کۆمـەڵـگا ئەرکی ئەندامە خزمەکان لە بەرانبەر یەکتردا دیـاری دەکـات و دامـەزراوە و

پێوەندی ئەندامانی دامەزراوەی خزمایەتی روون دەکاتەوە.

self / خود

خود لە گەڵ سیستەمی فیزیۆلۆجی مرۆدا جیاوازی هەیە. خود هەمان شتێکە کە دەبێ بیچم و قەوارەیەک بگرێتە خۆ و لە کاتی بەدونیا هاتنی تاکدا بوونی نییە، بەڵکوو لە نێو پرۆسەی ئەزموون و چالاکییە کۆمەلایەتییەکاندا گەشە دەکات. بەواتایەکیتر، خود بریتییە لە بۆچوونی تاک سەبارەت بە خۆی کە بە هۆی پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی گەورەبوون و بەکۆمەلایەتی بوونەوە پێی دەگا. تاک بەو جۆرەی کە لە نێو گرووپی هاوالانیدا دەیناسن، یان بەو جۆرەی کە بە کۆمەلایەتی دەبێ، پێناسەیەک سەبارەت بە خود بە دەست دێنێ.

بە بڕوای چارلز هۆرتۆن کوولی سیمای دەروونی کەسایەتی و ناوەندی زەین، هەمان خودە کە خاوەنی دوو دۆخە:

١) دۆخی زەینی خود (subjective) کە «من» دەبێتە بکەری کار.

٢) دۆخی عەینی (دیار) خود (objective) یا منی سەرتر یان منی کراو کە رەهەندی کۆمەلایەتی خودە (توسلی؛ ١٣٨٧).

هۆرتۆن کولی و هێربێرت مید، بە دووی ئەم پرسەوە بوون کە «خود» چۆن دێتە دی و چۆن گەشە دەسێنێ. «خود» تێگەیشتنێکە کە تاک لە سەر خۆی هەیەتی. بە واتایەکیتر، «خود» وەلامێکە بۆ ئەم پرسیارەی تاک کە دەلێ: «من کێم؟» لە لێکدانەوەکانی کوولی و میددا کارلێکی کۆمەلایەتی یەکەم هێزی روونکەرەوەو دیاریکەری «خود»ە و هێزە بایۆلۆجیکییەکان لە ئاستی دووەمدان. کوولی لە کتێبی *سروشتی مرۆڤ و سیستەمی کۆمەلایەتیدا* دەلێ «خود» لە رێی کارلێکی کۆمەلایەتییەوە دێتەدی و پێناسە دەکرێ (ریتزر؛ ١٣٨٥).

بەڕای مید «خود»یش هەروەکوو زەین دیاردەیەکی ئۆبجێکتیڤ نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی ژیرانەیە کە ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە:

١) توانایی دژکردەوە لە بەرانبەر خود بە هەمان چەشن کە کەسانیتر لە بەرانبەریدا دژکردەوەیان هەیە.

٢) توانایی دژکردەوە لە بەرانبەر خود بە هەمان چەشن کە کۆمەڵ لە بەرانبەریدا دژکردەوەی هەیە.

٣) توانایی بەشداری لە وتوویژی تاکەکەسی لە گەڵ کەسانیتر.

٤) توانایی ئاگەداربوون سەبارەت بەو شتەی کە تاک دەیلێ و ئەرکی ئەو ئاگەدارییە بۆ ئەو شتەی کە دەبێ لە قۆناغی دواییدا جێبەجێ بکرێ.

ئەم پرۆسە، پرۆسەیەکی پەتی زەینی نییە و توانایی پێویست بۆ گەشە سەندن لە ڕێی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە بە دەست دێت. لەم بابەتەدا زمان بایەخی سەرەکی هەیە، چونکە بەهۆی زمانەوە دەتوانین سیمبۆلە واتادارە بێژراوەکان بەکار ببەین و ڕاڤەیان بکەین (ریتزر؛ ١٣٨٥).

لێرەدا بۆچوونی مید سەبارەت بە قۆناغەکانی بەکۆمەڵایەتی بوون بایەخی زۆریان هەیە، چونکە مرۆکان بۆ گەیشتن بە «خود»، بێجگە لە زمان پێویستیان بە شتیتریش هەیە. لە قۆناغی **نمایشیدا**، منداڵ هان دەدا کە دەوری ئەو کەسانەی بۆی گرینگن (وەکوو: دایک، باوک، برا، خوشک، مام و...) فێر بێ. ئەم قۆناغە گرینگەلە ڕەوتی ژیان منداڵدا، تێگەیشتنێکی هەمەڕەنگ لە ژیان دەداتە منداڵ. چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا دەوری جۆراوجۆر لە کەسانی جۆراوجۆر دەگێڕێ، تێگەیشتنێکی هەمەڕەنگ سەبارەت بە خود رادێنێ. وەکوو ئەوەی کە منداڵ دەمێک خۆی وەکوو بابی دەبینێ و دەورەکانی ئەو لە نێو ژیانی خێزان و هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ و خودێکی تایبەت تاقی دەکاتەوە؛ دەمێکیتر دەوری دایک، برا و کەسانیتر دەگێڕێ و لە هەر قۆناغدا خودی تایبەت بەو کەسە تاقی

دەکاتەوە. منداڵ دەتوانێ خۆی لە شێوازی جۆراوجۆردا ببینێ، بە هەمان چەشن کە کەسانی‌تر دەیبینن. بە گشتی منداڵ لەم قۆناغەدا تێگەیشتنێکی یەکگرتوو و یەکپارچەی لە خۆی نییە.

منداڵان بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی یەکگرتووتر لە خۆیان، دەبێ بڕۆنە نێو قۆناغی **یارییەوە**. بەبڕوای مید لەم قۆناغەدا منداڵ سەلماندنی دەوری **هیتری بە گشتی‌کراو** فێردەبێ. مید بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتە، باس لە یاری بەیس‌بۆڵ دەکات. منداڵ لەم یارییەدا لە قۆناغی **نمایشیدا**، بە ریز دەورەکانی کاپیتان، تۆپ بڵاوکەرەوە، گولێر، شووت وەشێن و هتد دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام ئەم بۆچوونە یەک‌نەگرتووانە تێگەیشتنێکی گونجاو لە یاری بەیس بۆڵ ناداتە منداڵ. کەچی لە قۆناغی یاریدا منداڵ دەتوانێ روانگەیەکی گشتگیر لەم یاریە بەدەست بێنێ؛ روانگەیەک نە تەنیا لە بەیس‌بۆڵ، بەڵکوو لە سەرجەمی جیهانی کۆمەڵایەتی بەدەست دێنێ و یاری پێ دەکات. ئەم روانگە، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ گەیشتن بە بۆچوونێکی یەکگرتووتر سەبارەت بە خود. لەم جیهانەشدا مید بایەخێکی زۆرتر دەداتە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ پێک هاتنی خود، پێویست بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەیە (ریتزر؛ ١٣٨٥).

خود بەرهەمی ئەزموونەکانی تاک لە گەڵ کەسانی‌ترە. خود لە پرۆسەی **بەکۆمەڵایەتی‌بوون** و لە نێو **کارلێکی کۆمەڵایەتیدا** دێتە دی. بە واتایەکی‌تر، بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە خۆمان، کاردانەوەی چۆنییەتی هەڵس‌وکەوتی خەڵک لە گەڵ خۆمانە. ئەم پرۆسە هەمان پرۆسەیەکە کە کوولی پێی دەڵێ **خودی ئاوێنەئاسا**. منداڵ لە سەرەتاوە هیچ تێگەیشتنێکی رێکخراوی سەبارەت بە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی خۆی نییە. بەدەروونی‌کردنی ئەو پێناسانەی کە کەسانی‌تر و کۆمەڵگا لە خۆی دەکەن و پێی دەدەن، بەرەبەرە خۆی و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەناسێ.

خود

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کوولی دەوری زمانی لە بەدیهاتنی «خود»دا زۆر بە گرینگ دەزانی. بەبڕوای کوولی، منداڵان زۆرتر لە ڕێی زمانەوە سەبارەت بە خۆیان بیر دەکەنەوە و خۆیان وەکوو بوونەوەرێکی تایبەت، لە کەسانی‌تر و هەروەها لە ژینگەیان جیادەکەنەوە. هەروەک بەڕای کوولی، یەکەمین گرووپێک کە بە سەر تێگەیشتنی منداڵ لە خود کاریگەرییان هەیە، بریتین لە خێزان و گرووپی هاوالان. ئەم دووانە لە سەرەتاوە بە هۆی پێوەندییەکی زۆرەوە کە لە گەڵ منداڵ هەیانە، سەرەکی‌ترین ئاسەوار بە سەر چۆنییەتی تێگەیشتنی منداڵ لە خود، بەجێ دێنن. هەرچەند ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم تێگەیشتنە تەنیا یەکجار و ئەوەش لە منداڵیدا بۆ تاک دێتە دی، بەڵکوو تاک بەردەوام و لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا و بە گوێرەی هەر ئەزموون و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییەوە کە بۆی دێتەدی، تێگەیشتنێکی نوێ سەبارەت بە خود بە دەست دێنێ.

مید دەڵێ: خود بەرهەمی کارلێکی سیمبۆلیکە. ئەم کارلێکی سیمبۆلیکە لە گەڵ کەسانی‌تر دەتوانێ لە ڕێی پێکەنین، ناوچاو گرژ کردن، لە ئامێزگرتن، زللە لێدان و بە تایبەت لە نێو پێکهاتەی زماندا پێک بێت. بەم پێیە خود، ڕەهەندێک لە کەسایەتی تاکە کە بریتیە لە خۆئاگایی و بۆچوونی تاک سەبارەت بە خۆی. بەڕای مید، خود لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگادا دێتەدی و سەرهەڵدەدا و ناتوانێ لە کۆمەڵگا جیاواز بێ. بەم بۆنەوە ئەم پرۆسەیە لە سێ قۆناغدا شی‌دەکاتەوە:

١- «خود» لە ئەزموونەکۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. خود کەرتێک لە جەستەی ئێمە نییە و لە کاتی لەدایکبووندا بوونی نییە. خود تەنیا بە هۆی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشە دەکات. نەبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی هیچ کۆسپێک لە هەمبەر گەشەی جەستەی مرۆڤدا بەدی

ناهێنێ، کەچی بەنەبوونی کارلێک، خود هیچ گەشە ناکا و سەرهەڵنادا.

٢- ئـەزمـوونی کۆمـەڵایـەتی شـتێک نییـە بێجگـە لـە گۆڕینـەوەی سیمبۆلەکان. بۆ وێنە مرۆڤەکان بە راشەکاندنی دەستیان یان بـە پێکـەنـین (کە سیمبۆلی مرۆیین) هەندێ واتا بـە یـەک رادەگـەیـنن کـە بـەرهـەمـی ئەزموونە مرۆییەکانیانە. رەنگە بتوانین سەگێک رابێنین کە هەندێ رەفتاری مرۆڤان بەجێ بێنێ، بەلام بێگومان لەم هەڵسوکەوتەدا هیچ واتایەک نییە. بەپێچەوانە، مرۆڤەکان بە هۆی رەفتاریانـەوە هـەنـدێ واتـا لـە نێـو یـەکـدا دەگۆڕنەوە و مەبەستی ئەم سیمبۆلانە بـۆ هـەموویـان ئاشـکرا و روونـە. بـە واتایەکی روونتر، هەڵسوکەوتی سەگ وەلامدانەوەیـە بـە کارێـک کـە ئێـوە ئەنجامی دەدەن، بەلام هەڵسوکەوتی مرۆڤ پیشاندانی ئەو شتەیـە کـە لـە مێشکیدایە و جێبەجێی دەکات.

٣- بۆ زانین و تێگەیشتن لە مەبەستی هەرکەس، پێویسـتە کـە بتـوانین شوێنگەی ئەو کەسە لە روانگەی خۆیەوە سەیر کەیـن. ئێمـە دەتـوانین بـە کەڵک وەرگرتن لە سیمبۆلەکان خۆمان لە شوێنگەیەکـیتـردا دابـنین و لـە روانگەی کەسانیترەوە سەیری بابەتەکان بکەین. ئەم تواناییـە یارمـەتیمـان دەدات کە وەلامی کەسانیتر تەنانەت بەر لـە کـردەی خۆمـان، پـێشبـینی بکەین. بەم بۆنەوە، کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مـرۆڤ بـە هەمان چەشنێ کە کەسانیتر دەیبینن، خۆی ببینێ. ئەمە پرۆسەیەکـە کـە هێربێرت مید پێی دەڵێ «خۆ پیشاندان لە نێو دەوری کەسانیتردا» .

بەڕای مید، کاتی هاتنەدی خود دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، کاتێک کە هێشتا منداڵ توانی قسە کردنی نییە و لە کاتی فێربـوونی قسـە کردنـدا خود گەشە دەکات. مید بە سەرنـج دان بـە هـەڵـسوکـەوتی منـداڵان دوو قۆناغی سەرهەڵدانی خود روون دەکاتەوە: قۆناغی **نمایش** و قۆناغی **یاری**.

looking-glass self / خودی ئاوێنەئاسا

یەکەم کەسێک کە ئەم زاراوەیەی بەکار هێنا چارلز هۆرتۆن کـوولی بـوو. کوولی لە کتێبی سروشتی مرۆڤ و سیستەمی کۆمەلایـەتیـدا ئـەم زاراوەیـە هێناوە. ئەم واتایە سەرەتا لە یەکێک لـە شـیعرەکـانی شێکسـپیێردا هـاتووە .(each to a looking glass/ reflects the other that doth pass) مەبەستی کوولی لەم زاراوەیە ئەوەیە کە بنەمای تێگـەیشـتنی خـەلـکی لـە خۆیان لە سەر بۆچوونی خەلک سەبارە بـە خۆیـان دانـراوە. خـەلـکی بـەو چەشنەخۆیان دەناسن کە خەلکی دەیانناسن. بە واتایەکی‌تر، ژیری، گێلـی، بەها و بێ‌بەهایی خود، کاتێک دیارە و خۆی دەنوێنێ کە تاک خۆی لـە چـاو کەسانی‌ترەوە ببینێ. خودی ئاوێنەئاسا بریتیە لە سێ بەش کە هەر یەکەیان لە سەر بۆچوونێکی جیاواز دانراوە: ١- بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە روانگـەی خەلک لە سەر ئێمە، ٢- بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە رای خەلـکی لـە سـەر ئێمە، ٣- هەستی ئێمە سەبارەت بە دژکردەوەی کـەسـانی‌تـر لـە بـەرانبـەر ئێمەدا. ئەمە هەمان شتێکە کە کـوولی پێـی دەلـێ «هـەسـتی خـود-self feeling » (*cooly; 1902*- وەرگیراو لە عضدانلو؛ ١٣٨٤) بڕوانە: **خود**

suicide / خۆکوژی

خۆکوژی تەوەر و بابەتێکی کلاسیکە لە کۆمەلناسـیدا. بـۆ وێنـە، گـەری (guerry) و مورسێللی (morseilli) ئامارناسانی ئاکاری دەسـتیان داوە بـە لێکدانەوەی ئەم بابەتە. بەلام ئەوەی کە زۆرتر سـەرنجـی پـێ‌دەدرێ و لـەم کتێبەدا باسی لێ‌دەکرێ، کتێبی خۆکۆژی بەرهەمی ئێمیل دوورکایمە کە لە سالی ١٨٩٧دا بلاو کرایەوە. تێزەکانی دوورکایم سەبارەت بـە خۆکـوژی لـەو کاتەوە تا ئێستا چەنای چەن جـار خراونـەتـە بـەر وردبوونـەوە و لێکدانـەوە؛ بەتایبەت لە لایەن هالبواکسەوە لە *هۆکارەکانی خۆکـوژی*(١٩٣٠)، هـانری و

شۆرت لە کتێبی *خۆکوژی و مرۆکوژی*دا (١٩٦٤). سەرجەمی ئەم توێژینەوانە دەڕۆنە خانەی ئامارە ئاکارییەکانەوە، چونکە بابەتەکەیان لێکدانەوەی سیستەم، گۆڕانەکان و جیاوازی لە رادەی خۆکوژییەکانە کە لە ئامارە فەرمییەکاندا تۆمار کراون.

کتێبێک کە دوورکایم بۆ لێکدانەوەی کێشەی خۆکوژی تەرخانی کردووە، پێوەندییەکی زۆر نزیکی لە گەڵ دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە. دوورکایم دان بەسەر دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بە شێوازی ئۆرگانیکیدا دەنێ. بەڕای ئەو ئەم دابەش‌کردنی کارە باس لە گەشەیەکی ئاسایی و پیرۆزی جڤاکە مرۆییەکان دەکات. بەڕای دوورکایم جیاوازی کار و تاکەکان، دارمانی دەسەڵاتی سوننەت و نەریت، زۆربوونی بەردەوامی دەسەڵاتداری ئاوەز و گەشەی بەشی تاک لە داهێناندا هەموویان جوان و پیرۆزن. بەڵام بەم خاڵەش ئاماژە دەکا کە مرۆڤ لەم دونیا نوێیەدا لە چارەنووسی خۆی رەزامەند نییە و بۆ روون کردنەوەی ئەم تەوەرە ئاماژە بە کێشەی خۆکوژی دەکات، کە پیشاندەری هەندێ هۆ و تایبەتمەندی نەخۆش‌ئاسا لە رێکخراوی ئێستای ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکاندایە.

کێشەی سەرەکی کۆمەڵگا نوێکان -وەکوو هەر کۆمەڵگایەکی‌تر- بریتیە لە پێوەندی نێوان تاک و گرووپ. هۆی گۆڕانی ئەم پێوەندییە ئەوەیە کە تاک زۆرتر لە رادەی ئاسایی زانایی بەدەست هێناوە، بە چەشنێ کە ئەم ئاگادارییە بۆتە کۆسپێک لە بەرانبەر ئەوەی کە تاک هەر جۆرە فەرمانی کۆمەڵایەتی بە چاوبەسراوی بسەلمێنێ و قبووڵی بکات. لە رەهەندێکی‌ترە، ئەم جۆرە تاک‌خوازییە -کە لە خۆیدا شتێکی پەسندکراوە- هەندێ مەترسی لە گەڵ خۆی دێنێتە ئاراوە، چونکە رەنگە تاک هەندێ داخوازی لە کۆمەڵگا بێ کە کۆمەڵگا توانی هێنانەدی ئەو داخوازانەی نەبێ. لێرەدا دیسیپلینێک پێویستە کە تەنیا کۆمەڵگا دەتوانێ بە سەر تاکدا دایسەپێنێ (آرون، ١٣٨٦).

خۆکوژی

دوورکایم لەم بەرهەمەیدا ئاماژە بە چوار جۆر خۆکوژی دەکات. سازگاری بوونی تاک لە گەڵ کۆمەڵگا ئەم گەرەکە دێنێتە کایەوە کە تاکخوازی نابێ نەزۆر ناهومێد بێ و نە زۆریش خۆڕا. ئەگەر زۆر خۆڕا بێ تاک گەراییەکی توندڕەوانە دێتەدی کە دوورکایم پێی دەڵێ خۆخوازی. ئەم خۆخوازی تاک بەرەو دابڕان لە کۆمەڵگا و بەرەو دوورەپەرێزی هان دەدا و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی **خۆکوژی خۆخوازانە**. گەر تاک ناهومێد و هیوابڕاو بێ **خۆکوژی هیترخوزانە** گەشە دەکا. لە ڕەهەندێکی ترەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان تاک-کۆمەڵگا، پێویستە کە نۆرم و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان نە زۆر شێلگیرانە بن و نە زۆر ئاسانگیرانە. نۆرمە شێلگیرانەکان دەبنە هۆی **خۆکوژی چارەنووسخوازانە**. بۆ وێنە خۆکوژی لەو تەقینەوانەدا کە تاک خۆی دەکوژێ لە ریزی ئەم جۆرە خۆکوژیانەیە. نۆرمە ئاسانگیرەکان دەبنە هۆی **خۆکوژی ئانۆمی** (دورکهیم؛ ١٣٨٧).

خۆکوژی خۆخوازانە ڕەنگە زۆرتر لە نێو ئەو جڤاک یان کۆمەڵ و گرووپانەدا باو بێ کە تاکەکان بە تەواوی لە نێو یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا تێکەڵ نەبووبێتن. تایبەتمەندی سەرەکی ئەم جڤاکانە، تاکخوازی لە ڕادەبەدەریانە. دوورکایم یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بە بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتی و هێزی باوەڕە هاوبەشەکانی ئەندامانی گرووپ دەزانێ. گەر کۆمەڵگا تاکێک کە ویست و داخوازی خۆخوازانەی هەیە بخاتە ژێر گوشارەوە بە چەشنێ کە تاک هەست بکات بە زۆر لە خزمەت کۆمەڵگادایە، ئەو تاکە بەرەو خۆکوژی پاڵ پێوەدەنرێ (دورکهیم؛ ١٣٨٧). ئەم چەشنە خۆکوژیە زۆرتر لە نێو ئەندامانی چینی سەرووی کۆمەڵگادا کە هۆی زۆرتریان بۆ خۆخوازی هەیە، باوە. ئەم تاکانە بە گشتی زۆر خەمین و دوورەپەرێزن. هۆی ئەم خۆکوژییە ئەوەیە کە کومەڵگا هۆی جیایی تاک لە کۆمەڵگا پێک دێنێ و پێوەندییەکی زۆر کزو لاوازی لە گەڵ کۆمەڵگا هەیە

(دیلنی؛ ١٣٨٨).

جۆری دووەمی خۆکوژی کـە دوورکـایم باسـی لێـوە کـردووە، خۆکـوژی هیترخوازانەیە. هۆی ئەم جۆرە خۆکوژییە پێوەندییەکی زۆر توندو تیـژە کـە لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا هەیە و لەم جۆرە یەکگرتوویـیەدا تـاک ناچـار بـە خوکوژی دەبێ. بـەڕای دوورکـایم هـەر بـەو جـۆرەی کـە تـاکخـوازی لـە رادەبـەدەر دەتوانـێ تاکـەکـان بـەرەو خۆکـوژی پـاڵپێـوە بنـێ، نـەبـوونی تاکخوازیش دەتوانێ هـەمـان دەرەنجـامی بێـت. بـەگشـتی ئـەو تاکانـەی هەڵدەستن بە خۆکوژی هیترخوازانە، ئەم کارە بـە ئـەرکـی خۆیـان دەزانـن (وەکوو خۆکوژی پێڕەوانی جیمجۆنز لە جۆنزتاون و فرۆکەوانانی کامیکـازەی ژاپۆنی). بەڕای دوورکایم، خۆکوژی هیترخوازانە لە نێو سێ تاقم لە تاکەکاندا باوە. یەکـەم ئـەو کـەسـانەی کـە لـە سـەرە پـیری دان یـاخۆ نـەخـۆش و پەککەوتەن، ئەم کەسانە کاتێ هەست دەکەن بوونیان هـیچ قـازانجێکی بـۆ کۆمەڵگا نییە، پێیان وایە کە کاتی مردنیان گـەیشـتووە. دووەم لـە نێـو ئـەو ژنانەدا باوە کە مێردەکانیان مردوون و ئـەمـانیش خۆیـان دەکـوژن. سـێیەم بریتیە لەو پێڕەوانەی بە هۆی مردنی ڕێبەریانەوە خۆیان دەکوژن (دورکهیم؛ ١٣٨٧).

خۆکوژی ئانۆمی یا نارێسایانە لە هەلومەرجێکدایە کە ئاژاوەو ئاڵۆزی نێـو کۆمەڵگا ببێتە هۆی بەدیهاتنی ئانۆمی کۆمەڵایەتی. دوورکایم ئاماژە دەکـات کە بە هۆی قەیرانی ئابووری ساڵی ١٨٧٣دا لە ڤییەن، ژمارەی خۆکـوژی بـە گـوێرەی سـاڵانی رابـردوو زۆرتـر بـوو (دورکهـیم؛ ١٣٨٧). رادەی ئـەم خۆکوژییانە بە زۆرتر بوونی تەنگو چەڵـەمـەکـانی ژیـان زۆرتـر دەبـن. لـە بارودۆخی قەیرانە ئابوورییەکاندا چینە کۆمەڵایەتییەکان سەرو ژێر دەبن، بـە چەشنێ کە چینە سەرووەکانی کۆمەڵگا دێنـە خـوارەوە و تـوان و سـامان و پێگەی کۆمەڵایەتییان لە دەست دەدەن و نـاتوانن خۆیـان لـە گـەڵ هـەلو

مەرجى نوێدا بگونجێن. بە پێچەوانەى ئەمەش هەر دروستە؛ واتە چینە خواروەکان دێنە سەرو سامان و پلەوپێگەى نوێ بە دەست دێنن و لە بەهرەوەرگرتن لەو سامانە تووشى کێشە دەبن. بە گوێرەى ئەو هەواڵو راپۆرتانەى کە لە دەستدان، زۆربەى ئەو کەسانەى کە بە هۆى بەختەوە سامانێکى زۆریان لە کێبەرکێدا بردۆتەوە، ژیانیان بە هۆى ئەو سامانەوە تێکچووە و فەوتاوە.

دوورکایم سەبارەت بە جۆرى چوارەمى خۆکوژى، واتە خۆکوژى تەقدیرخوازانە، تەنیا لە پەراوێزى یەکێک لە لاپەڕەکاندا ئاماژەیەکى پێ کردووە. ئەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا دێتە کایەوە کە چاودێرى توندوتیژى کۆمەلایەتى، لە گەل سنووردار کردنى دەرەکییەوە هاوڕێیە. کاتێ ئەم سنووردار کردنە زەحت و گوشار دەخاتە سەر کۆمەلگا، خەلکى هەست بە نائارامى و بێقەرارى دەکەن و دەگەن بەو باوەڕەى کە قەد ژیانیان باشتر نابێ و رۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەڕوا. هەر ئەم باوەڕە بەرەو خۆکوژى پالیان پێوە دەنێ (دیلنى؛ ١٣٨٨).

خۆکوژى ئانۆمى / **anomic suicide** : بڕوانە: **خۆکوژى**

خۆکوژى چارەنووسخوازانە / **fatalistic suicide** : بڕوانە: **خۆکوژى**

خۆکوژى خۆخوازانە / **egoistic suicide** : بڕوانە: **خۆکوژى**

خۆکوژى هیترخوازانە / **altruistic suicide** : بڕوانە: **خۆکوژى**

خوێندن / **schooling**

واتاى ئینگلیزى school لە سەر زاراوەى Leisureى یوونانى کە بە

واتــای کــاتی ئــازاد یــان کــاتی بێکاریــە ســەرچــاوەی گرتــووە. خوێنــدن ڕێکخراوێکی فەرمییە کە وا لەژێر چاودێری ماموستایان و فێرکارانێ کــە لــە باری زانست و لێهاتوویــیەوە راهــاتوون و نــۆرم و رێســا و بــەهــا و کولتــوورە کۆمەلایەتییەکان لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی‌تــر رادەگــوێزن. ئــەمڕۆکــە لــە زۆربەی ولاتانی دونیا و بە تایبەت لە ولاتانی پیشــەســازی و پێشــکەوتــوودا زۆربەی خەلکی بیست سالی سەرەتای تەمەنیان خەریکی خوێندن دەبن. تا چەن دەیەی لەمەو پێش رۆیشتن بۆ قوتابخانە و خوێندن تایبەت بە چــینی سەرووی کۆمەلگا بوو و بە پێگەیەکی کۆمەلایەتی دەهاتە ئەژمار.

لە جڤاکە بچــووک و ســەرەتاییــەکانــدا، بنــەمــای بــەرهــەمهێنــانی ئــەم کۆمەلگایانە لە سەر کشتوکاڵ دانرابوو، ژیــان و مانــەوەی ئــەنــدامانی ئــەم جڤاکانە بەسترابوو بە ناسینی روەک و ئاژەڵ و زەوی و ژینگەی سروشــتیان. بەسالاچووانی ئەم کۆمەلگایانە بۆ گواســتنەوەی ئــەم زانیاریانــە بــۆ وەچــەی داهاتوو، زۆریان هان دەدا. بە گەشەسەندن و گەورەتربــوونی کۆمــەلــگاکان، تاکەکان ناچار بوون بەجێی ئەم زانستە گشتییانە، هان بــدەن بــۆ فێربــوونی زانستێکی تایبەت سەبارەت بە لایەنی کاری خۆیان. زۆربەی کاتی ئەندامانی کۆمەلگا سەرەتاییەکان بۆ ئەو کارانەی تەرخان دەکرا کە زۆریان پێویست بە فێربوون و راهاتن نەبوو؛ تەنیا کەمینەیەک لە دەولەمەندان ئەو هەلەیــان بــۆ دەرەخســا تــا کاتیــان بــۆ فێربــوونی هونــەر، مێــژوو و زانســت تــەرخــان بکەن(عضدانلو؛ ١٣٨٤).

family / خێزان

خێزان گرووپێکن کە بە هۆی خزمایــەتی راســتەوخــۆوە لــە گــەڵ یــەک پێوەنــدییان هــەیــە و ئــەنــدامانی گــەورەســالــیان بــەرپرســی چــاودێری لــە مندالانن. بە بڕوای پارسۆنز، کۆمەلناسی ئــەمریکــی، خێــزان دوو ئــەرکــی

سەرەکی هەیە کە بریتین لە: بەکۆمەڵایەتی کردنی سەرەتایی و سەقامگیر کردنی کەسایەتی (پارسۆنز ؛ ١٣٦٣). بەکۆمەڵایەتی کردنی سەرەتایی پرۆسەیەکە کە نۆرم و ڕێسا کولتوورییەکانی کۆمەڵگایەک کە منداڵ تێدا هاتۆتە دونیاوە و تێیدا گەشەی کردووە و گەورە بووە، بە منداڵان فێر دەکات. چونکە ئەم پرۆسە لە ساڵانی سەرەتایی منداڵیەوە دەست پێ‌دەکا، بنەماڵە گرینگترین و یەکەمین قۆناغی گەشە و گەورە بوونی مرۆڤە. سەقامگیر کردنی کەسایەتی (*personality stabilization*) بە واتای دەورێکە کە خێزان لە لایەنگری و پشتگیری سۆزدار لە ئەندامانی گەورەساڵی خۆی لە ئەستۆی دەگرێ. بە هاوسەر بوون لە لایەن ژنان و پیاوانی پێگەیشتووەوە بریتیە لە بڕیار و پەیمانێک بۆ پشتگیری لە کەسایەتی هەردوو لایەن. لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەوری خێزان بۆ سەقامگیر کردنی کەسایەتی ژن و پیاو بایەخ و گرینگییەکی بەرچاوی هەیە. چونکە خێزانی ناوکی لە خزمانی بەربڵاوی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ناتوانێ وەکوو خێزانەکانی بەر لە بە پیشەسازی بوون، لەم پێوەندییە خزمایەتییانە بەهرە وەربگرێ.

لەم سەردەمەدا وادیارە کە ڕوانگەی پارسۆنز لە بڕەو کەوتبێ و ئەو بایەخ و بەها پێشووەی خۆی لە دەست دابێ. بیردۆزە ئەرکخوازانەکان، چونکە پاکانە بۆ شێوازی دابەش کردنی کاری بنەماڵە لە نێوان ژن و پیاودا دەکەن و زۆر بە شتێکی ئاسایی پیشانی دەدەن، بە توندی کەوتوونەتە بەر ڕەخنەوە. بەڵام گەر ئەم بیردۆزانە لە ڕووبەری مێژوویی و ئاسایی خۆیاندا بخەینە بەر وردبوونەوە، تا ڕادەیەک باشتر تێیان دەگەین (گیدنز؛ ١٣٨٦).

لە بەرهەمەکانی ئەنگلسدا، پێشتر لەوەی کە کۆمەڵناسان بیردۆزەکانی خۆیان سەبارەت بە خێزان ڕابگەینن، بە ناتەباییەکانی نێو خێزان ئاماژە کراوە. بیرو بۆچوونەکانی ئەنگلس بە تایبەت بۆ بەدەست هێنانی ئازادی

ژنان، زۆر کاریگەر بوو. پرسیاری سەرەکی بۆ ئەنگلس ئەوەبوو کە هاوسەرگیری و خێزان چلۆن هاتوونەتە دی؟ چ ئاڵو گۆڕێکیان بە سەردا هاتووە؟ ئێستا چۆنن و داهاتوویان چۆن دەبێ؟ ئەنگلس تەکامولی خێزانی لە گەڵ تەکامولی کۆمەڵگا و بەدیهاتنی خاوەنیێتی تایبەت لە بەرانبەر خاوەنێتی گشتییەوە، هاوکات زانیوە. بگار لە چەن هاوسەرییەوە بۆ تاک هاوسەری بە دەسکەوتێکی بەنرخ دەزاندرا و بوو بە هۆی کۆوە بوونی سامانێکی زۆر. چونکە مرۆڤ توانی بەرەبەرە بە سەر ژینگەیدا زاڵ بێ و ئەم زاڵ بوونە لە سۆنگەی کەوی کردنی ئاژەڵان و ئاژەڵدارییەوە هاتەدی. پیاو کە پاش دابەش کردنی کار لە گەڵ ژنان بەرپرسی دابین کردنی گۆشت لە ڕێی ڕاووشکار بوو، لە پیاوی ڕاوچییەوە دەوری خۆی بۆ پیاوی ئاژەڵدار گۆڕا و بەرە بەرە بوو بە خاوەنی گەلەیەک کە لە ژێر دەسەڵاتی خاوەنێتی تایبەتی پیاودا بوو. لەم شێوازەدا، بە جیابوونەوەی پیاو لە ژن، گەلە کە -پیاو خاوەنی فەرمی بوو- دەبووە بەشی پیاو و ژن هیچ بەشێکی لێ نەدەبرد. بەڵام لەم سەردەمەشدا هیشتا مافی دایکی بە سەر مافی باوکیدا زاڵ بوو؛ واتە پیاو هیچ مافێکیان سەبارەت بە مندالیان نەبوو، بەم بۆنەوە پیاو نەیدەتوانی گەلەکەی بۆ هیچ کەس بە میرات بەجێ بێڵێ. لەم خێزانانەدا تەنیا دایک دیار بوو و باوک بە شێوەیەکی لاوەکی و نادیار پێناسە دەکرا. بەڵام دواتر پیاو بە بۆنەی شوێنگەیەکی تایبەتەوە کە بووی (خاوەنێتی گەلە)، توانی یاسای میرات بردن تێک بدا و پشتی باوکی و میراتی باوکی بە سەر پشتی دایکی و میراتی دایکیدا داسەپێنێ. ئەنگلس ئەم گۆڕانە بە «شکستی جیهانی-مێژوویی ڕەگەزی مێیینە» ناو لێ دەبا. بە بڕوای ئەنگلس یەکەمین ستەمی چینایەتی، لەنێو خێزان و لە ستەمی پیاو لە ژنەوە دەست پێدەکا؛ پیاو کە دەست دەدا بە چەوساندنەوە ژن و داگیرکردنی زۆربەی مافەکانی خێزان و بێوەری کردنی ژن لە مافەکانی خۆی، بناغەی کۆیلەداری و

خێزان

خاوەنێتی تایبەت و کۆمەڵگای چینایەتی دادەڕێژێ (ئەنگلس، وەرگیراو لە: اعزازی: ١٣٨٨).

بە بڕوای ئەنگلس، تەک هاوسەری، بە واتای سەرکەوتنی ژن نەبوو، بەڵکوو بە مانای خاوەنێتی پیاو لە نێو خێزان و بەرهەمهێنانی منداڵان — منداڵانێ کە باب خاوەنیان بوو و بە میراتبەری باب دەهاتنە ئەژمار. تەک هاوسەری پێشاندەری سەرکەوتنی تەواوی خاوەنێتی تایبەت بە سەر خاوەنێتی بەکۆمەڵ، سروشتی و سەرەتایی بوو. هەروەها ئەنگلس تەک هاوسەری بە ئاشتی نێوان ژن و پیاو نازانێ، بەڵکوو بە سەرەتای بەکۆیلە کردنی ژن لە لایەن پیاو دەزانێ (هەمان سەرچاوە).

بۆچوونی مارکسی سەبارەت بە خێزان و دەوری ژنان لەنێو خێزاندا، دەورێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی بیردۆزی فیمینیزمدا گێڕاوە. فیمینیزم بە رەخنە گرتن لە بنەماڵە، وەکوو مەڵبەندێکی نایەکسان و نابەرانبەر، کاریگەرییەکی زۆری بە سەر کۆمەڵناسی خێزاندا بوو. لە ١٩٦٥دا بێتی فریدان، فیمینیستی ئەمریکی یەکەم کەسێک بوو دەستی کرد بە نووسین سەبارەت بە «پرسێک کە ناوێکی نییە» -نائۆمێدی و خەم و پەژارەیەک کە زۆربەی ژنانی دەڤەری شارەکانی ئەمریکا تووشی بوون و هەستیان دەکرد کە ئەسیری بازنەیەکی بەتاڵ و بێبڕانەوەی ماڵ و منداڵدارین. کەسانیتر ئەم باسەیان درێژە پێدا و هانیان دا تا دیاردەی «ژنی لە بەند» باشتر بناسن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

لە درێژایی دەیەکانی حەفتا و هەشتادا، روانگەی فیمینیستی بە سەر زۆربەی باس و توێژینەوەکانی خێزاندا زاڵ بوو. ئەگەرچی پێشتر کۆمەڵناسی خێزان زۆرتر سەرنجی دابۆوە پێکهاتە و گۆڕانی مێژوویی خێزانی ناوکی و بەربڵاو و بایەخی پێوەندییە خزمایەتییەکان، فیمینیزم توانی سەرنجی هەمووان بەرەو ناوی خێزانەکان و لێکدانەوەی ئەزموونی ژنان لە ناو

بنەماڵەدا بگێڕێتەوە. فمینیستەکان هانیان داوە تا ئەم بۆچوونە لە سەر خێزان بخەنە ژێر پرسیارو گومانەوە کە دەیانگوت خێزان بریتییە لە کۆمەڵەیەکی هاریکاری و هاوقازانج کە بەرەو دۆزێکی هاوبەش لە گەڕدایە. دەیانویست ئەم راستییە پیشان بدەن کە بوونی دەسەڵات و هێزی نایەکسان لە نێو خێزاندا پیشاندەری ئەوەیە کە هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵە زۆرتر لەوانیتر قازانجیان پێ دەگات.

لە درێژەی بیردۆزەکانی کۆمەڵناسی خێزاندا دەبێ سەرنجێک بدەین بە بیردۆزەکانی «دژ بە دەسەلات». بیرۆکەی «دژ بە دەسەلات» کە سەبارەت بە کۆمەڵگا باسی دەکرد، هانی دەدا کە دەسەلاتی دەوڵەت لە مەڵبەندەکانی ژیان، بەتایبەت بەشی پەروەردەی رەسمی کورت کاتەوە. لە خێزاندا دەسەلاتی باوکی وەکوو هۆکارێک لە بەرچاو دەگیرا کە پشتگیری لە دەسەلاتی دەوڵەت دەکرد. لە بیرمەندانی ئەم بیردۆزە دەتوانین ماکس هۆرکهایمێر و ویلهێلم رایش ناوبەین، ئەم دوو کەسە هەرچەند دوو روانگەی لێک جیاوازیان بوو، بەلام بەرەنگاری دەسەلاتی باوک لە نێو خێزاندا بوون. رەخنەی ئەم کەسانە لە خودی دەسەلات نەبوو، بەڵکوو رایان وابوو کە بە گۆڕانی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان، بیچمەکانی دەسەلاتیش گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. شێوازی کۆنی دەسەلاتی خێزانی، شیاوی سیستەمی باوکسالاری پێشوو بوو. بەلام چونکە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی خولی پێشوو نەماون، دەسەلاتی باوک سالار لەم سەردەمەدا نە تەنیا بەکەڵک نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەنجامی نالەباریش (اعزازی؛ ١٣٨٨).

blended family / خێزانی ئاوێته

خێزانی ئاوێته یەکێک لە بەرهەمەکانی جیا بوونەوەی ژن و پیاو لە

یەکترە. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ژن و پیاو بە هۆی جۆراوجۆرەوە لێکتر دادەبڕێن. زۆربەی ئەم ژن و پیاوانەی کە لە یەکتر جیادەبنەوە، دیسان لە گەڵ ژن یا پیاوێکی تردا ژیانی هاوبەش دەسپێدەکەنەوە. بۆ وێنە لە ئەمریکادا لە هەر سێ ژن کە لە مێردیان جیادەبنەوە، دوو ژن دیسان مێرد دەکەنەوە و لە هەر چوار مێرد کە لە ژنیان جیادەبنەوە، سێ پیاو دیسان ژن دێننەوە (*Cherlin, A. J; 1992*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). بە گوێرەی تۆژینەکان، لە ئەمریکادا لە هەر دە هاوسەر کە لە یەک جیابوونەتەوە، هەشتیان خاوەنی منداڵ بوون(*Kantrowitz, B; 1989*). بیچم و قەوارەی ئەم خێزانە نوێیانە، جیاوازن. بۆ وێنە، دایکێک بە یەک یا چەن منداڵی مێردی پێشووی، لە گەڵ زڕبابیان (مێردی نوێی دایکیان) دەژین. یاخۆ مێردێک بە یەک یا دوو منداڵ کە لە ژیانی پێشووی ماونەتەوە، لە گەڵ زڕدایکی مندالانی (ژنی نوێی باوکیان) پێکەوە دەژین. یاخۆ پیاوێک لە گەڵ مندالانی ژنی پێشووی و ژنێک لە گەڵ مندالانی مێردی پێشووی پێکەوە دەژین و خێزانێکی نوێ پێک دێنن. بەم خێزانە دەڵێن خێزانی ئاوێتە.

ئانتۆنی گیدنز ئەم چەشنە خێزانە بە *خێزانی ناتەنی* (stepfamilies) یا *خێزانی دووبارە چێ‌کراو*(reconstructed family) ناو دەبا. گیدنز دەڵێ: ئاشکرایە کە بەدیهاتنی خێزانی ناتەنی، دەبێتە هۆی گەشە سەندنی خێزانی فراوان کە هەندێ قازانج و چاکەی لە گەڵدایە. بەڵام دەبێ ئاگەدار بین کە دژواری و کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەلایەکەوە بۆ ئەم مندالانە دایک یان باوکێکی خوێنی هەیە کە کاریگەرییەکی زۆری بە سەر منداڵەکەیدا هەیە. لە لایەکی‌ترەوە پێوەندی و هاریکاری لە نێوان ئەو تاکانەی کە جیابوونەتەوە و دیسان ژنیانن هێناوە یا مێردیان کردووە، سنووردار و پڕ لە ناکۆکی و ناتەباییە. کێشەیەکی‌تر کە لە گەڕدایە ئەوەیە کە خێزانی دووبارە چێ‌کراوەکان ئاوێتەیەکە لە مندالانێک بە رابردوو و روانگەو بۆچوونی جیاواز

و هەندێ جار دژبەیەکەوە. هەر یەک لەم مندالانە رەنگە پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ هەڵس‌وکەوتی پەسندکراو هەبێ. چونکە مندالانی ئەم خێزانانە لە دوو خێزانی جیاوازەوە هاتوون، رەنگە دژایەتی و ناکۆکی لە روانگەکانیاندا بێ (گیدنز؛ ١٣٨٦).

خێزانی تێکەڵ / compound family

ئەم واتایە باس لە خێزانێک دەکا کە بەرهەمی چەن مێردی یان چەن ژنییە. لەم خێزانانەدا دوو یان ژمارەیەکی زۆرتر لە خێزانی ناوکی بە یەک ژن یان پیاوی هاوبەشەوە خێزانیکی تێکەڵ پێک دێنن.

خێزانی تەک سەرپەرشت / single parent family

لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ بەم لاوە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە تەنیا دایک یان باوکیان هەیە، نزیک بە دووبەرانبەر بۆتەوە. ئەم ژمارە لە ساڵی ١٩٩١دا گەیشتە دوازدە میلیۆن خێزان (*Ahlburg, D. A; and C. J. De Vita: 1992*، وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). لە ساڵی ١٩٩٢دا نزیک بە بیست‌و حەوت مندال لە نێوو خێزانێکدا دەژیان کە تەنیا یەک سەرپەرشتیان (تەنیا دایک یان باب) بوو. ئامارەکان وا پیشان دەدەن کە ٥٠٪ لە هەموو مندالە ئەمریکییەکان (و ٨٠ لە سەتی مندالانی ئەمریکی کە رەچەڵەکیان ئەفریقییە) بەر لە گەیشتن بە تەمەنی هەژدە ساڵان، ماوەیەک لە نێو خێزانی تەک سەرپەرشتدا ژیاون.

ئەم خێزانانە یا بەرهەمی لێک جیابوونەوەن یاخۆ بەرهەمی پێوەندیە سێکسییە نارەسمییەکانی بەر لە هاوسەرگیرین. نزیک بە ٨٥٪ ئەم خێزانانە تەنیا دایکیان سەرپەرشتیانە. نزیک بە ٥٠٪ ئەم خێزانانە لە ژێر هێڵی سنووری هەژاریدا دەژین. ئەم ژمارە بۆ ئەو خێزانانەی کە هەم دایکیان هەیە

و هەم باوک، ١٠ لـە سـەتـە (McLanahan, S. L; and K. Booth; 1989- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). یەکێک لە هۆکانی ئەم هەژارییە، کـەم بـوونی رادەی داهاتی ژنانە لە چاو پیاواندا. دایکانی گەنج و نیـوەتـەمـەن، یـان ئـەو ژنانەی کە خوێندن و ئەزموونی کاریان زۆر کەمترە، بە ئەستەم بتوانن بڕۆنـە نێو بازاڕی کارەوە. یارمەتییەکان باوک تەنیا دەتوانـێ ١٠% داهـاتی خێزانـە تەک سەرپەرشتە سپی پێستەکان و ٣/٥% داهاتی خێزانە تەک سەرپەرشتە رەش پێستەکان دابین بکا. ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە تەک سەرپەرشتەکـان هیچ یارمەتییەک لە باوکەکانیان وەرنـاگرن و یارمـەتیـە حکوومییـەکـانیش ناتوانن لە دەست هەژاریان دەربازیان بکەن. هـەروەهـا دایکـانی تـەنیـا، بـە رێژەی دایکانی ئاسایی، پێوەندییـەکـی چاکیـان لـە گـەڵ منـداڵانیان نییـە (هەمان سەرچاوە). بەڕێژەی ئەو منداڵانـەی لـە نێـو خێزانـە ئاسـاییەکانـدا دەژین، منداڵانی خێزانە تەک سـەرپـەرشـتەکـان ئامـانجی خوێنـدنیان زۆر کەمترە، واز لە خوێندن دێـنن، زۆرتـر تووشـی لادانی کۆمـەڵایـەتی دەبـن، خێراتر ژن دێنن یا مێرد دەکەن و منداڵدار دەبن، خێراتر لە هاوسەریـان جیـا دەبنەوە و لە سەردەمی گەورە ساڵیدا بە هەژاری دەمێننەوە.

خێزانی خوێنی (یان هاوپشت) / consanguine family

بە پێچەوانەی خێزانی ژن و مێردی، کە جەخت لە سەر پێـوەنـدی ژن و مێردی دەکات، واتای خێزانی هاوپشت بەو خێزانانە دەبێژرێ کـە پێـداگری سەرەکی لە سەر پێوەندی خوێنی نێوان باوک، دایک، منداڵ، خوشـک و بـرا دەکەن. لەم سۆنگەوە پێوەندی خوێنی ئاوەها خێزانێک لـە پێـوەنـدی ژن و مێردی، سەرتر و بەنرخترە. ئـەم خێزانانـە زۆرتـر بیچمـی خێـزانی فـراوان دەگرنە خۆ.

خێزانی ژن و مێردی / conjugal family

خێرانی ژن‌و مێردی بریتیه له‌و خێزانانه‌ی که به‌جێی پێوه‌ندی خوێنی، پێداگری له سه‌ر پێوه‌ندی ژن و مێردی ده‌که‌ن. ئه‌م خێزانانه له ژن و مێرد و منداڵانی زگورد و قازاخ پێک هاتوون. گه‌ر له نێو ئه‌م خێزانانه‌دا خزمانی‌تریش بژین، پله‌و شوێنگه‌یان له ریزی دووه‌میندایه. خێزانه ژن‌و مێردییه‌کان بیچمی خێزانه فراوانه‌کان ناگرنه خۆ. ئه‌م جۆره خێزانه، باوترین جۆری خێزان له شاره گه‌وره‌کانی دونیایه و له نێو خێزانه ناونجییه‌کانیشدا هه‌ر ئه‌م شێوازه باوه.

خێزانی فراوان / extended family

کۆمه‌ڵناسان ئه‌و خێزانانه‌ی که له چه‌ن خێزانی ناوکی که پێوه‌ندی خوێنی به سه‌ریاندا زاڵه، به‌ناوی خێزانی فراوان ناوده‌به‌ن. خێزانی فراوان زۆرتر تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی خێزانی خوێنی هه‌یه تا خێزانی ناوکی. له خێزانی فراواندا ئه‌ندامانی چه‌ن وه‌چه‌ی لێک جیاواز پێکه‌وه ده‌ژین؛ وه‌کوو دایه‌گه‌وره و باوه‌گه‌وره و مام و خاڵ و پوور و برا و خوشک و برازاو خوشکه‌زا و منداڵانی مام و خاڵ و پوور و برا و خوشک و ... .

خێزانی فراوان له‌م تایبه‌تمه‌ندییانه‌دا یه‌کسانن: خێزان یه‌که‌یه‌کی به‌رهه‌مهێنان و هه‌روه‌ها به‌هره‌وه‌رگر بوو که سیسته‌می دابه‌ش کردنی کالاش بوو. گرینگترین به‌رهه‌می خێزان، خۆراک و پاش ئه‌وه چێ کردنی پۆشه‌ن و خانوو بووه. ئه‌م یه‌که خاوه‌نی زنجیره‌یه‌ک له پله و پێگه‌کان بوو و هه‌موو ئه‌ندامان له ته‌مه‌نی خواره‌وه له پرۆسه‌ی به‌رهه‌مهێناندا به‌شداریان ده‌کرد. چونکه چالاکی ئه‌ندامانی خێزان پێویستی به راهێنان له شوێنێکی تایبه‌تدا نه‌بوو، ته‌نیا شێوازی فێرکردنی ئه‌ندامان، له رێی روانین و سه‌یر کردن و سه‌رپه‌رشتی گه‌وره ساڵانه‌وه بوو. خێزانی فراوان به هۆی

چالاکییەکانی خۆیەوە دەیتوانی پێداویستییەکان خۆی دابین بکات، هەرچەن لەقۆناغێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە گەڵ بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو ڕووبەڕوو دەبین، بەلام هێشتا لە م قۆناغەشدا پێداویستیە گرینگەکان، وەکوو خۆراک و پۆشەن، لە نێو خودی خێزاندا دێنە بەرهەم. بۆ ئەم ناوەندە بەرهەمهێنەرە ئابوورییانە، هێزی کار هەم بۆ بەرهەمهێنان بۆ نیازی خێزان یا بۆ فرۆتن لە بازاڕدا بە چەمکێکی گرینک دەزانرا. بەم بۆنەوە کەسانێک کە لە بەرهەمهێنانی خانوویدا بەشداریان بوو، بە بەشێک لە خێزان دەهاتنە ئەژمار (اعزازی؛ ١٣٨٨).

بابی خێزان خاوەنی دارایی و سامانی خێزان بوو و لە ڕێی میراتەوە منداڵانیتر دەبوونە خاوەن سامان. هەندێ جار زەوییە میراتییەکان دابەش نەدەکران. ئەم خاوەنێتییە دەسەلاتێکی زۆری بە باوک دەبەخشا. دەسەلاتی باوک و ژیان بە هۆی داراییەکانی خێزانەوە، هۆی مانەوەی ئەندامانی خێزان لە دەوری یەک بوو. باوک بە گوێرەی دەسەلاتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، بەردەوامی ژیانی خێزانی مسۆگەر دەکرد. خاوەنێتی باوک بە سەر سامان و داراییەکاندا، چەکێکی کاریگەر بوو بۆ گوێڕایەڵ کردنی منداڵان لە بەرانبەر باوکیانەوە. هەڕەشەی منداڵان بە دەرکردن و بێبەری کردن لە میرات، بنەماڵەی دەخستە بەر گوشار و ئاستەنگێکی پڕمەترسییەوە. چونکە لە لایەکەوە بوونی ئەندامانی خێزان وەکوو هێزی بەرهەمهێنان پێویست بوو، هەم دیتنەوەی کار لە شوێنێک بێجگە لە نێو خێزاندا زۆر دەگمەن بوو. بەم بۆنەوە بەرهەمهێنانی خێزانی و هەروەها هەلومەرجی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی، نیازی بە یەکگرتوویەکی زۆر هەبوو (هەمان سەرچاوە).

هاوسەر گرتن زۆربەی جار لە لایەن دایک و باوکە بە ساڵاچووە شارەزاکانەوە ڕێک دەخرا و حەزو ئارەزووەکانی کوڕ و کچ زۆر جێگەی

گرینگی و بایەخ پێدان نەبوون (موحسنی؛ ٢٠٠٦). تەمەنی هاوسەرگری زۆرتر لە ئەمڕۆ بوو. کوڕ دەبوایە توانی دابین کردنی ژیانی هاوسەرەکەی بێ، پاشان ژن بێنێ، کەچی گەیشتن بەم رادەیە تەنیا پاش بیست و پێنج ساڵ ژیان بۆیان دەلوا. رەنگە گرینگترین هۆی دێر ژنهێنانی کوڕان، کەمایەسی ئابووری بووبێ. هەروەها سەرەکیترین مەبەست لە هاوسەرگری، بەپێچەوانەی ئەمڕۆکە، بۆ منداڵدار بوون و بەرهەمهێنانی هێزی ئابووری و بەهێز کردنی هێزی خێزان بووە. هەروەها چونکە کوڕ وەکوو هێزی سەربازی و هێزی بەرهەمهێنان و فراوانتر کردنی خێزان دەوری دەگێڕا، لە چاو کچدا بەهایەکی زۆرتری پێدەدرا (اعزازی؛ ١٣٨٨).

خێزانی فراوانی نوێ / new extended family

لەم یەک دوو دەیەی دواییەدا خێزانە فراوانەکان (بڕوانە : **خێزانی فراوان**) و ئەو خێزانانەی کە ئەندامانی چەن بەرەی جۆراوجۆر پێکڕا دەژین، خەریکی گەشە سەندن بووە. زۆربوونەوەی گوژمەی ژیان، بە تایبەت لە ناوچە شارستانییەکاندا هاوکات لە گەڵ زۆرنەبوون یاخۆ تەنانەت دابەزینی ئاستی داهاتەکان، بۆتە هۆی ئەوەی کە لاوان نەتوانن بە ئاسانی خێزانێکی نوێ پێک بێنن. زۆرێک لە گەنجان پاش دوایی هێنان بە خوێدنی بالا، یاخۆ پاش جیابوونەوە لە هاوسەریان، دەگەڕێنەوە بۆ نێو خانووی دایک و باوکیان و لە گەڵ ئەواندا دەژین. بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٩٢، سێ چوارەمی ژنان و پیاوانێ کە لێکتر جیابوونەتەوە، لە گەڵ دایک و باوک و خزمەکانیان دەژین (*U. S. Bureau of Census; 1992*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). کۆمەڵناسان بەم خێزانانە دەڵێن خێزانی فراوانی نوێ.

خێزانی ناوکی / nuclear family

خێزانی ناوکی

خێزانی ناوکی ئەم سەردەمە، ڕەنگە لە خێزانی بورژوازی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەوە سەرچاوەی گرتبێ. هاوکات لە گەڵ تەکامولی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە ئەورووپادا جۆرێکی تایبەت لە خێزان هاتەدی کە بە ناوی خێزانی بورژوازی دەناسرا. هەرچەند ژمارەی ئەم خێزانانە کەم بوو، بەڵام بە هۆی جۆراوجۆرەوە وەکوو شێوازێکی شیاو لە لایەن هەموو کۆمەڵگاوە پەسند کراو دانی پێدا نرا.

خێزانی بورژوازی بریتی بوو لە بەشێک لە خێزانەکانی سەرەتای بە پیشەسازی بوون کە ژیانی خۆیان بە هۆی هەندێ داهاتی نەگۆڕی وەکوو کرێ و بەهرەی سەرمایەوە دابین دەکرد. لەم خێزانانەدا ژیان و کار بە تەواوی لێکتر جیاواز بوون، بەڵام بە پێچەوانەی خێزانی کرێکاری، خێزانی بورژوازی لە باری ئابووریەوە کۆک و پۆشتە بوون. واتە: لەم خێزانانەدا هەرچەند پیاو نانهێنەری ماڵ بوو، بەڵام وەکوو سەرپەرشتی خێزانی کرێکاری ناچار نەبوو کاتێکی زۆر بۆ کار کردن تەرخان بکات و کەمتر لە گەڵ خێزانیدا رابوێرێ. لە خێزانی بورژوازیدا بە بۆنەی جیابوونی شوێنی کار و ژیان، بۆ یەکەم جار ژن و منداڵ لە کێشەکانی کار و ژیانی ئابووری بە دوور بوون و شوێنێکی ئاسوودە و هێمنیان بۆ ژیان تاقی کردەوە. خانوو بووە شوێنێکیتایبەت کە تێیدا دۆستایەتی و خۆشەویستی و هەستە تاکەکەسییەکان بایەخ و گرینگییەکانی ئەوتۆیان پێ درا (اعزازی؛ ١٣٨٨).

بە پەسند کردنی ئەم شێوازی ژیانە لە لایەن زۆربەی خەڵکی شارەکانەوە، بە تایبەت لە ئەمریکای پاش شەڕی جیهانی دووەم، پەرەی زۆری پێدرا و باوک وەکوو نانهێنەری خێزان لە دەرەوەی ماڵ لە بەیانیوە تاکوو ئێوارە خەریکی کار دەبوو و ئێوارەش دەگەڕایەوە بۆ نێو خێزانی و کاتێکی زۆری لە گەڵ خێزانیدا بە سەر دەبرد. دایک خۆی بە بەرپرس دەزانی کە ژیانێکی هێمن و ئاسوودە بۆ مێرد و منداڵانی پێک بێنێ. بەڵام پاش سەرهەڵدانی

فیمینیزم، ئەم ڕەوتە تووشی کۆسپ و تەگەرە هات و ڕەخنەی زۆری لێ‌گیرا و لە ئەنجامدا ژنیش وەکوو پیاو لە دەرەوەکاری دەکرد و پێکەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵ و کاری ماڵیشیان پێکەوە جێبەجێ دەکرد (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

بە گشتی ئەم شێوازە لە زۆربەی وڵاتان و شارەگەورەکانی دونیادا باوە و لایەنگری زۆری لێ‌دەکرێ و بە شێوازێکی پەسندکراو دەزاندرێ.

خێزانی یەکسانخواز / equalitarian family

ئەم زاراوە باس لەو خێزانانەی دەکا کە هەموو ئەندامانیان ماف و بەشی یەکسانیان هەیە و کەس سەرتر و ڕەواتر لە کەس نییە. لەم خێزانەدا باوک هەمان شوێنگەی دایک و منداڵەکانی هەیە؛ کوڕ هەمان پێگەی کچی هەیە و کارەکانی خێزان بە هاوبیری و ڕاوێژی ئەندامانەوە جێبەجێ دەکرێ. دەتوانین بڵێین کە زۆربەی خێزانەکان لە وڵاتانی پیشەسازی و پیشکەوتوودا خێزانی یەکسانی‌خواز یان خێزانی دیموکراتیکن.

division of labor /دابەشکردنی کار

بەڕای دوورکایم، یاسای دابەش‌کردنی کار مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەلام تەنیا لە سەدەی هەژدەبەم لاوە بوو کە کۆمەلگاکان هانیان دا ئەم یاسایە باشتر بناسن؛ یاسایەک کە هەر لە مێژەوەبەسەریاندا زاڵ بوو و کەچی ئەمان ئاگایان لێ نەبوو. بێ‌گومان هەر لە کۆنەوە هەندێ لە زانایان بایەخی ئەم یاسایەیان زانیوە. بەلام ئادام سمیت یەکەم کەسێک بوو کە هانی دا بیردۆزی دابەش‌کردنی‌کار دابڕێژێ. هەر ئەو ئەم زاراوەیەشی داهێنا و دواتر ژینەوەرناسان ئەم زاروەیان لە زانستە کۆمەلایەتییەکان بە ئەمانەت گرت (دورکایم؛ ١٣٨٤).

بەبڕوای دوورکایم، دابەش‌کردنی کار باس لەوە دەکات کە کارەکان بە گوێرەی لێهاتوویی و شارەزایی تاکەکانەوە دابەش دەکرێن و هەر تاکێک ئەرکێکی پێ‌دەسپێردرێ تا نیازەکانی نێو کۆمەلگا دابین بکات. هەرچەند جەماوەری کۆمەلگایەک زۆرتر بێ، ئەو کۆمەلگا میکانیزەترە و بەم بۆنەوە دابەش‌کردنی کار تێیدا ئالۆزترە. دابەش‌کردنی کار، ئامرازێکی هزرییە کە کۆمەلناسان بۆ لێکدانەوە و راڤەی کۆمەلایەتی بەهرەی لێ وەردەگرن. گریمانەی کۆمەلناسان ئەوەیە کە دابەش‌کردنی کار لە هەموو جڤاکێکدا هەیە. لەو جڤاکانەی کە هێشتا نەبوونەتە پیشەسازی و زۆربەی خەلکەکەی نەخوێندەوارن، تەمەن و رەگەزی تاکەکان (ژن یان مێرد بوون) لە دابەش‌کردنی کاردا دەوری سەرەکی دەگێڕێ. لە کۆمەلگا پیشەسازی و پیشکەوتووەکاندا، دابەش‌کردنی کار شێوازێکی ئالۆز دەگرێتە خۆ. بەبڕوای دوورکایم لە کۆمەلگا پێش‌پیشەسازییەکاندا سوننەت و نەریت وەکوو چیمەنتۆیەکە کە ئەندامانی کۆمەلگا پێکڕا دەبەستێتەوە. لە راستیدا شتێک کە دوورکایم پێی دەگوت «ویژدانی بەکۆمەڵ»، بە رادەیەک بەهێزە کە ئیزن نادا خەلکی بە ئاوەزووی یاسا و پێوەرە کۆمەلایەتییەکان -کە هەموو

ئەندامان دانی پێدا دەنێن- ببزوونەوە. دوورکایم بەم چەشنە یەکگرتوویییە کە لە سەر «ویژدانی گشتی» دامەزراوە، دەیگوت یەکگرتوویی میکانیکی.

مارکس دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتی بە «سەرجەمی شێوازە نایەکسانەکانی کاری بەقازانج، کە لە بواری نەزم، جۆر و چەشنەوە لێک جیاوازن» (سەرمایە، بەرگی ١) پێناسە دەکا.پاشان دەڵێ کە دابەش‌کردنی کار بەم چەشنە، مەرجی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک، چونکە بەبێ ئەو کارانەی کە پێوەندیان پێکەوە هەیە و لێک‌جیاوازن، هیچ کاڵایەک نایەتە بەرهەم کە لە بازاڕدا ئاڵوگۆڕ بکرێ. بەڵام بەرهەمهێنانی کاڵا، مەرج نییە بۆ بوونی دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتی؛ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان هەرچەند بەرهەمەکانیان نەدەبوونە کاڵا، کەچی خاوەنی دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتی بوون. بەم بۆنەوە دەبێ ئاماژە بە دوو جۆر دابەش‌کردنی کار کە زۆرر لێک جیاوازن، بکرێ: یەکەم، دابەش‌کردنی کاری کۆمەڵایەتییە کە بریتیە لە سیستەمێکی ئاڵۆز لە هەموو شێوازە بەکەڵک و جۆراوجۆرەکانی کار کە دەبێ سەربەخۆ لە یەکتر بە دەستی بەرهەمهێنەرانی تایبەت بە ئەنجام بگات؛ واتە: دابەش‌کردنی کار لە مامەڵە لە نێوان سەرمایەدارە جیاو تاک و سەربەخۆ و ڕەقیبەکاندا (لە سەرمایەداریدا). دووەم، دابەش‌کردنی کار لە نێوان کرێکاراندا، کە هەر یەکەیان کارێکی جیاوازیان هەیە و هەموو کارەکانیشیان پێکڕا ئەنجام دەدەن. ئەوەی دێتە بەرهەم، پرۆسەی کۆمەڵایەتی کاری بە کۆمەڵە. ئەم دابەش‌کردنی کار لە بەرهەمهێنانە، وا لە نێوان سەرمایە و کاردا لە نێو پرۆسەی بەرهەمهێناندا و هەرچەند لە گەڵ دابەش‌کردنی کار لە مامەڵەدا پێوەندی هەیە، بەڵام ئاخێزگە و ڕەوتی گەشەسەندن و تەکامولیان زۆر لێک جیاوازن (باتامور، کیرنن، میلی‌بند؛ ١٣٨٨).

دابەش‌کردنی کار، نە وەکوو داتایەکی سروشتی، بەڵکوو وەکوو

دابەشکردنی کار

زانیارییەکی ئەقلانی و ڕێکخراو و زانستی، لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مرۆییە، بەڵام هەندێ زۆر و مەترسی بە سەر ئەم جڤاکانەدا دادەسەپێنێ کە بە گشتی ناتوانین بڵێین گرانتر لەو زۆر و جەبرانەیە کە بەهۆی نەبوونی دابەش کردنی کار و پیشەیی بوونی کارەکانەوە تووش دێن. ئەم ئاواتەی کە هەرکەس بتوانێ هەر کارێک لە هەر کاتدا کە پێی خۆش بوو ئەنجامی بدات، بە ڕاشکاوی ئاواتێکی یۆتۆپیاییە؛ چونکە هەم گوژمە و هەم ئەو کاتەی کە بۆ فێربوون تەرخان دەکرێ، سەرنجی پێ نەدراوە و هەمیش گوێ بەوە نەدراوە کە ئەم بازدانە لە کارێکەوە بۆ کارێکی‌تر، گوژمەی زۆر دەبات. پارسۆنز ئەم باسەی بە «سڕینەوەی جیاوازی» (de-differentiation) ناو لێدەبرد و دەکرێ ئەم بارودۆخە بە بازدان لە خەیاڵدا شرۆڤە بکرێ.

گەر بمانەوێ دابەش کردنی کار لە قۆناغی هەنووکەیی (بە واتای دوورکایم لە قۆناغی ئۆرگانیکیدا) و لە بەشی چالاکییە تەکنیکی-ئابوورییەکاندا بخەینە بەر وردبوونەوە، دەبینین کە دابەش کردنی کار، دوو جۆرە جەبری کۆمەڵایەتی بە سەر ئەو ئەندامانەی کە کاری تێدا دەکەن، دادەسەپێنێ: یەکەم لە نێوان کارگێڕانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا زنجیرەپێگەیەکی بنەمایی بەدی دێنێ؛ دووەم کارگێڕان لە «کەسانی‌تر» جیا دەکاتەوە. ناوەڕۆکی ئەم جیاوازییە زۆر وردبینانە نییە. ئایا مەبەست ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەقینە، هەمان کارگێڕان یا کرێکارانی دەستین؟ ئایا ناتوانین بڵێین کەسانی‌تر-واتە ئەوانەی کە گەڵاڵەدادەڕێژن، ئەوانەی کە بڕیارەکان دەدەن یان ئەوانەی کە چاودێری بە سەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەکەن- بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەن؟ هەروەها، کارگێڕان بە گوێرەی پێناسەکان، ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە خۆیان گەڵاڵەیان بۆ دانەڕشتووە و لە زۆربەی کاتەکاندا تەنانەت خۆیان هەڵیان‌نەبژاردووە. کەواتە چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، پێویستیان بە هاوڕایی و هاودەنگی شارەزایانی

تەکنیکی، ئیداری و بازرگانی هەیە. بەڕێوەبردنی بنکەکان، تەنانەت گەر ناویشیان «کۆمەڵەی سەربەخۆ» بێ و لە چاودێری خاوەنان و بازاڕ و دەوڵەت دەرباز بن، دیسان پێویستیان بە شارەزایی تەکنیکی، قازانج و ئەنگیزە هەیە و هیچ شتێک ناتوانێ دەستەبەر بێ کە ئەندامانێ کە بە پێگەی کۆمەڵایەتی یەکسانەوە دابەش کراون، بە ئاسانی بتوانن بگەن بە یەکدەنگی.

تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان «کارگێڕان» و «کەسانی‌تر» (مەبەست گەلاڵەداڕێژان، ئەندازیاران، چاودێران و بەڕێوەبەرانە) بەرەبەرە دژوارتر دەبێ؛ چونکە کەسانی‌تر نە وەکوو چاودێران، بە سەختگیر دەناسرێن و نەوەکوو چاودێرانی بەزاکوون هەڵس‌وکەوت دەکەن، بەڵکوو زۆرتر دەوری کارناسان، راوێژکاران یاخۆ دەوری ناوبژیکەر لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەگێڕن. دوورکایم قبووڵ کردنی نۆرم و رێساکان لە پێوەندییە کارییەکاندا، بە رێگە چارەیەکی سست و لاواز دەزانێ، بەڵام لە ئەنجامدا لە بەرانبەر ئاژاوەی دابەش‌کردنی کارەوە بە کاریگەر و چارەساز ناوی لێ‌دەبات (بودون و بوریکو؛ ۱۳۸۵).

دارایی / property

دارایی لە گشتی‌ترین واتایدا ئاماژە دەکات بە خاوەنێتی یان ئەو شتانەی کە بە سامانی کەسێک دەزانرێن. ئەم واتایە نوێیە کە هاوکات لە گەڵ داهاتنی دامەزراوەکانی خاوەنێتی تایبەتدا داهاتووە. وشەی «دارایی» سەرەتا تەنیا لە سەدەی شازدەهەمدا کەڵکی لێ‌دەگیرا و وشەی دارایی بە مانای ئەنگلیزییەکەی لە سەدەی هەژدە بە دواوە بەکار براوە.

لە کۆمەڵناسیدا ئەم زاراوە باس لە پانتایەکی بەربلاو لە تایبەتمەندیگەلێک دەکات کە بە گوێرەی ئەم هۆکارانەی خوارەوە گۆڕانی بە سەردا دێ: ۱) چۆنییەتی و رادەی مافی دارایی، ۲) تەوەر و چەمکەکانی

دارایی، ۳) بیچمەکانی دارایی.

١- مافەکانی دارایی بریتین لە: ئەو سەربەستیانەی کە بۆ شێوازی خەرج کردن و بڕیار دان سەبارەت بە سامان هەیە؛ وەکوو سپاردنیان بە کەسی‌تر لە ڕێی دیاری، فرۆتن، وێران کردن، یا بە میرات بەجێ‌هێشتنی سامانی وەکوو ئاژەڵە کەوییەکان، باخ، زەوی، ئاو، یاخۆ داراییە نامادییەکان وەکوو: کرێ، مافی چاپکردنەوە و شتی لەم چەشنە.

٢- چەمک و بابەتی دارایی بە گوێرەی چەندوچوونی کۆمەڵگاکان جیاوازە:

ئا) لە نێوان هۆزە سەرەتاییەکاندا جۆرێک خێوەتی لێڵ لە مافە هاوبەشەکانی تاک، خێزان و کۆمەڵگا بە سەر زەویندا هەیە.

ب) لە جڤاکە دەرەبەگەکاندا واتاگەلی ئاغایانە و رامیاری لە گەڵ یەکدا تێکەڵاون: «دارایی بەجێی خاوەنێتی، ئاغایی، دەسەڵاتداریێتی و ... دادەنرێ. بەم بۆنەوە هەم بریتیە لە مافەکانی مالکانە و هەمیش زۆرێک دەسەڵاتی رامیاری‌تر».

پ) بە مەبەستی خوێندنەوەی بەراوردی دامەزراوەی دارایی، م.گینزبێرگ پێناسەیەکی گشتگیر ئاراستە دەکات: «دارایی وەکوو دامەزراوەیێک بریتیە لە کۆمەڵەیەک ماف و بەڵێنی کە پێوەندی نێوان تاک یان گرووپەکان لە بواری چاودێریان بە سەر شتمەکە ماددیەکان (یا نامادی وەکوو مرۆڤ) دیاری دەکات». پێوەندی دارایی لە نێوان «بابەتە کۆمەڵناسانەکانی کردەی ئابووری» ڤیبێردا، وەکوو شێوازەکانی خاوەنێتی ماف سەبارەت بەو سەرچاوانەی کە لە قازانجی ئابووری بەهرە دەبەن، خۆی دەنوێنێ.

٣- چۆنییەتی ئەو بوونەوەرەی کە مافەکانی دارایی پێ دەدرێ، جۆرەکانی دارایی یا سیستەمەکانی خاوەنێتی لێکتر جیا دەکاتەوە؛ وەکوو: تاکی یان تایبەت، گشتی یا شەریکەیی و خاوەنێتی گشتی (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

دام و دەستوور/ mores

ویلیام گراهام سامنێر کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەمریکی، بڕوای وایە کە بۆ بەردەوامی *ژیانی کۆمەڵگا*، هەندێ *لە* پێوەدان و نۆرمەکان *لە ئاست* پێودانەکانیتر گرینگترن (*Sumner, W. G, 1959-orig. 1906*). سامنێر بۆ سەلماندنی بیردۆزەکەی خۆی، لە واتای دامودەستوور کەڵک وەردەگرێ. ئاماژەی ئەم واتایە بە پێوەرگەلێکی شیاو و گونجاوە کە چۆنییەتی هەڵس‌وکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. مەبەستی سامنێر ئەو پێودان و نۆرمانەن کە بۆ درێژەدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستن. ئەم دامودەستوورانە بۆ کۆمەڵگا زۆر پێویستن و دەسدرێژی یاخۆ لادان لێیان لە گەڵ بەرەنگاری و ناڕەزایەتی خەڵکی ڕووبەڕوو دەبێ. سامنێر دەڵێ بە بۆنەی گرینگی ئەم نۆرمانەوە، خەڵکی یەکگرتوویەکی تایبەتیان لەم بابەتانەدا هەیە تا باشتر بەرگرییان لێ بکرێ. هەروەها ئەم دامودەستوورانە لەو پێودانانەن کە هەموو کەس لە هەموو شوێن و ساتێکدا دەگرنەوە. بڕینی سنووری ئەم دامودەستوورانە لە گەڵ بەرەنگاری توندو تیژی خەڵک ڕووبەڕوو دەبێ؛ وەکوو پێوەندی سێکسی نێوان گەورەساڵان و منداڵان، دەخرێتە ریزی **لادانی کۆمەڵایەتی** و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بەرگری لێ دەکەن.

دانستەی کولتووری/ culture trait

دانستەی کولتووری دەکرێ وەکوو بچووکترین یەکەی کولتووری بزانرێ کە بۆ ناسین بەکار دێت. دانستەی کولتووری هاوڕێ لە گەڵ کۆمەڵەی کولتووری، بیچمی کولتووری، میتۆدی کولتووری و ناوچەی کولتووری چەن‌واتایەک بوون کە لە دەیەکانی ١٩٢٠دا، ڤیسلەرو کەسانیتر لە لێکدانەوەی مێژوویی داتا کولتوورییەکاندا چێژیان لێ‌وەرگرت. واتای «دانستە» بۆتە هۆی ئەوەی کە بکرێ سیاییەک لە توخمە کولتوورییەکان

ئامادە بکرێن، هەروەها ئـەو هـەلـەی رەخسـاندووە کـە ئـەرکـی دامـەزراوە گەورەکانیش راڤە بکرێن (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

demographic trap / داوی دیمۆگرافیک

دیمۆگرافان ئەم زاراوەیە بۆ پیشاندانی هەلومەرجێک بـەکـاردەبـەن کـە زۆربوونی جەماوەر دەبێتە هـۆی لـەنـاو چـوونی وزە و ورە ژینگـەییـەکـانی کۆمەلگا. کەمبوونەوەی رادەی مردنی منداڵانی نۆرەس و چاودێری نەکـردن بە سەر منالدار بوون لە هەندێ لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا -کە خـەریکـی گەشە سەندنن- بۆتە هۆی زۆربوونی خێرای دانیشتوانی ئەم ولاتانە. هەندێ لە دیمۆگرافیستەکان رایان وایە کە ئەم پرۆسەیە رەنگە ببێتە هۆی تووشـیار بوونی ئەم ولاتانە لە نێو داوی دیمۆگرافیک. واتـای ئـەم زاراوەیـەش بریتیـە لـەوەی کـە زەخـت و گوشـاری دانیشـتوانی ئـەم ولاتانـە دەولـەت بـەرەو لەناوبردنی جەنگل و لێـرەوارەکـان پـاڵ پێـوە دەنـێ تـا بتـوانن زەویوزاری کشتوکاڵ دابین بکەن. بەهرەوەرگرتنی نائاسایی و لە رادەبەدەر لـە زەوی و زارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرەبەرە زەوییەکان بایر و بێکەلک کەون و سەرچاوەکانی ژینگە بەرەو فەوتان برۆن. کاستاریکا و نیپاڵ لەو ولاتانەن کـە تووشی داوی دیمۆگرافیک هـاتوون (*Durning, A. B; 1990*- وەرگـیراو لـە: عضدانلو). هەرچەند هێشتا سەبارەت بە ئێران لێکۆلینەوەیەکی ورد و تەکـووز جێبەجێ نەکراوە، بەلام بەلگەکان وامان پێ پیشان دەدەن کە ئێـرانیش لـە سەرەتای تووش هاتن بەم داوەدایە.

داهێنانی سەربەخۆی هاوکات
simultaneous-independent invention

بە بڕوای وایت لێزلی، کاتێ بنەمای کولتووری ئامـادەی داهێنانێـک بـوو،

خەڵک بیانەوێ یان نە، ئەو داهێنانە دێتە دی. بۆ سەلماندنی ئەم بیردۆزەی خۆی لە زاراوەی داهێنانی سەربەخۆی هاوکات چێژی وەرگرتووە. مەبەست لەم زاراوەیە هەلومەرجێکە کە تێیدا دوو یان سێ داهێنانی هاوجۆر لە بازنەیەکی کاتی نزیک بە یەکدا (هەندێ جار بە مەودای چەن رۆژ یاخۆ چەن مانگ) دێنە دی. لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە ژێر ناوی: *زانستی کولتوور: خوێندنەوەیەکی مرۆڤ و شارستانییەت*، بە ١٤٨ داهێنان ئاماژەی کردووە کە بیردۆزەکەی ئەو دەسەلمێنن. برێ لەم داهێنانانە بریتین لە: تلێگراف، ماتۆری کارەبا، مایکرۆفۆن، تەلەفۆن، مایکرۆسکۆپ، گەمیەی هەلم و فڕۆکە. بە بڕوای لێزلی بنەمای کولتووری ئەم جڤاکانەی کە ئەم داهێنانەیان تێدا هاتۆتەدی، ئامادەی ئاوەها ڕووداوێک بووە. بە واتایەکی‌تر داهێنانێک وەکوو گڵۆپ و فڕۆکە، تەنانەت گەر ئەدیسۆن و برایانی وایتیش نەهاتایەتنە دونیاوە، دەهاتنە دی. وایت حاشا لە لێهاتوویی داهێنەران ناکا، بەلام بڕوای وایە کە دەبێ ئەم کەسانە لە کات و شوێنێکدا لەدایک ببن کە هەلومەرجی پێویست بۆ بەدیهاتنی ئەم داهێنانەی تێدا بێ. بە واتایەکی‌تر، ئەم کەسانە دەبێ لە نێو کۆمەڵگایەکدا بێنە دونیاوە و گەشە بکەن و پێ بگەن کە بنەمای کولتووری ئەو کۆمەڵگایە ئامادەی هاتنە دی ئەو داهێنانە بێ(*White, L. A;1949*).

دژەئەرک/ dysfunction

ڕابێرت مێرتۆن بێجگە ئەو سەرنجەی کە بە ئەرکی ئاشکرا و پیوار دابووی، زاراوەیەکی‌تر دێنێتە کایەوە بەناوی دژەئەرک. هەر بەو جۆرەی کە تاکەکان، گرووپەکان و ڕێکخراوەکان ئەرکی لێک جیاوازیان لە ئەستۆیە، ڕەنگە هەریەک لەمانە ئاژاوەیەک لەنێو سیستەمدا بێنێتەدی. بەم بۆنەوە، دژەئەرک، ئەرکێکی نەگونجاوە کە دەبێتە هۆی بشێونە لە نێو سیستەمدا.

بەڕای مێرتۆن، دەرەنجامی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان هەموو جار پازیتیڤ نییە، بەڵکوو هەندێ جار دەسکەوتی نەگونجاو و نەشیاویان هەیە. هەروەها هەر بەو جۆرەی کە ئەرکەکان بە ئاشکرا و پیوار دابەش دەکرێن، دژە ئەرکەکانیش بە دژە ئەرکی ئاشکرا و پیوار دابەش دەکرێن (مرتون؛ ١٩٦٨).

دژە کولتوور/ counterculture

ئەم زاروەیە ئاماژە بەو وردە کولتوورانەی دەکات کە بە راشکاوی لە گەڵ نۆرم و بەهاکانی کولتووری پەسندکراودا ناکۆکی و دژایەتی دەکەن و خوازیاری لەناوچوون و جێگری ئەو کولتوورەن. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەندێ گرووپی کەمینە هەن کە تایبەتمەندییەکانیان بە پێچەوانەی رەوتی گشتی کۆمەڵگایە. هەر ئەم جیاوازییە لە کولتووردا دەبێتە هۆی دابڕانی ئەم وردە کولتوورانە لە گەڵ بەشەکانی‌تری کۆمەڵگا (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

لە سەرەتادا کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان و ئەو کۆمەڵناسەی کە لە گەڵ قوتابخانەی پزیشکی دەروونی لە بریتانیادا ناکۆک بوون (لە سالانی ١٩٦٠) ئەم زاراوەیان بە مەبەستی روون‌کردنەوەی خۆپیشاندانە گشتییەکانی چەند گرووپێک لە خەڵکی و بە تایبەت رۆشنبیران لە ولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا هێنایە ئاراوە. دۆزی ئەم گرووپانە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو بە مەبەستی گۆڕانی خێراو گشتی کۆمەڵەی کولتووری زاڵ بە سەر ولاتە پێشکەوتووەکاندا. لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بابەتی وەکوو بزاڤە دژە ئاکادیمییەکان، سینەما نهێنییەکان، گرووپانی لایەنگری لە ئازادی سێکسی و ... هەموویان لە دیاردەی دژەکولتوورن (موحسنی؛ ٢٠٠٦).

دووپاتە کردنەوە / replication

هەندێ لە تۆژەران بۆ ورد بوونەوەو لێکدانەوەی ئاکامی توێژینەوەکانیان و

هەروەها بۆ ئەمەی کە بزانن ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان لە کۆمەڵگایەکی گەورەتریشدا هەمان کاریگەری هەیە یان نە، توێژینەوە و تاقی کردنەوەکانی خۆیان دووپاتە دەکەنەوە. کەواتە، دووپاتە کردنەوە، بریتیە لە توێژینەوەیەکی دووبارە لە گەڵ گرووپێکی هاوچەشندا و لە کات و شوێنێکی جیاوازدا (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

دووجەمسەری بوونی جنسییەت/ gender polarization

ساندراڵ بێم لە نامیلکەیەکی خۆیدا بەم چەشنە دوو جەمسەری بوونی جنسییەت پێناسە دەکات: دووجەمسەری بوونی جنسییەت بریتیە لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە پێناوی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاودا (*Bem, S. L; 1993*- وەرگیراو لە: عضدانلو). بە واتایەکی تر، جنسیەتی تاکەکان لە گەڵ هەموو شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا (وەکوو: شێوازی جلوبەرگ لە بەر کردن، دەورە کۆمەڵایەتییەکان و داخوازە جنسییەکان) پێوەندی هەیە. بۆ پیشان دانی ئەمەی کە چلۆن شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە پێناوی ئاوەها جیاوازییەکدا ڕێکخراوە، ئالیس بامگارتنێر پاپاجۆرجیۆ لە ساڵی ١٩٨٢دا دەستی بە توێژینەوەیەکی مەیدانی لە نێوان تاقمێک لە قوتابخانەکاندا. ئالیس لە قوتابیەکانی دەپرسی کە گەر لە بیچمی ڕەگەزی بەرانبەردا بهاتایەتنە دونیاوە، ژیانیان چ جیاوازییەکی بوو؟ وەڵامی قوتابیەکان پیشاندەری فامی کولتووری بەدەروونی کراوی بۆچوونەکان سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی هەر ڕەگەزێک بوو. کوڕەکان بە گشتی باوەڕیان وابوو کە گەڕ کچ بایەتن، ژیانیان بە چەشنێکی نیگەتیڤ تووشی گۆڕان دەهات. بۆچوونی کوڕەکان ئەوەبوو کە چالاکییەکانیان زۆر کەمتر دەبووەوە. هەروەها پێیان وابوو کە گەر کچ بن دەبێ زۆرتر بپەرژێنە سەر خەملاندنی خۆیان و بۆ دیتنەوەی مێرد هەوڵێکی زۆرتر بدەن و گەر

تووشی دەسدرێژی و توندوتیژی بن، کەمتر دەتوانن بەرەنگاری لە خۆیان بکەن. هەندێ لە وڵامەکان بەم چەشنە بوون:

- هاوکات لە گەڵ ڕۆیشتن بۆ زانکۆ، هانم دەدا کە هاوسەرێک هەڵبژێرم.
- ڕۆژانە کارێکی زۆرم نەبوو و خەریکی یاری منداڵانە دەبووم.
- خۆمم زۆر جوان دەکرد و تووکی هەموو لەشمم دەتاشی.
- دەبوایە فێربم کە چلۆن ڕووبەڕووی گەنجانی مەست و دەسدرێژیکەر بمەوە.
- نەمدەتوانی لە گەڵ خۆم چەقۆیەک هەڵبگرم.
- لە کاتی چاک کردنەوەی ترۆمبیلدا نەمدەتوانی یارمەتی بابم بدەم.

بە پێچەوانە، کچەکان رایان وابوو کە گەر کوڕ بایەتن کەمتر تووشی هەڵخڕانی هەستیان دەبوون. چالاکی زۆرتر و سنووی بەرفراوانتریان بوو. پێوەندییەکی زۆرتریان لە گەڵ بابیان بوو و وەکوو کاڵایەکی جنسی سەیر نەدەکران. هەندێ لە وڵامی کچەکان بەم چەشنە بوو:

- کاتی ڕووبەڕوون لە گەڵ ڕووداوەکان پشوودرێژتر بووم.
- بەیانیان دەمتوانی زۆرتر بخەوم و ناچار نەبووم بۆ ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە زوو هەستم تا خۆم جوان کەم.
- پێوەندییەکی نزیکم لە گەڵ بابم بوو، چونکە دەبوومە ئەو کوڕەی ئەو ئاواتی بوو.
- نگەرانی دەسدرێژی نەبووم.
- خەڵکی بایەخیان دەدایە بڕیار و باوەڕەکانم.

دەبێ دانی پێدا بنین کە ئەم بۆچوونە سەبارەت بە پێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی بە رەگەزەوە، بۆ خوێندکارانی زانکۆش هەیە. لەم ڕووەوە دەگەین بەم دەرەنجامەی کە ئەم جۆرە بۆچوونانە کە لە سەردەمی منداڵییەوە بەدەروونی دەکرێن، کاریگەرییەکی زۆریان بە سەر ژیانی

کۆمەڵایەتیدا (هەڵبژاردنی لقی خوێندن، هەڵبژاردنی کار، ڕاهێنانی منداڵ و هتد) دەبێ.

discrimination / دووچاوەکی

دووچاوەکی یەکێک لەو زاراوانەیە کە پێوەندی لە گەڵ دەمارگیری هەیە، بەم جیاوازییەوە کە دەمارگیری بۆچوون و ڕوانگەیە، کەچی دووچاوەکی هەڵسوکەوت و ڕەفتارە. دووچاوەکی جۆرێک هەڵسوکەوتی نابەرانبەرە لە گەڵ گرووپ یان کەسانێک. بناغەی ئەم هەڵسوکەوتە نابەرانبەرە لە گەڵ گرووپ و دەستەکان، لە سەر هەندێ تایبەتمەندی **پێسپێردراوی** وەکوو ڕەنگی پێست، ئایین، نەتەوە، ڕەگەز یان چینی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە، نەک لە سەر تایبەتمەندیگەلێک وەکوو لێهاتوویی، وزە و توان، یان ئەو کارانەی لە رابردوودا ئەنجامیان داوە. دووچاوەکی هەڵسوکەوتێکە بۆ نکوولی کردن لە هەلومەرجی یەکسان بۆ کەمینەکانی کۆمەڵگا تا نەتوانن لە بەهاکانی نێو کۆمەڵگا (وەکوو خوێندن، تەندروستی، سامان و هتد)بە یەکسانی بەهرە وەربگرن. ئەم زاراوە زۆرتر بۆ ڕافەی شێوازی هەڵسوکەوتی زۆرینەی زاڵی نێو کۆمەڵگا لە گەڵ کەمینەی بێدەسەلاتدا بە کار دەبرێ. بەم بۆنەوە دووچاوەکی بە هەڵسوکەوتێکی دژبە ئاکار و دژ بە دیمۆکراتیک دەزانرێ.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم چەشنە دووچاوەکی پێناسە کردووە: «دووچاوەکی بریتیە لە هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک کە بنەمای لەسەر سەرتری بە هۆی تایبەتمەندیگەلی سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە بێ و هیچ پێوەندیەکی بە ئاستی لێهاتوویەکانی تاک، گونجاو بوون یان نەبوون لە باری کۆمەڵایەتییەوە نەبێ» (*United Nation Commision on Human Rights, 1949*).

دووچاوەکی تاکەکەسی / individual discrimination

بریتیە لەوکردە ئاشکرایانەی کە تاکەکان بە بۆنەی بێبایەخ زانینی ئەندامانی گرووپی کەمینەوە، دژ بە گیان و سامان و هەلە کۆمەلایەتیەکانیان جێبەجێی دەیکەن.

دۆکیوومێنتەکانی ژیان / documents of life

ئەم واتا ئەو بەلگانە دەگرێتەوە کە تاک لە درێژایی ژیانیدا کۆیان دەکاتەوە یاخۆ دروستیان دەکا (وەکوو نامە، بیرەوەری، وێنە، فیلم و ژیاننامە). شێوازی کۆمەڵناسی مێژووی ژیان، پاش بلاو بوونەوەی کتێبێک دەستی پێکرا کە بەر لە شەڕی یەکەم (١٩١١) لە لایەن لەهستانییەکی نیشتەجێی شیکاگۆوە بلاو کرایەوە. ئەم کتێبە بوو بە دنەدەر و هاندەری توماس و یەک لە هاوکارانی تا لە شێوازی مێژووی ژیان بۆ باشتر تێگەیشتن لە پرسە کۆمەلایەتییەکان کەلک وەربگرن. ئەم دوو کەسە پاش هەشت ساڵ توێژینەوە و وردبوونەوە لە سەر ژیانی جووتیارە لەهستانییەکان کە بۆ ئەورووپا و ئەمریکا کۆچیان کردبوو، کتێبێکی زۆر بەناوبانگیان لەم بوارەدا بلاو کردەوە (*Thomas, W. I; & F. znaniecki; 1958*). ئەم کتێبە باس لە لێکهەلوەشانی ژیانی کۆمەلایەتی نێوان جووتیارە کۆچەرە لەهستانییەکان دەکات. هەرچەند زانیارییەکانی ئەم کتێبە بایەخێکی زۆریان بۆ کۆمەڵناسان نییە، بەلام شێوازی توێژینەوەی نووسەرەکانی بایەخێکی زۆری هەیە. بە بڕوای زۆربەی کۆمەڵناسان، ئەم کتێبە خالێکی زۆر گرینگە لە شێوازی توێژینەوەگەلی کۆمەڵناسیدا، چونکە شێوازی توێژینەوەی لە کتێبخانەکاندا هێنایەدەرو بەرەو توێژینەوەی مەیدانی پالی پێوە نا. ئەم کتێبە یەکەمین بەرهەمی ئەزموونی و توێژینەوەییە لە کۆمەڵناسی ئەمریکادا کە بە گوێرەی بەلگەدەولەتییەکان، داکیۆمێنتە

ڕێکخراوەییەکان، بەڵگەکانی ژیان و سەرچاوەگەلیتر دەستی دا بە لێکدانەوە و شرۆڤەی هۆی لێکهەڵوەشانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی.

لە نێوان ئەو بەڵگانەی ژیان کە دیتنەوەیان بۆ کۆمەڵناسان زۆر دژوار بوو، ئەو نامانەدیاربوون کە خەڵکی بۆ یەکتریان دەنووسین. کتێبی *جووتیاری لەهستانی لە ئەورووپا و ئەمریکادا* (The polish Peasant in Europe and America)، هەنووکە گرینگترین و ڕەنگە تەنیا کتێبێکیش بێ کە تێیدا زۆرترین کەڵک لەم نامانە وەرگیراوە. نووسەرانی ئەم کتێبە لە توێژینەوەکانیاندا تێگەیشتن کە نامەی زۆر لە نێوان لەهستان و کۆچەرانی لەهستانی لە ئەمریکادا ئاڵوگۆڕ کراوە. بەم بۆنەوە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی شیکاگۆدا ئاگەداریەکیان دەرکرد کە هەرکەس یەک لەو نامانەمان بۆ بێنێ، بۆ هەر نامە دە تا بیست سێنتی ئەمریکییان پێ دەدرێ. بەم چەشنە توانییان سەتان نامە کۆوەکەن (٧٦٤ نامە). ئەم نامانە لە بەرگی یەکی ئەو کتێبەدا کە بوو بە هەشتسەد لاپەڕە، لە چاپ درا(عضدانلو؛ ١٣٨۴)؛ بڕوانە: **مێژووی ژیان**.

دونیاگەری / secularization

گەشەی زانستە ئەزموونییەکان و تاقیکردنەوەی هەموو ئەو پرسانەی مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵ بە چاوی سیحر و ئەفسوونەوە سەیریانی دەکرد، بیری مرۆڤی بەرەو ئەم بۆچوونی ماکس‌شیلێرە پاڵ پێوە نا کە بارودۆخی کۆمەڵگای نوێی بە «سڕینەوەی جادوو و ئەفسوون لە جیهان» (آشتیانی؛ ١٣٨٣) ناو لێدەبرد و مەبەستی ئەمە بوو کە ئیتر مرۆڤ لە نێو جیهانی سیحر و ڕازو نهێنیدا ناژی و هێزە نهێنی و سەرووسروشتییەکان گەمارۆی مرۆڤ و جیهانیان نەداوە.

بەشێکی زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم، فەوتانی

دینیان لە کۆمەڵگای نوێدا پێش‌بینی کردبوو. تایلۆر، مارکس، فرۆید و فریزێر، پێش‌بینییان کردبوو کە بە داسەپانی زانست بە سەر شێوازی بیرو هزری کۆمەڵگای نوێدا، دین دەفەوتێ و هیچی لێ نامێنێ. ئەو بیرمەندانەش کە بە شێوازێکی ئەرک‌خوازانەتر سەیری دینیان دەکرد، پێش‌بینیان کردبوو کە دین بەم چەشنە سوننەتی و ئاساییە نامێنێ و باوەڕێک جێگای دەگرێتەوە کە لە سەر بنەمای سەرووسروشتی بنیات‌نەنراوە. کۆنت دینێکی نوێی لە سەر بناغەی پێوەرە ئەقڵانی و زانستییەکان داهێنا و گوتی: ئەم دینە نوێیە، بۆشایی دینی سوننەتی پڕ دەکاتەوە. دوورکایم لە بەهاکانی شۆڕشی فەرانسەدا سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئەرکێکی نوێ و هاوسەنگ لە گەڵ دینی دەسنیشان کردبوو.

بەڵام ژمارەیەکی هەرە زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی نوێتر، ئەم بۆچوونانەیان ڕەت کردۆتەوە و باوەڕیان ئەوەیە کە دین وەکوو رابردوو بە بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگای نوێ دێتە ئەژمار؛ هەرچەند ڕەنگە هەندێ لە روانگە تایبەتەکانی دین گۆڕانێکی بەرچاویان بە سەردابێ. بۆ وێنە بێلا (١٩٧١) دەڵێت کە واتای دونیاگەری، پاژێک لە بیردۆزی کۆمەڵگای نوێیە کە لە بنەڕەتدا لە کاردانەوەی بزاڤی رۆشنبیری لە بەرانبەر سونەتی دینی مەسیحییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ هەمان سوننەتێک کە لایەنگرییەکی مەعریفەیی زۆر تۆخی هەیە و باوەڕی بە بۆچوونێکی فەرمی و پەسندکراوە. بە بڕوای بێلا، بیردۆزی دونیاگەری پەرەئەستێن، وەکوو دیرۆکێک کە لە باری دەروونیەوە راڤەیەکی یەکگرتوو لە واقیع دەداتە دەست، تا رادەیەک کەڵکی هەیە. بە بڕوای بێلا، ئەم بیردۆزە بە جێی ئەوەی کە بیردۆزێکی زانستی بێ، لە راستیدا ئامۆژەو تیۆرییەکی ئاینییە. هەروەها دەڵێ: بە سەرنج‌دان بەوەی کە دین ئەرکی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگی لە ئەستۆیە، دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی کاری کولتووریمان. لەم ساڵانەی دواییەدا

بیرمەندانێکی زۆر بەهۆی سەرهەڵدانی بزاڤی ئایینی جۆراوجۆر بـە تایبـەت بنەماگەری دینیەوە، بەم دەرەنجامە گەیشتوون (کـریپێن، ١٩٨٨؛ داگـلاس، ١٩٨٣؛ گێلەنسێر، ١٩٧٧؛ گلاک و بێلا، ١٩٧٦؛ گریلی، ١٩٧٣؛ هادێن، ١٩٨٧؛ لاکمەن، ١٩٦٧ و ١٩٩٠؛ مارتین، ١٩٦٩ و ١٩٩١؛ ستاک و بین‌بـریج، ١٩٨٥؛ ڤیتنۆ، ١٩٧٦). بەڕای ئەم بیرمەندانە هەرچەنـد کۆمـەڵگای نـوێ لـە سـەر ئـەقلانییـەت و بنـەمـای زانسـتی و تیکنۆلۆجیـک دانـراوە، بـەلام دیـن، تایبەتمەندی بەرز و هێزا و گرینگـی خـۆی لـە دەسـت نـادات (همیلتـون؛ ١٣٨٧).

ئەم پرسەی کە ئایا کۆمەڵگای نـوێ بـە دونیـایی بـووە یـا لـە ئاسانەی بەدونیایی‌بووندایە، بەستراوە بەواتایەک کە لە دین هەمانە. هـۆی سـەرەکـی ناکۆکی نێوان پرسی دونیاگـەری، هـەمـان جیـاوازی بیرمـەندانـە لـە سـەر پێناسەیـەک کـە لـە دیـنی دەکـەن. ویلسـۆن دەڵـێت: ئـەوانـەی کـە لـە روانگەیەکی ئەرک‌خوازانەوە سەیری دین دەکەن، کەمتر دان بە دونیاگەریـدا دەنێن، کەچی ئەوانەی کە لە رەهەندی زاتییـەوە سـەیـری دەکـەن، زۆرتـر دەیسەلمێنن. هەندێ کەسی‌تر پێناسەیەکی بەرفـراوان و بـەربـلاو لـە دیـن دەدەنە دەست، بە چەشنێ کە هەموو دەم شـتێک هـەیـە کـە نـاوی دیـنی بەسەردا بنرێ. ئـەم نووسـەرانـە دونیاگـەری رەت دەکـەنـەوە. بـەلام ئـەم بۆچوونەش خۆی کێشەی زۆر دێنێتە کایەوە.

مالکۆم هەمیلتۆن لە کتێبی کۆمەڵناسی دیندا (١٩٩٥) دەڵێ کە: شـاینێر سەبارەت بە دونیاگەری توێژینەوەیەکـی ئامـاری تێـر و تـەسـەلی کـردووە. شاینێر بۆ ئەم زاراوەیە ئاماژە بە شەش واتا دەکات کە بـریتین لـە: یـەکـەم) پێوەندی بە نەمـانی دینـەوە هـەیـە. بـەم چـەشـنەی کـە سـیمبۆلەکـان، تیۆرییەکان و دامەزراوە ئاینییەکانی پێشوو، بـەهـا و بایـەخیـان لـە دەسـت دەدەن و لە ئاکامدا ڕێگا بۆ کۆمەڵگای بێ‌دین ئاوەلا دەبێ. دووەم) پێوەنـدی

بە سازگاری زۆرتر لە گەڵ ئەم دونیایە هەیە. بەم چەشنەی کە سەرنجی مرۆڤەکان لە هۆکارە سەروو سرووشتیەکانەوە جیا دەبێتەوەو بەرەو لای پێداویستییەکانی ژیانی دونیایی و پرسەدونیاییەکان بادەداتەوە. بە گوێرەی ئەم واتایە، رەهەند و داخوازە دینییەکان لە گەڵ رەهەند و داخوازە نادینییەکان ئاوێتە دەبن، بە جۆرێ کە لێکتر جیا ناکرێنەوە. دونیا گەری لە سێیەمین واتادا) واتای جیایی دین و کۆمەڵگایە. لەم واتایەدا دین بەرەو مەڵبەندی تایبەتی خۆی پاشەکشە دەکا و تەنیا تایبەت دەبێ بە ژیانی تاکەکەسی؛ هەروەها تایبەتمەندییەکی دەروونی پێدەدرێ و دەسەڵاتداری بەسەر هەر یەک لە رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە دەرەوەی مەڵبەندی دیندا بن، لە دەست دەدات. واتای چوارم) بە مانای جێنشینی بیچمەدینییەکانە لە جێی باوەڕ و دامەزراوە دینییەکان. لەم واتایەدا زانست، هەڵسوکەوت و ئەو پێکهاتانە کە بەدرێژایی مێژوو لە سەر باوەڕی خوداییەوە بنیات نرابوون، دەبن بە دیاردەگەلێکی دەسکردی مرۆڤ کە لە ژێر چاودێری و کۆنترۆلی مرۆدان. لێرەدا لە گەڵ دینێکی بە مرۆڤی بوون رووبەڕوو دەبین. واتای پێنجم) بە مانای لادانی سەرپۆشی پیرۆزبوونە لە رووی جیهاندا. جیهان، دانستەی پیرۆز بوونی خۆی لە دەست دەدات و مرۆڤ و جیهان پێکڕا دەبنە بابەتی شیکاری هۆ و ئەقلانی و دەستێوەردانی خودی مرۆڤ. لەم جیهانەدا هێزە سەرووسروشتییەکان هیچ دەورێک ناگێڕن. واتای شەشم) دونیاگەری بە مانای رۆیشتن لە کۆمەڵگای پیرۆزەوە بۆ کۆمەڵگای دونیایی. بەم چەشنەی کە کۆمەڵگا هەموو پاوەنەکانی بەها و بایەخە دینییەکان دەپچڕێنێ و هاوکات لە گەڵ سەلماندنی گۆڕان، سەرجەمی بڕیارەکانی لە سەر بنەمایەکی ئەقلانی و قازانجخوازانە جێبەجێ دکات. ئاشکرایە کە ئەم واتای دونیاگەرییە، لە هەر واتایەکی تر بەربلاوترە (همیلتون؛ ١٣٨٧).

گەیشتن بەم دەرەنجامە کە ئایا کۆمەڵگا بەرەو دونیاگەری و دابڕان لە دین دەڕوا پێویستی بە راڤە و وردبوونەوە و تۆژینەوەیەکی زۆر هەیە. دەبێ لێمان روون بێتەوە کە ئایا کۆمەڵگاکانی رابردوو بە راستی دیندار بوون یاخۆ نە. بێشک خەڵکی کۆمەڵگا رابردووەکان بە گشتی بەو جۆرەی کە دەڵێن خاوەنی باوەڕێکی پتەو و قایم نەبوون. دین لە راستیدا وەکوو دامەزراوە و بەهایەکی کۆمەڵایەتی، تایبەت بە بژاردە و هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگا بووە؛ بە واتایەکی روونتر، دین وەکوو دەسەڵاتێکی کولتووری و رامیاری بە سەر خەڵکدا زاڵ بووە، نەک ئەوەی کە وەکوو باوەڕێک لە نێو توێژەکانی خەڵکدا برەوی بووبێ. هەروەها جیاوزای زۆر هەیە لە نێوان دونیاگەری لە نێو دینە جیاوازەکاندا. بۆ وێنە دونیاگەری لە نێو ولاتانی ئیسلامیدا بەو چەشنەی کە لە ولاتانی مەسیحیدا بووە، نەهاتۆتەدی. بزاڤی دینی و تەنانەت رادیکاڵ لە نێو ولاتانی ئیسلامیدا بە راشکاوی دان بە سەر ئەم پەیڤەدا دەنێن. سەبارەت بە دونیاگەری لە ولاتانی مەسیحیدا دەتوانین بڵێین کە ئەم بۆچوونە بە جۆرێک دژایەتی بووە دژ بە حکوومەتی کلیسا و هەروەها دژ بە یاسا و پێوەرەکانی مەسیحییەت. لەم بابەتەدا نووسەرانێک وەکوو ویلسۆن (١٩٨٢) دەڵێن: دونیاگەری هەمان سڕینەوەی مەسیحییەت (*dechristianisation*) بووە. واتە: رابردووش بە قەدەر ئێستا هەم دونیایی بووە و هەمیش دینی. پیتێر بێرگێر دەڵێ: جیهانی ئەمڕۆ پتر لە هەموو خولێکیتر دینییە. (*berger, P; 1977*– وەرگیراو لە: عضدانلو).

دەبێ ئەم خاڵەمان لە بەرچاو بێ کە هەرچەند مۆدێرنیتە بە دوژمن و لەناو بەری بیچمە سوننەتیەکانی دین دەزانرێن، بەڵام مۆدێرنیتە خۆی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ نیازمەندی، کە خۆی توانی هێنانەدی ئەو نیازانەی نییە (*Davie. G; 1999*). مۆدێرنیتە بەبێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێ، خەریکی ژیاندنەوەی سێ شێوازی جیاوازی دینە: ١- بنەماگەری، ٢- بزاڤە

دینییە نوێکان و ٣- شـێوازە نوێکـانی دیـن، کـە دینـە شارسـتانییەکـانیش دەخرێنە ریزی ئەوانەوە.

دونیاگەری لە دوو رووبەری دامەزراوەیی و تاکەکەسیدا خۆی دەنوێنێ. لە رووبەری دامەزراوەییدا، ناوەندە دینییەکان (وەکوو کلیسا) هێـزی چـاودێری بە سەر نۆرمگەلی وەکوو هاوسەرگیری، خوێندن، بەڕێوەبـردنی یاسـایان لـە دەست دایە. لە دەست دانی ئەم چاودێرییانە، دەبێتە هۆی لـە دەسـت دانی دەسەڵاتی بەرپرسانی کلیسا و لە ئاکامدا، نۆرم و هەڵو مەرجـە دینییـەکـان جێگا بۆ رێسا و یاسا شارستانییەکان چۆڵ دەکەن. لە رووبەری تاکەکەسـیدا، دین دەسەڵاتی خۆی لە سەر بڕیارە تاکەکەسییەکان لە دەست دەدات و راڤە دینییەکان لە واقعیەت، جێگای خۆیان دەدەنە راڤە زانستی و ئەقڵانییەکان.

دەسپێکی پازیتیڤی بۆ کۆمەڵگا

positivistic approach to society

زانستە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، بـە تایبـەت زانسـتە کۆمـەڵایـەتییـەکـان قۆناغی جۆراوجۆریان تێپەڕاندووە تـا گـەیشـتوونەتـە ئێسـتا. بـە بۆچـوونی ئاگۆست کۆنت، فەلسەفەو هزری مرۆڤ سێ قۆناغی تێپەڕاندووە کـە بـریتین لە: قۆناغی ئیلاهیات، کە مرۆڤ سەرچـاوەی هـەمـوو کـار و رووداوێکـی لـە خوداکانەوە دەزانی. مرۆڤ بە هۆی مژی باش نەمەیویەوە نەیدەتوانی لە بنج و بناوانی هۆکارەکانی ئەم جیهانەبکۆڵێتەوە و هۆی رووداوەکان بزانێ؛ ناچار هەموو کارێکی بە خودایەکەوە دەچەسپاند و بیری خـۆی هێـور دەکـردەوە. قۆناغی دوایی، بریتی بوو لە قۆناغی سـەروو سروشـتی یـا میتافیزیـک. لـەم قۆناغەدا هەرچەند مرۆڤ توانیویە باشتر پێبگـا و رووداوەکـان بـە بـەڵگـەی هزری و فەلسەفییەوە روون بکاتەوە، بـەڵام هێشـتا لـەم قۆناغـەشـدا ناچـار خەریکی لێکدانەوەی ئەو واتا هزرییانە دەبێ کە قەد ناتوانێ راست و دروست

بوونیان بسەلمێنێ؛ وەکوو خودا و ڕۆح. پاش ئەم قۆناغە، قۆناغی پازیتیڤ دەگات کە مرۆڤ واز لە واتا ئینتزاعییەکان -ئەو واتایانە کە لە سەرەوەی فام و زانینی مرۆڤدان- دێنێ و هان دەدا زانستە کۆمەلایەتییەکان، وەکوو زانستە ئەزموونییەکان، لێ بکا و ئەوەی بە ئەزموون تاقی ناکرێتەوە، وازی لێ بێنێ. لەم قۆناغەدا، گرینگ ئەو واتایانەن کە وان لە ژێر چەقۆی نەشتەگەری مرۆڤدا.

لە ڕاستیدا قۆناغی پازیتیڤی، لە سەردەمی هۆزان و بلیمەتانی یوونانەوە باو بوو، بەلام لەو قۆناغەدا فەلسەفەی میتافیزیکی یا سەروو سروشتی بە سەر ئەندێشەدا زالتر بوو. ئەرەستوو بایەخێکی زۆری دەدایە شێوازی پازیتیڤی و هەست و ئەزموونی بەجێی خەیاڵ و داڵغە دادەنا. بەلام شاگردەکانی ئەم شێوازەیان وەلاوە نا. لە سەدەی شازدەهەمدا بیکن و دیکارت و زانایانی‌تر کەڵکیان لە شێوازی ئەزموونی و پازیتیڤی وەردەگرت، بەبێ ئەوەی خۆیان لە نێو چوارچێوەی فەلسەفەی پازیتیڤیسمدا ببەستنەوە و فەلسەفەی تیۆریکی سەرووسروشتیان بە تەواوی نەخستە لاوە. هەروەها بێ‌گومان ئەندێشەکانی پاسکاڵ و کتێبی *شرۆڤەی سروشت*، نووسینی دێنیس دیدێرۆ و بەرهەمەکانی دالامبێر و تۆژینەوەکانی هیووم، لە پێکهاتنی بیری پازیتیڤیسمدا دەوری گرینگیان بووە (نراقی؛ ۲۰۰۹).

مرۆڤ بەرەبەرە لەم خاڵە گەیشت کە هێزی ئەو بۆ گۆڕانی دیاردەکان تەنیا دەتوانێ بەرهەمی زانستی ئەو لە یاساکانی سروشت بێ. بە واتایەکی ساکارتر، مرۆڤ بەبێ ناسینی یاساکانی سروشت، ناتوانێ دەستیان تێوەر بدات و بیانگۆڕێ. واتە، دەبێ سروشت ئیزنی ئەم دەستێوەردانەی پێ‌بدات. هەموو زانستەکان لە قۆناغی منداڵیاندا وایان دەزانی کە دەتوانن کاریگەرییەکی مەزن بە سەر دیاردەکاندا دابنێن. لە ڕێبازە سەروو سروشتییەکاندا ڕووداو و گۆڕانە بینراوەکان، بە گۆترە و بەختەکی دەزانران.

کاتێ کە ئاشکرا بوو ئەم روانینە بۆش و بێواتایە، بە چەشنێکی چاوڕاوکەرانە، ئەوانەیان بە بەرهەمی کاریگەری و دەسەڵاتی ئەندێشـەی تـاک لـە رەفتـارە مرۆڤییەکاندا دەزانی. ئـاوەهـا روانگـەیـەک، کـردەی کۆمـەڵایـەتی مرۆڤـی بێسنوور و لەخۆڕا پیشان دەدا. ئەم بۆچوونـە لـە قۆناغـە سـەرەتاییـەکـانی هەموو زانستێکی وەکوو بایۆلۆجی، کیمیا، فیزیا و تەنانەت ئەستێرەناسیدا باو بوو. هەر بەو جۆرەی کە ناتوانین یاسا نـەگـۆڕەکـانی سروشـت بـە گـۆترە و بەختەکی بزانین، دیاردەکۆمەڵایەتییەکانیش خاوەنی یاسا و پێوەری تایبـەت بە خۆیـانن. هـەروەکـوو چـۆن یاسـا سروشـتییەکـانی زانسـتە وردبینانـە و ئەزموونییەکان، دەتوانن داهاتووی هەر خولێـک پـێش‌بـینی بکـەن، کـردەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانی مرۆڤیش لە یاسـایەکـی تایبـەت پێڕەوی دەکەن. بە واتایـەکـیتـر، هـەمـان گیـانی پازیتیڤـی کـە بـە سـەر زانستەکانیتردا زاڵە، بە سەر لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییـەکانیشـدا زاڵـە. ناسـین و فـام کـردنی ئـەو یاسـایانەی کـە بـە سـەر پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵن، بنەمای زانستی مرۆڤ پێک دێنن (عضدانلو، ١٣٨٤).

hidden rape / دەستدرێژی نامووسی نادیار

مـەبـەسـتی مێـری کـاس و هاوکـارانی لـەم زاراوەیـە ئـەو دەسـدرێژیە سێکسیانەیە کە راپۆرت نادرێن. بەڕای ئەوان ئەم دەسـدرێژیانە بـریتین لـە دەستدرێژی بەسەر خزم و ئاشنایان، دۆستی کچ، یان ئەو دەسدرێژیانەی کە لە زانکۆکاندا دەکرێن (*Koss, M. P; 1987*).

authority/ دەسەڵات

لێک‌هەڵاواردنی واتای دەسەڵات و مەشرووعییەت کارێکی زۆر ئەستەمـە. بەڵام کە بتوانین ئەم دوو واتایە لێک هەڵاوێرین و هەر یەکەیان بە جیاوازی

ڕاڤە بکەین، چاکتر لە واتایان دەگەین. زاراوەی دەسەڵات (Authority) لە زاراوەی ڕوومی auctoritas وەرگیراوە کە بە واتای دەسڕاکێشانە بە سەر خەلکیدا. سەرەتا لە گەڵ واتای imperium و potestas جیا بوو، بەلام بەرەبەرە لە گەڵ پلە و پاگەی ئیمپراتۆر و حاکم ئاوێتە بوو. ئەمڕۆکە دەسەڵات بریتیە لە بەهرەمەندی لە ڕادەیەک لە هێزی فەرمی و گوێڕایەڵی خەڵکی و گرتنە دەستی هەندێ بەرپرسایەتی تایبەت لە چوارچێوەو هەلومەرجی تایبەتدا. ئەمڕۆکە ئەوەی خاوەن دەسەڵات بێ، مافی حوکمڕانی هەیە (فردریک؛ ١٩٦٤).

وشەی مەشرووعییەت (legitimacy) ڕەگی لاتینی هەیە، بە واتای یاسا. دەسەڵاتی مەشرووع، دەسەڵاتێکە کە لە لایەن ئەو کەسانەی کە دەکەونە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارەوە، بە ڕەواو گونجاو دەناسرێ. ئاوەها دەسەڵاتێک بە یاسایی، دادوەرانە و ڕەوا دەناسرێ. بۆیە ئاوەها کەسێک بۆی دەلوێ کە لە زۆر کەلکوەربگرێ.

ماکس‌ڤیبێر سێ جۆر دەسەلاتی دەس نیشان کردووەو لێکیهەلاواردوون: دەسەلاتی فەرمی یان یاسایی (official authority)، دەسەلاتی سوننەتی (traditional authority)، دەسەلاتی کاریزماتیک (authority charismatic) (وبر؛ ١٣٨٨).

١- دەسەلاتی فەرمی: بنەمای ئەم دەسەلاتە لە سەر سیستەمی یاسایی و هەلومەرجی فەرمی داڕێژراوە و بە گوێرەی توانایی و لێهاتوویی ئەو کەسە دەسەلاتێکی ڕەسمی تایبەتی پێ دەدرێ. یاسا و هەلومەرجەکان سنووری کەلکوەرگرتن لەم دەسەلاتە روون دەکەنەوە. لە بارودۆخی دەسەلاتداری فەرمیدا، خەلکی دان بە بڕیار و فەرمانەکانی بەرپرساندا دەنێن، چونکە باوەڕیان ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئەم بڕیارانە دەدەن، مافی یاسایی دەسەلاتدارییان هەیە. سەرۆککۆماری ولاتێکی دیموکراتیک تا ئەو کاتەی

سەرۆک کۆمارە کە دەسەلاتی هەیە، بەلام پاش لاچوونی لەو شوێنە، دەسەلاتەکەشی دادەنێ.

٢- دەسەلاتی سوننەتی: بنەمای ئەم دەسەلاتە لە سەر پیرۆز بوونی نۆرم و ڕێسای پێشوونان داڕێژراوە کە لەو ڕێگاوە تاکێک لە سەر تەختی دەسەلات دادەنێن. واتە پیرۆز بوونی کەسێک (لە ڕۆژاوادا لە سۆنگەی پیرۆز بوونی خوێن و ڕەچەڵەک، لە ڕۆژهەلاتدا لە سۆنگەی سەرنجی تایبەتی باب و کالان یان پەروەردگارەوە) دەبێتە هۆی راگوێزانی دەسەلاتێک کە پێشوونان رادە و سنووورەکەیان دیاری کردووە. وەکوو: پادشای بریتانیا و تێزاری رووسیا لە سەردەمێکدا خێوی دەسەلاتێکی بێ‌سنوور بوون؛ کە ئەم دەسەلاتە بناغەی لە نێو سوننەتە حکوومی و پیرۆزەکانی ئەم دوو ولاتەدا بوو.

٣- دەسەلاتی کاریزماتیک: بنەمای ئەم دەسەلاتە لە سەر تایبەتمەندی و توانایە تاکە کەسییەکانی ئەو کەسەدا داڕێژراوە کە فەرمان دەدات. پێڕەوانی ئاوەها ڕێبەرێک نە بە بۆنەی سوننەتەکانی دەسەلات و نە بە بۆنەی یاسا و دەستوورەکانەوە گوێڕایەڵی ئەم کەسەن، بەڵکوو تەنیا باوەڕیان بە خودی ئەو کەسەو توانایی و لێهاتوویەکانیە. هیتلەر، مووسۆلینی و جەماڵ عەبدولناسر و لە کوردستانیشدا مەلاموستەفای بارزانی و قازی محەممەد کەسایەتییەکی کاریزمایان بوو؛ چونکە هەموو کات دەیانتوانی بە هۆی کەسایەتی خۆیانەوە جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە.

بە گوێرەی ئەو پێناسەی کە ڤیبێر بۆ کاریزمای کردووە، ناتوانین پێناسەیەکی کۆمەڵناسانە بدەینە دەست، چونکە دۆخی کاریزما دیارییەکە لە لایەن پەروەردگارەوە بە تاک دەدرێ و شتێک نییە کە بە تێکۆشان بێتە دەست و تاقمێکی زۆر کەم بەشی لێ دەبەن. ڕێبەری کاریزما دەتوانێ بە دانستە و سەرتریەک -کە لە کەسایەتی خۆیدایە- خێرایی بداتە

گۆڕانکارییەکان، یاخۆ بەر بە ئاڵوگۆڕەکان بگرێ. هەروەها دەتوانێ لە پێڕەوانی داوا بکات کە بە ئاوەژووی سونەت و یاسا ببزوونەوە.

دەسەڵاتی سوننەتی/ traditional authority بڕوانە: **دەسەڵات**

دەڤەری شار / suburbs

دەکرێ مێژووی شارگەری بە سێ قۆناغ دابەش بکرێ: سەرهەڵدانی شارە گەورەکان، گەشەسەندنی شارەکان، پەرەسەندنی دەڤەری شارەکان. ئەوەی سەرنجی کۆمەڵناسان، بەتایبەت دیمۆگرافەکان بەرەو لای خۆی رادەکێشێ، ئەوەیە کە سەرهەڵدانی دەڤەری شارەکان هەم بۆتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی جەماوەر و هەمیش بۆتە هۆی گۆڕان لە دابەش کردنی کار و هەروەها بەدی هاتنی کاری نوێ. لە دەیەی ۱۹۷۰دا نزیک بە دە میلیۆن ئەمریکی شارەکانیان بەجێهێشت و روویان لە دەڤەری شارەکان نا. لە مێژووی ئەمریکادا ئەمە یەکەمجار بوو کە خەڵک، شارەکانیان بەجێ دەهێشت و بەرەو دەڤەری شارەکان کۆچیان دەکرد (*The president's National Urban Policy Repory, 1980: ch.1*). ئەم ڕەوتە لە دەیەی ۱۹۸۰دا هەروا بەردەوام بوو، بەڵام پاش ئەوە دیسان شارە گەورەکان کەوتنەوەسەر ڕەوتی پەرەسەندنەوە. لە نێوان سالانی ۱۹۸۰ تا ۱۹۹۰دا شاری ساندیاگۆ ٢٦% پەرەی سەند. ئەو شارانەی کە لەم ماوەیەدا گەشەیان سەند بریتین لە: ئێل‌پاسۆ، لۆس ئانجلێس، جەکسۆن ڤیل. بەڵام شارە کەونەکانی ئەمریکا لە ناوەند و باکووری رۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدا (وەکوو شیکاگۆ، کلیۆلەند و نیۆیۆرک) لە رادەیەکی بەرچاودا دانیشتوانی خۆیان لە دەست دا. ئەم رووداوە باس لە کۆچی خەڵکی، لە زۆزانەوە بۆ گەرمیان دەکات. لە ماوەی دوو دەیەدا، گەشەی دانیشتوانی ئەیالەتەکانی باشوور و باشووری رۆژاوای

ئەمریکا زۆرتر لە دوو بەرانبەری رادەی گەشەی جەماوەری هەموو ولات بوو. لە هەمان کاتدا رادەی جەماوەری ئەیالەتەکانی باکووری ناوەندی و باکووری رۆژهەلاتی ئەمریکا وەکوو خۆی مایەوە. لە دەیەی ۱۹۸۰دا ئەیالەتەکانی ئالاسکا و ئاریزۆنا و نیڤادا زۆرترین رێژەی زۆربوونی جەماوەریان بوو (۳۰%). کالیفۆرنیا، تیگزاس و فیلۆریدا زۆرترین رێژەی وەرگرتنی کۆچەریان بوو. ئەو کەسانەی کە لە نیۆیۆرک و نیۆجێرسی کۆچیان کردبوو، گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان (*Waldrop, J; and T. Exter, 1990: 20-30*).

لایەنگری (بێهۆ) / prejudice

لایەنگری بریتیە لە را و بۆچوونێکی نیگەتیڤ سەبارەت بە تاک، گرووپ یان چینە کۆمەلایەتییەکان. هەروەها بریتیە لە باوەڕ و بۆچوونێکی ساویلکانە و توندڕەوانە سەبارەت بە تاک یان گرووپێک لە خەلکی. رەنگە هەموومان هەست کەین کە دەتوانین بە زانینی تەمەن، رەگەز یان کاری تاکەکان، کەسایەتییان بناسین. ئەم بۆچوونەی ئێمە، پێی دەلێن پێشداوەری؛ واتە بەبێسەرنجدان بەوەی کە بابەتی بەرباسمان مرۆڤە و مرۆڤیش گیاندارێکی پێش‌بینی نەکراوە، هەست دەکەین کە دەتوانین بە زانیارییەکی سەرەتایی وەکوو تەمەن و ... کەسایەتی خەلکیش بناسین. بەم پێیە لایەنگری جۆرێک پێشداوەرییە سەبارەت بە خەلکی، ئەویش بە گوێرەی وێکچوونێکی روالەتی کە ئەو کەسانە لە گەل ئەندامانی‌تری گرووپەکەیان هەیانە. بۆچوونەکانی خەلکی کاتێک دەبنە لایەنگری کە زانیارییە نوێکان نەتوانن ببنە جێ‌نشینی زانیارییەکانی پێشوو و را و بۆچوونی تاک بگۆڕن. بۆ وێنەلە رستەی «رێبین هەرچەند خەلکی لادێیە، بەلام خوێنکاری زیرەک و زانایە»، تایبەتمەندی زیرەک و زانا بوونی رێبین، هیچ گۆڕانێکی لە بیرو بۆچوونی بێژەری ئەم رستەدا بەدی نەهێناوە. ئەم

رستە وامان پـێ دەنوێنــێ کـە خـەڵـکی لادێ نـاتوانن زیـرەک و زانـا بـن. بەواتایەکی‌تر ئەو لایەنگرییە بناغەی لە سەر بۆچوونێکی کلیشەیی دانراوە.

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لایەنگری زۆرتر بـۆ بـاس لـە سـەر گرووپـە نەتەوەییەکان بەکار دەبرێ. لەم بازنەدا یەکدەنگییەکی بەرفـراوان لـە سـەر پێناسە کردنی ئەم زاراوەیەدا هەیە: لایەنگـری بووچـوونێکی «نـەگونجـاوە» سەبارەت بە گرووپێکی نەتەوەیـی (یـان یـەک بـە یـەکـی ئـەنـدامانی ئـەو گرووپە). لە هەموو تەوەرەکـانی‌تـری ئـەم زاراوەیـەدا، واتـای ئـەم زاراوەیـە بەرتەسکتر دەبێتەوە، جا ئەوە لە لایەن کۆمەڵناسـانەوە بـێ کـە دەپـەرژێنـە سەر رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم زاراوە، یان لە لایەن دەروونناسانەوە بێ کە سەرنج بەو تاکەی دەدەن کە بەو چەشنە بیر دەکاتـەوە (گولـد و کولـب؛ ١٣٨٤).

لایەنگری ئایینی/religious prejudice

ئەم زاراوە پیشاندەری بایەخی ئایینە لە ژیـانی تاکـدا. چارلـز گلـۆک لـە نێوان پێنج جۆری دەمـارگیری ئایینیـدا جیـاوازی دادەنـێ (*Glock, C. Y; 1959*):

١-دەمارگیری ئایینی ئەزموونی: ئەم دەمارگیرییە ئاماژەیەکە بە هێز و توانی هەستەکانی تاک لە پێوەندی لە گەڵ ئاییندا.

٢-دەمارگیری ئایینی کلیشەیی یان فەرمی: ئەم جۆرەیان ئاماژەی بـە زۆربوون و دووپاتە بوونەوەی کردەئایینییەکان (وەکوو: پەرستن و رۆیشتن بۆ پەرستنگا) هەیە.

٣-دەمارگیری ئایینی ئایۆلۆجیک: ئەم جۆرەیان ئاماژەیەکە بە ئاسـتی باوەڕی تاک بە تیۆرییە ئایینیەکان.

٤-دەمارگیری ئایینی دوابەدوا: ئەم جۆرەیان ئاماژەیـە بـە دەسـەڵات و

کاریگەری باوەڕەئایینیەکان لە دیاری کردنی هەڵس‌وکەوتە ڕۆژانەکانی تاکدا.

٥- دەمارگیری ئایینی ڕۆشنبیرانە: ئەم جۆرە دەمارگیرییە ئاماژەیە بە زانستی تاک سەبارەت بە مێژوو و تیۆری و بیردۆزەکانی ئاینێکی تایبەت.

بە بڕوای گلۆک هەموو تاکەکان لە سەر یەکێک لەم ڕەهەندانەدا پتر لە ڕەهەندەکانی‌تر پێداگری دەکەن. بەم بۆنەوە، پێوانی ڕادەی دەمارگیری ئایینی زۆر دژوار و ئەستەمە.

state / دەوڵەت

دەوڵەت لەو زاراوانەیە کە بە دژواری بکرێ واتایەک کە جێی پەسەندی هەمووان بێ، بۆی دابنرێ. لە ساکارترین و گشتی‌ترین واتادا بریتیە لە: تاقمێک لە خەڵکی کە لە شوێنێکدا دەژین و بۆ گەیشتن بە هەندێ داخواز و قازانجی گشتی، بە چەشنێکی تایبەت ڕێکخراون و هەندێ لە دەسەڵاتی خۆیان بە کەسانێک ئەسپاردووە تا بۆ گەیشتن بە دۆزێکی بەرزتر یەکگرتووتربن. دیارە ئەم واتایە زۆر بەرفراوانە و زۆر ڕەهەندی‌تر دەگرێتەوە. بەڵام لە کۆمەڵناسی و زانستە ڕامیارییەکاندا، دەوڵەت بریتیە لە لێژنەیێک کە ڕێبەرایەتی ڕامیاری لە ئەستۆ دەگرێ (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

بۆ ڕوون‌کردنەوەی واتای دەوڵەت، ناچارین کە ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە و ئاو لە سەرچاوەوە هەڵینجێنین؛ واتە، دەبێ بزانین کە ئاخێزگەی دەوڵەت کوێ بووە و هۆکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت و ڕەوتی گەشەسەندنی ڕوون بکەینەوە.

دەوڵەتە مۆدێڕنەکان بە هۆی کەوشەنێک کە بە ڕاشکاوی دیاری و پێناسە کراوە، لێک جیادەکرێنەوە و خاوەنی سیستەمێکی ڕامیاری و ئیداری بەربلاو و ناسراون و دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە و لە ئەنجامدا دەتوانن بە هۆی زۆرەوە

دەسەلاتی خۆیان بنوێنن و بە سەر خەڵکدا دایسەپێنن. زۆربەی جڤاکە سەرەتاییەکان، وەکوو کۆمەڵگای بێدەوڵەت ناویان لێ دەبرێ؛ چونکە خاوەنی مەڵبەندێکن کە بە روونی تخووبەکانی دیاری نەکراون و سیستەمێکی سیاسی و ئیداریبان نییە کە بە راشکاوی پێناسە کرابێ. مەڵبەندی ژێر دەسەلاتی زۆربەی ئیمپراتۆرییەکەوناراکان، بە راشکاوی دیاری کرابوو. هەورووەها حکوومەتەکانی میسر و یوونان و چین و میزۆپوتامیا بەبۆنەی سیستەمی ئیداری و ڕێکخراوەیەکی زۆر ئاڵۆزەوە کە بوویان، وێکچوونێکی زۆریان لە گەڵ دەوڵەتە نوێکانی ئێستا هەبوو. هەموو ئەمانە لە واتای ڤیبێریدا دەوڵەت بوون (راش؛ ١٣٨٨). واتای ڤیبێری دەوڵەت بریتیە لە جەخت لە سەر هێزو دەسەلات وەکوو واتایەکی رامیاری. ڤیبێر رای وابوو کە گرینگترین دیاردەی دەوڵەت بریتیە لە هێز و دەسەلات؛ دەسەلاتێک کە ئەندامانی کۆمەڵگایەک بۆ گەیشتن بە بەهاکانیان (وەکوو: ئاسایش، لایەنگری، بەرگری لە دوژمنان، چاودێری بە سەر هەڵسوکەوتی تاکەکاندا و ...) لە خۆیانی دەگرنەوەو بۆ لێژنەو ئەنجومەنێکی تایبەتی رادەگوێزنەوە (وبر؛ ١٣٨٢).

دوو بیردۆزی سەرەکی سەبارەت بە چۆنییەتی بەدیهاتنی دەوڵەت دەسنیشان کراوە کە بریتین لە: بیردۆزی ململانێ، ٢- بیردۆزێ یەکەتیساز (integrative). بیردۆزی ململانێ جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە هۆی بەدیهاتنی دەوڵەتەکان، پێکدادانی تاک یان گرووپ یا جڤاکەکانە. کاکڵە و ناوەرۆکی سەرجەمی بیردۆزەکانی ململانێ ئەمەیە کە ئەو ململانێیانە کە بوونەتە هۆی هاتنەدی دەوڵەتەکان، بۆ نواندنی دەسەلاتیان بووە. بۆچوونی مارکسی لەم بارەوە ئەوەیە کە دەڵێ: دەوڵەت، بەرهەمی خەباتی چینایەتی مێژوویی کە بە بۆنەی شێوازێکی تایبەت لە بەرهەمهێنانەوە هاتۆتەدی. ئەم دوو بۆچوونە زۆرتر سەرنجیان داوەتە دەسەلات و دژایەتییەکانی نێو

کۆمەڵگا. بۆچوونێکی تر لە سەر بیردۆزی ململانێ، تیۆری گرێبەستە (contract). بە گوێرەی ئەم تیۆرییە، دەوڵەت بەرهەمی نیازی تاک بە پشتگیری و لایەنگرییە لە بەرانبەر هێزە ناتەبا و دژبە یەکەکانی نێو کۆمەڵگا. ئەمە بۆچوونێک بوو کە تووماس هابز و جۆن لۆک بەرەنگارییان لێیدەکرد (راش؛ ١٣٨٨).

بیردۆزەکانی یەکەتی‌ساز، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە دان بە سەر ململانێدا دەنێن، روانگەیەکی جیاواز ئاراستە دەکەن. ئەم بیردۆزانە دەبنە دوو دەستە: ١) یەکەتییەک کە بەبۆنەی سنووردار بوونی کۆمەڵگاوە دێتەدی، ٢) یەکەتییەک کە دەبێتە هۆی قازانجی رێکخراوەیی. بیردۆزی سنووردار کردن هان دەدا کە پیشان بدات چلۆن ئەو دەوڵەتانەی بە هۆی کۆسپ و لەمپەری سروشتی وەک کێو و رووبار و دەریا و بیابان و هتدەوە ناتوانن زیادەی دانیشتوانیان بۆ دەرەوەکۆچ بدەن، ناچار دەبن کە رێکخراوێک بە ناوی دەوڵەت بنیات بنێن.هەروەها ئەو قازانجەی کە لە سۆنگەی رێکخستنی دانیشتوانی کۆمەڵگایەکەوە دێتە دەست، یەکێک‌تر لەم هۆوانەیە (راش؛ ١٣٨٨). رێکخستنی ئەندامانی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی دەوڵەت دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کاری کۆمەلایەتی و بازرگانی و بیناسازی و نژیارڤانی. کۆوەبوونی سەرمایە لە نێو کۆمەڵگادا هەل بۆ بەدیهاتنی سەرمایەداری دەڕەخسێنێ و کۆمەڵگا بەرەو دەوڵەتی مودێرن پاڵ پێوە دەنێ.

بە گشتی تەنانەت ئەو نەریتە هزرییانەش، وەکوو مارکسیزم و ئانارشیزم کە بە توندی رەخنەیان لە دەوڵەت گرتووە، دیسان بە وردی و تەکووزی باس لە سەر دەوڵەت دەکەن. لە راستیدا دەبێ بڵێین کە هەنووکە زۆربەی بیرمەندان و زانایانی رامیاری و کۆمەڵناسی و تەنانەت ئەوانەش کە بۆچوونی مارکسییان هەیە، بە نیازی دیتنەوەی واتایەکی نوێ لە چەمکی دەوڵەتن.

مەبەست ئەوە نییە کە پێشتر باس لە سەر ئەم واتایە خرابووە لاوە؛ بەڵکوو واتای دەوڵەت لە هەندێ لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا زۆر باسی لێ نەدەکرا. جێگای سەرسووڕمانە کە هەرچەند زۆر ئاوڕ لە واتای دەوڵەت نەدەدرایەوە، کەچی باس لە ئەرک و کاری دەوڵەت زۆر گەرم بوو. دەبێ ئەوەش بڵێین کە باس لە واتای دەوڵەت لە وڵاتانی ئاڵمانیا و فەرانسە و ئیتاڵیدا هەروا بڕەوی بووە، کەچی لە بریتانیا و ئەمریکادا زۆر نەپەرژاونەتە سەر ئەم بابەتە.

ئاندرۆ ڤینسێنت (وینسنت؛ ١٣٨٥) چوار هۆ بۆ وردبوونەوە لە واتای دەوڵەت هەڵدەژمێرێ کە بریتین لە: یەکەم لە باری کردەیی و پراکتیکییەوە کەمتر بتوانین بیر لە وڵاتێکی بێدەوڵەت بکەینەوە. بوونی دەوڵەت بێجگە لەوەی کە باس لە بوونی کۆمەڵێک دامەزراوە و ئەنستیتۆ دەکات، بریتیە لە بوونی هەندێ روانگە و شێوازی هەڵسوکەوت و کردەیەک کە بە کورتی شارستانێتی (civility) پێدەڵێن.

دووەم ئەوەیە کە دەوڵەت ناوەندێکی پاسیف و بێلایەن نییە کە بە گۆترە هاتبێتەدی. دەوڵەت خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی کۆن و سوننەتییە کە بە درێژایی مێژوو و بەرەبەرە گەشەی‌سەندووە. بەلام بە تەواوی گەیشتن لە بیچم و پێکهاتەی دەوڵەت پێویستی بە فام کردنی بیردۆزە یاسایی و رامیارییەکانی نێو ئەم تایبەتمەندیانەیە. بڕێ جار ئەم تیۆریزە کردنانە پێویستیان بە پێشینەی ئەو تایبەتمەندییانە هەیە، بەچەشنێک کە پاش بەدیهاتنی پێکهاتەکان لە چۆنییەتی بەدیهاتنیان بگەن. بەلام هەندێ جار خودی ئەم بیردۆزانە بوونەتە هۆی بەدیهاتنی دامەزراوەیەکی تایبەت.

سێیەم ئەوەیە کە واتای دەوڵەت بۆ خۆی ئاڵۆزی و لێڵییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، بە تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ واتاگەلی‌تری وەکوو کۆمەڵە، کۆمەڵگا، نەتەوە، حکوومەت، پادشایی، دەسەڵاتداریتی و هتد.

زۆرجار ئەم واتایانە لە گەڵ واتای دەوڵەت تێکەڵ دەبن. هۆی تێکەڵ بوونی ئەم واتایانە، سەرنج نەدانە بە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی ئەم زاراوانە لە بوارە هزرییە جیاوازەکاندا (وینسنت؛ ١٣٨٥).

بە گشتی، دەوڵەت بەو واتایەی کە ئەمڕۆکە باوە، دیاردەیەکی نوێ و تازە داهاتووە. لە رۆژگارانی رابردوودا ژیانی ئاسایی و رۆژانەی خەڵکی لە گەڵ سیاسەت تێکەڵاو بوو. خەڵکی بە ئاسانی نەیاندەتوانی لە نێوان سیاسەت و خزمایەتی، سەربازی و ناسەربازی، ئەرکی کۆمەڵایەتی و یاسا جیاوازی دابنێن. ئەرکەکانی تاک وەکوو سەرپەشتی خێزان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو سەرۆکی هۆز و شەڕکەر، بە یەکسان دەزانران. بە سەرهەڵدانی دەوڵەت، بوارە تایبەت و گشتییەکان لە یەک دابڕان و دامەزراوە رامیارییە پسپۆڕییەکان گەشەیان سەند (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

دەوڵەتی کامەرانی/ welfare state

بەئاوەژووی دەوڵەتی لانی کەم، دەوڵەتی کامەرانی، دەوڵەتێکە کە حکوومەت بە تێوەگلاندنی خۆی لە نێو بەشی تەندروستی، پەروەردە، چێکردنی خانوو، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هتد، دەیەوێ باری ژیانی خەڵکی باشتر بکات. دەوڵەتی ئاسوودەیی، دژکردەوەیەکە لە بەرانبەر ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ کێشە تاکەکەسییەکان بەرهەمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتین و رای وایە کە تەنیا بە هۆی کردەی کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر دەکرێن.

ئاڵمانیا یەکەم وڵاتێک بوو کە بەرنامەی بیمەی تەندروستی و وەنیشتەیی (تەقاعودی)، لە دەیەی ١٨٨٠دا داهێنا و جێبەجێی کرد. لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤) زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە ئەورووپییەکان ئەم بەرنامەیان بەڕێوە دەبرد. پاش دوایی هاتنی شەڕی یەکەم (١٩١٨) وڵاتە ئەورووپییەکان درێژەیان بەم بەرنامەیە دا و هەروەها بیمەی بێکاریشیان لێ

زیاد کرد و پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج کرد. لە سەرەتای دەیەی ١٩٣٠دا دەوڵەتی ئەمریکا دەستی دا بە ئەنجامی ئەم بەرنامەیە. دەوڵەتەکانی کامەرانی، هەم لە وڵاتانی دیمۆکراتیک و هەمیش لە وڵاتانی نیوە سوشیالیستیدا (وەکوو سوید و ئۆتریش) گەشەیەکی بەرچاویان سەندووە (اسکاکپول؛ ١٣٧٦). هەرچەند روانگە و بۆچوونی زۆر سەبارەت بە ئەرک و کار و سنوورەکانی دەستێوەردانە حکوومییەکان جیاوازن، بەڵام ئەم باوەڕەی کە دەوڵەت دەبێ هۆی ئاسوودەیی هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات، لە لایەن هەمووانەوە پەسند کراوە (*Myles, J; 1989*- وەرگیراو لە: عضدانلو).

یەکێکتر لە خاڵە گرینگەکان سەبارەت بە دەوڵەتی ئاسوودەیی، لە ئەستۆگرتنی نەزمی ئابوورییە. بەرلە ڕووبەڕوو بوون لە گەڵ دابەزینی بەتەوژمی ئابووری (لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا) حکوومەتی وڵاتە سەرمایەدارییەکان پێیان خۆش بوو کە ئاوڕ لە بارودۆخی ئابووری نەدەنەوە و هیچ خۆیانی تێنەگلێنن. بەڵام کاتێک لە گەڵ بێکاری، ئاوسانی ئابووری، هەژاری، تێکشکاوی بازرگانان و تاجرەکان ڕووبەڕوو بوون، ناچار بوون کە لە کاری ئابووریدا دەستوەربدەن. مەبەستی گەڵاڵەی نوێی فرانکلین رۆزڤۆلت، لەژێرناوی New Deal (مامەڵەی نوێ)و هەروەها بەرنامەگەلی هاوچەشنن لە وڵاتانی رۆژاوادا ئەوە بوو کە بە هۆی بووجەی دەوڵەتەوە، ئابووری نەتەوەیی ڕێکو پێک بکەن. دۆزی سەرەکی ئەم گەڵاڵەیە ئەوە بوو کە: گەر دەوڵەت کار بۆ خەڵکی دابین بکات، ئەوانیش پارەیەکی زۆرتر بە دەست دێنن و دەتوانن خەرجی بکەن. کە خەڵک پارەیەکی زۆرتریان بۆ خەرج کردن بوو، داخوازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری زۆرتر دەبێ؛ بنکەئابوورییەکان گەشە دەکەن و کارو کەسبی نوێ بەدی دێت؛ بەدیهاتن و گەشەسەندنی ئەم بنکانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانیش کارمەندی زۆرتر دابمەزرێنن. هەروەها حکوومەت دەتوانێ بۆ پاراستن و کارکردنی هەندێ لە کەرتە

ئابوورییەکان، بەرهەمەکانیان بکڕێت و پیتاکێکی کەمتریان لێ بستێنێ. ئەم بۆچوونە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرنامەکانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی حکوومەتەکان (بیمەی بێکاری، قەرز دان بە بنەماڵە نیازمەندەکان و ...) بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زۆر بێتەوە.

زۆربەی خەڵکی ئاسایی وابیردەکەنەوە کە ئەرکی دەوڵەتی ئاسوودەیی یارمەتی ماڵی و خۆراکییە بە هەژاران. ئەم بۆچوونە تەنیا بەشێک لە راستی دەگرێتەوە. حکوومەت لە وڵاتە پیشەسازییە مودێڕنەکاندا ئەرکی بەرەنگاری و پاراستنی سامان، تەندروستی، پەروەردە، خانوو، هەل و مەرجی کار، ئاسایشی هەموو هاووڵاتیانی بە دارا و نەدارەوە لە ئەستۆیە. یارمەتی گەیاندن بە هەژاران تەنیا بەشێک لەو کارانەیە کە دەوڵەتی ئاسوودەیی جێبەجێی دەکات. دەوڵەتی ئاسوودەیی دەبێ ئاسانکاری ئاسوودەیی و خزمەتگوزاری و ئاسایشی دەوڵەمەندەکانیش دابین بکات.

دەوڵەتی لانیکەم/ minimal state

ئەمە دەوڵەتێکە کە تەنیا ئەرکی حکوومی بریتیە لە پاراستنی سەربەخۆیی نەتەوەیی (بەرگری) و ئاسایشی ناوخۆ. دەوڵەت هیچ لە ئازادییە تاکەکەسییەکاندا دەستوەر نادات، مەگەر ئەوەی کە دڵنیا بێ هێمنی و ئاسایشی نەتەوەیی تووشی مەترسی هاتووە. خاڵی بەرانبەری ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتی کامەرانیە.

دەوڵەتی نەتەوەیی/ nation-state

ئاخێزگەی سەرەکی ئەم زاراوەیە ئەورووپا بووە و پاش گرێبەستی ئاشتی ڤێستفالیا (westphalia) لە ١٦٤٨دا و پاش دوایی هاتنی شەڕە سی‌ساڵانەکانی ئەرووپا، بە چەشنی فەرمی دانی پێدا نرا. لەوە بە دوا زۆربەی

ولاتـانی جیهـان، لـە نێـو سـنوورێکی تایبـەتـدا خۆیـان لـە گـەڵ ئـاوەهـا سیستەمێکدا گونجاند. کێشە و پرسی ئاوەها سیستەمێک لەوکاتەوە دەستی پێکرا کە چەن نەتەوەی جیاواز، لە نێو سنوورەکانی دەوڵـەتێکـدا لـە دەوری یەک کۆوە کران. هەندێ لەم کەوشەنانە بە هۆی ولاتە کۆلۆنیالیسـتەکانـەوە دیاری کراون: وەکوو زۆربەی ولاتە ئەفریقییەکـان و بـەشـەکـانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. هەندێتر لەم سنوورانە بە هۆی هێرش و داگیرکـردنی دراوسـێکانیانەوە دیـاری کـراون. لـە هـەر دوو جۆردا ناتەبایی و نایەکسانی کولتووری و نـەتـەوەیـی دەتوانـێ ببێتـە هـۆی بەدیهاتنی کێشە و پرسی جۆراوجۆری رامیاری. لـەم سـەدەیـەدا کـە تێیـدا دەژین، بینەری هەڵوەشانی ولاتـانی یـەکیـەتی سۆڤـییەت و یووگوسـلاوی بووین، کە سەردەمێک لە ریزی ولاتانی پیشەسازی بەهێز و سـەقـامگرتوودا بوون؛ کەچی ئێستا بوونەتە یەکەگەلی بچـووکتر و یـەکسـانتری دەوڵـەت-نەتەوە، یا دەوڵەتی نەتەوەیی. هەروەها دەبیـنین کـە لـە ولاتـانی عێـراق و ئێران و تورکیا و سووریادا بـە درێژایـی ئـەو سـالانەی کـە بـەڕێـوە بـردن و ئیدارەی ئەم ولاتانە کەوتۆتـە دەسـت تـورک و عـارەب و فـارس، نـاکۆکی و ناتەبایی نێوان ئەم نەتەوانە نەبڕاوەتە. راستە دەسەلاتداری بەشی هەرە زۆری رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە دەست حکوومەتی عوسمانیدا بـوو، بـەلام شـێوازی ئیدارەی ئەم حکوومەتانە بە چەشنێک بوو کە کەمتر لە کارو بـاری نـاوخۆی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دەستیان وەردەدا و هەر نەتەوەیەک وەکوو ولاتێکـی نیوەسەربەخۆ، ئەرکی حوکمداری خۆی لە ئەستۆی خۆیدا بوو. پاش شـەڕی جیهانی یەکـەم و هـەلـوەشـانی ئیمپراتـۆری عوسمـانی و دابـەش کـردنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە لایەن بریتانیا و فەرانسـەوە، ناکۆکییـەکـانی نێـوان کورد و دراوسێیەکانی پەرەی سەند؛ بە چەشنێک کە ئەنجامی ئەم ناتەباییـە دابەش بوونی ولاتی عەراق بووە. رەنگە لـەم سیسـتەمـە فیدرالـییەدا کـورد

هێشتا لە ژێر چەتری عەراقدا بێ، بەڵام بێ گومان داهاتووی ئەم دابەش بوونە، دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم پرۆسەیە، واتە دابڕانی کورد لە تورک و فارس و عەرەبی سوریا، بۆ ئێران و تورکیا و سووریاش پێش‌بینی دەکرێ. بێ‌شک ئەم دابڕانە ئاکامی ناتەبایی نەتەوەیی و کولتووری نێوان نەتەوە جیاوازەکانە کە لە نێو بازنەی سنووری وڵاتێکدا کۆوە کراون.

بە پێچەوانە، سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو شتەی کە ئەمڕۆکە پێی دەڵێن ناسیۆنالیزم یا نەتەوەخوازی. نەتەوەخوازی بریتیە لە ئەمەگداری و دڵسپاردنی هاووڵاتیان بە نەتەوەکەیان. بە بڕوای مارکس، کرێکاران دەبێ بەجێی ئەمەگدار بوون بە نەتەوە، ئەمەگداری چینەکەیان بن؛ بەڵام لە کردەدا ئەم راستییەپیشان درا کە لە کاتی پێویستدا کرێکاران زۆرتر لایەنگر و ئەمەگداری نەتەوەیانن تا چینەکەیان.

خاڵێکی‌تر کە دەبێ سەرنجی پێبدرێ و لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە هەرچەند هێز و وزەی نەتەوایەتی دەبێتە هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتن، بەڵام هەندێ جار حکوومەت هان دەدات بۆ ئەوەی کە هەرچەند گوشارێکی زۆریش بە سەر هاووڵاتیاندا بێ، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لە گەڵ حکوومەتانی‌تر رێک‌نەکەوێ.

دەنگدان (هەڵبژاردن) / election

مەبەست لە دەنگدان، پرۆسەیەکە کە تاقمێ لە خەڵکی، یەک یان چەن کەس بۆ وەئەستۆ گرتنی هەندێ ئەرک و پلە و پاگە هەڵدەبژێرن.

گەر ژمارەی کاندیداکان پتر لە ژمارەی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە بێ کە بڕیارە بخرێنە ئەستۆی کاندیداکانەوە، هەروەها گەر ژمارەی دەنگدەرانیش زۆر بن، یاخۆ بەرپێوار بوون و نهێنی بوونی دەنگدانەکە زۆر گرینگ بێ،

باشترین شێواز، هەمان شێوازی دەنگدانە.لە دەنگداندا دەنگدەران ئەنـدامانی پاڕلەمان یاخۆ هەر ئەنجومەنێکی‌تر هەڵدەبژێرن.

لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەڕلەمان کـە ژمـارەیـەکـی زۆر لـە خەڵک دەبێ دەنگ بدەن، وا باوە کە دەنگدانەکە لە ماوەیەکی درێژدا —نابـێ کەمتر لە رۆژێکی تەواو بێ- بـەڕێـوە دەبـرێ. بـەرپرسـەکـانی حکوومـەت دەنگدانەکە لە نێو قوتابخانەکان یاخۆ لە بینا گشتییەکانـدا بـەڕێـوە دەبـەن. دەنگدەرانیش بۆ دەربـڕینی رای خۆیـان بـۆ ئـەو شـوێنانە دەڕۆن. بـۆ هـەر دەنگدەرێک بەڵگەیەک رەچاو کراوە تا ناوی کاندید یان کاندیدەکانی خـۆی تێیدا بنووسێ. ئەم کارە —واتە پڕ کردنەوەی بەڵگەکە- زۆرتر لە نێو هـۆدەی دەنگدا کە هۆدەیەکی چوار تەنیشت گیراوە بەڕێوە دەبرێ تا کەس نـەتوانـێ سەیری چۆنییەتی پڕکردنەوەکەی بکات. پاش پڕکردنـەوە، پـەڕەکـەی دەق دەکا و لە نێو دەفرێکیدا دادەنێ. پـاش دوایـی هـاتنی دەنگـدان، بـەڵـگەی دەنگەکان لە لایەن نوێنەرانی کاندیداکانەوە دەژمێردرێن و نوێنەرەکانیش بە سەر ژماردنەکەدا چاودێری دەکەن تـا دەنگـەکـان بـە چـاکی بژمێـردرێن و بەڵگەی زەغەڵ نەخرێتە نێو دەنگەکانەوە.

چەن جۆر دەنگدان هەیە. رەنگە دەنگدەر تەنیا بە یەک کەس دەنگ بـدا، یاخۆ رەنگە بە چەن کەس دەنگ بدا (لە کاتێکدا کە چـەن ئـەرک و پلـە بـۆ تەر خان کردن بێ)؛ یان رەنگە سـیایی کاندیـداکان بـە ریـز بنووسـرێ. لـە هەندێ کۆمەڵگای یەک پارتیدا تەنیا ناوی یەک کەس لە نێـو بـەڵـگەکانـدا بووە و دەنگدەر ناچار بووە یان دەنگەکەی خۆی پووچەڵ کاتـەوە یـاخۆ هـەر بەو کەسە دەنگ بدات. ئاوەها بابەتێک بەدەنگدان نایەتە ئەژمار.

لە بارو دۆخی ئێستای دونیادا، خەڵکی زۆرتر دەنگ بە پارتـەکـان دەدەن تا کەسایەتییەکی تاک.

چونکە زۆربەی دەنگدانەکان لە ژێر کاریگەری پارتەکاندا بە ڕێوە دەبرێن-

بە چەشنێک کە هیچ کاندیدێک بێجگە لە کاندیدی پارتەرامیارییەکان، هیوای سەرکەتنی بۆ نییە- بۆیە پڕۆسەی هەڵبژاردنی کاندیدەکان لە لایەن پارتەکانەوە، خۆی دەبێتە دەسپێکێکی گرینگ بۆ دەنگدانی ڕەسمی کە تێیدا دەنگدەران لە نێوان پارتەکاندا خەریکی هەڵبژاردن دەبن. لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا دەنگدان کارێکی ناوخۆیە و وەکوو ئەوەیە کە پارتێک خەریکی کارو باری تایبەتی خۆی بێ. بەڵام لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە گشتی گرینگییەکی زۆر دەدەنە هەڵبژاردنی کاندیدەکان و پارتەکان دەنگدانێکی سەرەتایی بەڕێوەدەبەن. لە زۆربەی ئەیالەتەکانی ئەمریکادا ڕێکوپێک کردنی دەسپێکی دەنگدان بە گوێرەی یاسا و لە لایەن بەرپرسایەتییە دەوڵەتییەکانەوە بەڕێوە دەبرێ (گولد؛ ١٣٨٤).

دەنگۆ/ rumor

واتای ئەم زاراوەیە بریتیە لە هەواڵ و دەنگ و باسێکی ناڕاست کە بە شێوازێکی نافەرمی لە نێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەنگۆ سەبارەت بە خەڵک یاخۆ ئەو ڕووداوانەیە کە خەڵکی تامازرۆی بیستنیانن. خەڵکی لە کاتی قەیران، سانسۆری زۆر، سەرکوتی رامیاری یاخۆ ئەو کاتانەی کە لەژێر زەخت و گوشاری دەروونی و ڕۆشنبیرانەدان، زۆر بۆ وەرگرتنی دەنگوباسی ناڕاست یان دەنگۆ تەیارن و بۆ خۆیان لە بڵاوکردنەوەیدا بەشداری دەکەن. لە ئاوەها هەلومەرجێکدا ئەوان پێیان خۆشە کە دان بە هەموو یان بەشێک لەو دەنگوباسانەدا بنێن. دەنگۆکان دەورێکی سەرەکییان لە هەلسوکەوتی رامیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری خەڵکدا هەیە. حکوومەتەکان زۆرجار لە دەنگۆ بۆ زانینی را و بۆچوونی خەڵکەکەیان کەڵکوەردەگرن تا بە گوێرەی ئەو بۆچوونانە، ڕەوتی خۆیان ببەنە پێشەوە. بۆ وێنە ئەم دەنگۆیە لەنێو کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە کە لە ساڵی داهاتوودا نرخی بنزین دوو

بەرانبەر دەبێتەوە. ئەگەر خەڵکی لە بەرانبەر ئەم دەنگۆیە هیچ دژکردەوەیەکیان نەبێ، ڕەنگە نرخی بترین گرانتر بکرێ و بەرپرسە حکوومییەکان بە چەشنێکی فەرمی ئەو گران بوونە ڕادەگەینن. بەڵام گەر ئەم دەنگۆیە لە گەڵ دژایەتی و نارەزایەتی خەڵک ڕووبەڕوو بێ، ڕەنگە حکوومەت لە کردەی خۆی بۆ گرانتر کردنی بەنزین پاشگەز بێتەوە و تەنانەت ڕەنگە یەکێک لە بەرپرسەکان بە چەشنی فەرمی ڕابگەینێ کە گران کردنی بەنزین دەنگۆیە و حکوومەت ئاوەها نیازێکی نییە.

بەگشتی لە ئێراندا ئەم شێوازە زۆر باوە و دەتوانین بڵێین کە خەڵکی پێی ڕاهاتوون. حکوومەت هەرجار بۆ کارێکی ئابووری یان ڕامیاری کە دەیەوێ ئەنجامی بدات، دەنگۆیەک بڵاو دەکاتەوە، وەکوو گران کردنی هەندێ کاڵای پێویست بۆ ژیانی خەڵکی. بۆ وێنە دەوڵەت دەنگۆیەک دەردەکا کە نرخی فلان کاڵا دوو بەرانبەر دەبێتەوە، پاش ماوەیەک یەکێک لە بەرپرسەکان لە تەلەفزیۆندا ڕادەگەینێ کە ئەم دەنگۆیە درۆیە و ئەو کاڵا دوو بەرانبەر نابێتەوە و تەنیا ٥٠٪ نرخی گران دەبێت. خەڵکی وەکوو ئەوەی کە نرخی ئەو کاڵایە دابەزیبێ، زۆر شادوشوکر دەبن و خۆشحاڵن لەوەی کە نرخی ئەو کاڵایە بەجێی ١٠٠٪، تەنیا ٥٠٪ گرانتر بووە. ئەو شێوازە بە ڕادەیەک لە ئێراندا دووپاتە کراوەتەوە، کە بۆ زۆربەی خەڵکی بە ئاسانی پێشبینی دەکرێ.

empty nest syndrome /دیاردەکانی هێلانەی خاڵی

هەندێ لە توێژەران لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا گەیشتوونەتە ئەم دەرەنجامەی کە قەیرانی نیوەنەتەمەنی ژنان لە گەڵ ئەو قەیرانەی پیاوان لەم تەمەنەدا تووشی دەبن، جیاوازە. هۆی نارەزایەتی ئافرەتان لەم تەمەنەدا ئەوەیە کە منداڵانیان باڵەوازە دەبن و هێلانەکەیان بەجێ دێڵن و

هەریەکەیان دەڕۆن بە دووی کارو باری خۆیاندا، کەچی لەم لاشەوە، مێردەکانیان هێشتا خەریکی کاری خۆیانن. لەم بارودۆخەدا، ژنان هەست بە بۆشاییەک لە ژیانیاندا دەکەن.

بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە کە سەرنجێک بدەینە ئەو دابەشکردنەی کە شالا ئیعزازی لە کتێبی کۆمەڵناسی خێزاندا هێناویە. تەمەنی خێزانی ناوکی بە پێی ئەو دابەش کردنە دەبێتە شەش کەرت کە بریتیە لە: ١) هاتنەدی، کە لەم قۆناغەدا کچ و کوڕی لاو پێکەوە ژیانی هاوبەش هەڵدەبژێرن. تەمەنی کوڕی ئێرانی لەم قۆناغەدا ٢٤/٦ ساڵە و تەمەنی کچ ٢٠/٩ ساڵ؛ ٢) پەرەسەندن، لەم قۆناغەدا بە لە دایک بوونی یەکەم منداڵ کە پاش دوو یا سێ ساڵ دوای ژیانی هاوبەش دێتە دونیاوە، خێزانی دوو کەسی پەرە دەستێنێ و دەبێتە سێ کەس. دایک زۆرتر سەرقاڵی راگەیشتن بە منداڵە و ئەو هەل و کاتەی کە بەر لە مناڵداربوون هەبووی، نایمێنێ؛ دایکی ئێرانی لەم قۆناغەدا تەمەنی وا لە نێوان ٢٣-٢٤ساڵدا؛ ٣) گەشەی تەواو، لەم قۆناغەدا کە منداڵی دووەم و هەندێ جار سێیەم لەدایک دەبن، تەمەنی دایک دەگاتە ٢٨ ساڵ. ئەم قۆناغە بۆ دایک زۆرترین سەرقاڵی هەیە. دایک هەموو خەم و پەژارەیەکی دەبێتە منداڵەکانی. ئەم قۆناغە بە قۆناغی دایکی چالاک دەناسرێ و دایک بۆ ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵ لە حەوتەدا نزیک بە ٨٤ کاتژمێر کار دەکات. کارەکانی بریتین لە ماڵداری، بردن و هێنانی منداڵ بۆ قوتابخانە، راگەیشتن بە خوێندنی منداڵان، چاودێری بە سەر راهێنان و پەروەردەی منداڵان (سگالن؛١٣٧٠)؛ ٤) چوونەوە یەک، لەم قۆناغەدا یەکەم منداڵ زەماوەند دەکات و ماڵی بابی بەجێ دێڵێ. نەختێ لە کارەکانی دایک کەمتر دەبێتە و دایک بە منداڵانی تری زۆرتر رادەگات. لەم قۆناغەدا چونکە منداڵان گەورەتر و سەربەخۆترن، دایک هەل و کاتی زۆرتری هەیە و دەتوانێ خەریکی کاریتر

بێ؛ ٥) بەتەواوی هاتنەوەیەک، لەم قۆناغەدا دوایین منداڵیش زەماوەند دەکات و دەڕوا. لەم قۆناغەدا دایک ئەرکەکانی پێشووی زۆر کەمتر دەبنەوە و کەچی هەندێ ئەرکی نەگۆڕی وەکوو چێشتلێنان و خاوێنکردنەوەی ماڵ هەر درێژەی هەیە، بەڵام ئیدی منداڵانی ماندوو و برسی نین کە خێرا بێنە سەر سفرە و چێشتەکەیان بخۆن، یاخۆ بە یاری کردن خانووەکە پیس بکەنەوە؛ ٦) دوایی هاتن، لەم قۆناغەدا بە گوێرەی ئەوەی کە هیوا بەژیان لەنێو پیاواندا کەمتر لە ئافرەتانە، پیاو دەمرێ و ژن بە تەواوی تەنیا دەمێنێتەوە و ئەویش پاش دوو یان سێ ساڵ دەمرێ و نامەی خێزان بە تەواوی دەپێچرێتەوە و دوایی دێ (اعزازی؛ ١٣٨٨).

بە سەرەنج دان بە تەمەنی خێزانی ناوکی و ئەرکی دایک لەنێو خێزاندا کە بۆ ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵ خەریکی چاودێری و ڕاهێنان و بەخێو کردنی منداڵانە، لە قۆناغی هاتنەوەیەک و بەتەواوی هاتنەوەیەکدا دایک کە ئەرکەکانی تووشی گۆڕان دێن و سەرقالیەکەی پێشووی نامێنێ، تووشی بۆشاییەکی دەروونی دێ و بەرەو کزی و ژاکان دەڕوا. لەم قۆناغەدا تەمەنی دایک لە نێوان ٤٥-٤٧ ساڵدایە، دیارە هێشتا تەمەنی بە سەرنجدان بە هیوای تەمەن کە بۆ ژنان نزیک بە ٧٠ ساڵە لە ئێراندا، نزیک بە ٢٥-٣٠ ساڵی ماوە. دایک هەست بەوە دەکات کە پلە و پاگەی لە نێو خێزاندا هاتۆتە خوارەوە و ئەو تواناییەی کە پێشتر بووی نەیماوە.

گرینگترین کێشەی ئەم ژنانە پڕکردنەوەی کاتەکانیانە. چونکە کاری ماڵ ناتوانێ هەموو کاتیان پڕبکاتەوە. لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینیدا بۆ یەکەم جار پزیشکەکان تێگەیشتن کە ژمارەیەکی زۆر و سەرنجڕاکێش لە ژنانی نێوە تەمەن بە هۆی هەندێ ئێش و نەخۆشییەوە کە هیچ هۆیەکی ئاشکرای نەبوو، بە زۆری سەردانی پزیشکەکان دەکەن. ئەمە بوو بە هۆی تۆژینەوەیەک لە سەر ئەم تەوەرە. تۆژەران تێگەیشتن کە ئەم نەخۆشیانە

هیچ هۆیەک بێجگە بێکاریان بۆ نییە و تەنیا کێشەی ژنان ئەوەیە کە نـازانن چلۆن کاتی خۆیان بە کار و چالاکی جۆراوجۆر پڕبکەنــەوە (فریـدن؛ ١٩٧٠). سەرەتا تۆژەران پێیان وابوو کە ئەمــە ناکۆکییــەکــی دەروونی ئـافرەتانــەیــە؛ کەچی لەم سالانەی دواییەدا کە ژنانیش زۆرتر هەلی کار لـە دەرەوەیـان بـۆ رەخسا، تێگەیشتن کە ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، تووشی ئـەم بۆشاییە نایەن. بەم جۆرە تێگەیشتن کە ئەم ئالۆزی و ناکۆکییــە بـە بۆنـەی بێکاری و بێکەڵکیەوە بوو کە ئافرەتان تووشــی دەهـاتن، نـەک ئـەوەی کـە نەخۆشییەکی دەروونی ژنانە بێ (گلن؛ ١٩٧٥).

dialectic /دیالکتیک

مێژووی رەسمی واتای دیالکتیک دەگەڕێتەوە بۆ کانت، بـەلام بـە گشـتی لـە سەردەمی هێگڵ و پاش ئەو بە هۆی بەرهەمــەکـانی مارکســەوەبـوو کـە واتـای دیالکتیک لە لایەن هەمووانەوە پێشوازی لـێدەکـرێ و واتایـەک لـە پێـوەنـدی راستەوخۆ لە گەڵ زانستە کۆمەلایەتییەکانی پێدەدرێ.

لە ئاسەوارەکانی هێگڵدا وەکوو بەرهەمــەکـانی مـارکس، واتـای دیالکتیـک و واتای دژایەتی کە لە گەڵیدایە، فرە واتایین؛ بـەلام لـە هـەردوو حاڵـەتـدا واتـای دیالکتیک بریتیە لە پەیدۆزی بنەڕەتی دیاردە کۆمەلایەتییەکان. بەم چـەشـنەی کە ئەکتەرە کۆمەلایەتییەکان لە رێی هەمان ئارمانجێک کـە بـە دوویـدا دەڕۆن، دەتوانن هەڵومەرجێکی جیاواز یا تەنانەت دژ بەو دۆزەی کە دەیانویست، بـەدی بێنن. لە دیاردەناسی رۆحدا، هێگڵ لە وێنەی کۆیلـە و خـاوەن کۆیلـەدا ئـاوەهـا پرۆسەیەک باس دەکات: خێوی کۆیلـە دەیـەوێ کـە کۆیلـەکـەی، ئـەو وەکـوو خاوەنی خۆی بناسێ، بەلام بە هۆی هەمان ویستەوە، دان بە مرۆڤایەتی کۆیلـە و هاوزات بوونی خۆی و کۆیلەدا دەنێ (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

بە گشتی مەبەست لە دیالکتیک بریتیە لە گەڕان بە دووی راستەقینە لـە

ڕێی باس و وتوویژەوە. دیالکتیک لە ئینگلیزیدا هاوواتایە لـە گـەڵ زاراوەی لۆجیک؛ هەروەها ئاماژە دەکات بە شەڕە قسەی لۆجیکی.

دیالکتیک –کە ڕەنگە لە ئەندێشەی مارکسیدا پتر لە هەر تـەوەرێکـی تـر باسی لە سەر کرابێ– دوو بابەتی سەرەکی دێنێتە ئاراوە کە باسی فەلسـەفی مارکسیستی لە سەر دەڕوا: واتە کاکڵەی ئەو باسەی مارکس لە هێگڵی قەرز کردووە و ئەم بۆچوونەی کە مارکسـیزم بـۆ خـۆی زانسـتێکە. لـە نـەریـتی مارکسیدا گشتیترین جەخت و پێداگرییەکان لە سەر ئەم واتایە بـریتین لـە ١) وەکوو شێواز و ڕەوتێک، هەروەها باوترین شێوازی زانستی کە دیـالکتیکی مەعریفەناسی (epistemology) وەکوو نموونەیـەک دێنێتـەوە؛ ٢) کۆمـەڵـە یاسا یا بنەمایەک کە لە سەر بەشێک یان سەرجەمی واقعییەت فەرمانڕەوایی دەکات، واتە دیالکتیکی ئێگزیستانسیالیستی؛ ٣) بزاوتنی مێژوو، دیالکتیـک لە سەر پێوەری پێوەندی. هەر سێکی ئەم بابەتانـە لـە مارکسـیزمدا دیـارن. بەڵام پارادایمەکانی بریتین لە بیرو ڕا دەربڕینەکانی مارکس لە *سـەرمایـەدا*، فەلسەفەی سروشت کە ئەنگلس لە ئانتیدوورینگدا دێنێتیە ئاراوە؛ هەروەهـا هێگلیـانیزمی دەرەوەی هێگڵـی لووکـاچ، خـولی سـەرەتاییـە لـە مێـژوو و ئاگەداری چینایەتی؛ پەرتووکێ کە دەکرێ بە بەڵگەکانی بنیاتنـانی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانی مارکسی، ماتریالیسمی دیالکتیکی و مارکسـیزمی ڕۆژاوای بزانین (باتامور، کیرنن، میلیبند؛ ١٣٨٨).

دیمۆکراسی / democracy

دیمۆکراسی سیستەمێکی ڕامیارییە کە جەخت لە سەر ئەوە دەکـات کـە دەسەڵات لە دەستی خەڵکدا بێ. ئەم زاراوە لە زمانی یوونانییەوە سـەرچـاوە دەگرێ و لە دوو بەشی Demo (خەڵک) و Kratein (حکوومـەت کـردن) پێک هاتووە. کەواتە لە باری زاراوەییەوە دیمۆکراسی بریتیە کە حکوومەت و

دەسەلاتداریتی خەلکی بە سەر خۆیاندا، یاخۆ حکوومەت بە سەر کۆمەلگایەکدا بە هۆی ئەندامانی خودی ئەو کۆمەلگاوە (عضدانلو، ١٣٨٤).

دیمۆکراسی لە گشتی‌ترین واتایدا ئاماژە دەکات بە شێوازی ژیانی کۆمەلگایەک کە بە هەر تاکێک ئەو مافە دەدرێ تا لە بەهاکانی ئەو کۆمەلگایەدا بە چەشنێکی سەربەستانە بەشداری بکات. بە واتایەکی‌تر، دیمۆکراسی بریتیە لە شوێنگەی ئەندامانی کۆمەلگا بۆ بەشداری سەربەستانە لەو بڕیارانەی کۆمەلگا کە ڕاستەوخۆ لە گەڵ هەندێ ڕەهەندی ژیانی تاکی و کۆمەڵی ئەندامان پێوەندی هەیە. بەرتەسکترین و سنووردارترین واتای ئەم زاراوەیە بریتیە لە مافی بەشداری ئەندامانی کۆمەلگایەک لە بڕیارە رامیارییەکانی کۆمەلگا (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

لە باری مێژووییەوە زاراوەی دیمۆکراسی لە سنووردارترین واتاوە بەرەو گشتی‌ترین واتا هاتووە. هەرچەند پێشتر هەندێ واتای گشتی‌تر هەبوون، بەڵام زۆرتر پێوەندییەکی ئەوتۆیان لە ناودا نەبووە. تا ئەو جێگای کە دیمۆکراسی پێوەندی بە بیردۆزێک سەبارەت بە حکوومەتەوە بێ، دوو واتای سەرەکی بۆی دەستنیشان کراوە کە ڕەنگە لە گەڵ یەک ناتەبا بن. یەکێک لە واتاکان جەخت لە سەر فەرمانبەرداری لە ویستی خەلک دەکات، واتای دووەمیش پێداگرێ لە سەر بەشداری سەربەستانەی یەکبە یەکی تاکەکان لە هاتنەدی ئەم ویستانەدا دەکات. بێ‌شک ئەو واتایە کە ئەمڕۆکە دیمۆکراسی هەیەتی، جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ ئەو واتا سەرەتاییەی کە لە یووناندا بووە، هەیە. بەئاوڕدانەوەیەک بۆ حکوومەتی ئاتین ئەم ڕاستییەمان لێ ڕوون دەبێتەوە:

لە ناسینی ناوەرۆکی دیمۆکراسیدا، پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە بزانین کاتێک دەڵێین حکوومەتی ئاتین بەر لە سەدەی پێنجمی بەر لە زایین دیمۆکراسی بووە، ئایا ئەو دیمۆکراسییە لە گەڵ ئەم دیمۆکراسییەی ئەمڕۆ

کە لە ولاتانی رۆژاوادا هەیە، وەکوو یەکن یان نە؟ بێگومان نە. لە نێوان ئـەم دوو جـۆرە دیمۆکراسـییەدا جیاوازیـەکـان زۆر زەقـن. لـە رژیمـی ئاتینـدا دیمۆکراسی راسـتەوخـۆ و بـێناونجییـە. لێژنـەی هاوولاتیـان کـە ژمـارەی ئەندامانی (نە نوێنەرەکانی) قەد پتر لە بیستهەزار کەس نەبووە، راستەوخـۆ و بە گوێرەی زۆرترین دەنگەکان بۆ کارە گشتییەکانی کۆمـەڵـگادا بـڕیاریان دەدا. لە ئاتیندا مافی هاوولاتی بوون تایبەت بە ژنان و پیاوانی سەربەسـتە و کۆیلەکان و بیانیەکان هیچ بەشدارییەکیان تێدا نییە. هەر بەو چەشنەی کـە هەڵبژاردنی بەردەوامی «پریکلس» وەکـوو «ئێسـتراتێژ» پیشـان دەدات کـە دادوەرەکان لە بەڕێوەبردنی کارو باری دەوڵەتدا دەسەلاتێکـی زۆریـان بـووە؛ ئەم راستییە لە روانینی یەکەمدا و لە چەشنی هـەڵـبژاردنیاندا دەرناکـەوێ. ئەمانە بە پێچەوانەی ئەوەی کە رۆسۆ پێداگری لە سەر دەکات، بـەرپرسـانی ساکاری حکوومەت نین، بەڵکوو زۆربەیان خەڵکخەڵەتێن یا خـاوەن کـاری رامیارین. بەم چەشنە، حکوومەتی ئاتین دیمۆکراسییەکـی راسـتەوخۆیـە و هاوولاتیـان کـە کـەمینـەیـەک لـە سـەرجـەمـی دانیشـتوانن، راسـتەوخـۆ دەسەلاتداری دەکەن.

ریمۆن بۆدۆن لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی رەخنەگرانـەدا دەڵـێ: بێنیـامین کۆنستان (١٧٦٧–١٨٣٠) ئەم شێوازە دیمۆکراسییە لە گـەڵ ئـەو شـتەی لـە نـاوەنـدە رامیارییـەکـانی ئـەورووپـای نوێـدا دیـارە، بـە جیـاواز دەزانـێ. دیمۆکراسییەئەورووپیـەکـان پلۆرالیسـتن (چـەنـد پـارتین) و نوێنـەران بـە نوێنەرایەتی خەڵکەوە حکوومەت دەکـەن. لـەم دیمۆکراسـییانەدا بـە هـۆی هۆکارەکانی چاودێرییەوە، جڵەوی حکوومەتکەرەکان لە دەستی خەڵـکدایە. لەم رژیمـە رامیارییـەدا دابـەش کـردنی کـار، پێشـکەوتـووە و کۆمـەڵـگای شارستانی -کە تێیدا چینی ناوەندی چەندایەتی بیرو ڕاکان و قازانجەکانیـان بە ڕەوا دەزانن- هاتۆتە دی (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

کۆنستان دەیەوێ بە پیشان دانی جیاوازی نێوان دیمۆکراسی راستەوخۆ (ئاتینی) و دیمۆکراسی نوێنەرایەتی، چییەتی و ناوەرۆکی ملهۆڕی دیمۆکراسی راستەوخۆ لە واتای رۆسۆیی ویستی گشتیدا ئاشکرا بکات و لە کردەدا پەسنی دیمۆکراسی بە شێوازی بریتانی بکات. دیمۆکراسیەک کە کۆنستان لایەنگری لێ دەکا، لە دیمۆکراسی بریتانی و ئەمریکیەوە سەرچاوەدەگرێ و دەتوانین پێی بڵێین دیمۆکراسی لیبراڵ و واتا رۆسۆییەکەی بە ناوی دیمۆکراسی رادیکاڵ ناو ببەین.

جیاوازییەک کە لە نێوان ئەم دوو جۆرە دیمۆکراسییەدا هەیە، هەم پێوەندی بە بنەما رێکخراوەییەکانەوە هەیە و هەمیش بە چۆنییەتی سیستەمی ئەنستیتۆکانەوە. گەر لە روانگەی زنجیرەی پێگەکانی ئەو بەهایانەوە سەیری بکرێ کە بەڵێنی بەدیهاتنیان دەدرێ، دیمۆکراسییەکان ناچارن دەست بدەن بە پۆلێن کردنی دروشمەکانی شۆڕشی مەزنی فەرانسە؛ واتە: ئازادی، بەرانبەری، برایەتی. لە دیمۆکراسی لیبراڵدا گرینگتر لە چەمکەکانی‌تر، ئازادییە؛ واتای ئازادی ئەوەیە کە دەوڵەت مافی ئەوەی نییە کە تەگەرەیەک بخاتە نێو سەربەخۆیی ئەندامانی کۆمەڵگا و لە نێو بازنەی قازانجە تاکەکەسییەکانیدا دەستوور بدات؛ مەگەر بە هۆی قازانجێکی گشتییەوە کە راست و دروستبوونی لە لایەن هەمووانەوە دانی پێدا نرابێ. لەم جۆرە دیمۆکراسییەدا یا بە هۆی ئەوەوە کە هەلو مەرجێکی گونجاو بۆ هاتنەدی سەربەخۆیی و ئازادییە تاکەکەسییەکان هەیە، یا بە هۆی ئەوەوە کە بە نیازە هەلومەرجی پێویست بۆ گەیشتن بە حکوومەتی کەسایەتییە شیاوەکان بێنێتەدی، بەرانبەری بە مانای نەبوونی سەرتری (میراتی و بنەماڵەیی)، وەکوو بەهایەک سەیری دەکرێ. لە دیمۆکراسی لیبراڵدا، برایەتی بە واتای بوونی کۆمەڵگایەکی هاودڵ و یەکگرتوو لە باری رامیاریەوە، وەکوو بەهایەکی کۆمەلایەتی دەزانرێ؛ چونکە یەکگرتوویی دەرئەنجامی رێز

و بایەخێکە کە تاکە بەرانبەر و سەربەستەکان بۆ یەکتری دایدەنێن؛ نە بەو بۆنەوە کە ئاکامی هاوڕەنگی کوێرکوێرانە لە گەڵ کۆمەڵگایە، چونکە ئەم یەکگرتوویە لە بنەڕەتدا لێڵ و گوماناوییە.

لە زنجیرەی پێگەی بەهاکانی دیمۆکراسی رادیکاڵدا، بەرانبەری بایەخێکی بەرچاوی پێدەدرێ. لەم جۆرەدا، سەربەستی چونکە بناغەیەکی خانەدانی و ئەریستۆکراتانەی هەیە، بە بەها نازانرێ. برایەتی بەجێی هاوکاری و گرێبەست، وەکوو نیشتمانپەرستی خۆی دەنوێنێ و ئازادی و جیاوازییە تاکەکەسییەکان تا جێگایەک رێی پێ دەدرێ کە پەیکەرەی رامیاری تووشی مەترسی نەکات. گەر بمانەوەی بە زمانی مۆنتێسکیۆ بڵێین، بنەڕەتی دیمۆکراسی لیبراڵ لە سەر نەرمی و پشوودرێژییە و بنەمای دیمۆکراسی توندڕەوانە لە سەر هێژایی (virtu) دانراوە، کە گرینگی ئەرکە گشتییەکان لە سەر هەر جۆرە قازانجێکی تاکەکەسی و تایبەتدا دابین دەکات.

لە باری تەکووز کردنی ناوەندەکان یا سیستماتیک کردنی ئەنستیتۆکانەوە، دیمۆکراسی لیبراڵ لە سەر هاوسەنگی هێزەکانەوە بنیات نراوە کە بە ئامرازی چاودێری و کۆنترۆڵ دابین دەکرێ. دیمۆکراتە توندڕەوەکان لایەنگری کۆڕێکن کە بە هۆی ئەو کۆڕەوە بتوانن حکوومەت – کە شتێک بێجگە لە لێژنەیەکی کارگێڕی نییە- لە کاتی پێویستدا لاببەن. داخوازی دیمۆکراسی توندڕەوانە هەمان شتێکە کە کاتێک توکویل لە سەردەمی سەرۆککۆماری جەکسۆندا سەردانی ئەمریکای کرد، پێی گوت «ملهۆڕی چینی زۆرینە» (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

وڵاتانی پیشەسازی و مۆدێرن بە گشتی پێشوازییەکی زۆریان لە دیمۆکراسی لیبراڵ کرد و بەهرەیەکی زۆریان لێی برد. گەشە و پەرەسەندنی ئابووری و حکوومەتی دیمۆکراتیک دوو تەوەرن کە لە تەنشت یەکدا ڕێگا

دەبڕن؛ چونکە هەردووکیان بۆ پەرەسەندیان پێویستیان بە هاوولاتیگەلێکی سەربەست و خوێندەوار هەیە. سەربەستی دەبێتە هۆی داهێنان و ئافراندن، داهێنانیش گەشەی ئابووری لە دوایە. بە هاتنە سەر کاری دیمۆکراسییەکی لیبراڵ، ئۆتۆریتە و ملهۆڕی، ڕەوا بوونی خۆی لە دەست دەدا و دەسەلاتی ڕەسمی-یاسایی -کە ئەقلانیشە- جێگای دەگرێتەوە. لە پرۆسەی دەنگدانی ئازاددا خەلکی، نوێنەرە فەرمییەکانی خۆیان هەلدەبژێرن و ئیزنیان پێ دەدەن تا لە چوارچێوەی یاسایەکدا کە خۆیان لە تۆمار کردنیدا بەشداریان بووە، داخوازەکانیان بۆ پێک بهێنن.

هەروەک دەبینین لەم سالانەی دواییەدا دیمۆکراسی لیبراڵ گەشەیەکی ئەوتۆی بووە و لانی کەم لە سالانی ١٩٨٩ تا ناوەڕاستی ١٩٩٣ لە ئەفریقا پتر لە بیست ولات هانیان داوە تا سیستەمێکی پەرلەمانی لە ولاتی خۆیاندا دابمەزرێنن. ئانتۆنی گیدێنز بۆ وەلامدانەوە بەم پرسیارە کە «بۆچی ئەمڕۆکە دیمۆکراسی بۆتە بابەتێکی گرینگ و سەرنجڕاکێش؟» دەلێت: بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو وەلامی لێک جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک هەیە. یەکەمیان بریتیە لە وەلامێکی ئاسایی. ئەمە هەمان وەلامی فرانسیس فۆکۆیامایە، هەرچەند تەنیا تایبەت بەو نییە. بۆچوونی ئاسایی سەبارەت بە گەشە سەندنی دیمۆکراسی بریتیە لەنەمانی بابەتە مێژووییەکانیتر؛ فۆکۆیاما لەم وەلامە بەرەنگاری فەلسەفی دەکات. هۆی لایەنگری جیهانی لە دیمۆکراسی ئەوەیە کە لیبراڵ دیمۆکراسی باشترین سیستەمێکی رامیارییە کە مرۆڤ دەتوانێ بە دەستی بێنێ. ئەمە بۆچوونی زۆربەی نەتەوەکانی جیهانە. فاشیزم لە مێژە شکستی هێناوە، کۆمۆنیزم لە هەلدێرگای نەبووندا تووشی فەوتان هات و دەسەلاتداری سەربازی ناتوانێ حکوومەتێکی لێهاتوو و شیاو بێ. لیبراڵ دیمۆکراسی هاوڕێ لە گەل سەرمایەداری لە پانتای ئابووریدا، تەنیا سیستەمێکە کە بەردەوام ماوەتەوە و درێژە بە ژیانی دەدات.

هەندێ کەس لەم هەلومەرجەی کە هاتۆتە ئاراوە شاگەشکە بوون و هەندێ وەکوو فۆکۆیاما لە رووی ناچارییەوە سەریان بۆی نەوی کردووە.

گیدێنز ئەو وەڵامەکەی‌تر سەبارەت بە برەوسەندنی دیمۆکراسی بە ئاڵوگۆڕەکانی دونیا نوێ دەزانێ. بۆ وێنە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا لە سیستەمی یەک پارتییەوە دەرباز بوون و روویان لە سیستەمێکی فرەحیزبی نا. دیارە یەکێک لە دیاردەکانی لیبراڵ دیمۆکراسی سیستەمێکی گشتگیرە کە بەشی هەرە زۆری چینەکانی کۆمەڵگای تێدا بەشدار بن. لەم سیستەمەدا دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتێکی بێ‌سنوور نییە؛ بەڵکوو بە هۆی نوێنەرانی خەڵکەوە چاودێری لێ‌دەکرێ. ئەم چاودێرییە بەو مانایە نییە کە دەوڵەت لە سیستەمی لیبراڵ دیمۆکراتدا لاواز و کەم دەسەڵاتە، بە پێچەوانە چونکە دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەن خەڵکەوە چاودێری و پشتگیری لێ دەکرێ، لە باری یاساییەوە رەواتر و بە دەسەڵاتترە (گیدنز؛ ١٣٨١).

دیمۆکراسی لە ئێراندا لە کاتی دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمان کە لە سەرەتاکانی ١٩٠٠دا دامەزرا دەستی پێکرا. لە سەردەمی قاجارەکاندا بەهۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی قاجارەکان، هەروەها سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی رووناکبیرانە کە سەرەتای مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران بوو، رەوت و پرۆسەی دیمۆکراسی توانی لەنێو زەخت و گوشاری قاجارە دیکتاتۆرەکاندا سەر هەلبێنێ و بە دامەزراندنی پەرلەمان بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتی پادشاکانی قاجار بۆ پەرلەمان گوازرایەوە. هەرچەند محەمەد عەلی‌میرزای قاجار بوونی دەسەلاتێکی‌تری بۆ قووت نەدەچوو، بەڵام تەنانەت بە بەتۆپ بەستنی پەرلەمانیش هیچی پێ‌نەکرا و نەیتوانی بەر بە رەوتی دیمۆکراسی بگرێ.

سەردەمی ئەحمەدشا دەیتوانی خولێکی زێڕین بێ لە مێژووی ئێراندا.

دیمۆکراسی

ئەحمەد شا خۆی رازی بوو بەوەی کە حکوومەتی ئێرانیش وەکوو بریتانیا پادشایەتییەکی سیمبۆلیکی بێ و کارەکان بە هۆی پەرلەمانەوە بەڕێوە ببرێن. بەلام رووخانی قاجار و سەرهەلدانی پەهلەوی ئەم خەونەی پووچەل کردەوە. سەردەمی رازا شای پەهلەوی، هەرچەند لەباری بۆرۆکراسیەوە دەسکەوتی زۆری بۆ ئێران بوو، بەلام لە راستیدا رەوتی دیمۆکراسی تووشی هەرەس هێنان کرد. تەنیا پاش ئەو بوو کە لە سەردەمی حەمەڕەزای شای پەهلەویدا دیسانەوە ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرا و توانی دەسکەوتی زۆری بێ. لەئێراندا هاوکات چەن پارتی دژ بەیەک خەریکی چالاکی بوون و دەولەتیش بەهۆی ئەو زەختەوە کە ئەمریکییەکان بە تایبەت کێنێدی خستبوویانە سەری، ناچار بوو کە زۆرتر بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو بنێ و ئازادییە شارستانییەکان زۆرتر و دەسەلاتی شا و دەرەبەگەکان کەمتر کاتەوە.

شۆڕشی ئیسلامی، ئێرانی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد. بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە چاوەڕوانی دەکرا، لەم سیستەمە نوێیەدا نە تەنیا دیمۆکراسی گەشەی پێنەدرا، بەلکوو هەموو ئەو رەنجەی کە بەدرێژایی ئەو شەست سالە کێشرابوو، بەخەسار چوو و دیمۆکراسی بە سەرکوت کردنی پارت و گرووپە ناکۆکەکان لە گەل حکوومەت، دوایی پێدرا و سیستەمێکی یەک حیزبی هاتە کایەوە. هەرچەند بێجگە لە حیزبی جومهووری ئیسلامی چەن حیزبی‌تریش خەریکی چالاکی بوون، بەلام لە راستیدا هەموویان لە سەر یەک هێل کە ئەویش داسەپاندنی دەسەلاتێکی شیعی لە ئێران و دونیا بوو، رێگایان دەبڕی. پاش مردنی رێبەری شۆڕش، وەلایەتی موتلەقی فەقیهـ دوایین وزەکانی دیمۆکراسی بڕی. لە سەردەمی دەسەلاتداری رێفۆرمخوازەکاندا هیوای حکوومەتێکی دیمۆکراتیک دیسان لە دلی خەلک بە گشتی و رووناکبیراندا بەتایبەت چرۆی کردەوە. بەلام ئەم

سیستەمە لە گەڵ حکوومەتی دیسپۆتیزمی دینیدا نەدەگونجا، بۆیە دەنگدانی ساڵی ١٣٨٣ لە ئێراندا داهاتووی دیمۆکراسی بەرەو قۆناغێکی لێڵ و تاریک بردووە و وادیارە ئێران لە باری نۆرم و یەکگرتوویییەوە تووشی ئانۆمی هاتووە (بشيريه؛ ١٣٨٧).

راتەکانی کولتووری/ cultural shock

ئێسنۆگرافەکان ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژە بە هەست بە شڵەژان و سەرلێشێوان و زەختە دەروونیەکانی ئەو کەسانەی بەکار دەبەن کە تووشیاری کولتوورێکی نامۆ دەبن. راتەکانی کولتووری کاتێک تووش دێ کە مرۆ بۆ ولاتێکی بیانی سەفەر کا و لە گەڵ شوێن و خەڵکێکی جیاواز لە گەڵ خۆی رووبەڕوو بێ. رەنگە تاک لە ولاتی خۆیشیدا تووشی راتەکانی کولتووری بێ. بۆ وێنە کابرایەکی گوندی کە لە کۆمەڵگایەکی بچووکەوە دەڕوا بۆ شارێکی گەورە. لە ئاوەها هەلومەرجێکدا هەندێ دیاردە لە راتەکانی کولتووری خۆیان پیشان دەدەن؛ وەکوو بێمتمانەیی بەخۆ، هەست بە تەنیایی، ترس لەوەی کە نەکوا لە گەڕەکێکی گونجاودا نەبێ، خانوویەکی شیاو نەبینێتەوە، بکەوێتە بەر قەشمەری خەڵکی و هتد. لە ئاوەها بارودۆخێکدا هەڵسوکەوتی ئاسایی تاک لەپڕونەکاو دەگۆڕێ و میتۆدی نوێی رەفتار جێگای میتۆدە پێشووەکانی دەگرنەوە. لەم هەلومەرجەدا ژیانی رۆژانە، پێشبینی ناکرێ. بەواتایەکی تر، راتەکانی کولتووری جۆرێک نارێسایی یا ئانۆمی دێتە ئەژمار.

راڤەی دووەمین / secondary analysis

لە هەموو توێژینەوەیەکدا پێویست ناکا خودی توێژەر زانیارییەکانی کۆ بکاتەوە. زۆرجار کۆمەڵناسان دەپەرژێنە سەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن راڤەی دووەمین. کەواتە راڤەی دووەمین شێوازێکی تایبەت نییە، بەڵکوو راڤەیەکی نوێیە لەو داتایانەی کە بە مەبەستێکی تر کۆوە کراون. هاکیم، راڤەی دوەمین بەم چەشنە پێناسە دەکات: «بریتیە لە هەر راڤەیەکی تر لە کۆمەڵە زانیارییەک کە پێشتر هاتۆتە دەست و لەم سۆنگەوە لێکدانەوە و ئاکام و تێگەیشتنێکی نوێ دەداتە دەست. زۆرتر راڤەی دووەمین لە سەر ئەو

زانیاریانەوە دەکرێ کە بە مەبەستێکی تر و بۆ بابەتێکی تر لە لایەن توێژەرێکی ترەوە کۆ کراونەتەوە» (بیکر؛ ۱۳۸۷).

لە توێژینەوەدا کاتێ توێژەر بۆ خۆی نەتوانێ داتاکانی کۆ بکاتەوە، دەتوانێ لە داتای توێژەرێکی تر بەهرەوەربگرێ و لە راڤەی دووەمین کەڵک وەربگرێ. لە رواڵەتدا وادیارە کە چۆنییەتی ئەو زانیاریانەی کە لە لایەن حکوومەتەوە کۆوە کراون، باشتر لەو زانیاریانەیە کە تەنانەت لە لایەن پسپۆڕترین توێژەرانەوە کۆ کراونەتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە راڤەی دووەمین بۆ خۆی هەندێ گیرو گرفتی تایبەتی هەیە. بۆ وێنە: رەنگە داتاکان بەو شێوازەی کە توێژەر دەیەوێ کۆوە نەکرابێتن. هەروەها، هەموو کات شک و دڕدۆنگییەک لەو زانیاریانەی کە بە هۆی کەسانیترەوە کۆ کراونەتەوە، هەیە. بۆ وێنە دوورکایم لە پرۆسەی توێژینەوەی کلاسیکی خۆی لە سەر خۆکوژی، تێگەیشت کە ناتوانێ بە تەواوی لە داتا ئامادەکان دڵنیا بێ. هەروەها ناکرێ لە راپۆرتی بەرپرسە رەسمییەکانی حکوومەت سەبارەت بە مردنێک دڵنیا بێ کە ئەو مردنە بە هۆی کارەساتەوە بووە یان خۆکوژی بووە. هەروەها دوورکایم تێگەیشت کە کارمەندانی حکوومەت لە رێی جۆراوجۆرە داتاکانیان کۆ دەکەنەوە، بەم بۆنەوە هەڵسەنگاندنیان کارێکی زۆر ئەستەمە (دورکهایم؛ ۱۳۷۸).

راڤەی ناوەرۆک / content analysis

راڤەی ناوەرۆک وەکوو ئامرازێک بۆ توێژینەوە، لە لایەن یەکەمین کۆمەڵناسانی راگەیاندنە گشتییەکانەوە و بە مەبەستی بەراورد، هاتە دی. وادیارە یەکەم جار کە ئەم زاراوە بەکار برا، بۆ توێژینەوە ئەمریکییەکانی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و سەبارەت بە چۆنییەتی راگەیاندنی رۆژنامەکان بوو. ئەم راڤە، دوو بۆچوونی لە سەرە: یەکەم ئەوەیە کە دیاردەکانی وتنی

نووسراوەیەک(یاخۆ دیاردەگەلی‌تر) بە سانایی لە «بواری» خوێندنەوەی ئەو نووسراوە جیا دەکرێنەوە؛ دووەم، دەکرێ ئاوەها ناوەرۆکێک بە چەشنی دیار و ئاشکرا بەراورد بکرێ و لە پێوانە بدرێ، تاکوو خوێنەرانی ئەو نووسراوە، تەنیا یەک ناوەرۆک بخەنە بەر راڤە و لێکدانەوە. ناوەرۆکی راگەیەندراوەکان دەتوانن شێوازی جۆراوجۆریان بێ، بۆ وێنە: لە توێژینەوەکانی رێبازی فرانکفۆرت سەبارەت بە گۆرانی و گۆڤارە خەڵک پەسەندە ئەمریکییەکان، ئەم شێوازە بە چەشنێکی کاریگەر بەکار براوە (پین؛ ١٣٨٦).

mass communication / راگەیاندنی گشتگیر

ئەم زاراوە باس لە هەواڵ یان پەیغامێکی کولتووری دەکات کە لە لایەن دەزگایەکی راگەیاندنی گشتییەوە دەبێژرێ و بە سەر جەماوەرێکی زۆر گەورەی خەڵکدا کاریگەر دەبێ.

nonverbal communication / راگەیاندنی بێ ئاخاوتن

راگەیاندنی بێ‌ئاخاوتن بریتیە لە ئاڵو گۆڕی زانیاری و واتاکان لە رێی چۆنیەتی گۆڕانکارییەکانی رواڵەت و شەکاندنەوەی ئەندامان و سەر و دەست. راگەیاندنی بێ‌ئاخاوتن هەندێ جار بە زمانی لەش (body language) ناو دەبرێ (عضدانلو، ١٣٨٤)، بەڵام ئەم زاراوە دەبێتە هۆی جۆرێک سەرلێشێوان، چونکە مەبەست لە کەڵکوەرگرتن لە دیاردەکانی راگەیاندنی بێ‌ئاخاوتن، کەم یان زۆر کردن و روون کردنی واتای ئەو وشانەیە کە لە قسە کردندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ(گیدنز؛ ٢٠٠٤).

جۆرەکانی پێکەنین، گریان، رەنگ گۆڕان، گەڕانی چاو و گەڕاندنی دەست و سەر و ئەندامانی‌تر، هەموویان لە راستیدا هەواڵێک رادەگەینن.

یەکێک لە رەهەندە گرینگەکانی دەربڕینی هەست و بۆچوونەکان، بە

هۆی ئاڵوگۆڕەکانی ڕوومەتە. پۆل ئێکمەن و هاوکارانی بۆ لێکدانەوەی ئاڵ و گۆڕەکانی ڕوومەت، زاراوەی «سیستەمی نیشانەدانانی کردەی ڕوومەت (Facial Action Coding System)»یان داناوە (*Ekman & Freisen;1978*). دارڤین دەیگوت شێوازگەلی ڕاگەیاندنی بێئاخاوتن لە نێو هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا یەکسانە. توێژینەوەکانی ئێکمەن و فریزێن لە نێو هۆز و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، ئەم بۆچوونەی دارڤینی دەسەلماند.

بە گوتەی ئێکمەن، ئاکامی تۆژینەوەکان لە سەر کولتووورە جۆراوجۆرەکان، پشتگیری لەم بۆچوونە دەکات. دەربڕینی هەست بەهۆی ئاڵوگۆڕی ڕوومەت و شرۆڤەی ئەم دۆخانە، لە هەموو مرۆڤێکدا بەڕووداوێکی فیتری دەزانرێ. هەروەها ئاشکرا دەکات کە دەسکەوتی توێژینەوەکان ناتوانن ئەم بۆچوونە بە تەواوی بچەسپێنن.

بە گوێرەی توێژینەوەکانی تر، هیچ جووڵانێکی لەش لە هەموو شوێنی دونیادا وەکوو یەک و بە یەک واتا نین. بۆ نموونە، لە هەندێ وڵاتاندا خەڵکی بۆ گوتنی «نە»، سەریان بەرەو ژوور ڕادەشەکێنن؛ کەچی ئەمە بە ئاوەژووی کولتووری ئەورووپی- ئەمریکییە کە سەریان بەرەو لای چەپ و ڕاست ڕادەشەکێنن (*Bull, 1983*).

ئەو هەواڵانەی کە ڕواڵەتمان بە کەسانیتری ڕادەگەینین، لە ڕاستیدا ڕوون دەکەنەوە کە ئەو شتەی بە وشە دەریدەبڕین، سەرلەبەری مەبەستەکەمان نییە. جا یان وشەکانمان کەل و کوتەرن و پڕبەپڕی مەبەستەکەمان ناگەینن، یاخۆ شتێک بێجگە لە ڕاستەقینە دەڵێین، واتە درۆ دەکەین و ئاڵوگۆڕەکانی ڕواڵەتمان بە درۆمان دەخەنەوە. وەکوو ئەوەی دایکێک لە منداڵەکەی دەپرسێ لە کوێ بووە و ئەویش ڕاستی پێ نالێ، کەچی دایکەکەی بە سوور بوونەوەی کوڕەکەی یاخۆ سەرداخستن یان دەست ڕاشەکاندنی تێدەگا کە ڕاستی نەگوتووە.

راو و کۆومکردنی خۆراک/ hunting and gathering

بەشێکی هەرە زۆر لە ژیانی مرۆ بۆ راو و کـۆوەکـردنی خـۆراک تـەرخـان کراوە. چونکە تەنیا لە ١٠ تا ١٢ هەزار سـاڵ لـەمـەو پێشـەوە دەبیـنین کـە جۆرێکی‌تر لە کۆمەلـگاکان (واتـە کۆمـەلـگای شـوانکارەیـی و جووتیـاری) سەریان هەلداوە. هۆی هـەرەس‌هێنـانی کۆمـەلـگاکانی راو و کـۆوەکـردنی خۆراک، شکان لە ململانێ لە گەڵ کۆمـەلـگاکانی‌تـر بـۆ پاراسـتنی زەوی و سەرچاوەکانی ژیانیان دەزانن. لە درێژەی ئەم چەن سـەدەی دواییـەدا ئـەم جڤاکانە تەنیا توانیویانە لە ناوچەگـەلی تـەریـک و دوورەدەسـتدا بـژین. بـە چەشنێ کە ئێستا تەنیا ٠٠١/ % خەڵکی دونیا لـەم رێگـاوە ژیانیـان دابـین دەکەن (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣). ئەم کۆمەڵگایانە گەشەی جەماوەریـان زۆر کەمە، بەم بۆنەوە لە باری جەماوەرەوە زۆر کەمن. ئەمانە لە نێـو گرووپگـەلی ٤٠-٥٠ کەسیدا کە زۆربەیان پێوەندی خزمایەتییان پێکەوە هەیـە، دەژیـن. خزمایەتی بنەمای هەرجـۆرە دامـەزراوەیـەکـی کۆمـەلایـەتییانـە و پێکـەوە پێوەندی ناوگرووپی سەقامگیریان هەیە، بەلام پێوەندیەکـی نێـوان گرووپـی (پێوەندی لە گەڵ گرووپەکانی‌تر) زۆر قایم و پایەداریـان پێکـەوە نییـە. لـەم جڤـاکانەدا چـەن ژنی زۆر بـاوە. هـەرکـەس خـاوەنی ژنی زۆرتـر بـێ، بـە دەولەمەندتر دەزانرێ و نیشانەیەکە بۆ پلە و پاگە و رێزی کۆمەلایـەتی. ئـەم جڤـاکانە خۆبژیـون؛ بـەلام هـەرچـەنـد لـە دوورەپـەرێزیـان لـە کۆمـەلـگا دەسەلاتدارەکانی دەورو پشتیان کەمتر دەبێتەوە، ئاسـتی خۆبژیویـان زۆرتـر دادەبەزێ (بیتس و پلاگ؛ ١٣٨٦).

ئەمانە دامەزراوەی ئابووری زۆر ئالۆزیان نییە. گـەڕان بـە دووی خـۆراک، گرینگترین چالاکی ئەندامانی ئەم جڤاکانەیە. کارەکان بە گـوێرەی جـنس و تەمەن دابەش دەکرێن. راو، شـەڕ، چـالاکی رامیـاری و ئـایینی و هونـەری و بەجێ‌هێنانی رەسم و یاساکان لە ئەسـتۆی پیاوانـە. کۆکردنـەوەی خـۆراکی

گیایی و بەخێوکردنی منداڵان لە ئەستۆی ژنانە. پسپۆڕییەکی تەواو کات لە کاردا نییە. لەباری دامەزراوە رامیارییەکانەوە ئەم کۆمەڵگایانە لە قۆناغی سەرەتاییدان و چونکە جەماوەریان زۆر نییە، زۆرتر بەشێوازی نافەرمی بۆ خۆیان کێشە رامیارییەکانیان چارەسەر دەکەن. چاودێری کۆمەڵایەتی شێوازێکی نافەرمی هەیە و تۆڵەی خوێن و گوشاری گرووپی و زەختی بەرگرانە بە گوێرەی رەسم و نەریتەکان جێبەجێ دەبێ. بێ‌گومان ئەم چەشنە چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵگاگەلی بچووک کە ئەندامانیان وێکچوونی زۆریان هەیە و پێوەندی زۆر و نزیکیان پێکرا هەیە و بیری ناتەبا و دژبە یەکیان لە نێواندا نییە، چارەسازە (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

رکەبەرێ / competition

رکەبەرێ بریتیە لە شێوازێکی کارلێک بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دژوار یاخۆ مەبەستێک کە پێگەیشتنی بە دژوار دەزانرێ. ئەم کارلێکە خاوەنی نەزمێکی رێسادارە و دەتوانێ بە چەشنی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێ، هەروەها دەتوانێ تایبەت یا ناتایبەت بێ و بە گشتی کەس ئیزنی ئەوەی نییە بۆ رکەبەرێ لە زۆر و توندوتیژی کەڵک وەربگرێ.

لە سەردەمی هۆرتۆن کوولی بەم لاوە، کۆمەڵناسان سەرنجیان دایە ئەم راستییە کە پەیدۆزی ئارمانجگەلێکی دژوار کە کەسانی‌تریش بە دوویاندا دەگەڕێن، رەنگە بەبێ ئاگەداری کەسانی‌تر بێ، یاخۆ گەر کەسانی‌تریش ئاگەدار بن، بەبێ شەڕو کێشەیە. کوولی لە وتارێکی خۆیدا لە ژێرناوی «رکەبەرێی تاکەکەسی»، نووسی کە: «مەرج نییە کە رکەبەرێ چاولێگەرییەکی دوژمنانە بێ و تەنانەت مەرج نییە کە لایەنەکانی رکەبەرێ ئاگەداری کارەکەیان بن. بەڵکوو لێهاتوو بوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی

کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ دەکاتە رکەبەر و پێشبڕکێخواز، ئەمـەلـە کاتێکدایـە کە رەنگە خۆی ئاگەداری ئەم کارەی بێت یا نەبـێ. گـەریـش ئاگـەدار بـوو، رەنگە ئاگادارانە خەریکی ململانێ لە گەڵ کەسانیتر بێ یا نـەبـێ» (گولـدو کولب؛ ١٣٨٤).

لە ژێر کاریگەری بیردۆزەکـانی ژینـەوەرناسـی و ئـابووری کۆتاییـەکـانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو کە رابێرت ئێزرا پـارک و و. بورگس رکەبەرێیان –کە بـە کـارێکی ناوشـیارانە و ناتایبـەت دەزانـرا- کردە بەردی بناغەی لقی ئێکۆلۆجی مرۆیی. ئەوان دەیانگوت «رکەبەرێ لـە واتایەکی ورددا بریتیە لە کارلێکێک کە بەبـێ پێکـدادانی کۆمـەڵایـەتییـە». ئەرک و دەوری رکەبەرێیان وەکوو بەدیهێنانی سیسـتەمێکـی کۆمـەڵایـەتی ناتایبەت راڤە دەکرد، کە تێیدا هەر تاکێک لە هەمان کاتدا کە بۆ گـەڕان بـە دووی قازانجەکانی خۆیدا سەربەستە، تا رادەیەکـیش ناچـار بـەم کـارەیـە و کەسیتر دەکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتنی خۆی بە قازانجەکانی. ئەم کارە بـەم وتەوە روون دەکرێتەوە کە «لە کومەڵگای مرۆییدا، رکەبەرێ هەموو کات لـە گەڵ پرۆسەکانیتری کارلێک ئاوێتەیە» و «رکەبەرێ لە نێوان مرۆڤەکاندا تـا رادەیەکی زۆر بۆتە چاولێکەری و دوژمنایەتی» کە بە کارگەلێکی وشـیارانە و تایبەت دەزانرێن (هەمان سەرچاوە).

رکەبەریی پێگە/ status competition

کریسـتۆفێر هـۆرن، بـۆ لێکدانـەوەی «شۆڕشـی خوێنـدن» لـە زاراوەی رکەبەرێی پێگە کەڵکوەردەگرێ. واتای ئەم زاراوەیـە بریتیـە لـە کۆشـش و تەقالا بۆ گەیشتن بە پێگە و بەها کۆمەڵایەتییەکان. واتای شـان یـا پێگـەی کۆمەڵایەتی یەکەم جار ماکس ڤیبێر هێنایە نێو کۆمەڵناسییەوە. ئەو باوەڕی وابوو کە بایەخی پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ بەردەوامـی و سـەقـامگرتنی چینـە

کۆمەڵایەتییەکان، کەمتر لە بایەخی دەسەڵات و سامان نییە. لە زۆرێـک لـە وڵاتەکاندا هێشتا خوێندن وەکوو سیمبۆل و ڕەمزێک دەزانرێ بۆ پیشان دان و دیاری کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی. بەم بۆنەیە کـە دایـک و بابـانی چینـە ناونجی و خوارەکانی کۆمەڵگا خەرجێکی زۆر دە کـەن تـا منداڵـیان بتـوانن بخـوێنن و بـەڵـگەنامـەی خوێنـدنی بـاڵا بـە دەسـت بێـنن. هـۆرن بـەم چەشنەدەگاتە دەرەنجامی باسەکـەی خـۆی کـە شۆڕشـی خوێنـدن هـیچ پێـوەندییـەکـی بـە نیـازەکـانی کۆمـەڵـگای سـەرمایـەدارییـەوە نییـە و بەڵگەنامەخوازی تەنیا بەهایەکی تاکەکەسییە (عضدانلو، ١٣٨۴).

ڕوانگەی جیهانگیر / global perspective

بریتیە لە ڕوانگەیەک کە جیهانێک بەرفراوانتر لە جیهانی گرووپ، هۆز یـا نەتەوەیـەک دەخاتـە بـەر وردبوونـەوەو تۆژینـەوە و هـان دەدا کـە پێگـەی گرووپ، نەتەوە یا هۆزێک لە چاو گرووپ و نەتەوە و هۆزەکانی‌تـردا ئاشـکرا بکات. بۆ وێنە گەر کۆمەڵناسێک بە نیـازی تۆژینـەوە لـە سـەر نـەتـەوە یـا هۆزێک بێ، نابێ بە تەنیـا لـە سـەر مێـژوو و سـەربهـورد و شـوێنگەی ئـەو نـەتـەوەیـە بکۆڵـێتەوە. زانیارییـەکـی جیهـانگیر، یـەکێـک لـە ڕووبـەرە لۆجیکییـەکـانی ڕوانگـەو بۆچـوونی کۆمـەڵناسـانەیـە. ڕوانگـەی بنـەڕەتی کۆمەڵناسی ئەمڕۆ ئەوەیە کە جێگای تاک لە کۆمەڵگادا، بە چەشنێکی قووڵ و ورد بە سەر ئەزموونی تاکەکاندا کاریگـەری هـەیـە. بـەم بۆنـەوە، جێگـا و شوێنی هۆز یا نەتەوەیەک، لە سیستەمی جیهانیدا، بە سەر ئـەزموونـەکـانی سەرجەمی تاکەکانی ئەو هۆز یا نەتەوەیەدا کاریگەری هەیە. بەبـڕاوی ئـاڵێن ئۆستار «ئێمە دەبێ نەوەکانی‌تر نە وەکـوو بیـانی، بـەڵـکوو وەکـوو ئامبـازی خۆمان لە گەیشتن بە دۆزەکانماندا بزانین. ئێمە دەبێ ڕوانگەیەک سەرتر لە سنووره نـەتـەوەیـی و جۆگرافیاییـەکـان و دەمارگیرییـە کولتوورییـەکـانی

خۆمانمان هەبێ... بۆ گەیشتن بە ئاوەها فامێک، پێویستە کە ڕوانگـەیـەکـی جیهانگیرمان بێ» (*Ostar, A; 1988:461*- وەرگیراو لە: عضدانلو، ١٣٨٤)

ڕوانگەی ململانێ / conflict perspective

ڕوانگە زۆر و لێکجیاوازەکانی ململانێ، دیاردەکۆمەڵایەتییەکانی ڕابـردوو و ئێستا و داهاتوو، بە بەرهەمی ململانێ و ناتەبایی و دژایەتی تاک و گرووپـە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن. لەم ڕوانگـەیـەدا پرۆسـە کۆمـەڵایـەتییـەکـان لـە سۆنگەی دژایەتی و ناتەبایی قازانجەکانی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرەو پێش دەڕۆن، نەک بە بۆنەی هاوکاری و ئاریکـاری کۆمـەڵایـەتییـەوە. گریمانەی سەرەکی ئەم بۆچوونـە ئـەوەیـە کـە کۆمـەڵگاکان لـە گـرووپ و دەستەگەلی لێک جیاواز پێک هاتوون، کە هەر یەکەیان ویسـتێکی تایبـەت بە خۆی هەیە کە زۆرجار لە گەڵ ویست و قازانجی تاک یان گرووپەکانی‌تـر ناتەبایە. بە بڕوای کۆمەڵناسانی ململانێ ئەو شتەی کە بۆتـە هـۆی مانـەوەو پاراستنی کۆمەڵگا، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەرکخوازانە کە سیسـتەمێکـی ئۆرگانیکی بۆ کۆمەڵگا ڕەچاو دەکەن، ناتەبایی و ناکۆکییە لە قازانجەکاندا.

سەرچاوەی ئەم بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ کارڵ مـارکس. بـەڕای مـارکس، کۆمەڵگا بەرهەمی هاوسەنگی هێزە ناتـەبـا و دژ بـە یـەکـەکانـە. بـە هـۆی پێکدادان و ململانێی ئەم هێزانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی دێتە دی. ڕوانگـەی مارکس لە سەر بۆچوونێکی تەکامولی دامەزرابوو. بە بڕوای ئـەو، دژایـەتی و ململانێـی کۆمـەڵایـەتی مـاتۆڕی پێشـکەوتـە. خـەبـاتی کۆمـەڵایـەتی بەرهەمهێنەری هەموو شـتە و ململانێـی کۆمـەڵایـەتی کاکڵـەو نـاوەرۆکـی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە. ئەم بۆچوونە هەرچەند لە گـەڵ ڕێبـازی پێشـوونانی سەدەی هەژدەهەمدا ناتەبا بوو، بەڵام لە گەڵ زۆربەی ئەندێشەکانی سەدەی نۆزدەهەم سازگار بوو (کوزر؛ ١٣٨٧).

بە بڕوای مارکس، ئەو هێزانەی کە لاپەڕەکانی مێژوویان نووسیوە، هەمان شێوازی پێوەندی ململانێی مرۆڤەکان لە درێژایی مێژوودا بۆ بەدەست هێنانی بژیو بوون. «یەکەمین کردەی مێژوویی، بەرهەمهێنانی خودی ژیانە. بە ڕاستی کە ئەمە کارێکی مێژوویی و مەرجی بنەمایی سەرلەبەری مێژووە» (مارکس؛ ١٣٨٧). گەڕان بە دووی خۆراک و پۆشەن و دیتنەوەی پەناگایەک بۆ حەوانەوە، دۆزی سەرەکی مرۆڤ لە بەرەبەیانی ژیانیدا بووە. هەروەها گەر ئەمرۆکەش چەندوچوونی ژیانی مرۆڤ بە وردی شرۆڤە بکرێ و لێکبدرێتەوە، ئاشکرا دەبێ کە هەنووکەش بەشی زۆری کۆشەوەی مرۆڤ هەر بۆ ئەم مەبەستەیە. تا کاتێک ئەم نیازانەی مرۆڤ پێک نەیەن، ململانێی مرۆڤ و سروشت بەردەوامە. مرۆڤ ئاژەڵێکی نارەزایە. هەرکات نیازە سەرەکییەکانی دابین بکرێن «نیازی نوێ لە ناخیدا سەرهەڵدەدا و هەر ئەم هاتنەدییەی نیازی نوێیە، بۆ خۆی یەکەمین کردەی مێژووییە» (هەمان سەرچاوە). مرۆڤ کە داخوازێکی دابین دەبێ، دوابەدوای ئەوە پاپای نیازێکی‌تری بۆ دێتە کایەوە.

مارکس بە پێچەوانەی هێگڵ و کۆنت، گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگای لە گەشەی بیرو هزر و ئەندێشەدا نەدەزانی؛ بەڵکوو هۆکاری ئابووری و شێوازی بەرهەمهێنانی بە هۆی ئەم گەشەیە دەزانی. بە بڕوای مارکس هۆکاری ئابووری دەوری سەرەکی لە پێشکەوتی مرۆڤدا دەگێڕێ و هۆکارەکانی‌تر بە هۆکاری لاوەکی دەزانێ. هەروەها بە بڕوای مارکس، جیاوازییەک کە لە شێوازی بەرهەمهێنان و قازانجێک کە لایەنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەیبەن، دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان چینی چەوساوەو ڕەنجدەر کە کەمترین قازانجی بەردەکەوێ و چینی سەرمایەدار و خاوەن کەرەسەی بەرهەمهێنان کە بەشی هەرە زۆری قازانجی بەرهەمهێنان دەبات. ململانێی نێوان ئەم دوو چینە دەبێتە هۆی

سەرکەوتنی چینی کرێکار و نەمانی چـینی سـەرمایـەدار. کرێکـاران دەبنـە خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و ئەو قازانجەی کە مافی خۆیانە، خۆیان دەیبەن. بە هۆی سەرکەوتنی چـینی کرێکـارەوە، ململانێـی کۆمـەڵایـەتی دوایی دێ (کوزر، ١٣٨٧؛ مارکس، ١٣٨٧؛ ریتزر، ١٣٨٥).

هەرچەند بیردۆزی مارکس هەنووکەش خاوەن کاریگەرییەکی بـەرچـاوە، بەڵام پاش مارکس گۆڕانکاری زۆر بە سەر ئەم بیردۆزەدا هـاتووە و دەتـوانین بڵێین کە گەشەیەکی بەرچاوی سەندووە. ئەم گەشـەسـەندنـە سـەرەتـا لـە سۆنگەی ماکس ڤیبێرەوە و پاشان بـە هـۆی زیملـەوە بـوو. ڤـیبێر و زیمـڵ بێجگە لە تەوەری ئابووری و بـەرهـەمهێنـان، بگـۆڕی دەسـەڵات و پێگـەی کۆمەڵایەتییان لێ زیاد کرد. بە گوێرەی بۆچوونی ڤیبێر، ململانێ بریتیە لـە پێـوەندییـەکـی کۆمـەڵایـەتی کـە تـاک یـان گـرووپ دەیـەوێ ویسـت و داخوازەکانی خۆی بە سەر تاک یا گرووپەکانی‌تردا داسەپێنێ. ململانێ قـەد دوایی نایە و هەر کارێک بۆ سڕینەوەو لابردنی، دەبێتە هۆی سـەرهـەڵـدانی دووبارەی (کرایب، ١٣٨٨).

کۆزێر لە کتێبی «ئەرکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی»دا (١٩٥٦) بـادەداتـە سەر ئەم بابەتەی کە ئەرکخوازی ناتوانێ پەرسڤدەری کێشەکانی ململانێـی کۆمەڵایەتی بێ و ئاماژە بە گوتاری زیمێل سەبارەت بە ململانێ دەکـات کـە دەڵێ: ململانێ دەبێ جۆرێ لە کۆمەڵگای مرۆیی بێ؛ چونکـە لانی‌کـەم دوو کەس پێکڕا دەبەسـتێتەوە. ململانـێ ئـەنجـامی هۆکارگـەلی جیاکـەرەوەی وەکوو رق و قین و ئێـرەییـە و کۆشـەوەیـەکـە بـۆ چـارەسـەر کـردنی ئـەو ناکۆکیانەی هاتوونەتە ئاراوە و هەوڵێکە بـۆ پاراسـتنی یـەکیـەتی، تـەنانـەت ئەگەر ئەم یەکیەتییە پێویستی بە نەمانی یەکێک لە دوو لایەن بێ. ململانێ و ئاشتی، هەر دوویان بیچمگەلێک لە کۆمەڵگای شارسـتانی مرۆڤـن؛ خاڵـی بەرانبەری هەردووی ئەمانە بریتیە لە گـوێ‌پـێ نـەدان. ململانـێ رەهـەنـدە

نیگه‌تیڤ و پازێتیڤه‌کان تێکه‌ڵ ده‌کات و کۆمه‌ڵگاش بۆ خۆی به‌رهه‌مـی ئـه‌و ململانێ و ئاشتیه‌یه. ئه‌گه‌رچی ره‌نگه ململانێ له پانتای تاکه‌که‌سیدا خـراپ و رووخێنه‌ر بێ، به‌ڵام مه‌رج نییه لـه رووبـه‌ری کۆمـه‌ڵایـه‌تیشـدا هـه‌روابـێ (کرایب، ١٣٨٨).

به بڕوای کۆزێر، ململانێ له یه‌کگرتوویی یه‌کـه‌ی کۆمـه‌ڵایـه‌تیـدا ده‌وری هه‌یه. مه‌رج نییه ململانێ ببێته هۆی فه‌وتاندن و له‌ناو بردنی یه‌کێک له دوو لایه‌ن. به‌ڵکوو ده‌توانێ هانده‌رێک بێت بۆ پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی. ململانێ ده‌بێته هۆی کۆشه‌وه و رکه‌به‌رێی زۆرتر، که ئه‌نجامی ده‌بێتـه ئارخـه‌یـانی و خاترجه‌می و پێشکه‌وتن. بۆ وێنه کاتێـک وڵاتێـک لـه گـه‌ڵ وڵاتێکـی‌تـردا تووشی شه‌ڕ و پێکدادان دێت، ناکۆکی و ململانێیه‌کـان ده‌خرێنـه لاوه و بـۆ سه‌رکوت‌کردنی دوژمن و گه‌یشتن بـه دۆزی هاوبـه‌ش هاوپـه‌یمـان ده‌بـن. هه‌روه‌ها ئاماژه ده‌کات که ململانێیه چه‌ن لایه‌نه‌کان (له نێوان هـۆز، ره‌گـه‌ز، ژن و پیاو، پیرو گه‌نج و هتد) پێکڕا تێکه‌ڵ ده‌بن و له دابه‌ش بوونی کومه‌ڵگا به دوو ره‌هه‌ندی دژ به یه‌ک به‌رگری ده‌کرێ (کـوزر؛ ١٣٨٧). والێرێشـتاین، یه‌کێک‌تر له بیرمه‌ندانی ململانێ، له مۆدێلی ململانێـی چینایـه‌تی مـارکس سه‌باره‌ت به سیسته‌می جیهانی که‌ڵک‌وه‌رده‌گرێ و به‌جێی پێداگری له سه‌ر پێوه‌ندی ئابووری نێـوان چینـه‌کـان، ئامـاژه بـه پێـوه‌نـدی ئـابووری نێـوان نه‌ته‌وه‌کان ده‌کات (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

descent / ره‌چه‌ڵه‌ک

واتای ره‌گه‌ز له کۆمه‌ڵناسیدا، بریتیه له هه‌مان واتای ئاسایی و گشتی ئه‌م زاراوه‌یـه: فـڵان کـه‌س لـه ره‌چـه‌ڵـه‌کـی oX، (X ده‌توانـێ شـوێن، ناوچـه، ره‌چه‌ڵه‌ک یاخۆ پێڕه‌وانی ئایینێکی تایبه‌ت بن)، واتای ئه‌مـه بریتیـه لـه‌وه‌ی که یه‌ک یان چه‌ن که‌س له پێشوونانی سه‌ر به گرووپی X بوون. واتای ئـه‌م

زاراوه‌یه ئه‌وه‌نییه که ئه‌و تاکه ئه‌ندامی گرووپی Xه، به‌ڵکوو ئاماژه به‌وه ده‌کات که تاک بۆی هه‌یه هه‌رجۆره ماف، ئه‌رک، تایبه‌تمه‌ندی کولتووری، رامیاری یان کۆمه‌لایه‌تی باب و کالانی به میراتی پێی بگات. بۆ وێنه کاتێک ده‌ڵێین فلان که‌س له ره‌چه‌ڵه‌کی بریتانیه،که‌چی له هه‌موو بارێکه‌وه فه‌رانسیه، به‌لام باپیره گه‌وره‌ی له بریتانیاوه هاتووه؛ یان فلان که‌س له ره‌چه‌ڵه‌کی چینییه، که‌چی له باری کولتووری و رامیارییه‌وه ئه‌مریکییه و ته‌نیا له باری ره‌گه‌زه‌وه چینییه.

ره‌چه‌ڵه‌ک ده‌توانێ له دوو قه‌واره‌دا خۆی بگونجێنێ که هه‌رچه‌ن لێک نزیکن، که‌چی جیاوازی زۆریان له ناودا هه‌یه: ١) یه‌که‌میان زۆر له‌وه‌ی که ره‌چه‌ڵه‌کناسی باوی رۆژاوای پێی ده‌ڵێن، نزیک ده‌بێته‌وه. ره‌چه‌ڵه‌ک به مانای پێوه‌ندی خزمایه‌تی نێوان دوو که‌سه، به‌چه‌شنێ که یان یه‌کێکیان باپیری یه‌کێکی‌تریانه یاخۆ هه‌ردووکیان یه‌ک باپیریان هه‌یه. ره‌چه‌ڵه‌ک زۆرتر بۆ دایک و باب ده‌گه‌ڕێته‌وه، که‌چی پانتای ئه‌م زاراوه هه‌موو سیسته‌می خزمایه‌تی ده‌گرێته‌وه. له هه‌ندێ کۆمه‌ڵگادا ره‌چه‌ڵه‌ک له شێوازی بۆچوونی تاک سه‌باره‌ت به پێوه‌ندی خرمایه‌تی خۆی له گه‌ڵ که‌سانی‌تر، وه‌کوو بازنه‌یه‌که که به ده‌وری تاکدا کێشراوه و پێوه‌ندی تاک له گه‌ڵ دایک و باب و بنه‌ماڵه‌ی دیاری ده‌کات. ٢) دووه‌مین واتای ره‌چه‌ڵه‌ک بریتیه له‌و به‌هره‌ی که له پێوه‌ندی نێوخێزاندا-واته ئه‌ندامه‌تی له گرووپێکی دیاریکراودا- هه‌یه‌تی. سیسته‌مه خێزانییه یه‌ک هێڵییه‌کان کۆمه‌ڵگا به گرووپگه‌لێکی لێک جیاواز دابه‌ش ده‌که‌ن. له ئاوه‌ها کۆمه‌ڵگایه‌کدا پشت ئه‌ستوور بوون به ره‌چه‌ڵه‌ک ده‌بێته هۆی به‌هره بردن له پێگه، ئه‌رک و مافێک که به هۆی ئه‌ندامه‌تی له گرووپی هاوڕه‌گه‌زدا دێته ده‌ست (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

به گشتی ده‌توانین ئاماژه به سێ جۆره ره‌چه‌ڵه‌ک بکه‌ین:

ڕەچەڵەکی دایکی: کە بریتیە لەو پێوەندیانەی کە تاک بە هۆی دایکەوە لە گەڵ باوباپیرانی هەیەتی. ڕەچەڵەکی یەک هێڵی لە ڕێگای مێینەوە دان بە پێوەندییە خزمایەتییەکانی خۆیدا دەنێ، کە هێڵی ڕەچەڵەکەکانی بۆ وەچەی سەرەوە، لە ڕێگای دایکیەوە دەست پێدەکات؛ بەڵام بۆ وەچەکانی خوارەوە، بە بنەماڵەی خۆی و کچی خوشکی و کچی براکانی دەست پێدەکات. میراتەکان بەم شێوازە لە ڕێی دایکەوە دابەش دەکرێن؛ واتە لە خاڵەوە بۆ کوڕی خوشک. پیاو لەم سیستەمەدا پێگەی کۆمەڵایەتی و هێز و دەسەڵاتی خۆی لە گرووپی دایکییەوە بە دەست دەهێنێ؛ واتە لە کەس و کاری دایکیەوە.

ڕەچەڵەکی باوکی:واتە ئەو پێوەندییانەی کە تاک بە باوباپیرانیەوە دەبەستێتەوە، لە ڕێی باوکیەوەیە (ڕەچەڵکی یەک هێڵی). تاک تەنیا لە ڕێی باوکیەوە دان بە پێوەندیە خزمایەتییەکانیدا دەنێ و لە ڕێی باوکیەوە هێڵی ڕەچەڵەکی خۆی بۆ گەیشتن بە نەوەکانی سەرەوەی دەست پێدەکا و لە ڕێی باوکییەوە میراتی پێدەگات (مەعن خەلیل؛ ٢٠٠٧).

ڕەچەڵەکی چەن هێڵی: لەو کۆمەڵگایانەی کە تاک ئایدۆلۆژییەکی چەن هێڵی هەیە، تاک دەتوانێ بە ویستی خۆی لە ڕێی دایک یان باوکیەوە خۆی بە وەچەی سەروە ببەستێتەوە. لە هەندێ کۆمەڵگای چەن هێڵیدا تاک دەتوانێ لەهێڵێکەوە بۆ هێڵێکیتر بڕوا و ڕەچەڵەکی خۆی بگۆڕێ، بەو مەرجەی کە لە یەک کاتدا لە یەک گرووپدا بێ. لە هەندێ کۆمەڵگایتریشدا تاک دەتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی جۆراوجۆر لە گەڵ چەن گرووپدا کە دەتوانێ بە خزمی خۆی بیانزانێ، پێوەندی هەبێ (بیتس و پلاگ؛ ١٣٨٦).

ڕەچەڵەکی باوکی / patrilineal descent : بڕوانە: **ڕەچەڵەک**

ره‌چه‌ڵه‌کی دایکی / matrilineal descent : **بڕوانه: ره‌چه‌ڵه‌ک**

ره‌سم (سوننه‌ت)/ tradition

ماکس ڤیبێر به‌جێی ئه‌وه‌ی که کۆمه‌ڵگاکان به گوێره‌ی تیکنۆلۆجی یاخۆ سیسته‌مه‌کانی به‌رهه‌مهێنان چین‌به‌ندی بکات، به گوێره‌ی جیهان‌بینی خه‌ڵک جڤاکه‌کانی چین‌به‌ندی کردووه. به واتایه‌کی ساکارتر، ڤیبێر ده‌گاته ئه‌م ئه‌نجامه‌ی که ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵگاکانی پێش پیشه‌سازی، پشتیان به ره‌سمه‌کان به‌ستووه، له کاتێکدا خه‌ڵکی کۆمه‌ڵگا پیشه‌سازییه‌کان، پشتیان به ئه‌قلانییه‌ت ده‌به‌ستن. مه‌به‌ستی ڤیبێر له ره‌سم، ئه‌و هه‌ست و باوه‌ڕانه‌یه که له وه‌چه‌یه‌که‌وه بۆ وه‌چه‌یه‌کی‌تر ده‌گوازرێنه‌وه. له‌م سۆنگه‌وه ڕێنومای جڤاکه سوننه‌تییه‌کان، رابردوویانه. ئه‌ندامانی ئه‌م جڤاکانه، دروست و راست بوونی کرده‌وه‌کانیان به گوێره‌ی درێژخایاندنی ئه‌و ماوه‌یه هه‌ڵده‌سه‌نگێنن که ئه‌و کرده‌له لایه‌ن پێشوونانیانه‌وه په‌سند کراوه. له کاتێکدا خه‌ڵکی کۆمه‌ڵگا مۆدێڕنه‌کان روانگه‌یه‌کی جیاوازیان بۆ جیهان هه‌یه و کرده‌کانیان نه به گوێره‌ی ره‌سم و سوننه‌ت، به‌ڵکوو به گوێره‌ی ئاوه‌ز و فامیان هه‌ڵده‌سه‌نگێنن. واته: ڕێنومای خه‌ڵکی کۆمه‌ڵگا مۆدێڕنه‌کان، ئاوه‌زیانه نه‌ک رابردوویان.

ره‌ش بگیر/ witch-hunt

ئه‌م زاراوه‌بۆ واتای تاوانباری بێ‌تاوان به کار ده‌برێ. کاتێ کاره‌ساتێ ده‌قه‌ومێ، خه‌ڵکی به دووی که‌سێکدا ده‌گه‌ڕێن که لۆمه‌ی بکه‌ن و هه‌موو گوناحه‌کان بخه‌نه ئه‌ستۆی ئه‌و. ناسین و دیاری کردنی پێناسه‌ی ئاوه‌ها که‌سێک ده‌بێته هۆی هاتنه دی ئه‌م خه‌یاله خاوه که خه‌ڵکی وابیر که‌نه‌وه

کە هەموو بارودۆخێکیـان لـە ژێـر کۆنترۆڵـدایە. ئاوەهـا پێناسـەیـەک لـە هەلومەرج، خۆی لە قەوارە و بیچمـی ڕەش بگـیردا دەنوێنـێ. ڕەش بگـیر، کردەوەیەکە دژ بە هۆکارگەلێکی تێکدەر، بە مەبەستی چاکسازی ڕەفتار یـان هەڵس‌وکەوتگەلێک کە دەبنە هۆی لاواز کردنی گـرووپ یـان وڵاتێـک. لـە ڕاستیدا بۆی هەیە کە کردەوەی ڕەش بگیر نەگات بە ئامانجی خۆی، چونکە ناسین، هۆی سەرەکی کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز و بەدەر لە هەڵس‌وکەوتی تـاک یان گرووپێکە کە ڕەش بگیر کراوە. زۆربەی کاتەکان، خەڵکێک کە بە هـۆی سەرەکی ئاژاوەیەک دەزانرێن، هۆی سەرەکی نین، بەڵام بـە قـەسـتی وا بـە خەڵکی دەناسرێن تا خەڵکی وابیر کەنەوە کە دەسەڵاتداران بارودۆخیان لـە ژێر کۆنترۆڵدایە. بۆ وێنە، کاتێک ڕامیاران و دەسـەڵاتـداران نـاتوانن بـڕیار و بەڵێنەکانیان بە ئەنجام بگەینن، بچووکترین دەنگی ناڕەزایەتی و ڕەخنە، بـە تاوان دەزانرێ و بە تونـدترین جـۆر سـەرکـوت دەکـرێ. بـە واتایـەکـی‌تـر، حکوومەت لە ئاوەها بارودۆخێکدا بە دووی کەسـێکدا دەگـەڕێ تـا هـەڵـە و پەڵەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی و واپیشان بدا کە بـە هـەمـوو دەسـەڵاتـەوە بارودۆخی لە ژێر کۆنترۆڵدایە و بە جێی ئەوەی هۆی ناتەواوییەکانی لـە نێـو خۆیدا ببینێتەوە، هان دەدا تا بە سەرکوت‌کردنی ڕەخنەگران و ناڕازییەکـان، ئەوان بە هۆی نالەباری و کەم‌وکووڕییەکانی خۆی پیشان بدات.

ڕەشکوژی / terrorism

تەنیا دیاردەی دژ بە هێورکردنەوەی ناوخۆی دەوڵەتەکان، دیاردەیەکە کە لە ژێرناوی ڕەشکوژی یان تیرۆریزمدا ناوی لێ دەبەن. تیرۆریـزم بریتیـە لـە هەڕەشە یان کەڵک وەرگرتن لە توند و تیژی بۆ گەیشتن بە دۆز و ئامـانجی سیاسی؛ ڕەشکوژان، بێجگە لە هەڕەشە یان توند و تیـژی چـەکدارانـە، هـیچ دەسەڵاتێکی سیاسی فەرمییان نییە. بە گوێرەی ئەم پێناسە، لە نێو وڵاتـانی

ئەمڕۆدا ڕەشکوژی بایەخێکی ئەوتۆی هەیە؛ چونکە لە دونیای ئەمڕۆدا حکوومەتەکان دەسەلاتی سەربازی بە قۆرخی خۆیان دەزانن و بێجگە لە خۆیان کە لە هێزی چەکداری بۆ گەیشتن بە دۆز و ئامانجی سەربازی بەهرە دەگرن، ئەم مافە بە کەسی‌تر نادەن. بەم چەشنە، تیرۆریزم لە هەمان سیمبۆلی ڕەوای مەشرووعییەت کەلک وەردەگرێ کە حکوومەتەکان لە گەلی دژایەتی دەکەن. تیرۆریستان کارەکانیان بە یاسامەند دەزانن و خۆیان بە سەرباز ناودەبەن؛ بۆ ناونانی بەشەجۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەکەیان لە زاراوەگەلی سەربازی بەهرە دەگرن؛ وەکوو: ئەرتەشی رزگاریخواز ئیرلەند، بریگادەسوورەکانی ئیتالیا (گیدنز؛ ١٣٨٥).

تیرۆریزمیش وەکوو شۆڕش، کارێکە کە بە پێچەوانەی یاسا سەقامگرتووەکانی کۆمەلگا ئەنجام دەگرێ. بەڕای ئوونیل، ڕەشکوژی بریتیە لە شێوازێک لە شەڕ کە تێیدا بزاڤێکی کۆمەلایەتی کە دژ بە دەولەتە، هێزی چەکداری بە جێی ئەوەی دژ بە ئەرتەش بەکار ببا، دژ بە هاوولاتیە ئاساییەکان بەکاری دێنێ (*O' Neill, B. E;1990*). لەم ڕووەوە تیرۆریزم دەبێتە هۆی نیگەرانی، چونکە لەم شەڕەدا مندالان و ژنان و پیاوانی بێ‌تاوان دەکوژرێن. لە لای ڕەشکوژان، هۆوە سیاسیەکان پاکانە بۆ کوژرانی بێ‌تاوانان دەکەن، چونکە بەڕای ئەوان گەیشتن بە دۆزە سیاسیەکان گرینگتر لە هەموو شتێکی‌ترە.

کاری ڕەشکوژی بریتیە لە تەقینەوە، مرۆڤ‌کوژی، دزینی خەلکی، دزینی فڕۆکە و ئەشکەنجە. هەرچەند مەبەست لە ڕەشکوژی گۆڕانی هەلس‌وکەوت و لایەنگرییەکانی گرووپ یان گرووپگەلێکی دیارە، بەلام هەندێ جار ڕەشکوژان بە دووی ئامانجێکی خێرادان و خوازیاری ڕاکێشانی سەرنجی گشتی خەلکن بەرەو لای خۆیان، یان بە نیازی دلسارد کردنی خەلکی و زۆرتر کردنی فەرمانبەرداری خەلکی لە خۆیانن لە ناو و لە دەرەوەی گرووپدا

و تەنانەت سازیان لە گەڵ حكوومەت لە ڕێی وەرگـرتنی پـارەوە (*O' Neill, (B. E;1990*.

بەڕای بیرمەندی سەربازی ئەمریكی، كلایتـۆن نۆئێـل، تیرۆریـزم كاتێـك كاریگەرە كە بتوانێ سەرنجی دەزگاگەلی ڕاگەیاندنی گشتی نێونـەتـەوەیـی بەرەو لای خۆی ڕاكێشێ. پۆل جانسۆن بە چوار ڕوانگەی تیرۆریستی ئامـاژە دەكات:

١) ڕەشكوژان لە توندوتیژی (هـەرچـەن زۆربـەی كۆمـەڵـگاكان نكۆڵـی لێدەكەن) وەكوو تاكتیكێكی ڕەوای ڕامیاری بەهـرە وەردەگـرن. ڕەشـكوژان باری یاسایی و سەقامگرتووی وتوویژی سیاسـی لـە بـەرچـاو نـاگرن. لـەم ڕووەوە تیرۆر ستراتژیەكی لاوازی ڕێكخراوەییە كە مەبەستی زیان گـەیانـدن بە دوژمنێكی بەهێزترە. بۆ وێنە هەرچەن بە بارمتەگرتنی خـەڵـكی لـە نێـو هەموو جیهاندا بە هەڵس‌وكەوتێكی نەگونجاو پێناسـە دەكـرێ و دەناسـرێ، بەڵام بارمتەگران مەبەستیان لەم كارە ئەوەیە كە بیری گشتی خەڵكی بەرەو لای خۆیان ڕاكێشن.

٢) تیرۆریزم تاكتیكێكە كە نەتەنیا لە لایەن گرووپەكانەوە بەكار دەگیرێ، بەڵكوو دەوڵەتەكانیش كەڵكی لێ‌دەگرن.

٣) هەرچەند كۆمەڵگا دیمۆكراتیكەكان تیرۆریزم بـە كـارێكی نائاكـاری و نەگونجاو دەزانن، بەڵام بە بۆنەی ئازادییـە بـەرفراوانـە شارسـتانییەكانـەوە و كەمتر بوونەوەی تۆڕی پۆلیس، لە بەرانبەر ڕەشكوژیدا زۆر زیان دەبینن. ئەم بابەتە بۆمان ڕوون دەكاتەوە كە بۆچی حكوومەتـە دیمۆكراتیكـەكـان، كاتـێ هەست بە مەترسی دەكەن، ئازادییە شارستانییەكان وەلا دەنـێن و خـەڵـك لەو ئازادییانە بێ‌بەش دەكەن. هەرچـەنـد كـردەوەی وەكـوو بارمتـەگـری و كوشـتنی ئاشـكرا، تـووڕەیـی گشـتی خـەڵـكی هـەڵـدەخـڕێنێ، بـەڵام دژكردەوەیەكی كاریگەر لە بەرانبەر ئاوەها كردەگەلێك كێشـەی زۆر دێنێتـە

دی. چونکە زۆربەی گرووپە ڕەشکوژەکان، نهێنین و بە شێوازێکی بەرپیـوارو تارمایی ئاسا کار دەکەن، تۆڵە ئەستاندنەوە لێیان زۆر دژوارە. بەلام بێدەنـگ بوون لە بەرانبەر ئاوەها گرووپکەلێک دەبێتە هۆی تەشەنەی ڕەشکوژی. بـەم بۆنەوەدژکردەوەیەکی سەربازی بەهێز دژ بە تیرۆریزم، دەتوانێ پانتای تونـدو تیژییەکان فراوانتر بکا و مەترسی شەڕی چەکدارانە بێنێتە ئاراوە.

٤) تیرۆریزم زاراوەیەکە کە دەتوانـێ واتـای زۆری بـێ. حکوومـەتـەکـان تەنانەت بە زۆر، خوازیاری دامەزرانـدنی ئـارامش و ڕێـکو پـێکین و ڕەنگـە مۆرکی ڕەشکوژ بە سەر ئەو کەسانەدا بنێن کە لە گەڵیان ناتەبان. ناکۆکییـە ڕامیارییەکان دەتوانن ڕوونکـەرەوەی ئـەوە بـن کـە بـۆچی تاکێـک لـە لای هەندێ کـەس «تیرۆریسـت» و لـە لای هـەنـدێ کـەسـیتـر «لایـەنگـری ئازادی»یە.

ڕەشکوژی دەوڵەتی / state terrorism

مەرج نییە کە ڕەشکوژی هەموو کات لە لایەن گرووپێکی بچووکەوە بـێ. بەڵکوو لەم چەن دەیەدا شێوازێکیتـری تـیرۆر کـە بریتیـە لـە تیرۆریزمـی دەوڵەتی باڵی بـە سـەر ڕەشـکوژیەکـانیتـردا کێشـاوە؛ واتـە زۆربـەی ئـەو ڕەشکوژییانەش کە ئـەنجـام دەگـرن، لـە لایـەن ولاتانێکـەوە کـە نایانـەوێ ڕاستەوخۆ نە گەڵ ولاتێکیتر بە شەڕ بێن و بۆ ئەم مـەبـەسـتە ڕەشـکوژانی ولاتیتر بەکرێ دەگـرن، هاتۆتـە دی. زۆرتـر ئـەم شـێوازە هـی ئـەو ولاتـە لاوازانەیە کە تـوانی شـەڕی سـەربـازی ڕاسـتەوخۆیـان لـە گـەڵ ولاتێکـی بەهێزتردا نییە و بۆ گوشار خستنە سـەر ئـەو ولاتـە لـە ڕەشـکوژی بـەهـرە وەردەگرن. جۆرێکیتر لە ڕەشـکوژی دەوڵـەتی، بریتیـە لـەو شـێوازەی کـە ئەمڕۆکە لە نێو ولاتـانی جیهـانی سـێیەم یـان ئـەو ولاتانـەی کـە ئازادییـە شارستانییەکان زۆر لە ناویاندا گەشەی نەسەنـدووە و زۆرتـر لـە ڕۆژهـەلاتی

ناوەڕاستدان، باوە. ئەو دەوڵەتانە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و لەناو بردنی ئەو تاک یان گرووپانەی کە بە شێوازی دیپلۆماسی لە گەڵ سیاسەتەکانیان ناتەبان و دژایەتی دەکەن، دەست دەدەن بە کوشتن و تیرۆری کەسایەتیە سەرەکی و ناسەرەکییەکان.

لە تیرۆریزمی دەوڵەتیدا، دەوڵەتەکان بۆ سەرکوت کردنی ناتەباییەکان، دەست دەدەن بە تیرۆری کەسایەتی ئەو تاک و گرووپانەی لە گەڵ سیاسەتەکانیان دژایەتی دەکەن. دەوڵەتەکان بە چەسپاندنی مۆرکی خراپکار، خاین، شۆفار، لادەر و ... پاکانەبۆ رەشکوژییەکانی خۆیان دەکەن. لەم دەوڵەتانەدا پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و راستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی گەورەکانی حکوومەتدان. پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش لەم حکوومەتانەدا دەوری دارەدەسی دەوڵەت دەگێڕن و ناکۆکان لە گەڵ حکوومەت، چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە ناوخۆی وڵاتدا بە شێوازی جۆراوجۆر لەناو دەبەن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

ڕەفتاری بەکۆمەڵ/ collective behavior

ڕەفتاری بەکۆمەڵ بریتیە لە میتۆدەکانی هەڵسوکەوتێک کە هیچ پێکهاتەیەکی نییە، لە خۆڕا دێتە دی و پێشبینی ناکرێ. ئەو تاکانەی پێڕەوی لە ڕەفتاری بە کۆمەڵ دەکەن، لە بەرانبەر بزوێنەرێکی تایبەتەوە کە رەنگە ئەو بزوێنەرە تاک یا ڕووداوێک بێت، لە خۆیان دژکردەوەپیشان دەدەن. کۆمەڵەیەک کە لە یارییەکی فووتبۆڵدا بە هۆی سەرکەوتنی ئەو تیمەی کە لایەنگری لێ دەکات، ڕەنگە برژێنە نێو مەیدانی یاری و یاریکەرەکان لە ئامێز بگرن و لە سەر شان هەڵیانگرن؛ ئەمە نموونەیەکە لە ڕەفتاری بەکۆمەڵ.

نیل سمێلسێری کۆمەڵناس شەش مەرج وەکوو هۆکارە سەرەکییەکانی

رەفتاری بەکۆمەڵ دیاری دەکات (*Neil J. Smelser, 1962*- وەرگیراو لە: کوئن؛ ١٣٨٧):

بنەمای پێکهاتەیی: واتە دەبێ پێکهاتەی کۆمەڵگا بە چەشنێک بێ کە شێوازێکی تایبەت لە رەفتاری بەکۆمەڵی تێدا بقەومێ. بۆ وێنە لەو جڤاکانەی کە دەربڕینی ئەندێشە و بیرو بۆچوون، وتو وێژ، ئازادیخوازی، رەخنە و خۆپیشاندان و خەباتی رامیاریان تێیاندا قەدەغەیە، بنەما بۆ رەفتاری بەکۆمەڵیان تێدا ئامادەیە.

گوشاری پێکهاتەیی: کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا گوشار و زەختێک دەخرێتە سەر خەڵکی، ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ دەرباز بوون لەو زەختە، بەرەو هاوکاری و رەفتاری بە کۆمەڵ پاڵ پێوە دەنرێن.

بۆچوونی گشتگیر: بەر لەوەی کە رێگا چارەیەکی بەکۆمەڵ بۆ پرسێک بدۆزرێتەوە، پێویستە کە هەموان دان بەوەدا بنێن کە پرس و کێشەیەک هەیە؛ کەواتە دەبێ پرسەکە بناسرێ، بیری گشتی سەرنجی پێبدەن و رێگەچارەگەلی شیاوی بۆ ببیننەوە.

هۆکارە خێراییپێدەرەکان: بۆ سەرهەڵدانی رەفتارێکی بەکۆمەڵ سەرەتا دەبێ رووداوێکی گرینگ خەڵکی بەرەو دژکردەوە بهەژێنێ. ئەم رووداوە زۆرجار بە چاوڕاو گەورەتر پیشان دەدرێ و لە ئەنجامدا بە چەشنێکی سەرنجڕاکێشتر پیشان دەدرێ.

کۆوە بوون بۆ رەفتاری بەکۆمەڵ: کاتێک رووداوی خێراییدەر رووی دا، تاقمێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی کۆوە دەبن. ئەم جۆرە رێکخراوە کە ئەندامەکانی بەخێرایی لە دەوری یەک کۆوە دەبن، زۆر سستە و پێکهاتەیەکی خۆگرتووی نییە.

کاری کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی: سەرکەوتن یا شکست هێنانی کۆشەوەی بەکۆمەڵی تاکەکان، بەستراوە بە سەرکەوتن یا شکانی مکانیزمی کۆنترۆلی

کۆمەلایەتی. مکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی، وەکوو پۆلیس، هێزەسەربازییەکان، دەوڵەت و میدیا گشتییەکان، پێکەوە ئاکامی ڕەفتاری بە کۆمەڵ دیاری دەکەن (کوئن؛ ١٣٨٧).

ڕەفتاری گشتی / mass behavior

شێوازێک لە ڕەفتاری بەکۆمەڵ کە بنەمای لە سەر پێوەندییە ناتایبەت و ناڕاستەخۆکانی کۆمەڵەیەکە کە ئەندامەکانی لە گرووپ و تاقمە جۆراوجۆرەکان پێک هاتووە. پێوەندییە گشتگیرەکان، بە پێوەندی کردن لە نێوان ئەو تاکانەی کە هیچ پێوەندییەکی تایبەتیان پێکەوە نییە و تەنانەت هیچ شتێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە، لە گەشەی هەڵسوکەوتە گشتییەکاندا دەورێکی کاریگەر دەبینێ. ڕەفتارە گشتییەکان بریتین لە باوەڕو داخواز و ویستە جۆراوجۆرەکانی ئەندامانی کۆمەڵگایەک کە لە بزاڤە ڕامیارییەکانەوە بگرە تا دەگاتە مۆدی ڕۆژ، شێوازی جلو بەرگ لە بەر کردن، هەڵپەڕکێ و مۆسیقا دەگرێتە بەر.

ڕەهەندی فەرمی ڕێکخراوەکان
formal dimension of organization

کۆمەڵناسان لە نیوان باری فەرمی و نافەرمی ڕێکخراوەکاندا جیاوازی دادەنێن. ڕەهەندی ڕەسمی بریتیە لە ڕێنوێنەکان، یاساکان، دەستوورەکان و داب و دەستووورە فەرمی و نووسراوەکانی ڕێکخراو کە ئامانج، یاسای چۆنییەتی پێوندی ئەندامان پێکەوە و هەروەها شێوازی هەڵسوکەوت و پێوەندی ئەندامان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی‌تردا (بۆ وێنە پێوەندی لە گەڵ دامەزراوە حکوومیەکان) دیاری دەکات. هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە ئەم زاراوەیە چەمکی چۆنییەتی دەور گێڕانەکان، پێوەندی زاتی

نێوان دەورەکان و لێکدانەوەی ئەرکی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕێکخراو روون دەکاتەوە.

ڕەهەندی نافەرمی ڕێکخراوەکان

informal dimension of organization

ڕەهەندی نافەرمی بریتیە لەو نۆرم و پێودانانەی کە کرێکاران بە هۆی ئەوانەوە خۆیان لە کار دەدزنەوە و بە چەشنێکی سیستماتیک یاساکان و سیاسەتەکانی ڕێکخراوە دەخەنە پشت گوێ. بە گشتی ئەم زاراوەیە بریتیە لەو هەڵس‌وکەوتانەی کە نین لە سەر ڕێبازی ئارمانج و دۆزە سەرەکی و نووسراوەکانی ڕێکخراودا (*Sekulic, D; 1978: 27-43*). ئەم ڕێسا و نۆرمانە بریتین لەو یاسا و دەستوورە نەنووسراوانەی کە پێوەرەکانی پێوەندی ئەندامانی ڕێکخراو، شێوازی ئاخاوتنی شیاو و لەبار لە نێوانی کارمەندەکاندا، خێرایی کاری کارمەندان و کرێکاران روون دەکەنەوە.

leadership / ڕێبەرایەتی

لە نێوان ئەندامانی گرووپدا ڕەنگە تاکێک شوێنگەیەک بە دەست بێنێ کە بتوانێ بە سەر هەڵس‌وکەوت و ڕەفتاری کەسانی‌تردا کاریگەری هەبێ و ئەوان بێنێتە ژێر دەسەلات و ڕێبەرایەتی خۆی. ئەرکی ڕێبەر لە نێو گرووپدا پتر لە هەر شتێکی‌تر، کۆشەوەیە بۆ گەیشتن بە دۆز و ئارمانجەکانی گرووپ.

کۆمەڵناسان لە تۆژینەوەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە سێ شێوازی ڕێبەرایەتی کردووە کە برتیین لە:

ڕێبەرایەتی ئۆتۆریتانە (authoritarian leadership): ئەم چەشنە ڕێبەرایەتییە زۆرتر پێوەندی خۆی لە گەڵ ژێردەستەکانی بە پێوەندییەکی ئامرازی دەزانێ و پرۆسەی بڕیاردان، بە پرۆسەیەکی تاکەکەسی دەزانێ و

چاوەڕوانە کە ژێردەستەکانی بێچەندوچوون گوێڕایەڵی دەستوورەکانی بن. هەرچەند ئەم چەشنە ڕێبەرایەتیە لە لایەن سەرجەمی ئەندامانی گرووپەوە پەسند ناکرێ، بەلام ڕێبەرێکی دەسەلاتدار کە توانی بڕیاردانی خێرای هەیە، لە هەلومەرجی قەیراندا، دەتوانێ لایەنگری زۆر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. لەم شێوە ڕێبەرایەتییەدا، ڕێبەرە کە دۆز و یاسا و ڕێساکانی هەڵسوکەوتی ئەندامانی گرووپ یان کۆمەڵگا دیاری دەکات. دەسەلاتێکی تەواو و بێ کەم و کووڕی دراوەتە ڕێبەر و ئەویش بۆ بڕیاردان هیچ پێویستی بە راوێژکردن لە گەڵ ئەندامانی گرووپەکەی نییە. ریز و ئەرکی پێگەکانی نێوو گرووپ، لە سەرەوە و لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێ. ئەندامانی گرووپ بۆ پاراستنی ئەندامێتی خۆیان لە نێو گرووپدا، ناچارن لەوەی کە گوێڕایەڵی ڕێبەرایەتی بن. ئەم چەشنە ڕێبەرایەتییە لە نێو ئەرتەش، حکوومەتەملهۆڕەکان، ڕێکخراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان، خێزانە باوکسالارەکان و گرووپە لادەرە گانگستەرەکاندا دیارە.

ڕێبەرایەتی دیمۆکراتیک (democratic leadership): لەم ڕێبەرایەتییەدا پرۆسەی بڕیاردان بە چەشنێکە کە هەموو ئەندامان تێیدا بەشداری دەکەن. باوەڕ و کردەی ڕێبەرەکان لە گەڵ باوەڕ و بەها و نۆرمی هەموو ئەندامانـدا سازگار و یەکسانە. ئەوان بۆ مافی بەشداری ئەندامان لە پرۆسەی بڕیاردانـدا بایەخی ئەوتۆ دادەنێن و ئەم مافە لە ئەندامان ناگرنەوە. بناغەی ئەم شێوازە لە سەر باوەڕ بە بەهاکانی مۆرڤایەتی و باوەڕ بە بەهاکانی ئاریکاری و وتوویژ و یەکدەنگی ئەندامان، دانراوە. هەرچەن ئەم ڕێبەرایەتییە لە کاتی قەیرانـدا کەمتر لە ڕێبەرایەتی ئۆتۆریتە توانی چالاکی هەیە، بەلام دەتوانێ بەردەوامی کومەڵگا و بەهاکانی کۆمەڵگا مسۆگەر بکا.

ڕێبەرایەتی ئابووری ئازاد (laissez faire): ئەم ڕێبەرایەتییە ئەندامانی گرووپ یا کۆمەڵگا بۆ جێبەجێ کردنی هەر کارێک کە خۆیان دەیانەوێ،

سەربەست دیلێتیەوە. لە چاو جۆرەکانی تری ڕێبەرایەتیدا، ئەم جۆرە ڕێبەرایەتییە کەمتر دەتوانێ ئەندامان بۆ گەیشتن بە دۆزی هاوبەش پال پێوەبنێ (*White, R & Lippitt, 1953*– وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤).

ڕێڕەوی ژیان (پیشە) / career

ئەم زاراوە بە زۆری لە کۆمەڵناسیدا بەکار دەبرێ و بەم بۆنەوە واتا گشتییەکەی بەرانبەرە لە گەڵ کار یان پیشە و ئاماژەیەکە بە ئاستێکی بەرز لە بەردەوام بوونی کار و پیشەیەک کە مسۆگەری سەرجەمی ژیان بێ. واتایەکی گشتی‌تر، ئەم زاراوەیە بەم چەشنە پێناسە دەکات: پیشە بریتیە لە کۆمەڵە ڕێککەوتنێک لە گەڵ ئیدارە و دامەزراوە و ڕێکخراوە ڕەسمییەکان و پێوەندیە ناڕەسمییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەو کارەوە بەندیوارن، یاخۆ زنجیرە کار و پیشەیەک کە سەرچاوەی کاری تاک یان گرووپێک پێک دێنن.

بە سەرنجدانی زۆرتر بەم خاڵە کە مێژووی کاری تاکەکان تەنیا لە یەک کارو پیشەی تایبەتەوە سەرچاوە ناگرێ، واتای «تیپی کار» بەرفراوانتر دەبێتەوە. بەگوێرەی وتەی میلێر و فرۆم، بریتیە لە «زنجیرەیەک لەو کارانەی کە لە ڕەوتێکی یەکسان و تەکووز بۆ گەشەسەندن پێڕەوی دەکەن»؛ یان بە گوێرەی پێناسەی سووپێر، بریتیە لە «دوابەدوای یەک بوونی کارەکان لە ژیانی تاک یان گرووپێک لە تاکەکاندا. بۆ ڕوون کردنەوە و دیاری کردنی ئەو خولە گرینگانەی کە دەبنە هۆی هاتنە دی کار و پیشەیەک، دەتوانین ئەم دوابەدوای یەک بوونە بخەینە بەر ڕاڤە و وردبوونەوە» (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

ڕێسا / folkway

ویلیام گراهام سامنێر بۆ پیشان دانی نەرت و ڕێ‌و ڕەسمەکانی نێوان

ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ کارلێکە ئاساییە ڕۆژانەکانیان، بێجگە لە زاراوەی **دامودەستوور**، زاراوەیەکی تری داناوە کە پێی دەڵێ ڕێسا (عرف). لە لای سامنێر، گرینگی ڕێسا کەمتر لە دامودەستوورە. ڕێسا بریتیە لە چۆنییەتی جلک لە بەر کردن، ڕێزگرتن لە خەڵک و... . چونکە ڕێسا لە بەرانبەر دامودەستووردا کەمتر گرینگە، جڤاکەکان ئاسانتر دان بە لادان لە ڕێساکاندا دەنێن و کەمتر داکۆکیان لە سەر دەکەن. بۆ وێنە، ئەگەر کەسێک لە میوانییەکی ڕەسمیدا، جلکی ڕەسمی لە بەر نەکات، زۆر سەرنجی پێ نادرێ؛ ڕەنگە تەنیا هەندێ کەس پێی بڵێن کە شێوازی هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵکی نازانێ. بەڵام ئەگەر هەر ئەم کەسە پانتۆڵی لە پێدا نەبێ و بڕواتە نێو کۆبوونەوەیەکی ڕەسمییەوە، ئەوە لە ڕاستیدا سووکایەتی بە دامودەستووری کۆمەڵگا کردووە و لە گەڵ دژکردەوەی توندوتیژی خەڵکی ڕووبەڕوو دەبێ.

ڕێکخراوە/ organization

ڕێکخراوە ئامرازێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی خەڵکی پێکڕا و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت دەستی ئاریکاری بدەن بە دەستی یەکترەوە. ڕێکخراوەکان دەتوانن فەرمی یا نافەرمی بن؛ هەروەها دەتوانن بۆ گەیشتن بە ئامانج یان ئامانجگەلێک دامەزرابێتن. بە گشتی گەیشتن بە دۆز و ئامانجەکان کاتێک ئاسانتر دەبێتەوە کە کۆشەوەکان لە قەوارەی ڕێکخراوەیەکدا بن. شێوازی ڕێکخراوە لە چەندوچوونی کردەی بە کۆمەڵدا کاریگەرە و هەندێ جاریش دەوری سەرەکی هەیە. ئەو جڤاکانەی کە بنەمایان لە سەر ڕێکخراوە خەڵکییەکان دانراوە، پتەوی و سەقامگرتوویەکی زۆرتریان هەیە، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی پرس و کێشە ناوچەیی و بچووکەکان، تووشی کۆسپ و ئاستەنگی زۆر دەبن. ڕێکخراوەڕەسمییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە گەورە و سەرەکییەکان، پێویستن. بۆ وێنە:

هەرچەند دانیشتوانی ناوەندی لۆس ئانجلێس لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ڕەش پێستەکان دەستیان دا بە نارِەزایەتی و ئاژاوەگێران، بەڵام بۆ ئەوەی کە شۆڕشەکەیان بکەن بە سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری و لە ئەنجامدا لە یاسای نەتەوەییدا بیچەسپێنن، پێویستیان بە ڕێکخراوەیەکی ڕەسمی بوو.

بەگشتی، ڕێکخراوەکان لە سێ ڕووبەردا دەخرێنە بەر ڕاڤەو وردبوونەوە: ١) لە ڕووبەری تاکدا، ٢) لە ڕووبەری گرووپە بچووکەکانی شوێنی کاردا، ٣) لە ڕووبەری ڕێکخراوەی فەرمیدا.

١- لە ڕووبەری تاکدا، باس لە سەر چۆنییەتی شوێنی کار و کارلێکی نێوان تاک و ڕێکخراو و هەروەها کاریگەری تاک بە سەر ڕێکخراودایە. هەروەها باس لەو هێز و هۆکارانەی دەکرێ کە هەر چەشنەی کاریگەرییەکی پازیتیف یان نیگەتیڤیان بە سەر تاکدا هەیە. هەندێ لە توێژەران بۆ پێداگری لە سەر ئەم تەوەرە، زاراوەی دەروونناسی ڕێکخراویان هێناوەتە کایەوە (organizational psychology). لە دەروونناسی ڕێکخراوەدا ئەنگیزەکانی تاک لە گرووپەکانی کاردا دەخرێنە بەر سەرنج و زۆرتر لە سەر تاک و چۆنییەتی سازگاربوون یا گونجانی لە گەڵ شوێنی کاردا دەخرێتە بەر باس.

٢- لە ڕووبەری گرووپە بچووکەکانی شوێنی کاردا ئەم خاڵانە جێگای سەرنجن: یەکگرتوویی گرووپ لە شوێنی کاردا بو کاریگەری بە سەر سەرکەوتن لە بواری گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەدا؛ پێوەندی نافەرمی نێوان ئەندامانی گرووپی کار و کاریگەری ئەم پێوەندییە بە سەر تەواوتر کردنی پێوەندییە فەرمییەکانی نێو ڕێکخراوەدا؛ لێهاتوویی و قازانجدەری گرووپی کار. دەبێ بزانین کە لێهاتووییە تاکەکەسییەکان لەنێو ڕێکخرادا دەکەوێتە ژێر کاریگەری لێهاتووییەکانی گرووپەوە. سەرپەرشتەکانی

ڕێکخراوە پیشەسازییەکان زۆرتر پێیان خۆشە بەجێی ئەوەی کە سەرنج بدەنە لێهاتووییەکانی تاک، لە سەر چۆنییەتی شارەزایی و لێهاتوویی و کارزانی گرووپ باس بکەن. لە ڕاستیدا گرووپ وەکوو واقعێکی سەربەخۆ دەزانرێ.

٣- لە ڕووبەری ڕێکخراوەی فەرمیدا یەکەی ئێمە بۆ باس و لێکدانەوە، سەرجەمی ڕێکخراوەیە. هەموو ڕێکخراوێک لە کەسانێک پێک هاتووە کە بەبێ سەرنجدان بەوەی کە چ کارێک لەنێو ڕێکخراودا دەکەن، پێوەندییەکی ئەرکخوازانەیان پێکەوە هەیە. هەروەها هەموو ڕێکخراوێک لە گرووپگەلی کاری جۆراوجۆر پێکهاتووە (صبوری، ١٣٨٨؛ ڕاسل، ١٣٨٦). بڕوانە: **ڕێکخراوە فەرمییەکان**

ڕێکخراوە فەرمییەکان / formal organization

ڕێکخراوە فەرمییەکان بە گرووپێک دەڵێن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت، بە گوێرەی یاسا و پێوەرەگەلی دیاری کراو، دامەزرابێ و پێک‌هاتبێ. جیاوازی ڕێکخراوە ڕەسمییەکان لە گەڵ شێوازەکانی‌تری گرووپدا، لە قەوارە و پێکهاتەو پێداگری لە سەر ئامانجەکان و چۆنییەتی ئەنجام دانی کارەکاندایە. لە بەراورد لە گەڵ شێوازەکانی‌تری گرووپدا، ڕێکخراوە ڕەسمییەکان زۆرتر مەیلیان بە گەورە بوون، ئاڵۆزتر بوون و کۆشەوەی زۆرتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەیە.

ڕێکخراوەکان کاتێک دێنە دی کە بۆ گەیشتن بە ئاماجێکی دیاریکراو، نیاز بێ بە کۆوەکردنی لێهاتوویی و شارەزایی ژمارەیەک لە تاکەکان. هیچ تاکێک بە تەنیا خۆی ناتوانێ هەموو توان و بڕشتی پێویست بۆ ئیدارە کردنی کارخانەیەک (وەکوو پارچە چنین) دابین بکات. هەروەها کۆوە کردنی دیزاینێر (گەلالەداڕێژ)، ئەندازیار، میکانیک، مەوادی سەرەکی و کرێکاران لە

شوێنێکی تایبەتدا ناتوانێ چارەسەری کێشەکە بکات. ئەندازیاران دەبێ بزانن کە نیازی گەلالەدارێژان چییە و کاری ئەندازیاران و میکانیکەکان پێکەوە هاودەنگ بێ. بەواتایەکی‌تر، هەموو ئەو کەسانەی کە خەریکی کار لە کارخانەیەکی پارچەچنینن، دەبێ ڕێککەوتوو بن. بۆ گەیشتن بە ئاوەها مەبەستێک دانانی هێڵی پێوەندی و دەسەلاتێک کە بتوانێ ئەرکی هەریەک لە ئەندامان و شێوازی پێوەندی نێوان بەشەکان دیاری بکات، پێویستە. ڕەنگە کرێکاران، کارمەندان، ئەندازیاران و میکانیکەکان نەمێنن، بەلام ڕێکخراوەکە دەتوانێ بۆ دەیان ساڵ درێژە بە ژیانی بدات. بۆ وێنە، ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتێک هەر ٤-٨ ساڵ ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ، کەچی حکوومەت، یان هەمان ڕێکخراوەی ڕەسمی، بۆ دەیان ساڵ بەردەوامە و درێژە بە ژیانی دەدا.

بەشەکانی ڕێکخراوە: دەزگا و ڕێکخراوە ڕەسمییەکان بە هەر مەبەستێکەوە کە دامەزرابێتن (بەرهەمهێنانی ترۆمبیل، پارچە، خانووسازی، گۆڕانی حکوومەت و هتد) هەموو لە هەندێ بەشدا یەکسانن. بە بڕوای سکۆت (*Scott, W. R; 1987*) ئەم بەشانە بریتیین لە: پێکهاتەی کۆمەلایەتی، کارمەندەکان، ئامانجەکان، تیکنۆلۆجی و شوێنی سروشتی.

پێکهاتەی کۆمەلایەتی: پێوەندی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەیەکی ڕەسمی، کەم تا زۆر، بە گوێرەی کۆمەڵەیەک لە یاسا، پێوەر و میتۆد کە پێش‌بینی دەکرێن، دارێژراوە. هەندێ ئامراز بۆ پەیدۆزی ئامانجە کورت ماوە و بلیند ماوەکان هەیە و تاکەکان دەبێ لە شوێنگە جۆراوجۆرە کارییەکاندا، ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە، جێ‌بەجێی بکەن. ئەم ئامرازانە بە هۆی نۆرم و ڕێساگەلێکەوە ڕێنومایی و ڕێبەری دەکرێن. هەرچەند گلە و گازندەی کرێکاران لە بارودۆخ و هەلومەرجی کار شتێکی زۆر باوە، بەلام هەر ڕۆژە میلیۆنەها کرێکار لە شوێنی جۆراوجۆردا خەریکی کارن و هیچ لە کار و

باریان پەکی ناکەوێ و تێکنادرێ.

کارمەندان و ئەندامان: زۆربەی ڕێکخراوەکان تەنیا دەتوانن پاژێک لە کاتی ئەندامانی خۆیان بگرنە بەرکار. بەم بۆنەوە زۆربەی خەڵکی، تەنیا ئەندامی ڕێکخراوەیەک نین و هاوکات ئەندامی چەن ڕێکخراوەی لێک جیاوازن. تاکێک دەتوانێ هاوکات هەم خوێنکاری زانکۆ بێ، هەم ئەندامی گرووپێکی ئایینی بێ، هەم فرۆشندەی دووکانێک بێ و هەمیش ئەندامی گرووپێکی وەرزشی بێ. هەروەها دەتوانێ هاوکات موشتەری چەندین فرۆشگە و ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی، هاووڵاتی دەوڵەتێک و هتد بێ. ئاستی بەڵێنی ئەو تاکە بۆ هەر یەک لەو ڕێکخراوانە جیاوازە. ئەم بابەتە ئەم واتایەمان تێدەگەینێ کە هەموو ڕێکخراوە ڕەسمییەکان بۆ بە دەسهێنانی کات و ئەمەگداری ئەندامانیان دەبێ لە گەڵ گرووپ و ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکانیتر خەریکی ململانێ بن.

ئامانجەکان: ڕێکخراوە ڕەسمییەکان دادەمەزرێن و بە چەشنێکی فەرمی دەردێن، چونکە ئامانج و دۆزی روون و پێناسە کراویان هەیە و دەیانەوێ پێی بگەن. لە راستیدا، ئامانجدار بوون بەشێک لە پێناسەی باوی ڕێکخراوێکی فەرمییە. بەلام رادەو پێداگری لە سەر گەیشتن بە ئامانجەکان، لە ڕێکخراوەگەلی جۆراوجۆردا جیاوازە. کاتێک ڕێکخراوەیەکی ڕەسمی دێتە دی، ڕەنگە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە هەموو کات و هێزی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوە تەرخان بکەن. بە واتایەکیتر مانەوەو ژیانی ڕێکخراوە بەستراوە بە چۆنییەتی پەیدۆزی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە. هەروەها دەبێ بزانین کە ڕێکخراوە فەرمییەکان، سیستەمگەلێکی بەستراو نین کە هیچ پێوەندییەکیان لە گەڵ دەورو پشتیان نەبێ. بەلکوو ڕێکخراوەکان بە کارمەند و سەرچاوەگەلێکەوە بەستراون کە لە دەرەوەی دام و دەزگای خۆیانن. چونکە هەموو ڕێکخراوێک بۆ رانانی

بەرهەمی خۆی لە گەڵ بازاڕ و ڕێکخراوەکانی تردا خەریکی ڕکەبەریّ و ململانێیە، بەردەوام پێکەوە خەریکی چەقەن. کرێکاران و کارمەندانی ڕێکخراوەیەک ڕەنگە دەست بدەن بە مان گرتن و خوازیاری کەم کردنەوەی ماوەی کاریان بن؛ کڕیاران ڕەنگە خوازیاری جۆرێکی‌تر لە کالا بن؛ ڕەنگە حکوومەت هەندێ سنووری بەرتەسکتر دابنێ و شتی لەم چەشنە. بە هۆی ئەم گوشارە دەرەکییانەوە، دەبێ بەردەوام ئامانجەکانی ڕێکخراوە پێناسە بکرێنەوە.

تیکنۆلۆجی: ئامانج و دۆزی ڕێکخراوەیەک هەرچی کە بێت و هەرچەندیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، دیسان بوونی بەستراوە بەوەی کە «کارێک بکات». لێرەدا مەبەست لە تیکنۆلۆجی هەموو ئەو ئامراز و کەرەسانەیە کە ڕێکخراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەهرەیان لێ دەگرێ. کاری هەندێ لە ڕێکخراوەکان گۆڕانەوەی مەوادی کاڵە بە کالایەک کە شیاوی بەهرەوەرگرتن بێ. ڕەنگە ئەم کارە (واتە گۆڕانەوەی مەوادی سەرەتایی بۆ کالا) یان بە دەست بکرێ یاخۆ بە ئامراز و مەکینەی میکانیکی و کارەبایی. کاری هەندێ ڕێکخراوەی‌تر گۆڕانی مندالانە بە هاوولاتیانی شارەزا (قوتابخانە)؛ کاری هەندێ‌تر یارمەتی برینداران و نەخۆشانە بۆ چاکبوونەوەی باری تەندروستی (نەخۆشخانەکان). بەرهەمی ڕێکخراوە هەرچی کە بێ (بە مەکینەچێکراو یان خزمەتگوزاری)، تیکنۆلۆجییەک کە تێیدا بەکار براوە، کاریگەرییەکی زۆری بە سەر ئەندامان، ئامانجەکان و پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوەدا هەیە. بۆ وێنە گەر ڕێکخراوێک بیەوێ کە سیستەمی خۆی بە کۆمپیوتەر تەیار کا، یان دەبێ کارمەندانی پێشووی فێری کار بە کۆمپیوتەر بکات، یان دەبێ کارمەندی نوێ دابمەزرێنێ. کە ئەم هەنگاوانە هەڵگیران، ڕەنگە ئەو ڕێکخراوە بە نیاز بێ کە خزمەتگوزارییەکانی لە ڕێی کۆمپیوتەرەوە بە ئەنجام بگەینێ تا موشتەری

زۆرتر بەرەو لای خۆی رابکێشێ (ئامانجی نوێ).

شوێن: هیچ ڕێکخراوێک ناتوانێ بۆ خۆی سەرجەمی پێداویستەکانی دابین بکات؛ هەموو ڕێکخراوەکان، پاژێک لە سیستەمی گەورەترن. بەو جۆرەی کە ئاماژەمان پێی کرد، قەوارەی هەر ڕێکخراوەیەک، دەنگدانەوەی پێوەندی ئەو ڕێکخراوە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی‌تر، کڕیاران، بەرهەمهێنەرانی‌تر و خودی کۆمەڵگایە. ڕێکخراوەکان نیازیان بە سەرچاوە سروشتییەکان هەیە. ئەمان پێکهاتە، تیکنۆلۆجی، پسپۆڕ و تەنانەت ئامانجەکانیان لە شوێنی‌ترەوە دێنن. بۆ وێنەکارخانەیەکی پارچەچنی، کرێکاران و کارمەندەکانی لە شوێنگەلی‌ترەوە دابین دەکات؛ ئەندازیاران، گەلالەدارێژان و بەڕێوەبەران دادەمەزرێنێ (پێکهاتە)؛ بە چەشنێک شوێنی کارخانە و نووسینگەکەی هەڵدەبژێرێ کە بتوانی موشتەری زۆرتر بە دەست بێنێ (ئامانج). ڕێکخراوەکان هاوکات بە سەر شوێن و دەورو پشتیاندا کاریگەریان هەیە. بۆ وێنە ڕەنگە هات‌وچۆی زۆری موشتەرییەکانی ئەو ڕێکخراوە، بە سەر چۆنییەتی ترافیکی ئەو شوێنەدا کاریگەرییەکی نیگەتیڤی بێ؛ یان ئەوەی کە دووکەڵی کارخانەی ئەو ڕێکخراوە هەوای ئەو دەڤەرە پیس بکات.

زاڵبوون (هەژمۆنی) / hegemony

ئەم زاراوە باس لە ڕێبازێ دەکا کە تێیدا چینێکی کۆمەلایەتی، بە ڕێککەوتن نەک بە زۆر، بە سەر چینەکانی‌تردا زاڵ دەبێ. بە واتایەکی‌تر، باس لە و ئامرازانەی دەکات کە گرووپی دەسەلاتدار و زاڵی کۆمەلگا، گرووپەکانی‌تری کۆمەلگا بە هۆی ڕێککەوتن و بیرو بۆچوونی زاڵی خۆیەوە، دێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی. یەکەم جار ئانتۆنیۆ گرامشی، شۆڕشگێڕ و دامەزرێنەری پارتی کمۆنیستی ئیتالیا لە *بیرەوەرییەکانی زیندانـدا* ئەم زاراوەیەی بەکار بردووە. لەم ڕووەوە، کولتوورەکان لە هەموو شێوازەکانیاندا، دەتوانن ببنە میکانیزمێک بۆ هان دانی خەلکی کە سیستەمی باوی نێو کۆمەلگا قبووڵ بکەن و بەبێ ڕەخنە گرتن و لە بارو دۆخێکی نایەکساندا سەری بۆ نەوی کەن. لە ڕێی بەکار بردنی کولتوورەوە، ڕەنگە بکرێ بۆ پاراستنی زاڵبوون، بەهرە لە زۆر و توندوتیژی وەرنەگیرێ. بیرمەندانی ململانێ ڕایان وایە کە سیستەمە کولتوورییەکان، نیازەجیاواز و نایەکسانەکانی مرۆڤەکان دیاری دەکەن و یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی پاژە کولتوورییەکان، پاراستنی زاڵبوون و سەرتری گرووپێک لە خەلکە بە سەر گروووپەکانی‌تردا.

ئەم بۆچوونە، ئەو ڕەوتانەی کە مێتۆدە کولتوورییەکان لە سۆنگەیانەوە دەبنە هۆی یەکگرتوویی کۆمەلایەتی، لە بەرچاو ناگرێ. بەم بۆنەوە پێویستە کە بۆ باشتر تێگەیشتن لەکولتوور، بیردۆزی ململانێ و ئەرکخوازی، پێکڕا لەبەر چاو بگیرێن (عضدانلو، ۱۳۸۴).

زانست/ science

زانست بریتیە لەو بنەما و شێوازانەی کە تۆژەران بۆ ڕاڤەی پێوەندی نێوان ڕووداوەکان، دانیان پێیاندا ناوە و لە سەریان یەکدەنگن. کۆمەلناسان

تێدەکۆشن لە شێوازی تۆژینەوەی زانستەکانی تر -بە تایبەت زانستە وردەکان وەکوو ماتماتیک- بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی ڕێکوپێک و ڕاست و بێهەڵە بەهرە وەربگرن. کۆمەڵناسی -لانی کەم- لە پێنج بابەتدا لە گەڵ زانستەکانی‌تر هاوبەشە. ئەو پێنج بابەتە بریتین لە:

١- کۆمەڵناسی پشت بەو بەڵگە و داکیۆمێنتانە دەبەستێ کە لە ڕێی دیتنی سیستماتیکەوە کۆوە کرابێتن. کۆمەڵناسان دەپەرژێنە سەر ئەو زانیارییانەی کە کە لە ڕێی دیداری ڕاستەوخۆوە ڕاست بوونیان بچەسپێندرێ. بەواتایەکی‌تر، تا ئەو جێگای بۆیان بلوێ، هیچ شتێک بەچاوی بەستراو و بەگوێرەی باوەڕیان ناسەلمێنن. لە تۆژینەوەی کۆمەڵناسانەشدا وەکوو زانستەکانی‌تر، ئەگەر و گریمانە و بۆچوون هەیە. گریمانەکان ڕێگا و چۆنییەتی تۆژینەوەکە پیشان دەدەن، بەڵام بەر لەوەی کە ئاکامی تۆژینەوەکان بسەلمێندرێن، دەبێ تاقی بکرێنەوە.

٢- کۆمەڵناسی وەکوو زانستەکانی‌تر دەیەوێ خۆی لە هەڵە و پەڵەی دەمارگیری بپارێزێ. هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە تەکنیکی جۆراوجۆری وەکوو گرووپی کۆنترۆڵ و نموونەگیری هەڵکەوتانە، بەهرەوەردەگرن تا هەڵەکانیان بە کەمترین ڕادە بگەینن.

٣- کۆمەڵناسانیش وەکوو لێکۆڵەرانی زانستەکانی‌تر ڕەوت و ئەنجامی تۆژینەوەکانی خۆیان دەخەنە بەر دەست کەسانی‌تر تا تۆژەرانی‌تر بتوانن ئەم ئەنجامانە تاقی بکەنەوە و هەڵیانسەنگێنن. زۆرجار تۆژەرانی‌تر هەر لەو داتایانەئەنجامی‌جیاواز بە دەست دێنن.

٤- کۆمەڵناسی وەکوو زانستەکانی‌تر بەنیازی گشتگیر کردنی دەرەنجامی تۆژینەوەکانی خۆیە. بۆ وێنە کاتێ کۆمەڵناسان لە گەڵ ژمارەیەکی کەم لە خێزانەکان سەبارەت بە پێوەندی ناوخۆی ئەندامانیان وتوویژ دەکەن، تەنیا مەبەستیان زانینی پێوەندی نێو ئەو خێزانانە نییە، بەڵکوو مەبەستیان بە

دەس‌هێنانی داتاگەلێکە کە شیاوی گشتگیر کردن بن و بۆ هەموو خێزانێک بەکەڵک بن. بەواتایەکی‌تر، ئەوان بەنیازی گشتگیر کردنی دەرەنجامی تۆژینەوەکانیانن.

٥- کۆمەڵناسی وەکوو زانستەکانی‌تر دەیەوێ لە نێوان رووداو و کارەساتە کۆمەلایەتییەکاندا پێوەندی بدۆزێتەوە تا لە رێی ئەو پێوەندییەوە بتوانێ بگاتە بیردۆزێکی پەسندکراو. کۆمەڵناسان نە تەنیا پیشاندەری پرسە کۆمەلایەتییەکانن، بەڵکوو ئەو پرس و تەوەرانەش دەخەنەبەر راڤە و وردبوونەوە. ئەوان دەیانەوێ هۆی رووداوە کۆمەلایەتییەکان، ئەرکی دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان، یاخۆ کردە کۆمەلایەتییەکان بزانن. بیردۆز یارمەتیان دەدات تا رووداو و کارەساتە کۆمەلایەتییەکان بناسن و راڤەیان بکەن. لەم سۆنگەوە دەست دەدەن بە پێش‌بینی رووداوەکۆمەلایەتییەکان.

زانیاری / information

پاش ئەوەی کە داتاکان بە شێوەی چاپی، دەنگ یاخۆ فیلم خرانە بەردەست تۆژەران، دەبنە زانیاری. چونکە ئەم زانیارییانە بەرهەمی دیتن و بیستن و خوێندنی کەسانی‌ترن، دروست بوونیان زۆر جێی متمانە نییە. ژمارەی داتاکان کێشەیەکی سەرەکین لە سەر رێی توێژینەوەدا. بەم بۆنەوە تۆژەران دەبێ بە شارەزایی لە شێوازەکانی تۆژینەوە، زۆرتر بە چۆنییەتی ئەم داتایانە سەرنج بدەن، نەک ژمارەیان (*Michael, D; 1984: 347-54*).

زمان/ language

زەقترین تایبەتمەندی بەرەی مرۆڤ، زمانە. زمان بریتیە لە سیستەمێک لە هێماکان (احمدی؛ ١٣٨٢). بەبێ زمان، کولتووریش قەد نەدەهاتە دی. زمان ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێ تا بتوانین لە توانایيە هەستی و هزری و

جەستەییەکانمان کەڵک وەربگرین. توانی پێوەندی کردن بە هۆی زمانەوە، هەموو ڕەهەندەکانی کولتوور، لە پێوەندی خزمایەتییەوە بگرە تا رامیاری و ئایین و ژیانی خێزان و زانست و تیکنۆلۆجی، هێناوەتەژێر رکێفی خۆی.

دەتوانین بڵێین کە زمان، سیستەمێکی پێوەندی تایبەت بە مرۆڤە کە لە سەر سیمبۆلە زارەکییەکان داڕێژراوە. زمان کە تایبەتمەندی کۆمەڵگای گوتارییە و بە شێوازی جۆربەجۆر پێناسە دەکرێ، سیستەمێکی پێوەندییە کە بە هۆی سیمبۆلە زارەکییەکانەوە –واتە دەنگ، نەک نووسین- دادەڕێژرێ و لە لایەن تاقمێکی مرۆییەوە بە مەبەستی راڤە و لێکدانەوە و پۆلێن و ریزبەندی ئەزموون و واتا و شتمەکەکانەوە بەکار دەبرێ (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

کۆڵینەوە لە سەر زمان، هەرچەند لە هەموو لقەکانی زانستە کۆمەلایەتییەکاندا بووە، بەلام زۆرتر لە لایەن مرۆڤناسانەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئێدوارد ساپیر یەکەم کۆمەڵناسێک بوو کە سەرنجی دایە بابەتی زمان وەکوو پێشکەوتنێکی تایبەت بە مرۆڤ. هەرچەند دەبێ بڵێین کە پێشتر ئەم بابەتە لە لایەن کەسانێک وەکوو ڤۆن هۆمبۆڵت، ئێدوارد بارێنت تایلۆر و فرانتس بۆئاسەوە ئاماژەی پێ کراوە. ساپیر زمانی بە «شێوازێکی ناغەریزی و تایبەت بە مرۆڤ بۆ پێوەندی کردن و گواستنەوەی بیر و ئەندێشە و هەست و نست و هەروەها سیستەمێک لە رەمزە بەرهەمهاتووەکان» دەزانی (هەمان سەرچاوە).

وادیارە هەموو گیانداران بۆ گواستنەوەی هەواڵ بۆ یەکتری، هەندێ ئامرازی تایبەت بە خۆیان هەیە. مێشهەنگوین بۆ ئەوەی پیشان بدات کە لە کوێدا خۆراک هەیە، دەست دەدا بە فڕینێکی تایبەت کە وەکوو سەما دەمێنێ. سەگ بۆ پیشاندانی ئامادەبوون بۆ جووتگیری، بۆنێکی تایبەت لە خۆی دەردەکا. هەرچەند زمانی مرۆڤ لە گەڵ دەنگ هاوڕێیە، بەلام دەنگ

بۆ ئاخافتن مەرج نییە. زۆر دەبینین کەسانێک توانی ئاخافتنیان نییە، کەچی بە هێما و ئاماژە مەبەستی خۆیان دەردەبڕن. لە بەرانبەر ئەوانەش گیانداری وەکوو تووتی هەیە کە هەرچەند دەتوانێ دەنگەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ بەکار ببات، کەچی توانی قسە کردن بە شێوازی مرۆڤی نییە (بیتس و پلاگ؛ ١٣٨٦).

بەڵام زمانی مرۆڤ، زمانێکی کراوەیە و ژمارەی ئەو هەواڵانەی کە بەم زمانە رادەگوازرێنەوە، لە رادەبەدەرن. لە راستیدا مرۆڤەکان دەتوانن رستە و هەواڵی نوێ کە پێشتر قەد نەبێژراون، بڵێن. کەچی زۆربەی سیستەمە هەواڵییەکان (مەبەست گیاندارانیتره کە لە دەنگ تەنیا بۆ گەیاندنی هەواڵ کەڵک وەردەگرن، وەکوو ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا) تەنیا هەندێ واتای ساکار و سنووردار وەکوو مەترسی، دوژمنی، مەیلی جنسی، برسیەتی و شتی وا رادەگوێزنەوە. بە گوتەی بێرتراند راسێل «سەگێک هەرچەند کە بتوانێ بە جوانی بگەفێ، بەڵام قەد ناتوانێ بە ئێوە بڵێ کە دایک و بابم هەژارن، بەڵام خاوەن شەرافەتن» (هەمان سەرچاوە).

ئەو کەسانەی لە سەفەر بۆ وڵاتانی بیانی ویستوویانە بە کەڵک گرتن لە فەرهەنگی وشە پێوەندی بە خەڵکەوە بکەن، بە راشکاوی تێگەیشتوون کە زمان تا چ رادەیەک ئاڵۆزە. زانینی واتای وشەکان بە تەنیا بۆ ئاوەها پێوەندییەک بەس نییە. دەبێ شارەزای رێزمان و پێکهاتەی ئەو زمانەش بن. بێجگە لەمەش، هەر زمانێک دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە و زۆرێک لەم دەنگانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر جیاوازن. بۆ وێنە زۆر دەنگی ناوچەیی لە زمانی کوردیدا هەیە، کە خەڵکی ناوچەکانیتر بە ئەستەم بتوانن بیڵێنەوە؛ وەکوو دەنگی «ڎ» لە بنزاراوەی ئەردەڵانیدا، یاخۆ «رد» لە زاراوەی هەورامیدا.

هەموو زمانێک خاوەنی وشە و زاراوەگەلێکە کە دێتنەوەی واتای

هاوچەشن بۆ ئەو وشانە لە زمانەکانیتردا زۆر دژوارە. ئەم وشە و زاراوانە کە وەرناگێڕدرێنە سەر زمانێکیتر، ئەم پرسیارانەیان بۆ زمانناس و مرۆڤناسان هێناوەتە ئاراوە کە: ئایا جیاوازی زمانەکان دەتوانێ یەکێک لە هۆکانی جیاوازی جیهانبینی تاکەکان بێ؟ ئایا جیاوازی زمان بۆتە هۆی جیاوازی فام و تێگەیشتنی تاکەکان لە ناوچە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان؟ ئایا ئێمە لە نێو زیندانی زمانی خۆماندا قەتیس ماوین؟ هەندێ مرۆناسی وەکوو ساپیر و ڤۆرف رایان وایە کە ئێمە لە نێو زیندانی زمانی خۆماندا دیلین. بە گوێرەی گریمانەی بەناوبانگی ڤۆرف، زمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی سەرنج بە هەندێ لە شتەکان بدەن و بە هەندێکیتر سەرنج نەدەن. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیزیدا بەو شتەسپییە نەرمەی کە لە ئاسمان دادەبارێ دەڵێن بەفر (snow) کەچی سکیمووەکان بۆ ئەم واتایە پتر لە بیست وشەیان هەیە کە هەر وشە باس لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەفر دەکات؛ وەکوو قورسایی، ئەستووری و شتیتر. هیچ یەک لەم زاراوانە ناتوانن بە تەنیایی هەموو ئەو دانستانە پێناسە بکەن (بیتس و پلاگ؛ ١٣٨٦).

زمانناسی کۆمەڵایەتی/ sociolinguistics

زمانناسی کۆمەڵایەتی یەکێکتر لە لقەکانی کۆمەڵناسییە کە لە سەر پێوەندی زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی تاک دەکۆڵێتەوە. دەبینین کە جڤاکە جۆراوجۆرەکان، بە گوێرەی نیازەکانیان زمانیان لە گەڵ هەل و مەرجی نوێدا دەگونجێنن. لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە، واتە پێوەندی دوو لایەنە لە نێوان بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زمان، پێی دەڵێن زمانناسی کۆمەڵایەتی؛ وەکوو ئەوەی کە زمانناسانی کۆمەڵایەتی زانیویانە، تەنیا جیاواز جۆگرافیایی نییە کە بۆتە هۆی ئەوەی زمانێک بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار ببرێ. فەرمی بوونی پێوەندی بێژەرانی زمانێک، شوێنگەیان، دەورە جنسییەکان و تەنانەت

تەمەنیان، لە رەفتاری زمانی جیاوازیاندا خۆی دەنوێنێ. خەڵکی کاتێ گوێ لە زمان و ئاخافتنی یەکتر دەگرن، هاوکات لە گەڵ گوێدان بە قسەکانیان، هان دەدەن تا لە سۆنگەی ئەو وشە و زاراوانەوە کە بەکاریان دەبەن، پێگە و شوێنگەی کۆمەڵایەتی یەک بناسن. هەروەها لە کاتی قسە کردندا هەندێ زانیاری سەبارەت بە خۆیان بۆ گوێگر ئاشکرا دەکەن. لە هەر کۆمەڵگایەکدا، هەڵبژاردنی زاراوەو وشەکان، شێوازی ئاخافتن و سەرجەمی زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و ئاستی خوێندن، تەنانەت شوێنگەی جوگرافیایی بێژەر، پیشانی گوێگر دەدرێ.

majority / زۆرینه

زاراوەی زۆرینە زۆرتر بۆ دەنگدان بەکار دەبرێ؛ واتە زۆرترین رادە و ژمارەی دەنگدەران یاخۆ بە واتای زۆرتر لە نیوەی دەنگدەران. لە پەرلەمان یان ئەو شوێنانەی کە کاریان تۆماری یاسایە، هەندێ جار زۆرینە ناوێکە بۆ کەسێکی تایبەت، وەکوو رێبەرانی پارت یان هەڤبەندی ئەو پارتانە کە بەرنامە و دەستوور و یاساکانی پەرلەمانیان لە ژێر چەتری دەسەڵاتدایە.

گەر تاقمێک وەکوو دەنگدەران، کۆڕی یاسادانەران یان دەستەی بەڕێوەبەران بە نیاز بن بڕیارێکی گرینگ بدەن، رێک کەوتن بۆ ئەم بڕیارە پێویستی بە یاسا و دەستوورێک هەیە. چونکە پێناسەیەکی تایبەت لە یاسادا بۆ زۆرینە نەکراوە، دادگاکانی بریتانیا و ئەمریکا لە کاتی پێویستدا هەموویان لە سەر ئەوەی کە پێوەر، دەنگ و رای زۆربەی بەشدارانی پەرلەمان یاخۆ دەستەی بەڕێوەبەر بێ هاودەنگن. زۆرینە گەلێک گرینگە لە کاتێکدا کە بۆ بڕیارێک پێویست بێ پتر لە زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن —بۆ وێنە دوو سێیەم یا سێ چوارەمی کەسانێک کە دەتوانن دەنگ بدەن– لە دەنگداندا بەشداری بکەن؛ مەبەست لەئاوەها زۆرینەیەک ئەوەیە کە مافی

ڤیتۆ لە لایەن یاساوە پێشکەش بەو کەمینەیە بکرێ کە لە بەرانبەر بیرو ڕای زۆرینەدا ڕاوەستاوە. دەبێ سەرنج بدرێتە ئەم خاڵە کە لە کاتێکدا کە یەکەی دەنکدان دیاری نەکرابێ یاخۆ بەر لە دەنگدان پێوەرێکیان بۆ ڕەچاو نەکردبێ، بۆ کەڵک وەرگرتن لە وشەی «زۆرینە» تووشی کێشە و لێڵییەکی گرینگ دەبن (گولد، ١٣٨٤).

ژنانەکردنی هەژاری/ feminization of poverty

ئەم واتایە باس لە ڕەوتێک دەکات کە ژنان پێشاندەری ڕێژەی هەژارین؛ بەم چەشنەی کە لە پێوانە لە گەڵ پیاواندا ژنان هەژارترن و ئەمە پرۆسەیەکی روو لە زۆربوونە. پیتێر تاونسێند (*peter townsend*)، لە تۆژینەوەکانی خۆیدا ئاماژە بە چوار تاقمی ژنان دەکات کە پیشاندەری «هەژاری ژنانە»ن:

١- ژنانی زگورت (هەروەها ئەو ژنانەی کە تەلاق دراون) لە گەڵ منداڵیان؛

٢- ژنانی بە ساڵاچووی وەنیشتە (تەقاعودی)؛

٣- ژنانی نەخۆش کە بە دووی منداڵ یا خزمانیتردا دەگەڕێن؛

٤- ژنانێک کە داهاتیان زۆر کەمە.

ژنانەکردنی هەژاری بەشێک لە گۆڕانێکی زۆر گەورەترە؛ واتە: پەرەسەندنی ئەو خێزانانەی (لە هەموو چینەکاندا) کە بە هۆی ژنێکی زگوردەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەم ڕەوتە، هاوڕێ لە گەڵ ئەم ڕاستییە کە ئەندامانی ئەم خێزانانە لە مەترسی تووش هاتن بە هەژاریدان، ئەم پرسە دێنێتە کایەوە کە بۆچی ژنان لە زۆربەی ولاتە ئەورووپییەکاندا (هەروەها منداڵەکانیان) پیشاندەری بەشی سەرەکی هەژاری کۆمەڵگان. ژنانی ڕەشپێست لە نێو هەموو ئەم چینانەدا هەن و هەژارییەکەیان سەرنجڕاکێشە (*Glendinning,*

C. & J. Millar; 1987- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤).

ژینگەناسی / ecology

ئیکۆلۆجی کۆلینەوەیە لە سەر پێوەندی نێوان ئۆرگانیسمەزیندووەکان و ژینگەیەک کە ئەم ئۆرگانیسمانە تێیدا دەژین. ئیکۆلۆجی هان دەدا بۆ توێژینەوە لە سەر تۆڕی پێوەندی نێوان ئۆرگانیسمە زیندووەکان (ڕوەک و گیانداران)، پێوەندی ناوخۆی ئەم گیاندارانە، پێوەندی نێوان جۆرەکانی بوونەوەران، پێوەندی ئەم گیاندارانە لە گەڵ سروشتی ژینگەیاندا (زەوی، ئاو و هەوا و ...). ژینگەناسی ڕوەک و گیانداران لە سەر چۆنییەتی سازگار بوونی گیانداران لە گەڵ ژینگە و لە گەڵ خۆیان دەتۆژێتەوە؛ ژینگەناسی مرۆڤیش لە سەر پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دەکۆڵێتەوە. هەرچەند ژینگەناسان دانیان بە سەر ئەم پێناسە گشتییەدا ناوە، بەڵام هاوکات لە گەڵ گەشەسەندنی ئەم لقەی زانستە، پێناسەی‌تریش هاتوونەتە ئاراوە:

١) توێژینەوە لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕێی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو شوێنانەی بە هۆی مرۆڤەوە داگیر کراون، یان دابەش کردنی کاتی تاکەکان، گرووپ و خزمەتگوزارییەکان لە هەل و مەرجی دیار و تایبەتدا، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە لە دابەش بوونی مرۆڤ بە سەر ژینگەدا کاریگەرییان هەیە. لە ئاستی پێناسەکانی‌تردا، ئەم پێناسە لە لایەن زۆربەی کۆمەڵناسانەوە پەسند کراوە.

٢) توێژینەوە لە سەر ئەو ڕێگاچارانەی کە جەماوەرێک بۆ ژیان و مانەوە لە شوێنێکدا خۆیانی لە گەڵدا ڕێک دەخەن. ئەم پێناسە لە لایەن ئا. هاولییەوە پێشنیار کراوە (*Hawley, A. H; 1948*).

٣) توێژینەوە لە سەر شێوازی ژیانی ڕێکخراوە مرۆڤییەکان؛ واتە ئاستی ئەو ڕێکخراوانە کە بەرهەمی کۆشەوەی مرۆڤەکان‌بۆ ژیان و مانەوەن و

بناغەی لە سەر ململانێی نامرۆڤانە و گەلالە نەکراو داڕێژراوە. ئەم پێناسە لە لایەن رابێرت پارک و ژینگەناسانی کلاسیکەوە باس کراوە. لە دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا ئەمانە یەکەم کۆمەڵناسانێک بوون کە هانیان دا تا دیزاینی هێزی ژینگەناسی روەک و گیاندارن، بە چەشنێکی سیستماتیک بۆ توێژینەوەلە سەر جڤاکە مرۆڤییەکانیش بەکار بهێنن. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، ئاستی کولتووری کۆمەڵگا کە بنەمای لە سەر پێوەندی و سازگاری کۆمەلایەتی داڕێژراوە، لە کۆڵینەوەی ژینگەناسی مرۆپیدا نەخراوەتە بەرچاو. بەم بۆنەوە ئەم پێناسە لە کۆتایی دەیەکانی ١٩٣٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٤٠دا بە توندی رەخنەی لێ گیراو لەلایەن زۆربەی کۆمەڵناسانەوە حاشای لێ کرا. بەشی هەرەزۆری ژینگەناسانی هاوچەرخ، بگۆڕی کولتوور لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی ژینگەناسی مرۆڤی خۆیاندا بەکار دەبەن و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لە نێوان چینی سەرووی رێکخراوە کۆمەلایەتییەکان و چینی خوارووی ئەم رێکخراوانە جیاوازی دادەنێن.

٤) خوێندنەوەی جوگرافیای مرۆڤی: ئەم پێناسە لە لایەن زۆربەی کۆمەڵناسان و جۆگرافیزانەکانەوە پەسند کراوە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، ژینگەناسی مرۆڤی بریتیە لە توێژینەوە لە سەر پێوەندی دوو لایەنەی نێوان کولتووری مرۆڤ و ژینگەی فیزیایی مرۆڤ. زانا سەرەتاییەکانی جوگرافیای مرۆڤی، وەکوو فریدریک راتزێل و ئالێن سەمپێل رایان وابوو کە هەل‌و مەرجی جوگرافیایی، شێوازی ژیان و کولتووری مرۆڤ دیاری دەکات. بەلام ئەمڕۆکە ئەم بۆچوونە بە ئەستەم پەسەند دەکرێ. جوگرافیزانانی هاوچەرخ زۆرتر پێداگرێ لە سەر کاریگەری دوولایەنەی مرۆڤ و سروشت دەکەن. واتای ئەمە ئەوەیە کە بە هەمان چەشن کە ژینگە و سروشت بە سەر جڤاکی مرۆییدا کاریگەری هەیە، دەستێوەردان و کۆنترۆڵی مرۆڤ بە سەر سروشتدا دەبێتە هۆی گۆڕانی سروشت و جوگرافیای مرۆڤ. بەم بۆنەوە ئەمڕۆکە

زانایانی جۆگرافیای مرۆیی و ئێسنۆگرافان، جوگرافیای مرۆیی بە ژینگەناسی مرۆڤی دەزانن.

ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی/ sociobiology

ئەم زاراوە باس لە راستییەکی کۆن دەکات، بەڵام وەک لقێکی تۆمارکراوی زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ چاپی کتێبی ئی.ئۆ. ویلسۆن، لە ژێرناوی *ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی: سەنتەزێکی نوێ* (١٩٧٥). پاش بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبەبوو کە ئەم لقە زانستییەلە بنەماڵەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سەری هەڵدا و لە لایەن ئەم زانستەوە بە توندی خرایە بەر رەخنە و لێپرسینەوە.

بەبڕوای لایەنگرانی ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی، بابەتی ئەم زانستە بریتییە لە روون کردنەوەی بەدیهاتنی ژمارەیەک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای داتاکانی بیردۆزی نوێی گۆڕان (تحول)، بەو چەشنەی کە لە بەرهەمەکانی دارڤیندا راڤە کراوە و بە دارڤینیزمی نوێ و بیردۆزی «تێکەڵاوی» گۆڕان دوایی هاتووە. ئەم لقە لە رەوتی بەدیهاتنیدا پشتی بە دەسکەوتە ژنێتیکییە نوێکان بەستووە، لقێک کە تۆژینەوەکانی مەندێل بەردی بناغەیانی پێک دەهێنا و لە خولی نوێدا لە ژێر سای گەشەی ژینەوەرناسی مولکوولیدا ژیاوەتەوە.

پانتای تۆژینەوەی ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی، بە گشتی لە دونیای ئاژەڵان پێک دێت. ویلسۆن بۆ خۆی پسپۆڕ و شارەزای حەشەرە کۆمەڵایەتییەکان بوو. هەندێ لە ژینەوەرناسانی کۆمەڵایەتی، وەکوو ویلسۆن، رایان وایە کە ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی دەتوانێ بۆ ناسینی هەندێ لە دیاردەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان یارمەتیدەر بێت. هەرئەم بۆچوونە، بۆتە هۆی ئەوەی کە ژینەوەرناسی ببێتە هۆکارێک بۆ شەرەقسەیەکی ئایدۆلۆجیکی (بودون و

بوریکو؛ ١٣٨٥).

بەگشتی ئێمە باش دەزانین کە کولتوور، بەرهەمی مرۆڤە. بەڵام هەنووکە ئەم پرسە بەردەوامە کە ئایا بایۆلۆجی و ژێنی مرۆڤ بە سەر گەشە و پەرەسەندنی کولتووردا کاریگەریان هەیە یا نە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەستۆی ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتیدایە کە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجە بایۆلۆجییەکان پێکەوە دەخاتە بەر راڤە و وردبوونەوە. لەم رووەوە ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی پارادایمێکی هزرییە کە هان دەدات بزانێ بایۆلۆجی مرۆڤ چ کاریگەرییەکی بە سەر بەدیهاتنی کولتووردا هەیە. دارڤین لە نامیلکەبەناوبانگەکەی خۆیدا کە لە ژێرناوی *سەبارەت بە سەرچاوەی بوونەوەران* کۆڵاوەتەوە، جەخت لە سەر ئەم بۆچوونە دەکات کە ئۆرگانیزمی گیانداران، لە درێژایی مێژوو و بە هۆی هەڵبژاردنی سروشتییەوە، گۆڕانی بە سەردا دێ. لۆجیکی ئاڵوگۆڕی دارویین لە سەر چوار بنەما دارێژراوە:

١- هەموو گیانداران لە درێژایی ژیانیاندا هان دەدەن کە خۆیان نوێ بکەنەوە.

٢- نەخشەی گشتی ئەم بەرهەمهێنانەوە بە هۆی ژێنی (jen) گیاندارانەوە کێشراوە. ژێن یەکەی سەرەکی ژیانی گیاندارانە کە تایبەتمەندییەکانی بەرەیەک بۆ بەرەیەکیتر رادەگوێزێتەوە. ژێنی گیاندارانی جۆراوجۆر لە گەڵ یەک جیاوازییان هەیە. ئەم جیاوازییە یارمەتی گیانداران دەدات تا لە شوێنی جۆراوجۆردا درێژە بە ژیانیان بدەن.

٣- بە گوێرەی جیاوازی ژێنی گیانداران، هەندێ لە ئۆرگانیزمەکان، لە چاو ئۆرگانیزمەکانیتردا بۆ درێژەدان بە ژیان و گواستنەوەی ژێنە بە کەڵکەکانی خۆیان بۆ بەرەکانیتر توانایی و لێهاتوویەکی زۆرتریان هەیە.

٤- پاش هەزاران ساڵ ژیانی بەرەکان، ژێنە تایبەتەکان کە لە

بـەرهـەمهێنانـەوەی خۆیانـدا سـەرکـەوتـووترن، دەمێننـەوە و بـە سـەر ژێنەکانی‌تردا زاڵ دەبن. ئەمە هەمـان شـتێکە کـە بایۆلۆجیسـتەکـان پێـی دەڵێن سازیانی گیاندار لە گەڵ ژینگـە. لـەم دۆخـەدا تایبـەتمـەنـدی زاڵ و داسەپاوی گیاندار وەکوو زات و سروشتی ئۆرگانیزم خۆی دەنوێنێ (عضدانلو؛ ١٣٨۴).

سازگاری ئەکتیڤ / active adaptation

ئه م واتایه سەبارەت بە مەیلی بیۆلۆجیکی بۆ رووبەڕوو بوون و سازگار بوون لە گەڵ کۆسپەکانی ژینگەدا بەکار دەبرێ. پیاژە یەکەم جار ئەم زاراوەیە داهێنا. لە بەرهەمگەلی جۆراوجۆریدا پەرژاوەتە سەر باسی شێوازی بیرکردنەوە، بەڵگە هێنانەوە و فێربوونی منداڵان. هەندێ لەو بەرهەمانەی کە پیاژە لەم بابەتەدا نووسیویە بریتین لە *زمان و بیری منداڵ*، *تێگەیشتنی منداڵ لە جیهان*، *دادوەری ئاکاری منداڵ*، چۆنیەتی *تێگەیشتنی منداڵ لە کات*، سەبارەت بە گەشەی بیر و کەسایەتی. نووسراوەکانی پیاژە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر بیۆلۆجی، پەروەردە، **کۆمەڵناسی**، دەروونناسی و فەلسەفەدا داناوە. پیاژە پاش توێژینەوەیەکی زۆر لە سەر منداڵان، دەگاتە واتای سازگاری ئەکتیڤ، بە پێناسەیەکەوە کە پێشتر بێژرا. ئەم واتا لە زۆربەی هەرە زۆری نووسراوەکانی پیاژەدا هاتووە. بەڕای پیاژە، بناغەی بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە، لە سەر سازگاری ئەکتیڤ دانراوە. پیاژە رایوایە کە بیرکردنەوەی لۆجیکی وەکوو کەرەسەیەکی گرینگ بۆ رووبەڕوو بوون و چارەسەری پرسەکانی ژینگە، یەکێکتر لە تایبەتمەندییەبیۆلۆجیکییەکانی مرۆڤە کە بەرەبەرە و هاورێ لە گەڵ ئەزموونە راستەوخۆ و ئاشکراکانی تاک خۆی پیشان دەدات. گەر وانەبێ، هیچ منداڵێک قەد ناتوانێ رادەی تواناییەکانی خۆی بناسێ. منداڵ بەگوێرەی ئەو ئەزموونانەی کۆی کردوونەتەوە، تێگەیشتنی خۆی لە کەشوهەوای دەورو بە ری و هەروەها لە خۆی نوێ دەکاتەوە و ئەم نوێ کردنەوەیە بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە.

بە بڕوای پیاژە گەشەی بیرو ئەندێشەی تاک لە چوار قۆناغی سەرەکی تێدەپەڕێ و هەر قۆناغ بۆ خۆی خاوەنی شێوازی بەڵگەهێنانەوەیەکی تایبەت بە خۆیە و بە پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، ئاستی بەڵگەهێنەری

(استدلال) تاک گەشە دەکات و ئاڵۆزتر دەبێ. منداڵ ناتوانێ بەبێ ئەوەی لە کۆسپەکانی بەڵگەهێنانەوەی قۆناغی یەکەم تێپەڕێ، بڕواتە قۆناغەکانی‌تر. بە بڕوای پیاژە بۆ گەشەی توانایی بەڵگەهێنانەوەی منداڵ نابێ پەلەی لە گەڵ بکرێ، چونکە تا کاتێک مێشک بە تەواوی تەیار نەبێ، ئاستی ئاڵۆزتری تێگەیشتن خۆی پیشان نادا. ئەم قۆناغانە بریتین لە: *قۆناغی جووڵەی هەستی، قۆناغی بەرلە کردەوە، قۆناغی کردەوەی دیار یان بەرچاو، قۆناغی کردەی فەرمی.*

سازگاری پێگە/ status consistency

ئەم واتایە ئاماژە دەکات بە رادەی سازگاری پێگەی کۆمەڵایەتی تاک لە رەهەندەجۆراوجۆرەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا. لە سیستەمی کاستدا، بەربەستێک کە لە بەرانبەر **بزاوتی کۆمەڵایەتیدا** هەیە، بۆتە هۆی رادەیەکی زۆر لە سازگاری پێگە. واتای ئەمە ئەوەیە کە هەر تاکێکی ئاسایی لە هەموو رەهەندەکاندا (سامان، دەسەڵات و رێزی کۆمەڵایەتی) لە یەک پێگەی کۆمەڵایەتیدایە. بەپێچەوانە، هەرچەند بزاوتی کۆمەڵایەتی زۆرتر بێ، رادەی سازگاری پێگە نزمترە. بۆ وێنە، لەکۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا مامۆستایەکی زانکۆ کە خاوەن رێزێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەرزە، رەنگە داهاتی زۆر باش نەبێ یا ناونجی بێ. بە واتایەکی‌تر، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کەسە لە هەموو بارێکەوە (سامان، دەسەڵات و رێزی کۆمەڵایەتی) یەکسان نییە. رەنگە هەر بەم بۆنەوە بێ کە بۆ کۆمەڵناسان پێناسە کردنی **کاست**، زۆر ساناترە لە پێناسە کردنی چین.

سامان / wealth

مەبەست لە سامان لە وتو وێژی رۆژانەدا، دەوڵەمەندییە. لێرەوە دوو

واتای‌تر دێتە دەست: ١) خودی خاوەنێتی سامان، چ کەم بێ یان زۆر، ٢) فراوان بوونی هەرشت، چ ماڵ و سامان بێ یان شتی‌تر، یاخۆ خاوەنی بێ یان نەیبێ.

هەروەها لە واتایەکی‌تردا باس لە بەهای سەرجەمی پارە و ماڵ و سامانی تاک دەکات کە قەرزەکانی لێ دابشکێ. ئەم بۆچوونە سەبارەت بە گرووپ یان وڵاتێکیش بەکار دەبرێ. بۆ وێنە: سامانی وڵاتێک بریتیە لە سەرجەمی داراییەکانی ئەو وڵاتە کە قەرزی وڵاتان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی لێ‌دابشکێ. دەبێ ئاگادار بین کە زۆر بە دەگمەن بکرێ سامانی وڵاتێک لەپێوانە بدرێ؛ چونکە رەنگە بکرێ بە گوێرەی پێوەرە باوەکان، رادەو بایەخی کانە سروشتی و سەرچاوە تیکنۆلۆجیاییەکان بپێورێ، بەڵام ناتوانین بە ئاسانی بایەخی هێزە مرۆییەکان بە هەمان پێوەر بپێوین. ئەو داراییانەی کە لە ریزی سامانی تاکەکاندان بریتین لە: خاوەنێتی خانوو، زەوی، زێڕو خشڵ، ترۆمبیل، گەمیە، پارەیەک کە تاک لە بانکدا هەڵیدەگرێ.

ئەم زاراوە لە روانگەی کۆمەڵناسانێک وەکوو مارکس و ڤیبێردا، تا رادەیەک لەگەڵ ئەو شتەی بێژرا جیاوازە. ماکس ڤیبێر، سامان بێجگە لە خاوەنێتی کەل و پەل و پارە، بەو مافانەش دەزانێ کە تاکەکان بە گوێرەی ئەو سامانەوەهەیانە. بۆ وێنە: کۆمپانیا مەزنە نەوتییەکان، مافی هەڵێنجانی نەوت لە نێو ئۆقیانووسەکاندا دەکرن، بەڵام ناتوانن خودی ئۆقیانووسیش بکڕن و ببنە خاوەنی. لە یوونان و ئەمریکادا، کۆیلە وەکوو سامانی کۆیلەدار بوو، چونکە خاوەن کۆیلە بە رێژەی ئەو کۆیلەیە خاوەن ماف بوو. بە پێچەوانەی ڤیبێر، جەختی مارکس لە سەر کەرەسەکانی بەرهەمهێنانە. راڤە و لێکدانەوەی چینایەتی مارکس بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات کە «تاک خەریکی چ کارێکە؟» (ئایا سەرمایەدارە؛ واتە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانە یان کرێکارێکە کە خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنان نییە؟) کەچی

جەختی ماکس ڤیبێر لە سەر بازاڕی کار و دامەزراوە بازرگانییەکانە. بۆ ڤیبێر ئەم پرسیارە دێتە کایەوە کە «داهاتی تاک چەندە؟» (دەوڵەمەندە یان هەژار؟)

لانی کەم لە باری هزرییەوە، سامانی نەتەوەیەک هی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە. بەڵام هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و رامیاری هەموو کۆمەڵگاکان بە چەشنێکە کە ئەم سامانە بە یەکسانی لە نێو ئەندامانیدا دابەش ناکرێ. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩١١دا، یەک لە سەتی خەڵکی بریتانیا، خاوەنی ٦٩% سامانی ئەم وڵاتەبوون. ئاماری بانکی جیهانی پیشان دەدا کە لە ١٩٩٥دا، ١% لە خەڵکی بریتانیا ٢٠% لە سامانی ئەم وڵاتەیان لە دەستدا بووە. هەرچەند ئەم ئامارە پیشان دەدا کە لەم ماوەیەدا رادەی کەسانێک کە لە سامانی نەتەوەیی بەشیان بردووە، زۆرتر بوون، بەڵام هێشتا سامانی ١% دەوڵەمەندانی بریتانیا بەرانبەرە لە گەڵ سامانی ٥٠% لە خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە. هەر ئەم ئامارە پیشان دەدات کە لە ئەمریکادا ٤٠% لەو بنەماڵانەی کە خاوەنی خانوون، پاش داشکاندنی قەرزی بانک، خاوەنی هیچ سامانێک نین و ٢٠% لە هەژارترینیان نە تەنیا خاوەنی هیچ سامانێک نین، بەڵکوو قەرزداریشن.

سانسۆر/ censorship

مەبەست لە سانسۆر، بەرگری دەسەڵاتی دینی، رامیاری و ... لە دەربڕینی ئاشکرای هەر جۆرە بیرو بۆچوونێکە کە بۆ دەسەڵات، یا بۆ سیستەمی رامیاری یا ئاکارییەک کە دەسەڵات پشتگیری لێ دەکات، مەترسی تێدا بێ. هەروەها ئەوەش کە بە بۆنەی زەخت و گوشارەکانی بیرە گشتییەکانی نێو کۆمەڵگاوە، کەسێک بازنەی دەربڕینی بۆچوونەکانی بەرتەسک بکاتەوە، ئەوەش هەر سانسۆرە.

سانسۆر

سانسۆر هەر لە کۆنترین جڤاکە رامیاری و دینیەکانەوە دەستی پێکراوە. سانسۆر بۆ یوونان و رۆمی کەونارا و سەدەکانی ناوەڕاست، رووداوێکی ئاشکرا بووە. بەڵام پاش داهاتنی مەکینەی چاپ، جەختی زۆرتری لە سەر کرا. بۆ وێنە، لە سەدەی شازدەهەمدا یەکەمین سیایی ئەو کتێبانەی کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغە بوو، لە لایەن کلیساوە دەرچوو. پرۆتستانەکانیش لە خولی چاکسازی (ریفۆرماسیۆن) دینیدا، سانسۆریان دامەزراند.

سانسۆر لە رۆژگاری ئێمەشدا بە رێژەی ئەوەی کە بەر لە بڵاوکردنەوەی بابەت ئەنجام بدرێ یا پاش بڵاوکردنەوەی، لە دوو تەوەری لێک جیاوازدا پۆلێن دەکرێ: بەرگریکەر و سزادەر. لە ئەمریکادا، سەبارەت بە «بەرگرتن» (واتە: سانسۆری بەرگریکەر) کە لە گەڵ دەستەبەرە یاساییەکان سەبارەت بە ئازادی نووسین و بڵاوکردنەوە ناتەبایە، بابەتی زۆر نووسراوە.

جیاوازییەگرینگەکانیتر دەکرێ لە نێوان سانسۆری فەرمی و نافەرمی و هەروەها لە نێوان سانسۆرێک کە راستەوخۆ لە لایەن خاوەن دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێ و سانسۆرێک کە بە هۆی بڕیارە نافەرمییەکانەوە «بۆ بڵاونەکردنەوەی بابەتەکان» سەرچاوە دەگرێ، پەیدۆزی بکرێن. سانسۆر کردن لەم ئاستانەدا رەنگە بۆ وێنە لە گەڵ قەدەغە کردنی ئەو بابەتانەکە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زیانیان هەیە، هاوڕێ بێ (لە کاتی شەڕ یا ئاشتیدا) یاخۆ بەرگری لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە رەنگە بە گوێرەی پێوەرگەلی جۆراوجۆر، بە بێشەرمانە بزانرێن. ئاشکرایە کە شێوازەکانی نەتەوەیی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە، تا رادەیەکی زۆر لێک جیاوازن.

ئەمڕۆکە سانسۆر وەکوو دامەزراوەیەکە کە لە زۆرتر لە وڵاتە دیکتاتۆری و یەک پارتییەکاندا باوە. بەڵام سانسۆر هەم بە شێوەی خۆسانسۆری و هەمیش بە شێوازی فەرمی، لەو وڵاتانەی کە شێوازی حکوومەتیان دیمۆکراتیکە، زۆر نامۆ و لاپرە نییە؛ واتە لەو وڵاتانەشدا هەر دوو جۆری

سانسۆری هەیە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

سپاردنی دەسەڵات / delegation of power

سپاردنی دەسەڵات بریتیە لە کارێک کە بە گوێرەی ئەوە تاک یان کۆمەڵێک کە خاوەنی دەسەڵاتێکی یاسایی و رامیارین، بەشێک یان هەمووی دەسەڵاتیان بە ژێرە دەستێکی خۆیان دەسپێرن.

زۆرتر لە نێوان سپاردنی دەسەڵات لە لایەن نوێنەرێکی بڵند پایە و سپاردنی دەسەڵات لە لایەن بەرپرسێکی نزم پایەوە جیاوازی دادەنرێ. بەپێی ئەم پەیڤە کە دەڵێن «بریکار ناتوانێ بریکار بگرێ»، یان نوێنەر ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بە کەسێکی‌تر بسپێرێ، بەرپرسی نزم‌پایە تا ئەو رادە دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بە کەسێکی‌تر بسپێرێ کە ئەو کۆمەڵ یان لێژنەیە کە دەسەڵاتێکیان پێداوە، بە راشکاوی ئیزنی سپاردنیان پێ دابێ، لەوە زۆرتر بۆی نییە دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکانی بە کەسێکی‌تر بسپێرێ. کەچی کەسایەتیەکی بڵیندپایە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بێ، دەتوانێ بەشێک یان هەمووی دەسەڵاتی بە کەسێکی‌تر بسپێرێ و تەنانەت دەتوانێ هیچ دەسەڵاتێک بۆ خۆی نەهێڵێتەوە و هەمووی بسپێرێ بە کەس یان کەسانی‌تر. لەم سۆنگەی پەرلەمانی یاسادانانی بریتانیا دەتوانێ ئەو ئەرکانەی کە باری گشتی و یاسادانەرانەیان هەیە، بە بەرپرسانی ئیداری بسپێرێ (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

سروشت / nature

باس لە سەر **بەکۆمەلایەتی کردن** ناتوانێ گرینگی و بایەخی سروشت و پەروەردە لە گەشەی فیزیایی، هزری، کومەلایەتی و کەسایەتی تاکەکان بهکەم بزانێ و ئاوڕی لێ‌نەداتەوە. کۆمەڵناسان سەبارەت بە دەوری هەر

یەک لەم هۆکارانە (ژێن و شوێنێ کۆمەلایەتی و سروشتی) بە سەر رەفتار و هەڵس‌و کەوتی تاکدا بیردۆزی زۆریان هەیە. بەلام تۆژینەوەکان ئەم راستییەیان پیشان داوە کە بە هیچ جۆر ناتوانین بۆ پیشان دانی گەشەی مێشکی مرۆڤ، چۆنییەتەکانی ئەم دوو هۆکارە بە جیاواز بخەینە بەر راڤە و وردبوونەوە. بە واتایەکی ساکارتر، دەوری ئەم دوو هۆکارە لە دیاری کردنی هەڵس‌وکەوتی مرۆڤدا جیابوونەوەیان بۆ نییە. مێشکی مرۆڤ، لە باری ژێنێتیکیەوە، توانی رێک‌وپێک کردن، لەبەرکردن، پێوەندی کردن، تێگەیشتن و داهێنانی هەیە. توێژی دەرەوەی مێشکی مرۆڤ لانی کەم لە ١٠٠ بیلیۆن خان پێک‌هاتووە (*Montgomery, G; 1989*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). چنی ئەم خانانە پێک‌هێنەری هەزاران سیناپس (*synaps*) یا رشتەی گواستنەوەی دەمارەکانە کە دەبێتە هۆی پێوەندی خانەکان پێکەوە. رادەی پێوەندییەکان نزیک بە هەتاهەتایە. گەر لە هەر چرکەدا پێوەندییەک بناسین و بیژمێرین، سی‌و دوو میلیۆن ساڵ ماوە دەخایەنێ تا رادەی پێوەندییەکان بژمێرین (*Ibid*).

یەکێک لە زەقترین رەهەندەکانی مێشکی مرۆڤ، توانی مێشکە بۆ سازیان لە گەڵ هەر بارودۆخێک. زانایان رایان وایە کە مێشک توانی فێربوونی پانسەد زمانی هەیە. لە یەکەمین مانگەکانی ژیاندا، منداڵ دەتوانێ دەنگی پێویست بۆ ئەم زمانانە لاسایی کاتەوە، بەلام ئەم توانە مەزنە، بە هۆی ئەو زمان یا زمانانەی کە دەگەڵ مندا قسە دەکەن، بە رادەیەک کەم دەبێتەوە کە منداڵ تەنیا دەتوانێ بەو زمانە قسە بکات کە دەیانبیسێ. بەڵگەکان و توێژینەوەکان وامان پیشان دەدەن کە هێزی زمانی منداڵ، کاتێک تەمەنی دەگاتە یەک ساڵ زۆر کەم دەبێتەوە (*R.F.Thompson; 1984*). ئەم کارە هەرچەند ئاماژە بەوە دەکات کە پێکهاتەژێنێتیکیەکان (کە ماکە خامەکانی مێشکی مرۆڤ دابین دەکات) بنەمایین، بەلام ئەم بابەتە بە گوێرەی

بارودۆخی سروشت، ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ.

سازگار بوونی پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ بە رادەیەکە کە دەتوانێ بەها، باوەڕ، نۆرم، هەڵس‌وکەوت و زمانی هەر کولتوورێک فێر بێ. فرە بوونی ئەزموونە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، هاوڕێ لە گەڵ تواناییە ژێنێتیکییەکان، پێکهێنەری بیرو بۆچوون و باوەڕ و رەفتارەکانی مروڤن. بە واتایەکی ساکارتر، گەر مرۆڤ پێوەندی لە گەڵ کەسانی‌تر نەبێ، ناتوانێ ببێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی (واتە: مرۆڤ).

سوشیالیزم/ socialism

دوورکایم دەڵێ کە سوشیالزم بریتیە لە ئایدۆلۆجییەک لە خزمەت بزووتنەوەی کرێکاریدا کە دەیەوێ نایەکسانییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کەمتر کاتەوە؛ یاخۆ دەیەوێ ئەو نایەکسانییانە بە شۆڕشێکی مەزنی کرێکاری و ئاڵوگۆڕ لە بواری چاودێری بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی دەسەلات لە لایەن سەرمایەدارانەوە بۆ لای کرێکاران دوایی پێبێنێ (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

سەرەتای مێژووی بزاڤی سوشیالیزم دەگەڕێتەوە بۆ راگەیندراوی پارتی کۆمۆنیست لە ١٨٤٨ کە لە لایەن مارکس و ئەنگلسەوە بلاو کرایەوە. بناوانی ئەم بزاڤە لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ دووسەت ساڵ پێش ئەو راگەیندراوە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆی بریتانیا لە ١٦٤٢-٥٢. ئەم شەڕە بوو بە هۆی بەدیهاتنی بزاڤی رادیکاڵ. بیروراکانی ئەم رادیکالیسمە بە سەرنج دان بە گوتەکانی جێرارد ڤینستلی وێکچوونێکی زۆری لە گەڵ بنەما سەرەکییەکانی سوشیالیزم هەیە. پێشڕەوەکانی‌تری ئەم رێبازە بریتین لە بابۆفی فەرانسی، یۆتۆپیاخوازاە بریتانی و فەرانسییەکان (ئوون، فوریە و سان سیمۆن) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و چارتیستە بریتانییەکانی

دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ کە بۆ یەکەم جار بیری سوشیال دیمۆکراسی، بەرانبەری و کۆلێکتیڤیزمیان (collectivism) لە نێو بزاڤی بەربلاوی چینی کرێکاردا جێ‌کردەوە.

مارکس و ئەنگڵس بە ئاوەژووی زۆربەی پێشوونانیان، سوشیالیزمیان بە ئامانجێک نەدەزانی کە دەکرێ گەلالەیەکی گشتی بۆ دابڕێژرێ، بەڵکوو سوشیالیزمیان بە بەرهەمی یاسا تەکامولیەکانی سەرمایەداری دەزانی کە ئابووریزانە سەرەتاییەکان دەستنیشانیان کردبوو و تێکۆشابوون کە شرۆڤەی بکەن. کەواتە، بیچم و قەوارەیەک کە سوشیالیزم دەتوانێ بیبێ، تەنیا بە هۆی پرۆسەیەکی مێژووییەوە ئاشکرا دەبێ کە هەنووکە روون نەبۆتەوە. مارکس و ئەنگڵس بە لە بەرچاو گرتنی ئەم بۆچوونە، بە چەشنێکی لۆجیکی خۆیان لە راڤە و شیکردنەوەو تەنانەت پێناسە کردنی ئەم زاراوەیە پاراستووە. بەڕای ئەوان بەر لە هەموو شتێک حاشاکردنی سەرمایەدارییە کە پێناسەی پازیتیڤی خۆی لە ڕێگای پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەنەوە رادێنێ و لە سەر وێرانەکانی ئەم سیستەمەیە کە پرۆلتاریا دیسان کۆمەڵگا ئاوەدان دەکاتەوە و بەم کارەی، خۆی دەبووژێنێتەوە.

گرینگترین بەرهەمی مارکس لەم بوارەدا، *رەخنە لە بەرنامەی گۆتەیە* (١٨٧٥). ئەم بەرهەمەی مارکس، دژایەتییەکەلە گەڵ بەرنامەیەک کە لە کۆنگرەیەکدا پەسندکرابوو. بە هۆی ئەم بەرنامەوە دوو لقی بزووتنەوەی کرێکارانی ئاڵمانیا (لاسالیەکان و ئایزناخرییەکان) هاوپەیمان بوون تا «پارتی کرێکارانی ئاڵمانیا» بنیات بنێن کە دواتر بوو بە «پارتی سوشیال دیمۆکراتی ئاڵمانیا». مارکس لە رەخنەکەی خۆیدا لە نێوان دوو قۆناغی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا جیاوازی داناوە. «قۆناغی یەکەم» بریتیە لە کۆمەڵگایەک کە بەبێ یەک و دوو دەبێتە جێگری کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم قۆناغە خاوەن نیشانەکانی قۆناغی تایبەتی خۆیە: کرێکاران لە شوێنی

چینی دەسەڵاتداردا رۆدەنیشن و لەم پێگە نوێیەدا پێویستیان بە دەوڵەت هەیە (دیکتاتۆری پرۆلتاریا) تا ئەم جڤاکە نوێیەیان لە بەرانبەر دوژمنانەوە پارێزگاری بکەن. ئاسۆوە هێزی و دەروونییەکانی خەڵک وان لە ژێر کاریگەری ئەندێشە و بەها بورژوازیەکاندا. داهات، هەرچەند لە خاوەنێتی سەرمایەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵام هێشتا بەجێی ئەوەی کە بە گوێرەی نیاز و پێداویستی بێ، بە گوێرەی رادەی کار دەدرێتە خەڵک. بەڵام لە سەرینی ئەمانەش، هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا لەم سیستەمە نوێیەدا بە خێرایی گەشە دەکەن و پەرە دەستێنن و ئەو سنوورانەی کە ئاسەواری سەرمایەدارین، بەرەبەرە لە ناودا نامێنن و تێک دەچن. پاش ئەمە کۆمەڵگا دەڕواتە نێو قۆناغێکی سەرتر و نوێترەوە کە مارکس پێی دەڵێ «قۆناغی سەرتر لە جڤاکی کۆمۆنیستی». لەم قۆناغەدا دەوڵەت دەمرێ و کۆمەڵگا ئەم دروشمە راست دەکاتەوە کە «لە هەرکەس بە قەدەر توانی و بۆ هەرکەس بە قەدەر نیازی».

لنین لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشدا دەڵێ: «ئەوەی کە پێی دەڵێن سوشیالیزم، مارکس پێی دەڵێ قۆناغی یەکەم یا خوارتر لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی». بەم بۆنەیە یەکیەتی سۆڤییەت وەکوو کۆمەڵگایەک کە لە نێو شۆڕشی رووسیاوە سەری هەڵداوە، بە ناوی دەوڵەتێکی سوشیالیستی دەناسرێ. هەروەها زۆربەی هەرەزۆری ئەو وڵاتانەی پاش ١٩١٧شۆڕشیان کرد، مۆرکی سوشیالیستیان هەڵبژاردووە. بەڵام بە بۆچوونی مارکسیەکان، سوشیالیزم دوایین قۆناغ نییە، بەڵکوو قۆناغی بگارێکە بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم. پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئایا ئەم وڵاتانە کە نزیک بە ٣٠٪ وڵاتانی سەرزەوی و ٣٥٪ دانیشتووانی گۆی زەوی دەگرنەوە، بەرەو گەیشتن بە دوایین قۆناغ، واتە کۆمۆنیزمی راستەقینە، هەنگاویان هەڵگرتووە؟ گەر ئەم وڵاتانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەک بەبێ

سیستەمی چینایەتی و ناتەبایی کۆمەلایەتی-ئابووری هەنگاوی بنەڕەتیان هەلنەگرتووە، ناتوانین بەو جۆرەی کە رای مارکس بوو، بە حکوومەتی سوشیالیستییان بزانین (سویزی؛ ١٩٩١).

بێگومان کتێب و وتاری ئێجگار زۆر سەبارەت بە سوشیالیزم نووسراوە، کەچی بەو جۆرەی کە لە سەرەوە باسمان لێکرد، واتای ئەم زاراوەیە زۆر لێل و ئالۆزە. رەنگە هۆی ئەم ئالۆزییە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەی کە خودی ولاتە سوشیالیستییەکان لە سەر خۆیان و سیستەمی مارکسی خۆیان هەیانە. هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی وەلامدانەوە بەو پرسیارەی کە سویزی هێناویەتە ئاراوە. راستییەک کە دێتە کایەوە ئەوەیە کە لە هیچ یەک لەو ولاتانەدا کە خۆیان بە سوشیالیست دەزانن، کۆششەوەکان بۆ گەیشتن بە کۆمەلگای بێچینایەتی یا نەکراوە یاخۆ شکستیان هێناوە. پرۆسەی مارکسیزم لە هیچ ولاتێکدا نەیتوانیوە لە قۆناغی یەکەمین، واتە سوشیالیزم، بپەڕێتەوە و خۆی بەرەو کۆمۆنیزم هەلبکشێ.

پاش تێکشکانی یەکیەتی سۆڤییەت، هەندێ لە بیرمەندە مارکسیەکان روویان لە سوشیالیزمی دەولەتی وەرگەڕاند و رایان هاتە سەر لیبرالیزمی دەولەتی کامەرانی. یەک لەم بیرمەندانە هابرماسە کە لە وتارێکی بەناوبانگیدا کە لە ژێرناوی «ئەمڕۆکە سوشیالیزم چ واتایەکی هەیە؟» بلاوی کردەوە. هابرماس هاوکات لە گەل ئەمەگداربوونی بە سوشیالیزم، ئەو سوشیالیزمەی بڕوای پێیە جیاوازییەکی پێکهاتەیی و ئەرکخوازنەی لە گەل سوشیالیزمی مارکسی و سوشیالیزمی دەولەتی و باو هەیە.

هابرماس لەم وتارەیدا دەستی داوە بە گەلالە کردنی باس و بابەتێک کە بۆتە هۆی دژکردەوە و رەخنەیەکی زۆر لە وتارەکەی. ئەو رای وایە کە سوشیالیزمی دەولەتی تێکشکاوە و رووخاوە و دەبێ پێداچوونەوەیەکی ورد و قوولمان لە سەر مارکسیزم و بە تایبەت سوشیالیزم هەبێ. هابرماس

لیبرالیزمی دەوڵەتی ئاسوودەیی بە تەنیا ڕێگە چارەی کۆمەڵگا سەرمایەداری و پیشەسازییەکان بۆ دەربازبوون لە قەیران و تەنگ و چەڵەمە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریانەی دەزانێ کە تووشی هاتوون. هابرماس لە بەشێک لە وتارەکەیدا بە ئاماژە بە دەسکەوت و خاڵە پازێتیڤەکانی بیر و تیۆری لیبرالیزم و کاریگەری شرۆڤەلیبرالیەکان بە سەر رەوتی گۆڕان و تەکامولی زۆربەی بیردۆزە کۆمەڵایەتییەهاوچەرخەکان، بە تایبەت بە سەر بیرە سوشیالیستییەکانی ئەم دووسەدەدواییەدا دەڵێ: «ئەو شرۆڤانەی کە لیبرالیزم کردوونی، هەڵە نین؛ بەڵکوو تەنیا ئەو درکەی کە لە چاوی خۆیدایە نایبینێ». مەبەستی ئەو کەموکووڕی و ناتەواویانەیە کە لە خودی لیبرالیزمدا هەیە. بە بڕوای هابرماس، لیبرالیزم هەرچەند سەرنج ناداتە کەمایەسییەکانی خۆی، بەڵام بە وردی لە ڕێبازەهزرییەکانیتر رەخنە دەگرێ و کەمایەسیەکانیان زۆر گەورە دەنوێنێ. بە بڕوای هابرماس، ئەزموونە دیارەکانی لیبرالیسم لە بواری رامیاری، کۆمەلایەتی، ئابووری و کولتووریدا لە درێژایی ئەم سێ دەیە دواییەدا لە زۆربەی جڤاکە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، ئەمیان وەکوو ئالتێرناتیڤێکی گشتگیر دەرهێناوە؛ بە تایبەت پاش رووخانی کۆمۆنیزمی سۆڤییەت و سوشیالیزمی دەوڵەتی، زۆرتر هاتۆتە کایەوە (نوذری؛ ١٣٨٥).

هانت لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەڵێ: واتاگەلی نوێ و تا رادەیەک جیاواز، لە سوشیالیزم هاتوونەتە ئاراوە، بە تایبەت لە بریتانیا؛ ئەم واتایانە لە لایەن زۆربەی ئەو سوشیالیستانەوە کە بڕوایان بە یەکسانی کۆمەلایەتی هەیە پەسند کراوە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سێ ویستی سەرەکی کۆمەلانی خەلک: ١) دامەزرانی کۆمەڵگایەک کە تێیدا کرێکاران نە تەنیا لە بواری یاسای رامیارییەوە سەرنجیان پێدرابێ، بەڵکوو لە باری ئابوورییەوە (بە تایبەت بابەتی کار لەم دواییانەدا) ئاسوودەگییان مسۆگەر کرابێ. ٢)

دەوڵەتێکی کامەرانیبەخش کە لە سۆنگەی گەشەو پەرەسەندنێکی بەرفراوانەوە هاتبێتە دی. ٣) دابەشکردنەوەی دووبارەی داهات کە بۆ لەناو بردنی نایەکسانییە چینایەتییەکان و هەروەها بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی پێویستن (هانت؛ ١٩٦٤).

بە گشتی وادیارە کەمتر بیر لەوە دەکرێتەوە کە حکوومەتێکی دیکتاتۆری پرۆلتاریا یا هەمان سوشیالیزم -کە بە گوتەی مارکس قۆناغی یەکەمە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای بێچینایەتی و بێحکوومەت- دابمەزرێ. سوشیالیستانی ئەمرۆ بیر لەوەدەکەنەوە کە لە نێو هەمان حکوومەتی سەرمایەداری و مۆدێرندا بتوانن مافی چینە خوارووەکانی کۆمەڵگا بستێنن و ئاستی ژیانی خەڵک، بە تایبەت کرێکاران بەرز بکەنەوە. هەرچەن ئاڵوگۆڕی زۆر بە سەر سوشیالیزمدا هاتووە، کەچی ئێستاش هەر دروشمی سوشیالیزم بریتیە لە بەدیهاتنی ژیانێکی یەکسان و ئاسوودە، کە مەودای چینەکان کەمتر بکرێتەوە.

سوشیالیزمی دیمۆکراتیک/ democratic socialism

جۆرێک سوشیالیزمی سنووردارە کە نابێتە هۆی سەرکوت کردنی سەربەستی یان سەربەستییە دیمۆکراتیکەکان. بۆ وێنە هەندێ لە وڵاتە ئەورووپییەکان وەکوو سوید و نۆرویج، بەرنامەی ئابووری سوشیالیستیان لە گەڵ سیستەمی رامیاری دیمۆکراتیکدا تێکەڵاو کردووە. توێژەران بەم رێگا سێیەمەی حکوومەتە دەڵێن سوشیالیزمی دیمۆکراتیک: سیستەمێکی ئابووری-کۆمەڵایەتی کە ئاوێتەیەکە لە دەنگدانی ئازاد و چاودێرییەکی بەرچاو بە سەر بەشی ئابووریدا.

لەم سیستەمەدا حکوومەت خاوەنی بەشێکی زۆر لە پیشەسازییەکان و بەشە خزمەتگوزارییەکانە (وەکوو: هاتوچۆ، راگەیاندنە گشتییەکان،

تەندروستی و...). بۆ وێنە لە وڵاتی سوید زۆرتر لە دوازدە لە سەتی بەرهەمە ئابوورییەکان وان لە ژێر چاودێری حکوومەتدا. هەرچەند بەشی هەرە زۆرتر وا لە ژێر کۆنترۆڵی کەرتی تایبەتدا، بەڵام کەرتی تایبەتیش بە گوێرەی یاسا و پێودانەکانی حکوومەتەوە دەبزوێتەوە و وەکوو کەرتی تایبەتی وڵاتە سەرمایەدارییەکان، بە تەواوی سەربەست نین. لەم سیستەمەدا پیتاکێکی زۆر لە دەوڵەمەندان وەردەگیرێ تا بۆ بەرنامەکانی کامەرانی گشتی خەرج بکرێ. بە واتایەکی‌تر، بەشێک لە داهاتی دەوڵەمەندان بۆ بەشە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا رادەگوێزرێتەوە.

سەرشانۆ / front stage

ژیانی رۆژانەی ئێمە وەکوو دراما، سەرشانۆ و پشت شانۆی هەیە. سەرشانۆ بریتیە لەشوێن یان ناوچەیەک کە بینەران دەتوانن سەیری نمایشی ژیانمان بکەن و ببینن. کاتێ ئەکتەر لەسەرشانۆیە، هان دەدا تا هەڵس‌وکەوتی بە چەشنێک بێ کە لە گەڵ ویستی بینەراندا سازگار بێ و بینەر لێی رازی بێ. ئێمەش لە ژیانی رۆژانەمان و لە هەڵس‌وکەوت لە گەڵ خەڵکدا هان دەدەین تا نەبینە هۆی نیگەرانی و ئازاری خەڵکی. بەڕای ئەرڤین گافمەن هەڵس‌وکەوتی ئێمە لە دوو مەڵبەندی سەرەکیدایە: مەڵبەندی گشتی (سەرشانۆ)، مەڵبەندی تایبەت (پشتی شانۆ). بۆ وێنە هەر ژیانێکی هاوبەش دوو مەڵبەندی گشتی و تایبەتی هەیە. لە مەڵبەندی گشتیدا ژن و مێرد هان دەدەن بە خەڵکی بسەلمێنن کە ژیانیان، ژیانێکی سەرکەوتووە و هیچ کێشە و گرفتێک لە ژیانیاندا نییە. ئەوان لەوەی کە لە بەرچاوی خەڵکی و بە راشکاوی ناکۆکییەکانیان پیشان بدەن، خۆیان دەپارێزن و هان دەدەن رەخنە لە یەکتر نەگرن. هەروەها ئاگادارن کە یەکتری لە کارێک کە ببێتە هۆی نارەزایەتی کەسانی‌تر بپارێزن و ئاگادار کەنەوە. بۆ وێنە گەر یەکێکیان

قسەیەک بکات کە ببێتە هۆی دڵ ئێشانی کەسێکی‌تر، ئەویتر خێرا دەڵێ کە «هیچ مەبەستێکی نەبوو، ویستی گاڵتەت لە گەڵ بکات» (*Goffman, E; 1959*).

سەرمایەداری/ capitalism

وشەی سەرمایەداری لە رەگی capot سەرچاوە دەگرێ و بە مانای سەرە. کاپیتاڵ لە زمانی لاتینیدا بریتیە لە بڕی پارەیەک کە بە قەرز دراوە و وەکوو ئاوەڵناوە دەور دەگێڕێ (گولدو کولب؛ ١٣٨٤). لە سەرەتاکانی ساڵی ١٧٩٢دا ئارسێر یانگ، لە وشەی کاپیتاڵ، کاپیتالیستی چێ‌کرد و لە کاپیتالیست، وشەی کاپیتالیزمی دەرهێنا کە بە مانای سیستەمێکە کە خاوەنانی سەرمایە تێیدا کار دەکەن و دەسەڵاتی ئەو سیستەمەیان لە دەستدایە و کەسانێکی‌تر بە ناوی کرێکار، ناچار هێزی کاری خۆیان بەم کەسانە دەفرۆشن.

مارکس شاکاری ١٨٦٧ خۆی ناو لێنا: سەرمایە (capital)، هەرچەند لەم کتێبەیدا زۆرتر باس لە بورژواکان دەکات تا سەرمایەدارەکان، هەروەها زۆرتر باسی بەرهەمهێنانی بورژوازی دەکات تا سەرمایەداری.

مارکس سەرمایەداری وەکوو شێوەیەک لە بەرهەمهێنان -کە خاوەنی دوو تایبەتمەندی سەرەکییە- خستە بەر راڤە و وردبوونەوە. تایبەتمەندی یەکەم بریتیە لەو شتمەک و خزمەتگوزارییانەی کە وەکوو کاڵا دێنە بەرهەم. واتە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەم بۆچوونەوە دێنە بەرهەم کە قازانجێکی پارەیی بە بەرهەمهێنەرەکان بگەینن و هیچ سەرنجێک نادرێتە ئەوەی کە ئەم بەرهەمانە چ کەڵکێکی هەنووکەییان هەیە. تایبەتمەندی دووەم ئەوەیە کە هێزی کاری تاک، بیچمی کاڵایەک دەگرێتەخۆی کە لە بازاڕدا دەیکڕن و دەیفرۆشن. مارکس بە کاڵابوونی هێزی کار، لە تایبەتمەندییەکانی

سەرمایەداری دەزانێ. بێگومان، کۆیلەکانیش دەکڕان و دەفرۆشران، بەڵام کۆیلەداران بۆ کاری زۆرتر کێشان لە کۆیلەکان، بە ناچار لە زۆر و توند و تیژی کەڵکیان دەگرت و بەبێ سەرنجدان بە کەڵک و بەهرەی کۆیلەکان، ناچار بوون کە چاودێرییان لێ بکەن. کرێکارانی مزبەر، سەربەستی تاکەکەسی خۆیان دەپارێزن و ئازادن کە خۆیان خاوەن کاری خۆیان هەڵبژێرن؛ بەم بۆنەوە لە ڕواڵەتدا وادیارە کە سەرمایەداری پێویستی بە بازرگانی و مامەڵەی ئازادە نەک زۆر. کەچی کرێکاران بە هۆی نەبوونی سەرمایە و کارێکیتر، بێجگە لە هێزی جەستەیان، ناچارن کە هێزی کاری خۆیان بفرۆشن بە سەرمایەدار. بەم چەشنە مارکس دەڵێ کە کرێکارانیش «کۆیلەی مزبگیر»ن (استونز؛ ١٣٧٩).

لە بۆچوونی مارکسدا سەرمایەداری بریتیە لە شێوازێکی بەرهەمهێنان کە بەرەو بەرهەمهێنانی نرخی زۆرتری سەرمایە و کۆوەکردنی سەرمایەی زۆرتر دەڕوا. تایبەتمەندی سەرەکی ئەم سیستەمە بریتیە لە خاوەنێتی کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان و دابەش کردنی کۆمەڵگا بە چینگەلی جۆراوجۆر. هەرچەند مارکس دان بەوەدا دەنێ کە کۆمەڵگا بێجگە لە دوو چینی سەرمایەدار و کرێکار، چینیتریشی هەیە، بەڵام زۆر بایەخ بەوان نادات و دەڵێ کە ئەو چینانە لە پرۆسەی تەکامولی کۆمەڵگادا بە ناچار لە نێو ئەم دوو چینە سەرەکییەدا دەتوێنەوە و لە خەباتی چینایەتیدا دەبێ یا بەرەو کرێکاران بێن یا سەرمایەدارەکان (آرون؛ ١٣٨٦). ئەم دوو چینە سەرەکی و دژبەیەکە، یەکێکیان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە و ئەویتریان کرێکارگەلێکن کە بێجگە هێزی کاری خۆیان شتێکیان بۆ فرۆتن نییە. مارکس لە ژێرناوی سەرمایەداریدا قۆناغە جۆربەجۆرە مێژووییەکانی ڕوون کردۆتەوە. ئەو لە وێناکردنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی باسی کردووە و قۆناغەکانی گۆڕانی دیاری کردووە: سەرمایەداری بازرگانی، سەرمایەداری

مانۆفاکتۆری، سەرمایەداری پیشەسازی. ئەنگلس پاش ژیانی مارکس، سەرمایەداری دەوڵەتی لەم قۆناغانە زیاد کردووە. کە بریتیە لە قۆناغێک کە سەرمایە قۆرخ دەکرێ و پاش سەرمایەداری پیشەسازی سەرهەڵدەدا و ئەو قۆرخە بەهێز و روو لە گەشەیە بە ناوی «ئەمپریالیزم» ناو لێ دەبا (احمدی؛ ١٣٨٢).

باوەڕ بەوەی کە سەرمایەداری بریتیە لە خاوەنێتی تایبەت بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا و کەڵکوەرگرتن لەم کەرەسانە بۆ گەیشتن بە قازانجێکی زۆرتر، لە هەموو پێناسەکانی سەرمایەداریدا یەکسانە. بەڵام باوەڕ بە چەوساندنەوەی چینی کرێکار لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە، تەنیا تایبەتە بە سووشیالیستەکان. ئابووریزانە ناسووشیالیستەکان کە سەرمایەداری وەکوو سیستەمێکی ئابووری لە خاوەنێتی و سەرمایەداناندا دەزانن، رایان وایە کە ئەگەر دەوڵەت لە کارو باری ئەو سیستەمەدا کەمتر دەستوەر بدات، بەرهەمهێنان دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی و قازانجی ئەم بەرهەمهێنانە هەم بۆ کرێکاران دەبێ و هەمیش بۆ سەرمایەدارەکان. سووشیالیستەکان بە توندی هەم لە رەوا بوونی بەهرەمەندی سەرمایەدارەکان لە قازانجەکانی بەرهەمهێنان حاشا دەکەن و هەمیش حاشا لەوە دەکەن کە بە نەبوونی گەڵاڵەیەک بۆ بەرهەمهێنان و دابەش کردنی دادوەرانەی داهاتەکان، قەد ناتوانن بگەن بە دابەشکردنی ئەقڵانی دەسڕەنجەکانی بەرهەمهێنان (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

head of state /سەرۆکی وڵات

سەرۆکی وڵات لە نێو وڵاتانی ئەرووپیدا بە گوێرەی نەریتی ئەو وڵاتانە، هەمان پادشا بوو کە باڵوێز و نوێنەرانی وڵاتانیتر دەهاتنە لای و پادشایانیتر نامەکانیان بۆ ئەو دەنووسی. سەرۆکی وڵات لە هەمان کاتدا سەرۆک

حکوومەتیش بوو، بەم بۆنەوە ئەرکی بڕیاردان و لابردن و دانانی بەرپرسانی حکوومەتی لە ئەستۆدا بوو. لە دیکتاتۆرییەکانی سەردەمدا، هەر ئەم ریزە لە چین‌بەندی حکوومەتدا دیارە.

لە حکوومەتە پادشایەتی و پەڕلەمانییەکاندا هێزی بەڕێوەبەری حکوومەت دابەش کراوە بە: ١) سەرۆکی وڵات کە هەمان پادشایە و باڵوێزەبیانییەکان دێنە لای ئەو و هەروەها پادشا یا سەرۆکی وڵات لە رێ و رەسمەکانی دەوڵەتدا بەشداری دەکات. ٢) حکوومەت کە هێزی وڵاتی لە دەستدایە، مەگەر ئەوەی کە سەرۆک وەزیر دانرابێ. بەڵام لەم حاڵەتەشدا لە لایەن سەرۆکی حکوومەتەوە و بە ناوی تاج و تەخت، لە نێو دەسەڵاتدا دەستوەر دەدات.

لە حکوومەتە کۆمارییە پەڕلەمانییەکاندا، هێزی بەڕێوەبەر دابەش دەکرێت بە: ١) سەرۆکی وڵات، کە بریتیە لە سەرۆک کۆمارێک کە زۆرتر لە لایەن پەڕلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ. ٢) حکوومەت، کە سەرۆک وەزیران (یا لە شوێنێک وەکوو کۆماری فێدراڵی ئاڵمانیا، بریتیە لە سەرۆک (chancellor)) لە سەرووی هەمووانەوە رادەوەستێ.

لە سیستەمە سەرۆک‌کۆمارییەکاندا –وەکوو ئەمریکا- سەرۆک کۆمار بە هۆی دەنگدانی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و هەم سەرۆکی وڵاتە و هەمیش سەرۆکی حکوومەتە. لە هەندێ وڵاتیشدا هیچ شوێن و پاگەیەک بۆ سەرۆکی وڵات نییە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

سەرهەڵدان/ rebellion

هەر سەرهەڵدانێک رەهەندی بەرفراوانی هەیە کە بە هۆی تاقمێک لە هاووڵاتیانی کۆمەڵگایەکەوە دژ بە دەوڵەت و بەرنامەکانی ئەو دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێ. ئامانجی سەرهەڵدان گۆڕانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو گۆڕانی

حکوومەت یان بەشێک لە بەرنامەکانی حکوومەتە. بەواتایەکی تر، سەرهەڵدانەکان بۆ دژایەتی و بەربەرەکانێ لە گەڵ هەموو یان پاژێک لە ئامراز یان ئامانجەکانی حکوومەتن و خوازیاری گۆڕانەوەی ئەو دۆز یا ئامرازانەن لە گەڵ ئامانج یا ئامرازی نوێ. گەر سەرهەڵدانێک تایبەت بێ بە بەشێکی بچووک لە کۆمەڵگا، دەتوانێ لە گرووپە لادەرەکانی نێو شەقامەکان پێک بێت کە ناتوانن خۆیان لە گەڵ نۆرم و ڕێساکانی کۆمەڵگا بگونجێنن. بەڵام گەر سەرهەڵدانێک بەربەرەکانێی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا بێ لە گەڵ هەموو یان پاژێک لە بەرنامە و ئامانجەکانی حکوومەت، ڕەنگە ئەو سەرهەڵدانە ببێتە شۆڕش. سەرهەڵدانەکان زۆرتر لەو وڵاتانەدا دێنە کایەوە کە بە توندی بەندیوارن بە ئابووری جیهانییەوە، ئامراز و کەرەسەی سەرکوت کردنی ئەم حکوومەتانە زۆر لاوازن و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری زۆر زەق و بەرچاوە و نیشانەگەلێک لە گەشەی ئابوورییان تێدا بەدی دەکرێ (بوسول و دیکسون؛ ١٩٩٠). لەو وڵاتانەی کە سیستەمی ئابوورییان بەستراوە بە ئاڵوگۆڕی ئابووری وڵاتانیترەوە (دەولەتە بەهێزەکان لە ناوەندی ئابووری جیهانیدا) چینە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو دووجەمسەری بوونی نێوان چینە دارا و چینە نەدارەکان ڕادەکێشرێن. بەگشتی، لەم وڵاتانەدا چینێکی ناونجی بچووک هەیە و دەسەڵاتە ڕامیاری و ئابوورییەکان لەژێر ڕکێفی بەشێکی زۆر بچووکتر لە چینی سەرووی کۆمەڵگادایە. ئەم چینە دواییە، بەشی ئابووری و حکوومەتی لەژێر کۆنترۆڵدایە و بەشەکانیتری کۆمەڵگا لە هەلومەرجێکی نالەبارو نەگونجاودا بەجێ دێڵێ. لەم گەڵالە ئابوورییەدا، واتای هەژاری ڕێژەیی، دەورێکی سەرەکی هەیە. واتای ئەمە ئەوەیە کە گرووپە هەژارو نەدارەکان بە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەستیان بە سەر بەشی ئابووریدا ڕاکێشاوە، هەست بە ڕق و قین و بێزاری دەکەن.

کۆمەڵناسانی ئەمریکی، تێری باسڤێل و ڤیلیام دیکسۆن، ڕایان وایە کە

هەرچەند سەرکوتە توندو تیژەکان دەتوانن بەرگری لە سەرهەڵدانەکان بکەن، بەڵام سەرکوتە هێور و نەرمەکان دەتوانن ببنە دنەدەرێک بۆ سەرهەڵدانی‌تر (هەمان سەرچاوە). واتە: هەرچەند سەرکوتە نەرم و هێورەکان خەڵک تووڕە دەکەن، بەڵام هەندێ سەرچاوەی‌تریان بۆ ڕێکخستن و بەرەنگاری پێدەدەن. بۆ وێنە ئەم جۆرە سەرکوتانە هۆی سەرهەڵدانەکانی‌تر لە ئیرلەندی باکووردا روون دەکەنەوە.

دەبێ ئاماژە بەوەبکەین کە سەرهەڵدانەکان کاتێک دێنە کایەوە، کە بارودۆخی ئابوروی بەرەو باشتر بوون دەڕوا. گوندنشینەکان زۆرتر کاتێک رادەپەڕن کە بارودۆخی ئابووریيان باشتر لە کاتی ئاسایی بووبێ؛ چونکە نایانەوێ ئەو شتەی کە بە دەسیان هێناوە لە دەستی بدەن (جنکیتر؛ ١٩٨٣). هەست بە هەژاری رێژەییش لەم بارودۆخانەدا دەورێکی بالای هەیە. خەڵکی زۆرتر کاتێ بۆ سەرهەڵدان تەیار دەبن کە شتێکیان بۆ پاراستن هەبێ.

سیستەمی بەسراو/ closed system

لە سیستەمە بەسراوەکۆمەڵایەتییەکاندا شوێنگەی تاک لە نێو زنجیرەی پلەوپاگە کۆمەڵایەتییەکاندا، شوێنگەیەکی *پێبەخشراوە*، واتە شوێنگەیەک کە تاک لە بەدەستهێنانیدا هیچ دەورێکی نییە (وەکوو رەنگی پێست، پێوەندی خوێنی، جنسیەت، تەمەن). لە زۆربەی ئەم سیستەمانەدا شوێنگەی تاک، بە هۆی میراتەوە پێی دەگا و تاک لە دیاری کردنی شوێنگەو پلەوپاگەیدا هیچ دەورێکی نییە. وێنەی ئەمە سیستەمی کاستە لە هیندوستاندا؛ هەروەها پێوەندی نێوان یارسانەکانیش لەم چەشنەیە. ئەندامێکی یارسان کە دێتە دونیا، بەبێ سەرنجدان بە توان و لێهاتوویيەکانی لە هەمان سەردەمی بە دونیا هاتنیەوە پلەوپاگە و شوێنگەی دیاری کراوە.

سیستەمی کاست لە هیندستاندا سیستەمێکی تەواو بەسراوە؛ بە چەشنێک کە تاک بە هیچ جۆر ناتوانێ لە شوێنگەی کۆمەلایەتی خۆی ببزوێتەوە.

سیستەمی کاست/ cast system

سیستەمی کاست بە هەر جۆرە چینبەندییەکی کۆمەلایەتی دەبێژرێ کە پێگەی کۆمەلایەتی خەلک بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەوە پۆلێنکرابێتن کە خودی تاک هیچ دەورێکی لە تۆمار یان کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر ئەو تایبەتمەندیانەدا نەبێ و زۆرجاریش ناتوانێ هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا بەدی بێنێ (وەکوو تایبەتمەندییە جەستەیی و کولتوورییەکان). شوێنگەی کۆمەلایەتی هەر کاستێک لە لایەن کۆمەڵگایەکەوە دیاری دەکرێ کە ئەو کاستەی تێدایە. لە راستیدا کۆمەڵگا هەل‌ومەرج و پێگەیەک کە هەر کاست دەتوانێ پێی بگات، دابین دەکات.

سیستەمی کراوە/ open system

چینبەندیە کۆمەلایەتییەکان بە دوو دەستەی کراوە و بەستراو دابەش دەکەن. لە سیستەمی چینبەندی کراوەدا، ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیان بە هۆی کۆشەوە و هەل و مەرجی کۆمەڵگاوە پلە و پاگە و شوێنگەی کۆمەلایەتیان بە دەست دێنن. واتە شوێنگەی تاک لە زنجیرەی پلە و پاگە کۆمەلایەتییەکاندا بە گوێرەی لێهاتوویی، شارەزایی، توانایی و کۆشەوەکانییەوە دیاری دەکرێ و هۆکارگەلی وەکوو تۆرەمە و رەنگی پێست و رەگەز و تەمەن هیچ دەورێکیان لە دیاری کردنی پێگەی کۆمەلایەتی تاکدا نییە. وادیارە یەکێک لە ئیدیالترین سیستەمە کراوەکانی ئێستای دونیا، سیستەمی کۆمەلایەتی ئەمریکایە. باوەڕی زۆربەی ئەمریکییەکان ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان لە ژێر سای پەروەردگاردا یەکسانن. نەریتی

ئەوان جەخت لە سەر تاک‌خوازی، داکۆکی، ململانێ و سەربەستی دەکات. لانیکەم لەباری هزرییەوە، خەڵکی ئەمریکا سەربەستن بۆ گەیشتن بە هەر شتێک ئاواتیانە. باوەڕی ئەوان وایە کە سیستەمی کۆمەڵایەتییان بە چەشنێکە کە هەل‌ومەرجێکی یەکسانی بۆ هەموو خەڵکی دابین کردووە تا بتوانن بگەن بەو شتەی کە ئامانجیانە. هەموو خەڵکی لە بەرانبەر یاسادا بۆ گەیشتن بە پلەو پاگەی رامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکسانن؛ تەنیا مەرج بۆ ئەم گەیشتنە، کۆشەوەو لێهاتوویی خودی تاکە. لەباری هزرییەوە، هەمووی خەڵکی لەیەک شوێنەوە دەست پێدەکەن، بەڵام گەیشتن بە پلەی یەکەم پێویستی بە تێکۆشان و لێهاتوویەکی تایبەت هەیە.

بەشی هەرە زۆری کۆمەڵناسان حاشا لە ئاوەها کۆمەڵگایەکی ئارمانی دەکەن. کێشە لەوەدا نییە کە ئایا کۆمەڵگایەکی کراوە هەیە یان نە، بەڵکوو کێشە لەوەدایە کە ئایا هەموو خەڵکی لە یەک خاڵی یەکسانەوە رکەبەرێیەکەیان دەست پێدەکەن؟ بێ‌گومان لە کراوەترین کۆمەڵگاکانیشدا هەلی یەکسان بۆ هەمووان دەست نادا. تەنانەت ئەگەر وابیرکەینەوە کە وەچەیەکی تایبەت لە سەر یەک خاڵەوە کێبەرکێیەکان دەست پێکردووە، دیسان تاقمێکی تایبەت دەبنە پاڵەوانی ئەم یارییە. ئاشکرایە کە وەچەی دووەم ناتوانن لە یەک خاڵی یەکسانەوە کێبەرکێیەکەیان دەست پێ بکەن. لەم رووەوە، نایەکسانییەکۆمەڵایەتییەکان پاشکۆی دەسکەوتەکان، بە تایبەت دەسکەوتە ئابوورییەکانن.

خەڵکی هەندێ لە وڵاتان پێیان وایە کە سیستەمی کۆمەڵایەتییان کراوەیە، بەڵام لە راستیدا بەو چەشنەی کە خەڵک وادەزانن کراوەنییە؛ واتە هیچ وڵاتێک بە تەواوی کراوە نییە، بەڵام دیارە هەندێ لە وڵاتان بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی کراوەی ئارمانی هەنگاو هەڵدەنێن. بۆ وێنە سەردەمێک زۆربەی خەڵکی پێیان وابوو کە بەختی بوون بە سەرۆک کۆمار لە ئەمریکادا بۆ

هەموو کەس یەکسان نییە. واتە، دەیانگوت کە سپی پێست و پرۆتستانەکـان بەختی زۆرتریان بۆ سەرۆک کۆماری هەیە؛ کەچی بە هاتنەسەرکاری جـۆرج بووشی کاتۆلیک و ئۆبامای رەش پێست، ئاشکرا بوو کە ئـەم ولاتـە بـەردەوام بەرەو کراوەتر بوون دەڕوا.

شارنشینی/ urbanization

کۆوەبوونی مرۆڤەکان لەنێو شارەکاندا، ساکارترین پێناسەیە بۆ ئەم زاراوەیە. شارنشینی بریتیە لە زۆربوونی ژمارەی شارەکان و کۆوە بوون و کۆمای خەڵک تێیاندا. هەروەها ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە کۆچی خەڵکی گوندەکان بەرەو شار و زۆربوونی ڕێژەیی ژمارەی شارەکان. واتایەکی تر بۆ شارنشینی بریتیە لە داسەپانی دەسەڵاتی کولتووری و ڕەسم و نەریتەکانی شار بە سەر گوندەکاندا. پێناسەیەکی تر کە ڕەنگە سەرەکیترین پێناسە بێ، بریتیە لە سەرهەڵدانی «تایبەتمەندییەکانی شار لە نێو جەماوەرێکدا» (آلبرت؛ ١٩٦٤). ئەم واتایە زۆرتر لە ئەدەبی کۆمەڵناسی لادێدا دیارە. سەرهەدانی خووخدەی کولتووری تایبەت لە مەڵبەندێکی لادێییدا بەڵگەیە بۆ بە شاری بوونی جەماوەری گوندنشین یاخۆ لەسەر پرۆسەی بەشاری بووندا ڕاوەستان. ئەم پێناسەکێشەیەکی تایبەت دێنێتە ئاراوە، ئەوەش بریتیە لەوەی کە سەرەتا دەبێ تایبەتمەندی و خووخدەکانی شار بە ڕاشکاوی ڕیزبەندی و جیا بکرێنەوە، کە واتای ئەم کارەش بریتیە لەوەی کە ئێمە هاتووین هەندێ پرۆسەمان کردۆتە پێش‌گریمانە بۆ بەشاری بوون (هەمان سەرچاوە).

مارکس‌و ئەنگڵس بەزۆری لەسەر بایەخ و گرینگی شارنشینی لە مێژوو و گۆڕانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان باسیان کردووە. لە ئایدیۆلۆجی ئاڵمانیدا دەنووسن: «سەرەتای ناکۆکی نێوان شارو گوند لە دڕندایەتییەوە بۆ شارستانی دەست پێدەکا و سەرلەبەری مێژووی شارستانی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دەگرێتەوە». ئەم ناکۆکییە بناغەی دابەش کردنی کار و جیاوازیە چینایەتییەکانە، لە هەمان کاتدا «بوونی شار باس لە نیاز بە بوونی سیستەمی ئیداری، پۆلیس، باج و پیتاک و بە گشتی بەرنامەی بەڕێوەبردنی سەرلەبەری کۆمەڵگا دەکات». هەروەها توێژینەوەی ئەنگڵس لە سەر شاری

مەنچستەر و شارەکانی دەور و بەری لە کتێبی *بارودۆخی چینی کرێکار*دا بۆ بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەبارەت بە میتۆدۆلۆجی سەرمایەداری و کاریگەری بە سەر چینی چەوساوەدا، بەردی بناغە بوو. *ڕاگەیندراوی پارتی کۆمۆنیست* بەوردی سەبارەت بە دەرئەنجامە ئابووری و ڕامیارییەکانی کۆوەبوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پرۆلتاریا لە ناوەندی شارە گەورەکاندا باسی کردووە (هاروی؛ ١٩٩١).

هەرچەند لێکدانەوەی شارنشینی لەباری هزری، ڕامیاری و مێژووییەوە بایەخ و گرینگی زۆری هەیە، کەچی ئەم بەشە لە توێژینەوەکان نەخراونەتە ڕیزی کۆلینەوەسەرەکییەکانی مارکسیزم. ئەم سەرنج نەدانە جێگای سەرسووڕمانی هەیە، چونکە «هۆکاریشاری» بۆ زۆربەی بزاڤە شۆڕشگێرانەکان حاشاهەڵگر نین. بێجگە لەمەش، گرینگی یەکیەتییەچینایەتییەکان لە دژایەتی شار-گونددا بە تایبەت لە جیهانی سێیەمدا دەبێ وەکوو بنەمایەک بۆ ستراتژی شۆڕش بناسرێتەوە (وێنەی ئەمانەی لە نووسراوەکانی گرامشی و مائۆدا بەزۆری هەیە). هەروەها چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەر ناکۆکی شار-گونددا لە بگاری سوشیالزمدا لە یەکیەتی سۆڤییەت و چین و کووبا و تانزانیا و... وەکوو بابەتێکی گرینگ و پێویستی لێ هاتووە (هەمان).

بەگشتی شارنشینی دەبێتە هۆی دابەش بوونەوەی دووبارەی جەماوەر و بەشێکی زۆر لە میتۆدەکانی ژیانی کۆمەلایەتی تووشی گۆڕان دەکات. ژیان لەنێو شاردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک شێوە ژیانێک جیاواز لە ژیانی گوند هەڵبژێرێ. لە شاردا، دابەش‌کردنی کار و ئەو کارانەی کە هەن، پسپۆڕانەترن لە کارەکانی گوند؛ جەماوەری شار لەچاو جەماوەری لادێ، ناجۆرترن (واتە: یەک دەست نین)؛ ڕەچەلەک و چین و ئاستی جۆراوجۆری خوێندنی جیاوازن؛ بەگشتی، پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان زۆرتر باری فەرمییان هەیە.

شانۆی یاری/ game stage

لە لای هێربێرت مید، شانۆی یاری درێژەی هەمان سەرشانۆیە. لە شانۆی یاریدا منداڵان تەنیا بە لاسایی کردەنەوەی دەوری کەسانیتر قنیات ناکەن، بەڵکوو هان دەدەن تا بتوانن لە گەڵ یاریکەرانیتر پێوەندییەکی دوو لایەنە سازبکەن. بەڕای مید لە کتێبی *زەین، خود و کۆمەڵگادا* یارییە منداڵانەکان کە منداڵ تەنیا دەورێکی سادە دەگێڕێ، یەکەمین قۆناغی گۆڕانی کەسایەتی منداڵە کە پاش ئەوەمنداڵ دەست دەدا بە گێڕانی دەوری گەورەساڵانیتر. منداڵ لە یارییە ساکارەکاندا –وەکوو چاوشارکێ- تەنیا یەک دەور دەگێڕێ بەبێ سەرنجدان بە پێوەندی نێوان ئەندامانی ئەو یارییە. لە یاری چاوشارکێدا منداڵەکان خۆیان دەشارنەوە و منداڵێکیتر بە شوێنیاندا دەگەڕێ بەبێ ئەوەی کە پێویست بێ ئەو منداڵە هەریەک لە منداڵانیتر لە پێوەندی لە گەڵ یەکدا هەڵسەنگێنێ. کەچی لە یارییەک وەکوو بەیسبۆڵدا منداڵ لە هەمان کاتدا کە دەوری خۆی دەگێڕێ، دەبێ ئامادە بێ بۆ ئەوەی کە دەوری یاریکەرانیتریش بگێڕێ و هەروەها دەبێ پێوەندی هەر یەک لەو یاریکەرانە لە گەڵ یاریکەرانیتر لێکبداتەوە. بەبڕوای مید ئەمە دوایین قۆناغی یاری منداڵە (کوزر؛ ١٣٨٧).

مید دەڵێ: لە نێوان یاری ئاڵۆز و یاری ساکاردا ئەم جیاوازییە سەرەکییە هەیە کە لە یاری ئاڵۆزدا منداڵ دەبێ شێوازی هەڵسوکەوتی یارکەرانیتریشی لەبەرچاو بێ. شێوازی رەفتاری یاریکەرانیتر لە زەینی یەک یاریکەردا، وەکوو یەکەیکی دامەزراوەیی دێتەدی و هەر ئەم دامەزراوەیە کە کردەی تاکێکی یاریکەر دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی... کردەی هەریەک لە یاریکەران بە گوێەی بۆچوونێک کە تاک سەبارەت بە یاریکەرانیتر هەیەتی، دیاری دەکرێ (مید؛ ١٩٤٣).

منداڵ لە یاریە ئاڵۆزەکاندا لە گەڵ پێکهاتەیەکی نوێ لە ژیانی نێو

کۆمەڵگا ئاشنا دەبێ. ئاشنایەتی لە گەڵ ئەم پێکهاتەدەرەکییە، پێکهاتەی ژیانی دەروونی تاک تەکووز دەکات. لەم پرۆسەیەدا منداڵ لە گەڵ شێوازێکی‌تر بەناوی هیتری گشتی‌کراو ئاشنا دەبێ.

شوانكارەیی/ pastoralism

کۆمەڵگا شوانکارەییەکان لە نێوان ١٠ تا ١٢ هەزار ساڵ لەمەو پێشەوە سەریان هەڵداوە. بناغەی ئەم سیستەمی ژیانە، لە سەر کەوی‌کردن و راگرتنی ئاژەڵی وەکوو بزن، مەڕ، گا، ئەسپ و... دانراوە. شێوازی شوانکارەیی، بەڕێژەی شێوازی راو، شێوازێکی‌کارامەتر بوو بۆ دابین کردنی خۆراک. ئەم شێوازە سەرچاوەیەکی خۆراکی مسۆگەر دەکرد و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی نوێی بەخێو کردنی ئاژەڵان، رەنگ بوو ژمارەی گەلەکان زۆرتر بن. ئاکامی ئەم رەوتە زۆرتر بوونی جڤاکەکان بوو (رابرتسون؛ ١٣٧٢). لە کۆمەڵگای شوانکارەدا زۆربوونی خۆراک، هاواکات لە گەڵ ئەوەی کە دەبووە هۆی زۆربوونی جەماوەر، دەبووە هۆی پێوەندی و مامەڵەی کومەلایەتی. ژیانی شوانکارەیی هاوڕێ لە گەڵ ژیانی کۆچەرییە. ژیانی کۆچەری لە دوو شێوازی کۆچی ئاسۆیی لە دەشتەکان و کۆچی ئەستوونی لە ناوچە کوێستانییەکان (واتە: گەرمیان و گوێستان کردن) پێڕەوی دەکرد. ئەم پرۆسەدەبووە هۆی پێوەندی نێوان هۆز و خێڵەکان و هەروەها زۆر جاریش لە سەر خاوەنێتی لەوەڕگاکان دەبووە هۆی شەڕو کێشە لە نێوان خێڵەکاندا. رابێرتسۆن دەڵێ: «کۆیلەداری کە لە سەردەمی راو و کۆوەکردنی خۆراکدا بابەتێکی نامۆ بوو، هاوکات لە گەڵ ئەم شەڕانە و بەدیل گرتنی نەیارەکان و گرتنەبەرکاریان، سەری هەڵداوە» (رابرتسون؛ ١٣٧٥). بە بڕوای گیدنز، جڤاکە شوانکارەکان زۆرتر بە نایەکسانیگەلی ئاشکرا دیاری دەکرێن، بە سەر ئەم جڤاکانەدا سەرۆک یان پادشاکان دەسەلاتدارییان دەکرد

(گیدنز؛ ١٣٨٥). لەم کۆمەڵگایانەدا چوارپێیەکان سەرەکی‌ترین سەرچاوەی ژیان بوون و رادەو ژمارەی گەلە، پێوانەی هەڵسەنگاندنی پیاوان بووە. گەلە گەورەکان تەنیا بە مانای سامان و ماڵ نەبوون، بەڵکوو نیشانەی دەسەلاتیش بوون.

شۆپ (شوێنەوار) / traces

کۆمەڵناسان ئەم زاراوەیە بۆ شتمەک و هەلومەرجێک بە کار دەبەن (وەکوو ئەو شتانەی خەڵکی فرێی دەدەن، ژمارەی گڵۆپەکانی خانوویەک، یاخۆ گۆڕانی گوشاری ئاوی نێو لوولەکان) کە پێکهێنەری زانیارییە سەبارەت بە چەند و چوونی هەڵس‌وکەوت مرۆڤەکان. بە واتایەکی‌تر لە سۆنگەی ئەم شتمەک و ئاسەوارانەوە دەتوانین شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵکی بناسین. تۆژینەوەیەک کە زانکۆی ئاریزۆنا ئەنجامی داوە، یەکێک لە نموونەکانی ئەم چەشنە تۆژینەوەیە. لە دەیەی ١٩٧٠ەوە گرووپێکی تۆژینەوە بە سەرپەرشتی دوو کەس لە مامۆستایانی زانکۆی ئاریزۆنا، دەستیان دا بە کۆوەکردنی زبڵ لە گۆڕستانی زبڵەکان و هەروەها لە نێو سەتڵی زبڵی نێو گەڕەکە جۆراوجۆرەکان. ئەم توێژینەوەئەو راستییەی پیشان دەدا کە ئەو زبلانەی خێزانەکان فڕێیان دەدەن، بە قەدەر زبڵی کارگە پیشەسازییەکان بۆ ژینگە زیانیان هەیە (*Rathje, W & C. Murphy, 1992*- وەرگیراو لە: عضدانلو، ١٣٨٤).

شۆڕش / revolution

بۆ باس لە شۆڕش، پێناسەی بەشە پێکهێنەرەکانی شۆڕش، یەکەمین و رەنگە گرینگترین و دژوارترین پرسێکن کە رووبەڕوویان دەبینەوە. لەم بوارەدا تەنانەت بارستی زۆری ئەو نووسراوانەی کە لە سەر شۆڕش نووسراون،

هیچ یارمەتییەکمان پێ نادەن. تەنانەت هەریەک لەم نووسراوانە پێناسەیەکیان لەم بەشانە داوەتە دەست کە زۆرجار بە پێچەوانە و دژ بە یەکن و زۆرتر سەرمان لێ دەشێوێنن. ئامان رای وایە کە نابێ زۆر خۆمان بە پێناسەکانەوە خەریک بکەین. «لە راستیدا بۆ واتایەکی ئینتزاعی، هیچ پێناسەیەکی راستەقینە نییە: پێناسە، تەنیا کەرەسەیەکە بۆ واتای وشەکان و رەنگە قازانجێکی بێ یا نەیبێ» (کوهن؛ ١٣٨٧).

بێشک ئامان راست دەکا، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی هێور کردنی خەیاڵی تۆژەرێک کە لە گەڵ پانتایەکی بەربلاو لە پێناسەکان رووبەڕوویە. بۆیە بە نیازین هەندێ لە و پێناسانە کە سەبارەت بە شۆڕش کراون لێرەدا بخەینە ڕوو.

پێناسەی شۆڕش زۆر بەربلاوە و تەنیا بە گۆڕانکاری بنەمایی رامیاری نابێژرێ. وەکوو ئەوەی کە گواستنەوەی سەردەمی کشتوکاڵ بۆ پیشەسازی بە شۆڕشی پیشەسازی ناو لێدەبرێ. یان لەم دواییانەدا بە داهاتن و گەشەی کەرەسەکانی راگەیاندن، شۆڕشی ئەنفۆرماتیک هاتۆتە دی. هەروەها گەشەی خۆراک بۆتە هۆی هاتنە دی دیاردەیەک کە بە ناوی «شۆڕشی شین» ناوی لێ دەبەن. بە گشتی لە شۆڕشدا واتایەک هەیە کە گۆڕانی بنەڕەتی و تێک دانی شتە کەونەکان و داهێنان و بنیاتنانی بینایەکی نوێمان دەخاتەوە بیر. بۆیە کاتێک بیر لە تێکنۆلۆژییەکی نوێ کە تا ئەو دەم تاقی نەکراوەتەوە، وەکوو تەکنێکی نوێی پەیوەنددانی جەرگ لە پزیشکیدا، زاراوەی شۆڕش، زاراوەیەکی شیاو و لەبار دێتە بەرچاو.

شرۆڤەی هۆکار و هەلومەرجەکانی شۆڕش دەبێ لە کۆمەڵناسی مارکسیەوە دەست پێ بکرێ. لە روانگەی کۆمەڵناسی مارکسیستیەوە، هۆی مێژینەی ئەو شۆڕشانەی کە کاریگەرییان بە سەر مێژووی مرۆڤدا بووە، خاوەنێتی تایبەتی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بووە. لە راستیدا خاوەنێتی تایبەت، دەبێتە هۆی

کۆوەبوونی کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان لە دەست کەمینەیەکدا کە ئەو بەرهەمهێنەرانەی خاوەنی هیچ شتێک بێجگە لە رەنجەکەیان نین، دەچەوسێننەوە. بەم بۆنەوە پێوەندی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی هاتنە دی پێوەندی چینایەتی. مەبەست لە پێوەندی چینایەتی، پێوەندی نێوان چینی خاوەن بەرهەم، کان و کەرەسەی بەرهەمهێنان لە لایەکەوە و چینی کرێکاری چەوساوەی لەخۆ بیانیکەوتوو لە لایەکیترەوە. چینی کرێکار پاش گەیشتن بە خۆناسی، لە گەڵ چینی چەوسێنەر یان هەمان چینی خاوەن کەرەسەی بەرهەمهێنان دەکەونە ململانێ و ئەنجامی ئەم خەباتە چینایەتییە، تێکچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و داهاتنی سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتیە کە چینایەتی و دەوڵەت هیچ دەوریان تێدا نییە (روشە؛ ١٣٨٧).

دوورکایم لە بیردۆزی ئانۆمی خۆیدا ئاماژە بە هۆکارگەلێک دەکات کە دەبنە هۆی شۆڕش و هەندێ لە کۆمەڵناسانی دوایی، بناغەی کاری خۆیان لە سەر ئەو بۆچوونە داناوە. دوورکایم دەڵێ کە لە کاتێ نەجوولان یان گەشەی خێرای ئابووریدا کۆمەڵگا تووشی ئاژاوە دێ (ئانۆمی). لە هەلو مەرجێکی کۆمەڵایەتی قایم و پایەداردا، داخواز و ئارەزووی خەڵکی بە هۆی نۆرم و رێساکانی کۆمەڵگاوە رێکوپێک و کۆنترۆڵ دەکرێن. بە تێکدانی نۆرمەکان و لێکهەڵوەشانی رێکوپێکی و زۆربوونی داخوازەکان، کۆمەڵگا ناتوانێ پەرسڤدەری ئەو داخوازانە بێ؛ بۆیە جۆرێک نارەزایەتی گشتی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگادا دێتەدی کە بۆ روون کردنەوەی ئەم تەوەرە وەکوو واقیعەکانیتری کۆمەڵگا، دەبێ لە واقعیەتەکانیتری کومەڵگا کەڵک وەربگیرێ (غفاری؛ ١٣٨٨).

بە بڕوای تێدا ئێسکاکپۆل شۆڕش و گۆڕانی کۆمەڵایەتی تەنیا کاتێک واتای هەیە کە حکوومەت وەکوو پێکهاتەیەکی کلان سەیر بکەین. شۆڕشە

کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕی مێژوویی و پێکهاتەی نێو نەتەوەیی شرۆڤە بکرێن. ئێسکاکپۆل دەڵێ: «بە سەرنج دان بە بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەر شۆڕش دانراون، لێکدانەوەی شۆڕشێک بە تەنیا، دەبێ لە ڕێی لێکدانەوەو شرۆڤەی مێژوویی و بەراوردەوە ئەنجام ببێ»، بەڕای ئەو، شێوازی شرۆڤەی بەراوردی بۆ لێکدانەوەی شۆڕشگەلی تایبەت و دانسقە، لە درێژایی مێژوودا، شێوازێکی شیاو و لەبار بووە. ئەم شێوازە لە هەلومەرجێکدا کە ئاڵوگۆڕەکان جۆراوجۆر بن، کەڵکێکی زۆرتری هەیە (اسکاکپول؛ ١٣٧٦).

بە گشتی ئەو پێناسانەی کە لە شۆڕش دراونەتە دەست لە دوو چینددا پۆلێن دەکرێن. هەرچەن هەندێ پێناسەش لە نێو ئەم دوو چینەدا جێ ناکرێنەوە. چینی یەکەم ئەو شۆڕشانەن کە دەتوانین بە «شۆڕشی مەزن» ناویان بەرین. کارێن برینتۆن، جۆرج پێتی، زیگمۆند نویمان و هەندێ لە تیۆریسیەنە مارکسیەکان وەکوو لنین و مائۆ، لەم چینەدا دادەنرێن. ئەم جۆرە شۆڕشانە بریتین لە شۆڕشی فەرانسە و ئەمریکا لە سەدەی هەژدەهەمدا، دوو شۆڕشی مەزنی سەدەی بیستەم لە رووسیا و چیندا. شۆڕشەکانی ئەلجەزایر، کووبا و مکزیکیش هەرچەن کێشەیان لە سەرە، دەکرێ بخرێنە ئەم ریزەوە. بەڵام لە لایەکیترەوە داگیرکردنی دەسەلات لە لایەن ئەرتەشی بەرزیلەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، ناخرێتە ریزی شۆڕشەوە. هەرچەند وانییە کە ئەم بۆچوونە هەموو کوودتا سەربازییەکان لە دەرەوەی شۆڕش بزانێ، چونکە کوودتای ئەرتەشی میسر لە ١٩٥٢دا دەخرێتە ئەم ریزەوە.

چینی دووەم زۆر بەربلاوترن و زۆربەی گۆڕانکارییەکانی چینی یەکەمیش دەگرنەوە. هەروەها ئەم چینە هەموو تەوەرە سەروو یاساییەکان یان گواستنەوەی دەسەلات بە زەبر و تووڕەیی دەگرێتەوە. چالمێرز جانسۆن،

رۆدفۆلف رۆمێل، ڕەیمۆند تـانتێر، پیتێـر کالڤـێرت و جـەیمـز دەیـویس لـە بیرمەندانی ئەم بیردۆزەن. بەگوێرەی ئەم بیردۆزە کوودتـای سالـی ۱۹٦٧ی ئەرتەشی یوونان بە شۆڕش دێتە ئەژمار؛ کەچی دانیشتنی نازییەکان لە سەر جێی کۆماری وایمار لە ۱۹۳۳دا بە شـۆڕش نـازانرێ. ئـەگـەر گواسـتنەوەی دەسـەلات بـە شـێوازی یاسـایی جـێبـەجـێ بکـرێ، بـە شـۆڕش نایـەتـە ئەژمار(کوهن؛ ۱۳۸۷).

جیاوازی سەرەکی نێوان ئەم دوو بۆچوونە ئەوەیە کـە بـیردۆزانی ڕێبـازی «شۆڕشی مەزن» ڕوانگـەیـەکـی پـاوانخوازانـەیـان سـەبـارەت بـە بـەشـە پێکهێنەرەکانی شۆڕش هەیە. بە بڕوای ئەوان تەنیا ژمـارەیـەکـی کـەم لـەو هەلومەرجانەی کە گۆڕانکارییان تێدا دێتە ئەنجام، بە شۆڕش دەزانرێن.

هەندێ لەڕەهەندەکانی شۆڕش بریتین لە:

گۆڕانی بەهاکان: بـە ڕای زۆربـەی کۆمـەلناسـان گـۆڕانی بـەهاکـان بـە گرینگتـرین دیـاردەی شـۆڕش دەزانـرێ. ئـەم تـەوەرە زۆرتـر لـە نێـو ئـەو کۆمەلناسانەی کە بۆچوونی مارکسـیان نییـە، پێـداگری لـە سـەر دەکـرێ. هانتیگتۆن دەلێ: «شۆڕش گۆڕانێکی ناوخۆی خێرا، بنـەڕەتی و پڕلـە تونـدو تیژییە کە بە سەر بەهاکانی کۆمەلگایەکدا دێ» (هانتینگتون؛ ۱۳٧۰).

نویمان شـۆڕش بـە وردی و بـەربـلاوی دەخاتـە بـەر توێژینـەوەو دەلـێ «شۆڕش گۆڕانێکی گشتگیر و بنەڕەتییە لە سیستەمی بەهاکانی کۆمەلگادا» (کوهن؛ ۱۳۸٧).

هانا ئارێنت بڕوای وایە کە : «واتای نوێی شۆڕش لەم بۆچوونە جیاواز نییە کە ڕەوتی مێژوو لەپڕونەکاو لە نوێوە دەست پێدەکا و داسـتانێکی نـوێ کـە قەد نەبێژراوە و نەبیسراوە ئاشکرا دەبێ» (آرنت؛ ۱۳٧۰).

گۆڕانی پیکهاتەیی (structural alteration): گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەلـگا دووەمین ڕەهەندێکە کە بۆ پێناسەی شۆڕش بەکار براوە. نـەریـتی مارکسـی

زۆر لە گەڵ ئەم بۆچوونە ئاوێتەیە. بە بڕوای مارکس، واتای شۆڕش، گـۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایـەتییـە؛ شـۆڕش، گواسـتنەوە لـە خـولێکی مێژوویـی بـۆ خولێکی‌ترە. بە گوێرەی ئـەم بۆچوونـە، شـۆڕش، یـان بـە تـەواوی گـۆڕانی بیچمـی سیسـتەمێـک، کاتێـک روودەدا کـە چینێـک لـە مرۆڤـەکـان بـۆ رزگاربوونیان لە بارودۆخ و هەلومەرجی نالەباریان، هیچ رێگایەک بێجگە لـە شـۆڕش شـک نابـەن. بـە پێـی رێبـازی مـارکس، شـۆڕش بـە سـڕینەوەی دوژمنایەتی چینایەتی و نەمانی بنەو بارگـەی دەوڵـەت دوایـی دێ، چونکـە دەوڵەت بێجگە لە چاودێری بە سەر قازانجی چینی سەرمایەدار کارێک ناکـا (کوهن؛ ۱۳۸۷).

گۆڕانی رێکخراوەکان: رەنگە پێناسەی شۆڕش بە هەندێ بۆچوون لە سەر گۆڕانی رێکخراوەکانەوە بەسترابێ. بۆ وێنە، مۆر زنجـیرەیـەکـی لـە گـۆڕانی کۆمەڵایەتی راناوە کە شۆڕش لە سەریکی ئەم زنجیرەدایە. مۆر، شـۆڕش بـە گۆڕانێک دەزانێ کە پڕ لە توندوتیژی بێ و پاژێکی زۆر لە خەڵکی بە خۆیەوە خەریک کا و ببێتە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵـگادا. جیـاوازی گـۆڕانی دامەزراوەکان لـە گـۆڕانی گشـتی‌تـری پێکهاتـەکـان ئـەوەیـە کـە گـۆڕانی رێکخراوەیی ئاماژە بە هەندێ گـۆڕان لـە رێکخـراوە سیاسـیەکانـدا دەکـات، کەچی مەبەست لە گۆڕانی پێکهاتەیی دەتوانێ گـۆڕانی شـێوازی پێـوەنـدی چینایەتی کۆمەڵگا بێ. گۆڕانی رێکخراوەکان دەتوانێ بریتی بێ لـە هـەمـوو جۆری گۆڕان، وەکوو گۆڕان یان نەمانی پادشایەتی، بنیات‌نران یان داخـرانی پەڕلەمان، یاخۆ گۆڕانێکی سەرەکی لە ئەرکێکی تایبەتی پەڕلەماندا. شۆڕشی رووسیا نموونەی ئاوەها گۆڕانێکە. حکوومەتی پادشایەتی رووسیا (بنەماڵـەی رۆمانۆف) پاش سێسەد ساڵ دەسەڵاتداری لـە رووسـیا، زۆر بـە ئاسـانی لـە ساڵی ۱۹۱۷دا هەڵچنرا(کوهن؛ ۱۳۸۷).

گۆڕانی بژاردەکان (alteration of the elite): یەکێکی‌تر لە رەهەندەکانی

شۆڕش، گۆرانی بژاردەکانە. پێناسەی ئەم تەوەرە باس لە چۆنییەتی چنرانی ڕێبەرانی کۆمەڵگا و ڕادەی گۆڕانی ئەم ڕێبەرایەتییە لە درێژەی ماوەی شۆڕشدا دەکا. لاسوێل، شۆڕش بە گۆڕانی شێوازی چینایەتی بژاردەکان دەزانێ (*lasswel. H. 1936*). لاسوێل بڕوای وایە کە بۆ دیاری کردنی ڕادەی گۆڕانێک، پرسی سەرەکی، لێکدانەوەی ڕابردووی چینایەتی ئەو تاقمەنییە. گرینگترین بابەت ئەوەیە کە بزانرێ ئەو گۆڕانە نوێنەری چ گۆڕانێکە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، دەبێ هاتنە سەر کاری نازییەکان لە ١٩٣٣دا بە شۆڕش بزانرێ.

شۆڕشی پیشەسازی / industrial revolution

پاش دوایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم، مێژوونووسانی ئابووری بەرەبەرە خوویان بە زاراوەی پیشەسازییەوە دەگرت و لە ڕاستیدا مەبەستیان سەرجەمی ئەو داهێنانانە بوو کە لە ماوەی ١٧٦٠-١٨٣٠ لە بریتانیادا هاتبووە دی. بە بڕوای ئەوان، ماشینی بوونی پیشەسازی ڕستن و چنین، سەرکەوتنی تەکنیکی و گەشەی پیشەی پۆلاسازی، بەکار هێنانی مەکینەی هەڵم، دامەزراندنی سیستەمگەلی کارگەیی و پێشکەوتنەکانی تری ئەو سەردەمەبە تەواوی ڕواڵەتی بریتانیای گۆڕابوو. کۆمەڵگایەک کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا هەنووکە ولاتێکی جووتیاری بوو، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ببووە کۆمەڵگایەکی تەواو پیشەسازی (موحسێنی؛ ٢٠٠٦).

دیاری کردنی کاتێکی تایبەت بۆ دەس پێکردن یان دوایی هاتنی پیشەسازی بەرە بەرە کەوتۆتە بەر ڕەخنە. زۆربەی توێژەرانی ئێستا ڕایان وایە کە دیاری کردنی کاتێ (١٨٣٠) بۆ دوایی هاتنی پیشەسازییەک کە هێشتا بەردەوامە، بەجێ نییە. هەندێ‌تر بەڵگە دێننەوە کە دەستنیشان کردنی ساڵی ١٧٦٠ بۆ سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی زۆر دێرە. چونکە

خێراتر بوونی چالاکییە پیشەسازییەکان لە نێوان سەدەی هەژدەوە نەبووە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

نۆلان و لێنێسکی بۆ شۆڕشی پیشەسازی چوار قۆناغ ڕەچاو دەکەن، هەرچەن ئەم خاڵەش لە بەر چاو دەگرن کە مەرج نییە هەموو کۆمەڵگایەک بۆ بوون بە پیشەسازی لەم قۆناغانە تێپەڕێ:

١- قۆناغی یەکەم لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە دەست پێدەکا و نزیک بە یەک سەدساڵ درێژە دەخایەنێ. لە باری جوگرافیاییەوە ئەم قۆناغە دەکەوێتە مەڵبەندی ئەنگلتەرەوە. داهێنانی ئەم قۆناغە، زۆرتر لە بواری پیشەسازی ڕستن و چنین و بەکار گرتنی مەکینەی هەڵمە. هەروەها لە داهێنانەکانی ئەم قۆناغە ئاماژە دەکەن بە سەقامگیر بوونی سیستەمی کارخانەیی. بەر لە شۆڕشی پیشەسازی، کاری چنین و ڕستن، کارێک بوو کە لە نێو بنەماڵەکاندا جێ بەجێ دەکرا. بنەماڵەکان بە دووک و مەکینە سەرەتاییەکان ئەم کارەیان دەکرد و دەیانفرۆشتە بازرگانان. بەڵام پاش داهاتنی تیکنۆلۆجیای نوێ (مەکینەی هەڵمی)، بنەماڵەکان کە زۆربەیان کەم دەس و هەژار بوون، ئەو مەکینە گران و مەزنانەیان پێ دابین نەدەکرا. بۆیە بازرگانەکان دەستیان دا بە کڕینی ئەم مەکینانە و بنیاتنانی کارخانەگەلی مەزن و دامەزراندنی کرێکاران بۆ کاری چنین و ڕستن. ئەمە لە ڕاستیدا بنیاتنرانی سیستەمی کارخانەیی بوو کە دواتر بوو بە زەقترین تایبەتمەندی جڤاکە پیشەسازییەکان. هەروەها پەرەسەندنی پیشەسازی بەرهەمهێنانی کانزا بە تایبەت ئاسن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەشەیە.

٢- قۆناغی دووەم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد. پیشەسازییەکانی ڕستن و چنین، تواندنەوەی ئاسن و خەڵووزی بەرد، لە

گەشەدا بوون. لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا هەموو بوارەکانی ئابووری بریتانیا خەریکی پەرەسەندن بوون. ئەم شۆڕشە لەم قۆناغەدا گەیشتە ولاتانی رۆژاوای ئەورووپا و ئەمریکا.

لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەم قۆناغە، بەکار گرتنی هەڵم بۆ گواستنەوە بوو. لە دەیەی ۱۸۵۰دا زۆربەی شوێنەکانی بریتانیا بە هۆی هێڵی ئاسنەوە پێکەوە بەسترابوون. بەرهەمی ئەم داهێنانە، هەرزانتر بوونی گوژمەی گواستنەوەی کالا و دابەزینی نرخی بەرهەمەکان و زۆرتر بوونی داخوازی خەلکی بوو. هەروەها هێڵی ئاسن بووە هۆی تێکدانی قۆرخکردنە ناوچەییەکان و بەرفراوان کردنی پانتای ململانێیە ئابوورییەکان و دیسان کەمتر کردنی نرخی بەرهەمەکان.

هەروەها لەم قۆناغەدا پیشەسازی لاستیک هاتە دی. هەر لەم قۆناغەدا سامۆئێل موورس و چەن کەسیتر برووسکەیان داهێنا. لە دەیەی ۱۸٦۰دا دینام چێ کرا و داهێنانی دینام دەسپێکێک بوو بۆ داهاتنی پیشەسازی کارەبا. هەروەها لە باری کشتوکالیشدا ئاڵوگۆڕی مەزن هاتەدی. داهێنانی مەکینەی دروونەوە و جووت کردن و خەرمانکوت و هەروەها کوودە دەسکردەکان، شۆڕشێکی مەزنیان لە کشتوکاڵدا هێنایەدی.

لە بەشی رێکخراوەکاندا داهاتنی *دەزگا چەن بەشییەکان بە بەڕیوەبەرانی مووچەبگیرەوە*، بە رووداوێکی گرینگ لە بەشی ئیداریدا دێتە ئەژمار. ئەم گۆڕانە، سەرەتا لە پیشەسازییە نوێکانی هێڵیئاسن و گەمیەوانی و تیلگرافدا هاتەدی کە گەشەیان پێویستی بە دابەش کردنی کرێکاران لە ناوچەگەلی جیاواز و دوور لە یەک بوو. لە ئاوەها بارودۆخێکدا، بنەماڵەکان نەیاندەتوانی هەموو یان بەشی مەزنی کارە بەڕێوەبەرایەتیەکان بگرنە ئەستۆ و ناچار بوون، بەڕێوەبەری پسپۆڕ و شارەزا دامەزرێنن؛ ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ گەشە و پەرەسەندنی بنکەگەلی

پیشەسازی و بازرگانی.

٣-قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو. تایبەتمەندی ئەم قۆناغە، گەشەسەندنی تیکنۆلۆجی لە بواری وزەدا بوو. بناغەی زەقترین و مەزنترین داهێنانەکانی سەدەی بیستەم، لە سەدەی نۆزدەهەمدا دانرابوو؛ بە تایبەت بە هاتنەدی ماتۆڕی ئیحتراقی ناوخۆیی.

یەکێکی‌تر لە زەقترین بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە، داهاتنی پیشەسازی ترۆمبیل بوو. پەرەسەندنی پیشەسازی نەوت، لەم قۆناغەدا زۆر بەرچاو نییە. پیشەسازی تەلەفوون و رادیۆ بە خێرایی خەریکی گەشەسەندن بوو. لەم قۆناغەدا شۆڕشی پیشەسازی گەیشتە ناوچەگەلی‌تر، بۆیە گۆڕانێک لە پۆلێن‌کردنی وڵاتەکاندا هاتە دی. ئەمریکا هەروا پێشڕەو بوو، بەڵام بریتانیا و ئاڵمانیا و فەرانسە، هەرچەن پیشەسازی لە ناویاندا گەشەیەکی ڕێژەیی هەبوو، بەڵام خەریک بوون لە ئەمریکا دەکەوتنە دواوە.

لە قۆناغی سێیەمی شۆڕشی پیشەسازیدا، تیکنۆلۆجیای نوێ لە شەڕەکاندا دەورێکی گرینگی دەگێڕا. تانک(دەبابە) و کەرەسەی‌ماتۆڕی‌تر لە شەڕدا جێی ئەسپیان گرتەوە. لە هەمان کاتدا چەکی کیمیاوی (وەکوو گازە خنکێنەرەکان، چەکە کۆمەڵ‌کوژ و ناوکیەکان) هاتنە دی.

٤-قۆناغی چوارم: نوێترین قۆناغ لە پیشەسازیدا بە ناوی «خولی زانیارییەکان» بەناوبانگە، چونکە دەسڕاگەیشتن بە زانیارییە جۆراوجۆرەکان بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش گۆڕانی بە سەردا هات. ئەم قۆناغە لە دەیەی ١٩٥٠وە بە داهاتنی تەلەفزیۆن دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٩٦٠دا نزیک بە ٨٧ لە سەتی بنەماڵەئەمریکییەکان خاوەنی

یەک یان چەن تەلەفزیۆن بوون. ئەمڕۆکە تەلەفزیۆن لە هەموو جڤاکەکاندا —تەنانەت کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم- وەکوو یەکێک لە کەرەسەپێویست و گرینگەکانی نێو خانووی لێ هاتووە.

تەلەفزیۆن ئەزموونەکانی مرۆڤی بە چەشنێ گۆڕاوە کە وێنەی لە کەمترین داهێنانێکدا دیارە. ئەم کەرەسە وایکردووە کە تەنانەت خەڵکی ئاسایی لە نێو خانووی خۆیاندا دادەنیشن و هەموو رۆژێ لە دوورترین رووداوەکان و شێوە ژیانەکانی دونیا ئاگەدار دەبنەوە. ئەمڕۆکە خەڵکی بە هۆی تەلەفزیۆنەوە دەتوانن لە نێو خانووی خۆیاندا دانیشن و بە خاترجەمی سەیری هەموو چەشنێکی ژیان، رووداو و کارەساتی کونج و قوژبنی دونیا بکەن، دەتوانن بەبێ مەترسی لە ژیانی گیاندارانی دڕندە ئاگەدار بن، لە بنی زەریاکان رۆبچن، لە بەرزاییەکان سەرکەون، تەنانەت سەیری وردترین شتمەکی سەر گۆی مانگ کەن.

بەلام تەلەفزیۆنیش وەکوو سینەما، بە پێچەوانەپیشان دانی رووداوەکان، یان بە راکێشانی سەرنجی خەڵکی بەرەو شێوازێکی تایبەتی ژیان، یان هەڵسوکەوتی نالەبار و نەشیاو، روانگەیەکی ناحەز لە کۆمەڵگا مرۆییەکان دەخاتە روو. توندوتیژی بە هەموو شێوازێکی خۆی، لە نێو تەلەفزیۆندا خۆی پیشان دەدا. تەلەفزیۆن و سینەما، دەسەلاتێکی زۆر لە ژێر رکێفی کەمینەیەکی تایبەتدا دادەنێن و ئەم هەلەیان بۆ دەرەخسێنن کە بەها و باوەڕەکانی خۆیان بە سەر خەڵکی دونیادا داسەپێنن و تەنانەت دەست لە نێو هەڵسوکەوتی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەربدەن و گۆڕانیان بە سەردا بێنن.

کۆمپیۆتەر دووەمین داهێنانی خولی زانیارییەکانە. داهاتنی ئینترنێت، ئاسۆکانی خولی زانیارییەکانی بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش پەرە پێداوە (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

شۆڕشی شین / green revolution

یەکێک لە هۆکانی زۆرتر بوونی بەهەمهێنانی خۆراک، لە چەند دەیەی رابردوودا، هەمان شتێکە کە شۆڕشی شینی پێ دەڵێن. شۆڕشی شین، بەرهەمی داهێنان لە چاکسازی رەچەڵەکی تووی گەنم، برنج و دانەوێڵە و هەروەها شێوازی نوێی کشتوکاڵە. لە سۆنگەی ئەم داهێنانەوە جووتیاران توانییان بەرهەمێکی زۆرتر لە زەوی هەڵبگرن. لە خولی سەرەتاییدا، واتە دەیەی ۱۹۵۰ –کە بە خولی «مۆعجیزەی کشتوکاڵ» بەناوبانگە- ئەم شۆڕشە بە رێگایەک دەزانرا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی برسیەتی لە جیهاندا. پاش دە تا پانزدە پاش ئەم شۆڕشە، گەنم لە ئەندۆنزی دوو بەرانبەر، لە هیندوستان سێ بەرانبەر و لە مکزیکدا بوو بە چوار بەرانبەر (*Brown, L; 1988*). بەڵام شۆڕشی شین ، زیان و خەساریشی لە گەڵدا بوو. ئەم شێوازە پێویستی بە ئاودێرانی بەردەوام، دەرمانی کیمیایی گران بۆ لە ناو بردنی ئافەتەکان بوو. یەکێک لە شێوازە گرینگەکانی هەڵگرتنی بەرهەم، کەڵک وەرگرتن لە مەکینەی کشتوکاڵە. ئەم مەکینانە هەم زۆر گرانن و هەم دەبنە هۆی بێکار کەوتنی کرێکارانی بەشی کشتوکاڵ. لە رووبەری نەتەوەییدا حکوومەتەکان دەبێ بۆ هاتنە ریزی شۆڕشی شین، گوژمەی زۆر دابنێن؛ لە رووبەری ناوچەییشدا بە هۆی ئەم شۆڕشەوە مەزرا بچووک و سەربەخۆوەکان لەناوچوون و جێگای خۆیان دا بە شەریکەگەلی گەورەی بازرگانی. زۆرتر زەویدارانی گەورە دەیانتوانی لە تیکنۆلۆجیای نوێ بەهرەمەند بن؛ لە راستیشدا ئەم شێوازە نوێیە تەنیا بۆ زەویوزارگەلی گەورەبەکەڵکن. لە ئەیالەتی پەنجابی هێندوستاندا شۆڕشی شین بوو بە هۆی زۆرتر کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ؛ بەڵام لە هەمان کاتدا بوو بە هۆی لەناوچوون و نەمانی سەتی پەنجای کارەکان و هەزاران کەسی لە کار بێکار کرد و لە زەوی و زارەکانیان دەرکران. کێشەیەکیتر کە لە سۆنگەی شۆڕشی

شینەوە هاتە دی، دابەزینی نرخی گەنم و زۆرتر قەرزدار کەوتنی ولاتانی جیهانی سێیەم بوو. هەروەها شۆڕشی شین زیانی زۆری بە ژینگە گەیاند. پاش ماوەیەک، ئاودێرانی بەردەوامی زەویەکان بوو بە هۆی کەم بوونی ماکە خۆراکییەکان لە نێو بەرهەمەکاندا و دەرمان و سەمە کیمیاوییەکان بوونە هۆی ئالوودە بوونی ئاو و بەهێزتر کردنی ئافەتەکان لە بەرانبەر دەرمانەکاندا. بە زۆر بوونی خەڵکی ئەو ولاتانەی خەریکی گەشەسەندن بوون، کێشەی بەرهەمهێنان و جێبەجێ کردن گەیشتە قۆناغێکی زۆر ئاستەنگ. زۆربوونی لە رادەبەدەری خەڵک، بوو بە هۆی کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بۆ شوێنە بایێرەکان یاخۆ بۆ نێو جەنگڵ و لێڕەوارەکان، بەم بۆنەوە ناچار بە لە ناوبردن و بڕینی دارستانەکان بوون (*Hendry, P. 1988*). زەوینی ئەم ناوچانە کەمپیت و مایەیە و بە خێرایی دەفەوتێن. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەو شوێنانەی کە بۆ سووتەمەنی و رووناکی پێویستیان بە دارو چێو هەیە، خێراتر لێڕەوارەکانی فەوتاند. لەم شوێنانەدا جووتیاران بە جێی ئەوەی کە لە سەنێر و ریخی ئاژەڵەکانیان بۆ کوودی نێو زەوی و زارەکان بەهرە بگرن، بۆ سووتەمەنی کەڵکیان لێ دەگرن؛ بۆیە خاکی ئەو ناوچانە سفتتر دەبێ و ناتوانێ ئاو لەنێو خۆیدا رابگرێ. لە ئەنجامدا خاک و ئاو تەنانەت بۆ خۆراکی خودی جووتیارانیش نامێنێ و ناچار دەبنە «پەنابەرانی پەراوێز» و بەرەو نزیکترین شارەکان کۆچ دەکەن (*Brown, L; 1988*). لەم سۆنگەوە زەویگەلی کشتوکاڵ کەمتر دەبن و ژمارەی جووتیارانی بێزەوی زۆرتر دەبن. ئەم شێوازە بە تایبەت لە ولاتە ئەفریقیەکاندا بە راشکاوی دیارە. گەشە و پەرەسەندنی شارەکان لەم ولاتانەدا، هەم هۆی لەناوچوونی زەوی و زارەکانە و هەم لەناوچوونی زەوی و زارەکانیش هۆی پەرەسەندنی شارەکانە.

لە شەڕی جیهانی دووەم بە دواوە، زەوی و زارێکی زۆر (نزیک بە پانتای ولاتانی هیندوستان و چین) هێزی بەرهەمهێنانی خۆیان لە دەست دا و

ئیتر قەد بەرهەمێکی وایان نەهێنا (*World Resources,1992-3*). بەپیشەسازی بوونی وڵاتانی ژاپۆن ، تایوان و کووریای باکوور بوو بە هۆی ئەوەی کە کەمتر شتمەکی خۆراکی بێننە بەرهەم و ناچار لە وڵاتانیترەوە ئەم پێداویستییانە دابین بکەن. کەچی وڵاتانی ئەفریقی و ئەمریکای لاتین وانین. لەم وڵاتانەدا هەم پیشەسازی گەشەی نەسەندووە و هەم بە هۆی کەم بوونی هێزی زەوی و زارەکان و باهێز بوونیان، برسیەتی و هەژاری ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر بەربینگی دانیشتوانی دەگرێ.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی / social revolution

کۆمەڵناسان شۆڕش بە دیاردەیەک سەرتر لە بزاڤگەلی کۆمەڵایەتی ئاشکرا و دیار دەزانن. تێدا ئێسکاکپۆل شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی خێراو بنەمایی سیستەمی سیاسی، پیکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگا و ئایدیۆلۆژی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگادا پێناسە دەکات. بە پێچەوانەی چاڕلز تیلی کە دەیگوت شۆڕشەکان دەتوانن زانایانە و بە قەستی بن، ئێسکاکپۆل بڕوای وایە کە شۆڕشەکان بە دەگمەن بەرنامەیان بۆ دادەڕێژرێ و چاوەڕوان دەکرێن. بە واتایەکیتر بەرنامەی شۆڕشەکان لە چاوپێکەوتنەنهێنییەکاندا گەڵاڵە ناکرێن و لە لایەن ئەندامانی ناوەندی شۆڕشەوە ڕەچاو ناکرێن. بە پێچەوانە، کاتێ قەیرانە نێونەتەوەییەکان دەبنە هۆی زۆرتر کردنی ناکۆکی ناوخۆی نەتەوەیەک، شۆڕشەکان بۆ خۆیان دێنە دی. ئەم ڕوانگەی سکاکپۆلە، ڕوانگەیەکی پێکهاتەخوازانەیە (اسکاکپول؛١٣٧٦).

شرۆڤەکەی سکاکپۆل، زۆرتر پێداگری لە سەر دەوری پێکهاتەگەلی ئاشکرای جووتیاری و بژاردەیی، وەکوو هۆکاری خێرایبدەر و ئاسانکەری شۆڕش دەکا. بەڵام سکاکپۆل دەیەوێ بگاتە بیردۆزێکی گشتگیرتر. شرۆڤەکەی خۆی بە ئاماژە بەم خاڵە دەس پێدەکا کە شۆڕشە

کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە نێو کۆمەڵـگاگەلی «جووتیـاری- بۆرۆکراتیـک»دا دێنە دی. ئەم جڤاکانە، بۆرۆکراسییەکی نیوە ناوەندییان هەیە. داهاتیـان لـە لایەن زەویدارە بەدەسەڵاتە ناوچەیـەکانەوە دابین دەکرێ. ئەم جڤاکانە سـێ خاڵی لاوازیان هەیە: یەکەم، بۆی هەیە حکوومەتی بۆرۆکراتیکی ناوەنـدی و زەویدارەکان بە بۆنەی دابەش کردنی داهاتی زیـادەوە، نـاکۆکی لـە ناویانـدا بێتــە دی؛ دووەم، جــەمــاوەری زۆری جووتیــار و ســەپــان دەتــوانن ببنــە سەرچاوەی نارەزایەتی و دژایــەتی؛ سێیەم، چونکـە زیـادەی داهاتێـک کـە پشتگیری لە بۆرۆکراسی و زەویدارەکان دەکـات، بــەرهــەمــی کشــتوکاڵــی سونـەتییە، گەر گوشارێکی دەرەوەیی (وەکـوو شـەڕ یـان هێرشـی ئـابووری بازاڕەکانی دەرەوە بۆ نێو بازاڕەکانی ناوخۆ) مەترسی هەڵلووشـین یـان کـەم کردنەوەی داهاتەکان بێنێتە دی، بە ئاسانی قەرەوی ناکرێتـەوە (اسـکاکپول؛ ١٣٧٦).

هەر بەو جۆرەی کە سکاکپۆل ئاماژە دەکا، ئەم خاڵە لاوازانــە لــە هــەمــوو کۆمەڵگا جووتیاریـەکاندا دیارن؛ بەڵام هەموو ئـەم جڤـاکانەتووشـی شـۆڕش نابن. بەم بۆنەوە سکاکپۆل لە نیـوەی یـەکـەمـی کتێبـەکـەیدا بـە وردی و شارەزایانە ئەم بابەتـە دەخاتــە بــەر وردبوونــەوە و لێکدانــەوە کــە بــۆچی لــە فەرانسە و رووسیا و چیندا شۆڕشی کۆمەڵایەتی هاتە دی، کەچی لە پرووس و ژاپۆن و بریتانیادا لە خولی هاوچەشندا، هیچ شۆڕشێک نابینین.

وەڵامی سکاکپۆل ئەوەیە کە هۆکارگەلێکی پێکهاتەیـی دیـار و ئاشـکرا – واتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جووتیاری و پێکهاتەی بژاردەکان- دەبێتە هـۆی ناتەبایی زۆرتری نێوان بۆرۆکراسی و چینی زەویدار و خێرایـی دەبـەخشـێتە شۆڕشەکان. بەم پێیە، جیاوازی نێوان پێکهاتەی وڵاتانی فەرانسە، رووسـیا و چین لە لایەکەوە و رووس و ژاپۆن و بریتانیا لە لایـەکـیتـرەوە –هـەروەهـا جیاوازی نێوان گوشارە نێو نەتەوەییەکان- بۆمانی روون دەکەنەوە کە بـۆچی

لە وڵاتانی دەستەی یەکەمدا شۆڕشگەلێکی سەرکەوتوو هاتنە دی، بەڵام لە وڵاتانی دەستەی دووەمدا نە.

بەڕای سکاکپۆل توندی شۆڕشە جووتیارییەکان بە ڕادەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی جڤاکە جووتیارییەکان بەستراوە. بۆ نموونە، جووتیارانی فەرانسە و رووسیا لە گوندگەلێکدا بوون کە تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون و پێکهاتەی رامیاری سەرنجڕاکێشیان بوو. ئەم هەل و مەرجە پایەگایەکی بۆ شۆڕشی ڕێکخراو و هاودەنگی جووتیاران دژ بە ئاغەواتەکان، هێنایە دی. بەپێچەوانەی ئەوان، جوتیارانی پرووس و بریتانیا لە سەدەی حەڤدەهەمدا، لێک دابڕاو و لە ژێر چاودێری زۆر توندوتیژی زەویدارەکاندا بوون و هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی سیاسیان نەبوو. ئەم هەلومەرجە تا ڕادەیەکی بەرچاو، ئاکامی یەکەمین قۆناغی بواری ئەم کۆمەلگایانە بوو بۆ کشتو کاڵی سەرمایەداری، کە بە تێکشکانی کۆمەلگاگەلی سونەتی جووتیاری و ئاغا و ڕەعیەتی، بوو بە هۆی هاتنە دی هێزی کاری کشتو کاڵ کە زۆر لە ژێر چاودێریدا بوو. بۆیە لە شۆڕشی ١٨٤٨ی پرووس و شەڕی ناوخۆی بریتانیادا، لە چاو شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرانسە و ١٩١٧ی رووسیادا کاریگەرییان بە سەر دەوڵەتدا نەبوو.

دووەم، ڕادەی ناکۆکی نێوان حکوومەتی پادشایەتی و چینی زەویدار، بەوەبەستراوە کە ئەم چینە (چینی زەویدار) تا چ ڕادەیەک لە نێو سیستەمی بۆرۆکراتیکدا خاوەن را و دەسەڵاتە و تا چ ڕادەیەک کۆسپ و تەگەرەکانی سیستەمی بۆرۆکراتیکی لە کۆنترۆڵدایە. بۆ نموونە سیستەمی پادشایەتی چین، زۆربەی کارمەندانی ئیداری خۆی لە نێو زەویدارەکاندا هەڵدەبژارد. سیستەمی ئیداری فەرانسە هەرچەن لە چین و توێژگەلی جۆراوجۆر پێک هاتبوو، بەڵام ئەو پەرلەمانانەی لە ژێر دەسەلاتی خانەداناندا بوون و بۆ بەرەنگاری لە گەڵ فەرمانەکانی پادشا دامەزرابوون، وەک خۆیان مانەوە. لە

هەر دووی ئەم حکوومەتانەدا هاوکاری چینی زەویدار بۆ کاری حکوومەتی ناوەندی، بایەخێکی ئەوتۆی هەبوو. لەم سۆنگەوە کاتێ نێوان پادشا و چینی زەویدار تێکچوو و ناکۆکی هاتە کایەوە، چینە زەویدارەکان توانییان حکوومەت لە کاربخەن و ڕێگا بۆ شۆڕشێکی تەواو عەیاری گشتگیر خۆش بکەن. لە لایەکی‌ترەوە حکوومەتە ناوەندییەکانی چین و ژاپۆن، زۆر سەربەخۆتر لەوە بوون کە نارەزایەتی و ناتەبایی زەویدارە ناوچەییەکان بتوانن بیانڕووخێنن. بەم بۆنەوە ناتەبایی نێوان حکوومەتی ناوەندی و چینی زەویدار-هەرچەن بوو بە هۆی چاکسازی پێوەندییەکانیان- نەیتوانی دەسەڵاتی بۆرۆکراتیکی ناوەندی تێک بدات.

سێیەم، ڕەنگە گوشارە نێو نەتەوەییەکان بە گوێرەی جیاوازییەک کە وڵاتانی دژ بە یەک لە باری پێشکەوتوویی ئابووری و دەسەڵاتی سەربازییەوە هەیانە، جیاواز بێ. لەم بارەوە رووسیا نموونەیەکی تەواوە. رووسیا هەم لە باری ئابووری و هەم سەربازیوە زۆر دواکەوتووتر لە ئیمپراتۆری ئاڵمانیا بوو، بۆیە حکوومەتی تێزار نەیتوانی بۆ بەرەنگاری لە گەڵ هێرشی ئاڵمانیەکاندا، سەرچاوەگەلی پێویستی سەربازی و ئابووری دابین بکات. تێکشکانی یەک بە دوای یەکی تێزار، ڕێکخراوی و لێهاتوویی سوپای رووسیای بە تەواوی تێکدا. کاتێ جووتیاران لە بەرانبەر زوڵم و ئەستەمی تێزار و ئابوورییەکی شەڕلێدراووەوە کە لە کاتی ئاشتی و هێمنیشدا بە ئەستەم دەیتوانێ گوژمەکانی خۆی دابین بکات، زەوییەکانیان داگیر کرد، تێزار نەیتوانی بەرەنگاریان بێ. بە پێچەوانەی رووسیا، پرووس لە شۆڕشی ١٨٤٨دا گوشارێکی دەرەکی کەمتری لە سەردا بوو، ئەرتەشیش لە سەر جێی خۆی نەجووڵابوو؛ بۆیە پادشا توانی بۆ سەرکوت کردنی ئاژاوەی نێو شار کەڵکی لێ بگرێ و ئاژاوەکە بخەوێنێ (اسکاکپول؛ ١٣٧٦).

سکاکپۆل لە بەشەکانی‌تردا لە شرۆڤەو بەراوردی شۆڕشەکانی رووسیا،

چین و فەرانسە، دەستی دا بە روون کردنەوەی ئەو هۆکارانەی بە سەر ناکامی شۆڕشەکۆمەلایەتییەکاندا کاریگەر بوون. هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە هۆکارە رامیاری، ئابووری و گوشارە نێو نەتەوەییەکان.

شەڕ (جەنگ) / war

لە کۆمەڵناسیدا شەڕ لە سێ رەهەنددا پێناسە دەکرێ:

١) رەنگە جەنگ بریتی بێ لە بارودۆخێک کە لە باری کۆمەلایەتییەوە بە رەسمی زانراوە و لەم بارو دۆخەدا شەڕی چەکدارانە لە پانتایەکی بەرفراوان و بەردەوام لە نێوان دوو یان چەند ولات، دەوڵەت و حکوومەتدا لە گەڕایە.

٢) رەنگە یاسای ولاتێک دەستنیشانی کردبێ کە جەنگ بریتیە لە بارو دۆخی کێشەی چەکدارانە لە نێوان ئەو دەوڵەتە و دەوڵەتێکیتر یاخۆ لە نێوان دوو دەوڵەت یان بەرەسیاسییەکاندا. ئەم هەلومەرجە لە لایەن دەزگایەکەوە کە بە هۆی یاسای ولاتێکەوە ئەم ئیزنەی پێ دراوە، بە ناوی جەنگ رادەگەیندرێ.

٣) لە یاسای نێونەتەوەیی هاوچەرخدا شەڕ بریتیە لە ململانێیەکی چەکدارانە لە نێوان دوو یان چەن ولات کە هەر یەکەیان خۆی بە حاکمی رەوای نەتەوەیی دەزانێ. ئەم ولاتانە لە چوارچێوەی ئەم ململانێیەدا لە ئاست ولاتانیتر لە باری یاساییەوە یەکسانن.

جەنگ، زۆرتر بریتیە لە ململانێی چەکدارانەی نێوان ولاتەکان؛ هەرچەند لەم بابەتانەی خوارەوەش بەکار دەبرێ: ١) بە چەشنی مەجازی بریتیە لە هەر کێشە و ناکۆکییەک کە لە ناودا بێ؛ وەکوو: شەڕە قسە، جەنگی نێوان زانست و دین، جەنگی پیشەسازی، شەڕی ژن و پیاو، شەڕی دژ بە نەخۆشی. ٢) کێشە و ناکۆکی نێوان بەرە سیاسیەکانی نێو ولاتێک (شەڕی ناوخۆ). ٣) دژایەتی کوشندە لە نێوان هەر جۆرە سیستەمێکی پراکتیسی کە

زۆر لێک بچن؛ وەکوو هۆزە سەرەتاییەکان، تاکەکان یا تەنانەت ئاژەڵانیش.

٤) دژایەتییە نێو نەتەنەوەییەکان کە نەگاتە جەنگی چەکدارانە و پای هێزە چەکداراەکانی تێدا نەکرێتەوە، وەکوو جەنگی ئابووری، جەنگی دەروونی، جەنگی ئایدیۆلۆجیک و شەڕی سارد.

بەڵام هەروەک ئاماژەی پێکرا، زاراوەی شەڕ لە زەقترین واتای خۆیدا بریتیە لە دژایەتییەک بە پانتایەکی بەربڵاو کە بە هۆی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکەوە لە مەودایەکی دیاردا لە گەڕدابێ. وەکوو شەڕی رووسیا و ژاپۆن، ئێران و عەراق. بەم واتایە جەنگ زنجیرە پێکدادان و کێشەی بەردەوامە لە نێوان لایەنە ناتەباکاندا. هەرچەند هەندێ جار بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان دوو لایەنی شەڕدا ئاگربەس دەکرێ، هەروەک ئەو شتەی سەبارەت بە «شەڕگەلی سەدساڵە» و «شەڕگەلی سی ساڵە» هاتە ئاراوە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

شەریکەی بەشکۆ/ corporation

شەریکەیبەشکۆ جۆرێک دامەزراوەی فەرمی ئابوورییە؛ بنەمایەکی یاسایی ناسراوە کە خاوەنی مافی خاوەنێتییە و دەتوانێ گرێبەستی ئابووری ببەستێ و لەژێر ناوی دامەزراوە-نەک تاک- خەریکی مامەڵەی ئابووری بێ. بەگوێرەی یاسا، بوون و بەرپرسایەتی شەریکەی بەشکو، جیاوازە لە بەڕێوەبەران و خاوەنانی شەریکە. هەر تاقمێک لەو تاکانەی کە بتوانن فۆرمی پێویست بۆ دامەزراندنی شەریکە ئیمزا بکەن و لە لایەن ناوەندە بەرپرسەکانەوە تۆماری بکەن، دەتوانن شەریکەیەکی بەشکۆ دابمەزرێنن. رێکخراوێکی ئاینی، دەزگایەکی چاکەکاری، یا قوتابخانەیەک، دەتوانێ شەریکەی بەشکۆ بێ؛ بەڵام زۆرتر ئەم واتایە بۆ بنکەیەکی بازرگانی و ئابووری تایبەت بەکار دەبەن.

شەریکەی بەشکۆ لە هەندێ ڕەهەند و لایەنەوە لە گەڵ جۆرەکانی تری شەریکە بازرگانییەکان جیاوازی هەیە. بە گوێرەی یاسا، شەریکەی بەشکۆ وەکوو کەسایەتییەکی دەسکرد و چێ کراوە (*Dan-Cohen, M; 1986*). شەریکەی بەشکۆ وەکوو تاکێکی ئاسایی دەتوانێ خاوەنی سامان بێ، گرێبەست ئیمزا بکات، لە تاک یا شەریکەکانی‌تر شکایەت بکات یا بخرێتە بەر لێپرسینەوە. چونکە بەپێی یاسا، شەریکەی بەشکۆ کەسایەتییەکی یاسایە، ئەو تاکانەی کە تێیدا کار دەکەن، ناکرێ لە باری یاساییەوە بۆ هەڵەکانی شەریکە بخرێنەبەر لێپرسینەوە. بۆ وێنە گەر تورمۆزی ترۆمبیلەکەتان خراپ کار بکات و ببێتە هۆی زیان و خەسار گەیاندن بە ئێوە، ئێوە دەتوانن لەو شەریکەیە کە ئەو ترۆمبیلەی بەرهەم هێناوە شکایەت بکەن، بەڵام ناتوانن لە بەڕێوەبەر، یاخۆ ئەو کرێکار یا ئەندازیارەی کە بەرپرسی چێ‌کردنی تورمۆزەکەتان بووە شکایەت بکەن. هەروەها گەر پێش ئەوەی ئێوە تووشی زیان بن، ئەو شەریکەیە ئاش‌بەتاڵ کا، ئێوە ناتوانن لە کەس شکایەت بکەن، چونکە ئەو شەریکە کە بەرپرسی چێ‌کردنی ترۆمبیلەکەتان بووە، نەماوە تا شکایەتی لێ بکەن.

جیاوازی‌تری شەریکەی بەشکۆ لە گەڵ شەریکەبازرگانییەکانی‌تر لەمەدایە کە شەریکەی بەشکۆ دەتوانێ بەشێک لە سامانەکەی وەکوو «بەش» لە بازاڕی بوورسدا بفرۆشێ. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەریکە بەشکۆکان لە چاو شەریکەکانی‌تر ببنە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆرتر؛ واتە لەم بارەوە لەگەڵ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایەداری کە کۆوەکردنی سەرمایەی پارەییە سازگارە (مندل؛ ۱۹۹۱).

جیاوازییەکی‌تر بریتییە لە جیاکردنەوەی خاوەنێتی (مالکیت) لە بەڕێوەبەرایەتی (مدیریت) (مندل؛ ۱۹۹۱). ڕەنگە تاک یا بنەماڵەیەک کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانی شەریکەیەکی بەشکۆی لەژێر ڕکێفدا بێ، بەڵام

خاوەنانی شەریکە بەشکۆوە گەورەکان سەدان و رەنگە هەزاران بەشدار بن. خاوەنێتی ئەم شەریکانە لە مامەڵەکانی بازاڕی بوورسدا دەگۆڕێن و هەر رۆژ کەسێک دەبێتە خاوەنیان. هەندێ لەم خاوەنانە، تاکەکان نین، بەڵکوو ئەوانیش شەریکەن. بە پێچەوانەی شەریکە تایبەتەکان، خاوەنانی شەریکەکانی بەشکۆ هیچ کۆنترۆڵێکیان بە سەر کارو کردەی شەریکەدا نییە.

شەریکە فرەنەتەوەییەکان/ multinational corporation

ئەم زاراوە بەو بنکە بازرگانیانە ئاماژە دەکات کە ئەمڕۆکە لە پتر لە یەک وڵاتدا خەریکی کارن. هەرچەن ئەم واتا بەربلاوە دەتوانێ بازرگانانی خولی مێرکانتالیستیش بگرێتەوە کە لە قۆناغی سەرەتای کۆلۆنیالیزمی ئەورووپادا خەریکی چالاکی بوون. ئەم زاراوە تا پاش شەڕی دووەمی جیهانی کەڵکی لێوەرنەدەگیرا. هەروەها ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە دیاردەی قۆرخی سەرمایەداری نوێ کە دەبێتە هۆی نێونەتەوەیی بوونی سەرمایەی پیشەسازی (ویکس؛ ١٩٩١).

لە روانگەی هزری مارکسیەوە، هۆی نێونەتەوەیی بوونی سەرمایەی پیشەسازی لە گەشە و تەکامولی خودی سەرمایەداریدایە. بە گشتی ئەمڕۆکە شەریکە فرەنەتەوەییەکان ئەکتەری سەرەکی سیستەمی ئابووری جیهانین. ئەمانە بریتین لەو شەریکانە کە مەکۆی ئابوورییان (ناوەندگەلی بڕیاردان، دارایی و سامانەکان) لە یەک وڵاتدا نییە، بەڵکوو لە چەن وڵاتی جۆراوجۆردا بلاوبوونەتەوە (بارنت و میلر؛ ١٩٧٥). ئەم شەریکانە سەرچاوە سروشتییەکان، دەسکەوتە تیکنۆلۆجیەکان و هێزە مرۆییەکان لە کونج و قوژبنی دونیاوە دەبیننەوە و کۆیان دەکەنەوە و لە یەکەیەکی بەرهەمهێناندا رێکیان دەخەن. بۆ وێنە شەریکەی فرەنەتەوەیی هارڤێستێر (harvester)

خاوەنی کارخانەیەکی ترۆمبیل‌سازیە لە تورکیادا کە کەرتەکانی لە ئەمریکا و ماتۆرەکەی لە ئالمانیا چێ‌دەکرێ. شەریکەی‌ترۆمبیل‌سازەکانی تۆیۆتا و هیۆندای کارخانەکانی لە ئەمریکادایە کە بەرهەمەکانیان بۆ فرۆتن بۆ ژاپۆن دەنێرن. نزیک بە ٧٠% تەلەفزیۆنەکانی ژاپۆن لە ولاتانی‌تردا چێ‌دەکرێن (نیویورک تایمز، ٢٩ آگوست ١٩٩٣). یەکەمین شەریکەگەلی فرەنەتەوەیی مۆدێرن، لە ئەمریکادا سەریان هەلدا. ئەم شەریکانە بۆ ئەوەی کە بتوانن بە برێکی کەمتر بەرهەمەکانیان چێ بکەن و بیاننێرنە نێو بازارەوە، بەشێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی خۆیان بۆ ولاتانی‌تر بە تایبەت ولاتانی ئاسیا و ئەفریقا نارد؛ ولاتانی‌تریش لەم شێوازە پێرەوییان کرد.

ئەم شەریکانە بە کۆنترۆلی بازار، هان دەدەن تا خۆیان لە بازاری رکەبەرێ لە سەر نرخی کالاکان بپارێزن. ئەوان ماکە سەرەکییەکان لەو سەرچاوانەی کە لەژێر رکێفیاندان دەکرن و بەرهەمەکانیان لەو بازارانەی کە لەژێر دەسەلاتیاندان، دەفرۆشن. بە سەرنج دان بەوەی کە ئەم شەریکانە لەولاتانی جۆراوجۆردا پێگەی زۆریان هەیە، بۆ دەرباز بوون لە پیتاک و رەسم و یاسا دەستوپێ‌گیرەکان و هەروەها کێشەی یەکیەتی کرێکاران، دەتوانن سەرمایە و چالاکییەکانی خۆیان لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی‌تر بگوازنەوە. گەورەیی و نزیکی بە سەرچاوە جیهانیەکان، ئەم هەلەی بۆ ئەم شەریکانە رەخساندووە کە بە ویستی خۆیان لە گەل بازاری نرخی پارە و بەرهەمەکانیان یاری بکەن. هەروەها ئەم شەریکانە کاریگەریەکی زۆریان بە سەر سیاسەتە ناوچەییەکان -بە تایبەت لە ولاتانی جیهانی سێیەم یا ئەو ولاتانەی کە پێویستی زۆریان بە سەرمایەدانانی دەرەکی هەیە- هەیە.

بەگشتی، شەریکە فرەنەتەوەییە گەورەکان گوێرایەلی هیچ ولاتێک نین و بۆ خۆیان وەکوو دەولەتێکی سەربەخۆ دەبزوێنەوە. ئەوان بۆ خۆیان لە ولاتانی جۆراوجۆردا نوێنەر و بالوێزیان هەیە و وەکوو حکوومەتێکی

سەربەخۆ، بۆ خۆیان دامودەزگای شۆفاری و کۆوەکردنی زانیارییان هەیە.

گیدنز دەڵێ هەرچەند باج و پیتاکی شەریکە فرەنەتەوەییەکان کانێکی پڕبایەخی ئەرزی دەرەکی دێتە ئەژمار و ئەم شەریکانە هەلی کار بە مووچەی زۆرتر لەو شتەی کە لە نێو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا باوە بۆ خەڵکەکە دەڕەخسێنن، بەڵام بە گشتی ئاکامی چالاکی ئەم شەریکانە بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم نیگەتیفە. هەرچەند زۆربەی کرێکاران بۆ کار روو لەم شەریکانە دەنێن، شێوازە سونەتییەکانی بەرهەمهێنان دەخرێنە پشت و گوێ و ئاوڕیان لێ نادرێتەوە. بەم جۆرە گەر ئەم شەریکانە بیانەوێ لە شوێنێکیتردا سەرمایەدابنێن و کارەکەییان درێژە پێبدەن، خەڵکەکە تووشی زیان و قەیران دێن. لە راستیدا ئەم شەریکانە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە دیل دەگرن. هەروەها بژاردەکانی ئەو وڵاتانە بە هۆی پێوەندی لە گەڵ شەریکە فرەنەتەوەییەکان، سامانێکی زۆر کۆوە دەکەن و بەم جۆرە مەودای نێوان ئەمان و خەڵکی کرێکار و جووتیار زۆرتر دەبێتەوە (گیدنز؛ ١٣٨٦).

پێرلمۆتێر، شەریکە فرەنەتەوەییەکان بە سێ دەستە دابەش دەکات کە بریتین لە:

١- فرەنەتەوەییە هۆزناوەندییەکان (*ethnocentric*): بەرنامەی کاری ئەم شەریکانە بە هۆی ئیدارەیەکی ناوەندییەوە کە لە وڵاتی سەرەکیدایە دابین دەکرێ و تا ئەو جێگای کە بۆیان دەلوێ جێبەجێی دەکەن. ئەو شەریکە و کارخانانە کە شەریکەی سەرەکی یان شەریکەی دایک خاوەنیانە، لە راستیدا درێژەی کولتووری شەریکە سەرەکییەکانن. رەوتی کاری ئەم شەریکانە لە هەموو جیهاندا یەکسانە.

٢- فرەنەتەوەییە چەن ناوەندییەکان(*polycentric*): ئەم شەریکانە، لقەکانی خۆیان (شەریکە و کارخانەکانیان) راستەوخۆ لە وڵاتی سەرەکییەوە ئیدارە ناکەن. شەریکە و رێکخراوەکانیان لە وڵاتانیتردا بە هۆی شەریکە

ناوچەییەکانەوە ئیدارە دەبن. ئیدارە ناوەندییەکان لە ولات یا ولاتە سەرەکیەکانی شەریکەدا تەنیا رێنومایی گشتی ئاراستە دەکەن و شەریکە ناوچەییەکان لە نێو چوارچێوەی ئەو دەستوورانەدا کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن.

٣- فرەنەتەوەییە جیهان‌ناوەندییەکان (*geocentric*): پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی ئەم شەریکانە نێونەتەوەییە. سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی ئەم شەریکانە بە گوێرەی سیستەمی جیهانی تێکەڵ بووە و بەڕێوەبەرە بالادەستەکان توانی هات‌وچۆی زۆرتریان هەیە و بە گوێرەی نیازەکان لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی‌تر دەگوازرێنەوە (پرلموتر؛ ١٩٧٢).

بە گوتەی پێرلمۆتێر زۆربەی شەریکە فرەنەتەوەییەکانی ئێستا چەندناوەندین، بەلام بزاڤێکی بە هێز بەرەو جیهان‌ناوەندیان رادەکێشێ.

ئانتۆنی گیدنز هۆی گەشەی ئەم شەریکانە بەم جۆرە باس دەکات: ئەنگێزە و هۆی بەدیهاتنی ئەم شەریکانە مامەڵە و بەدەست هێنانی قازانجی زۆرترە، کەواتە زۆر ئاشکرایە کە بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زۆرتر و سەرمایەدانانی پڕبەهرەتر، بتۆژنەوە. هەروەها هان دەدەن لە هێزی کاری هەرزان کە لەژێر چاودێری یەکیەتی کرێکاراندا نەبن، کەڵکی زۆرتر وەربگرن. لقی ئەم شەریکانە لە ولاتانی‌تردا ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لە کان و سەرچاوەکانی ولاتانی‌تریش کەڵک وەربگرن. ئەم شەریکانە چونکە خاوەنی لقی جۆراوجۆر لە نێو بازاڕەکانی‌تردان، هەندێ جار دەتوانن بە دابەش کردنی قازانجەکانیان لە نێوان لقەکانیاندا خۆیان لە دانی باج و پیتاک بپارێزن. ئەم شەریکانە دەتوانن مامەڵەی زۆر و جۆربەجۆر لە نێو لقەکانیاندا ئەنجام بدەن. ئەم شەریکانە بە یەکپارچە کردنی کارخانە و شەریکەکانیان لە چەن ولاتی جۆراوجۆردا، دەتوانن خۆیان لە بەندیواربوون بە شەریکەکانی‌تر بۆ دابین کردنی ماکە سەرەکییەکان، بپارێزن و شەریکەی

ناوەندی یا دایک، دەتوانێ بۆ خۆی نرخی کالا و خزمەتگوزارییەکان دیاری بکات (گیدنز؛ ١٣٨٦)

گۆڤاری fortune بەهێزترین شەریکەگەلی فرەنەتەوەیی لە سالی ١٩٩٣دا بەم چەشنە ناو لێدەبا:

١- شەریکەی جێنێڕال ماتۆرز: لە سالی ١٩٩٢دا فرۆتنی کالاکانی ئەم شەریکەیە پتر لە ١٣٢ بیلیۆن دۆلار بوو. بایەخی داراییەکانی ئەم شەریکەیە ١٩١ بیلیۆن دۆلارە و ژمارەی کرێکاران و کارمەندەکانی لە سەرانسەری جیهاندا زۆرتر لە ٧٥٠.٠٠٠ کەس بووە.

٢- شەریکەی نەوتی شێل: لە سالی ١٩٩٢دا فرۆشی ئەم شەریکە بریتانی-ئەمریکییە پتر لە ٩٩ بیلیۆن دۆلار بووە. بایەخی داراییەکانی دەگاتە ١٠٠ بیلیۆن دۆلار و ژمارەی کرێکاران و کارمەندەکانی لە هەموو جیهاندا زۆرتر لە ١٠٨.١٦٧ کەس بووە.

٣- شەریکەی ترۆمبیل‌سازی بێنز: سالی ١٩٩٢ فرۆشی ئەم شەریکە زۆرتر لە ٦٣ بیلیۆن دۆلار بووە. بایەخی داراییەکانی دەگاتە ٥٣ بیلیۆن دۆلار و ژمارەی کرێکاران و کارمەندەکانی لە هەموو جیهاندا دەگاتە ٣٧٦٠٠٠ کەس (*fortune, july 26, 1993: 191*).

شەیدایی/ craze : بڕوانە: **رەفتاری بەکۆمەڵ**

شێوازەکانی کۆڵینەوە/ research methods

شێوازەکانی کۆڵینەوە بریتیە لە هەندێ تەکنیکی جۆراوجۆر کە کۆمەڵناسان و تۆژەرانی‌تر بۆ گەیشتن بە وەلامەکانی خۆیان لە رێی کۆوە کردنی داتا و لێکدانەوەو شرۆڤەی ئەو زانیاریانەوە، بەکاریان دەبەن. ئەنجامی ئەم تۆژینەوانە ئەم هەلە بۆ لێکۆڵەرانی‌تر دەڕەخسێنێ کە

جارێکی‌تر ئەم بابەتە تاقی بکەنەوە.

ئێمە ئەگەریش بە نیاز نەبین سەبارەت بە بابەتێک بکۆڵینەوە، دیسان پێویستمان بە لانی‌کەمی زانستی شێوازەکانی توێژینەوە هەیە. چونکە لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا دەژین. واتای تەقینەوەی زانیاری باس لە گەشەی رۆژ بە رۆژی ئەو زانیارییانە دەکات کە بە هۆی کۆمپیوتەر و پەرەسەندنی تیکنۆلۆجیای زانیارییەکان و میدیا گشتییەکانەوە لە بەر دەستمان دایە. توێژەران دەبێ بۆ کەڵک‌وەرگرتن و لێکدانەوەی داتاکان، سەرنجی زۆر بدەن و بە وردی ئەم کارە جێبەجێ بکەن. هەرچەند داتاکان لە باری چەندایەتییەوە ئێجگار زۆرن، بەلام توێژەر دەبێ سەرنجی زۆرتر بداتە چۆنییەتی داتاکان. داتاکان بە هۆی بیستن، خوێندن و دیتنی کەسانی‌ترەوە کۆوە دەکرێن. بەم بۆنەوە ئێمە قەد ناتوانین لە راست و دروست بوونیان دڵنیا بین. تێرزاڵ بیکێر، لە شێوازەکانی کۆڵینەوەی هزری لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا، ئاماژە دەکات کە مەرج نییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی گونجاوتر، کۆمەڵەیەکی ئاماری بەربلاومان بێ. بە پێچەوانە، بەرفراوان بوونی کۆمەڵەی ئاماری و داتاکان، زۆر جار دەبنە هۆی ئالۆزی و سەرلێ شێوانی توێژەر (بیکر؛ ١٣٨٧). گەر توێژەر بە جێی بایەخ دان بە چەندایەتی و ژمارەی داتاکان، زۆرتر خێ بداتە چۆنییەتی داتاکان، دەتوانێ ئەنجام و ئاکامی توێژینەوەکەی بە باشترین و وردبینانەترین جۆر بە دەست بێنێ.

fascism /فاشیزم

ئەم زاراوە لە وشەی ئیتالی fascimo وەرگیراوە کە باس لە بنەماکانی فاشیزم دەکات (بزاڤێک کە لە مارسی ١٩١٩ سەری هەڵدا و بە ڕێبەرایەتی موسولینی لە ئۆکتۆبری ١٩٢٢دا کۆنترۆڵی حکوومەتی بەدەستەوە گرت). بناوانی ئەم زاراوەیە، وشەی fascis (فاشیس)ی یوونانییە کە بریتی بوو لە دەستەچیلەیەک لە داری نارەوەن کە بە پەتی سوور دەبەستران و لە ڕۆمی کەونارادا نوێنەرانی دادوەرانی ڕۆم، بە نیشانەی مافی دادوەر لە ناچار کردنی خەڵک بۆ گوێڕایەڵی لە بەرانبەر یاسا لە گەڵ خۆیان هەڵیاندەگرت.

فاشیزم هەم بە مانای بزاڤێکی ڕامیارییە و هەمیش بیردۆزێکە بۆ پاکانەی ئاوەها بزاڤێک. ئامانجی ئەم بزاڤە بریتییە لە دامەزراندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆی دژ بە پەڕلەمان و بە گوێرەی ڕێزگرتن لە دەوڵەت کە بە ڕاشکاوی دژایەتی دەکات لە گەڵ دیمۆکراسی و ئازادی و سوشیالزم. هەرچەند ئاخێزگەی بزاڤی فاشیزم، ئیتالیایە، بەلام لە زۆرێک لە ولاتاندا بیردۆزی ئەم ڕێبازە، لایەنگری زۆری هەیە. بەم بۆنەوە ناکرێ فاشیزم بە ئایدۆلۆجییەک کە تایبەتمەندییەکی ئیتالی هەیە پێناسە بکەین.

هەندێ جار زاراوەی «فاشیست» بۆ پێناسەی بزاڤ، بیردۆز و ڕژیمەکانیتریش بەکار دەبرێ، بەلام بەکەڵک بوونی ئاوەها پێناسەیەک جێگای دڕدۆنگی و گومانە. هەروەها ئەم زاراوە لە لایەن هەندێ نووسەر و ڕامیارەوە بۆ پیشاندانی نارەزایەتی و ناپەسەندی بیردۆز و ڕژیمەکانیتر بەکار دەبرێ (وەکوو ڕەخنەی کۆمۆنیستەکان لە پارتی سوشیال دیمۆکراتەکان کە پێیان دەڵێن «دارەدەسی فاشیزمی کۆمەلایەتی»).

فاشیزمی ئیتالیا زۆر پێشتر لەوەی کە موسولینی و هاوڕێیانی وەکوو بیرو بۆچوونی ڕامیاری بەهرەی لێ بگرن، بزاڤێکی ڕامیاری زۆر چالاک بوو. هەر بەو چەشنەی ماک سمیت دەڵێ: «هەر بەو جۆرەی کە موسولینی دەیگوت،

کردە زۆرترین بایەخی هەیە، تەنانەت ئەگەر هەڵەش بێ؛ بیردۆز و مەبەستێک کە لە پشت کردەدایە تا رادەیەکی زۆر و بەرچاو، بێنرخە». بەم بۆنەوە باس لەو بنەمایانەکە پێوەندییان بەم بیرەوە هەیە لە رێی وەرگرتنی بیرو دروشمە زۆروزەوەندە فاشیستییەکانەوە، کارێکی ئێجگار دژوار و بێئاکامە؛ چونکە ئەم دروشم و بیرانە بۆ خۆیان لە جۆرەکانی تری ئایدۆلۆجی ملهۆڕانەو دژە دیمۆکراتیکی کەون و نوێوە وەرگیراون.

تێرو تەسەلترین راڤەی بنەماکانی فاشیزم دەتوانین لە وتاری موسولینی لە چواردەهەمین چاپی *ئینسۆکلۆپیدیای ئیتالی(١٩٣٢)دا* بخوێنینەوە. لەم وتارەدا باسەکەی موسولینی دەبێتە دوو پاژ: بەشی یەکەم کە باس لەو بیرانەی دەکات کە فاشیزم لە گەڵیان ناتەبایە و بەشی دووەم ئەو بیرانە باس دەکات کە فاشیزم لە گەڵیان سازگار و تەبایە.

١) باوەڕی فاشیزم ئەوەیە کە ئاشتی بەردەوام نە پێک دێت و نە کەڵکی هەیە؛ ئاشتی گریمانەیەکی زیانبارە.

٢) فاشیزم لە گەڵ مارکسیزم و بیرە سوشیالیستییەکانی تر دژایەتی هەیە. موسولینی دەڵێ ئەوەی لە سوشیالیزم ماوەتەوە بریتیە لە «مەیلێکی هەستمەندانە بۆ گەیشتن بە پەیمانێک کە دەردو کەسەری چارەڕەشترینی خەڵکی کەم کاتەوە». هەروەها فاشیزم لە گەڵ ئایدولۆجی دیمۆکراتیک چ لە کردە و چ لە بیردا دژایەتی هەیە. هەروەها لە گەڵ لیبرالیزمیش هەم لە رامیاری و هەمیش لە ئابووریدا دژایەتی هەیە.

فاشییزم بریتیە لە سیستەمێکی رامیاری توتالیتر کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمانەی لەخۆدا کۆ کردۆتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی جیاوازە کە لە سیستەمە توتالیترەکانی تر جیای دەکاتەوە. لە تایبەتمەندییەکانی فاشیزم کە لە نێو سیستەمە توتالیترەکانی تردا هەیە، دەتوانین ئەمانە ناوببەین: ژیانی هەموو

گرووپەکانی‌تر بە دەوڵەتەوە بەستراوە، ترساندنی خەڵکی؛ دامەزراندنی سیستەمێکی یەک پارتی؛ هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن و هەروەها کەرەسەکانی توندوتیژی نواندن وا لە ژێر رکێفی دەوڵەتدا. هەروەها هەموو رژیمە توتالیترەکان لەخۆیاندا کۆمەڵگایەکی «ئایدۆلۆجیکن». هەرچەند ئەم ئایۆلۆجییانەجیاوازی زۆریان پێکەوە هەیە و هیوا بە یەکیەتییان نییە و هەر یەکەو ئەرکێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە زۆر روانگەی لێک جیاوازەوە لە سەر ئاخێزگە و چۆنییەتی سەرهەڵدانی فاشیزم باس کراوە. بەگوێرەی بۆچوونی ئەلیووت، فاشیزم و نازیسم «بناغەیان لە سەر هێرش بە بیردۆزە ئاوەزخوازانەکانی دەوڵەت دانراوە». هەردوو ئایدۆلۆجی وەکوو شۆڕشی چینی ناونجی دژ بە دامەزراوە دیمۆکراتیکە لێنەهاتووەکان هاورێ لە گەڵ ئەرکی هەڵەی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری شرۆڤە کراوە (کاتر؛ ١٩٦٤).

فرە واتایی / polysemic

دەیڤید مورلی کۆمەڵناس لە بواری راگەیاندنە گشتییەکاندا، دەستی دا بە توێژینەوەیەکی بەربڵاو سەبارەت بە کاریگەری بەرنامەیەکی بەناوبانگی تەلەفریۆنی بریتانیا بە سەر گرووپە جیاوازەکاندا. توێژینەوەکەی خۆی بەم گریمانەوە دەست پێدەکا کە ئەم بەرنامە دەتوانێ لە روانگەی جۆراوجۆر و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر راڤە بکرێ. بە واتایەکی‌تر تێکستی بەرنامەکە چەن واتاییە و ئامادەیە بۆ شرۆڤەی جۆراوجۆر. مۆرلی پێی خۆش بوو کە ئەو بەرنامەیە پیشانی گرووپی جۆراوجۆر (وەکوو خوێندکارانی بەشی هونەر، یەکیەتی کرێکاران، شاگردی دووکانەکان) بدات و را و بۆچوونیان بزانێ. مەبەستی مورلی ئەوەبوو کە بەم چەشنە دەست بدا بە لێکدانەوە و راڤەی ئەو رەمز و گرێ و گۆڵانەی کە بە هۆی ئەم گرووپانەوە دەکرێنەوە.

بە گشتی توێژینەوەی مورلی سێ هەڵو مەرجی «ڕەمزکردنەوە»ی تێکستی بەرنامەی تەلەفزیۆنی پیشان دەدا. بۆ هەندێ لە بینەران، ئەوەی کە لەو بەرنامەیە تێگەیشتبوون، هەمان مەبەستی دەرهێنەری بەرنامە بوو. مورلی بەم هەڵومەرجە دەیگوت «ڕەمزی زاڵ». بۆ تاقمێکی تر هەرچەند «ڕەمزکردنەوە» بە هەمان شێوەی جۆری یەکەم بوو، بەڵام کاتێک تێکستی بەرنامەکەیان بە جێگای خۆیەوە پێوەندی دەدا، واتاکەی دەگۆڕدرا. مۆرلی بەم بارودۆخەی دەگوت «ڕەمزی وتو وێژ کراو». گرووپی سێیەم هەرچەند لە پەیغام و هەواڵی تێکستەکەدەگەیشتن، بەڵام دانیان پێدا نەدەنا و واتایەکی تەواو جیاوازیان بۆی دەدیەوە. مورلی بەم هەڵو مەرجەی دەگوت «بۆچوونی ململانێ» (*Morley, D. 1992*).

ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە بینەران بەبێ لێکدانەوە و بەخۆڕایی سەیری بەرنامەکە ناکەن. بەڵکوو ئاگادارانە سەیری ئەم بەرنامانە دەکەن و واتایەک کە خۆیان دەیانەوێ، بەو بەرنامانەی دەدەن.

فرە هاوسەری / polygamy

فرە هاوسەری بە شێوەیەک لە هاوسەری دەبێژرێ کە ژن یا پیاو دەتوانێ لە یەک کاتدا خاوەنی چەن هاوسەر بێ. بەڵام زۆرتر باس لە هاوسەرگیری پیاوێک لە گەڵ زیاتر لە هاوسەرێک لە یەک کاتدا دەکات. ئەم جۆرە هاوسەر گیرییە لەم کۆمەڵگایانەدا بلاوە:

١- ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەندامەکانی خێزان، لە چالاکییە ئابووری و کارە پیشەییەکاندا پشت بە یەکتر دەبەستن.

٢- لەو کۆمەڵگا گوندیانەدا کە کشتوکاڵ سەرچاوەی ئابووری و گوزەرانیانە (مەعن خەلیل؛ ٢٠٠٧).

social formation /فۆرمبەندی کۆمەڵایەتی

زۆربەی کۆمەڵناسان ئەم زاراوەیە بۆ باس لە جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا، وەکوو دەرەبەگایەتی یا بورژوازی، بەکار دەبەن. ئەم زاراوەلە لای بیرمەندانی مارکسیستی وەکوو لویس گودلیە، ئالتۆسەر، هیندز و پۆل هەرێست، بایەخێکی تایبەتی هەیە. مارکسیستە پێکهاتەخوازەکان (وەکوو لووکاچ، گرامشی و کەسانیتر) ئەم باسەیان داهێنا کە دۆزی سەرەکی مارکس، دانانی راڤەیەکی پێکهاتەیی زانستی سەبارەت بە فۆرمبەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو (حبیب؛ ١٩٩١).

feminism /فێمینیزم

ئەم زاراوەیە بە واتای لایەنگری لە مافی ژنان لە بەرانبەر باوکسالاری و رەگەزخوازییەوە بەکار دەبرێ. بناوانی ئەم بزاڤە دەگەڕێتە بۆ شۆشی مەزنی فەرانسا لە ١٧٨٩دا. هەوەڵین ئافرەتی بەناوبانگی داکۆکیکار لە مافی ژنان، ئافرەتێکی فەرانسی بوو بە ناوی «ماری گۆز». لەم سەردەمەدا ژنانی فەرانسی بە کاریگەری لە دروشمەکانی شۆڕشی فەرانسە (واتە: ئازادی و بەرانبەری) هەستابوون بە دامەزراندنی بنکە و یانەگەلی بەرگریکار لە مافی ژنان و خوازیاری دابین کردنی هەلی یەکسان بۆ کار و بەشداری لە حکوومەت و پەروەردە و... بۆ ژن و پیاو بوون. ماری گۆز راگەیاندنێکی بڵاو کردەوە لەژێر ناوی «بڵاڤۆکی مافی ژنان» کە بە گوێرەی راگەیندراوی مافی مرۆڤ و هاوشارێتی -واتە گرینگترین بەڵگەنامەی شۆڕش- ئامادە کرابوو. ئەو دەیگوت مافی هاوشارێتی سەربەست و بەرانبەر نابێ تەنیا بۆ پیاوان بێ و ژنان بێبەش بن. هەروەها دەیگوت چلۆن دەتوانین بگەین بە سەربەستی راستەقینە، لە کاتێکدا نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگا لە مافی یەکسان بێبەشن. بەڵام رێبەرانی پیاوی ئەم شۆڕشە بە لە سێدارەدانی ماری گۆز لە ١٧٩٣دا

پەرسڤی ئەم داخوازەیان وەرگەڕاندەوە و دەستیان دابە داخستن و بەستنی بنکە داکۆکیکارەکان لە مافی ژنان (گیدنز؛ ١٣٨٥: ٢١٥-١٦).

بەلام یەکەم پەرتووکێک کە لەم بوارەدا هاتە وەشاندن، کتێبێک بوو بە ناوی *بەرگری لە مافی ژنان* (١٧٩٢) کە ڤۆلستۆن کرافت نووسیبووی. ئەم بزاڤە بە هۆی چەن لیبرالی کلاسیکی وەکوو جۆن ستوارت میل و هەریت تایلێر میلەوە لە کتێبێکدا بەناوی *فەرمانبەرداری ژنان* درێژەی پێدرا. ئەوان ئەو بیرەیان کە دەیگوت ژنان لە باری بایۆلۆجیکییەوە دواتر لە پیاوانن، خستە بەر رەخنە و خوازیاری چاکسازی باری پەروەردە و یەکسانی ژن و پیاو لە بەرانبەر یاسادا بوون. زۆربەی خەباتە سەرەتاییەکانی ئەم بزاڤە لە سەر ئەخلاق و مەیلە جنسییەکان جەختیان دەکرد و خوازیاری دوایی هێنان بە سیستەمی کۆیلەداری بوون. بەلگەکان وامان پێ پیشان دەدەن کە یەکەمین خەباتەکانی بزاڤی فیمینیستی بۆ بەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتان بووە. ئەم مافە یەکەم جار لە بریتانیادا درایە ئافرەتان و ژنانی بریتانی لە دەنگدانی گشتی ١٩١٨دا بەشداریان کردو دەنگیان دا (بانکز؛ ١٩٨١). بەلام ژنان سەبارەت بە نایەکسانییە کۆمەلایەتییەکانی تریش پێداگرییان کرد و لە دەیەی ١٩٦٠دا شەپۆلی دووەمی بزاڤی فیمینیستی ژنان دەستی پێکرد و لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا دوایی هات. پاش ئەوە شەپۆلی سێیەمی ئەم بزاڤە لە کۆتایی ١٩٨٠وە دەستی پێکرا و تا ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە. بەگشتی ئەم بزاڤە لە درێژەی پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی، رووخانی نۆرمە سوننەتییەکان و سەربەخۆیی رێژەیی ژنان لە باری ئابوورییەوە، گەشەی سەند. ئامانجی ئەمڕۆکەی ئەم بزاڤە گەیشتن بە مافی یەکسانی کومەلایەتی، رامیاری و ئابووری ژنان لە بەرانبەر پیاوانە.

یەکێک لە دۆزە سەرەکییەکانی ئەم بزاڤە، گەیشتنی ژنانە بە ماف و هەلی

کۆمەڵایەتی یەکسان لە گەڵ پیاوان.

ئەم بزاڤە مێژوویەکی کەونی لە ئەمریکادا هەیە. یەکەمین کۆمەڵەی مافی ژنان پتر لە یەک سەدەلەمەو پێش بنیات نرا. لە نامەیەکی هەستیارانەدا نوێنەرانی بەشدار لەم کۆمەڵەدا دەستیان دا بە راڤە و لێکدانەوەی ئەو زیان و خەسارەی کە بە هۆی نادادوەرییەوە لە ئافرەتان دراوە، تا ئەمە ببێتە وانەیەک بۆ ئافرەتان کە بتوانن خۆیان ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن (چف؛ ١٩٧٢).خاڵی گرینگ لە خەباتی لایەنگری لە مافی ژنان لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، واتە ئەو کاتەی کە ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، خەریکی تەیار کردنی خۆیان بوون. پاش دەسخستنی مافی دەنگدان، ئەم خەباتانە بۆ ماوەی چەن دەیە روویان لە کزی نا. بەڵام بزاڤی خەباتی ژنان لەم سەردەمەدا لە دەیەی ١٩٦٠دا لە بیچمێکی نوێدا سەری هەڵداوە.

بە ڕای هەندێ لە کۆمەڵناسان، چەن هۆکار بوونە هۆی دووبارە سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا (چف؛ ١٩٧٢). یەکەمین هۆکار بریتی بوو لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کە بە بزاڤی مافی شارستانییەوە دەستی پێکرا و بە بزاڤی دژبە جەنگەوە بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشت. ئەم بزاڤانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئاستی چاوەڕوانی خەڵکی بۆ گەیشتن بە یەکسانی کۆمەڵایەتی بەرزتر بێتەوە. ئەو ئافرەتە لاوانەی کە لەم بزاڤانەدا بەشدارییان دەکرد، لە لایەکەوە ئەزموونی بەرەنگاری رامیارییان بەدەستهێنا و لە لایەکی‌ترەوە تێگەیشتن کە رێبەرانی ئەم بزاڤانە زۆرتر داخوازەکانی ژنان وەکوو داخوازێکی سووک و بێ‌نرخ سەیر دەکەن و ئەو کارانەیان پێ دەسپێرن کە لە کۆمەڵگایەکی نابەرانبەری جنسیدا پێیان دەسپێردرا (وەکوو تایپ کردن، وەڵام دانەوەی تەلەفوون، میوانداری و ...).

هۆکاری دووەم بریتی بوو لە بەدیهاتنی «نادادوەری گشتی». خەڵکی تا

ئەو کاتەی کە کێشە و گرفتەکانیان بـە کـارێکی تایبـەت و تاکـەکـەسـی خۆیان بزانن، دەست لە هیچ کارێک بۆ بەرەنگار بـوونی نـادەن. خـەڵـکی تەنیا کاتێک دەست لە کارێکی بەکۆمەڵ دەدەن کە لە لایەکـەوە تێبگـەن کە خەڵکیتریش لە خەم و پەژارەیاندا بەشدارن و لە لایەکیترەوە بگەن بە پێناسەیەکی هاوبەش لە بارودۆخی خۆیان. نامیلکـەی بـێتی فریـدەن کـە ساڵی ١٩٦٣ لە ئەمریکـادا و لـەژێرنـاوی دڵـڕفێنی ژنانـەدا بـڵاو کرایـەوە، دامەزرێنەری ئەم بزاڤە بوو لـە ئـەمریکـادا (فریـدن؛ ١٩٦٣). فریـدەن بـە لێکدانەوە و وردبوونەوە لە تەنیایی و نائۆمێدی ئـافرەتـان لـە کـاری تـەواو کاتی ماڵداری یاخۆ تووش بوون بەو کارانەی کە هیچ داهاتوویەکیان نییـە، کێشەیـەک دەدۆزێتـەوە کـە بـە گوتـەی خـۆی «نـاوێکی نییـە». بـەڵام نارەزایـەتی بـە تـەنیـا خـۆی ناتوانـێ ببێتـە هـۆی بـەدیهـاتنی بزاڤـێکی کۆمەڵایەتی.

سێیەم، هۆکاری «رێکخستن» بـوو. بزاڤـی فیمینیسـتی بـوو بـە هـۆی بەدیهاتنی تۆڕێکی پێوەنـدی نێـوان ژنـانی لاو کـە لـە بـاری رامیارییـەوە وشیارییەکی زۆریان بەدەست هێنابوو. هاوکات لە گەڵ ئەمان، ئەو ژنانەی کە لە پانتای ئەیالەتی و فیدراڵدا شوێنگەیەکی بەنرخیان پـێسـپێردرابوو، لە گەڵ ئەو ژنانـەی خـەریکـی چـالاکی رامیـاری بـوون دەسـتیان دا بـە دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوەیی ژنان (National Organization for Women NOW). ئەم رێکخراوە بوو بە یـەکێـک لـە گرینگتـرین و کـاراترین ئـامرازەکـانی خەباتی سیاسی ژنان.

هۆکاری چوارەم، بریتی بـوو لـە گۆڕانـە پێکهاتـەییـەکـان. لـە دەیـەی ١٩٦٠دا ژمارەی منداڵانی خێزانەکان بە چەشنێکی بەرچاو کـەم بوونـەوە. بەم بۆنەوە لەوە بە دوا ماڵداری و مناڵداری کارێکی تەواو کات نەبوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لە نێوان سیو پێنج تـا چـل

ساڵدا بوو هەل و کاتێکی زۆریان بێ و بەم بۆنەوە بێنە نێو بازاڕی کارەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کچانیش تەمەنی هاوسەرگیری خۆیان وەدرەنگ خست تا بتوانن بڕۆنە نێو زانکۆ و کارێکی شیاو بۆ خۆیان ببیننەوە.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەکانی ژنان، تەنیا بۆ دەرباز بوون لە کاری ماڵداری نەبوو. بەپێچەوانە، ئەم بزووتنەوانە کاردانەوەی گۆڕانە گشتییەکانی کۆمەڵگا، بەرزتربوونەوەی ئاستی داخوازی ژنان و ئەم ڕاستییە بوون کە زۆرێک لە ژنان ڕۆیشتبوونە نێو بازاڕی کارەوە و خوێندنی باڵای زۆرتریان بەدەست هێنابوو.

بزاڤی ژنان هەر لە سەرەتاوە، بە دوو لقی سەرەکی لیبراڵ و ڕادیکاڵ دابەش بوو. لیبراڵەکان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی لە گەڵ پیاوان، لە تاکتیکی خۆپیشاندان، پاوانکاری و دادخوازی (بەیارمەتی یاساوە) کەڵکیان وەردەگرت. بەڵام توندڕەوەکان (ڕادیکاڵیستەکان) ڕایان وابوو کە لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاردا تەنیا ڕێگای گەیشتن بە مافی ڕەوای ژنان، گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵگایە. لایەنگرانی توندڕەوی فیمینیستی، هەموو توانی خۆیان بۆ بنیات نانی نەخۆشخانەی ژنان، باخچەی ساوایان، پەناگا بۆ ئافرەتانی تووش هاتوو بە ئازاری جنسی و توندوتیژی، دامەزراندنی کتێبخانە و هۆڵی شانۆ و... تەرخان کردبوو.

بزاڤی یەکسانی ژنان هەرچەند لێکچوونی زۆریان لەناودا هەیە، بەڵام جیاوازی زۆریشیان هەیە. بەر لە هەموو شتێ جیاوازی ئەم بزاڤانە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا سەرنجڕاکێشە. ئەم بزاڤە لە ئەمریکای باکووردا یەکێک لە ڕێکخراوترین، گشتیترین و پڕدەنگوباسترین بزاڤگەلی خەبات بۆ یەکسانی ژنانە لە جیهاندا. هەندێ لە ژنانی ئەم بزاڤە لە ڕێی نویسکارییەوە ناوبانگێکی زۆریان بەدەست هێناوە.

قۆرخکردن / monopoly

مەبەست لە قۆرخکردن، کۆنترۆڵ کـردنی بـازاڕە. بـە هـۆی ئـەوەوە کـە فرۆشندەیەک دەستی بە سەر کڕین و فرۆتنی کالایەکـدا کێشـابێ و بێجگـە لەو کەسی دی مافی کڕین و فرۆتنی ئەو کالایە نەبێ.

لە فەرهەنگی بچووکی ئۆکسفۆرددا قۆرخکردن بەم چەشنە پێناسە کراوە: «دەسکێشان بە سەر کڕین و فـرۆتنی کالایـەکـی تایبـەت». هـەروەهـا ت. شیتۆفزکی بە هەل و مەرجێک پێناسەی دەکا کە تێیدا بنکە یان تاکێک لـە چالاکیـەکـانی نێـو بازاڕیـدا بـەتـەواوی تـەنیایـە یـان گـەر تـەنیـا نییـە، هەڵس‌وکەوتی ڕەقیبەکانی کۆنترۆڵ دەکا(گولد؛ ١٣٨٤).

واتای قۆرخکردن زۆرتر سەبارەت بە شـەریکـەگـەلی گـەورەی بازرگـانی بەکار دەبرێ کـە سـەرجـەمـی بـەرهـەمـی کۆمپانیایـەک لـە گـەڵ مـافی دابەشکردنی ئەو بەرهەمە داگیر دەکەن و ڕەقیبەکانی‌تر لـە بازنـەدەهاوێژنـە دەرەوە. ئەم کارە بە پێچەوانەی یاسای دژ بە تراستە کە لە ساڵی ١٨٩٠دا لە لایەن کۆنگرەی ئەمریکاوە چەسپێندرا. بە گوێرەی ئەم یاسـایە کۆشـەوە بـۆ قۆرخکردنی بەرهەم یان دابەشکردنی بەرهەمێک بە تاوان دێتە ئەژمار. بەڵام ئەم یاسایەش نـەیتوانیـوە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە شـەریکـە گـەورەکـان شەریکەگەلی بچووک لە بازنەی ململانێ نەهاوێژنە دەرەوە. بۆ وێنـە، ساڵـی ١٩٠٤ سی و چوار کۆمپانی چێ کردنی ترۆمبیل لـە ئـەمریکـادا خـەریکـی چالاکی بوون؛ ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٢١دا گەیشتە ٨٨ کۆمپـانی. کـەچـی ئەمڕۆ تەنیـا سـێ کۆمپانیـای گـەورەی جێنێـڕال مـاتۆڕ، فـۆرد و کرایسـلێر سەرجەمی بازاڕی بەرهەمهێنان و دابەشـکردنی ترۆمبیلـی ئـەمریکایـان لـە ئەستۆیە(عضدانلو، ١٣٨۴).

بە گشتی دەتوانین قۆرخکردن بە سێ جۆر دابەش بکەین:

١- قۆرخکردنی دووچاوەکـی (discriminating monopoly): دەبێتـە

هۆی ئەوەی کە ئەو بەرهەمانەی وەکوو یەکن، بە نرخێک بفرۆشرێن کە لە گەڵ گوژمەی دوایی ئەو کالایە هاوسان نەبێ. کاتێک ئەم جۆرە قۆرخکردنە دێتە دێ کە بەرهەمێک لە دوو یان چەن بازاڕی جیاواز و سەربەخۆدا بفرۆشرێ.

٢- قۆرخکردنی دوولایەنە (bilateral monopoly): هەلومەرجێک کە یەک بەرهەمهێنەر تەنیا لە گەڵ یەک فرۆشندە رووبەڕوویە، یان یەک فرۆشندە تەنیا لە گەڵ یەک بەرهەمهێنەر رووبەڕوو دەبێ و هیچ یەک لەم دوانە جێگرێکی شیاویان بۆ ئەویتر نییە.

٣- سەرمایەداری قۆرخگەر (monopoly capitalism): لە زاراوە مارکسییەکاندا بە قۆناغێک لە سەرمایەداری دەڵێن کە کۆنترۆڵ بە سەر ئامرازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمەکان بە تەواوی لە ژێر رکێفی تاقمێکی زۆر کەم لە سەرمایەدارەکاندایە (گولد؛ ١٣٨٤).

oligopoly / قۆرخی چەن لایەنە

زاراوەی oligopoly زاراوەیەکی یوونانییە و بە مانای «فرۆشندە بچووکەکانە» و بریتیە لە کۆنترۆڵ و چاودێری بە سەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کالایەک لە لایەن چەن کۆمپانیای بچووکی دەسەڵاتدارەوە.

mortality crises / قەیرانی مردن

دێمۆگرافان هۆی کەمبوونی رادەی زۆربوونی خەڵکیان تا ساڵی ١٨٠٠، بە قەیرانی مردن ناوبردووە. مەبەست لەم زاراوەیە بریتیە لەهۆکارگەلێک وەکوو شەڕ، برسیەتی و نەخۆشیە گشتگیرەکان کە نرخی مردنیان لە سەرەوە رادەگرت (*Watkins, S. C & J. Menken, 1985: 647-75*).

دێمۆگرافان رایان وایە کە لە خولە سەرەتاییەکاندا تا دەگاتە ساڵانی ١٨٠٠،

رادەی خەڵکی زۆر کەم گەشەیان دەسەند، بەلام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا گۆی زەوی لە گەڵ جۆرێک لە تەقینەی جەماوەردا رووبەڕوو بوو. بە جۆرێک کە بەر لەسەدەی نۆزدەهەم سەرجەمی دانیشتووانی گۆی زەوی کەمتر لە یەک بیلیۆن کەس بوون، کەچی پاش سەد ساڵ، واتە لە ١٩٣٠دا گەیشتە دوو بیلیۆن کەس. پاش پەنجا ساڵ، واتە لە ١٩٨٠دا دوو و نیو بیلیۆنی‌تر لەم ژمارەیە زیاد بوو و لە ٢٠٠٠دا ئەم ژمارەی لە شەش بیلیۆنی تێپەڕاند. ئەم زۆربوونی دانیشتوانی گۆی زەوییە وامان پێ پیشان دەدەن کە هۆکارەکانی قەیرانی مردن یا لەناودا نەماون یاخۆ هێزی رابردووی خۆیان لە دەست داوە (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

قەیرانی نیوەتەمەن / midlife crises

یەکەم جار ئەم زاراوەلە لایەن گیل شیهیەوە لە کتێبی **ریگا**دا پێشنیار کرا (*sheehy, 1976*). بەلام دانیال لێڤین‌سۆن، دەروون‌ناسی زانکۆی ییل لە ئەمریکا لە گەڵ هاوکارانی‌تریدا، بواری زانستی ئەم واتایانە دابین کرد (*Levinson, D; 1978*). لڤین‌سۆن لە گەڵ چل پیاو لە تەمەنی نێوان ٤٠-٥٠ساڵدا بە چین و کاری جۆراوجۆرەوە (مودیری شەریکەکان، زانایان، رۆمان‌نووسان و کرێکاران) وت‌و وێژێکی دوورو درێژی کرد و بەم ئاکامە گەیشت کە پیاوان لەم تەمەنەدا لە هەڵومەرجێکی ئارام و نەگۆڕ و لەباردا ناژین. ئەم کەسانە هەرچەن کە بە هۆی بواردنی کێشەو قەیرانی زۆر لە ژیندا بوونەتە خاوەن ئەزموون و تێگەیشتنێکی تایبەت لە ژیندا، بەلام لە گەڵ قەیرانی زۆر رووبەڕوون. توێژینەوەی لڤین‌سۆن واپیشان دەدا کە ئەم قەیرانە لە نێوان تەمەنی ٤٠-٥٠ ساڵدا خۆی دەنوێنێ، چونکە تاکەکان ئەم تەمەنە بە خاڵێکی گرینگ و بە دوایین بەختی ژینیان بۆ گەیشتن بە هیواکانی تەمەنی بیست ساڵی و بڕیارەکانی تەمەنی سی ساڵییان دەزانن.

ئەم کەسانە کاتێ ئاوڕ لە ژینی رابردوویان دەدەنەوە، بەم ئاکامە دەگەن کە ئەگەر دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ دواوە، رێبازێکی‌تریان لە ژیندا هەڵدەبژارد: ژنیان نەدەهێنا، خەریکی کارێکی‌تر دەبوون، منداڵی کەمتر یان زۆرتریان دەبوو و ... .

تۆژینەوەکانی‌تریش لەم بابەتەدا ئەنجام دراوە، کە جەخت لە سەر توێژینەوەکەی لڤین‌سۆن دەکەن (*Ciernia, J; 1985: 1003-1007 ; Farrel, M; and S.Rosenberg, 1981; Weiss, R. S, 1990; Villiant, G, 1977*). ئەم توێژینەوانە وا پیشان دەدەن کە ژمارەیەکی کەم لە پیاوان تووشی قەیرانی نێوان‌تەمەن دەبن، بەڵام زۆربەیان بە جۆرێک نارەزایەتی بەردەوام لە ژیانی خۆیان، ئەم ماوەیە تێدەپەڕێنن. رابێرت وایز بە وت و وێژ لە گەڵ هەشتا پیاوی سەرکەوتوو لە چینی ناونجی و ناونجی بەرەو سەر، تێگەیشت کە زۆربەیان لەوەی کە خاوەن دۆستێکی نزیک بن، بێ‌بەشن، نزیک بە نیوەیان خەونی خۆشیان نییە و زۆرتر لە نیوەیان بێجگە ژنی خۆیان لە گەڵ ژنانی‌تردا سێکسیان هەیە. چونکە نموونەی ئاماری وایز زۆر کەم و سنووردارە و تەنیا چینی ناونجی و ناونجی سەرووی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ناتوانین دەرنجامەکانی بۆ هەموو پیاوانی کۆمەڵگا بە دروست بزانین. بەڵام هەموو ئەم توێژینەوانە وا پیشان دەدەن کە نیوەی تەمەن دەتوانێ لە خولە دژوارەکانی ژیانی پیاو بێ.

قەزاگێڕ (بەلاگەردان) / scapegoat

بناوانی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ خاخامە جووەکانی کەونارا کە گوناحەکانی خەڵکیان لە گوێی بزنێکدا دەخوێند و ئەو بزنەیان بەرەلا دەکرد تا هەڵبێ. لە راستیدا ئەو بزنەیان دەکردە قوربانی بۆ سڕینی گوناحەکانی خۆیان.

ئەگەر دووچاوەکی کردن لە گەڵ کەسانی‌تر هەڵسەنگاندنێکی ئەقڵانی

راستەقینە نییە، ئەم پرسە دێتە ئاراوە کە سەرچاوەکەی چییە؟ توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە زەق کردنی واتاگەلی وەکوو هیوابڕاوی، ناکامی، کەسایەتی، کولتوور و ململانێی کۆمەڵایەتی، هانیان داوە کە وەلامی جۆراوجۆر بۆ ئەم پرسە ببیننەوە. یەکێک لە وەلامەکانی ئەم پرسیارە، بیردۆزێکە بە ناوی قەزاگیر یا بەلاگەردێن. بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، سەرچاوەی دووچاوەکی دەگەڕێتەوە بۆ ناکامی و ناهومێد بوون. ئەم مەیلە زۆرتر لە نێو خەڵکی هەژاری رەش و رووتدا دیارە (*Dollard, J; 1939*– وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). ژنێکی سپی‌پێست لە بەرچاو بگرن کە لە کارخانەیەکی پارچەچنیدا خەریکی کارە و بە هۆی کەم بوونی داهاتیەوە تووشی ناکامی و نائۆمێدی هاتووە. بێ‌گومان ناوێرێ لە گەڵ خاوەنانی دەسەلاتداری کارخانەدا دژایەتی بکا، چونکە تووشی دەردی سەر دێ؛ بەم بۆنەوە رەنگە هۆی کەم بوونی داهاتی خۆی بە بوونی ئەو کەمینانە بزانێ کە لەلای ئەو خەریکی کارن. هەرچەن ئەم هەست و دووچاوەکییە هیچ لە دەردەکانی کەم ناکاتەوە و داهاتی زۆر ناکا و شوێنگەی ناگۆڕێ، بەلام دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تووڕەیی و ناکامییەکانی، چونکە ئەم هەستەی لە دڵدا بەدی دێنێ کە لانی کەم هەندێ لە هاوکارەکانی داهاتیان لەو کەمترە.

بەم پێیە، بەلاگەردێن بە کەس یا کەسانێک دەبێژرێ کە دەسەلاتێکی کەمیان هەیە و خەڵکی زۆر نادادوەرانە ئەوان بە هۆی کێشە و گرفتەکانی خۆیان دەزانن و لۆمەیان دەکەن. دورکایم دەڵێ:

«کاتێک کۆمەڵگا تووشی رەنج و ئازار دێ، ئەو نیازە هەست پێ دەکات کە دەبێ کەسێک بە هۆی دەردو ژانەکانی خۆی بزانێ و سزای بدات و تۆڵەی ئازارەکانی لەو بسێنێتەوە. دیارە ئەو کەسانەش کە بە هۆی بیری گشتی خەڵکەوە خراونەتە بەر دووچاوەکی (تبعیض)، بۆ ئەم کارە دەست نیشان دەکرێن. ئەمانە کەسانێکن کە کۆمەڵگا دانی پێدا نەناون و وەکوو قۆچی قۆربانی دەکەونە بەر شیری تۆڵە سەندنەوە.» (ریتزر؛ ٢٠٠٧: ٤٨)

کارلێکی سیمبۆلیک/ symbolic interaction

کارلێکی سیمبۆلیک یەکێک لە روانگەهزرییەکانی کۆمەڵناسی هاوچەرخە کە لەم چەن دەیەی دواییەدا باسی زۆری لە سەر کراوە. ئەم بۆچوونە کە دیاردە کومەلایەتییەکان لە روانگەیەکی تایبەتەوە دەخاتەبەر راڤە و وردبوونەوە، بۆ خۆی بەشێکە لە بۆچوونێکی بەرفراوانتر کە پێی دەڵێن کۆمەڵناسی دیاردەناسانە (phenomenological). هەرچەند وادەزانرێ کە کارلێکی سیمبۆلیک روانگەیەکی نوێی لە کۆمەڵناسی هاوچەرخدا پێشنیار کردووە، کەچی ئەم بیردۆزە لە بیرو بەرهەمی کۆمەڵناسانی سەدەی نۆزدەهەمەوە وەکوو زیمڵ و فیلسووف و دەروونناسانی ئەمریکی وەکوو واتسۆن، ڤیلیام جەیمز و بە تایبەت جۆرج هێربێرت میدەوە سەرچاوە دەگرێ.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆجۆرج هێربێرت مید. مید لە کاتی ژیانیدا لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی فەلسەفەی دەگوتەوە. زۆربەی خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی، وانەکانی میدیان هەڵگرت. ئەم خوێندکارانە دواتر لە نووسین و تۆمار کردنی وانەکانی میددا دەوری سەرەکیان بوو و لە نێو کتێبێکدا لە ژێرناوی: *زەین، خود و کۆمەڵگا: لە روانگەی رەفتارناسێکی کومەلایەتییەوە*، بیرو بۆچوونەکانی میدیان بلاو کردەوە (ریتزر؛ ١٣٨٥).

لە روانگەی کارلێکدا، پێوەندییە سیمبۆلیکەکان بنەمای هەموو کردەیەکی کۆمەلایەتی و بناغەی میتۆدۆلۆجین بۆ فام کردنی ئەو پێوەندییانە. تاکەکان لە هەر شوێنگەیەکدا بە گوێرەی کردەکانی خۆیان، واتایەکی سیمبۆلیک لەو پێوەندییانە هەڵدەگرن. لە راستیدا کارلێکی کۆمەلایەتی بەم گریمانەوە دەست پێدەکات کە دیاریکەری زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی تاکەکان، واقعییەتەکان و هەلومەرجە ئاشکراکان نین، بەڵکوو ئەو واتایانەن کە

مرۆڤەکان بۆ هەلومەرجەکانی خۆیان دایدەنێن. بە واتایەکی تر، ئەو شرۆڤەی کە ئێمە لە جیهانی دەورو پشتی خۆمانی دەکەین، تا رادەیەکی زۆر، رەفتارەکانمان ئاشکرا دەکەن و پیشانیان دەدەن؛ واتە، ئەو شتەی کە ئێمە بە راستەقینەی دەزانین، چێکراوێکی کۆمەلایەتییە (بلومر؛ ١٩٦٩). واتای ئەم پەیڤە ئەوەیە کە ئێمە، بە گشتی، دانمان بەوەدا ناوە کە سەرنج و بایەخێکی زۆرتر دەدەینە هەندێ لە دیاردە کۆمەلایەتییەکان و بە راستەقینەیان دەزانین و لە هەمان کاتدا بەرێژەی هەندێ دیاردەی‌تر، کەمترخەمین.

کارلێکی کۆمەلایەتی باس لەوەدەکات کە لە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا شرۆڤەی ئەو سیمبۆلانەی کە لە پێوەندیدا کەلکیان لێ‌وەردەگیرێ، دەتوانێ گرینگتر بێ لەو شتەی کە بە راشکاوی دەبێژرێ. بۆ وێنە، رەنگە کەسێک بۆ قەشمەری یا زمانلووسی، پەسنی کەسێکی‌تر بکات. هەرچەند وتنی ئەو پەسنە بە راشکاوی دیارە، بەلام بە سەرنج دان بەو جوولە سیمبۆلیکانەی کە ئەو تاکە هەیەتی و بە شرۆڤەی ئەو جوولانە، بۆ بیسەر دەردەکەوێ کە ئەو کەسە یا ویستوویە قەشمەری پێبکا، یاخۆ ویستوویە بە زمانلووسی سەرنجی بەرەو لای خۆی راکێشێ. لێرەدا جۆری شرۆڤەیەک کە لە ئاخاوتنی ئەو تاکە دەکرێ، گرینگتر لە خودی ئاخاوتنەکەیە. ئەمە هەمان شتێکە کە کۆمەڵناسانی کارلێکی سیمبۆلیک جەختی لە سەر دەکەن. بەواتایەکی‌تر، لێرەدا خودی زەینی مرۆڤ و شێوازی شرۆڤەکردنی، بابەت و تەوەری بەرباسە، نەک ئەو شتەی کە بە واقعی کۆمەلایەتی دەزانرێ.

بەگشتی، کارلێکی سیمبۆلیک درێژەی کارلێکی کۆمەلایەتییە کە بە هۆی فیلسووفانێک وەکوو کوولی و میدەوە گەشەی پێدراو لە قوتابخانەی شیکاگۆدا کۆمەڵناسانێک وەکوو گافمەن و هێربێرت بلۆمێر پەرەیان پێدا و کردیانە بیردۆزێکی ئەکتیڤ و کارا لە کۆمەڵناسیدا.

کارلێکی کۆمەڵایەتی/ social interaction

کارلێکی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە تێیدا لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لەدەورو بەرماندان کار و کاردانەوەمان هەیە (گیدنز؛ ١٣٨٨). کارلێکی کۆمەڵایەتی هۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن. کارلێکی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئەو ڕووداوانە دەبێژرێ کە لانی کەم دوو کەس لە بەرانبەر یەکدا هەیانە و هەر یەکەیان بە زمان و ئاماژە و جووڵە سیمبۆلیکەکان هان دەدەن تا بە سەر هەڵسوکەوت و ئەندێشەی یەکتردا کاریگەر بن. لەم پرۆسەدا هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداریان هەیە بە ڕاڤە و شرۆڤەی شوێنگەی خۆیان، واتای پێ دەبەخشن. هەروەها کۆمەڵناسان ڕایان وایە کە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان ڕەنگدانەوەی ئەو هێزانەن کە سەرتر لە هێزە ئاشکرا و دیارەکانن. بەم بۆنەوە هان دەدەن تا کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی کات (مێژوو) و شوێن (کولتوور) بناسن.

سەرچاوەی ئەم باسە، واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ماکس ڤیبێر و دوورکایم. بەڵام ئەمە تالکۆت پارسۆنز بوو کە دەستی دا بە تۆمار کردنی بیرو بۆچوونەکانی ڤیبێر و دوورکایم و پارێتۆ و بەم چەشنە بیردۆزێکی بنیات نا بە ناوی کارلێکی کۆمەڵایەتی. پارسۆنز دەیەویست بیردۆزی کارلێک لە ڕەفتارخوازی جیا بکاتەوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوە زاراوەی کارلێکی هەڵبژارد، چونکە ناوەڕۆکێکی جیاواز لە گەڵ ڕەفتاری هەیە. ڕەفتار یا هەڵسوکەوت بریتیە لە کردەوەیەکی مکانیکی لە بەرانبەر بزوێنەرەکانەوە، کەچی کارلێک بریتیە لە پرۆسەیەکی چالاکانە، ئافرێنەرانە و «زەینی». بەم بۆنەوە پارسۆنز تێدەکۆشا تا ڕەفتارخوازی لە کارلێک جیابکاتەوە (ریتزر؛ ١٣٨٥).

لە ڕوانگەی پارسۆنزەوە، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەر لە هەر شتێک و لە یەکەمین وردبوونەوەدا بریتیە لە تۆڕێک لە کارلێکەکانی نێوان تاک و

گرووپەکان و هۆکارگەلێکی زۆر پێکەوە دەبەستێتەوە. بە واتایەکی تر هەر هۆکارێک لە نێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بە تایبەت لە روانگەی کارلێکەوە بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ هۆکارەکانی‌تر لە بەرچاو دەگیرێ. لەم روانگەیەدا دیاردەمادی، سیمبۆلیک و کولتوورییەکان لە واتایەکی تایبەتدا سەربە سیستەمی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکوو وەکوو هۆکارگەلێکی دەرەکی کە کارلێکی نێوان ئەکتەرەکان دیاری دەکات یاخۆ مەرجیان بۆ دادەنێ (توسلی؛ ١٣٨٧).

دەبێ ئەو خاڵەمان لە بەرچاو بێ کە مەرج نییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا مەبەست لە ئەکتەر، تاکە جیاوازەکان بن، بەڵکوو گرووپ و جڤاکگەلێک وەکوو گوند، ناوچە، چین یاخۆ نەتەوەیەکیش بە ئەکتەر یا هۆکار دەزانرێن. کەواتە لە روانگەی پارسۆنزەوە، کارلێکی کۆمەڵایەتی تەنیا بۆ پێوەندی نێوان تاکەکان نییە، بەڵکوو دەتوانێ بۆ هەموو بوارەکانی واقعییەتی کۆمەڵایەتی بەکار ببرێ.

کارلێکی کۆمەڵایەتی سێ بەش دەگرێتەبەر: یەکەم، چاوەڕوانی نێوان ئەکتەرەکان؛ ئەکتەرێک وەکوو «خود»، لە ئەکتەرێکی‌تر کە لێرەدا «هیتری» پێدەڵێن چاوەڕوانی هەیە کە لە فلان شوێنگەی هاوبەشدا فلان یا فیسار کاری لێ بوەشێتەوە. لە هەمان کاتدا «خود» دەزانێ کە «هیتری»ش لە فلان شوێنگەی هاوبەشدا چ چاوەڕوانییەکی لەم هەیە.

دووەم، هەندێ بەها و نۆرم هەیە کە بە سەر هەڵس‌وکەوتی ئەکتەرەکاندا زاڵە، یاخۆ وادەزانرێ کە بە سەریدا زاڵە. لە راستیدا ئەو شتەی کە لایەنەکانی کارلێک لە یەکتری چاوەڕوانی دەکەن، بە گوێرەی هەمان نۆرم و بەها دیاری دەکرێ. گرینگ ئەوە نییە کە دوو لایەنی کارلێک (واتە: خود و هیتر) خاوەنی بەها و نۆرمی هاوجۆر نەبن، گرینگ ئەوەیە کە هەر یەک لە دوو لایەن دەزانن کە بە چ بەها و نۆرم و رێسایەک هەڵس‌وکەوتی لایەنی‌تر

ڕێنومایی دەکەن و بەرەو چ ڕێگایەکی دەبەن؛ بەم بۆنەوە دەتوانن پێش‌بینی بکەن کە لایەنی‌تر لە فلان شوێنگەدا چلۆن هەڵس‌وکەوت دەکات.

سێیەم، دەستەبەری بەڕێوەبردن یا ئەو پاداش و سزادانەی کە هەم «خود» و هەم «هیتر» لە کاتی لادان لەو نۆرم و بەها کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ، تووشیاری دەبن. بەبڕوای پارسۆنز، ئەم سێ هۆکارە، واتە چاوەڕوانییەکان، نۆرمەکان و دەستەبەرەکان (پاداش و سزا) پێکهێنەری دەور و رۆڵەکانن لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا.

بەم چەشنە سیستەمی کۆمەڵایەتی، واتایەکی هزرییە کە لە کارلێکی نێوان ئەندامانی گرووپ یا جڤاکەوە سەرچاوە دەگرێ (توسلی؛ ١٣٨٧).

لە کۆتاییدا، سیستەمی کۆمەڵایەتی بە ئاریکاری سیستەمی کولتووری ئەو بەها و نۆرمانەی کە لە پێکهێنانی یەکگرتوویی و ئەمەگداری بە سیستەم و چاودێری بە سەر ئەو سیستەمەدا بەشدارن، دەگرێتە خۆ، بە چەشنێ کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە درێژایی مێژوودا سەقامگرتوویەکی ڕێژەیی هەیە. ئەم بۆچوونەی پارسۆنز پیشان دەدات کە سیستەمی کارلێکی کۆمەڵایەتی وەکوو کۆمەڵەیەکی خاوەنی یەکیەتییە.

کارلێکی کۆمەڵایەتی بە سێ چەشن بەکاردەبرێ کە دەکرێ بە ئاسانی ئەم سێ لقە لێک جیا کەینەوە: ١) ساکارترین واتای کارلێکی کۆمەڵایەتی، کاتێ لە مەڕ مرۆڤەوە بە کار دەبرێ، باس لە کاریگەری دوو لایەنەی نێوان تاکەکان یاخۆ هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر یەکدا دەکا؛ «کاریگەری دوو لایەنەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان -کە لە سروشتی مرۆڤ و کولتوورەوە سەرچاوە دەگرێ- کارلێکی کۆمەڵایەتی پێ دەبێژرێ»؛ هەروەها «کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێ دوو لایەنە بێ».

٢) دووەمین پێناسەی ئەم زاراوەیە کە زۆر کەوتۆتە بەر سەرنجی کۆمەڵناسان، دەڵێ کە کارلێکی مرۆڤی جۆرێک کاریگەری دوو لایەنەیە کە

تایبەت بە مرۆڤە بە کۆمەلایەتی بووەکانە. بە بڕوای ئەم کەسانە، گەر مەبەست لە کارلێک، مرۆڤ بێ، باشتر وایە بڵێین «کارلێکی سەمبولیک». ئەنجامی ئەم چالاکییە، پرۆسەی بەربلاو و گشتگری کارلێکی کۆمەلایەتییە. هەرچەن هەندێ لە نووسەران، پێوەندی و کارلێکیان بە یەکسان زانیوە، نووسەرانیتر دەڵێن کارلێک پێویستی بە تایبەتمەندیگەلیتر هەیە.

٣) پێناسەی سێیەم لە لایەن هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسیوە خراوەتە بەر باس کە دەیانەوێ **خود** بە شتێک بزانن کە لە ڕەهەندی کۆمەلایەتییەوە بە سەر خۆیدا کارلێکی هەیە. تاکێک بە تەنیا لە نێو ژوورەکەیدا خەریکە لە سەر بابەتێک بیر دەکاتەوەو لە گەڵ خۆی قسە دەکات، یان بیرەکانی بە دەنگی بەرز دەڵێتەوە، ئەو تاکە لە باری تەکنیکییەوە خەریکی کارلێکە. چونکە خود بە شتێکی کۆمەلایەتی دەزاندرێ، ئەو کەسە خەریکی کارلێکی کۆمەلایەتییە (*Howard Becker* وەرگیراو لە: گولد؛ ١٣٨٤).

کشتوکاڵ/ agriculture

هەزارەی بەر لە ساڵی ٣٠٠٠ی پێش زایین، ڕەنگە پتر لە هەر خول و سەردەمێک لە مێژووی مرۆڤدا، بەر لە سەدەی شانزدەهەمی زایین، لە بواری داهێنان و دیتنەوەی کان و سەرچاوەکانی زانستدا پڕبەر بووبێ. لانی کەم ئەمەی کە بێژرا بیردۆزێک بوو کە گاردێن چایلد، بەناوبانگترین مێژینەناسی سەدەی بیستەم گوتوویە. داهێنانە تەکنیکییەکانی ئەم سەردەمە بریتی بوون لە داهێنانی چەرخ و بەکارهێنانی بۆ چێ کردنی عەرەبانە و گاری و گۆزەگەری، چێکردنی ئاموور یان هێش، هەوسار کردنە ملی ئاژەلان بۆ ڕاکێشانی گاری و گاوئاسن، هەروەها داهێنان و چێکردنی خەت و واتا ڕەقەمییەکان، کۆنترۆڵ کردنی هێزی با بۆ ڕاکێشانی گەمیە و هتد (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

داهێنان و چێ‌کردنی ئەم ئامرازانە، بووبە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ خۆراکی زۆرتر بێنێتە بەرهەم و هەر بەم بۆنەوە توانی بەخێرا رادە و ژمارەی خۆی زۆرتر کاتەوە و دەسکەوتی زۆر لە هەموو بوارەکاندا بە دەست بێنێ. بنیاتنانی حکوومەت و ئیمپراتۆرییەکانیش هەر لەم سۆنگەوە بوو. دامەزراندنی لەشکر و سوپا و رێکخراوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، وەکوو رێکخراوی ئایینی و چاودێری فەرمی و دانانی یاسای رەسمی و ... پاش ئەم سەردەمە هاتنە دی. هەروەها لە دەرەنجامە گرینگەکانی ئەم سەردەمە دەبێ لە داهێنانی خەت و نووسین کە بۆ تۆماری بەرهەمەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرا، ناو ببەین. لە راستیدا ئەمە هەمان سەردەمێکە کە مێژوونووسان بە ناوی «کازیوەی شارستانییەت» ناوی لێ‌دەبەن (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣) و ئاخێزگەی ئەم کازیوەیە مەڵبەندی میزۆپوتامیا یا هەمان نێوان دیجلە و فورات بوو.

جووتیاران بە بەهرە وەرگرتن لە ئاژەڵان توانیان زەوی و زارێکی بەرفراوانتر لە چاو سەردەمی بێسانکاری بکێڵن. شێو بڕینی زەوی ئەم هەلەی بۆ دەرەخساندن کە هەر لەو زەوینە چەن ساڵی بەردەوام کەڵک وەربگرن. ئەم دەسکەوتە بووبە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بەجێی کۆچ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر، لە یەک جێگادا نیشتەجێ بن. زۆرتر لە نیاز بوونی بەرهەم لەم شوێنانەدا بووبە هۆی نیشتەجێ بوونی ژمارەیەک زۆر لە خەڵکی لە شوێنێکی‌بچووکدا. بۆ وێنە لە ئیمپراتۆری رۆمدا و لە سەد ساڵ بەر لە زایینداِ، نزیک بە حەفتا میلیۆن کەس لە مەڵبەندێک بە پانتای دوو میلیۆن میلدا دەژیان (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣). بەڕای زۆربەی کۆمەڵناسان، گەشەسەندنی کشتوکاڵ بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی نابەرانبەرییە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێ، چونکە بەرە بەرە خاوەنێتی زەوی وەکوو ئامرازی بەرهەمهێنان، پەرەی‌سەند و کەسانێک کە

خاوەنی زەوی و زار نەبوون ناچار دەبوایە وەکوو وەرزێر لـە سـەر زەوی‌وزاری کەسانی‌تردا کار بکەن.

کۆچی دەرەکی / out-migration

کۆچی دەرەکی یان پرۆسەی کۆچ لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی‌تر بە مەبـەسـتی گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر و هێمنتـر و هـەڵاتـن لـە دەسـت تـەنـگ و چەڵەمەکانی ژیان، بۆتە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ئەم چەرخە.

لێکۆڵەران چوار مۆدێلیان بۆ کۆچ -دەرەکی و ناوەکـی- پێناسـە کـردووە کە بریتین لە: ١) مۆدێلی کلاسیک: ئەم شێوازە زۆرتر تایبـەتـە بـە وڵاتانـێ وەکوو کانادا، ئۆسترالیا و ئەمریکا. ٢) مۆدێلی کۆلۆنیالیستی: ئەم شـێوازەش زۆرتـر تایبـەتی وڵاتانـێ وەکـوو بریتانیـا و فـەرانسـەیـە کـە کۆچـەرانی کۆلۆنییەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان وەردەگـرن. ٣) مـۆدێلی کرێکـارانی میوان: لەم شێوازەدا کرێکاران بە چەشنێ کاتی بۆ بە دەسـتهێنانی داهـاتی زۆرتر روو لە وڵاتانی پیشەسازی دەنێن. وڵاتانی وەرگری ئەم کۆچەرانـە، بـە بۆنەی نیاز بە هێزی کـار، ئـەم کۆچـەرانـە بـە گـوێرەی هـەڵومـەرجێکـی تایبەتەوە وەردەگرن، بەڵام ئەگەر کرێکارێک ماوەیەکی زۆریش لـەو وڵاتـەدا بمێنێتەوە، مافی هاووڵاتی بوونی پـێ نـادرێ؛ وەکـوو کۆچـەرانی تـرک لـە ئاڵمانیادا. ٤) دوایین مۆدێل بریتیە لە کۆچەرانی نایاسایی: ئـەم شـێوازە بـە هۆی توندتر بوونەوەی هەڵومـەرجـی وەرگـرتنی کۆچـەر لـە لایـەن وڵاتـە پیشەسازییەکانەوە، رۆژ بە رۆژ خەریکی زۆربوونەوە و پەرەسـەندنـە (گیـدنز؛ ٢٠٠٣).

بارودۆخی نالەباری وڵاتانی دواکەوتوو و جیهانی سێیەم، بۆتە هـۆی کـۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئـەم وڵاتانـە، بـە چـەشـنێ کـە زۆربـەی وڵاتانی پیشەسازی تووشی قەیرانی پێناسەی نـەتـەوایـەتی هـاتوون. شـەڕ،

بارودۆخی ناله‌باری ئابووری، هه‌ژاری، بێکاری، برسیه‌تی، لێڵ و نادیار بـوونی داهاتوو، نه‌بوونی ئازادی رامیاری و نه‌ته‌وایه‌تی، قـۆرخ بـوونی ده‌ســه‌ڵات لـه لایه‌ن چینێکی ده‌سه‌ڵاتداره‌وه له هۆوه ســه‌رکییــه‌کـانی کـۆچ کـردن دێنـه ئه‌ژمار.

کولتوور (چاند) / culture

وشه‌ی کولتوور (چاند) له هه‌موو زمانه ئـه‌وروو‌پییـه‌کانـدا هـه‌ر بـه‌م نـاوه به‌ناوبانگه. له وشه‌ی coleree لاتینیه‌وه ســه‌رچـاوه‌ی گرتـووه. لـه واتـادا پانتایه‌کی به‌رفراوانی هه‌یه: نیشته‌جێ بوون، کشت‌وکـاڵ کـردن، پاسـه‌وانی کردن، په‌رستن. بۆ وێنه واتای نیشته‌جێ بوون له colonus گیراوه کـه لـه گه‌ڵ هه‌مان وشه‌ی colony پێوه‌ندی هه‌یه؛ یان واتای په‌رستن له cultus گیراوه که له گه‌ڵ زاراوه‌ی culyt هاوواتایی هه‌یه. ئه‌وه‌ی که دواتر له زمانه ئه‌ورووپیه‌کاندا په‌ره‌ی سه‌ند، هه‌مان واتایه‌ک بوو که له زاراوه‌ی کشت‌وکاڵدا بوو، واته: cultura، هه‌رچه‌ند ئه‌م زاراوه‌له سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاسـتدا بـه واتـای په‌رستن و عیباده‌تیش به‌کار براوه. له زۆربه‌ی زمانه ئـه‌وروو‌پییـه‌کانـدا ئـه‌م زاراوه هێشتا هه‌مان واتا سه‌ره‌تاییه‌که‌ی خۆی پاراستووه؛ بۆ وێنـه لـه زمـانی رووسیدا به واتای په‌روه‌رده کردنی روه‌ک و گیا به‌کار ده‌برێ. واتای کولتـوور تا سه‌ده‌کانی شازده و حه‌ڤده، واتایه‌کی پراکتیسی بـووه، بـه‌ڵام پـاش ئـه‌وه ده‌بینین که واتایه‌کی ئینتزاعی ده‌گرێتـه خـۆ و لـه نێـو نووسـراوه هـزری و فه‌لسه‌فییه‌کاندا جێی خۆی ده‌کاته‌وه (پهلوان؛ ۱۳۸۷).

پێناسه‌یه‌کی گشتگیر که په‌سندی هه‌مـوو کـه‌س بـێ، بـۆ ئـه‌م زاراوه‌یـه ره‌نگه کارێکی ئه‌سته‌م و دژوار بێ. به‌ڵام ئـه‌و پێناسـانه‌ی کـه کـراون، هـه‌ر یه‌که‌و له بارێکه‌وه ره‌نگه بتوانن به که‌ڵک بن.

له فه‌رهه‌نگی زاراوه‌کانی زانسته کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کانی گولد و کرایبدا له زمان

کرۆبێر و کلۆکهۆنەوە دەگێڕێتەوە کە: «کولتوور بریتیە لە هەندێ میتۆدی ئاشکرا و پیوار لە هەلسوکەوت و بۆ هەلسوکەوت کە بە هۆی سیمبۆلەکانەوە دێتە دی و رادەگوێزرێ، ئەو سیمبۆلانە باس لە دەسکەوت و دەسکردە جیاوازەکانی مرۆڤ دەکەن. کاکڵەی سەرەکی کولتوور بریتیە لە بیرو باوەڕە سوننەتییەکان (واتە سەرچاوەی وەرگیراو و هەڵبژێردراو لە مێژوو) و بەتایبەت ئەو بەهایانەی پێوەندیيان پێیەوە هەیە. سیستەمە کولتوورییەکان دەکرێ لە لایەکەوە بەرهەمی کردە و لە لایەکیترەوە بە مەرجدار کردنی کردەی دوایی بزانرێن» (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

هەموو کۆمەڵناسان لەم راستییە ئاگادارن کە ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی بیرو بۆچوونی بنەمایی و هاوبەشن کە لە رێی ئەو بۆچوونەوە جیهانی دەورو پشتی خۆیان پێناسە دەکەن و «چاک» و «خراپ» لەیەک جیا دەکەنەوە و بۆ دەسکرد و کردەکانی خۆیان واتا دەبیننەوە. بۆ زۆربەی ئەم کۆمەڵناسانە لە شوێنێکدا کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە ئامرازەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کولتوور باس لە بۆچوونە سیمبۆلیکەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی دەکات (*Wuthnow,R; 1987*- وەرگیراو لە: عضدانلو: ۱۳۸۴). کولتوور پلان و نەخشەی ژیانە و تەنیا پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە.

هەموو گیاندارێک بۆ مانەوە و ژیانی خۆی نەخشە و پلانێکی هەیە، بۆ بە دەست هێنانی خۆراک و پاراستنی گیانی خۆی لە دوژمنانی لە هەندێ شێوازی تایبەتی خۆی کە بە شێوەی خۆڕسک و غەریزی فێریان بووە، پێڕەوی دەکات. بەڵام مرۆڤ رەنگە تەنیا گیاندارێک بێ کە بۆ مانەوە و ژیانی خۆی لە شێوازی چاندی بەهرە وەردەگرێ. ئەوەی چاند لە میتودەکانیتری ژیان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە چاند لە رێی فێرکارییەوە پەرە دەستێنێ. مرۆڤ فێر دەبێ و لە بیرو هۆشی بەهرە وەدەگرێ. رەنگە مرۆڤ تەنیا

ئاژەڵێک بێ کە پاش بە دونیا هاتن، زۆر لاواز و بێهێزە و بەبێ یارمەتی کەسانیتر ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدا. هەروەها دیسان لە پێوانە لە گەڵ ئاژەلانیتر، مرۆڤ هەم توانی بۆ فێربوون زۆرترە و هەمیش زۆرتر پێویستی بە فێربوونە. بۆ وێنە، جوانوویەک کە دێتە دونیا، پاش یەک دوو کاتژمێر دەتوانێ لە سەر پێی راوەستێ و غار بکا و بۆ پاراستنی خۆی جووتە باوێژێ؛ ئەم هەڵسوکەوتانە، نە لە سۆنگەی فێرکارییەوە بەڵکوو بە هۆی غەریزە و ژنتیکەوە فێر بووە و بەو چەشنەی کە بۆی رەچاو کراوە دەبزوێتەوە. بە پێچەوانەی جوانوو، منداڵی مرۆ بێهێز و وزەیە و پێویستی بە یارمەتییە. منداڵی مرۆڤ بێجگە لەوەی کە توانی زۆر کەمە، لە باری ئەو میتۆدانەوە کە بۆ ژیان و مانەوە پێویستین زۆر ناتوان و هەژارە. بۆ ژیان دەبێ شتی زۆر فێر بێ. دەبێ فێر بێ کە چ شتێک مەترسیدارە و چلۆن دەتوانێ خۆی لە مەترسی بپارێزێ. دەبێ لێهاتوو و شارەزایی و زانستەپەسندکراوەکانی ئەو کۆمەڵگای کە بڕیارە تێیدا بژی فێر ببێ. دەبێ رێگای ژیان فێر بێ. لە باری کۆمەڵناسیوە مرۆڤ دەبێ کولتووری کۆمەڵگای خۆی فێر بێ. مرۆڤ ناتوانێ تەنیا بە هۆی وزەبیۆلۆجیکییەکانیەوە بگەشێتەوە و بەرەو تەواوتر بوون بڕوا. گەشەی مرۆڤ بەستراوە بە **بەکۆمەڵایەتی بوونیەوە**. کەواتە، یەکێک لە ساکارترین پێناسەکانی فێربوونی کولتوور، ئەوەیە کە کولتوور بریتییە لە فێربوونی شێوازی ژیان: کۆمەڵە خوو و خدە و رەوشتێک کە مرۆڤەکان فێری دەبن، لە گەڵ کەسانیتر ئاریکاری دەکەن، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکیتری رادەگوێزنەوە. کولتوور رێنومای ژیانە. بەم پێیە کولتوور خاوەن دوو تایبەتمەندی سەرەکییە: ١) بە هۆی فێرکارییەوە دەگوازرێتەوە، ٢) هەمان کارێکە کە ئەندامانیتری کۆمەڵگاش جێبەجێی دەکەن. بەبێئەم دوو تایبەتمەندییە کۆمەڵگای مرۆیی نایەتە دی.

کولتووری ئارمانجی/ ideal cultural

بە گشتی، جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەو شتەی کە مرۆڤەکان بیری لێ دەکەنەوە و ئەو شتەی لە واقیعدا ئەنجامی دەدەن. واتە، ئامانجێک کە خەڵک باوەڕیان پێیە، جیاوازی زۆری هەیە لە گەڵ ئەو شتەی یا ئەو کارەی کە دەیکەن. کولتووری ئامانجی بریتیە لەو بەها و نۆرمانەی کە خەڵک بە راشکاوی باوەڕیان پێیە و ئەمەگداری خۆیانی پێ دەردەبڕن. ئاکامی پێکدادنی کولتووری ئامانجی و کولتووری واقیعی دەتوانێ ببێتە دژایەتیگەلی روون و ئاشکرا. بۆ وێنە، زۆربەی خەڵکی ولاتانی پیشەسازی بایەخێکی زۆر دەدەنە تەندروستی و لە راستیدا لەش‌ساغی بە بەهایەک دەزانن و سالانە میلیاردها دۆلار پارە بۆ بەشی تەندروستی کۆمەڵگا تەرخان دەکەن (کولتووری ئامانجی). بەلام هاوکات لە گەڵ ئەوەزۆربەی خەڵکی لەو ولاتانەدا دەست دەدەن لە هەندێ کار کە تەندروستیان تووشی مەترسی دەکات؛ وەکوو خواردنەوەی ئەلکۆل، کێشانی جگەرە و مادە سڕکەرەکان (کولتووری واقعی). خەڵکی لە زۆربەی قسەکانیاندا دان بەم راستییەدا دەنێن کە «راستی باشترین سیاسەتە» (کولتووری ئارمانجی)؛ کەچی کاتێ لە گەڵ یەکتر مامەڵە دەکەن دەڵێن «کار و دۆستایەتی دوو تەوەری جیا لە یەکن» (کولتووری واقیعی). لە ولاتانی خۆماندا زۆربەی خەڵکی کە بڕوایان بە ئیسلام هەیە، دەڵێن «خواردنەوەی ئەلکۆل حەرامە» (کولتووری ئارمانجی)؛ کەچی زۆربەیان لە تەنیاییدا و بەدوور لە چاوی خەڵکی دەخۆنەوە و لە لای خەڵکدا دان بەم کارەیان نانن (کولتووری واقیعی).

کولتووری هەژاری/ culture of poverty

سەرەتا ئۆسکار لیویس ئەم زاراوەیەی داهێناوە. لیویس هاوکات لە گەڵ

لێکدانەوە و وردبوونەوەلە ژیانی خەڵکی زۆر هەژاری ئەمریکای لاتین، بەم دەرەنجامە دەگات کە: لەو دەمەوە کە خەڵکی ئەم وڵاتانەلە باری ئابوورییەوە خرانە پەراوێز، راهاتن کە خۆیان لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێنن و ئەم خۆگونجانەیان لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی‌تر راگواستەوە. بەڕای ئەو، کولتووری هەژاری کارلێکی هەژارانە لەبەرانبەر شوێنگەیەک کە لە پەراوێزی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەیانە. «ئەم کولتووە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی‌تر رادەگوێزرێتەوە. ئەم کولتوورە هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە یارمەتی منداڵان دەدات تا فێر بن کە چلۆن دەتوانن کێشەکانی هەژاری خۆیان چارەسەر بکەن، کاریگەرییەکی نیگەتیڤی بە سەریاندا هەیە کە بریتیە لە بەربەست بوون لە بەرانبەر چالاکی و کۆشەوە بۆ بەشداری لە کێبەرکێ و چاولێگەرییەک کە دەبێتە هۆی دەرباز بوون لە دەست هەژاری لەنێو وڵاتانی سەرمایەداریدا» (مور؛ ١٣٧٦).

کۆلۆنیالیسم / colonialism

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بە ژێردەست بوون و کۆیلەیی کۆمەڵگا، وڵات یان نەتەوەیەک کە لە باری رامیاری، ئابووری و کولتوورییەوە لە ژێر دەسەلاتی کۆمەڵگا یاخۆ نەتەوەیەکی‌تردایە. کاتێ ئەم زاراوەیە بە کار دەبرێ کە وڵاتی داگیرکەر یەک لە وڵاتانی ئەورووپا یان ئەمریکای باکوور بێ (عضدانلو، ١٣٨٤).

ئەم پێناسە لەم سێ خاڵەدا شرۆڤە دەکرێ:

١) مێژووی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە دەگرێتەوە بۆ سەرەتای ١٩٥٠. ترۆمن لە نووسینی «بەرنامەی بنەمای چوارم»دا زاراوەی کۆلۆنیالیسمی بە کار هێناوە. بەڵام لە ١٩٤٩دا کاتێ ئەم بەرنامەیەی رادەگەیاند، ئاماژەیەکی بەم زاراوەیە نەکردووە، بەڵکوو بە جێی ئەوە ناوی ئەمپریالیسمی هێناوە.

لە ۱۹٥۲دا لۆرد هیلی نووسی: «وادیارە كۆلۆنیالیسم زاراوەیەكە كە هەنووكە لە لایەن یەكە نەتەوەییە بێهێزەكانەوە بەكار دەبرێ تا هەرچەشنە هەڵسوكەوتێ كە لە لایەن یەكە بەهێزە نەتەوەییەكانەوە دژ بە قازانجەكانیان دەكرێ، روون بكەنەوە.»

۲) لە كۆنفراتنسی باندۆنگدا كە لە ئاڤریلی ۱۹٥٥دا بەڕێوە برا، سەرۆك كۆماری ئەندوونزی، سووكارنۆ، بە كۆلۆنیالیسم ئاماژەی كرد و گوتی: «كۆلۆنیالیسم لە بەرگی نوێیدا بە شێوەی كۆنترۆڵی ئابووری، كۆنترۆڵی هزری و كۆنترۆڵی جەستەیی، لە لایەن نەتەوەیەكی بچووك و بیانییەوە بە سەر نەتەوەیەكی‌تردا خۆی پیشان دەدا». لە قامووسی یاسای رووسیادا، دەڵێ كە یەكەم جار ئەم زاراوەیە لە كۆنفرانسی باندۆنگدا بەكار براوە.

۳) بازنەی پێناسەی ئەم زاراوەیە زۆر بەرفراوانتر لەوەیە كە پێشتر باسی لێ دەكرا و مەبەست لەم زاراوەیە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریكای باكوور بوون. لەم دواییانەدا كارلێكی دەسەڵاتە ئاسیاییەكانیش هاتوونەتە نێو ئەم بازنەوە. بەم بۆنەوە گۆڤاری تایمز لە زمان سەرۆك وەزیرانی پاكستانەوە ئاماژە دەكات بە «كۆلۆنیالیسمی قاوەیی رەنگی هیند» (سەبارەت بە كەشمیر) (گولد؛ ۱۳۸٤).

كۆلۆنیالیسمی نوێ/ neocolonialism

پاش شەڕی عالەمی دووەم، زۆربەی سیستەمە كۆلۆنیالیستەكان بە هۆی شۆڕش و ناڕەزایەتی شارەستانی و وتو وێژەوە لێك هەڵوەشان و كۆلۆنییەكان سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێنا. بەڵام هەندێ لەم كۆلۆنییانە پاش بە دەست هێنانی سەربەخۆیی رامیاری، بە توندی بەندیواری وڵاتانی باڵادەستیان بوون. كۆمەڵناسان ئەم بەندیوارییە نوێیە -كە زۆرتر بەندیواری ئابوورییە- بە كۆلۆنیالیزمی نوێ ناو دەبەن. بە گوێرەی ئەو

کۆلۆنیالیسمی نوێ

پێناسەی کە ئەندرۆ ڤێبستەر لە کۆلۆنیالیسمی نوێی کردووە، کۆلۆنیالیسمی نوێ شێوازێکی نوێیە کە لە دەرەوەدەسەڵاتی ئابووری-رامیاری خۆی بە سەر وڵاتانی‌تردا دادەسەپێنێ و ناڕاستەوخۆ چاودێرییان لێ دەکا (*Webster, A; 1990:79*). بۆ نموونە، وڵاتی فەرانسە هێشتا دەسەڵاتێکی زۆری بە سەر هەندێ لە وڵاتە ئەفریقییەکانەوە -وەکوو کامرۆن، چاد، کۆماری ئەفریقای ناوەندی، نیجریە و ...- هەیە. بەر لە شەڕی دووەم، هەمووی ئەم وڵاتانە لە ژێر دەسەڵاتی فەرانسەدا بوون، کەچی ئێستا زۆربەیان تووشیاری قەیرانی ئابوورین. هەندێک لەم وڵاتانە هێشتا پارەی فەرانسی ئاڵوگۆڕ دەکەن و پێوەندی رامیاری، ئابووری، سەربازی و کولتوورییەکی نزیکیان لە گەڵ فەرانسەدا هەیە (*Ungar, S. J; 1989: 342*). هەرچەن ئەم جۆرە پێوەندییە، شێوازی نوێی کۆلۆنیالیسمە و شەڕەقسە و وتو وێژی زۆر بۆ چارەسەر کردنی کراوە، بەڵام نە فەرانسە و نەهیچ وڵاتێکی‌تر کۆشەوەیەکی بۆ گۆڕانی ئەم بارودۆخە نەکردووە. هەندێ لەم وڵاتانە زۆر هەژارن و خوازیاری ئەوەن کە فەرانسە یارمەتییان بدات. فەرانسەش ئەم ئەرکەی خستۆتەئەستۆی خۆی تا یارمەتی کۆلۆنییەکانی پێشووی بدات. ئەمە پیشان دەدات کە بناغەی پێوەندی نێوان وڵاتە پیشەسازییەکان و وڵاتانی «جیهانی سێیەم» لە سەر کۆلۆنیالیسمی نوێ بنیات نراوە.

هەرچەند پێوەندی نێوان فەرانسە و وڵاتە ئەفریقییەکان، پێوەندییەکی نوێی کۆلۆنیالیستییە، بەڵام چونکە ئەم وڵاتانە پێویستیان بە پێوەندی و یارمەتی فەرانسە هەیە، ناتوانین ئەم پێوەندییە بە چەوساندنەوەی وڵاتە ئەفریقییەکان بزانین. پێوەندی نوێی کۆلۆنیالیستی دەتوانێ پێوەندییەکی چەوسێنەرانە بێ، ئەوەش لە کاتێکدا کە وڵاتان یاخۆ سەرمایەداران بۆ قازانجی زۆرتر و بە بیانووی یارمەتی گەیاندن بە وڵاتانی دواکەوتوو، بیانەوێ لە باری رامیاری و ئابوورییەوە دەست بە سەر وڵاتە دواکەوتووەکاندا بکێشن.

وەکوو کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە ناوی کۆمپانی یەکیەتی میـوە(United Fruit Company) کە لە ولاتانی پاناما، هینـدوراس و کاسـتاریکادا دەسـتی داوە بـە چەوساندنەوەی ئەم ولاتانە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئـەم کۆمپانیـا تـوانی بـەڵـگەنامـەی رەسمـی لـەم ولاتانـە وەربگـرێ و بـەرهـەمهێنـان و دابەشکردنی مۆزی ئەو ولاتانە بێنێتە ژێر پـاوانی خـۆی. لـە رواڵـەتـدا ئـەم شەریکە زەوینە باهێرەکانی ئەم ولاتانەی بووژاندەوە و بـەنـدەر و بـازێری بـۆ کردنەوە و هێڵی ئاسنی لە نێوان ئەم شارانەدا بۆ دروست کردن، کەچـی لـە راستیدا مەبەستی سەرەکی ئەم شەریکەیە لەم هەموو پارە خەرج کردنە ئەوە بوو کە بتوانێ بە هۆی هێڵی ئاسن و گەمیەوە، مۆزی ئەم ولاتانـە بنێـرێ بـۆ ئەمریکای باکوور. ئەم کۆمپانیایە نە تەنیا هەنگاوێکی بۆ سـەربـەخـۆیی ئـەم ولاتانە هەڵنەگرت، بەڵکوو بۆ پاراستنی مافی خـۆی، حکوومـەتـەکـانی ئـەم ولاتانەی هێنایە ژێر چاودێری و رکێفـی خـۆی (*Skidmore, T. E; and P. H. Smith, 1989: 310*). ئەم نموونە پیشان دەدات کە چلۆن کۆمپانیا چەن نەتەوەییەکان دەتـوانن بـۆ پاراسـتنی مافـەکـانی خۆیـان دەسـت بـە سـەر ولاتانیتردا بکێشن.

mass / کۆمەڵ

کۆمەڵ بریتیە لە تاقمێک بە وێکچوونێکی زۆر و پێوەندی فراوان و زۆرتـر نارەزا و دەم بە جنێو. زۆرتر وایـە کـە هـەمـوو ئـەنـدامانی کۆمـەڵ پێکـەوە پێوەندی نزیکیان نییە، بەلام هەندێ جار بەشێکی گەورە لە کۆمـەڵـێک لـە شوێنێکدا کۆوە دەبن. کۆمەڵێک کە ئەنـدامانی لـە شـوێنێکدا کـۆوە دەبـن، کۆمەڵی کۆما بەستوو و بە پێچەوانەی ئەمەش، واتە کۆمەڵێک کە ئەنـدامانی کۆوە نەبووبێتن، کۆمەڵـی بلاویـان پـێ دەڵـێن. بێکـارانی شـار، هـەژارانی ولاتێک، نموونەیەکن لە کۆمـەڵ. وشـەی کۆمـەلان (masses) بریتیـە لـە

زۆرینەی هەژارانی شار، وڵات یان هەموو دونیا (آگبرن و نیمکوف؛ ١٣٥٢).

کۆمەڵگا / society

تا ئێستا پێناسەیەک لە کۆمەڵگا نەکراوە کە هەمووان دانی بەسەردا بنێن و پەسندی بکەن، چونکە هەریەک لەسێ کارە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا ئاماژە بە ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن:

١) کۆمەڵگا لە بەرفراوانترین واتایدا ئاماژە دەکات بە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان. ٢) هەر کۆمەڵەیەک لە خەڵکی -لە ژن و مێرد و هەموو تەمەنەکان- کە لە گرووپێکی سەقامگرتوو و خاوەن دامەزراوە و کولتووری تایبەت بە خۆدا کۆوە بن، دەتوانین کۆمەڵگایان پێ بڵێین. کۆمەڵگا لەم واتایەدا بە هۆی سنوورەوە لێکتر جیا دەبنەوە. ٣) لە پێناسەیەکیتردا دەڵێن کۆمەڵگا بریتیە لە دامەزراوە (ئەنستیتۆ) و کولتووری تاقمێکی تایبەت و تا رادەیەکی زەق و بەرچاو لە ژن و پیاوی هەرتەمەنێک. لە نێوان پێناسەی دووەم و سێیەمدا وێکچوونێکی ئاشکرا هەیە، چونکە هەردوو پێناسە بە دوو بابەتی سەرەکی و یەکگرتووی کۆمەڵناسی ئاماژە دەکەن: یەکەم ئەوەی کە خەڵکی لە هەموو شوێنێکدا بەکۆمەڵ دەژین، دووەم ئەوەی کە وان لە ژێر کاریگەری نۆرم و بەهای هاوبەشدا.

تا ئەو کاتەی کە کۆنت و سپێنسێر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ویستیان کۆمەڵناسی وەکوو زانستێکی جیاواز بنیات بنێن، کۆمەڵگا زۆرتر بریتی بوو لە ئاپۆرەی خەڵکی کە دەکرا تایبەتمەندییە بەکۆمەڵەکەیان لە سروشتی سەرەکی مرۆڤەوە بزانرێ. بەڵام هەم کۆنت و هەمیش سپێنسێر رایان وابوو کە کۆمەڵگا بە تەنیا «ناوێکی بەکۆمەڵ بۆ تاقمێک لە خەڵکی» نییە، بەڵکوو «بوونێکی» سەربەخۆ و جیاواز لەو تاکانەیە کە پێکیان هێناوە. هەرچەن کەسانێک بەردەوام ڕەخنە دەگرن و دەڵێن کە کۆمەڵگا

دیاردەیەکی دەروونییە کە دەبێ بە گوێرەی دەروونناسی تاک راڤە بکرێ، بەڵام بیردۆزی کۆمەڵگا وەکوو راستییەکی تایبەت، بەردەوام وەکوو پرسێکی ئەقڵانی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانەدا جێی خۆی کردەوە. کۆمەڵناسان، تەنانەت کاتێک کە دانیان بەسەر ئەم پرسەدا نا، لە پێناسەی واقیعی کۆمەڵگادا هاودەنگ نەبوون (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

مارکس، زاراوەی کۆمەڵگا لە سێ واتای لێکتر جیاوازدا بەکار دەبات: یەکەم: کۆمەڵگای مرۆیی یان «مرۆڤی بە کۆمەڵایەتی بوو»، دووەم: جۆرەکانی کۆمەڵگا (وەکوو کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری و سوشیالیستی)، سێیەم: هەر کۆمەڵگایەکی تایبەت (وەکوو رۆمی کەونارا یان فەرانسەی مۆدێرن) (باتامور، کیرنن، میلیبند؛ ١٣٨٨).

کۆمەڵگا لە گشتیترین واتایدا ئاماژە دەکات بە مرۆڤایەتی یان بە گشتی هێمایەکە بە جۆری مرۆڤ، یان باس لە راستەقینەی سەرەکی یەکگرتوویی مرۆیی دەکا. گینزبێرگ و مەک ئایڤێر و پارسۆنز لە یەک کاتدا گوتوویانە کە کۆمەڵگا ئاماژە دەکات بە «سەرجەمی چن»یان «سەرجەمی شێوازی ئاڵۆز»ی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

کۆمەڵگا لەم واتا گشتییەیدا لە کۆمەڵگایەک یان ئەنجومەنێک (بە گوێرەی گوتەی مەکئایڤێر) جیا دەکرێتەوە، زاراوەیەک کە دواتر بە شێوەگەلی جۆراوجۆر پێناسە کرا. سپێنسێر زاراوەی کۆمەڵگای، بۆ باس لە کۆمەڵێکی رێکخراو، واتە گرووپێک لە تاکەکان کە بە هۆی پێوەندیگەلی هاریکاریوە کۆمایان بەستووە، بەکار دەبرد. سامنێر و کلێر بە پێڕەوی لە سپێنسێر، کۆمەڵگا بە «گرووپێک لە تاکە مرۆییەکان کە بە مەبەستی دابین کردنی بژیو و سەقامگیر کردنی جۆری پێوەندییەکان پێکڕا هاریکاریان هەیە» پێناسە دەکەن. کۆمەڵناسانیتر کە کۆمەڵگا بە کۆمەڵەیەک دەزانن، لە سەر هاریکاری جەخت ناکەن. بۆ وێنە، لینتۆن بەم چەشنە کۆمەڵگای

پێناسە دەکرد: «گرووپێک لە خەڵکی کە ئـەوەنـدە پێکـرا ژیـاون و کاریـان کردووە کە بوونەتە وەکوو ڕێکخراو و یەکەیەکی کۆمـەڵایـەتی زۆر ئاشـکرا و دیار». لە زۆربەی پێناسەکاندا جیاوازی نێوان کۆمەڵگا و گرووپەکانی‌تر لەبەر چاو نەدەگیران. بەم بۆنەوە گیـنزبێـرگ کۆمـەڵـگا بـە «کۆمـەڵـەیـەک لـە تاکەکان» دەزانێ کە «هۆی یەکیەتیان، بوونی پێوەندی و هەڵس‌وکەوت لـە گەڵ یەکترە. هەروەها ئەم شێوەی هەڵس‌وکەوت و پێوەندیانە دەبنـە هـۆی جیابوونەوەی ئەم تاکانە لەو کەسانەی کە نین لە نێو ئەم بازنەیەدا». زیمێـل کۆمەڵگا بە «ژمارەیەک لە تاکەکان دەزانێ کە بە هـۆی کارلێکـەوە، پێکـەوە پێوەندییان هەیە».

بۆ ئەوەی خوێنەر نەکەوێتە نێو بازنەی ئەم پێناسانەی کـە کۆمـەڵـگا لـە گەڵ هەر گرووپێکی‌تری کۆمەڵایەتی بە یەکێک دەزانن، ئەم پێناسە ئاراستە دەکەین کە: «بەرفراوانترین گرووپێک کە تاک پێوەنـدی لـە گـەڵ هـەیـەو تێیدا بەشدارە»، یان ئەو گرووپەی کە «ئەنـدامانی بـۆ بـەدیهێنـانی بـەشـە سەرەکیەکانی و هەل‌ومەرجی ژیـانی هاوبـەش، تێیـدا بـەشـدارن» دەبێتـە کۆمەڵگا. لەم ڕوانگەوە کۆمەڵگا بریتیە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لـەو گرووپانـەی کـە پێکڕا پێوەندییان هەیە و لە نێـو یـەکـدا تێکـەڵاون. ئـەم گرووپانـە پێکـەوە کۆمەڵگایەکی بەرفراوانتر پێکدێنن؛ ئەم کۆمەڵە بەرفراوانە لـە کولتـوورێکی هاوبەش و سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا هاوبەش پێک‌هاتوون (گولـدو کولـب؛ ١٣٨٤).

کۆمەڵگای ئایینی / ecclesia

ئەم واتایە لە ئاتنی کەونارادا بە واتای کۆڕی ڕامیـاری یـان شـوێنی کـۆوە بوون بەکار دەبرا. کۆمەڵگای ئایینی ڕێکخراوێکی دینی شارەزا و ڕاهاتووە کە بە هۆی زنجیرە پلەو پاگەیـەک لـە بـەرپرسـە ئاینییـەکانـەوە ڕێبـەرایـەتی

دەکرێ. ئەم دامەزراوانە پێیان وایە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا ئەندامی ئەوانن. ئەندامێتی لەم کۆمەڵگایانەدا بە ویستی خودی تاک نییە، بەڵکوو یاسایە و نابێ تاک خۆی لێ ببوێرێ. بەم بۆنەوەی هەڤبەندییەکی (هاوپەیمانی) بەرچاو لە نێوان دامەزراوەی ئایینی و بەرپرسانی رەسمی دەوڵەتیدا دێتە دی و ئەم دامەزراوانە دەکاتە، رێکخراوێکی ئایینی رەسمی دەوڵەتی. ئەم دامەزراوە لە بریتانیادا لە ژێر ناوی کلیسای ئەنگلیکان (Anglican Church)، لە فەرانسەدا بەناوی کلیسای کاتۆلیکی رۆم (Roman Ctholic Church)، لە سویددا بە ناوی کلیسای لۆترییەکان (the Lutheran Church) بەدی هاتوون. ئەمڕۆکەش ئیسلام ئاینیی رەسمی ولاتانی مالزی، بەنگلادیش، ئێران و سعوودییە و یاساکانیان لە سەر بنەمای ئیسلامی دادەڕێژرێ.

گەر لە کۆمەڵگایەکدا ئاوەها دامەزراوە و رێکخراوێک هەبێ، تاکەکان لە نێو ئەم دامەزراوەدا دێنە دونیاوە و ئەوانەی تازە دێنە نێو ئەم کۆمەڵگا، ئایینی خۆیان دەگۆڕن و دینی ئەو کۆمەڵگا قەبووڵ دەکەن. رەنگە لەم کۆمەڵگایانەدا ناتەباکان بکوژرێن، کۆچ بکەن، یان لە نێو کۆمەڵگادا بخرێنە پەراوێزەوە. ئەم دامەزراوە ئاینییانە پێیان وایە کە گەیشتوونەتە باوەڕی راستەقینە، بەم بۆنەوە دان بە ئایینەکانیتردا نانێن. هەروەها لە بیچمی رادیکاڵدا، راستەوخۆ هەموو رەهەندەکانی ژیانی تاک دەخەنە ژێر چاودێری. لەم کۆمەڵگایانەدا، کەسانێک وەکوو مەلا و ئاخوند و موفتی، بەرپرس یان چاودێری تۆمارکردنی یاسان؛ دەڵێن کە یاسا بە گوێرەی پێوەرە دینییەکان تۆمار دەکرێ. حوکمە دینییەکان بۆ کار و باری کۆمەلایەتی بەکار دێنن؛ بۆ وێنە: دەسەلاتداران بۆ سەرکوت کردنی ئەو کەسانەی خوازیاری دابین کردنی ژیانێکی ئازادن، حوکمی شەڕ لە گەڵ کافر و لاڕێ و مورتەد دەردەکەن. بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکانیان حوکمی جیهاد

دەردەکەن و... .

کۆمەڵگای چینایەتی / class society

بریتیە لە کۆمەڵگایەک کە جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان چین و توێژەکانیدا هەیە. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، هەر چینێک خاوەنی تایبەتمەندی کولتووری و ئابووری تایبەت بە خۆیە (شێوازی باوەڕ و بەها و هەڵسوکەوتەکان). بەم بۆنەوە لە ناو کولتووری گشتی کۆمەڵگادا وردە کولتوورگەلێک دێنە دی و سەرهەڵدەدەن.

کۆمەڵگای زانیاری / information society

هەندێ لە بیرمەندانی کۆمەڵایەتی رایان وایە کە مرۆڤ لە ئاسانەی شۆڕشێکی تردایە؛ شۆڕشێک کە بایەخی کەمتر لە شۆڕشی جووتیاری و پیشەسازی نییە. بە بڕوای دانییل بێل، تیکنۆلۆجیای نوێ، بنەما و بناغەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەدەات و دەبێتە هۆی گەشە و فراژوو بوونی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو پێیان دەڵێ کۆمەڵگای پاش‌پیشەسازی یان کۆمەڵگای زانیاری. کۆمەگا پیشەسازییەکان بناغەیان لە سەر بەرهەمهێنانی کاڵا دارێژراوە. سەرەچاوە و کانە سەرەکییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لە سەرمایەگەلی فیزیایی وەکوو بەرد، کانزا و هێزی کار پێک دێت. زۆرترین هێزی کار بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا تەرخان دەکرێ و خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی دەسەڵاتی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆکە ئەم تایبەتمەندیانە، گۆڕانێکی گەورەیان بە سەردا هاتووە و کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دەرگاکانیان بۆ کەمەڵگایەکی نوێ ئاوەڵا دەکەن کە دەنییل بێل ناوی کۆمەڵگای زانیاری بە سەردا داناوە. کەڵکەڵەی کۆمەڵگای زانیاری، دابین کردنی خزمەتگوزارییە. سەرچاوە و کانی

سەرەکی ئەم کۆمەڵگایانە، سەرمایەی مرۆییە (زانست و زانیاری و ئەزموون). زۆرترین هێزی کار لەم جڤاکانەدا بۆ توێژینەوە و ئامادەکردنی خزمەتگوزاری (وەکوو تەندروستی یان پەروەردە) تەرخان دەکرێ. بە پێچەوانەی جڤاکە پیشەسازییەکان کە خێوەتی کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی دەسەڵاتدار بوون، لە کۆمەڵگا زانیارییەکاندا زانست سەرچاوەی دەسەڵاتە. جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگای پیشەسازی و زانیاری بەم چەشنەیە:

کۆمەڵگا پیشەسازییەکان

١- دامەزراوەی ئابووری= بەرهەمهێنانی کاڵا و شتمەکی پێویست

٢- دابەش‌کردنی کار= کرێکاران و بەڕێوەبەران

٣- سەرچاوەی کلیلی= کۆنترۆڵی وزە

٤- سەرچاوەی دەسەڵات= کۆنترۆڵی سەرمایە و هێزی کار

٥- بڕیاردان= دەم و دەس و کاتی (بڕیارەکانی بە گوێرەی ئەزموون و وتو وێژە نارەسمییەکانەوە دەدرێن).

کۆمەڵگا زانیارییەکان

١- دامەزراوەی ئابووری= خزمەتگوزاری و ڕاگەیاندنی زانیاری

٢- دابەش‌کردنی کار= کرێکارانی تەکنیکی و پسپۆڕ

٣- سەرچاوەی کلیلی= زانستی هزری

٤- سەرچاوەی دەسەڵات= کۆنترۆڵی تیکنۆلۆجی و هەڵسەنگاندنی

٥- بڕیاردان= تیکنۆلۆجی هزری یا ڕۆشنبیرانە .

دانییل بێل پێش‌بینی دەکات کە لە جڤاکە زانیارییەکاندا، تیکنۆلۆجیایەک کە بۆ ئۆتۆماتیکی کردن و چاودێری بە سەر بەرهەمهێناندا تەرخان دەکرا، دێتە خزمەت بەرنامەڕێژی کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەی هەراو هوریای سەرەتای خولی سەرمایەداری، توانایییە تەکنیکییەکانی ئەم جڤاکانە لە خزمەت گەشە و بەربلاو کردنی

کۆمەڵگای ئەقڵانی و مرۆییدایە و ئاسانکاری بۆ ژیانی خەڵـکی، زۆرتـر لـە نیازە سەرەتاییەکان دابین دەکرێ. بە بڕوای ئەو: «ئەگەر پێـوەری پێـوانی ئاستی ژیانی خەڵکی لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بە هۆی چەندییەتی کـاڵا بەرهەمهاتووەکانەوە پێناسە دەکرێ، لە کۆمـەڵـگای پـاش پیشـەسـازیدا، چۆنییەتی ژیانی خەڵکی لـە پێوانـە دەدرێ؛ چۆنییـەتێـک کـە بـە هـۆی خزمەتگوزاری و ئاسـانکارییەکـانی تـەندروسـتی و پـەروەردە و وەرزش و هونەرەوە دەپێورێ» (*Bell, D; 1973*).

کۆمەڵناسی / sociology

کۆمەڵناسی یەکێک لە لقەکانی زانستەکۆمەڵایەتییـەکانـە کـە گـرووپ و کۆمەڵگا مرۆییەکان دەخاتە بـەر توێژینـەوە و وردبوونـەوەی سیسـتماتیک. هەروەها کۆمەڵناسی کاریگەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر ڕەفتاری مرۆڤەکاندا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم لقەی زانستەکۆمەڵایـەتیـەکـان، لـە ژیانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و هۆ و دەرەنجامی کۆمەڵایـەتی هەڵس‌وکەوتی مرۆڤەکان دەتۆژێتەوە. مەبـەسـتی کۆمـەڵناسـان، ناسـین و تێگەیشتنی پێکهاتەی گرووپ، دامەزراوە و کۆمەڵگاکانە. هەروەها دەیانەوێ بزانن کە خەڵکی چلۆن لە نێو ئـەم پێکهاتانـەدا هـەڵـس‌وکـەوت دەکـەن و کارلێکیان هەیە. چونکە هەموو هەڵس‌وکەوتەکانی مـرۆڤ، کۆمـەڵایـەتـین، بابەتی بەرباسی کۆمەڵناسی، پانتایەکی بەرفراوان دەگرێتەوە: ئەم پانتایـە لـە خێزانە بچووک و ناوکییەکانەوە بگرە تاکوو دوژمنایەتییە گرووپی و چینایەتی و نەتەوەییەکـان، لـە ڕێکخـراوە مافیاییـەکانـەوە بگـرە تـاکوو ڕێ‌و ڕەسمـە ئایینییەکان، لە ڕەگەز و وەچە و چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تاکوو باوەڕە هاوبەشەکانی نێو کولتوورێک، لە کۆمەڵناسی کارەوە بگرە تاکوو کۆمەڵناسی یاری کردن و کۆمەڵناسی خەون، هەمووی دەگرێتەوە. لـە ڕاسـتیدا پانتـای

توێژینەوە، بیردۆزدانان و بەکارهێنانی کەمتر زانستێک دەگاتە کۆمەڵناسی. بە واتایەکی‌تر دەتوانین بڵێین کە کومەڵناسی، چوارڕێیانی هەموو زانستەکانە.

ناکۆکی لە سەر چییەتی کۆمەڵناسی کە لە سەر بازنەی پرسە زانستییەکان دەسووڕێتەوە، زۆرتر باس دەکات لە سەر: ١) ئەمەی کە کۆمەڵناسی زنجیرە زانستێکی گشتگیرە یان ئەوەی کە زنجیرە زانستێکی مێژووییە؛ ٢) دروست بوونی شێوازگەلی توێژینەوە کە لە گەڵ ئەزموونی دژوار و ورد، یان نموونەگرتنی وردو تەکووزی ئاماری و لێکدانەوەی داتاکان، جیاوازی هەیە (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

sociology of religion / کۆمەڵناسی ئایین

ئایین یان دین، هەڵس‌و کەوتێکی زۆر تاکەکەسییە. ئەزموونەکانی دین، ئەزموونی تاکەکەسین؛ بە چەشنێک کە ئەزموونی ئایینی هەر تاکێک لە گەڵ تاکێکی‌تر جیاوازی هەیە و لە راستیدا لەو چوارچێوەی کە بکرێ لە سەر خودی ئایین باسی زانستی بکرێ، ناگونجێ. ئایین لە کۆنترین دیاردەکانی کۆمەڵگای مرۆییە و لە خولی جۆراوجۆری مێژووی مرۆڤیشدا کاریگەری زۆری بە سەر کۆمەڵگاکاندا بووە؛ یان کاریگەرییەکەی هان دان و بۆ پێشەوە بردن بووە، یاخۆ بۆتە کۆسپ و تەگەرەیەک لە بەرانبەر پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە. ئایین -هەروەک ئاماژەی پێکرا- ئەزموونێکی تاکەکەسییە و هەرکەس هەڵوێستی خۆی هەیە لە بەرانبەر ئایینەوە. بیرمەندان بۆ وردبوونەوە و لێکدانەوەی کاریگەری ئەم چەمکە گرینگەی ژیانی مرۆڤ، ئاماژەیان بە سێ جۆر روانین بە ئایین کردووە کە بریتین لە: روانینی سۆفییانە (ئەزموونی تاکەکەسی)، روانینی مەعریفەناسانە، روانینی کۆمەڵناسانە.

لە روانینی سۆفییانەدا، تاک خۆی دەداتە دەست ئەو هێزە سەروو سروشتییانەوە و بە گوێرەی هەڵوێست و یاساو پێوەرگەلی ئەو ئایینەوە خۆی رادێنێ. ئەم ئەزموونانە کە بۆ تاک دێنە کایەوە، تایبەت بە خودی ئەو تاکەن و ئەزموونی هیچ سۆفییەک لە گەڵ سۆفییەکی‌تر یەک ناگرنەوە؛ هەروەها رێگابڕین و پەروەردەبوون لەم رەهەندەدا پێویستی بە تەسلیم و گوێڕایەڵ بوونە. سۆفی لە سەرەتای رێگایدا دەبێ بە شمشێری پشت بەستن، سەری ئاوەز و ئەندێشەی ببڕێ و ئاوڕی لێ‌نەداتەوە. بەم بۆنەوە، بە گوێرەی پێوەرە زانستییەکان لە سەر ئەم ئەزموونانە توێژینەوە ناکرێ.

روانینی دووەم، بریتی بوو لە روانینی مەعریفەناسانە یان کەلامی و فەلسەفی. ئەم شێوازە شێوازێکی ئەقڵی تەنیایە. شێوازێک لە ناوەوەی دین بۆ چەسپاندنی راست و دروستی ئایین، یان بە پێچەوانە، بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئاینێک و چەسپاندنی ئایینێکی‌تر بەکار دەبرێ. پێوەری ئەم شێوازە، یاسا سەرووسروشتییەکانن، نەک یاسای زانستە ئەزموونییەکان. لەم روانگەدا، بابەتی سەرەکی، شەڕی نێوان خێر و شەڕە و زۆرتر هان دەدرێ بۆ ئەوەی پاکانە بۆ یاسا و پێوەرە ئاینییەکان بکرێ. زانای ئەم رەهەندە ناتوانێ گومان لە سەرچاوە و بنەما و بەها و پێوەرەکان بکات؛ هەروەها ئەرکی سەرەکی زانای ئەم بوارە لێک‌هەڵاوارنی چاکە و خراپەیە.

روانینی سێیەم، روانگەی کۆمەڵناسانە بوو. کۆمەڵناسی ئایین بۆیە سەرنج دەداتە ئایین، چونکە دین کارێکی گشتگیرە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا (لە هەر شوێنێکدا کە کۆمەڵگا هەبێ). هەروەها ئایین جۆرێک لە هەڵس‌و کەوتی گرووپییە. هەر هەڵس‌وکەوتێک کە کەمتر تاکەکەسی بێ و زۆرتر گشتی و بەردوام بێ، کۆمەڵناسان سەرنجی پێ دەدەن و دەیخەنە نێو کوورەی توێژینەوەی کۆمەڵناسانەوە (جلالی‌مقدم؛ ١٣٨٦).

رەنگە هەڵس‌وکەوتی دینی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بە گشتگیر بزانرێ.

ئەو ئاسەوارانەی کە لە مرۆڤی نیئاندرتاڵەوە دەسکەوتوون، بەڵگەن بۆ ئەو شتەی کۆمەڵناسان هەڵسوکەوتی ئایینی پێ دەڵێن. هیچ ئێتنلۆجێک دەست نەکەوتووە بۆ ڕەت کردنەوەی ئەم بۆچوونە. هەرچەند ڕاڤەی ئەم گشتگیر بوونە دژوارە، بەڵام بەڵگەی مێژوویی و ئێتنۆلۆجی بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونە لە دەستدایە. کەواتە دین وەکوو دیاردەیەکی گرینگی کۆمەڵگای مرۆیی، دەبێ بخرێتە بەر ڕاڤە و وردبوونەوە. هەرچەند کۆمەڵناسی، ئایین وەکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێ و دەست دەدا بە ڕاڤەی کاریگەری ئایین بە سەر ڕەهەندەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا.

گەر دان بەم بۆچوونەدا بنێین کە «کۆمەڵناسی ئایین» هەمان کاری کۆمەڵناسی دینە، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆرمان دەست دەکەوێ کە لە سەر ئەم تەوەرانەدا دەکۆڵنەوە: کاریگەری گشتی گرووپەکان بە سەر ئاییندا، ئەرکی ڕێڕەسمە ئاینییەکان لە نێو کۆمەڵگادا، ناسینی هەموو جۆری ڕێکخراوی ئایینی و هەموو جۆری کاردانەوە ئایینی لە بەرانبەر جیهان یان دیسیپلینی کۆمەڵایەتیدا، کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوەکانی سیستەمە ئایینییەکان بە سەر کۆمەڵگا و بەشە پێکهێنەرەکانی (وەکوو چین و گرووپە نەتەوەییەکان)، هەروەها کاریگەری کۆمەڵگا بە سەر سیستەمە هزریە ئایینییەکان، ڕاڤەی بزاڤە جۆراوجۆرە ئایینییەکان وەکوو: زانستی مەسیحی، مورمۆنخوازی، گەڕانەوەی عیسا مەسیح، گەڕانەوەی مەهدی و هتد؛ کارلێکی بەشە گرینگەکانی ئایین لە پانتای ناوچەیی یان کۆمەڵایەتیدا. ئەم سیاییە تەواو نییە و بە وردی و ڕاشکاوی تەواوەوە ئامادە نەکراوە؛ بەڵام تایبەتمەندی گشتی ئەم بۆچوونانە لە کۆمەڵناسی ئاییندا تا ڕادەیەکی بەرچاو بەڕاشکاوی پیشان دراوە (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

خاڵێک کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە بە گشتی

شارەزایانی كۆمەڵناسی ئایین كە لە گەڵ واتایەكی وەكوو كارلێكی كۆمەلایەتی كار دەكەن، لە بواری ناسینی تەوەری دین (واتە: بەشە كولتووریەكانی ئایین)، سەركەتوویییەكی بەرچاویان نەبووە و لە باری كۆمەڵناسیوە باسێكی سەرنجڕاكێشیان نەكردووە. بەشی زۆری سەركەوتن یان نەكەوتنی كۆمەڵناسی ئایین لە داهاتوودا، بەستراوە بە چۆنییەتی رووبەڕوو بوون لە گەڵ پرسی دین (گولد و كولب؛ ١٣٨٤).

كۆمەڵناسی پەروەردە / educational sociology

توێژینەوەی كۆمەڵناسی لە ساڵی ١٩١٨ەوە لە وڵاتی ئەمریكادا دەسپێكراوە. گریمانەی ئەم توێژینەوانە ئەوە بووە كە پەروەردەپرۆسەیەكە بۆ بە كۆمەڵایەتی كردن بە شێوەیەكی بەربڵاو. كۆمەڵناسی پەروەدەش لقێكە لە كۆمەڵناسی كە دەبێ ئامانج و شێوازە ئەقڵانییەكانی پەروەردە و بەشی سەرەكی زانست و تەكنیكی پێویست بۆ ماموستایان و توێژەرانی پەروەردە دابین بكات. لەم رووەوە براون لە زمان دادسۆنەوە دەڵێ: «كۆمەڵناسی پەروەردە سەرنجی تایبەت دەداتە سەرجەمی ژینگەی كولتووری؛ چونكە ئەزموون لە ناو و بە هۆی ئەوەوە دێتە دی. ئەم لقە سەرنج دەداتە قوتابخانە و كێشەكانی، بەلام بە بەشێكی بچووك لە گشت(كل) دەزانرێ. كۆمەڵناسی، هۆگری گەیشتن بە وەلامی ئەم پرسەیە كە بۆ گەیشتن بە كەسایەتییەكی سەرتر و پەرەدان بەو كەسایەتییە دەبێ چلۆن پرۆسەی پەروەردە رێكوپێك و ئامادە بكرێ. سەبارەت بە كۆمەڵناسی پەروەردە زۆر بە چاكی تێگەیشتوون كە دەڵێن بریتیە لە هەر چەمكێكی كۆمەڵناسی كە پێوەندی بێ بە پرۆسەی پەروەردە و بەكۆمەلایەتی كردنەوە. هەروەها هەر بابەتێك لە پەروەردەو بەكۆمەلایەتی بووندا كە پێوەندی بە كۆمەڵناسییەوە بێ» (گولد و كولب؛ ١٣٨٤).

کۆمەڵناسان لە پێناسەی پەروەردەدا سەرنج دەدەنە هەموو لایەن و ڕەهەندەرەسمی و نارەسمی و پێکهاتەیی و ناپێکهاتەییەکانی پەروەردە. یان هەر بەو چەشنەی کە بێژرا، پەروەردە هەمان بەکۆمەڵایەتی کردنە. کۆمەڵناسانی پەروەردە بێجگە لەتوێژینەوە لە سەر سیستەمی فەرمی پەروەردە، هۆگری توێژینەوە لە سەر لایەنە نارەسمییەکانی فێرکارین. دەیانەوێ بزانن کە منداڵ بەر لە ڕۆیشتنە نێو قوتابخانە، چ شتێک فێر دەبێ. چلۆن گرووپی هاوساڵان بە سەر سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی منداڵ لە پێکهاتەی ڕەسمی سیستەمی پەروەردەدا کاریگەر دەبێ. دەتوانین بڵێین کە پەروەردە ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە کە لە لایەکەوە لە گەڵ چۆنییەتی مرۆیی و گەشەی کەسایەتی تاکدا پێوەندی هەیە و لە لایەکی ترەوە بەندیوارە بە هەر جۆرە بزاوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە (گلشن‌فومن؛ ١٣٧٥).

بە سەرنجدان بە بەرفراوان بوونی تەوەرەکانی کۆمەڵناسی پەروەدە، دەکرێ ئەم بەربلاویە بەم چەشنە لێک جیا بکرێنەوە:

١) پێوەندی سیستەمی پەروەردە لە گەڵ دامەزراوەکۆمەڵایەتییەکانی‌تر: ئەم بەشە لە کۆمەڵناسی پەروەردە، خۆی چەن بەشی لاوەکی‌تری لێ دەبێتەوە: ئا: پێوەندی سیستەمی پەروەردە لە گەڵ پرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان، یان پاراستنی بارودۆخی هەنووکەیی؛ ب: کاریگەری سیستەمی پەروەردە لە پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی؛ پ: کاریگەری سیستەمی پەروەردە لە پرۆسەی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی؛ ت: پێوەندی پەروەردە لە گەڵ چینی کۆمەڵایەتی، ج: پێوەندی سیستەمی پەروەردە لە گەڵ بیری گشتی.

٢) کولتووری قوتابخانە و پێوەندیی مرۆیی تێیدا: بەشی دووەمی کۆمەڵناسی پەروەردە کە سەرنجێکی ئەوتۆی پێدراوە، بریتیە لە ڕاڤەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناو قوتابخانە. میتۆدەکولتوورییەکانی نێو قوتابخانە، جیاوازییەکی

زۆری لە گەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیتر هەیە. توێژینەوەی زۆر سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتی نێوان تاکەکان لە نێو قوتابخانەدا بەڕێوە براوە. لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بەم بابەتانەبکەین: یەکەم چۆنییەتی کولتووری قوتابخانە و جیاوازی لە گەڵ کولتووری دەرەوەی قوتابخانە، دووەم، چۆنییەتی شێوازی پۆلێن کردن لە ناوەوەی قوتابخانە، سێیەم پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، چوارەم راڤەی تۆڕی گرووپی دۆستەکان و پێکهاتەیان لە ناوخۆی قوتابخانەدا، پێنج شێوازی ڕێبەرایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات لە ناو گرووپەکانی قوتابخانە.

٣) پێوەندی نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگا: سێیەمین بەش کە کەوتۆتە ناوەندی سەرنجی کۆمەڵناسان بریتیە لە: یەکەم، راڤەی شێوازی پێوەندی نێوان قوتابخانە و گرووپەکۆمەڵایەتییەکانیتر، لە بواری کاریگەری کۆمەڵگا بە سەر قوتابخانەدا؛ دووەم، لێکدانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆمەڵگا و کاریگەری ئەو دەسەڵاتە بە سەر قوتابخانەدا؛ سێیەم، لێکدانەوەی پێوەندی نێوان سیستەمی قوتابخانە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیتری نێو کۆمەڵگا.

٤) کاریگەری قوتابخانە بە سەر تاکەکانی ناو قوتابخانە: لەم بەشەدا کۆمەڵناسان دەست دەدەن بە لێکدانەوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی سیستەمی پەروەردە. لەم چەمکەدا سەرنج بە دەور و رۆڵی مامۆستا دەدرێ و کەسایەتی مامۆستا وەکوو یەکێک لە باسە گرینگەکان لەم بوارانەدا لێکدەدرێتەوە: ١- دەوری کۆمەڵایەتی مامۆستا؛ ٢- چۆنییەتی کەسایەتی مامۆستا؛ ٣- کاریگەری کەسایەتی مامۆستا بە سەر هەڵسوکەوتی قوتابیدا؛ ٤- دەوری مامۆستا لە گەشە و سازگاری یان ناساز بوونی قوتابی؛ ٥- تایبەتمەندی و کاریگەری هەڵسوکەوتی ملهوڕانە یان سەربەستانە لە قوتابخانەدا (شارعپور؛ ١٣٨٦).

sociology of knowledge / کۆمەڵناسی زانین

گشتی‌ترین واتای ئەم زاراوەیە لەم پێناسانەی خوارەوە دەست دەکەوێ: «مەبەستی سەرەکی توێژینەوەی ئێمە سەیر کردنی ئەم کارەیە کە ژیانی هزری یان واتایی لە کاتێکی مێژوویی تایبەتدا، چلۆن و بە چ شێوازێک لە گەڵ هێزە رامیاری و کۆمەلایەتییە هەنووکەییەکان پێوەندی هەیە». کۆمەڵناسی زانین، بریتیە لە لێکدانەوەی یەکگرتوویی ئەرکی، پێکهاتەو پرۆسەکۆمەلایەتییەکان لە لایەکەوە و شێوازەکانی ژیانی واتایی و تێگەیشتن لە لایەکی‌ترەوە. کۆمەڵناسی زانین ، باس لە مەرجدار بوونی سیستەمە هزرییەکان بە هۆی راستەقینە کۆمەلایەتییەکانەوە دەکات (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

پاش ئەوەی کە پیێرۆزالم سالی ١٩٠٩ لە حەوتەنامەی *داهاتوودا* وتارێکی لە ژێر ناوی *کۆمەڵناسی زانین* بلاو کردەوە، دوورکایم لە سالنامەی کۆمەڵناسیەکەی خۆیدا بەشی نوێی کردەوە بەناوی *مەرجەکانی کۆمەڵناسی زانین*. بەلام وادیارە کە ماکس شێلێر کە لە سالی ١٩٢٤دا کتێبێکی لە ژێرناوی *کۆشەوە لە بواری کۆمەڵناسی زانیندا* ئێدیت کرد و پاشان لە ١٩٢٦دا کتێبەکەی خۆی بەناوی *شێوازەکانی زانین و کۆمەڵگا* بلاو کردەوە، گرینگترین کەسێک بێ کە ئەم زاراوەیە هێناوەتە نێو بازنەی کۆمەڵناسیەوە.

پێناسەی زانستی ئەم زاراوەیە دەبێ لە گەڵ ئەم مەرجانەی خوارەوە سازگار بێ: ١) یەکەمین مەرج ئاشکرا بوون و نەکەوتنە ژێر دادوەری بەهاکانە، واتە خالی بوون لە بەهادانان. یەکەمین ئامانجی کۆمەڵناسی زانین وەکوو لقێک لە زانست، بریتیە لە دیتنەوەی ئاخێزگەی بیرو باوەڕەکان، نەک دادوەری سەبارەت بە لایەنگری رامیاری و بایەخی ئەو بیرو باوەڕانە. ٢) دووەمین مەرج، دووری کردنە لە گریمانە و بۆچوونی سەرووسروشتی (متافیزیک) بۆ راڤەی پێوەندی نێوان پێکهاتەی کۆمەلایەتی و پێکهاتەی

هزری، چونکە ئەم گریمانانە نە ڕەت دەکرێنەوە و نە دەسەلمێندرێن. کۆمەڵناسێک کە بیەوێ لە بواری زانیندا بە شێوازی زانستی کار بکات، دەبێ خۆی لەو را و بۆچوونە جەزمییانە سەبارەت بە پرسی جەبرو ئێختیار بپارێزی و شێوازێک بۆ «راڤەی واتا»ی بیرو بڕواکان لە پێناوی شوێنگەی کۆمەلایەتیدا بەدێ بێنێ.

هەندێ لە ناکۆکی و دژایەتییەکان سەبارەت بە بەکار هێنانی ئەم زاراوەیە لە ڕێی لێکدانەوەی ١) بەکار هێنانی مارکسی و ٢) بەکار براو لە نووسراوەکانی کارێڵ مانهایم و ٣) لە کۆمەڵناسی زانیندا وەکوو بەشێک لە زانین‌ناسی، دەردەکەوێ.

١) هەرچەند زاراوەی کۆمەڵناسی زانین، ئاخێزگەی مارکسی نییە، بەلام هەندێ لە نووسەرە مارکسییەکان ئازادانە وەریانگرتووە. ئەم نووسەرانە پێیان وابوو کە کۆمەڵناسی زانین، هەمان یان لانی کەم جۆرێک «بۆچوونی ماتریالیستییە لە مێژوو» کە مارکس باسی لێ‌کردبوو. بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونە، هەندێ لەم گوتانەی مارکس کە لە نێو کتێبی *ڕەخنە لە ئابووری ڕامیاری* (١٨٥٩)دا بێژراون، وەکوو بەڵگە دێننەوە: لە بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا کە بە دەستی مرۆڤەکان ئەنجام دەگرێ، دەڕۆنە نێو بازنەیەک لە پێوەندیگەلی تایبەتەوە کە ناتوانن خۆیان لێی بپارێزن و لە ویستی ئەوان بەدەرە؛ ئەم پێوەندیانە لە گەڵ قۆناغێکی تایبەت لە تەکامولی هێزە مادییەکانی بەرهەمهێنان سازگاری هەیە. شێوازی بەرهەمهێنان لە ژیانی مادی، تایبەتمەندی گشتی پرۆسەگەلی کۆمەلایەتی، رامیاری و واتایی ژیان دیاری دەکەن. ئەمە زانستی مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دێنێتە دی، بەڵکوو بوونیانە کە زانستیان دێنێتە دی».

٢) بەهرەیەک کە مانهایم لەم زاراوەیەی دەبرد، لەژێر کاریگەری هەمان واتا مارکسییەدا بوو و بەزۆری تێدەکۆشا کە ئەو واتایانە لە گەڵ بنەمای

پراگماتیکدا تێکەڵ بکات. هەروەک ناوی گرینگترین بەرهەمی (ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیا) پیشان دەدا، کۆمەڵناسی زانینی بە لێکدانەوەو شرۆڤەی سێ جۆر بیرو بۆچوونی جیاواز دەزانی: یەکەم بیری واقیعبینانە؛ واتە: بیرێک کە لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا لە باری پراگماتیسیەوە لە گەڵ راستەقینە یەک بگرنەوە و وەکوو راستەقینە دەور دەگێڕن. بیرێک کە «نە کەمتر و نە زۆرتر لەو واقیعەی کە لە سۆنگەیەوە کار دەکا، ناگرێتەوە». دووەم، بیری ئایدیۆلۆژیکی، واتە بیری تایبەتی گرووپە پاراستنخوازەکان کە دژ بە واقیعبینییە؛ چونکە بە هۆی هۆگرێتی دەسڕاگەیشتن بە راستەقینەی ئاشکراوە نەهاتۆتە دی، بەڵکوو لە سۆنگەی بەرگری لە گۆڕانەوە سەری هەڵداوە. سێیەم، بریتیە لە بیری یۆتۆپیایی؛ واتە بیری تایبەتی گرووپە شۆڕشگێڕەکان، کە ئامانج و بەرنامەکانیان جارێک نایەنە دی و بەم بۆنەوە واقیعبینانە نین؛ چونکە دیسان ئەمیش لە سۆنگەی ئیرادەوە بۆ گەیشتن بە راستەقینەی ئاشکرا نەهاتۆتە دی، بەڵکوو خەیاڵێکە کە لە نێو تارمایی داهاتوویەکی لێڵدا سەری هەڵداوە. تا ئەو جێگای کە بیردۆزی مانهایم سەبارەت بە کۆمەڵناسی زانین بە سەرپەرژانی تایبەت بە «ئایدیۆلۆژی» و «یۆتۆپیا»، لە بەرانبەر بیری زانستی راستەقینە، دیاری دەکرێ، ئەو لە گەڵ مارکسیستەکان، کۆمەڵناسی زانین بە شێوازێک دەزانێ بۆ لادانی دەمامکی بیردۆزە خەیالاوییەکان.

٣) هەروەها دەکرێ کۆمەڵناسی زانین بە توێژینەوەیەک لە سەر بایەخی پێکهاتەکانی ئەندێشە، بە سەرنجێکی تایبەت بە روونکردنەوەکانی ئەو ئەندێشانە، بزانرێ؛ روونکردنەوەیەک کە لە سۆنگەی کۆمەڵناسی زانین (نافەلسەفی و بە تەواوی ئەزموونی یان پازیتیڤی) و لە سەر بنەمای هەل و مەرجی (کۆمەلایەتی) هاتنە دی ئەوانەوە ئامادە کرابێ. کۆمەڵناسی زانین هەرگا بەم چەشنە پێناسە بکرێ، دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمی

فەلسەفی ناسراو بە زانین‌ناسی. هەروەها ئەم سیستەمە فەلسەفییە ناچارە کە بە گوێرەی سەرمەشقەکانی مارکس و مانهایم، لە دادوەرییە رامیارییەکان خۆی ببوێرێ و سەر بۆ بنەما وردبینانە و ئەزموونییەکانی هەرچەشنە روانینێک نەوی بکات (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

کۆمەڵناسی شار / urban sociology

بە گشتی واتای شار بۆ باس لە سەر دیاردە کۆلتووری، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان بە کار براوە. لە ژێر واتای «شاری»دا کومەڵناس لە گەڵ دیاردەگەلی جۆراوجۆر پێوەندی هەیە: تۆڕگەلی پێوەندی، خانووە تاکەکەسییەکان، جۆرێ مۆسیقا، لێژنە ناوچەییەکان، لادانی کۆمەلایەتی، دەرۆزەیی، هات‌وچۆی شاری، شوێنگەلی چاوپێکەوتن و هتد. کۆمەڵناسی شار، بە واتای توێژینەوەی کۆمەڵناسانە لە سەر ئەم بابەتانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا و هەروەها هەندێ دیاردەی‌تر کە ناویان لێ‌نەبراوە.

دیاردەی شار، گۆی زەوی داگرتووە. لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رایگەیاند کە ٥٠% دانیشتوانی زەوی، شارنشینن. لە کاتێکدا لە ١٩٥٠دا ٣٣ لە سەدی دانیشتوانی زەوی شارنشین بوون. هەر لەم کاتەدا ژمارەی ئەو شارانەی کە زۆرتر لە یەک میلیۆن کەس دانیشتوویان بوو، نزیک بە ٢٥٠ شار بوو، کەچی لە ساڵی ١٩٠٠دا تەنیا ١٦ شار لە دونیادا پتر لە یەک میلیۆن کەس دانیشتوویان بوو؛ هەروەها لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا هیچ شارێک لە دونیا یەک میلیۆن کەس دانیشووی نەبوو.

بۆ پێناسەی شار، پارامێتری جەماوەر، رەنگە شیاو بێ. لە کاتێکدا کە پێوەری جەماوەری شاری لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی‌تر جیاوازە: لە دانمارکدا هەر گوندێک کە ٢٥٠ کەس دانیشتووی بێ، بە شار دەژمێردرێ، لە

فەرانسەدا زۆرتر لە ٢٠٠٠ کەس، لە میسردا زۆرتر لە ١١٠٠٠ کەس، لە ژاپۆندا زۆرتر لە ٣٠٠٠٠ کەس. جیاوازی لە پێناسەی شاردا ڕەنگدانەوەیەکە لە ئاستی شارنشینی.

لە پێناسەی ئابووری شاردا یەکەم بیرێک کە دێتە کایەوە، جیاوازی دونیای شارە لە گەڵ دونیای لادێ یان گوند. لە شاردا جەماوەر، کاڵا و بنکەکان کۆمایان بەستووە، بەڵام لە گونددا بڵاون. بە بڕوای مارکس ناتەبایی شار-گوند ڕەنگدانەوەی ئابووری هەیە. پۆڵ بایرۆخی مێژوووناس، دان بەم گوتانەی مارکسدا دەنێ و دەڵێ: بەدیهاتنی شارەکان ئەنجامی دابەش کردنی بەهای زیادەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵە. بەڵام شار وەکوو خوێنمژێکی ئابووری نییە. شار هۆکارێکە بۆ داهێنان، چونکە «بوارێکی شیاو بۆ بڵاو کردنەوە، بە پارەیی کردنی ئابووری و کۆمەڵگا، ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دانان و داواکردنی هێزی کاری پسپۆڕ و شارەزا و هەروەها گەشەی بازاڕی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی دەڕەخسێنێ» (فیالکوف، ١٣٨٨).

کۆنترۆڵە فەرمیە کۆمەڵایەتیەکان/ formal social controls

لە گرووپە یەکەمینەکان و جڤاکە سونەتییەکاندا، کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەنافەرمییەکان، کەڵکی زۆریان هەیە و دەتوانن بۆ ڕێکوپێک کردن بەس بن. بەڵام بۆ ڕێکوپێک کردنی گرووپە دووەمینەکان و جڤاکە ئاڵۆزەکان، نیازێکی زۆرتر بە کۆنترۆڵە فەرمییەکۆمەڵایەتییەکان هەیە. کۆنترۆڵە فەرمییە کۆمەڵایەتییەکان، میکانیزمگەلی ڕێکخراو و تۆمار کراون کە بۆ بەرگری یا چاکسازی هەڵسوکەوتی لادەرانە کەڵکی لێدەگیرێ. شارەزایی و پسپۆڕی هەندێ لە ڕێکخراو و دامودەزگاکانی جڤاکە مۆدێرنەکان، لە کاری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدایە. ئەرکی پۆلیس، دادگا و

بەندیخانە ئەوەیە کە خەڵکی هان بدەن بۆ ڕێزگرتن لە یاسا و بەرگری لە لادان. دەروونناسان و پسپۆڕان لە بواری نەخۆشییە زەینی و دەروونییەکان بڕیار دەدەن کە ئایا تاکی تاوانبار کە لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لایداوە، تووشیاری نەخۆشی زەینی و دەروونییە یا نە. ئەگەر دەروونناسێک بڕیار بە نەخۆشی تاکێکی لادەر بدات، بۆ دەرمان کردنی یەکێک لەم کارانە ئەنجام دەدرێ: دەروونلدەرمانی، داوو دەرمان، بە دەروونی کردن یاخۆ تێکەڵێک لەمانە. کۆنترۆڵە فەرمییە کۆمەڵایەتییەکانیتر لە نێو پێکهاتەی دامەزراوی کۆمەڵایەتیدا دانراون. بۆ وێنە لە کارخانەیەکدا بۆ ئەو کرێکارانەی کە بە ڕێکوپێکی کارەکانیان جێبەجێ دەکەن و ئاگەداری دیسیپلینی کارخانەن، بە پاداش و بەرز کردنی پلەی کار، ڕێزیان لێ دەگیرێ. بە پێچەوانە، ئەو کەسانەش کە لە نەزمی کارخانە لابدەن، تووشی سزادان دێن.

کۆنترۆڵە نافەرمیە کۆمەڵایەتیەکان/ informal social controls

چاودێری نافەرمی کۆمەڵایەتی، زۆرتر لە گرووپە یەکەمینەکاندا دیارە و لە ڕاستیدا یەکێک لە ئەرکەکانی گرووپە یەکەمینەکانە. لە زۆربەی کاتەکاندا ئێمە ئەرکی چاودێری بە سەر هەڵسوکەوتی تاکەکان دەگرینە ئەستۆ؛ چونکە سەبارەت بەو تاکە تایبەتە، دەورێکی دیارو ئاشکرا دەگێڕین. ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە میکانیزمەنافەرمییەکان بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیمان لە بەردەست دایە؛ وەکوو: قەشمەری کردن، پێکەنین، تیز و تانە لێ دان، دەنگۆ بڵاوە کردن، دووری لێگرتن و هتد. چونکە تاک زۆری پێخۆشە کە لە لایەن گرووپەوە قەبووڵ بکرێ، ترس لەوەی کە گرووپ دووری لێبگرێ، بە یەکێک لە گرینگترین و کاریگەرترین هۆکارەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەزانرێ (کوئن؛ ١٣٨٧).

بەگشتی، کۆنترۆڵی نافەرمی کۆمەڵایەتی، بریتیە لە گوشارێکی نەرم و

زیرەکانە و نافەرمـی بـۆ سـازگاری تـاک لـە گـەڵ نـۆرم و پێـودان و بـەهـا کۆمەڵایەتییەکان. ئەم زەختانە بە رادەیەک لە گەڵ ژیانی رۆژانەمان تێکەڵن کە زۆریان سەرنج پێ نادەین. بزەی کەنین یا راتەکانی سەر بە مـەبـەسـتی پیشان‌دانی رەزامەندی، نوێنەری سەلماندنی کار یا قسەی ئێمەیە لە لایـەن کەس یا کەسانی‌ترەوە. گرژ کردنی ناوچاو، مۆڕ بردنەوە، یا بە ساردی دەست دان لە گەڵ کەسێک، نوێنەری ئەوەیە کە تاک نایەوێ پێوەندییەکـی نزیـک بەو کەسەوە بکات. بەکورتی هەر بـەو جـۆرەی کـە بـرووس کـوئێن گـوتی مکانیزمەنافەرمییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئێجگـار زۆرن و ئێمـە بـەبـێ ئـەوەی کـە خۆمـان بـزانین، رۆژانـە بـۆ رەت کردنـەوە یـا سـەلمانـدنی هەڵس‌وکەوت یا پەیقی کەس یا کەسانێک کەڵکیان لێ‌وەردەگرین.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی/ social control

زاراوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دوو واتای هەیە کە بە راشکاوی دەکرێ لە یەک جیابکرێنەوە:

١- کۆنترۆڵی کۆمـەڵایـەتی بریتیـە لـەوەی کـە تـاک بـەبۆنـەی کـار و کردەکانیەوە لەلایەن گرووپ یان کۆمەڵـگایەکـەوە کـە تێیـدا دەژی، دەبـێ بەگوێرەی هەندێ مەرج و سنوور کە بۆی رەچاو کراوە هەڵس‌وکەوت بکات. ئەم سنووردار و مەرجدار بوونی کارە، دەبێتە هۆی هێنانـە کایـەی هـەنـدێ ئەرکی ئاشکرا و پیوار بۆ گرووپ، کۆمەڵگا و خودی تاک.

٢- ئەم کۆنترۆڵە بریتیە لەوەی کە لە هەموو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانـدا، تا ئەو رادەی کە تاک کاری کەسانی‌تر مەرجدار یا سـنووردار دەکـات، یـاخۆ کارەکانی خۆی بەهۆی کەسانی‌تر، گرووپەکۆمەڵایـەتییـەکـان و ئـەو کـۆڕ و کۆمەڵانەی کە تاک ئەندامیانە یا نییە، مەرجدار و سنووردار دەکرێتەوە، ئـەو میکانیزمانەی کە دەبنە هۆی ئەم مەرجدار و سـنووردار کردنـە، بـەگـوێرەی

تایبەتمەندیگەلی کۆمەلایەتین. ئەم مکانیزمانە کۆمەلایەتین، چونکە هەر یەک بە چەشنێک پێویستی بە کردەی کەسانیتره: کەڵکوەرگرتن لە سزادان، پرۆسەی بەکۆمەلایەتی کردن، بەدەروونی کردن، کەم و زیاد کردنی ئانقەستی سیمبۆلەکان و هتد. ئەم جۆره بەکارهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتیە ئەم پرسە کە ئەم کۆنترۆلانە قازانج و ئامانجی چ کەسانێک دابین دەکەن، هەروا بێوەلام دیلێتەوە.

لە بۆچوونێکی کۆمەڵناسیدا، زۆرتر پێداگری لە سەر یەکیەتی کۆمەلایەتی و سیستەمگەلی هاوبەش دەکرێ. راس، کۆمەڵناسی ئەمریکی بەم چەشنە کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی پێناسە دەکات: «جۆرێک دەسەلاتداری کۆمەلایەتی کە بە نیازی ئەنجامدانی ئەرکێکە بۆ ژیان و دەوامی کۆمەڵگا و ئەم ئەرکەش جێبەجێ دەکات». لە کاتی گەشەی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا، رابێرت پارک و بۆرگێس، پێناسەیەکی هاوچەشنی ئەم بۆچوونەی راسیان پێشکەش کرد: «سەرلەبەری کێشە کۆمەلایەتییەکان، لە ئەنجامدا هەمان کێشەیەکن کە بە هۆی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتییەوە دێنە دی». ئەم بۆچوونە لەماوەیەکی زۆر کورتدا گەشەی سەند و لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا پەرەی سەند. بە چەشنێ کە هێربێرت مید، کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بە هۆی بەدیهاتنی خود (self) دەزانێ؛ چونکە «تاک مەیل و هۆگری ئەندامانی گرووپێک کە لە گەڵ ئەو چالاکی دەکەن، دەسەلمێنێ و دانی پێدا دەنێ» (وولف؛ ١٩٦٤).

بەگشتی، هەر تاکێک لە نێوان پرۆسەی بەکۆمەلایەتی بووندا فێر دەبێ کە لە هەر جێگایەکدا چ هەڵسوکەوتێکی پەسندکراوی لێ بوەشێتەوە. بەم چەشنە فێر دەبێ کە چلۆن دەبێ لە نێوان هەڵسوکەوتی گونجاو و نەگونجاودا جیاوازی دابنێ. لە راستیدا کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی، درێژەی هەمان پرۆسەی بە کۆمەلایەتی بوونە. کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بریتیە لەو

ئامراز و کەرەسانەی کە تاک هان دەدەن بۆ ئەوەی لە گەڵ نۆرم و میتۆدەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا کە لە گەڵ چاوەڕوانییەکانی گرووپ یاخۆ سەرجەمی کۆمەڵگادا هاوسازی بێ، خۆی بگونجێنێ. هەڵسوکەوتی تاک لە گەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی کۆمەڵگا کە لە تاکی چاوەڕوانی دەکات، دەبێ سازگار بێ (کوئن؛ ١٣٨٧).

کۆمۆنیزم/ communism

کۆمۆنیزم بریتیە لە سیستەمێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و شێوازێکی بەرهەمهێنانە کە تێیدا خاوەنێتی تایبەتی تاکەکان بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا پووچەڵ کراوەتەوە و ئەو ئامرازانە هی سەرجەمی کۆمەڵگان.

کۆمۆنیزم لە زاراوەی لاتینی communis وەرگیراوە کە بە مانای «گشتی» و «هاوبەش»ە و لە فەلسەفەی رامیاریدا باس لە شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە هەموو شت هی هەموو کەسە و هیچ کەس خاوەن شتێکی تایبەت بە خۆی نییە. شێوازێک لەم حکوومەتە لە یۆتۆپیای ئەفلاتووندا باسی لێکراوە، هەروەها ئەرەستوو لە کتێبی دووەمی *سیاسەت*دا رەخنەی لێ گرتووە (ارسطو؛ ١٣٨٦). لە شۆڕشی بریتانیا لە سەدەی حەڤدەهەم و شۆڕشی فەرانسە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا مەیلی رووناکبیران بە کۆمۆنیزم بە راشکاوی دیارە و بەناوبانگترین نموونەی کۆمۆنیزم لە لایەن فرانسۆ بابۆڤەوە باسی لێکراوە. مارکسیش لە *بنەماڵەی پیرۆز*دا بابۆڤیزم بە سەر دەکاتەوە (احمدی؛ ١٣٨٥).

کۆمۆنیزم لە لای مارکس بریتیە لە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانە و روونکەرەوەی کۆمەڵگایەکی بێچینایەتی کە تێیدا خاوەنێتی گشتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیمۆکراسی بە واتای هێزی سەرجەمی خەڵکی. ئەمە ئەو هێزەیە کە لەنێو دەوڵەتدا نایەتە دی.

مارکس لە یەکەمین بەرهەمەکانیدا کۆمۆنیزم بە قۆناغی بگار و بە شوێنگەیەک دەزانێ کە دەبێتە هۆی نەمانی خاوەنێتی تایبەت. مارکس بۆ یەکەم جار بەرنامەی کۆمۆنیزم لە سێیەمین بەشی دەستنووسەکانی ١٨٤٤دا لەژێرناوی «خاوەنێتی تایبەت و کۆمۆنیزم» باس لێدەکات (مارکس؛ ١٣٨٧). لەوێدا مارکس پیشان دەدات کە دژایەتی نێوان کار و سەرمایە هەمان خاڵی بەرانبەری کۆمۆنیزم و خاوەنێتی تایبەتە بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. واتای ئەم خاڵە ئەوە نییە کە لە هەر شوێنێکدا کە خاوەنێتی تایبەتی پێشکەوتوو یان بورژوازی نەبێ، ئەوە کۆمۆنیزم لەوێدا هەیە. بەڵکوو کاری بەرهەمهێنەران، کە مارکس بەناوی کاری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو ناوی لێدەبا، دەبێ بتوانێ هەلومەرجی چاکسازی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەناو ببات و پووچەڵی بکاتەوە. کۆمۆنیزم، بەناچار دەبێ لە خاوەنێتی تایبەتەوە تێپەڕێ. هەروەها کۆمۆنیزم تەنیا پووچەڵ و ڕەت کردنەوەی خاوەنێتی تایبەت نییە، بەڵکوو سەلماندنی خاوەنێتی گشتییە بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا (احمدی؛ ١٣٨٥).

کۆمۆنیزمی سەرەتایی/ primitive communism

ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە شێوازێک لە ژیانی هاوبەش کە لە سەردەمێک لە مێژووی مرۆڤدا هەبووە؛ واتە ئەو سەردەمەی کە کۆمەڵگا لە هەموو شتێکدا هاوبەش بوو و هەموو شت هی هەموو کەس بوو و مەودای چینایەتی و چەوساندنەوە و توێژبەندی ئابووری سەری هەڵنەدابوو. ئەم زاراوە، کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە لایەن ئەو کەسانەوە کە لە کۆمەڵگا نوێ و خاوەن توێژبەندییەکانەوە سەردانی ئەو جڤاکانەیان دەکرد، بایەتی باس و شرۆڤە و شیکردنەوەبوو و سەرەتا لە ساڵی ١٨٧٧دا لە لایەن لویس هێنری مۆرگانەوە بۆ تەوەر و باسی ئیسنۆگرافانە داهاتووە. مۆرگان لە کتێبی

*کۆمەڵگای کەونارا*دا، بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە ئیرۆکووی (iroquis) دەستی دا بە راڤە و لێکدانەوەی «ئازادی، بەرانبەری و برایەتی هۆزە کەوناراکان» (لی‌کاک؛ ١٩٩١). هەروەها لە خانووەکان و ژیانی خانووی خەڵکی رەمەکی ئەمریکا (١٨٨١)؛ ئەم بابەتەی راڤە کرد کە چلۆن «کۆمۆنیزم لە ژیاندا» لە نژیارڤانی گوندەکانی خەڵکی رەمەکی ئەمریکادا رەنگدانەوەی هەیە (هەمان سەرچاوە).

بەکورتی، کۆمۆنیزمی سەرەتایی بریتیە لە شێوازێک لە کۆمۆنیزم کە لە جڤاکە سەرەتاییەکاندا هەیە. لەم جڤاکانەدا هەموو سەرچاوە سەرەکییە ئابوورییەکان نە هی تاکن و نە هی خێزانن و نەهی هۆز و گرووپن، بەڵکوو هی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگان. بەواتایەکی‌تر خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، خاوەنێتیەکی هاوبەشە.

کۆیلەداری / slavery

کۆیلەداری شێوازێکی رادیکاڵی نابەرانبەریە کە هەندێ لە تاکەکان وەکوو سامانی کەسانی‌تر دەزاندرێن. هەل‌ومەرجی کۆیلەداری لە نێوان کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بووە. لە هەندێ شوێندا کۆیلەکان هیچ مافێکی یاساییان نەبووە -وەکوو ئەو بارودۆخەی لە ناوچە باشوورییەکانی ئەمریکادا بووە- کەچی لە هەندێ شوێندا زۆرتر وەکوو خزمەتکار سەیر کراون.

باتامۆر دەڵێ کۆیلەداری نوێنەری شێوازێکی رادیکاڵ لە نابەرانبەریە کە هەندێ لە تاکەکان بە تەواوی یان تا رادەیەک لە زۆربەی مافەرەواکان بێ‌بەش کراون (باتامور؛ ١٣٧٠). لە مەڕ چەندوچوونی هاتنە دی سیستەمی کۆیلەداریەوە راو بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. هەندێ لە لێکۆڵەران نیاز بە بەهرە وەرگرتن لە هێزی کاری ئەسیرەکانی شەڕ، بە سەرەتای هاتنە دی کۆیلەداری دەزانن. بە گەشەسەندنی کشتوکاڵ و بەدیهاتنی سیستەمی

دەرەبەگایەتی و فیئۆدالیسم، هەروەها بە سەرنج دان بە دژواری کاری کشتوکاڵ، بەجێی کوشتنی بەدیل گیراوەکانی شەڕ، لە کاری کشتوکاڵدا بەهرەیان لە هێز و توانیان وەردەگرت. هەروەها چونکە هەندێ لەم کۆیلانە لەباری جەستەییەوە لێهاتوو و بەهێز بوون، لە کاری شەڕو جەنگیشدا کەڵکیان لێیان وەردەگرت. کۆیلە بە سامانی خێوەکەی دەزاندرا و دەیتوانی بیکرێ یان بیفرۆشێ. هێزی کۆیلە هەم لە کاروباری کشتوکاڵ و هەمیش لە مەیدانی شەڕ و کاروباری نێو ماڵدا وەکوو خزمەتکار بەهرەی لێ دەگیرا. کۆیلە بێجگە لە ئەرک هیچ مافێکی‌تری نەبوو.

بە گشتی دوو جۆرە کۆیلەداری هەبووە: ١) کۆیلەداری باوک سالار، لەم شێوازەدا کۆیلە لە چوارچێوەی کاری ناوماڵدا دەخرایە بەر کار و بەم پێیە، هەندێ جار خاوەن کۆیلە بۆ خۆشی لە گەڵ کۆیلەکەیدا خەریکی کاروبار دەبوو، ٢) کۆیلەداری کلاسیک، ئەم جۆرە دەکرێ بە تەکاموڵی کۆیلەداری باوک سالار بزانرێ و لەم شێوازەدا کۆیلە بۆ بەرهەمهێنانی کالا بەهرەی لێ دەگیرا(ملک؛ ١٣٨٣).

لە نێو کۆیلەکاندا هەندێکیان خوێندەوار بوون و بۆ کاری ئیداری و ڕاگەیشتن بە حسێبی خێوەکانیان تەرخان دەکران. لە یوونانی کەوناراداا کە کاری بازرگانی و تیجارەت بۆ گەورە پیاوان، بە سووکایەتی دەزانرا، کۆیلەکان کاری بازرگانیان بۆ خێوەکانیان ئەنجام دەدا و لەم سۆنگەوە هەندێ لە کۆیلەکان خۆیان زۆر دەوڵەمەند و ناودار بوون و تەنانەت خۆیان خاوەنی کۆیلەبوون (گیدنز؛ ١٣٨٥).

سیستەمی کۆیلەداری لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا بەرەو کزی ڕۆیشت تا ئەوەی کە بۆ جارێکی‌تر لە ڕۆژاوادا پاش دیتنەوەی بەڕی ئەمریکا و هێرشی کۆلۆنیالیستانە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەلات، سیستەمی کۆیلەداری و نیوەکۆیلەداری بۆ پشتگیری لە سەرمایەداری و زەویداری نوێ بووژایەوە. بە

تایبەت لە ئەمریکادا بە بۆنەی نەبوونی هێزی پێویست بۆ کار و زەوی و زاری زۆر و بێدانیشتوو، داگیرکەرە ئەورووپییەکان پەرەیەکی زۆریان بە سیستەمی کۆیلەداری دا.

پاش شەڕی ناوخۆی ئەمریکا لە ٦٥-١٨٦١، سیستەمی کۆیلەداری بە تەواوی قەدەغە کرا. لە بریتانیاشدا سالی ١٨٠٧ بە پێی یاسا، کۆیلەداری قەدەغە کرا، بەلام تا سالی ١٨٣٣ لە کۆلۆنییەکاندا بەردەوام بوو. لە فەرانسەشدا تا سالی ١٨٤٠ درێژەی هەبوو (ملک؛ ١٣٨٣).

کۆیلەداری —کڕین و فرۆشتنی کۆیلەلە ئەورووپا و ئەمریکادا لە سەد سالی لەمەو پێشەوە تا ئێستا قەدەغە کراوە و زۆر کەس پێیان وابوو کۆیلەداری بە تەواوی بڕاوەتەوە و بنەبڕ بووە، کەچی وانەبوو.

لە ولاتە عارەبییەکانی سوودان و مووریتانیدا هەنووکە ئەم سیستەمە درێژەی هەیە و بەردەوامە. لە مووریتانیدا سالی ١٩٨٠ کۆیلەداری قەدەغە کرا، بەلام هێشتا سزایەک بۆ کەسێک کە ئەم کارە بکات ڕەچاو نەکراوە و هان نەدراوە تا بەو کەسانەی کە خەریکی کۆیلەدارین رابگەینن کە کۆیلەداری دوایی هاتووە. بۆیە بە گوێرەی بۆچوونی *چاودێری ئەفریقا* هەنووکە زۆرتر لە ١٠٠.٠٠٠ کۆیلە لەم ولاتەدا هەیە. لە سووداندا بەڕێوەبەری گرووپی ئەمریکایی *دژ بە کۆیلەداری*، دۆکتۆر چارلز جاکۆبز، لە راپۆرتێکدا رادەگەینێ کە «ئێوە دەتوانن لە خارتوومی پێتەختی سووداندا ژنێکی کۆیلە بە بایی ١٥ دۆلار بکڕن».

کۆیلەکان هەندێ جار لە ناوخۆی ولاتدا دەفرۆشرێن و بڕێ جاریش بە ولاتانی چاد، لیبی و ئەماراتی عارەبی دەفرۆشرێن. زۆرجار کۆیلەکان داخ دەکرێن و بە زۆر دەبێ بڕۆنە سەر ئایینی خێوەکانیان، گەر بەرەنگاری بکەن، بە توندی لێیان دەدرێ و گەریش بیانەوێ هەلبێن، دەخرێنە بەر ئازار و سزاوە. ئەم کۆیلانە یان وەکوو خزمەتکاری نێو مال یان لە نێو مەزراکاندا

کاری دژواریان پێ دەکرێ. سەتا سەتی کچەکان ئازاری سێکسی دەدرێن.

هەرچەند ئەم راپۆرتانەش دراون، رێبەرانی مافی مرۆڤ لە ئەمریکادا گوێی خۆیان لێی داخستووە (نولان و لنسکی؛ ١٣٨٣).

کەرەسەگەل (ئامرازەکان)ی بەرهەمهێنان/ means of production

بە بڕوای مارکس ئامرازەکانی بەرهەمهێنان راستەوخۆ پێکهێنەری دژایەتین. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بریتین لە سەرچاوەگەلێک وەکوو زەوی، کارخانەکان، ئاڵو وێر و ئەو هێزانەی کە لە بەشی بەرهەمهێنان و بلاوکردنەوە و خزمەتگوزاریدا دەوری سەرەکی دەگێڕن. بە بڕوای مارکس، هەر خولێکی مێژوویی خاوەنی شێوازی بەرهەمهێنانی تایبەت بە خۆیە کە دەبێتە هۆی ناکۆکی نێوان دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگا (چەوسێنەر و چەوساوە). هەروەها دەڵێ، ناکۆکی چینایەتی ماتۆڕێکە کە خەڵکی لە خولێکی مێژووییەوە بۆ خولێکیتر رێنوێنی دەکات.

داهاتنی مەکینەگەلی پیشەسازی- وەکوو ئامرازی بەرهەمهێنان- بوو بە هۆی بەدیهاتنی دوو چینی کۆمەلایەتی جیاواز، واتە: بورژوازی (خاوەنانی ئامرازگەلی بەرهەمهێنان) و پرۆلتاریا (کەسانێک کە هێزی کاریان بە چینی بورژوا دەفرۆشن). هۆی ناکۆکی نێوان دوو چینی چەوسێنەر و چەوساوەش لە دوانگەی مارکسییەوە، هەمان خاوەنێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە. کرێکاران کە تەنیا خاوەنی هێزی جەستەیی خۆیانن، لە راستیشدا خاوەنانی راستەقینەی بەرهەمەکانن؛ بەلام چونکە سەرمایەدارەکان خاوەنانی ئامرازەکانن، کرێکاران هیچ کەڵکێک لە بەرهەمەکانیان نابەن و ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵگا؛ واتە گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیستی. هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبنە هۆی گۆڕانکاری

کۆمەڵگاکان.

کەمینەئیرادییەکان / voluntary minorities

ئەم زاراوە ئاماژە بەو گرووپە نەتەوەیی یان هۆزییانە دەکات کە بە گوێرەی ویستی خۆیان بۆ وڵاتێکی‌تر کۆچیان کردووە و چاوەڕوانن کە لە شوێنی نوێدا باری ژینیان باشتر و لەبارتر بێ.

کەمینەکان/ minorities

زاراوەی کەمینەکان زۆرجار بە چەشنێکی هاوواتا لە گەڵ گرووپی هۆزی، ڕەگەزی و ئایینی کەڵکی لێ دەگیرێ. وادیارە گەر رق و قینێک لە ناودا نەبێ لە زاراوەی هۆزەکان کەڵک دەگیرێ و گەریش رق و قین لە ناودا بوو دەڵێن کەمینەکان. هەردووکی ئەم زاراوانە تایبەتمەندیگەلی فیزیایی، ئایینی، ڕەگەزی و کولتووری دەگرنەوە (گولد؛ ١٣٨٤).

بە هۆی پێناسەگەلی جۆراوجۆر کە لەم زاراوەیە کراوە، لێڵی و ئاڵۆزییەک لە ناساندنی ئەم تاقمەدا هاتۆتەدی. ئەم پێناسانە بریتین لە بەرفراوانی ئاماری و ژمارەیی، دابەش بوونی دەسەڵات (کۆمەڵایەتی و رامیاری)، هاوشێوازی لە باری جەستەو کولتوور و هەروەها ڕەوت و ئاکار و هەڵس‌وکەوت. زۆربەی کۆمەڵناسان رایان ئەوەیە کە نابێ بۆ پێناسەی ئەم زاراوەیە لە پێوەری ئامار و ژمارە بەهرە بگیرێ. گیدێنز دەڵێ: زاراوەی کەمینەکان بە زۆری لە کۆمەڵناسیدا کەڵکی لێ دەگیرێ، کەچی واتای بەفراوانتر تەنیا واتایەکی ئامارییە. لە باری ئامارییەوە کەمینەی زۆر هەیە، وەکوو کەسانێک کە موویان سوورە یان پتر لە سەد کیلوو قورسن، بەڵام ئەمانە لە کۆمەڵناسیدا کەمینەیان پێ ناڵێن. ئەندامانی گرووپی کەمینە دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بن: ١- ئەندامانی ئەم گرووپانە چونکە لە

لایەن کۆمەڵگاوە دەکەونە بەر دووچاوەکی (تبعیض)، لە بارودۆخێکی ناڵەباردان؛ ٢- ئەندامانی گرووپی کەمینە جۆرێک یەکگرتوویی گرووپی تایبەتیان لە ناودا هەیە؛ ٣- گرووپی کەمینە تا رادەیەک لە باری فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگای گەورەتر جیاوازن. کەمینەکان زۆرتر لە نێو گرووپی خۆیاندا ژن و ژنخوازیان هەیە، کەمتر لە گەڵ گرووپی زۆرینەدا ژن و ژنخوازیان هەیە، زۆرتر لە بەشێکی تایبەتی وڵات یان شاردا دەژین (گیدنز، ١٩٨٩).

پێناسەی کلاسیکی کەمینەکان هەمان پێناسەی ل.ڤۆرتە کە دەیگوت: کەمینە گرووپێک لە خەڵکی نێو کۆمەڵگایەکن کە بە بۆنەی تایبەتمەندیگەلی جەستەیی یان کولتوورییەوە لە لایەن ئەندامانیترەوە نابەرانبەرییان لە گەڵ دەکرێ و بەم بۆنەوە لە خەڵکیتر دادەبڕێن. ئەم کەسانە هەست بەوە دەکەن کە بە کۆمەڵ خراونەتە بەر دووچاوەکی و لە بەشداری لە ژیانی کۆمەڵگا کلا دەبن. سی.ب.رۆز بە دان نان بەم راستییەدا کە ژمارە و ئامار لە پێناسەی کەمینەکاندا دەوریان نییە، دەڵێ: رق و قینی تاقمێک لە کۆمەڵگا یان کۆمەڵگا لە تاقم و گرووپێکی تایبەت، بە بۆنەی جۆری ئایین یان رەچەڵەک، یاخۆ هەر تایبەتمەندییەکیتر، شتێکە کە دەتوانێ ببێتە پێناسە بۆ کەمینەکان (گولد، ١٣٨٤).

کەمینە نائیرادییەکان / involuntary minorities

بە گوێرەی ئەو بەڵگانە کەوتوونەتە دەست، لە نزیک بە پێنج هەزار ساڵی لەمەو پێشەوە، جۆرگەلێک لە کۆمەڵگا، سەرەتا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاشان لە شوێنەکانیتر هاتنە دی کە لە گەڵ جڤاکە سەرەتاییەکان زۆر جیاواز بوون. ئەم جڤاکە نوێیانە بە ئاوەژووی جڤاکە سەرەتاییەکان، خاوەنی چین و توێژی جۆراوجۆر بوون. لە نێو ئەم چین و توێژانەدا، چینی کۆیلە لە

هەموویان زەقتر و بەرچاوترە. سیستەمی کۆیلەداری لە یەکەمین سیستەمگەلی چینایەتییە کە مرۆڤ دایهێناوە و لە سەر چەوساندنەوەی تاقمێ لە مرۆڤەکانیتر دارێژراوە. یەکەمین هۆی هاتنە دی ئەم سیستەمە لە رۆژگاری کەونارارادا ئەو یەخسیرو دیلانە بوون کە لە شەڕدا دەگیران. مرۆڤەکان تێگەیشتن کە بە جێی کوشتنی ئەم دیلانە دەتوانن کەڵکی زۆریان لێ بگرن.

سیستەمی کۆیلەداری کەونارا بە هۆی دابەزینی لێهاتوویی ئابووریەوە و سەرهەڵدانی خەباتی دژ بە کۆیلەداری (وەکوو شۆڕشی کۆیلەکانی سیسیل و هەروەها شۆڕشی سپارتاکووس) رووی لە کزی نا و لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا لێک هەڵوەشا؛ لە ئاتیندا بە بۆنەی قەرزداری زۆرەوە لە لایەن سولۆنەوە قەدەغە کرا و لە رۆمیشدا کاریگەری رەواقییەکان بوو بە هۆی قەدەغە کردنی کڕین و فرۆتنی کۆیلەکان (باتامۆر؛ ١٣٧٠).

بەڵام پاش دیتنەوەی ئەمریکا، جارێکیتر سیستەمی کۆیلەداری بۆ پشتگری لە سیستەمی سەرمایەداری سەری هەڵدا. رەش پێستەکانی ئەفریقا بە گەمیە دەهێنرانە ئەمریکا و بۆ کار لە کانگا و باخ و زەوی و زارەکان دەفرۆشران. پاش هەڵوەشانی سیستەمی کۆیلەداری لە ١٧٩٠، ئەو رەش پێستانەی کە بە زۆر بۆ ئەمریکا کۆچ درابوون بوونە کەمینە، کەمینەیەک کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان هاتبوون. هەروەها خەڵکی خۆماڵی ئەمریکا کە بریتی بوون لە سوورپێستەکان و مەکزیکییەکان، بوونە کەمینەیەکی نائیرادی (ملک؛ ١٣٨٧). ئەم کەمینانە بە ئاوەژووی کەمینە ئیرادییەکان کە بۆ چاکتر بوونی بارودۆخی ژیانیان کۆچ دەکەن، چاوەڕوانی چاکتر بوونی ژیانیان نین.

گرووپبەندی لێهاتووییەکان / ability grouping

گرووپبەندی قوتابیانی سەرەتایی لە گرووپە فێرکارییەکاندا، بە گوێرەی ئەو وێکچوونە وانەییانەوە کە لە لایەن خۆیانەوە پیشان دراوە، یاخۆ لە رێی ئەو نومرانەیە کە لە ئەزموونەپێوەرەکاندا وەریدەگرن. لە زۆربەی قوتابخانەسەرەتاییەکانی ولاتە پێشکەوتووەکاندا بەم کارە دەڵێن گرووپبەندی لێهاتووییەکان. لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکاندا پێی دەڵێن شوێنگیری (tracking). لە ئاوەها سیستەمێکدا تەنانەت قوتابیانی نێو پۆلێکیش دەتوانن بە گرووپی لێک‌جیاواز دابەش بکرێن. ئەم گرووپبەندییە بە گوێرەی لێهاتووییەکانی قوتابی لە بابەتگەلی جیاوازی وانەییدا (وەکوو حیساب، زمان و ...) ئەنجام دەگرێ. ئەو بیرۆکەی کە لە پشتی «گرووپبەندی لێهاتووییەکان» یا «شوێنگیری»دا بەرپیوارە، بریتیە لە:

١- ئەو قوتابیانەی کە ئاستی لێهاتوویان وەکوو یەکە و دەڕۆنە نێو گرووپێکەوە، باشتر و زۆرتر رادێن و فێر دەبن. لە ئاوەها هەلومەرجێکدا ئەو قوتابیانەی کە لێهاتوویان زۆرتر بە بۆنەی ئەوانەوە کە توانیان کەمترە، بەجێ نامێنن و لە پێشکەوتنیان بەرگری ناکرێ. ماموستایان کات و سەرنجێکی زۆرتر بۆ قوتابیانی کەمتر لێهاتوو تەرخان دەکەن.

٢-ئەو قوتابیانەی کە کەمتر لێهاتوون، ناچار نین لە گەڵ قوتابیانی لێهاتوودا رکەبەرێ بکەن. بەم بۆنەوە ئەنگیزەیەکی زۆرتریان بۆ پیشان دانی تواناییەکانی خۆیان هەیە.

٣- بۆ ماموستایانیش باشتر وایە کە بەقوتابیانێک وانە بلێن کە ئاست و رادەی لێهاتوویان وەکوو یەکە. دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە ئەنجام و ئاکامی کردەیی ئەم جیاکردنەوانە لە کاری پەروەردەدا لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازە. بەم بۆنەوە بەرنامەدارێژانی پەروەردە کە بە نیازن لە «گرووپبەندی

لێهاتووییەکان» بەهرە وەربگرن، دەبێ بەرلە هەستان بەم کـارە، کۆمـەڵـەی ئاماری خۆیان بخەنەبـەر لێکدانـەوە و وردبوونـەوەی کۆمـەڵناسـانەوە و بـە گوێرەی تایبەتمەندییەزەقەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەستن بۆ ئەنجامـدانی ئـەم کارە (عضدانلو، ١٣٨۴).

گرووپی پێگە/ status group

هەرچەند مارکس بە وردی ژمارەی چینەکۆمەڵایەتییەکانی دیاری نەکرد، بەڵام بە راشکاوی ئاماژەی بەم خاڵە کرد کـە بناغـەی چـینی کۆمـەڵایـەتی تـاک، لـە سـەر پێـوەندیـەک دامـەزراوە کـە تـاک لـە گـەڵ ئـامرازەکـانی بەرهەمهێنان هەیەتی. ماکس ڤیبێریش بـە راشـکاوی باسـێک لـە ژمـارەی چینە کۆمەڵایەتییەکان ناکات، بەڵام لە لای ئەو، بناغەی چینی کۆمەڵایـەتی لە سەر ناوەندگەلی دان و ستان (معامله) دامەزراوە. بـەڕای ئـەو، شـوێنگەی کۆمەڵایـەتی لـە ئـەنجامـدا هـەمـان شـوێنگەی بـازاڕە. بنـەمـای ئـاوەهـا شوێنگەیەک لە سەر ئەو بەختانەی دامەزراوە کە تاک بۆ بەدەستهێنانی کـاڵا و خزمەتگوزاری و کاری پڕداهات و هاتنەدی ویستە تایبەتەکانی هەیەتی.

بەبڕوای ڤیبێر، شوێنگەی چینایەتی تاکەکان بەستراوە بە توانی خۆنواندن (نوانـدنی لێهـاتوویی کـاری و تاکـەکـەسـی)، دەسـڕاگەیشـتن بـە کـاڵا و خزمەتگوزارییەکان، کۆنترۆڵ بە سەر ئامرازەکانی بەرهـەمهێنـان و تـوان بـۆ سەرمایەدانان لە سەر زەوی و کشـتوکاڵـی سـەرچـاوەکـانیتـری داهـات. پۆلێنی چینایەتی تاکەکان زۆر ئاڵۆز و پڕگرفنچکە، چونکە گرووپـی پێگـەی جۆراوجۆر -کە ژمارەیان زۆرە- ئەم ئاڵۆزیەیان هێناوەتە ئاراوە. ئەو گرووپـی پێگە بە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان دەزانی کە شێوازی ژیان، خوێندنی بـاڵا، رێزی کۆمەڵایەتی و رابردووی باب و کاڵان دەیانبەسـتێتە یـەکـەوە (کـوزر؛ ١٣٧٠). ئەم پێناسە ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە سامان، داهـات و شـوێنگە،

تـەنیـا هۆکـاری دیاریکـەری گرووپـی پێگـەی تاکـەکـان نـین. شـوێنگەی چینایەتی ئەفسەرێکی پۆلیس، کارمەندێکی دەوڵەت یا خوێندکارێک ڕەنگـە بەگوێرەی ڕادەی سامانێکەوە کە هەیانە جیاواز بێ، بەڵام ئەمە نابێتـە هـۆی ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیشیان جیـاواز بـێ؛ چونکـە شـێوازی ڕاهـاتن و پەروەدەیان دەتوانێ ببێتە هۆی بەدیهاتنی ژیانێکی هاوچەشـن بۆیـان (وبـر؛ ١٣٨٢).

گرووپی دووەمین/ secondary group

بە پێچەوانەی گرووپی یەکەمین، گرووپی دووەمین گرووپێکـی گـەورە و ناتایبەت و بەدوور لە هەسـتە و ئـەنـدامانی ئـەو گرووپـە دۆز و ئامـانجێکی تایبەت و ئاشـکرایان هـەیـە. پێـوەنـدی نێـوان ئـەنـدامانی ئـەم گرووپانـە، سنووردارە و هۆی پێوەندییەکەیان ئاشکرایە. هۆی پێکهاتنی ئـەم گرووپانـە گەیشتن بە دۆزێکی تایبەتە. بەواتایـەکـی‌تـر، ئـەم گرووپانـە ئـامرازێکن بـۆ گەیشتن بە ئامانجێک، بەڵام بـەدیهـاتنی خۆیـان ناتوانـێ ئامانجێـک بێـت (بەپێچەوانەی گرووپە یەکەمینەکان). پێوەری هەڵسـەنگانـدن و نرخانـدنی تاکەکان لەم گرووپانەدا، کەسایەتییان نییە، بەڵکوو ئەو کارەیە کە دەتوانن بۆ گرووپی بە ئەنجام بگەینن. پێوەندی ئاخاوتنی نێوان تاکەکانی ئەم گرووپانە، زۆر کورت و بەڕێزو حورمەتەو بابـەتـەکـەشـی زۆرتـر ئـەو کـارەیـە کـە لـە ئەستۆیاندایە. لە زۆر ڕەهەندەوە تایبەتمەندییەکانی گرووپـی دووەمـین، زۆر جیاوازە لە گەڵ تایبەیبەتمـەنـدی گرووپـی یـەکـەمـین. پێـوەنـدی نێـوان ئەندامانی گرووپی دووەمین، بـەدوور لـە هـەسـت و سـۆزە، یـاخۆ سـۆز لـە پێوەندییەکاندا زۆر لاوازە. ئەنـدامانی ئـەم گرووپانـە سـەبـارەت بـە یـەکتـر زانیارییەکی زۆر کەمیان هەیە. ئەم گرووپانـە لـەبـاری دەوام و مانـەوەدا زۆر لێک جیاوازن، بەڵام زۆربەیان تەمەنیان کەمە. سەرهەڵدان و ڕووخـانی ئـەم

گرووپانە بۆ ئەندامەکانی زۆر گرینگ نییە. بۆ وێنە ئەو خوێندکارانەی لە کورسێکدا پێکەوەن، گرووپێکی دووەمینیان پێکهێناوە؛ زۆربەی ئەم خوێندکارانە رەنگە پاش کورسەکەیان یەکتر نەبینن و هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نەبێ. لە گرووپە دووەمینەکاندا ئەمەگداری و سۆز زۆر لاوازە، چونکە بۆ گەیشتن بە دۆزێکی کەمخایەن و سنووردار لە دەوری یەک کۆوە دەبن و وەکوو ئامرازێکی کاتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان سەیری یەکتر دەکەن.

گرووپی سەرەتایی/ primary group

ئەم زاراوە، داهێنانی چارلز هۆرتۆن کوولی، کۆمەڵناسی ئەمریکییە. بەڕای ئەو گرووپی سەرەتایی، گرووپێکی کۆمەلایەتی بچووکە و پێوەندییەکی زۆر نزیک و سۆزدار و بەردەوام لەنێو ئەندامانیدایە. ئەندامانی ئەم گرووپانە ماوەیەکی زۆر بۆ پێکەوە بوون تەرخان دەکەن، پێکەوە خەریکی کاروباری کۆمەلایەتی هاوبەش دەبن و پێیان وایە کە بەباشی یەکتر دەناسن. ئەندامانی ئەم گرووپانە زۆرجار نیگەران و پەشێوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی یەکتری دەبن و هان دەدەن کە کێشەکانی یەکتری چارەسەر بکەن. خێزان لە هەموو جڤاکێکدا بە گرینگترین گرووپی سەرەتایی دەزانرێ. کوولی بۆیە ئەم گرووپە بە گرووپی یەکەمین ناودەبا چونکە ئێمە یەکەمین گرووپێک کە لە ژیاندا تاقی دەکەینەوە و تێیدا گەورە دەبین، گرووپی خێزانە. هەروەها ئەم گرووپە و گرووپی هاوالان یەکەمین گرووپن لە ژیاندا کە ئێمە فێری بەکۆمەلایەتی بوون دەکەن و لە پەروەردەماندا دەوری سەرەکی دەگێڕن. پێوەندی نێوان ئەندامانی گرووپی سەرەتایی دەبێتە هۆی هێمنایەتی و ئاسوودەگی و دلەڕاوکێ و خەم و پەژارەنامێنێ. دەبێ ئەم خالەشمان لەبەر چاو بێ کە هەموو کات هۆی یەکیەتی و یەکگرتوویی ئەندامانی گروپی یەکەمین خۆشەویستی و هۆگری یەکتری

نییە، ڕەنگە هەندێ جار رق و قین لە گرووپێکی‌تر ببێتە هـۆی یـەکیـەتی و یەکگرتوویی ئەم ئەندامانە. بەلام لە هەردوو هەل‌ومەرجدا، ئەو یەکگرتوویيـە لە سەر سۆز و هەست بنیات نراوە. ڕەنگە تاکێک قەد نەتوانێ بگاتە ئامانجی، بەلام هەروا دلی لە گرۆی ئەو ئامانجەیدا بێ. بەم بۆنەوە، گرووپی یەکەمـین ئـامرازێکی سـەرەکـی و بنـەمـایی و پێویسـتە بـۆ گـەیشـتن بـە ئامانجـە تاکەکەسییەکان و سروشتی کۆمەلایەتی (گیدنز، ١٣٨٥؛ کوئن، ١٣٨٧).

گریمانە/ hypothesis

مەبەست لەم واتایە، دەسـتوورێکی نـەچـەسـپێندراوی پێـوەنـدی نێـوان بگۆڕەکانە. یەواتایەکی‌تر، گریمانە بریتیە لە گومانێک سەبارەت بە چۆنییەتی دیاردەیەک، هەلس‌وکەوت یاخۆ پێوەندی نێوان هـۆ و بـەرهۆیـەک(علـت و معلول) کە دەکرێ دیسان تاقی بکرێتەوە. بۆ وێنە، ڕەنگە تۆژەرێـک وابزانـێ کە وت‌وویژە تەلەفزیۆنییەکانی کاندیـدەکـانی سـەرۆک کۆمـاری دەورێکـی گرینگیان لە بڕیاردانی خەلکێک کە هـەنووکـە بـڕیاری خۆیـان نـەداوە، بـۆ هەلبژاردنی هەر یەک لە کاندیـدەکـان هـەیـە. لـەم گریمانـەدا وت‌وویـژی تەلەفزیۆنی بگۆڕی سەربەخۆیە، واتە بە هۆکارێک دەزانرێ کە دەتوانێ ببێتە هـۆی گـۆڕان؛ هـەروەهـا بـڕیاری بینـەرانی تـەلـەفزیـۆن بـۆ دەنگـدان بـە کاندیداتۆرەکان، بگۆڕی بەندیوارە، واتە هۆکارێکە کە وەکوو بەرهۆ(علـت) یـا ئاکامی دەنگدانەکە سەیری دەکرێ.

لە تۆژینەوەئەزموونییـەکانـدا، گریمانـە بـیرو بۆچوونێکـە سـەبـارەت بـە تایبەتمەندی ئەو بەش یا توخمانەی کە لە مەلبەندی تۆژینەوەکەدان. ڕاست و ناڕاست بوونی گریمانە بەستراوە بەوەی کە ئەو بەشانەکە باسیان لـە سـەر کراوە، دارای هەمان تایبەتمەندین یا نە.

گشتگیری کولتووری (چاندە گشتییەکان)/ cultural universals

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی نێوان کولتوورەکان، دیتنەوەی ئەو تایبەتمەندییە کولتوورییە هاوبەشانەیە کە لە کولتوورە جیاوازەکاندا هەیە. گشتگیری کولتووری بە واتای بەها، پێودان، باوەڕ و هەڵسوکەوتە یەکسانەکانە کە لە نێوان هەموو کولتوورەکاندا دیارە. ڕێبێکا مۆرلی، کۆمەڵناسی بریتانی، لە توێژینەوە ئێسنۆگرافییەکانی خۆیدا بەم ئەنجامە گەیشت کە کێشەی زاڵبوونی پیاوان بە سەر ژناندا تەنیا تایبەت بە چاندێکی تایبەت، وەکوو «سەرەتایی»، پیشەسازی، ئەورووپی یان ئەفریقی نییە؛ بەڵکوو ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو کولتوورەکاندا بە راشکاوی دیارە. هەروەها لە توێژینەوەکانی خۆیدا تێگەیشت کە نایەکسانی ژن و پیاو دیاردەیەکی گشتگیرە (عضدانلو؛ ١٣٨٤).

گواستنەوەی کولتووری / cultural transmission

ئەم زاراوە ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە کولتووری کۆمابوو بە شێوازی فەرمی و نافەرمی لە ڕێی پەروەردەوە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر رادەگوێزێتەوە. بە واتایەکی تر رەوتگەلی کار، بیرکردنەوە و هەستەکانی هەرتاکێک، میراتێکە کە لە پێشوونانیەوە بۆی ماوەتەوە.

گۆڕانە مەزنەکان / great changes

سی رایت میلز لە کتێبی *سەرچاوەکانی دەسەلاتی کۆمەلایەتی*دا (١٩٧٣) ئەم زاراوەیەی هێناوە و مەبەستی ئەو کارەسات و رووداوە گرینگ و مەزنانەیە کە لە مێژووی مرۆڤدا هاتۆتە دی و خەڵکی رەمەکی هیچ تونای بەرەنگاری و چارەسەری ئەو گۆڕانەیان نییە، کەچی گۆڕانێکی گرینگ لە ژیانیاندا دێنێتە دی. بەبڕوای میلز، هۆی ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

بڕیارانەی کە بژاردە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا داویانە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی / social change

پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتی، بەرانبەرە لە گەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بەڵام خودی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، وەکوو زۆربەی زاراوەکانی‌تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە چەشنی جۆراوجۆر پێناسە کراون. بۆچوونە ئایدیۆلۆژیکی و پارادایمی و هزریەکان و هەروەها ئاستی لێکدانەوەیەک کە هەریەک لە کۆمەڵناسان بۆ ئەم زاراوەیە رایان ناوە، کاریگەری زۆریان بەسەر رەوتی ئەم واتایەدا بووە. بۆ وێنە: ویلبێرت موور، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی شێوازەکانی هەڵسوکەوت کە بریتین لە نۆرم و بەهاکان، پێناسە دەکا (غفاری؛ ١٣٨٨). بەڕای گیدێنز، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە گۆڕانی دامەزراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا لە ماوەیەکی دیاریکراودا (گیدنز؛ ١٣٨٥). گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە گۆڕانێکی ئاشکرا لە ماوەیەکی دیاردا کە کاتی و کەم ماوە نەبێ و بە سەر پێکهاتەی رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدا کاریگەری هەبێ و رەوتی مێژوویی ئەو رێکخراوە بگۆڕێ (روشە؛ ١٣٨٧). گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەندێ جار لە گەڵ گەشەی کۆمەڵایەتی و برێ جار لە بەرانبەریدا هاتووە.

زێتوومکا دەڵێ: گەر ئێمە سەرنج بدەینە ئەو پێناسانەی کە لە پەرتووکەکانی کۆمەڵناسیدا سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاتوون، دەبینین کە هەر نووسەرێک، پێناسەیەکی جیاوازی داهێناوە. بەڵام زۆربەیان جەخت لە سەر «گۆڕانی پێکهاتەیی» و شێوازی پێوەندی نێوان بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەکەن. هەروەها ئاماژە دەکات بە چەن پێناسەیەک کە چەن بیرمەندی کۆمەڵناسی رایان‌ناوە:

مەک یوونیس، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ئاڵو گۆڕ لە رێکخراوی کۆمەڵگا و

شێوازی بیرو هەڵس‌وکەوت لە کاتێکی دیاریکراودا دەزانێ. پێرسێل، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە چاکسازی یان گۆڕان لە کۆمەڵگادا بە شێوازێکی ڕێکخراو پێناسە دەکات. ریتزێر و هاواکارانی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی پێوەندی نێوان تاک، گرووپ، ڕێکخراو، کولتوور و کۆمەڵگاکان لە درێژایی مێژوودا دەزانن (غفاری؛ ١٣٨٨).

لەو دەمەوە کە کومەڵناسی وەکوو زانستێک هاتۆتە دی، هەموو کۆمەڵناسان دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی‌تر بایەخ و گرینگییەکی زۆرتری هەیە، بەڵام تەنیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەوتۆتە بەر سەرنجی ڕاستەوخۆی کۆمەڵناسان. ئاگۆست کۆنت بۆ یەکەم جار کۆمەڵناسی بە دوو پاژ دابەش کرد: کۆمەڵناسی ستاتیک، کۆمەڵناسی دایینامیک. کۆمەڵناسی ستاتیک باس لە سەر نەزمی نێو کۆمەڵگا دەکات؛ واتە شێواز و پێوەرێک کە تاکەکان بۆ دانانی نەزم و یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا بەهرەی لێوەردەگرن؛ یەکگرتوویەک کە دەبێتە دەستەبەری مانەوەو بەردەوامی ئەو کومەڵگایە. بە پێچەوانەی کۆمەڵناسی ستاتیک، کۆمەڵناسی دایینامیک باس لە سەر پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا دەکات؛ واتە توێژینەوە لە سەر گەشەی کۆمەڵگاکان، سەرتر لە مێژووی مرۆڤ (روشه؛ ١٣٨٧).

کەواتە کۆمەڵناسی ستاتیک لە سەر سەقام و نەزمی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە و کۆمەڵناسی دایینامیک لە سەر گۆڕانی کۆمەڵگاکان لە درێژایی مێژوویاندا. کۆنت گەشەی هزری مرۆڤی وەکوو ڕەوتی تەکامولی دەزانی و باوەڕی وابوو کە ئەم تەواوتر بوونە، بناغەی لە سەر سێ یاسای تەکامولدا دانراوە. بە واتایەکی‌تر، گەشەی کۆمەڵگای بە گوێرەی تەکامولی هزر و ئەندیشە زانیوە و بۆچوونێکی ئایدیالیستی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی بووە. بەم

بۆنەوە، دەگاتە ئەم دەرئەنجامەی کە قۆناغەکانی گەشەی مێژووی مرۆڤ، دەبێ لە گەڵ قۆناغەکانی گەشەی هزری مرۆڤدا یەکسان بن.

بەڕای کۆزێر، هەرچەند کۆنت زۆرتر جەختی لە سەر قۆناغەکانی گەشەو دەربازبوونی هزری مرۆڤ دەکرد، بەلام لە سەر ئەم خاڵەش پێداگری دەکرد کە هاوڕێ لە گەڵ ئەم قۆناغانەی گۆڕان، ڕێکخراوە و یەکە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی مادی ژیانی مرۆڤیش تووشی گۆڕان دێ. کۆنت ڕای وابوو کە نابێ چاوەڕوان بین کە کاتی مردنی سیستەمێک، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و هزریدیکە سەرهەڵبێنێ. بوار لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ سیستەمێکیتر، قەد ناتوانێ بەردەوام و ڕاستەوخۆ بێ. لە ڕاستیدا مێژووی مرۆڤ بە قۆناغگەلێکی ئۆرگانیک و قەیرانی دیاری دەکرێن. لە سەردەمی ئۆرگانیکدا، سەقامی کۆمەڵایەتی و هاوڕایی هزری بەردەوامە و بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هاوسەنگیدان. بە پێچەوانە، لە سەردەمی قەیراندا بنەماکانی بڕوای کۆن، سست و لاوازن و سوننەتەکان بێبەها دەبن و ژیانی کۆمەڵایەتی توشی نایەکسانی دەبێ (کوزر؛ ١٣٧٠).

کۆنت لە مەعریفە و بیری مرۆڤدا بۆ گەشەو تەکامولی کۆمەڵایەتی دەگەڕا؛ بەلام مارکس بە پێچەوانەی ئەوە، لە چۆنییەتی پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بۆی دەگەڕا و پێی وابوو کە هەر خول و چاخێک، خاوەنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی تایبەت بە خۆیە. پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پێکهێنەری پێوەندی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتین و لە ناخی ئەم پێوەندییانەوە ململانێ و ناتەبایی سەرهەڵدەدەن. لە هەر شێوازێکی بەرهەمهێناندا پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان ئاسان دەکەنەوە؛ بەلام هەر ئەم پێوەندییانە، دواتر دەبنە کۆسپ و ئاستەنگ لە بەرانبەر ئەم گەشە کردنەدا. ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشگەلی کۆمەڵایەتی؛ لەم شۆڕشانەدا پێوەندییەزاڵەکانی

بەرهەمهێنان تووشی گۆڕان دەبن. هەر گۆڕانێ لە بنەمای ئابووریدا، دێر یان زوو، دەبێتە هۆی گۆڕانی رووبینای کۆمەڵایەتی. ئەم میتۆدە سەرجەمی جڤاکەکان –لە کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە تاکوو دەگاتە دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری هاوچەرخ– دەگرێتەوە (استونر؛ ١٣٧٩).

بە بڕوای مارکس، سەرجەمی گۆڕانە رامیاری، یاسایی، فەلسەفی، ئەدەبی و هونەرییەکان بەستراون بە گۆڕانی ئابوورییەوە. بەڵام ئەم چەمکانە هەموویان هەم بە سەر یەکتردا و هەم بە سەر بنەمای ئابووریدا کاریگەرییان هەیە. واتای ئەمە، ئەوە ناگەینێ کە بارودۆخی ئابووری، تەنیا هۆکاری بزۆز و ئەکتیڤە و هەم تەوەرەکانی‌تر لە ژێر کاریگەری ئەم ئەم هۆکارەدان. بەڵکوو لە چوارچێوەی پێداویستییە ئابوورییەکاندا، ئەم هۆکارە جۆراوجۆرانە، بە سەر یە کدا کاریگەر دەبن (کوزر؛ ١٣٧٠).

دوورکایم لە کتێبی *دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی*دا باس لە چۆنییەتی بواری جڤاکەکان لە قۆناغە سوننەتی و سەرەتاییەکانەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی و پێشکەوتوو دەکا و هۆکانی ئەم گۆڕانە راڤە دەکات. رای دوورکایم وایە کە هۆی سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگای سەرەتاییەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، سست بوونی پێوەندییە کۆنەکانە کە بنەمای لە سەر یەکگرتوویی میکانیکییەوە داڕێژراوە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی سادە و ساکاریان هەیە؛ چونکە دابەش‌کردنی کار نەگەیشتۆتە قۆناغێکی ئاڵۆز، تاکەکان بە گوێرەی یەکگرتوویی میکانیکی، پێوەندییان پێکەوە هەیە و نەزم و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ئەم شێوە یەکگرتووییە هاتۆتە دی. بەڵام لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پیشکەوتووەکاندا، بناغەی کۆمەڵگا لە سەر یەکگرتوویی ئۆرگانیکی دامەزراوە و بە هۆی ئاڵۆز بوونی دابەش‌کردنی کار، پێکهاتەی کۆمەڵگاش حاڵەتێکی ئاڵۆزتری هەیە. کەواتە جۆری سیستەمی

دابەش‌کردنی کارە کە چۆنییەتی پێکهاتەی کۆمەڵگا دیاری دەکا و ئەمە پێکهاتە و سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە چۆنییەتی هەڵس‌وکەوت و کارلێکی کۆمەڵایەتی روون دەکاتەوە (دورکیم؛ ١٣٨١).

روانگەی کۆمەڵناسانە بە پیشاندانی واتا و بیردۆزی جۆراوجۆر، یارمەتیمان دەدات تا باشتر لە واتای گۆڕانی کومەلایەتی بگەین. بۆ دیتنەوەی هۆی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ناتوانین بە تەنیا یەک هۆکار بە هۆی ئەو گۆڕانە بزانین. گۆڕانەکان زۆرتر دەرەنجامی کۆمەڵەیەک هۆکار و رووداون. بۆ وێنە رەنگە بڵێین دوایی هاتنی جەنگی سارد بۆتە هۆی کۆشەوە بۆ کەمتر کردنی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی. بەلام ناتوانین بە ئاسانی هۆکارەکانی دوایی هاتنی جەنگی سارد دەسنیشان بکەین. هەروەها دەبێ ئەم خاڵەش لە بەر چاو بگرین کە داگرسانی جەنگی سارد لە سۆنگەی چ هۆکارێکەوە بوو. هەرچەند، هەروەک ئاماژەمان پێکرد، بۆ هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی دەتوانین هۆکاری زۆر دەسنیشان بکەین، بەلام کۆمەڵناسان زۆرتر سەرنج دەدەنە هۆکارە گرینگ و سەرەکییەکان. ئەم هۆکارانە بریتین لە:

١) داهێنان: واتە داهێنانی شتی نوێ. ئەم شتە نوێیە دەتوانی بیر، پرۆسە، کردە، گەلالە یان ئامرازو کەرەسەیەک بێ.

٢) کردەوەی رێبەران: مەبەست کردەوەی ئەو کەسانەیە کە دەسەلاتیان لە دەستدایە؛ رێبەرانی کاریزماتیک یان بژاردەکانی دەسەلات.

٣) ململانێ و ناتەبایی: مارکس رای وابوو کە ململانێ، سەرەکیترین هۆکاری گۆڕانە. ململانێیەکان بریتین لە پێکدادانی گرووپەکان بۆ گەیشتن بە دەسەلات، سامان، قازانج، بەها و هتد.

٤) سەرمایەداری: سەرمایەداری، سیستەمێکی ئابوورییە کە تێیدا خاوەنێتی تایبەت بە سەر سەرچاوەکان، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان،

دابەشکردنی کالا و خزمەتگوزاریەکاندا زاڵە. بزوێنەری ئەم سیستەمە ئەنگیزەی پێشبڕکی، قازانجخوازی و بازاڕی ئازادە (عضدانلو، ۱۳۸۴).

گوشاری دەور (رۆڵ)/ role strain

هەندێ جار تاک لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرک و دەورەی کە خراوەتە ئەستۆی، تووشی کێشە و گرفت دێت. هۆی ئەم گرفتە بریتیە لە ناتەبایی ئەو دەور و ئەرکانەی کە خراونەتە ئەستۆی و چاوەڕانی دەکرێ کە جێبەجێی بکات. کۆمەڵناسان بەم دۆخە دەڵێن گوشاری دەور. ئەم ناتەبایی و پارادۆکسانە رەنگە کاتێک سەرهەڵبدەن کە لایەنە بەرانبەرەکان، چاوەڕوانی جۆراوجۆریان لە خاوەن دەور هەبێ، یاخۆ تاک لە پێگەیەکی کۆمەلایەتیدا راوەستێ کە ئەرکی جۆراوجۆر و هەندێ جار دژ بە یەکی دەخرێتە ئەستۆ (کوئن؛ ۱۳۸۷).

بۆ وێنە لە سەرپەرشت و راهێنەری تیمێکی فووتبۆڵ چاوەڕوانی دەکرێ کە لە گەڵ یاریکەران و ئەندامانی تیم پێوەندییەکی نزیک و دۆستانەی هەبێ، کەچی لە هەمان کاتدا دەبێ بڕیاری توندو بە زەبر بۆ رێکوپێک کردن و بەڕێوەبردنی تیم بدات، تەنانەت رەنگە هەندێ جار ناچار بێت کە یەکێک لە ئەندامەکانی بگۆڕێ یا جێگای بگۆڕێ تا لەم رووەوە بارودۆخی تیمەکەی رێکوپێک بکات. کارێکی ئاسان نییە کە راهێنەرێک لە هەمان کاتدا کە خۆی بە یەکێک لە ئەندامان و یاریکەران دەزانێ، هان بدات کە کاروبارەکان رێکوپێک بکات. لەم دۆخەدا زۆرجار راهێنەر لە گەڵ گوشاری دەور رووبەڕوو دەبێ.

گۆشەگیری / isolation

واتای سەرەکی ئەم زاراوەیە هەمان «جیایی»یە و رەنگە لە بواری

جۆراوجۆری وەکوو پێکهاتەی دەروونی، پێوەندی تاک لە گەڵ گرووپ و پێوەندی گرووپەکان لە گەڵ گرووپەکانی‌تردا بە کار ببرێ.

لە کۆمەڵناسیدا مەبەست لەم زاراوەیە بەشداری نەکردنی تاکە لە نێو چالاکییەکانی گرووپدا. وادیارە کە لێرەدا گۆشەگیری جۆرێک بیچم‌بەندی شیکارانەیە. وەکوو کاتێک کە ر.ت. لاپییر دەڵێ گۆشەگیری بریتییە لە «داماوی تاک بە هۆی بەهێزی، سەرتری یان هەر شتێکی‌تر لە پێوەندی کردن یاخۆ پاراستنی پێوەندی لە گەڵ تاکەکانی دەورو پشتی». هەروەها سان.ک.دەیڤیس «نەبوونی پێوەندی کۆمەلایەتی» لە گەڵ «گۆشەگیری» بە یەکسان دەزانێ. لە بوارێکی جیاوازدا گۆشەگیری وەکوو بگۆڕێکی دابنامیک لە بێ‌هێزی بۆ بەدەستهێنانی کەسایەتی دێتە ئەژمار و هۆکارێکە کە بوار بۆ نەخۆشی دەروونی، بە تایبەت شیزۆفیڕنی خۆش دەکات.

ئا.ج. جاکۆ لە کۆمەڵناسیدا بە جۆرێکی‌تر لەم زاراوەیە کەڵک وەردەگرێ و «گۆشەگیری بە دابڕان یاخۆ کەم کردنەوەی رادەی پێوەندی لە گەڵ کەسانی‌تر» دەزانێ و تێدەکۆشێ لە کۆمەڵەکاندا بە هۆی پێوەرگەلێکی وەکوو ون بوون (گومناو بوون)، کۆچ کردن، شوێن و مەکۆی دۆستان، رادەی بەشداری لە گرووپەکاندا و شتی‌تر هەڵیسەنگێنێ. ک. دەیڤیس دەڵێ: «گۆشەگیریەک کە کۆمەڵناسان زۆرترین سەرنجی پێ دەدەن، گۆشەگیریەکە کە ئاوێتەیەکە لە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان».

هەروەها کۆمەڵناسان گۆشەگیری بۆ ئاماژە بە جۆری پێوەندی گرووپ یان کۆمەڵگاکان لە گەڵ گرووپ یا کۆمەڵگاکانی‌تر بەکار دەبەن. لەم رەهەندەوە «جڤاکێکی نەتەوەیی، جڤاکێکی گۆشەگیرە... چونکە لە خەڵکێک پێک هاتووە کە پێوەندییەکی کەمیان لە گەڵ خەڵکی کۆمەڵگاکانی دەورو پشتیان هەیە». هـ. بیکێر لە تۆژینەوە لە سەر کۆمەڵگا پیرۆز و دونیاییەکاندا بە «گۆشەگیری» و «دەسپێگەیشتوویی» کۆمەڵگاکان

ئاماژە دەكا و سێ خاڵی جیاواز دەستنیشان دەكات: هاوسایی (جیایی جەستەیی)، كۆمەڵایەتی (خاوەن پێوەندی جەستەیی، بەڵام بە كۆسپ لە سەر رێی كارلێكی كۆمەڵایەتییەوە)، دەروونی (خاوەنی كارلێك، بەڵام بەبێ پێوەندی راستەقینە).

یەكەم كەسێك كە زاراوەی گۆشەگیری بە كار هێنا گ.زیمل بوو و مەبەستی لەم زاراوەیە زۆرتر ئاماژە بە كەسێك بوو كە لە باری جەستەییەوە هەست بە دابڕان و جیایی و تەنیایی دەكات. «واتایەكی راشكاو لەم راستییەدەروونیە بەناوبانگەدا دیارە؛ هەست بە ئاوەها تەنیاییەك بە دەگمەن روودەداو گەریش رووبدات ئەوە كاتێكە كە تاك لە بیانی و نامۆ بوونی خۆی ئاگەدار بێ و لە گەڵ خەلكێكی زۆر كە زۆر لە باری فیزیكییەوە لێی نزیكن، پێوەندی و یەكگرتوویەكی نەبێ» (گولد؛ ١٣٨٤).

گۆشەگیری خوازی/ isolationism

مەبەست لە گۆشەگیری خوازی، سیاسەت یان لایە نگری لە سیاسەتێكە كە دەڵێ قازانجەكانی ولات بە دوورەپەرێزی لە پێوەندی نزیك لە گەڵ ولاتانیتر، بە باشترین جۆر دابین دەبێ. لە هەمان كاتدا كە دەتوانین لایەنگری لە گۆشەگیری سیاسی بكەین یاخۆ پەیدۆزی بین، بە دەگمەن دەتوانین ولاتێك ببینینەوە كە پێی گەیشتبێ كە ئاوەها سیاسەتێكی بەكار بردبێ. بۆ وێنە ژاپۆن ماوەیەك وای كرد، كەچی بریتانیا و ئەمریكا قەد وایان نەكردووە.

زاراوەی گۆشەگیری لە دەیەی ١٩٨٠دا بە چاوبڕین لە سیاسەتی بریتانیا -كە «گۆشەگیری شكۆدار»یان پێی دەگوت- بوو بە خاوەنی واتای سیاسی. ج. ئێ. فاستەر كە لە ١٨٩٦دا لە پەرلەمانی كانادادا گوتاری دەخوێندەوە گوتی: «لەم رۆژە پڕ ئاژاوانەدا، پادشای ئیمپراتۆری مەزن بە چەشنێكی

شکۆدار خۆی لە ئەورووپا دوورەپەرێز گرتـووە». ئـەم پـەیڤـە دەنگـی زۆری دایەوە. واتاکەشی ئەمە بوو کە بریتانیا لە هەر جۆرە بەڵێن و بڕیارێک کە بـە هۆی یەکیەتی لە گەڵ وڵاتانەوە بۆی دێتە دی، ئازادە و خۆی کـلا کـردووە. نە لە یەکیەتی «سێ لایەنـە»دا ئـەندامـە و نـە لـە یـەکیـەتی «فـەرانسـە و رووسیادا». هەرچەن مەبەستی ئەم پەیڤە ئەوە نەبوو کە بریتانیا بـە تـەمایـە خۆی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی بکێشێتەوە.

زاراوەی گۆشەگیری‌خوازی لە سەدەی بیستەمدا پەرەی سەند و مەبەست لەم زاراوەیە هەندێ رەهەند و سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا و بـیر و بۆچـوونی هەندێ لە گرووپەکان لە مەڕ سیاسەتی دەرەکی ئـەمریکـا بـوو. لـە شـەڕی جیهانی یەکەمدا ئەمریکا بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش لە بەشداری کردن لە سیاسەتی نێو نەتەوەی و گرتنە ئەستۆی هەر جۆرە بەرپرسایەتییـەک خـۆی بوارد. هۆی پەسندکردنی ئەم زاراوەیە زۆرتر بـاس لـە بـیرو بۆچـوونی ئـەو کەسانە دەکات کە بـە نزیـک کـەوتنـەوەی شـەڕی جیهـانی دووەم، زۆرتـر خوازیاری دوورەپەرێزی بەشداری نەکردن لە کـارو بـاری ئـەرووپـادا بـوون. چونکە پانتای ئەو بیرو بۆچوونە زۆر بەرفراوان بـوو، واتـای ئـەم زاراوەیـە تـا رادەیەک لێڵە و تەنیا ئەو مەبەسـتەی کـە بریتانیـەکـان بوویـان، ناگرێتـەوە (نەڕۆیشتنە نێو هیچ یەکیەتییەک، بەڵام درێژەدان بە بەشداری لە کاروبـاری نێو نەتەوەییدا)؛ بەڵکوو هەنووکە ئـەم زاراوەیـە بـە تـەواوی گۆشـەگیریـش دەگرێتەوە. لەم سۆنگە ئێستا واباوە کە «یەکلا خوازی» بۆ واتـای «تێکـەڵ نەبوون لە نێو هیچ یەکیەتییەک» بە کار بـبرێ و گۆشـەگـیری خـوازی بـە واتای مەیلەو دوورەپەرێزی(گولد؛ ١٣٨٤).

گەشەی کۆمەڵایەتی / social promotion

ئەم زاراوەیە ئاماژەیەکە بەبایەخـی بـەڵـگەنامـەی سیسـتەمـە پـەروەردە

ڕەسمییەکان. لایەنگرانی پەروەدەی گشتی (بەلاش) لە ئەمریکادا چاک دەزانن کە ئەنجامی ئەم داخوازەیان -واتە گەشەی پەروەردەو فێرکاری بۆ هەموو توێژەکانی خەڵک تا لە هەل و مەرجی یەکسان بۆ پێشکەوتن لە کۆمەڵگادا بەشدار بن- دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وانەکانی قوتابخانەکان. بە واتایەکی‌تر، گەر بڕیار وابێ هەموو ئەو کەسانەی لە کۆرسەکانی قوتابخانەدا بەشدار دەبن، سەرکەون، دەبێ ئاستی فێرکاری دابەزێ. گەر ئەم بۆچوونە لە لایەن بڕیاردەرانی بەرنامەکانی پەروەردەوە پەسند بکرێ، ئاکامەکانی ئاشکران: دیپلۆمەکان بایەخی خۆیان لە دەست دەدەن و ئامانجی گەیشتن بە بەرانبەری لە ڕێی دابین کردنی پەروەردەی زۆرەکی و بەلاش دەکەوێتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە.

ئەمریکا یەکێک لەو وڵاتە دەگمەنانەیە کە خوێندکار بێ‌هیچ ئەزموون و بەربەستێک دەتوانێ بڕواتە نێو زانکۆوە، بەو مەرجەی بەڵگەنامەی دیپلۆمی وەرگرتبێ. چونکە پەروەدە بوو بە ئەرکێکی زۆرەکی و بەلاش، هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، تەنانەت چینی دەسکورت و نەدار، توانیان بەڵگەنامەی دیپلۆم وەربگرن. لەم سۆنگەوە بایەخی بەڵگەنامەی دیپلۆم دابەزی و بەڵگەنامەی زانکۆ بایەخی زۆرتر بۆوە. بە واتایەکی‌تر، بۆ گەیشتن بە کارێکی چاکتر و بەنرختر، بەڵگەنامەی دیپلۆم بایەخی پێشووی نەما. ئاکامی ئەم دابەزینی بایەخە ئەوەبوو کە ئاستی بەرنامە وانەییەکانی قوتابخانەکان هاتە خوارەوە و قوتابییان تەنیا خوێندن و نووسینی پێویست بۆ ڕۆیشتنە نێو بازاڕی کار فێر دەبوون و هیچی‌تر. بەم بۆنەوە ئاستی بەرنامەوانەییەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان زۆر هاتە خوارەوە و نرخی خۆی لە دەست دا (*Cohen, David K. and Barbara Neufeld, 1983*).

گەشەی کۆمەڵایەتی-چاندی / sociocultural evolution

خوێندنەوە و توێژینەوە لە سەر ژیانی ئادەمیزاد، زانیاری زۆری سەبارەت

بە جیاوازیگەلی زۆر گەورەی جڤاکەکان کە لە خولی جۆراوجۆری مێژوودا هاتوونەتە دی و لە ئەنجامدا تواونەتەوە و هیچیان لێ نەماوە، داوەتە دەست. گێرهارد لێنسکی و پاتریک نۆلان لە سەر تەوەرێک کۆڵاونەتەوە کە بە ناوی گەشەی کۆمەڵایەتی-کولتووری ناویان لێ بردووە. ئەوان ئەم زاراوەیە بە واتای پرۆسەی گۆڕانێک بەکار دەبەن کە بە هۆی گەیشتن بە زانیاریگەلی نوێ، بەتایبەت تیکنۆلۆجییەوە هاتۆتە دی (نولان و لنسکی؛ ۱۳۸۳). بە هەمان جۆرێ کە بیۆلۆجیستێک گەشەو گۆڕانی گیاندارێک دەخاتە بەر راڤەو لێکدانەوە، کۆمەڵناسیش دەست دەدا بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چەندوچوونی گەشەی کۆمەڵایەتی-کولتووری کۆمەڵگا مرۆڤیەکان تا چۆنییەتی ئەو گەشەسەندن و بەرەو تەواوتر چوونە لە خولەکانی مێژوودا روون بکاتەوە. کۆنترۆڵ و بەهرەوەرگرتن لە سروشت، لە گرینگترین هۆکارەکانی گەشەی جڤاکەمرۆڤییەکانە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە تیکنۆلۆجییەکی سادە و ساکاریان هەیە، تەنیا دەتوانن لە ژمارەیەکی زۆر کەم پێک بێن و ناتوانن شێوازی جۆراوجۆر بۆ ژیانیان هەڵبژێرن. بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەهرەیەکی زۆریان لە تیکنۆلۆجی بردووە، دەتوانن جەماوەرێکی زۆرتر لە نێو خۆیاندا جێ بکەنەوە و لە شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ ژیان کەڵک وەربگرن. ئەمەی بێژرا، ئەوەناگەیێنێ کە بەهرەی زۆر وەرگرتن لە تیکنۆلۆجی دەتوانێ ژیانێکی خۆشتر و باشتر پێک بێنێ. هەرچەن کۆمەڵگاکان خاوەنی تیکنۆلۆجییەکی ئاڵۆزتر بن، گۆڕان و گەشەیان خێراترە و بە پێچەوانەی ئەمە، هەرچی کۆمەڵگایەک تیکنۆلۆجییەکی ساکارتری بێ، بە هێوری تووشی گۆڕان و گەشەسەندن دەبێ. بە گوێرەی بۆچوونی لێنسکی، مێژووی جڤاکە مرۆییەکان بە پێی ئاستی تیکنۆلۆجییان بە پێنج تیپی لێک‌جیاواز دابەش دەکرێن: راو و کۆکردنەوەی خۆراک، بێستانکاریێ، شوانکارەیی، کشتوکاڵ، پیشەسازی و پاش پیشەسازی (نولان و لنسکی؛

.(١٣٨٣

گەیاندن (پەیوەندی)/ communication

هەرچەن گەیاندن بە گوێرەی چوارچێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە و هەر بۆچوون لە سەر رەهەندێکی تایبەت لەم پرۆسەیە پێداگری دەکا، بەلام لە هەموو ئەم پێناسانەدا پێنج هۆکاری سەرەکی دەسنیشان دەکرێن: ١) دەسپێکەر ٢) وەرگر ٣) شێواز یان ئامرازی راگواستن ٤) پەیغام یان هەوال ٥) ئاکام و ئەنجام. واتە، گەیاندن لە سەرەتایی‌ترین شێوازی خۆیدا بریتیە لەوەی کە دەسپێکەرێک هەوال یان پەیغامێک بە هۆی کەرەسەیەکەوە بۆ کەسێکی‌تر دەنێرێ و ئەمانەش دەبنە هۆی ئاکامێک. زۆربەی پێناسەکان، واتای کارلێکیان لە نێودا حەشار دراوە، واتە لەم پرۆسەیەدا دەکرێ دەسپێکەر بەردەوام یان هاوکات، وەرگریش بێ، یاخۆ وەرگر، دەسپێکەر بێ.

لە زۆربەی پێناسەکاندا دەسپێکەر، وەکوو وەرگر ئۆرگانیسمە. لەو بەرهەمە نوێیانەدا کە سەبارەت بە ئەندازیاری راگەیاندن نووسراون، دەسپێکەر یان وەرگر دەتوانێ کەرەسەو ئامرازێکی نائۆرگانیسم بێ. لە هەندێ پێناسەشدا، گەیاندنی «راستەقینە» تەنیا بە پێوەندی نێوان ئۆرگانیسمەکان دەبێژرێ.

لە سەر چۆنییەتی پەیغام یان هەوال باس و وتوویژی زۆر کراوە، بەلام بنەمایەکی سەرەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئامرازی راگواستنی هەوال دەتوانێ سەرنجی دەسپێکەر و وەرگر بەرەو پانتایەک لەو دیاردانەی کە لە دەوری هەوالدان راکێشێ. بەم بۆنەوە لە کاری گەیاندندا هەمیشە پای دیاردە و سیمبۆل لە ناودایە(گولد؛ ١٣٨٤).

لە دونیای نوێدا گەیاندن رەنگ و روویەکی نوێی گرتۆتە خۆ و بە تایبەت لە کۆمەلناسیدا زۆرتر باس لە چەندایەتی کاریگەری راگەیاندن دەکرێ؛

کۆمەڵناسان لە لێکدانەوەی ڕاگەیاندندا زۆرتر سەرنجیان داوەتە شرۆڤەی زمان و لێکدانەوەی هۆکارەکانی ڕاگوازتنی هەواڵ و پەیغام (دیاردەکان، نیشانەکان و واتاکانیان).

دوو کەس لە بیرمەندانی کاریگەر لە دونیای گەیاندندا بریتین لە هارۆڵد ئینس و مارشاڵ مەک لۆهان کە هەردوویان خەڵکی وڵاتی کانادان. بە ڕای ئینس (*Innis,1950-51*) ڕێباز و هەڵسوکەوت و بۆچوونی دەزگاگەلی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگایەک، کاریگەری ڕاستەوخۆ و زۆر بەهێزیان بە سەر پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە. بۆ نموونەش ئاماژە دەکا بەو بەردەنوسانەی کە لە هەندێ شارستانیەتی کەونارادا نوسراون. ئەم بەردەنووسانە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمیننەوە، بەلام ناکرێ بە ئاسانی بگوازرێنەوە. بۆیە کەرەستەیەکی چاک بۆ پێوەندی لە گەڵ ناوچەگەلی دوور نین. کەواتە، ئەو جڤاکانەی بەم جۆرە پێوەندییانەوە بەندیوارن، ناتوانن زۆر گەورە و مەزن بن.

مەک لۆهان (*McLuhan;1964*) هەندێ لە بیردۆزەکانی ئینسی درێژە پێدا و بۆ لێکدانەوەی دەزگاگەلی ڕاگەیاندنی جڤاکە پێشکەوتووەکان چێژی لێ وەرگرت. مەک لۆهان دەڵێ: «ڕاگەیاندن هەمان پەیغامە». واتە، چۆنییەتی دەزگاگەلی ڕاگەیاندنی کۆمەڵگایەک، زۆرتر لە ناوەرۆکی هەواڵەکان، بە سەر پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا کاریگەرییان هەیە. بۆ وێنە، تەلەفزیۆن ئامرازێکی ڕاگەیاندنە کە زۆر لە کتێب جیاوازە. تەلەفزیۆن ئامرازێکی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیکی، دیداری و تێکەڵ لە وێنەگەلی بزۆزە. ئەزموونی ڕۆژانەی جڤاکێک کە تەلەفزیۆن تێیدا دەور دەگێڕێ، جیاوازە لە گەڵ کۆمەڵگایەک کە تەنیا کتێب کەرەسەی ڕاگەیاندنیە. تەلەفزیۆن هەواڵەکان بۆ هەموو کونج و قوژبنی دونیا ڕادەگوێزێ و بێدرەنگ خەڵکی دونیا لە کارەسات و ڕووداوی جۆربەجۆر ئاگەدار دەکاتەوە؛ لەم سۆنگەوە، بە وتەی مەک لۆهان ڕاگەیاندنە ئەلکترۆنیکییەکان خەریکی چێ کردنی

گوندی جیهانین (Global Village)؛ خەڵکی دونیا پێکڕا بینەری رووداوەگرینگەکانی دونیان، بۆیە پێکەوە دەتوانن بەشداری تێدا بکەن. بۆ نموونە، میلیۆنها کەس پێکەوە لە پێوەندی نێوان بیل‌کلینتۆن سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا و سکرتێری پێشووی کۆشکی سپی، موونیکا لوینسکی ئاگادار بوون. پاش یەک ساڵی رەبەق کۆشەوەو توێژینەوە و پەردەلادان لە رووی نهێنییەکان، کلینتۆن لەو پیلانە دەرباز بوو(گیدنز؛ ١٣٨٦).

deviance / لادان

هەر جۆرە ئاکارێک کە لە گەڵ چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا هاوڕێ نەبێ، لادانی پێ دەڵێن. واتە دووری گرتنی تاک لە نۆرم و پێودانەکانی کۆمەڵگا. ئەمەش کاتێک ڕوودەدا کە تاک یان گرووپێک پێودانەکانی کۆمەڵگا لە بەرچاو نەگرێ (کوئن؛ ١٣٨٤). دوورکایم دەڵێ: لادان بریتیە لە هەر جۆرە هەڵس‌وکەوتێک کە بە پێچەوانەی پێودان یان دامودەستوورەکانی گرووپ بێ (دورکیم؛ ١٣٨٤)

دیارە ئەم پێناسە لە لادان، ناتوانێ ببێتە پێوەرێک بۆ توێژینەوەی کۆمەڵناسانە. چونکە ئەمەی کە کردەوەیەک لادانە یان نە، تەنیا نۆرمەکانی کولتووری ئەو کۆمەڵگان کە دیاری دەکەن. ڕەنگە کردەوەیەک لە نێو کولتوورێکدا لادان بێ، کەچی هەمان کردەوە لە کۆمەڵگایەکی تردا نۆرم و پێودان بێ. یان بە پێچەوانەی ئەوە، کردەوەیەک لە کۆمەڵگایەکدا بەها بێ، کەچی لە کۆمەڵگایەکی تردا بە لادان بێتە ژمار؛ بۆ وێنە لە چیندا خۆڕازاندنەوەی ئافرەتان، سەردەمێک لادان بوو و دەبوایە سزا بدرێ، کەچی ئێستا بۆتە نۆرم و پێودان و ئیدی بە لادان نازانرێ (عضدانلو، ۱۳۸۴).

سەرجەمی ئەو کۆمەڵناسانەی کە پێناسەیەکیان لە لادان داوەتە دەست، دەکرێ لە دوو دەستەدا ریز بکرێن. دەستەی یەکەم ئەوانەن کە لادان بە دیاردەیەکی «واقعی» دەزانن کە خاوەن تایبەتمەندیگەلێکە کە لە ڕەفتاری نۆرماڵ جیا دەکرێتەوە. ئەمە بۆچوونی پازیتیڤیستانە. دەستەی دووەم یان ڕاڤەخوازان (constructionist approach)، ئەوانەن کە دەڵێن لادان کردەوەیەکی تەواو «واقیع» نییە؛ زۆرن کەسانێک کە بە هەڵە یان بە هۆی ڕق و قینەوە تاوانبار دەکرێن و مۆرکی لادانیان لە جەمین دەدرێ. یان زۆرن کەسانێک کە تووشی کردەوەی ناڕەوا و دژ بە ڕێسای کۆمەڵگا دەبن، بەڵام چونکە کەسیان پێ نازانێ لە مۆرکی لادان بەرین و بە تاوانبار نازانرێن.

کەواتە لە روانگەی ئەم کەسانەوە ئەمە مۆرکنانـە کـە کـەسـێک بـە تاوانبـار پیشان دەدا نە خودی تاوان و لادان (سروستانی؛ ١٣٨٧).

بیردۆزی پۆزیتیڤیستی لە پێناسـەی لادانـدا سـێ گریمانـەی سـەرەکـی هەیە:

١- لادان کردەیەکی واقیعە، واتە: هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە هاوڕێسایی لە گەڵ کۆمەڵگای جیا دەکاتەوە. زیانناسان و تاوانناسانی رابـردوو بـڕوایان بە هەندێ کەمایەسی بیۆلۆجیکی لە تاوانبارانـدا بـوو، بۆیـە تاوانبارانیـان بـە تاوانبـاری «زکمـاک»، «دەروون ئالـۆز»، «ژیـان دژواری منداڵـی» و «شیزۆفیرنی» دەزانێ (آگ برن؛ ١٣٥٢).

٢- لادان کردەوەیەکی ئاشکرایە و لادەر یـان تاوانبـار بوونـەوەرێکـی دیـار و بەرچاوە و دەتوانین بە هەمان شێوازی زانستە سروشتییەکان بێخـەینـە بـەر راڤە و وردبوونەوە.

٣- بەڕای ئەم تاقمـە لادانی کۆمـەڵایـەتی و تـاوان، هۆیـەکـی سـەرتـر لـە کۆنترۆڵی خودی تاکی هەیە (ئەمە بۆچوونی زانستە سروشتییەکانە).

بیردۆزی راڤەخوازی کە لە دەیەکانی ١٩٦٠وە دەسـەڵاتی پۆزیتیڤیسـتانی تووشی کێشە کرد، سێ گریمانەی گرینگی هەیە:

٤- لادان تەنیا مۆرکێکە و هیچیتر و هیچ تایبەتمەندییەکی زاتی نییە. واتە هەر کردەوەیەک تەنیا کاتێ کەسـانێک بـە لادان و تـاوانی دەزانـن دەبێتـە لادان. لە سەرووی هەموو راڤەخوازانـەوە «هـاواردبیکێر»ە کـە دەڵـێ لادان، کردەوەیەکە کە خەڵکی مۆرکی لادانیان لە سەر داناوە و لادەر کەسـێکە کـە ئەم مۆرکەی لە سەرە (بیکر؛ ١٩٦٣: ١٢).

١- کۆمەڵناسانی راڤەخواز ، لادان بـە ئـەزمـوونێکی زەیـنی دەزانـن و تاوانبارییش بە کەسایەتییەکی زانا، خاوەن هەست و بیرو هۆش دەزانن کـە لە گەڵ بابەتێکی ئەکتیڤ و شتمەکی بێگیان (بابەتی توێژینەوەی زانسـتە

سروشتییەکان)، کە وەکوو چەمکێکی مونفەعیلن، زۆر جیاوازە (سروستانی؛ ١٣٨٧).

٢- کۆمەڵناسانی راڤەخواز دەڵێن کە لادان کردەیەکی ئیرادییە و رەنگدانەوەی ویست، ئیرادە و هەڵبژاردنی مرۆڤە. بەڕای ئەمان بە پێچەوانەی ئەوەی کە پۆزیتیڤیستان دەڵێن مرۆڤ وەکوو رۆبووتێکە و هیچ ویست و دەسەڵاتێکی لە خۆی نییە، مرۆڤ خاوەن هەست و ویست و دەسەڵاتە و کارەکانی بە گوێرەی ویستی خۆین.

بیردۆزێکی‌تر کە هانی داوە بە چەشنێکی جیاواز و لە رەهەندێکی‌ترە سەیری چەمکی لادان بکات، بریتیە لە بیردۆزی زەختی کۆمەڵایەتی. وەڵامی ئەم کۆمەڵناسانە بەم پرسیارەی کە خەڵکی بۆچی تاوان دەکەن ئەوەیە کە هەندێ هۆکار لە نێو کۆمەڵگادا خەڵکی دەخەنە ژێر گوشار و ناچاری دەکەن بە تاوان کردن. رەنگە مارکس یەکەم کەس بووبێ کە ئەم بۆچوونەی دەربڕیبێ و هۆکاری ئابووری بە زەختێکی کۆمەڵایەتی زانیوە کە بە سەر کرێکار و خەڵکی هەژاری کۆمەڵگادا دێ و تاک ناچار بە لادان لە رێساکانی کۆمەڵگا دەکات (شیخاوندی؛ ١٣٨٦). دواتر دوورکایم لە کتێبی *سەبارەت بە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی*دا ئاڵۆزی لە دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی -کە دەبێتە هۆی زەختێک بە سەر تاکەوە- بە هۆی لادان لە نۆرمەکانی گرووپ دەزانێ. رابێرت مێرتۆن هۆی ئەم گوشارە سەرنەکەوتنی تاک لە ناتوانی لە بەدەست هێنانی دۆزە کۆمەڵایەتییەکانیدا دەزانێ. «لادان، ئاکامی زەختی پێکهاتەیی-کۆمەڵایەتی تایبەتە» (سروستانی؛ ١٣٨٧).

مێرتۆن پێداگری لە سەر ئەم بابەتە دەکات کە کردەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە بەرانبەر زەختە کۆمەڵایەتییەکان، بە بۆنەی دەسڕانەگەیشتن بە هەلە رەواکان بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئارمانج، وەکوو

یەک نییە و هەموو هەژارێ بۆ گەیشتن بە دۆزەڕەواکانی لە نۆرمەکانی کۆمەڵگا لانادا. بە رای میرتۆن، هەندێ لە کەمدەسان بۆ هاوڕێ کردنی خۆیان لە گەڵ زەختەکانی کۆمەڵگا لە ئامرازو هۆکاری دژ بە ڕێسا کەڵک وەردەگرن. هەندێ لە رادیکالیستەکان لە بەرانبەر ئارمانج و هۆکاری رەوای گەیشتن بەم ئارمانجانە -کە زۆر دووره دەستیان پێراگا- رادەپەڕن و ئارمانج و ئامرازی نوێ بۆ گەیشتن بەو ئارمانجانە بە کۆمەڵگا دەناسێنن. هەندێکیش بە ناچار واز لەو دۆزە رەوا و هۆکاری گەیشتن بەو دۆزانە دێنن و لە کۆمەڵگا جیا دەکەونەوە. ئەم سێ تاقمە -واتە: داهێنەران، راپەڕیوان و جیاکەوتووان- بۆ سازگاری خۆیان لە گەڵ کۆمەڵگایەک کە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجیان بۆ پێک ناهێنێ، رێگای لادان و رێساشکێنییان هەڵبژاردووە (سروستانی؛ ١٣٨٧).

لادانی تازەلاوان / juvenile delinquency

ئەم زاروەئاماژە بەو کردەوانە دەکات کە بە گوێرەی یاسا یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی قەدەغە کراون. زاراوەی تازەلاو بوون، هەرچەند هەر ناوچەیەکی دادوەری بە چەشنێک راڤەی دەکا، بەلام زۆرتر بریتیە لە تەمەنی منداڵی و تازەلاوی. هەروەها ئەو کردەوانە کە بە لادانی تازەلاوان دەزانرێن، لە ناوچەیەکی دادوەرییەوە بۆ ناوچەیەکی‌تر جیاوازن. سیایی لادانی تازەلاوان، بێجگە لەو کردانەی کە هەرگا گەورە سالان تووشی بن بە گوێرەی یاسا سزا دەدرێن، زۆرتر بریتیە لەو کردانەی کە تایبەت بە خولی تازەلاوی و منداڵین. زاراوەی لادانی تازەلاوان ئەوەندە لە گەڵ واتاگەلی یاسایی، رێسایی و ئاکاری تێکەڵ بووە کە ژمارەیەکی زۆر پێناسە لەم چەمکە تایبەتەدا هاتۆتە ئاراوە.

هەریەک لە بەشەکانی ئەم زاراوەیە، واتایەکی تایبەت دەگەیەنن کە

بریتین لە:

١) زاراوەی تازەلاو، ئاماژەیە بەو کەسانەی کە لە باری تەقویمیەوە تەمەنیان لە نێوان لانی کەم ١٠-٦ و لانی زۆر ٢١-١٦ ساڵدایە. لە باری کۆمەڵایەتیشەوە تەمەنی نێوان منداڵی و گەورەساڵی دەگرێتەوە کە پێی دەڵێن تازەلاوی. لە باری ئەرکیەوە ئاماژەیە بە تایبەتمەندیگەلی تاکەکەسی، توان و بەرپرسایەتی زۆرتر لە تایبەتمەندی، توان و بەرپرسایەتی سەردەمی ساوایی و کەمتر لە سەردەمی گەورەساڵی.

٢) زاراوەی لادان هەندێ جار بۆ شرۆڤەی ئەو شتەی کە «تاوان» یان «هەڵە کردن»ی پێ دەڵێن بەکار دەبرێ. کۆنفرانسی کۆشکی سپی سەبارەت بە تەندروستی و پاراستنی منداڵان رادەگەینێ کە «لادان بریتیە لە هەر جۆرە کردەوەیەکی خراپی سەردەمی تازەلاوی کە بکرێ بخرێتە ژێر چاودێری یاساوە» (گولد؛ ١٣٨٤).

بەڕای تراویس هیرچی پچڕانی پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگا دەبێتە هۆی لادانە کۆمەڵایەتییەکان (*Hirschi, T; 1992: 249*). هیرچی چوار سەرچاوە بۆ چاودێری بە سەر هەڵسوکەوتی تازەلاوان رەچاو دەکا کە بریتین لە: ١) یەکێک لە گرینگترینی ئەم سەرچاوانە، دڵبەستراوی منداڵە بە دایک و بابی. بێگومان دایک و باوکان ناتوانن بەردەوام لە لای منداڵانیان بن و چاودێریان لێ بکەن. گرینگ ئەوەیە منداڵان لە باری دەروونییەوە بەردەوام هەست بەوە بکەن کە دایک و باوکیان لە لایانن و چاودێرییان لێ دەکەن. تازەلاوانی لادەر و تاوانبار، لە باری دەروونییەوە بایەخێکی زۆر کەم بە بەهاکانی دایک و بابیان دەدەن و کەمتر هەست بەچاودێری دایک و بابیان دەکەن.

٢) قوتابخانە یەکێکتر لە سەرچاوە گرینگەکانی چاودێری بە سەر هەڵسوکەوتی تازەلاوانە. تازە لاوانی لادەر، کەمتر لە لاوانیتر بایەخ بە

قوتابخانە دەدەن و زۆرتر رقیان لێیە و بە دەگمەن کاری قوتابخانەیان جێبەجێ دەکەن و بۆیان گرینگ نییە کە ماموستاکانیان چ بۆچوونێکیان لە سەریان هەیە. بەلام بۆ ئەو قوتابیانەی کە دەیانەوێ وانە بخوێنن و سەرکەون، قوتابخانە دەتوانێ وەکوو هێزێکی ئاکاری، یارمەتییەکی زۆریان پێ بگەینێ.

٣) سێیەمین سەرچاوەی چاودێری بریتیە لە تاقمی هاوالان. بە گوێرەی توێژینەوەکانی هیرچی، گەنجانی لادەر، پێوەندییەکی زۆر کەمیان لە گەل ئەو گەنجانەی کە رێز بۆ یاسا و رێسا کۆمەلایەتییەکان دادەنێن هەیە. هەندێ لە هاوالانی تاک بۆ هاودەنگی لە گەل نۆرمەکان هان دەدەن و هەندێکیش لۆمەی ئەو کەسانە دەکەن کە بایەخ بۆ رێساکان دادەنێن.

٤) چوارەمین سەرچاوەی کۆنترۆلی لادانی تازەلاوان، مەیل بە ئەنجام دانی کارو باری ئاسایی و رۆژانەیە، بە تایبەت خوێندن و دیتنەوەی کار. ئەگەر تازەلاوان بیانەوێ ژیانێکی لەبار و شیاو بۆ خۆیان دابین بکەن و دلنیا بن لەوەی کە کۆمەلگا ئەو هەلەیان بۆ دەرە خسێنێ، بە هیوایەکی زۆرترەوە دەڕۆنەوە بۆ قوتابخانە و درێژە بە خوێندن دەدەن. هەروەها هان دەدەن تا لەو گیروگرفتانەی کە خوێندنیان تووشی گێچەل دەکات، خۆیان ببوێرن. ئەو کەسانە نایانەوێ داهاتوویان بۆ چەن کردەی بە روالەت بەتام و چێژ، بفەوتێنن. بە پێچەوانەی ئەمان، لادەران، هیچ بەرنامەیەکیان بۆ داهاتوویان نییە و تەنیا ئامانجیان چێژ بردنی هەنووکەییە.

لادانی دووەمین / secondary deviance

لادانی دووەمین بەرهەمی هەلس‌وکەوتی خەلکە لەگەل کەسێک کە تووشی لادانی یەکەم هاتووە. یەکێک لەو وێنە کلاسیکانە کە بۆ ئەم بابەتە کەلکی لێ دەگیرێ، توشیارانی مادە سڕکەرەکانە کە بۆ بە دەست هێنانی

موخەددەراتی زۆرتر (لادانی یەکەمین) تووشی لادانیتر دەبن. هەندێ لە تیۆریسیەنەکان رایان وایە کە تاوان و لادانی تووشیارانی مادە سڕکەرەکان، ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مەوادە نییە، بەڵکوو ئەوە مۆرکێکە کە کۆمەڵگا بە سەر مادە سڕکەرەکاندا، وەک مەوادێکی نائاسایی و دژ بە یاسادا دەینێ.

مۆرکی لادان دەتوانێ ببێتە پاگەی سەرکی تاک. کاتێ خەڵکی لە ئەندام بوونی تاکێک لە نێو لیژیۆنێکی نائاسایی یان لێژنەیەکی مێردبازیدا ئاگادار بن، یاخۆ کاتێک هەڵسوکەوتی تاک شیاوی کۆمەڵگا نەبێ و لێی بترسن، زۆربەی خەڵکی هەڵسوکەوتی رابردووی ئەو کەسە لادەرە بە گوێرەی پێناسەی نوێی راڤە دەکەن (*Kitsuse, J., 1964: 87-102*).

ئەریک گوود لە بۆچوونی خەڵک سەبارەت بە تاکی لادەر، یان تاکێک کە ئەوان بە تاوانبار و لادەری دەزانن، شەش خاڵی دەسنیشان کردووە:

١- زێدەرۆیی و زۆربێژی: خەڵکی زۆرتر رادیکالانە سەرنج بە رەفتاری لادەرانە دەدەن و پێیان وایە کە ئەو هەڵسوکەوتە تایبەت بە هەموو ئەو کەسانەیە کە لەو بابەتەدا دەگونجێن. بۆ وێنە بۆچوونی گشتی لە مەڕ مێردبازی زۆرتر ئەوەیە کە زۆربەی ئەو پیاوانەی هەڵسوکەوتیان ژنانەیە، بێگومان مێردبازن.

٢- بە دامەزراوە کردن: بۆچوونی خەڵکی ئاسایی ئەوەیە کە لادان دەوری سەرەکی لە ژیانی ئەو کەسانەی کە مۆرکی لادانیان لێ دراوە، دەبینێ و ئەم کەسانە هەموو کات و هێزی خۆیان بۆ بیر کردنەوەلە سەر رەفتاری دژ بە رێسا تەرخان دەکەن.

٣- بەردەوامی: خەڵکی ئاسایی پێیان وایە گەر کەسێک بۆ جارێک تووشی تاوانێک هات، بەردەوام خەریکی ئەو لادانە دەبێ. بۆ وێنە کاتێک دەبیسن کەسێک پێشتر مادە سڕکەرەکانی بەکار بردووە، پێیان وایە ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت وازی لێ هێناوە و دیسان رووی

تێ دەکاتەوە.

٤-رەش و سپی دیین: خەڵکی ئاسایی پێیان خۆشە رەفتاری لادەرانە رەش یان سپی ببینن: تاک یان تاوانبارە یان بێتاوان، یان مێردبازە یـان نییە، یان موخەددەرات بە کار دەبا یان نابا. ناتوانن هـەڵـس‌وکـەوتێکـی ناونجی بۆ تاک لە بەرچاو بگرن، ناتوانن وابیر کەنەوە کە رەنگە کەسـێک لە نێوان ئاکاری ئاسایی و لاداندا لە هاتوچۆدا بێ یان هەڵس‌وکـەوتێکـی مامناوەندی هەڵبژاردبێ.

٥-چوون یەک بوون: خەڵکی پێیان وایە کە سەرجەمی دز، قوماربـاز، مرۆڤکوژ و لادەرانی‌تر وەکوو یەکن.

٦- زۆربەی خەڵکی ئاسایی پێیان وایـە کـە لادان سـندووقێکی دەرگـا داخراوە. لە لای خەڵکی، لادان وەکوو تایبەتمەندی یان کـردەوەیـەکـی جیاگانە دەژمێردرێ کە تەنیا لە گەڵ برێ لە تایبەتمەندییەکـانی خـۆی پێوەندی هەیە. بۆ نموونە زۆربەی خەڵکی پێیـان وایـە گـەر کـەسـێک خانووی نەبێ (لە نێو شەقامەکاندا بخەوێ) یان ئالوودەی موخـەددەراتـە یان ناکۆکییەکی دەروونی هەیە، یان بێکار و بـێ‌بنـەماڵـەیـە (عضـدانلو، ١٣٨٤).

لادانی سەرەتایی/ primary deviance

هەندێ جار تاک تووشی کارێکی لادەرانە دەبێ، بەڵام چونکە ئەم کـارەی کاتیە و بەردەوام دووپاتە نابێتەوە، خـۆی بـە لادەر لـە رێسـاکانی کۆمـەڵـگا نازانێ (کوئن؛ ١٣٨٤). زۆربەی خەڵکی جاربەجار نۆرمێکی کۆمـەڵـگاکەیـان دەخەنە ژێر پێ و ئاوڕی لێ نادەنـەوەو کـەچـی خۆیـان بـە تاوانبـار و لادەر نازانن. بۆ وێنە کەسایەتییەکی بەناوبانگ رەنگە زۆری حەز لە دیتنی فلیمـی سێکسی بێ و هەرگا ژنەکەی لە ماڵ نەبێ، فلیمێک بێنێ و بۆ خۆی سەیری

بکات و کەچی خۆیشی بە لادەر لە پێودانەکان نەزانێ و هەمان کەسایەتی و ڕێز و حورمەتی خۆی لە نێو خەلکدا بپارێزی. بەلام گەر ئەو کەسەی کە ئەم فلیمانەی بۆ دێنێ ناوی ئاشکرا کات، بە تاوانبار و لادەر دەناسرێ و ڕێز و حورمەتی دەشکێ و مۆرکی لادەری لە سەر دەنرێ و ڕەنگە پاش ئەوە کاری چەوتی تریشی لێبوەشێتەوە. کۆمەلناسان پێیان وایە لادانەکانی تر (لادانی دووەمین) بەرهەمی مۆرکێکن کە کۆمەلگا بە سەر ئەو کەسەیدا دەنێ.

لۆبی (گرووپی گوشار) / lobby

ئەم زاراوە(گەر وەکوو «ناو» بێ) ئەو کەسایەتی یان ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی هێزی یاسادانەرن (پەرلەمان) و کاریان گوشار خستنە سەر نوێنەرانی پەرلەمانە بۆ سەلماندن و چەسپاندن یاخۆ ڕەت کردنەوەی گەلالەیەک لە پەرلەماندا. ئەم تاقمە بریتین لە: هەم کەسانێک کە بۆ ئەم مەبەستە (گوشار هێنان) بە چەشنێکی ڕەسمی دامەزراون، هەمیش کەسانێک کە بە پێی بابەتێکی تایبەت هان دەدەن تا بۆ قەبووڵ یان ڕەت کردنەوەی گەلایەک لە پەرلەماندا گوشار بخەنە سەر پەرلەمانتارەکان.

گوشار هێنان بریتیە لە کۆشەوەو کاری کەسانێک کە دەیانەوێ لە پاگەی کۆمەلایەتی و پێوەندییان لە گەڵ ئەندامانی پەرلەمان کەلک وەربگرن تاکوو یاسایەک ڕەت یان قەبووڵ بکرێ.

زانایانی کۆمەلناسی لە سەر واتای گرووپی گوشار رایان نزیک بە یەکە. گرووپی گوشار بریتیە لەکەس یان کەسانێکی خاوەن قازانج کە مەبەستیان ئەوەیە یاسایەک لە پەرلەماندا پەسەند بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە و یاخۆ نەختێ ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێ؛ گرووپی گوشار دەتوانن جووتیاری، کرێکاری، نەوتی و ... بن. گوشارهێنەر کەسێکە کە بە چەشنی تەواو کات یان نیوە کات لە بەرانبەر وەرگرتنی مووچە، خەریکی ئاوەها کارێکە.

هەروەها بەرپرسانی پارتی و ئەندامانی دەزگا حکوومییەکان کە دەیانەوێ قازانجی خۆیان لە ڕێی گوشار خستنە سەر ئەندامانی پەڕلەمانەوە بە دەست بێنن، بە گشتی گرووپی گوشاریان پێ دەڵێن.

گوشارهێنان بریتیە لە چالاکیگەلی جۆراوجۆر وەکوو پێوەندی کردنی تایبەت بە پەڕلەمانتار، شایەتی دان، ڕانانی زانیاریگەلی جۆراوجۆر بۆ پەڕلەمانتاران و کومیتەکانی پەڕلەمان، ناردنی ڕاگەیندراو و نامە بۆ یاسادارێژان، هان دانی کەسانیتر بۆ ئەم کارە، لە کاتی پڕوپاگەندەی پەڕلەماندا یارمەتی دان بەو کاندیداتۆرانەی کە گومان دەکرێ پاش سەرکەوتن لە دەنگداندا لایەنگری لەیارمەتیدەر بکەن. «گوشار هێنانی کۆمەلایەتی» وەکوو تەکنیکێک بریتیە لە دابین کردنی ئامراز و کەرەسەی رابواردن، میوانی گرتن بۆ ئەندامانی پەڕلەمان و بنەماڵەیان بە مەبەستی دامەزراندنی دۆستایەتی نزیک لە گەڵ کەسانێک کە یاسا دادەڕێژن.

گوشارهێنان سەرەتا بریتی بوو لە پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان گوشارهێنەر و یاسادانەر. هاتنە ئارای مافی دەنگدان بۆ هاوولاتیان و گەشەی زۆری دەزگاگەلی ڕاگەیاندن، گرووپی گوشاری هان دا تا بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ پەڕلەمان بخەنە ژێر گوشار. گرووپی گوشار ڕۆژبەڕۆژ هان دەدەن کە زۆرتر لە ڕەهەندی بیری گشتییەوە لە ناوەندەکانی دەنگدان بەهرە وەربگرن. چونکە گریمانەی ئەم گرووپانە لە سەر ئەوەیە کە بیری گشتی دەنگدەران بۆ ئەندامانی پەڕلەمان رادەگوێزرێتەوە.

یاسای فیدراڵی چاودێری بە سەر گرووپی گوشار لە ساڵی ١٩٤٦ لە نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا چەسپێندرا و بە گوێرەی ئەم یاسایە هەر کەس یان ڕێکخراوێک کە بۆ قەبووڵ یان ڕەت کردنی یاسایەک پارە وەردەگرێ، یاخۆ داوای پارە دەکات، یاخۆ هەر کەس یان ڕێکخراوێک کە مەبەستی یارمەتی دان بۆ گەیشتن بە ئاوەها مەبەستێکە، دەبێ ناوی خۆی

له پەرلەماندا بنووسێ.

گوشار هێنان بۆ پەرلەمان جیا لەو واتا رەسمییەی کە هەیەتی، واتایەکی ناحەزیشی لە گەلایە؛ چونکە ئەم کۆشەوانە لە گەڵ کۆشەوەی خۆخوازانەی هەندێ کەس یان رێکخراوە کە بە بێ گوێ دان بە قازانجی گشتی خەڵک لە دووی قازانجە تاکەکەسییەکانی خۆیانن، نزیکییەکی واتایی هەیە، هەندێ کەس بە گرووپی گوشار دەڵێن «حکوومەتی بەرپیوار» یان «پەرلەمانی سێهەم» (پاش پەرلەمانی سێنا و نوێنەرانی خەڵک). لە سەردەمێکدا بەرتیل دان و هەندێ شێوازی نەشیاو و نالەبار، لە شێوازەکانی گوشارهێنان دەهاتنە ئەژمار. بەلام ئەمرۆ بە دەگمەن ئەم شێوازانە ئەنجام دەدرێن، چونکە هەم گوشارهێنەران و هەمیش یاسادانەران لە ئەنجامی ئەم کارە (واتە: بەرتیلدان) دەترسن. زانایانی زانستە کۆمەلایەتییەکان، ئەم بیرەی کە دەڵێت «گوشارهێنان کارێکی خراپە» قەبووڵیان نییە؛ تەنانەت رایان وایە کە ئەم چەشنە لە نوێنەرایەتی گرووپییە دەتوانێ بە کەڵکیش بێ، بە مەرجێک کە خێر و قازانجی گشتی خەڵک نەکەوێتە مەترسییەوە. گوشارهێنان بە چەشنێ کە باسی کرا، تەنیا گوشار خستنە سەر سیستەمی یاسادانان دەگرێتە بەر، نەک سیستەمی حکوومی. بەلام هەندێ کەس یان گرووپ بە هۆی دەست و پێوەندێ کە لە نێو دەزگای حکوومەتدا هەیانە دەتوانن کارو باری خۆیان پێک بێنن. هەندێ جار ئەم شێوازەیان بە «گوشار خستنە سەر حکوومەت» ناوبردووە؛ بەلام لە راستیدا مەبەست لەم زاراوەیە گوشار خستنە سەر حکوومەت و سیستەمی ئیداری نییە (گولد؛ ١٣٨٤).

لیبرالیسم/ liberalism

لیبرالیبسم وەکوو زاراوەیەک لە هزری رامیاریدا واتای زۆر و جۆراوجۆری گرتۆتە خۆ، بەلام قەد لە سەرچاوە لاتینییەکەی خۆی(Liber بە مانای

ئازاد) لای نەداوە. ئەم زاراوەیە باس لە روانگە و رەوتی کەسانێک دەکات کە حەزو لایەنگری سەرەتاییان لە سیاسەت و حکوومەتدا، کۆشەوەیە بۆ زۆرتر هاتنەدەر لە ژێر رکێف و چاودێری دەوڵەت یاخۆ هەر هۆکارێکی‌تر کە بەربەستێک بێ لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی سیاسی و ئابوورییان.

بە گشتی لیبرالیسم وەکوو بیردۆزێکی رامیاری، کۆشەوەیەکە لە سەر رێبازی کورت کردنەوەی دەسەلاتی دەوڵەت لە نێو کەرتی تایبەتدا. بە گوێرەی‌بنەماکانی لیبرالیسم، مرۆڤ گیانداریکی ژیرو خاوەن ئاوەز و فامە و لەم سۆنگەوە سەربەخۆیە و دەتوانێ بە پێی راو بۆچوونەکانی، گەلالە بۆ ژیانی خۆی دابرێژێ؛ ئەم شێوازە دەبێتە هۆی گەشەی تاک و کۆمەڵگا. پاراستن‌خوازان (conservatist) سوننەت بە ئەقڵی‌گشتی دەزانن و پێداگری لە سەر دەکەن، کەچی لیبرالیستەکان بە پێچەوانەی ئەوان پێداگرییان لە سەر تاک و سەربەستییەکانیە. بەلام هەردووکیان – ئازادی‌خوازی و پاراستن‌خوازی- لە ریزی ئایدیۆلۆژییەکانی راستی دیمۆکراتیکن و لانی کەم لە چەمکی ئابووریدا خوازیاری سەربەخۆیی و دەستێوەرنەدانی دەوڵەتن.

حکوومەتە لیبرالەکان لە سۆنگەی قەیرانی نێو حکوومەتە پاراستن‌خوازەکانە هاتنە دی. گۆڕانی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەلایەتی، ئاوا بوونی هەتاوی فیئۆدالیزم و گەشەی چینە بازرگان و پیشەسازەکان، هاوکات لە گەڵ نوێ بوونەوەی کولتووری نەتەوەکان، هەلی بۆ سەرهەڵدانی لیبرالیسم رەخساند. لە بریتانیادا چاکسازییەکانی سالی ١٨٣٢ و بەخشینی مافی هەڵبژاردن بە چینە پیشەسازەکان، دەسپێکی سەرهەڵدانی رژیمی لیبرال لەو ولاتەدا بوو. رژیمە لیبرالەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا لە باری روانینیان بە چەمکی ئابووری، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ پاراستن‌خوازی نەبوو.

لیبرالیسم

لیبرالیسم وەکوو ئایدیۆلۆژی رژیمە سیاسییەکانی ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی‌سەند. لە راستیدا لیبرالیسم رژیمی سیاسی چینی بورژوا بوو کە پاش رووخان و ئاوا بوونی فێئۆدالیسم و دەولەتی تۆتالیتر و حکوومەتی پاراستن‌خوازی ئاغەواتانی زەویدار، سەریان هەلدا. لە رەهەندی ئال‌و گۆڕی مێژووییەوە، بورژوازی سەرەتا لە بەرانبەر رژیمی کۆندا، تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕانەی بوو.

لە باری مێژووی هزرەوە، بیرو رای بیرمەندانێک وەکوو جۆن‌لۆک، مۆنتسکیۆ و ئادام سمیت بنەمای هزری لیبرالیسمیان پێک دینا. شۆڕشی فەرانسە لە گەشەی لیبرالیسمدا دەوری سەرەکی هەیە. بە گوێرەی لیبرالیسمی بورژوازی هەرچەشنە بەربەستێکی سیاسی دەبوایە لە پێش بازرگانی ناوخۆ و دەرەوەیی هەلبگیرایە. هەروەها دەبوایە هەرجۆرە کۆسپ و تەگەرەیەکی سیاسی و فێئۆدالی لە پێش زەویدار بوون هەلبگیرێ و بە مەبەستی سەربەستی چالاکی تاک لە بواری بازرگانی و پیشەسازیدا، دەبوایە پیشە فێئۆدالییەکان لە ناودا نەمێنن.

لە باری سیاسییەوە، لیبرالیسم بریتییە لە فەلسەفەی زۆرتر کردنی ئازادییەکانی تاک لە نێو کۆمەلگادا تا ئەو جێگای کە ئیزنی هەیە و پێی‌دەکرێ. دوژمنی سەرەکی لیبرالیسم، کۆمای دەسەلاتە کە زۆرترین زیان بە ئازادی تاک دەگەینێ. بە پێی ئەم روانگەیە، تاک لە جڤاک و قازانجی تاک لە قازانجی جڤاک سەرتر و لە پێشترە. لە راستیدا لیبرالیسم نە تەنیا ئایدیۆلۆژییەکی سیاسیە، بەلکوو جۆرێک رێگا و شێوەی ژیانە؛ بەم واتایە لیبرالیسم هەر لە سەرەتاوە جمک و لفەدوانەی سێکۆلاریزم، مۆدێڕنیسم، ویست‌خوازی، بازاڕی ئازاد، رکەبەرێی تەواو، تاک‌خوازی، بەشداری سیاسی، سیستەمی نوێنەرایەتی، ئەقلانییەت، پێشکەوتنخوازی و زانست‌خوازی بووە. لیبرالیسم خوازیاری جۆراوجۆرییە لە هەموو

ڕەهەندەکانی ژیاندا، بۆیە دژ بە **تاکخوازی** (Monism)، **کۆمابوون** (Centralism)، **پاوانخوازی** (Monopolism) و **دەسەڵاتخوازیتی** (Authority)یە (بشیریە، ١٣٨٢).

لێهات/ productivity

لە گشتیترین واتایدا بریتیە لە ڕێژەی قازانج لە بەرانبەر سەرمایەیەک کە بۆ بە دەست هێنانی ئەو قازانجە تەرخان کراوە. سەرمایەی تەرخان کراو و قازانجی بە دەستهاتوو، زۆرتر بە گوێرەی پێوانە فیزیاییەکان دیاری دەکرێن، بەڵام لێهات دەکرێ هەم بە گوێرەی پێوانە فیزیاییەکان و هەمیش بە گوێرەی یەکەی بەهاکان بژمێردرێ (گولد؛ ١٣٨٤).

مرۆڤخوازی/ humanism

یەکێک لە کێشەکانی هەموو لقەکانی زانستە ئینسانییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵناسان وفیلسووفانی مەعریفە (epistemologists)، پێناسەیەکی تەواویان لە زانست نییە کە هەموویان دانی پێدا بنێن. بە گشتی بۆ گەیشتن بە ئاوەها پێناسەیەک، یەکێک لەم سێ روانگەیانە هەڵبژاردووە: پازیتیڤیسم، واقیعگەری و مرۆڤ خوازی. ئەم سێ روانگە تا رادەیەک لە گەڵ بیردۆزگەلی ئەرکخوازی، دژایەتی و کارلێک هاورِایان هەیە.

١- پازیتیڤیسم: بریتیە لە شێوازێکی لۆژیکی کە بنەمای زانست لە سەر دیداری راستەوخۆ و سیستماتیک دادەڕێژێ. ئاگۆست کۆنت دەڵێ روانگەی گشتی پازیتیڤیسم بریتیە لە روانینێکی فەلسەفی، شێوازێکی زانستی و ئامانجێکی چاکسازی. لە بیرو راکانی کۆنتدا ئەم رەهەندانە زۆر لێکتر جیاواز نین.

پازیتیڤیسم وەکوو بۆچوونێک لە بەرانبەر فەلسەفەی ئاوەزخوازی هێگڵەوە هاتە دی و شێلینگ فەلسەفەی هێگڵی فەلسەفەی نیگەتیڤ ناو دەبرد و رایگەیاند کە تەوەری سەرەکی فەلسەفەی پۆزیتیڤ دووری لە بیری ئینتزاعی و پەرژانە سەر بوونی دیارە(توسلی؛ ١٣٨٧). پازیتیڤیسم هان دەدا بە گوێرەی شێوازەکانی زانستە سروشتییەکان، پێوەرێک بۆ پێش بینی کردنی هەڵسوکەوتی تاکەکان و کۆمەڵگا ببینێتەوە.

٢- واقیعگەری: سیستەمێکی هزری لە واتاکانە کە دەتوانێ دیاردەیەکی تایبەت رابێنێ و شرۆڤەی بکا(وەکوو ئەمەی کە بەشی ئابووری، زەینی مرۆڤ یان ئەستێرەکان چۆن کاردەکەن). هەرچەند واقیعخوازەکان بۆ شرۆڤەی پرسەکانیان چێژ لە زانیارییە ئەزموونییەکانیش وەردەگرن، بەڵام بەڕای ئەمان ئەم زانیارییانە ئەوەندە راست نین کە بتوانین بە تەواوی متمانەیان پێ بکەین. بەڕای لایەنگرانی

ئەم بۆچوونە، ئێمە پێویستمان بە هۆکارێکی هزری بەهێز هەیە کە بتوانین پرسەکانمانی پێ شرۆڤە بکەین و روونیان کەینەوە. بیرو ڕاکانی مارکس، وەکوو بیردۆزی واقیعگەرا دێنە ژمار. پرسی سەرەکی لە لای مارکس ئەوەبوو کە سەرمایەداری چۆن کار دەکات. بۆ شرۆڤەی ئەم تەوەرە، تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی گەشە پێدا.

٣- مرۆڤ خوازی: مەعریفەناسانی مرۆڤخواز بڕوایان وایە کە توێژینەوەلە سەر جیهانی مرۆڤ زۆر جیاوازە لە گەڵ توێژینەوە لە سەر جیهانی فیزیایی و بیۆلۆجی یان جیهانی ماددە. بۆیە زانستە ئینسانییەکان دەبێ شێوازێکی نوێ بۆ بە دەسهێنانی زانست دابێنن؛ شێوازی کە بە دووی دیتنەوەی واتادا بگەڕێ. هەرچەن لە توێژینەوەکانی ئەم شێوازە هزرییەدا سەرنجی زۆر دەدرێتە جیهانی ئەزموونی (وەکوو پازیتیڤیستەکان)، بەڵام پێداگری سەرەکی لە سەر بایەخی تێگەیشتن و شرۆڤەیە. لە لای پێڕەوانی ئەم روانگەیە، کومەڵناسی زانستی لە گەڵ کەمایەسی زۆر رووبەڕوویە:

ئا: رەفتاری مرۆڤ ئاڵۆزتر لەوەیە کە ئیزن بداتە کۆمەڵناسان تا کردەوەی تاکەکان بە وردی پێش‌بینی بکەن. ئەستێرەناسان دەتوانن بە وردی گەڕانی ئەستێرەکان پێش‌بینی بکەن و بزانن کە -بۆ وێنە- دە ساڵی داهاتوو چ ئەستێرەیەک نزیکترین مەدای لە گەڵ زەوی هەیە. ئەستێرەکان بیرناکەنەوە، کەچی مرۆڤ خاوەنی بیرێکی نیوە سەربەخۆیە.چونکە هیچ دوو مرۆڤێک لە بەرانبەر یەک رووداودا یەک جۆر کاردانەوەیان نییە، چاکترین کار بۆ کۆمەڵناسان ئەوەیە کە پیشان بدەن کاردانەوەی چینێک لە خەڵکی لە گەڵ کاردانەوەی چینێکی‌تر جیاوازە. ئەمە بە مانای تێکشکانی کۆمەڵناسی نییە، بەڵکوو واتای ئەوەیە کە ئەرکی کۆمەڵناسی جیاوازە لە گەڵ زانستە ئەزموونییەکان.

ب: مرۆڤ له بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی دەورو پشتی خۆی کاردانەوەی هەیە، بوونی توێژەرێک گۆڕانکارییەک دێتە ئەژمار و بە سەر رەفتاری مرۆڤەکاندا کاریگەری هەیە و گۆڕانیان تێدا دێنێتە دی. روانینی ئەستێرەناسێک بۆ مانگ نابێتە هۆی هیچ گۆڕانێ، بەڵام خەڵکی گەر بزانن کەسێک بە وردی سەیری هەڵسوکەوتیان دەکات، هەڵسوکەوتیان دەگۆڕن. هەندێ کەس رەنگە لەو وردبوونەوە تووڕە بن یاخۆ نیگەران بن، رەنگە هەندێ کەسیش بتوانن یاریدەی توێژەر بدەن.

پ: رێسا کۆمەلایەتییەکان بەردەوام خەریکی گۆڕانن؛ ئەو شتەی پێشتر دروست بووە، رەنگە ئێستا دژ بە نۆرم و رێسا بێ. بەڵام یاساکانی فیزیا پێشتر هەروا بوون و ئێستاش هەروان و هیچ گۆڕانکارییەکیان تێدا نییە و هیچ پێوەندییەکیان بە کولتوورێکی تایبەتەوە نییە. بەڵام رەفتاری مرۆڤەکان ئەوەندە جیاوازن کە کۆمەڵناس ناتوانێ بۆ هەموویان یاسایەکی نەگۆڕ و قایم دابنێ. لە راستیدا هەندێ لە توێژینەوە گرینگەکانی کۆمەڵناسی لە سەر جیاوازی گۆڕانکاری کۆمەڵگاکانە.

ت: چونکە کۆمەڵناسان خۆیان بەشێک لەو جیهانە کۆمەلایەتیەن کە لە سەری دەکۆڵنەوە، ناتوانن بە ئاسانی باوەڕو بەهاکانی خۆیان لە توێژینەوەکەیاندا بەشداری نەدەن. باوەڕو بەهاکانی کیمیادانێک هیچ کاریگەریەکی بەسەر لێکۆڵینەوەکەیدا نییە، بەڵام کۆمەڵناس خۆی بەشێک لەو بابەتەیە کە لە سەری دەکۆڵێتەوە. باوەڕو بەهاکانی کۆمەڵناسێک کە لە سەر تەوەرێک دەکۆڵێتەوە، دەتوانێ ببێتە هۆی تێکدان و کەم بایەخ کردنی توێژینەوەکەی.

ج: مرۆڤ بوونەوەرێکی سیمبۆلیک و زەینییە، بۆیە هەڵسوکەوتی لە دیاردە سروشتییەکانیتر جیاوازە. مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەستێرە یان مولکوولەکان، بەردەوام خەریکی داڕشتنی واتاگەلی نوێیە. ئەوەی مرۆڤ لە

دیاردەکانی‌تر دادەبڕێ ئەوەیە کە مرۆڤ هەردەم خەریکی داهێنان و پەرەدان بە سیستەمە سیمبۆلیکەکانە. بەم بۆنەوە کۆمەڵناسان ناتوانن بە ئاسانی کۆمەڵگاکان وەکوو شتێکی دەرەکی بخەنە بەر لێکۆڵینەوە و توژینەوە؛ بەڵکوو دەبێ بڕۆنە نێو جڤاکەکانەوە و لە گەڵ جیهانی واتاکانی ئەندامانی کۆمەڵگا ئاشنا بن.

ناسینی ئەم کۆسپانە بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵناسان بە دووی ڕێگایەکی جیاواز بۆ شرۆڤەی جڤاکە ئینسانییەکان بن. کۆمەڵناسان ناڵێن توێژینەوەکەیان زانستییە (زانستە ماتماتیکییەکان)، بەڵکوو هان دەدەن تا کۆمەڵناسی وەکوو لقێک لە زانستە مرۆڤییەکان –کە سەرنجێکی زۆرتر دەداتە واتای هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ–پەرە پێ بدەن. نیزبێت نامیلکەیەکی لە ژێر ناوی «کۆمەڵناسی وەکوو شێوازێکی هونەری» بڵاوکردەوە و تێیدا پیشانی دابوو کە «چۆن پرسەکان دەیانتوانی جیاواز بن... گەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتێ پێکهاتنی سیستماتێکیاندا لە سەدەی نۆزدەهەم، هونەرەکانیشیان وەکوو زانستە فیزیاییەکان، بە چەشنی مۆدێل بکێشایە» (*nisbet, R. A; 1976: 16*).

دەتوانین ئەم کۆمەڵناسییە بە کۆمەڵناسی مرۆڤخواز ناوبەین. ئەم کۆمەڵناسییە چوار پێوەری سەرەکی هەیە: یەکەم کۆمەڵناس دەبێ لە توێژینەوەکانیدا زەینی بوون و داهێنەری مرۆڤی لە بەرچاو بێ و ڕێزی بۆ دانێ. واتە، کۆمەڵناس دەبێ پیشان بدا کە چلۆن مرۆڤ لە بەرانبەر گوشار و زەختی کۆمەڵایەتییەوە کاردانەوە لە خۆی پیشان دەدا و لە پێکهاتنی جیهانی کۆمەڵایەتیدا دەوری هەیە. دووەم: کۆمەڵناس دەبێ خۆی ئاوێتەی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکی بکات (قسە کردن و هەست و کردەکانیان) و تەنیا لە باری دەروونی و بیۆلۆجیکیەوە سەرنجیان پێ نەدات، بەڵکوو پێوەندییان لە گەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیش (بە تایبەت ڕێکخراوە

ئابوورییەکان) بخاتە بەر وردبوونەوە. سێیەم: کۆمەڵناس دەبێ پێشان بدا کە ئاشنایەتییەکی ئاسایی و قووڵی لە گەڵ ئەو ئەزموونانە هەیە. چوارم: کۆمەڵناس دەبێ بە ڕێژەی دەوری ئاکاری و رامیاری خۆی و هەروەها کۆمەڵگای بەر توێژینەوەی ئاگادار بێ و دڵنیا بێ کە لە پرۆسەی توێژینەوەیدا کاریگەرییەک بە سەر کۆمەڵە ئامارییەکەیدا دانانێ. هەرچەن ئەم پێوەرانە ئاڵ و گۆڕ و شرۆڤە و کەم و زۆر دەکرێن، بەڵام ناتوانین کۆمەڵناسییەکی مرۆڤخواز بەبێ بەکارگرتنی لانی کەمی ئەم پێوەرانە لە بەر چاو بگرین.

ململانێی کولتووری/ cultural conflict

برێ جار هەندێ تایبەتمەندی کولتووری وەکوو نەتەوە یا ئایین، دەبێتە هۆی جیایی و دابڕانی خەڵک لە یەکتر. بۆ وێنە یۆگۆسلاوی پێشوو لە باشووری رۆژاوای ئەرووپا: هۆی داگرسانی ئاوری شەڕ و ئاژاوە و توند و تیژی لە سالانی رابردووی ئەم وڵاتەدا هەر ئەم ناکۆکی و جیاوازییە کولتووریانە بوو. ئەم وڵاتە بچووکە کە پانتای نیوەی بریتانیایە، بەر لە هەڵوەشان، نزیک بە بیست و پێنج میلیۆن دانیشتوو، دوو جۆر رێنووس، سێ ئایین، پێنج نەتەوە و شەش کۆماری رامیاری تێدا بوو و لە لایەن حەوت کولتووری لێک جیاوازەوە گەمارۆ درابوو. ململانێی کولتوورییەک کە ئەم وڵاتەی بەرەو شەڕی ناوخۆ برد، پیشاندەری ئەوەیە کە وردە کولتوورەکانی نێو کۆمەڵگایەک، تەنیا سەرچاوەیەک بۆ پێوەندی و گەشەی کولتوورەکان نین، بەڵکوو دەتوانن ببنە سەرچاوەیەک بۆ دژایەتی و ناکۆکی نێوان کولتوورەکان.

ململانێی کۆمەڵایەتی / social conflict

هەندێ لە بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان رایان وایە کە کۆمەڵگا

بـەردەوام خـەریکـی ململانـێ و پێکدادانـە و هـۆی مانـەوەو بـەردەوامـی کۆمەڵگاش هەر ئـەم پێکدادانـەیـە (کرایـب؛ ١٣٨٤). مـەرج نییـە کـە ئـەم پێکدادانە توندو تیژی تێدابێ؛ لە راستیدا ئەندامانی کۆمەڵگا هەر یەکـەو بـە نیازن کە لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا قازانجی زۆرتریان دەسکەوێ؛ بێشک لە نێو دونیایەکیشدا کە تێیدا دەژین هەندێ لە تاک یان گرووپەکان بـەشـێکی زۆرتر لە بەهرەکانی دونیایان کردۆتە هی خـۆ و کـەڵـکی لـێدەگـرن. ئـەم ململانێیە بۆ گەیشتن بە قازانجی زۆرتر، بەردەوامە (احمدی؛ ١٣٨٥). زیمێل دەڵێ: ململانێ دەبێ بیچمێک لە سەرجەمی ژیان بێ، چونکە لانی کەم دوو کەس پێکەوە دەبەستێتەوە؛ ململانێ، ئاکـامی «هۆکـارە جیاکـەرەوەکـان»ە، وەکوو رق و قین و ئێرەیی و هەروەها کۆشەوەیەکە بۆ چارەسەر کـردنی ئـەو ناکۆکییانەی هاتوونەتە ئاراوە و هەروەها پاراستنی یەکەتی؛ هەرچەنـد ببێتـە هۆی لەناوچوونی یەکێک لە دوو لایەنی ناتەبا و نـاکۆک. ململانـێ، لایـەنـە نیگەتیڤ و پازێتیڤەکان تێکەڵ دەکات و دەبێتە هۆی هاتنە دی و بـەردەوام بوونی کۆمەڵگا. هەرچەن ململانێ لە رووبەری تاکەکەسـیدا زۆر وێرانکـەر و ناحەزە، بەڵام لە رووبەری کۆمەڵایەتیدا بە پێچـەوانـەی ئـەمـەیـە (کرایـب؛ ١٣٨٤). بڕوانە: **روانگەی ململانێ؛ ململانێی چینایەتی؛ چینی کۆمەڵایەتی؛ گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ دیالکتیک.**

ملهۆڕی / despotism

ملـهۆڕی، دەکـرێ وەکـوو جۆرێـک دەسـەڵات پێناسـە بکـرێ کـە ئـەم تایبەتمەندییانەی تێدایە: ١) هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی و فـەرمـی نییـە کـە بتوانێ بەربەستی ئەم دەسەڵاتە بێ، ٢) لەم سیستەمەدا دەسەڵاتدار ملهۆڕانە دەبزوێتەوە و کارەکانی پێش‌بینی ناکرێن، ٣) هەروەها یاسا بە مانای مۆدێرن لەم سیستەمەدا جێگایەکی نییە و ویستی ملهۆڕ هـەمـان یاسـایە و جێگـای

یاسا دەگرێتەوە. ئەم زاراوەیە، جۆرێک سووکایەتی تێدایە، بەڵام هەنووکە بۆی هەیە باس لە ملهۆڕی خێرخوازانە یاخۆ رووناکبیرانە بکرێ.

هەرچەن بۆی هەیە بابەتی یەک ببێتە هۆی هاتنە دی بابەتی دوو، بەڵام مەرج نییە واش بێ؛ چونکە رەنگە حوکمڕان بۆ رێک و پێک کردن و بەردەوام بوونی حوکمدارییەکەی، خۆی بەر بە ئارەزووەکانی بگرێ و یاسایەک بۆ شێوازی هەڵس‌وکەوتی خۆی و دەست و پێوەندی دابڕێژێ و لایەنگری لێ بکات. پرووسی سەردەمی فریدریکی دووەم، نموونەیەکی تەواو لەم بۆچوونەیە. هەندێ لەو کۆیلەدارانەی کە سامانێکی زۆریان پێکەوە نابوو، لەم شێوازە پێڕەوییان دەکرد. بە گوێرەی ئەو پێناسەی کە لە ملهۆڕی کرا، زۆرجار ملهۆڕی بە ئۆتۆکراسیوە دەچوێنن.

لەم دواییانەدا ک.ئا. ڤیتفۆگل لە باسە کۆمەڵناسیەکانیدا جارێکی‌تر زاراوەی «ملهۆڕی رۆژهەڵاتی» هێنایە بەر باس. مەبەستی ڤیتفۆگل لە ملهۆڕی رۆژهەڵاتی نە تەنیا جۆرێک دەسەڵات، بەڵکوو جۆرێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. ئەم کۆمەڵگایە هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە بریتین لە: ا) حکوومەتی دیکتاتۆری؛ ب) حکوومەتی بۆرۆکراتیکی ناوەندی؛ پ) نەبوونی حکوومەتی ئاغەواتانی نەگۆڕ؛ ت) کەم دەستی بازرگانان؛ ج) بێ‌بایەخی کۆیلەداری؛ چ) کشت‌وکاڵی ئاوی بەستراو بە تۆڕگەلی ئاودێری بەربڵاو و مەزن. بە رای ڤیتفۆگل ئەم خاڵە دواییانە گرینگتر و پڕبایەختر و کاریگەرترە و دەبێتە هۆی هاتنە دی تایبەتمەندییەکانی‌تر.

چەن رەخنەیەک لەم بۆچوونە گیراوە کە بریتین لە: وشەی «رۆژهەڵاتی» نەختێ بیری خوێنەر دەشڵەژێنێ، چونکە هەموو سیستەمە حکوومییەکانی رۆژهەڵات ئەم تایبەتمەندییانەیان نییە؛ هەروەها ڤیتفۆگل بۆ خۆی چەن نموونەیەک لەم چەشنە حکوومەتە لە دەرەوەی ئاسیا دەبینێتەوە (وەکوو: ئینکاکان، ئازتەکەکان و رووسیای کەونارا). هەروەها گوتنی ئەم پەیڤە کە

ئەم تایبەتمەندییانە پێکەوە بەستراون، هەڵەیە.

بەڵام ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین باسی لێ بکەین ئەم خاڵانەیە: ١) بە تەنیا حکوومەتگەلی بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەتوانن ئاوەها سیستەمێکی گەورەی ئاودێری چێ بکەن و چاودێری لێ بکەن؛ ٢) بەندیوار بوونی جەماوەر بە ئاوەها سیستەمێک دەبێتە هۆی زۆرتر کۆوەکردنی دەسەڵات لە نێو حکوومەتدا، واتە پتر گەشە بە کۆوە بوونی دەسەڵات دەدات؛ ٣) کۆمەڵگا ئاسیاییەکان-تەنانەت ئەوانەش کە کشتوکاڵیان لە رووبەرێکی بەربڵاودا پێویستی بە ئاودێری هەیە- ئاڵوگۆڕێکی زۆریان بە سەردا تێپەڕاوە، بە چەشنێکە ناتوانین لە ریزێکی ستاتیکدا(static) دایانبنێین (گولد؛ ١٣٨٤).

مووچەی هاوسەنگ / comparable worth

ئەم زاراوەیە بۆ چاکسازی ئەو کرێ و نرخ و مزانەی بە کار دەبرێ کە بناخەیان لە سەر دووچاوەکی رەگەزییەوە داڕێژراوە. مەبەستی سەرەکی ئەم زاراوەیە کاری ئەو ژن و پیاوانەیە کە پێویستیان بە توانایی و بەرپرسایەتی و زانیاری و کۆشەوەی یەکسان هەیە، دەبێ مز و مووچەی یەکسانیان پێ بدرێ. بە کورتی ئەم زاراوەیە خوازیاری ئەوەیە بۆ کاری یەکسان مووچەی یەکسان بدرێ. کۆمەڵناسانی هاوچەرخی ئەمریکی زۆر ئەم واتایە بە کار دەبەن. هەرچەن ئەم واتایە لە لایەن یاسای کاری فیدراڵەوە پەسند نەکراوە، بەڵام لە زۆربەی ئەیالەتەکاندا پەسند کراوە و دانی بە سەردا نراوە (عضدانلو، ١٣٨٤).

مەرگی خۆش (مەرگی دڵسۆزانە) / euthanasia

بریتیە لە هەمان کوشتن بە هۆی بەزەییەوە. ئەم زاراوە لە زمانی

یوونانییەوە سەرچاوە دەگرێ و بە مانای بەشداری کردنە لە مەرگی کەسێک کە بە هۆی نەخۆشییەکی بێدەرمانەوە ئازار دەبینێ.

لە سالی ١٩٩٠دا لە ئەمریکا، کچێکی بیستو شەش سالان دەکەوێتە ژێر ترۆمبیلەوە و بێهۆش دەبێ و هەرچەند پزیشکان هان دەدەن پێیان دەرمان ناکرێ. ئەم بابەتە لە گەل دایک و بابی باس دەکەن و دایک و بابی کچەکە پاش ئەوەی دلنیا دەبن کە کچەکەیان تەنیا دەتوانێ بە ژیانی روەکی درێژە بدا (واتە: ژیانی بێهۆش و جوولە و هەست و نست)، بۆ ئەوەی دوایی بە ژیانی بێنن دەکەونە شوێن دیتنەوەی رێگەچارەیەکی یاسایی. ئەم پرسە دەنێردرێتە دادگای بالای ئەمریکا و دادگا پاش بیستنی بیرو رای دایک و بابی کچەکە، ئیزن دەدات تا سرۆمی خۆراکی لە کچەکە جیابکرێتەوە و بەم چەشنە پاش دوازدە رۆژ ژیانی ئەو کچە دوایی دێت (Mauro, T; 1990:3A).

بێگومان لە سەرانسەری دونیادا هەزاران کەس بە چارەنووسی ئەم کچە تووش هاتوون. پرسیار ئەمەیە کە ئایا کەسانێک کە ئاوەها کارەساتێکیان بە سەردا دێت، ئیزنیان هەیە لە پزیشک و بنەمالەیان بخوازن کە دوایی بە ژیانیان بێنن؟ وەلامی ئەم پرسیارە هەندێ کێشەی فەلسەفی، ئاکاری، رامیاری، کۆمەلایەتی و بە تایبەت یاسایی دێنێتە ئاراوە. پاش وتووێژ و باس و لێدوانی زۆر، دادگای فیدرالی ئەمریکا یاسایەکی چەسپاند کە ئیزن دەدا تا هەرکەس کە دەیەوێ راسپاردەیەک بنووسێ و لە بنەمالە و پزیشکەکانی داوا بکا کە گەر ئاوەها کارەساتێکی بۆ هاتەدی، دوایی بە ژیانی بێنن. بەگوێرەی ئەم یاسایە کە لە سالی ١٩٩١دا چەسپێندرا، نەخۆشخانەکان و ناوەندە دەرمانییەکان دەبوایە بۆ ئەم راسپاردەیە رێز دابنێن و لە کاتێکدا کە تاک کەوتە ئاوەها هەلومەرجێکەوە و توانی برپاردانی نەما، بە پێی ئەو راسپاردەیە ببزوونەوە. هەروەها ئەم یاسا بە تاک ئیزن دەدات کە

کەسێکی‌تر بکاتە بریکاری خۆی تا لە ئاوەها هەل‌ومەرجێکدا بڕیاری بۆ بدات. هەرچەند ئەم یاسایەش وەکوو زۆر یاسای‌تر، لە ئەیالەت و نەخۆشخانەکانی ئەمریکادا بە جیاواز هەڵس‌وکەوتی لە گەڵ دەکرێ، بەڵام بە هەر جۆر کە بێ، ئەو ئیزنە دەداتە تاکەکان کە بۆ ژیان یان مەرگی خۆیان بڕیار بدەن.

ئەمڕۆکە لە ئەمریکادا لایەنگری لە مافی تاکەکان بۆ مردن، کە بەناوی خۆش‌مەرگی‌پاسیڤ بەناوبانگە، رووی لە زۆربوون ناوە. بەڵام هاوکاری و بەشداری لە مردنی کەسێکی‌تردا کە بەناوی خۆش‌مەرگی‌ئەکتیڤ دەناسرێ، هەنووکە باس و شەڕەقسەی زۆری لە سەر دەکرێ و تەنانەت لە هەندێ ئەیالەتی ئەمریکادا بەکارێکی نایاسایی دەزانرێ.

مەودای کۆمەڵایەتی/ social distance

زاراوەی مەودای کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بە ئاستێک لە لێکتر گەیشتن و هاودڵ بوون. هاودڵی و هەڤڕەنگییەک کە یەکێک لە لایەنەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەڕێژەی لایەنی‌تر لەخۆیدا هەستی پێدەکات و بەگوێرەی رادەی لەیەک‌گەیشتن هەڵدەسەنگێندرێ. هەرچەند هەست بە هاودڵی لە هەر یەک لە لایەنەکان لەم رادەیەدوورتر بێ، مەودای کۆمەڵایەتی زۆرترە.

رابێرت ئێزرا پارک ئەم زاراوەیەی لە زیمڵ وەرگرت و هێنایە نێو زاراوەکانی کۆمەڵناسیەوە. ئەو لە باس لە سەر مەیل بە نزیک بوون و دوور بوونەوەدا دەیگوت: «گەر بەجێی ئەوەی کە ئەم دوو زاراوەیە جیاواز لە یەک بزانین، وەکوو دوو وەڵامی دژ بە یەک بۆ شوێنگەیەکی یەکسان سەیریان بکەین کە تێیدا مەیل بە نزیک بوونەوە بە مەیل بە لێک‌دابڕان گۆڕانی بە سەردا دێ و پێکڕا تێکەڵ دەبن، ئەودەم لە گەڵ واتای مەودای کۆمەڵایەتیدا ئاشنا دەبین» (اوتو دالک؛ ١٩٦٤).

هەرچەند پارک هیوادار بوو کە بەڵکوو جیاوازییە رەگەزییەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا لەرێی هاوڕەنگی و هاودڵیەوە دوایی بێت، بەڵام بیری نەدەکردەوە کە ئەم پرۆسە پێوەندییەکی زۆری لە گەڵ راڤەی پێوەندییە رەگەزیەکان لە ئەمریکادا هەبێ. واتای مەودای کۆمەڵایەتی، بەبڕوای پارک بۆ فام کردنی پێوەندییە رەگەزیە هەنووکەییەکان بایەخێکی سەرەکی بوو. ئەم واتایە باس لە رادەی نزیکی نێوان گرووپەکان دەکات و «رادەی نزیکی، رادەی کاریگەری هەرکەس بە سەر کەس یا کەسانیتر لە پێوانە دەدات». هەرچەند مەودای کۆمەڵایەتی نێوان تاک و گرووپەکان زۆرتر بێت، رادەی کاریگەریان بە سەر یەکدا کەمتر دەبێتەوە. بەڕای پارک، هەندێ زاراوەی وەکوو وشیاری رەگەزی یا چینایەتی، باس لە مەودای کۆمەڵایەتی نێوان گرووپەکان دەکات. ئەم زاراوانە «باس لە دۆخێکی زەینی دەکەن کە تێیدا لە گەڵ ئەو مەودایە ئاشنا دەبین کە ئێمە لە گەڵ ئەو چین یا نەتەوانەی کە نایانناسین، جیا دەکەنەوە». بەتایبەت لە وڵاتێک وەکوو ئەمریکادا مەودایەکی سەقامگرتوو و باو دڵنیامان دەکاتەوە کە رەشپێستێک «بە تەواوی وا لە سەر جێگای خۆیدا». تا ئەو کاتەی کە ئەو کەسە ئاگەداری شوێن و مەودای خۆی بێ و بیپارێزێ و لێی لانەدا، پێوەندییەکی گەرم و گوڕ لە نێوان بالادەست و ژێردەستدا هەیە. خاتوونی ماڵ دەتوانێ پێوەندییەکی باشی لە گەڵ چێشتلێنەرەکەی بێ، بەڵام ئەم پێوەندییە تەنیا کاتێک دەپارێزرێ کە چێشتکەر «مەودای شیاوی» خۆی لە گەڵ خاتوون بپارێزێ (کوزر؛١٣٨٧).

پارک وای بیردەکردەوە کە ئەو شتەی کە پێی دەڵێن دەمارگیری «لە راستیدا هەمان مەیلی کەم تا کورتێک غەریزی و دەروونی تاکەکانە بۆ پاراستنی مەودای کۆمەڵایەتیان». بەبڕوای پارک، ئەم دەمارگیریە بە هیچ جۆرێک نابێ وەکوو نەخۆشی بزانرێ، بەڵکوو ئەمە دیاردەیەکی مرۆییە و

هەموو کەس لە هەموو شوێن و لە هەموو کاتدا هەیەتی. ئەو دەیگوت مرۆڤەکان بە مەیل و حەزی تایبەت بە خۆ لە دایک دەبن و مەیل و حەزیتر لە درێژەی ژیانیاندا بەدەست دێنن. «مرۆڤێکی بێدەمارگیری، لە راستیدا مرۆڤێکی بێباوەڕ و بێکەسایەتییە». دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکان بۆ مانەوەی یەک پێویستن. «هەروەک چۆن دونیا بەبێ دۆستی لە بیری کەسدا ناگونجێ، لە ئاوەها جیهانێکدا ژیان بەبێ دوژمنایەتیش زۆر دەگمەنە، چونکە ئەم دوو دۆخە بە یەک واتان و تا رادەیەک پێکرا بەستراون؛ بەلام دەمارگیریەک کە ئێمە سەبارەت بە تایبەتمەندی دۆستەکانمان هەمانە، دەبێتە بەربەستێک بۆ ناسینی هێژایی دوژمنەکانمان». کەواتە، دەمارگیری و مەودای کۆمەڵایەتی بە رەهەندگەلی بەردەوام و هەتاهەتایی کۆمەڵگای مرۆڤ دێنە ئەژمار (هەمان سەرچاوە).

لەم روانگەوە، دەمارگیری رەگەزیش وەکوو دەمارگیری چینایەتی و کاستی «تەنیا یەکێک لە رەهەندەکانی یەک جۆرن». دەکرێ ئەم دەمارگیریە وەکوو «جۆرێک دیاردەی پێگەیی» لە بەرچاو بگیرێ.

پارک لە سەر ئەم بابەتەدا پێداگرێ دەکرد کە نابێ دەمارگیری رەگەزی و مەودای کۆمەڵایەتی لە گەڵ ململانێی کۆمەڵایەتیدا بە یەکێک بزانرێن. دەمارگیری و مەودای کۆمەڵایەتی کاتێکە کە ژێردەست، دان بە پێگەی خۆیدا بنێ، بەلام ململانێ ئەو کاتەیە کە ژێردەست پێگەی نزمی خۆی قبووڵ نەکات و بۆ گۆڕانی تێبکۆشێ. پارک لە ١٩٢٨دا ئاماژەی بەم خاڵە دووربینانەکردووە: «رەنگە لە ئەمریکادا دەمارگیری رەگەزی کەمتر لە هەر شوێنێکیتر بێ، کەچی ململانێی رەگەزی پتر لە هەموو شوێنیتره، چونکە لەم وڵاتەدا پێشکەوت و ئاڵوگۆڕی زۆرتر لە ئارادایە. رەشپێستان لە ئەمریکادا سەرهەڵدەدەن و رادەی خەباتیان، پیشاندەری ئاستی پێشکەوتیانە» (کوزر؛١٣٨٧).

میدیا گشتییەکان/ mass media

بەشی هەرە زۆری کۆمەڵناسان لەم بابەتەدا هاودەنگن کە تیکنۆلۆجی هۆکارێکی گرینگ و سەرەکییە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا. تیکنۆلۆجی لەخۆڕا هیچ کارێک ناکا؛ بەڵکوو ئەمە خەڵکن کە بە هۆی بەهرە وەرگرتن لە تێکنۆلۆجیەوە دەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بەلام بەبێ کەڵکوەرگرتن لە میدیا گشتییەکان، دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگاکان تووشی گۆڕان نابن. پێوەندی رووبەڕووی تاکەکان لە سۆنگەی میدیاکانەوە بۆتە پێوەندییەکی گشتی. میدیا گشتییەکان بریتین لە هەر جۆرە ئامراز و کەرەستەیا پیشەیەک کە بۆ هەڵبژاردن، راگواستن و وەرگرتنی ناوەرۆک و بابەتگەلێک کە زانیارییان پێ دەڵێن، بەکار دەبرێن. یەکێک لە کەرەسەکانی ئەم تیکنۆلۆجییە، ئامرازەکانی پێوەندی کردنە. بە گۆڕانی ئەم ئامرازانە، ژیانی کۆمەلایەتیش گۆڕانی بەسەردا دێ. گەشەی کولتووی و زانستی مرۆڤ بەستراوە بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە شێوازی پێوەندی کردندا دێنە دی: تەکامولی وشەکان و شێوازەکانی ئاخافتنی سەرەتایی، بە هۆی نووسین، چاپ کردن و هەنووکەش بە هۆی جیهانی ئەلکترۆنیکەوە (*Ong, 1982*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ۱۳۸۴).

زاراوەی میدیا گشتییەکان، لە راستیدا کورتکراوی *میدیاکانی پێوەندییە گشتییەکانە* (mass communication media). دوو تایبەتمەندی بۆ میدیا گشتییەکان رەچاو کراوە کە یەکێکیان تایبەتە بە ئامرازە تەکنیکییەکانی گواستنەوەی هەواڵ و ئەویتریان تایبەتە بە وەرگرانی ئەو هەواڵە. بە گوێرەی بیرو بۆچوونی هەندێ لە زانایانی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندی یەکەم بۆ خۆی بەستە. ج. ت. کلاپێر دەڵێت: «ئەم زاراوە ئاماژە دەکات بە سەرجەمی میدیا گشتییەکان کە تێیاندا مکانیزمێکی بەرهەمهێنانەوەی ناتایبەت لە نێوان بێژەر و بیسەردا دێتە دی. بە گوێرەی ئەم پێوەرە، دەبێ رادیۆ،

سینەما، کتێب و هەرجۆرە مێدیایەکی پێوەندی ناتایبەتی‌تر، لە ریزی مێدیا گشتییەکانەوە پۆلێن بکرێن». بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، تەنیا شێوازگەلێک لە پێوەندی، وەکوو نمایشنامە، وتوویژی تاکەکەسی و تایبەت و راگەیاندنە گشتییەکان لە ریزی مێدیا گشتییەکان دەخرێنە دەرەوە.

کاتێک واتای «گشتی» (واتە ئەو کەسانەی کە ئەم پێوەندییە وەردەگرن) لە شرۆڤەدا هات، بازنەی مێدیا گشتییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر راڤە دەکرێ. ج. د. ڤێب دەڵێ: «دوو دیاردەی سەرەکی مێدیا گشتییەکان بریتین لە: ١) بەرهەمەکانیان بە ئاسانی دەخرێتە بەردەست زۆربەی خەڵکەوە لە هەموو ژێرگرووپە گرینگە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ ٢) بڕی ئەم بەرهەمانە بە رادەیەک کەمە کە بە گشتی لە باری مادییەوە هەمووان دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن». بە گوێرەی ئەم پێوەرە (واتە: هەرزانی و ئاسانی) بێجگە لە پێوەندییە تاکەکەسی و تایبەتەکان، هەندێ مێدیای گشتی وەکوو گۆڤارە پسپۆڕییەکان، کتێبگەلی گالینگوور و فیلمی فێرکاری لە ریزی مێدیا گشتییەکان دەخرێنە دەرەوە(گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

سەرهەڵدان و گەشەی مێدیا گشتییەکان، بۆتە هۆی گۆڕانێکی زۆر بنەڕەتی لە شێوازەکانی گواستنەوەی کولتوور لە تۆرەمەیەکەوە بۆ تۆرەمەیەکی‌تر. هەروەها چونکە ئەمڕۆکە مێدیا گشتییەکان دەتوانن لە یەک کاتدا زانیارییەکی زۆر بخەنە بەر دەست ژمارەیەکی زۆر گوێگر و بەرقسەوە، دەوریان بۆ گواستنەوەی کولتوور بایەخێکی زۆری هەیە. هەر یەک لە مێدیاکان (تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار، کتێب، سینەما و هتد) پەیغامە کولتوورییەکان لە بیچم و ناوەرۆکی هەواڵی یا سەرگەرمیدا رادەگوێزنەوە. تەلەفزیۆن یەکێک لە کاریگەرترین مێدیا گشتییەکانە.

بە گشتی کەس حاشا لە کاریگەری مێدیاکان بە سەر کولتوور و بیرو هزر و زۆربەی تەوەرەکانی ژیان ناکات. بەڵام بۆچوونەکان سەبارەت بە چۆنیەتی

ئەو کاریگەرییانە جیاوازن. هەندێ کەس سەرنج دەدەنە ڕەهەندی پازیتیڤی میدیاکان و هەندێ کەس لە ڕەهەندی نیگەتیڤدا وردەبنەوە. ئێمە بۆ بووژاندنەوەی مێشکمان و بۆ پشوودان و ماندوویەتی دەرکردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەهرە دەگرین. بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە ڕۆژنامە و ئینتەرنێت و گۆڤارەکان کەڵک وەردەگرین. بۆ ئاشنایەتی لە گەڵ کولتوورگەلی جۆراوجۆر، سەیری فیلم دەکەین؛ لەم فیلمانەدا هەم زانیاری جۆراوجۆر دەقۆزینەوەو هەمیش بۆ پشوودان و حەسانەوە بەهرەی لێ دەبەین. ئە گەر سەد ساڵی لەمەو پێش گواستنەوەی زانیاری و هەواڵێک پێویستی بە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو، ئێستا ماوەی گواستنەوەی هەواڵەکان، گەیشتۆتە کەمترین ماوە. هەرکەس دەتوانێ بیر و ڕا بۆچوونی خۆی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە دونیادا بڵاو کاتەوە. پێشتر نەبوونی میدیاگشتییەکان، ببووە هۆی ئەوەی کە کەس لە ژیانی پادشایان هیچ نەزانێ، ئەو ژیانە و ئەو کەسانە وەکوو دیرۆک وابوون؛ بێجگە لەو تاقمەی لە نزیکەوە پێوەندییان لە گەڵیان بوو، کەس نەیدەتوانی تەنانەت بیریان لێ بکاتەوە. کەچی ئێستا بە هۆی میدیا گشتییەکانەوە، ژیانی ڕامیاران و دەسەڵاتداران خراوەتە ژێر چاودێرییەوە؛ بچووکترین گەندەڵی لە کەس پیوار نییە و تەنانەت ئەو کەسانەش کە لە کوێرەدێیەکدا دەژین، بە وردی لە ژیانی ڕامیاران، ئەکتەرانی سینەما، یاریکەرانی فووتبۆڵ و بە چارەنووس و ژیانی خەڵکی ئەو پەڕی دونیا ئاگەدار دەبنەوە. حکوومەتەکان وەکوو ڕابردوو ناتوانن زوڵم و زۆری خۆیان بە سەر خەڵکدا داسەپێنن. هەروەها بە هۆی ئەم پێوەندییەوە پێشکەوت و گەشەی تیکنۆلۆجی گەیشتۆتە ئاستێکی ئێجگار بەرز. بەگشتی، وادیارە بەبێ میدیا گشتییەکان، مرۆڤی ئەمڕۆ توانی ژیانی نەبێ (دفلور و دنیس؛ ١٣٨٧). ئەمەی کە بێژرا لایەنێکی بیرو بۆچوون بوو سەبارەت بە میدیا گشتییەکان.

ڕەهەندێکی‌تر بریتیە لەو کەسانەی کە دەڵێن میدیا گشتییەکان ئـامرازی دەستی زۆرداران و زلهێزانن و ئـەوەی کـە خۆیـان بیانـەوێ بـە خـەڵـکی رادەگەینن. کارخانە پیشـەسـازییەکـان بـۆ فـرۆتنی بـەرهـەمـەکانیـان بـە چەشنێکی بە دوور لە راستی، پڕوپاگەندە بۆ بەرهەمـەکانیـان دەکـەن. رامیـاران گەندەڵیەکانیان دەشارنەوە و رواڵەتێکی چاک و بێخەوش لـە خۆیـان دەنـوێنن؛ بەتایبەت لەو ولاتانەی کە میدیاکان لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتـدان. چـاک بـە خراپ و خراپ بە چاک دەنوێنن. ئەو نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانەی کە دژ بـە دەسەلاتیان بن، بەناوی خراپکار و تیرۆریست پیشانیان دەدەن و ئەوانەش کـە تیرۆریست و خراپکـار بـن، بـە نیشـتمانپـەروەر و راسـبێژ ناویـان دەبـەن. دەسەلاتەکان بۆ گەیشتن بە سامان و دەسەلاتی زۆرتر، هـان دەدەن تـا ئـەو کولتوورەی کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە، رایبنێن و پڕوپاگەندەی بۆ بکـەن. لە باری پێوەندییە تاکەکەسییەکانەوە، بۆتە هۆی دابـڕانی بنـەماڵـەکـان لـە یەکتر. خزم و دۆستان زۆربەی کاتیان بۆ سەیر کردنی میـدیاکان تـەرخـان دەکەن و کەمتر سەردانی یەک دەکەن و تەنیا پێوەندی نێوان تاکەکان، بۆتە پێوەندییەک کە لە شێونی کاردا هەیانە. بە گوێرەی ئامارەکانی ساڵی ١٩٩١، ماوەیەک کە منداڵانی کەمتر لە شازدەساڵی ئەمریکی خەریکی سەیر کردنی تەلەفزیۆن دەبن، پتر لەو کاتەیە کە لـە قوتابخانـەدان (*U.S. Burea of the Census, 1991*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤). ماوەیەک کە منداڵانی رۆژاوای ئەورووپا بۆ سەیر کردنی تـەلـەفزیـۆنی تـەرخـانی دەکـەن، لـە نێـوان ٥-٦ کاتژمێرە (*Goodhardt, G. J; 1987*- وەرگیراو لە: عضدانلو؛ ١٣٨٤).

بە گشتی دەبێ مـەودایـەک لـەم نێوانـەدا دەسنیشـان بکـرێ؛ واتـە نـە گەشبینی تەواو و نە ڕەشبینی تەواو. بێگومان کاریگەرییەکـانی میـدیاکان زۆر مەزنن؛ چ چاک یان خراپ. بەلام ئەمـەمیـدیاکان نـین کـە کاریگـەری چاک و خراپیان هەیە، بەڵکوو ئەمە خودی تاکە کە بە چـاک یـا خـراپ لـە

مێدیاکان دەگات. شێوازی راهێنان و پەروەردەی تاکە کە ئـەم کاریگـەرییـە ئاشکرا دەکا. منداڵ لە نێو خێزانـدا فێـر دەبـێ کـە ئـەوەی دەیبیسـێ یـان دەیبینێ، لێکی بداتەوە و راڤەی بکا و راست و ناڕاست بوونی ئاشکرا بکات.

مێژووگەری / historicism

مێژووگەری لە واتای پووپریدا (پەیدۆزی یاساگەلی گۆڕانی کۆمـەڵایـەتی یان پەیدۆزی یاساکانی مێژوو) جۆرێک جیهانبینییە کە تەمەنی بـە قـەدەر تەمەنی بیری مرۆڤە. کەچی بەم پێناسەشەوە لە سـەدەی نـۆزدەهـەم و بـە تایبەت لە سەرەتـای سـەدەی بیسـتەمدایـە کـە دەسـت بـە سـەر زانسـتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشێ. مێژووگەری ناوی چەن کەسی وەکـوو هـێگڵ، کۆنت، مارکس، ستوارت میل، سپێنسێر زیندوو دەکاتەوەو هـەروەهـا چـەن بزاڤی وەکوو مارکسیسم، دارڤینیسمی کۆمەڵایەتی، تەکامۆلگـەری مورگـان یان لوی برۆل دەخاتەوە یادی خوێنەر.

مێژووگەری لە واتایەکی بەرتەسکدا بریتیە لە تیـۆری یـا بیردۆزێـک کـە گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان گەشەی مێژوویی پێڕەوی لە یاسـایەکـی جـەبـری دەکا و شـوێن و رەوتی مێـژوو دیـاری دەکـات. لـە واتایـەکـی بـەرفراوانـدا مێژووگـەری لـە گـەڵ کۆمـەڵـەیـەک لـەو بیردۆزانـەدا کـە هـۆی گـۆڕانی کۆمەڵایەتی یان یاساکانی تەکـامول دەزانـن، یـان لـە یاسـا بازنـەییـەکـان (سـیکلییەکـان) یـاخۆ لـە یاسـای تـەکـووزی یـەکسـان یـان لـە یاسـای بەرهەمهێنانەوە پێڕەوی دەکەن، هاودەنگە؛ بـۆ وێنـەی بـەڕای هـەنـدێ لـە کۆمەڵناسان، کاتێک کۆمەڵگا تووشی گۆڕان دێ کە بـۆ مـاوەیـەکـی دوور و درێژ ئارام و هێمن بووبێ و بۆ ماوەیەکـی کـورت تووشـی قـەیـران هاتبـێ. هەندێ کۆمەڵناسی تر -وەکوو سووروکین- دەڵێن لە گۆڕانی بەها کولتووری و سەقامگرتووەکاندا رێکو پێکییەک دیارە: خولەکانی ئاوەزخوازی لـە گـەڵ

ئەو خولانەی دژبە ئاوەزن، یەک بە دوای یەک دێن. یان باشتر بڵێین: سوروکین گۆڕانی کولتووری بە پرۆسەیەکی سێ قۆناغی دەزانێ: قۆناغی یەکەم «سەروو هەستییە» کە بە بایەخدانان بە بەها «سەروو هەستییەکان» دەناسرێ و پێناسە دەکرێ؛ قۆناغی دووەم «ئارمانخوازانە»یە کە بە بایەخ دان بە واتا ئینتزاعییەکان پێناسە دەکرێ؛ قۆناغی سێیەم «هەستخوازانە» و بنەمای لە سەر ئەوە دانراوە کە واقیعە بەرهەستەکان، راستەقینەن. هەندێ لە کۆمەڵناسان رایان وایە کە لە ژێر پێستی گۆڕاندا، کۆمەڵگاکان بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەکانیانن. کەواتە، مێژووگەری لە واتای بەرفراوانیدا بریتیە لە تایبەتمەندی سەرجەمی ئەو بیردۆزانەی کە بە چەشنێک جەخت لە سەر دیتنەوەی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان ئەو ئەزموونانەی کە زۆرتر لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا دیارن، دەکەن. لە واتایەکیتردا مێژووگەری بریتیە لە تیۆرییەک کە بە گوێرەی ئەوە داهاتووی سیستەمی کۆمەڵایەتی، لە هەر بابەتێک کە بێ، بە تەواوی لە بارودۆخی ئێستایدا حەشار دراوە، بە چەشنێ کە توێژەری لێهاتوو بە وردبوونەوەی لە هەل‌ومەرجی سیستەم لە کاتی tدا دەتوانێ رەوتی ئەو گۆڕانە لە کاتی t+kدا پێش‌بینی بکات (بودون و بوریکو؛ ١٣٨٥).

مێژووگەری مارکس زۆر ورد و سەرنجڕاکێشە. لە واتای مارکسی ئەم زاراوەیەدا دوو واتای سەرەکی هەیە:

یەکەم جۆرێک مێژووگەرییە کە لە گەڵ کاری پووپێردا پێوەندی هەیە. بەڕای پووپێر، هێگڵ و مارکس لەبابەتی ئەم روانگەوە تاوانبارن کە مێژوو خاوەنی مێتۆد و واتایەکە گەر لە کاتی ئێستادا تێی‌بگەن، دەتوانێ داهاتوو پێش‌بینی بکات. لەم رەخنەی پووپێرەدا رەنگە لە بۆچوونی هێگڵدا تێکەڵاوییەک لە مێتافیزیک و مێژوو هەبێ، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە بە ناوەرۆکی باسی مارکس نایەتە ئەژمار. بەبڕوای مارکس، مێژوو لە خۆیدا هیچ

واتایەکی نییە، تەنیا ئەوەنەبێ کە مرۆڤەکان لە قۆناغی جۆراوجۆردا ئامـاژەی پێدەکەن و بەڵگەی لێ دێننەوە (باتامور و کیرنن؛ ١٣٨٨).

واتای دووەم —کە لە زۆر ڕەهەندەوە بە پێچەوانەی واتای یـەکـەمـە- لـە ڕێژەخوازی مێژوویی «گەڕانەوە بۆ هێگل»دایە کە لە بەرهەمەکـانی لووکـاچ، کۆرش و تا ڕادەیەکیش گرامشیدا هاتووە. کۆرش بە ڕاشکاوی ئاماژە بە هێگل دەکا و دەڵێ: «دەبێ هان بدەین هەرجۆرە ئاڵوگـۆڕ و بابـەتێکـی بـیردۆزی مارکسی لە ئاخێزگەیەوە -کە بریتیە لـە فـەلسـەفـەی کلاسـیکی ئاڵـمانیا- وەکوو بەرهەمی پێویست بۆ سەردەمی خۆی، پەیدۆزی بکرێ». ڕەخنەگـری سەرەکی لەم بۆچوونەی مارکسیسم، لوویی ئاڵتۆسێرە کە لە بەشی پێنجمـی «سەرمایە»دا مێژووگەری و ئۆمانیسـمی گرتۆتـە بـەر ڕەخنـە و وردبوونـەوە (باتامور و کیرنن؛ ١٣٨٨).

لێرەدا جێی ئەوەهەیە کە بـاس لـە بزاڤـێکی هـزری بکـرێ کـە مانهـایم نوێنەریە و لە بیرو بۆچوونەکانی هێگڵەوە سـەرچـاوە دەگـرێ و دەکـرێ بـە مۆرکی «مێژووگەری ڕەها» دیاری بکەین. بە گـوێرەی ئـەم بۆچوونـە بـیرو بۆچوونی مرۆڤەکان وا لە ژێر کاریگەری ئەو «هەلومەرجە مێژوویـیـەدا» کـە دەورەی لێ داون. بەم پێیە ناتوانین مێژوو لە دەرەوە لێک بدەینەوە و دەبـێ لـە «نـاوەوە» لـە واتاکـەی تێبگـەیـن. مێـژوو و دیتنـەوەی واتـای مێـژوو، پرۆسەگەلێکی تێک ئالاون. ئاوەها ڕوانینێک بۆ تێگەیشتن و ناسینی گۆڕانـە کۆمەڵایەتییەکـان، ناچـار پێویسـتی بـە جۆرێـک ڕوانـینی دڕدۆنگانـە یـان عیرفانی هەیە (پین؛ ١٣٨٦).

مێژووی ژیان / life history

مێژووی ژیان شێوازێکە لە تۆژینەوەدا کە تەنیا تایبەت بە کۆمـەڵناسـی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانیترە. مێـژووی ژیـان بریتیـە لـەو زانیارییانـەی کـە

سەبارەت بە کەسانێکی تایبەت کۆوەدەکرێن و دەنووسرێن؛ زۆرتر بە هەمان چەشنێ کە ئەو کەسانە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە. ئەم توێژینەوە تەنیا پشت بە بیرەوەرییەکانی خەڵک نابەستێ. بەڵکوو سەرچاوەگەلێک وەکوو نامە، راپۆرت و رۆژنامەکانی سەردەمیش دەتوانن بۆ بەرفراوان کردنی زانیارییەکان و هەروەها چاودێری بە سەر دروست بوونیان، بەهرەیان لێ وەربگیرێ. کۆمەڵناسان سەبارەت بە بایەخی شێوازی مێژووی ژیان روانگەی جیاوازیان هەیە: هەندێکیان رایان وایە کە ئەم شێوازە بۆ کۆوەکردنی زانیاریگەلی بەکەڵک زۆر جێی متمانە نییە؛ هەندێکیش رایان وایە کە ئەم شێوازە روانگەیەک دەداتە دەست کە هیچ شێوازێکیتر ئاوەها کارێکی پێی ناکرێ.

مێژووی ژیان لە چەن لێکۆڵینەوەی زۆر گرینگدا سەرکەوتنی بەرچاوی بووە. یەک لەمانە، توێژینەوەیەکی بەناوبانگ بوو کە لە کتێبێکدا بە ناوی *جووتیاری لەهستانی لە ئەورووپا و ئەمریکادا* (The polish Peasant in Europe and America) لە لایەن تووماس و زینانسکیوە (*Thomas, W. I; & F. znaniecki; 1958*) لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨-١٩٢٠دا لە پێنج بەرگدا بلاو کرایەوە (گیدنز؛ ٢٠٠٤- نراقی؛ ١٣٧٩).

نامۆ کەوتن / alienation

نامۆکەوتن هەروەک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کار دەبرێ، بە واتای دابڕان و جیابوونەوەی بەشێک یان سەرجەمی کەسایەتی تاکە لە خۆی یا جیهانی دەورو پشتی. ئەم زاراوەلەم واتا گشتییەیەدا دەتوانێ ئاماژەیەک بێ بۆ چەن شت: ١) دابڕانی ئاشکرا و دیار ٢) نامۆ کەوتنی تاک لە دەورو پشتی ٣) هەروەها دۆخێک کە تاک هەست بە دابڕان و نامۆیی دەکا (گولد؛ ١٣٨٤).

نامۆ کەوتن

بێگومان یەکەم کەسێک کە لە کۆمەڵناسیدا بڕەوی بەم زاراوەیەدا مارکس بوو کە لە *دەستنووسەئابووری و فەلسەفییەکانی ١٨٤٤*دا بە مەبەستی نامۆ کەوتنی تاک لەو کالایانەی کە خۆی دەیانهێنێتە بەرهەم بەرکاری هێنا (مارکس؛ ١٣٧٧) و پاشان دەروونناسی فرۆید بوو بە پشتوانەیەک بۆ ئەم بیردۆزەی. بەگوێری بیردۆزی نامۆکەوتنی مارکس، هەندێ لە تاکەکان بە بۆنەی هەلومەرجی تایبەتی بەرهەمهێنانی ئابووری و سیستەمی دەسەلاتی چینایەتی، بە راشکاوی لە کار و بەرهەمی خۆیان نامۆ دەکەون. پرۆسەی نامۆ کەوتنی کرێکار لە کار و کەرەسەی کار، بەرەو دابڕان و جیابوونەوە هەم لە سروشت و هەم لە خۆی رایدەکێشێ. هەرچەن فرۆید لەم بابەتەدا بە راشکاوی ناوی ئەم زاراوەیەی نەهێناوە، بەلام ئەم باسە بە تێروتەسەلی لە بەرهەمەکانیدا دیارە. لە روانگەی فرۆیدەوە نامۆکەوتن بریتیە لە بەرهەمی هاوڕەنگ بوونی تاک لە گەڵ داخوازەکانی سیستەم بە گوێرەی ئەو دەورانەی بۆی رەچاو کراون. بە بڕوای ئێریک فرۆم، مرۆڤ کاتێ نامۆ دەکەوێ کە خۆی بە ناوەندی دونیای خۆی و ئافرێنەری کردەکانی خۆی نەزانێ، بەڵکوو ئەم بووبێتە خزمەتکار و گوێڕایەڵی ئەو کردانە، یاخۆ رەنگە تەنانەت کڕنۆشیان بۆ ببا (گولد؛ ١٣٨٤).

بەڕای مارکس، نامۆکەوتن ئاکامی دابەش کردنی کارە لە پرۆسەی بەرهەرمهێناندا. واتە هەر کرێکار بە تەنیا لە بەشێکی زۆر بچووکی پرۆسەی بەرهەمهێناندا کار دەکات و کارێکی ئاسانی لە ئەستۆیە، بۆ وێنە لە کارخانەی چێ کردنی ترۆمبیلدا، ئەو کرێکار کە لە بەشی مۆنتاژدا خەریکی کارە، رەنگە تەنیا ئەرکی توندکردنەوەی پێچێک بێت و بەس. شێوازە نوێکانی بەرهەمهێنان ئەنجامی ماشینیزم و سیستەمی بۆرۆکراتیکن، چونکە ئەم ئاسانکارییە نوێیانە، لە کارگەکاندا مەکینەیان کردۆتە جێگر و جێنشینی هێزی جەستەیی مرۆڤ. بەم بۆنەوە کرێکاران کۆنترۆل و چاودێری خۆیان لە

دەست داوە و هاتوونەتە ژێر رکێفی کەرەسەکان. یوونگ دەڵێ: لەم خولەدا کرێکاران نە وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی، بەڵکوو وەکوو بەشێک لە ئابووری بازاڕ سەیر دەکران (*young, T. R. 1975*).

بە گوێرەی پێناسەیەک کە مارکس لە *دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی ١٨٤٤*دا لەم زاراوەیەی داوەتە دەست، نامۆ کەوتن هەل و مەرجێکی مێژوویی تایبەتە کە تێیدا مرۆڤ ١) جیایی لە سروشت، ٢) لە بوونەوەرانی‌تر ٣) بە تایبەت لە کاری خۆی و کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان و هەروەها)٤ جیایی و دابڕان و نامۆ کەوتن لە خۆی تاقی دەکاتەوە (مارکس؛ ١٣٧٧- باتامور؛ ١٣٨٨- کرایب؛ ١٣٨٦).

نامۆکەوتن لە کۆمەڵناسیشدا دەڕواتە ریزی زاراوە سەرەکییەکانی ئەم بەشەوە و زۆرتر لە لایەن ماکس ڤیبێرەوە بە مەبەستی پیشان دانی ناهومێدی تاک لە دونیایەکی ناهومێدکەردا و لە ژێر کاریگەری ناوەندگەلی ئەقلانی و بۆرۆکراتیکدا بە کار براوە (پین؛ ١٣٨٢).

نامۆکەوتنی بۆرۆکراتیک / bureaucratic alienation

هەرچەند جڤاکە مۆدێڕنەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی خۆیان پێویستیان بە رێکخراوە بۆرۆکراتیکەکان هەیە، بەلام هەندێ لە کۆمەڵناسان رەش‌بینانە سەیری ئەم سیستەمە دەکەن و پێیان وایە کە ئەم رێکخراوانە دەتوانن هەندێ کێشەی وەکوو بەماشینی‌بوونی مرۆڤ، نامۆکەوتنی مرۆڤ لە ژیانی تایبەتی و دیمۆکراسی رامیاری کۆمەڵگا، بەدی بێنن. ماکس ڤیبێر رێکخراوە بۆرۆکراتیکەکان بە شێوازێک بۆ بەرزکردنی ئاستی بەرهەمهێنان دەزانی، بەلام لەم چەمکەش ئاگەدار بوو کە ئەم رێکخراوانە دەتوانن ببنە هۆی بەماشینی‌بوونی هەڵس‌وکەوتی کەسانێک کە نیازی هەیە خزمەتیان پێ‌بگەینێ. واتە: ئەم سیستەمانە بە یاسا و دەستوورەکانی خۆیان،

كەسايەتی و وزە و ليهاتوويی ئەندامانی خۆيان دەخەنە پشت گوێ و هانيان دەدەن تا لە سەر ڕێبازی پێودانە دياريكراوەكانی ڕێكخراو بڕۆنە پێشەوە. ئەندامان لەگەڵ ئەو كارەی كە دەيكەن، نامۆ دەكەون. بە بڕوای ماكس ڤيبێر، ڕێكخراوە فەرمييەكان، مرۆڤەكان بۆ ئاستی چەرخدەندەی مەكينەيەك دادەبەزێنن (*Weber, M; 1978: 988*). ڕەوتی توێژينەوەكانی ماكس ڤيبێر لە سەر ڕێكخراوە بۆرۆكراتيكەكان، بوو بە هۆی ڕەشبينی ئەو لە سەر داهاتووی مرۆڤ؛ لە درێژەی ئەم ليكۆلينەوەدا گەيشتبووە ئەم دەرەنجامەی كە هەرچەن ئەم سيستەمانە بۆ چاكسازی ژيانی مرۆڤ گەلالەكراون، بەلام ئەم مەترسييەش هەيە كە لە كۆتاييدا كاری مرۆڤەكان تەنيا گەياندنی خزمەتگوزاری بە ڕێكخراوەكان بێ.

ناميلكەی دينی / catechism

كتێبێكی بچووكە كە تێيدا بنەماكانی دين بە شێوازی پرسين و وەلام هاتووە و بڕواداران بەو دينە لە ڕێی ئەم پرسين و پەرسڤانەوە لە گەل بنەماكانی دين ئاشنا دەبن.

ناوچەگەری / nativism

لە كاتی سەربەخۆيی ئەمريكادا سێ چوارەمی دانيشتوانی لاوەكی لە ئەمريكا، لە كەسانێك پێك دەهات كە لە بريتانياوە كۆچيان كردبوو، يان بە ڕەسەن بريتانی بوون. ئەم كۆلۆنینشينانە زۆرتر ناوچەگەرا بوون و كەمتر ئاوڕيان لە خەلكی شوێنانیتر دەدايەوە. هەرچەند كەمبوونی هێزی كار ناچاری دەكردن كە «هێزی كاری دەرەكی» بگرن، بەلام بۆ پاراستنی نەريتەكانی ئەنگلۆساكسۆن و ميراتی پرۆتستان، زۆريان پێداگری دەكرد. لەم چوارچێوەدا واتای ناوچگەری بريتيە لە: چاودێری و بەرەنگاری لە دامەزراوە و بەهاكانی تاقمی زۆرينە لە ئاست بەهای تاقمی كۆچەری نوێدا.

بە واتایەکی تر، ناوچەگەری ئەم واتایە دەدات کە «ئەمریکا بۆ ئەمریکییەکانە». لە مێژووی ئەمریکادا ئەم وتەیە چەنای چەن جار دووپاتە کراوەتەوە و هەنووکەش دەیلێنەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئەوانەی ئەم دروشمەیان بۆ ئەمریکا دانا، خۆیان خەڵکی ناوخۆی ئەمریکا نەبوون.

نەخوێندەواری / illiteracy

نەخوێندەواری بریتیە لە تێنەگەیشتن و بەکار نەهێنانی سیستەمێکی سەمبۆلیک. ئەم سیستەمە دەتوانێ بنەمای لە سەر دەنگ، پیت، ژمارە، خەت یاخۆ دیاردەکانیتر دانرابێ. هەرچەند زۆرتر مەبەست لە «نەخوێندەواری» بریتیە لە ناتوانی لە خوێندن یان نووسین، بەلام نەخوێندەواری چەن جۆرە: نەخوێندەواری کۆمپیۆتەر، نەخوێندەواری ژمێریاری، نەخوێندەواری زانستی، نەخوێندەواری کولتووری و هتد.

گەر تەنیا سەرنج بدەینە ژمارەی ئەو زمان و زاراوانەی لە هەموو جیهاندا پێیان قسە دەکەن، تێدەگەین کە ژمارەیان دەگاتە ۳۵۰۰-۹۰۰۰. ئاشکرایە کە بە گوێرەی ئەم هەموو زمان و زاراوانە، فێربوون و خوێندەوار بوون، بێسنوورەو کەس ناتوانێ هەمووی بزانێ و لە سەرلەبەری ئەم سیمبۆلانە ئاگەدار بێ (*Quane, A; 1990: 27-29*). گەر کەسێک تەنیا بە زمانێک بتوانێ بخوێنێ و بنووسێ، بە گوێرەی ئەو پێناسە کە کراوە، دەبێ سەبارەت بە ۸۹۹۹ زمان و زاراوەکەیتر بە نەخوێندەوار بزانرێ. کەواتە، ئاوەها پێناسەیەک لە نەخوێندەواری ناتوانی پەرسڤدەری پرسی ئێمە بێ. زۆربەی خەلکی وایان پێ خۆشە کە زمانی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژین تێبگەن و بتوانن پێی قسە بکەن و پێی بنووسن.

بە سەلماندنی ئەم گریمانەیە، دەتوانین بەم ئاکامە بگەین کە

نەخوێندەواری بەرهەمی کۆمەڵگای تاکە. واتە، کاتێ تاک بە نەخوێندەوار دەزانرێ کە نەتوانێ لە سیستەمی سیمبۆلیکی کۆمەڵگایەک کە تێیدا خەریکی چالاکییە تێبگا و بەکاری ببا. بۆ وێنە گەر کەسێک نەتوانێ بۆ دیتنەوەی شوێنێک نەخشە بخوێنێتەوە، بۆ دیتنەوەی زانیاری زۆرتر لە سەر بابەتێک لە کۆمپیوتەر کەڵک وەربگرێ، دیاردەکانی هاتوچۆ بخوێنێتەوە، لیستی دیتنەوەی کار پڕبکاتەوە، حسێب و کتێبی موشتەرییەکانی نەتوانێ بنووسێ، یان لەو واتایانە کە خەڵکی لە قسە کردندا بەهرەی لێ دەگرن، تێنەگا، دەتوانین ئاوەها کەسێک بە نەخوێندەوار بزانین. کەواتە، دەبێ نەخوێندەواری لە هەلومەرجی خۆیدا تاقی بکرێتەوە و وەکوو جۆرێک نەخۆشی کە دەبێتە هۆی لەکار کەوتنی سەرجەمی ئۆرگانیسم سەیری نەکرێ. لەم رووەوە، نەخوێندەواری دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. واتە، گەر زانیاری و تواناییەکانی رابردووی تاک پەرسڤدەری نیازە هەنووکەییەکانی نەبێ، ئەو تاکە بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ دەورو پشتی بە نەخوێندەوار دەزانرێ.

bureaucratic ritualism /نەریتخوازی ئیداری

رابێرت مێرتۆن، کۆمەڵناسی ئەمریکی شێوازی ئارمانی بۆرۆکراسی ڤیبێری خستۆتە بەر لێکدانەوەو وردبوونەوە و روونی کردۆتەوە کە رەنگە هەندێ لە بەشەزاتییەکانی بۆرۆکراسی ببنە هۆی گەیاندنی زیان و خەسار بە رەوتی ئامانجەکانی بۆرۆکراسی (*Merton,1957*). پێداگری زۆر لە سەر بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی یاسا و پێودانە ئیدارییەکان زۆر جار دەبنە هۆی نارەزایەتی خەڵکی و بەڕێوەنەچوون و چارەسەر نەبوونی کێشەو گیرو گرفتەکانیان. لە راستیدا دۆزە سەرەکییەکانی رێکخراوە کەمتر لە بەر چاو دەگیرێن و سەرنجیان پێ دەدرێت. مێرتۆن بۆ ناساندنی ئەم واتایە،

زاراوەیەکی نوێی داهێنا بـە نـاوی نـەریتخـوازی ئیـداری (*Merton 1968*). مەبەست لەم زاراوەیە هۆگری توند و تیژە بە بەڕێـوەبـردنی یاسـا و پێودانـە ئیدارییەکان؛ بە چەشنێ کە دۆزە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە لە ژێر سای ئـەو دەستوور و یاسایانەدا بزر دەبن.

مێرتۆن دەیگوت چونکە لە سەر ڕەوتی فـەرمـی کـارەکـان پێـداگری زۆر دەکرێ، بۆی هەیە کە «وێنەی گـەورەتـر» نـەبینـرێ (واتـە هـەمـان دۆزی سەرەکی کە سیستەمی بۆرۆکراسی بۆ گەیشتن پێـی هاتۆتـەدی). بـۆ وێنـە بۆرۆکراتێک کە بەرپرسی وەڵام دانەوەی زیانـەکـانی بیمـەیـە، ڕەنگـە داوای بیمەکراوێک کە زیانی لێکەوتووەو داواکەشـی زۆر بـەجێیـە، تـەنیـا لـە بـەر ئەوەی کە فۆرمێکی بەتەواوی پڕنەکردۆتەوە، جێبەجێ نەکا. بە واتایەکی‌تـر ڕەنگە دروست بوونی ڕەوتی ئیداری سەرتـر و گرینگتـر بـێ لـە نیـازی ئـەو بیمەکراوە کە تووشی زیان هاتووە.

ئـەم وتـەی مێرتۆنـە زۆر ئاشـکرایە؛ هـەمووومـان بـەردەوام لـە گـەڵ ڕێکخراوەگەلی بۆرۆکراتیک-وەکوو شارەوانی، ئیدارەی باج و پیتـاک و...- پێوەندیمان هەیە و زۆرجار دەڵـێین جـێبـەجـێ کـردنی ڕەوتی ئیـداری گرینگتر لە نیازەکانی ئێمەیە. بۆیە مێرتۆن پێش‌بینی دەکات کە لە ئاوەها هەڵومەرجێکدا بۆی هەیە نێوان خەڵک و سیستەمی بۆرۆکراتیک تووشـی ئاڵۆزی و ناکۆکی بێ و پێش‌بینییەکـەشـی زۆر بـەجێیـە (گیـدنز؛ ١٣٨٣)، (*Whyt, W.H. 1957; Merton, R. 1968; Coleman, J, S. 1990; Kiser, E. and J,Schneider, 1994*).

لاواز راهێنراو/ trained incapacity

گەر ڕێکخراوێک بیەوێ لە هەڵومەرجێکـی ڕێـکوپێـک و دڵخۆشـکەر و جێی متمانە و بڕوا و لەبار و پێش‌بینی‌کراودا کار بکات، ئەندامەکانی دەبێ لە

یاسا و پێودانگ و ڕێنوێنیەکانی ئەو ڕێکخراوە پێڕەوی بکەن. ڕێکخراوەکان کارمەندەکانی خۆیان واڕادێنن کە بە گوێرەی ویست و داخوازی خاوەن کارەکانیان کار بکەن و هەر بەو پێیەش مووچە و پاداشیان پێدەدرێ. بەلام کاتێک کارمەندەکان بە چەشنێکی میکانیکی و بەگوێرەی ئەو شتانەی پێیان دەڵێن رادێن و کاردەکەن، گەشەو پەرەسەندنی لێهاتووییەکانی خۆیان لە بەرانبەر ئەو شتەیدا تووشی مەترسی دەکەن کە ڤێبلێن ناوی نەگونجاو راهاتووی بە سەردا ناوە. واتای ئەم زاراوەیە بریتیە لە لاوازی لە بەرانبەر هەلومەرج و پێشهاتی نوێ و نائاسایی. ئەمەش کاتێک دێتە ئاراوە کە یاسا و ڕەوتە فەرمییەکان کۆن دەبن و لێهاتوویی خۆیان لە دەست دەدەن (وبلن؛ ۱۹۳۳). بە واتایەکی تر، کرێکاران و کارمەندان بە جۆرێک راهاتوون و فێرکراون کە تەنیا دەتوانن لە هەلومەرجی ئاساییدا کار بکەن. ئەوان بۆ ئەوەی کە بتوانن لە هەلومەرجی نوێدا لێهاتوویی خۆیان پیشان بدەن یا پێش‌بینی ئەو هەلومەرجە نوێیە بکەن، رانەهاتوون.

دەروون‌ناسی کۆمەلایەتی، شۆشانا ژۆبۆف، لە یەکێک لە توێژینەوەکانی خۆیدا -کە ماوەی یەک دەیەی خایاند- جیاوازییەک لە نێوان دوو جۆرە شوێنی کاردا دادەنێ: ۱) ئەو شوێنانەی کە لاوازی راهێنراو پەرە پێدەدەن و ۲) ئەو شوێنانەی کە ئیزنی داهێنان و بڕیاردان و سازگاربوون لە گەڵ هەلومەرجە نوێکانیان بە کارمەندان داوە. ئاکامی کۆڵینەوەکانی ژۆبۆف پیشان دەدەن کە ئەو شوێنانەی کە بنەمایان لە سەر لاواز راهێنراو بنیات نراوە، کارمەند و کرێکاران بۆ وێنە پاش ناساندنی کۆمپیوتەر، تووشی جۆرێک شۆک دێن (ژوبوف؛ ۱۹۸۸).

نێرمۆک / hermaphrodite

ئەم زاراوە بە کەسانێک دەبێژرێ کە هەم لە پیاو دەکەن و هەمیش لە

ژن. بناوانی ئەم زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ هێرمێس (hermes) کوڕی خودا دیرۆکەکانی یوونان و ئافرۆدیت (aphrodite). بە گوێرەی دیرۆکەکانی یوونان، کاتێک هێرمێس لە لای دەریاوە خەریکی خاوێن کردنەوەی خۆی بوو، حوورییەکی دەریایی بە ناوی سالماسیس (salmacis) هاتە دەر و رۆیشتە جەستەیەوە و هەر دوویان بوونە یەک پەیکەر. بەم بۆنەوە، ئەم زاراوە بەو کەسانە دەبێژرێ کە شەرمگای دەرەکی و ناوەوەیی ژن و پیاویان هەیە. چونکە کولتووری هەنووکەی ئێمە زۆر گەشبینانە سەیری ئەوانەی کە گرفتێکی جنسییان هەیە ناکا، زۆر بە گومان و دڕدۆنگی و تەنانەت رق و قینەوە سەیری ئەم کەسانە دەکەین. بەلام بە پێچەوانەی ئێمە هەندێ کۆمەلگای وەکوو پۆکۆت (pokot) لە رۆژاوای ئەفریقادا زۆر سەرنج بە ئاوەها بابەتێک نادەن و تەنیا بە هەلەیەکی بایۆلۆجیکی زۆر ساکاری دەزانن. سوورپێستانی هۆزی ناواهۆ لە ئەمریکای باکووردا بایەخێکی زۆر بە کەسانێک کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بن، دەدەن و بە کەسانێکیان دەزانن کە لە هەر دووباری ژن و مێردییەوە گەیشتوونەتە بەرزترین ئاست؛ واتە گەیشتوونەتە تەکامول (*Geertz, H; 1957*– وەرگیراو لە: عضدانلو).

نیمچەخێزان / quasi household

بەگوێرەی پێناسەی ئیدارەی ئاماری ئەمریکا، ئەم واتایە باس لە تاقمێک لە تاکەکان دەکات کە لە یەکەیەکدا پێکەوەدەژین و ئەو یەکە نەخراوەتە ریزی یەکەی خێزانییەوە. بۆ وێنە، هۆتێلێکی گەورە، کۆمەلەیەکی برایەتی، خانوویەک کە چەند چاوەی هەیە و لە هەر چاوەیەکدا خێزانێک هەیە، یا لەشکرگا سەربازییەکان دەخرێنە ریزی نیمچەخێزانەکانەوە.

definition of the situation / واتای شوێنگه

زاراوەی واتای شوێنگه بریتیه لـه ١) تێگـەیشـتن و بۆچـوونی تـاک لـەو هەلومەرج و شوێنگەی کە تێیدایە؛ بۆ وێنه کاتێک کـوڕە خوێنـدکارێک لـە کچێکی هاوپۆلی داوادەکا کە پێکڕا بڕۆنە پـارک و لـەوێـدا وانـەکانیـان دەور کەنەوە، ڕەنگه ئەو کچه بە ڕاشکاوی نەزانێ کە مـەبـەسـتی ئـەو کـوڕە لـەو پێشنیارەی، دامەزراندنی پێوەندییەک جیا لە پێوەندی هاوپۆلی بوونە، یـاخۆ بەڕاستی مەبەستی هەمان وانه خوێندنە. ٢) تێگەیشتن و شرۆڤـەیـەک لـەو شوێنگانەی کە لە سەر بنەمای کولتووری دامەزراوە و لـە کولتـووردا دەنگـی داوەتەوەو لە نێوان ئەندمانی کۆمەڵگادا یەکسـانن و بـە یـەک جـۆر سـەیـر دەکرێن؛ وەکوو ئەوەی کە خەڵکی لە کـاتی جێـژنی ڕەمـەزان، یـان ساڵـی تازەدا کە پێک دەگەن، بە خێرایی دەزانن دەبێ چ بکەن، یـاخۆ چـی بڵـێن، بەم بۆنەوە بێ‌سێ و دوو پیرۆزبایی لە یەک دەکەن.

ئەم زاراوە یەکەم جار لـە لایـەن توومـاس و زینانیکییـەوە بـەکـار بـراوە. زینانیکی دەڵێ: «ئێمه نازانین کێ بۆ یەکەم جار ئـەم زاراوەیـەی داهێنـاوە. تووماس جاربەجار لە کتێبی *جووتیاری لەهستانیدا* و بە چەشنێکی بەربلاوتر لە "لێکدانەوەی بەراوردی میتۆدە نموونەییەکانی ڕەفتاری سەرەتـایی"دا بـە کاری دەبرد». پاشان زۆر بە خێرایی هاتە نێو کۆمـەڵناسـی و دەروونناسـی کۆمەڵایەتی ئەمریکاوە و بـۆ ئامـاژە بـە دوو ڕەهـەنـدی بـیردۆزی کـارلێکی کۆمەڵایەتی زۆر بڕەوی سەند (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

واتای شوێنگه، پرۆسەیـەکـی گشـتییە: ئـەمـەی کـە لـەو شـوێنانەدا چ هەڵسوکەوتێک شـیاوە و دەبـێ لـە چ ڕەفتارێـک خـۆ ببـوێری، دەبـێ لـە کەسانی‌ترەوە فێر بی. گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتی، کارێکی ئاسان نییە. بۆ وێنە دوو خوێندکار کە هەردووکیان پێکڕا لـە ژوورێکـدان، هـۆی هـاتنی یەکێکیان بـۆ زانکـۆ ئـەوەیـە کـە لـە بنـەماڵـەی دوور کـەوێتـەوە و ژوورە

خوێندکارییەکەی بکاتە مەکۆیەک بۆ کۆوە کردنی دۆستان و هەوالانی و هیچ گوێ بە خوێندن نەدا، ئەویتریان هەر بە مەبەستی خوێندنەوە هاتۆتە زانکۆ و دەیەوێ لە ژوورەکەیدا بە هێمنی و بە دوور لە شەڕ و کێشە و ئاژاوە، بەردەوام بێ لە سەر خوێندنی. دیارە ئەم دوو کەسە کە هەریەکەو واتایەکیان بۆ ئەو شوێنگەنوێیە هەیە، تووشی ناتەبایی دەبن. جا یان دەبێ یەکێکیان بێتە سەر واتای ئەویتر، یان دەبێ خۆیان بۆ شەڕو کێشە و ئاژاوەیەکی درێژخایەن و تفت و تاڵ تەیار کەن.

formal curriculum / وانەی ڕەسمی

لە هەموو سیستەمە فێرکارییەکاندا، ماموستایان دوو وانە فێری قوتابیان دەکەن: ڕەسمی و نادیار. وانەی ڕەسمی بریتییە لە هەموو ئەو بابەتە ئاکادێمیانەی لە قوتابخانەکاندا فێر دەکرێن؛ وەکوو: زمان، ژمێریاری، زانستە سروشتییەکان، یاری و وەرزش و ... . قوتابیان ئەم وانانە ڕاستەوخۆ و بە ڕاشکاوی دەخوێنن. هاوکات لە گەڵ ئەم وانانە کە دەخوێندرێن، قوتابیان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، هەندێ ڕووداوی لاوەکیش فێر دەبن کە کۆمەڵناسان پێیان دەڵێن، وانەی نادیار.

hidden curriculum / وانەی نادیار

زاراوەی وانەی نادیار بۆ یەکەم جار لە لایەن جەکسۆنەوە لە کتێبی *ژیان لە قوتابخانەکاندا*، هاتە ئاراوە. مەبەست لەم زاراوەیە ئاماژە بوو بەو وانانەی کە قوتابی لە قوتابخانەدا ناچار بە فێربوونیان بوو؛ وەکوو: هێوربوون و بە کاوەخۆ بوون و دەست هەڵگرتن لە ئارەزووە تاکە کەسیەکان (*Robinson; 1981*).

گرینگترین ڕەهەندی وانەی نادیار، پێکهاتەی دەسەلاتی نێو

قوتابخانەکانە، پێکهاتەیەک کە واتاگەلی سەرۆک و ژێردەست بە منداڵ فێر دەکا و بۆ کاری داهاتووی رایدێنێ. بەم بۆنەوەبە رای زۆر کەس لە توێژەران، بۆ پاراستنی ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە، بیچم و شێوازی قوتابخانەکان زۆر گرینگتر و بەهێزتر لە ناوەرۆکی وانە رەسمییەکانە.

بێنسۆن شنایدێر لە ۱۹۷۱دا لە گەشەو پەرەسەندنی وانە نادیارەکان دەوری زۆری گێڕاوە. مەبەستی شنایدێر لە وانەی نادیار، داخوازە لاوەکییەکانە کە لە هەر ناوەندێکی پەروەردەدا هەیە و خوێندکاران ناچارن ئەو داخوازە لاوەکییانە ببیننەوە و وەڵامیان پێ بدەنەوە تا لەم ناوەندە فێرکارییەدا بتوانن بمێننەوە و بەردەوام بن (شارع‌پور؛ ۱۳۸٦).

شێوازی وانەگوتنی ماموستایان، چۆنییەتی ئەزموونەکان، دەنگی ماموستایان، بۆچوونی هاوقوتابیان، ژمارەی قوتابیانێک کە لە قوتابخانەدا ئامادە نابن، ئامادە نەبوونی ماموستایان و هەرا و شەڕی قوتابیان لە کلاسدا نموونەگەلێکن کە سەبارەت بە وانە نادیارەکان ئاماژەیان پێ دەکرێ.

وشیاری چینایەتی/ class-consciousness

نووسەرانی مارکسیست ئەم زاراوەیە بۆرەوتێک بەکار دەبەن کە بە پێی ئەوە ئەندامانی چینێک (بە گشتی چینی پرۆلتەر) لە چارەنووس و پێناسەی خۆیان ئاگادار دەبنەوە؛ هەروەها بۆ پێناسەی ئەنجام و ئاکامی ئەم پرۆسەیە بەکار دەبرێ. بۆیە گومان دەکرێ کە ئەم زاراوەیە لە گەڵ ناتەبایی چینایەتی و ویستی کرێکاران بۆ ناسینی دوژمنی هاوبەشیان (مەبەست سەرمایەدارانە)، بەلەنگازی و دۆزی هاوبەشیان (واتە سەرکەوتنی کرێکاران) پێوەندییەکی نزیکی هەیە (احمدی؛ ۱۳۸۵).

بە پێی بۆچوونی ک. ر. پووپێر، ئەم کارە پیشان دەدات کە چلۆن «بارودۆخی ئاشکرای چینایەتی» (کە بریتیە لە قازانج و خەباتی چینایەتی)

بیری ئەندامانی ئەو چینە روون دەکاتەوە. یاخۆ ئەگەر بمانەوێ ئەم بیرە بە چەشنێک راڤە بکەین کە کەمتر بیری هێگلی تێدا دیاربێ، دەبێ بڵێین: وشیاری چینایەتی پیشان دەدا کە چلۆن ئەندامانی چینێک شارەزایی لە بارودۆخی چینی خۆیان بەدەست دێنن (پوپر؛ ١٣٨٣).

بێجگە لە بواری مارکسی دەتوانین ئەم زاراوەیە لە واتایەکی عەمەلیدا بۆ ئاماژە بە ئاست و قۆناغێک لە یەکیەتی لە مەیل بە دوورەپەرێزی، یەکگرتوویی و دوزی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی ژێر گرووپێکی نەتەوەییدا بە کار ببەین کە زۆربەیان لە بواری جۆرێک لە پسپۆڕی و شارەزایی لە پێوەندی لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی ژیان لێک نزیکن. بە واتایەکی ساکارتر (و ناپسپۆڕانەتر)، دەکرێ بڵێین وشیاری چینایەتی هەستی گرووپێکە کە دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک دەتوانێ بەرەو بەختەوەری بیانبات کە لە نێو دەستەیەکی هاودۆزدا بن. واتە، دەتوانین بڵێین وشیاری چینایەتی کاتێک هەیە کە کۆمەڵگا گرووپبەندی کرابێ و ئەم گرووپانەش لە رەهەندی تایبەتمەندی ئابوورییەوە، وەکوو یەک بن و لەو ئەزموونانەی کە بۆ تاقیکردنەوەی رادەی شارەزاییان لە ناسینی تایبەتمەندی، نیازو ئامانجە هاوبەشەکانیان لێیان دەگیرێ، لە ئاست و پلەیەکی نزیکدا بن. بەم واتایە دەتوانین وشیاری چینایەتی وەکوو پێوەرێکی دروستکراو بزانین. هەر بەم پێیە دەکرێ لە گەڵ رووداوە مێژووییەکان، تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان، بزاڤە کومەڵایەتییەکان ، گۆڕانی بلەزی کومەڵایەتی (وەکوو توندوتیژی سیاسی) وگەلێک بنەماو رووداویتر پێوەندی هەبێ وکاریگەرییان لێ وەربگرێ.

بۆیە ئۆ. گلانتس -کە لە فیلادلفیادا ئەو کەسانەی «وشیاری چینایەتی»یان هەبوو، بەگوێرەی «گوێڕایەڵی» و «لایەنگیری» دەناساند- تێدەکوشا تا لە رێگای لێکۆڵینەوەی پرسیارنامەییەوە «وشیاری چینایەتی»

له گه‌ڵ یه‌کگرتوویی سیاسی پێکه‌وه گرێ بدا (*Grazia, de Alfred*).

وشیاری درۆینه/ false consciousness **بڕوانه:** **ئایدیۆلۆژی**

هاوسەرگری / marriage

لە بەشی هەرە زۆری دونیادا بنەماڵەکان بەرهەمی هاوسەرگرین. هاوسەرگری پێوەندی رەسمی و فەرمی نێوان ژن و مێردە. ڤێستێر مارک دەڵێ: «هاوسەرگری پێوەندییەکی پتەوی نێوان ژن و مێردە کە جیا لە پێوەندی جینسی، تا ماوەیەکی دوور و درێژ درێژەی هەیە». لە پێناسەی ئاساییدا بە دوو جۆر باس لەم زاراوەیە دەکرێ: ۱) ژن و پیاو بۆ پێک هێنانی خێزان، ژیانێکی هاوبەش بنیات دەنێن؛ ۲) لە نێوان پێوەندی ژن و مێردی و جۆرەکانی تری پێوەندی رەگەزی کە بەناوی «بەر لە هاوسەرگری» و «لەدەرەوەی هاوسەرگری» و «پێوەندی زیناکارانە» پێناسە دەکرێن، جیاوازی دادەنرێ. ئەم جیاوازی دانانە، بۆ پێناسەکردنی هاوسەرگری بە پێویست دەزانرێ. «جاربەجار لە باخەڵی یەکتردا نووستن بە بێ ئەوەی مەبەست ژیانی هاوبەش و بەدونیا هاوردنی منداڵ بێ، قەد بە هاوسەرگری نایەتە ئەژمار» (گولد؛ ١٩٦٤).

هاوسەرگری نۆرمێکی کۆمەڵایەتییە کە ئیزنی جۆرێک لە پێوەندی پتەو و قایم دەداتە ژن و مێرد؛ هەروەها بەڵێنیان لێ دەسێنێ کە بۆ پاراستنی سیستەمی ژیانی خێزان، رێز بۆ مافی یەکتر دانێن (بە گوێرەی نۆرم و رێسا یاساییەکانی کۆمەڵگای خۆیان).

ویلیام ئاگبۆرن، کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەمریکی، بڕوای وایە کە خێزان شەش قازانجی گرینگی هەم بۆ ئەندامانی خێزانو هەمیش بۆ سەرجەمی کۆمەڵگا هەیە:

١- بەرهەمهێنانەوە: کۆمەڵگا بۆ بەردەوامی و درێژەدان بە ژیانی خۆی، پێویستی بە بەدیهێنانی بەرەی نوێ هەیە؛ بۆ ئەم مەبەستە، خێزان لە سۆنگەی منداڵدار بوونەوە، ئەم نیازەی کۆمەڵگا دابین دەکات.

٢- پارێزگاری و چاودێری: بنەماڵەکان هان دەدەن تا لە هەل‌ومەرجی

دژواردا پارێزگاری و چاودێری لە خێزانی خۆیان بکەن.

٣- بە کۆمەلایەتی‌بوون: منداڵ یەکەم جار لە ناو بنەماڵەدایە کە لە گەڵ بەها، نۆرم و باوەڕە کۆمەلایەتییەکان ئاشنا دەبێ و کەسایەتی خۆی دەناسێ.

٤- چاودێری و کۆنترۆڵی ئاکاری جینسی: پێوەندیەکی جینسی کە بە بۆنەی هاوسەرگریەوە لە نێوان ژن و مێرددا دروست دەبێ، شیاوترین و لەبارترین نۆرمە بۆ پێوەندی جینسی لە هەموو دونیادا.

٥- میهرەبانی و هۆگری و خۆشەویستی: تاک، پتر لە هەر دامەزراوەیەکی‌تری کۆمەلایەتی، لە نێو خێزاندا پێوەندی سۆزدارو خۆشەویستانە تاقی دەکاتەوە.

٦- ئامادەکردنی پاگەی کۆمەلایەتی: خێزان دامەزراوەیەکە کە بۆ ئەندامانی خۆی هەلومەرجی سەرەتایی بۆ رۆیشتنە نێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دابین دەکات (*Ogburn, W.F; 1934: 661-708*).

٧- ئەرکی ئابووری: لە کۆمەڵگا سوننەتی و پێشووەکاندا یەکێک لە ئەرکەکانی بنەماڵە، ئەرکی ئابووری بوو. لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ژن دەورێکی سەرەکی –هەم بۆ کاری مەزرا و هەمیش بۆ بە دونیا هاوردنی منداڵ- دەگێڕا، بۆیە بایەخ و رێزی زۆرتری بوو. لەو کۆمەڵگایانەدا ژمارەی خێزان بەرانبەر بوو لە گەڵ ژمارەی هێزی کار؛ واتە هەر یەک لە ئەندامان لە سەرکەوتوویی ئابووریدا دەوری کاریگەریان دەگێڕا (آگ برن، ١٣٤٧؛ هەروەها: موحسنی، ٢٠٠۶).

لە خێزانە نوێکاندا باوک سەرۆک نییە و دەسەلاتی بنەماڵەی لە ژێر رکێفدا نییە و بەرپرسی کردەوە تایبەتەکانی ژن و منداڵە گەورەکانی نییە. هەموو ئەندامانی گەورە ساڵی خێزان بەشێک لە کۆمەڵگان و مافی کۆمەلایەتی خۆیان هەیە.

ژن لە باری بژیوی ژیانەوە پێویستی بە مێردی نییە، تەنانەت بەر لە

زەماند و لە کاتی ژیانی هاوبەشدا لـە دەرەوە کـار دەکـا و بژیـوی خـۆی دابـین دەکات. هەرچەندە کۆمەلگایەک زۆرتر ببێتە پیشەسازی، زۆرتر ژنانی لـە دەرەوە کار دەکەن.

گیر و گرفتەکانی دایک و باب لە دەرەوەی ماڵ، بۆتە هۆی ئەوەی کە بنەماڵـە بەشێک لە ئەرکە پەروەردەییەکانی بـە دامـەزراوەکـانی‌تـر (باخچـەی سـاوایان، باخچەی منداڵان و فێرگەکان) بسپێرێ. بەڵام هێشتا دایک و بـاب زۆر ئـەرکـی گرینگ لە باری پـەروەردەی منداڵـیان لـە ئـەسـتۆیە. منـداڵان ئێسـتا پتـر لـە منداڵانی رابردوو هەڵس‌وکەوتی دایک و بابیان دەکەنە سـەرمـەشـق. دەتـوانین دوو هۆ بۆ ئەم سەرنجدانە دەس نیشان بکەین: یەکەم: بنەماڵـەکـان ئێسـتا بـە بۆنەی بەربەستە ئابوورییەکانەوە ژمارەی منداڵانیان کـەمتـر لـە رابـردووە؛ بۆیـە منداڵ هاواڵی کەمتری هەیە و زۆرتر هان دەدا ئاکار و هـەڵـس‌وکـەوتی لـە گەڵ دایک و بابیدا بگونجێنێ. ئەم کارە دەبێتە هـۆی ئـەوەی دایـک و بـاب هان بدەن ئاکاری شیاو و گونجاویان لێ بوەشێتەوە و ئەرکـی پـەروەردەیـان زۆرتر دەبێ؛ دووەم: چونکە لە جڤاکە پیشەسازییەکاندا دایک و بـاب زوو بـە زوو ناچار بە گۆڕان و گواستنەوەی خانوویان دەبن، منداڵان کەمتر خـوو بـە هاوساڵانیان دەگرن و زۆرتر سەرنج بە هەڵس‌وکەوتی دایک و بابیان دەدەن.

خێزانە نوێکان پتر لە بنەماڵە کەونەکان تووشی دابڕان دەبـن؛ چونکـە ژیـانی کۆمەلگای پیشەسازی خێزانی تووشی ناتـەبـایی زۆر کـردووە. بـۆ نموونـە، ژنی نوێ لە هەمان کاتدا کە باس لە ژیانی سـەربـەسـتی ئـابووری و هاوشـانی ژن و مێرد دەکات، وەکوو ژنانی پێشوو لە ئاست مێردەکەی چـاودێری زۆر دەکـات و لە هەمان روانگـەی ژنی رابـردووەوە سـەیـری مێـردی دەکـات. دیـارە ئـاوەهـا بارودۆخێک رێگا بۆ دابڕان و جیایی خۆش دەکا و بنەماڵـە دەخاتـە مـەترسـیەوە (آگ برن، ١٣٣٧).

جیاوازی نێوان هاوخانوویی و هاوسـەرگـری، هـەروەهـا جیـاوازی نێـوان

منداڵدار بوونی پێش یان پاش زەماوەند بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش لێڵ بووە. هەنووکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازیدا واتاگەلێک وەکوو «ژیانی زیناکارانە» (واتە: پێکەوە ژیانی ژن و مێرد بە بێ ئەوەی بووبێتنە ژن و مێردی فەرمی)، یاخۆ «منداڵی حەرامزا» بە دەگمەن دەبیسین. لە کۆمەڵگاگەلی جۆراوجۆردا سەرمەشقگەلی جیاواز بۆ هاوسەرگری هەیە.

هاوسەرگری بەکۆمەڵ / group marriage

نەریتی هەڵبژاردنی هاوسەر و دامەزراندنی خێزان زۆر کەونە. هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نییە کە بسەلمێنێ لە خولێکی ژیانی مرۆڤدا پێوەندی ژن و پیاو لە سەر هیچ بنەمایەک نەبووە و بە بێ هیچ گرێبەست و ڕەسم و یاسایەک تێکەڵی یەک بووبێتن، بەڵام کۆمەڵناسان رایان وایە کە لە خولێکدا لە سەرەتای ژیانی مرۆڤدا، ژن و پیاو بە خۆڕایی پێوەندی سێکسیان لە گەڵ یەکتر بووە. دواتر ئەم تێکەڵاویە ڕەسم و یاسایەکی بۆ پێناسە کراوەو هاوسەرگیری بەکۆمەڵ -کە لە جزیرەکانی مارکیزدا (Marqueses) بینراوە- هاتۆتە دی (آگ برن، ١٣٤٧).

هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بریتیە لە پێوەندی چەن ژن لە گەڵ چەن مێرد، بەو مەرجەی کە هیچ ژن یا پیاوێک هاوسەری ژن یا پیاوێکی تایبەت نەبێ و هەر یەک لە ژنەکان، هاوسەری هەموو پیاوەکان بێ و هەر پیاوێ، هاوسەری هەموو ژنەکان (عضدانلو، ١٣٨٤). بەڵام ئەم جۆرە پێوەندییە، بەندیوارە بە کات و شوێنی تایبەت بە خۆوە و پاش داهاتنی خاوەنێتی تایبەت لە ناودا نەماوە (آگ برن، ١٣٤٧).

هاوسەرگیری لاوەکی / exogamy

ئەم شێوازە، داب و نەریتێکە کە ئیزن دەدات تاک لە دەرەوەی گرووپی

خۆی هاوسەرێک هەڵبژێرێ. ئەم زاراوەلە گەڵ زاراوەی هاوسەرگیری ناوخۆیی، بە هۆی ج.ف. مەک لێنانەوە هاتە نێو بازنەی ئێسنۆگرافیا و کۆمەڵناسیوە.

هاوسەرگری ناوخۆیی / endogamy

هاوسەرگیری ناوخۆیی بریتیە لە داب و نەریتێک کە بە گوێرەی ئەوە تاک دەبێ هاوسەرەکەی لە نێو ئەو گرووپە رەچەڵەکییانەدا هەڵدەبژێرێ کە پێوەندی راستەوخۆیان لە گەڵی هەیە. لەم گرووپانەدا گەر تاک لە گەڵ کەسێک لە دەرەوەی ئەو گرووپ و تیرە و رەچەڵەکەی کە بۆی رەچاو کراوە، هاوسەر هەڵبژێرێ، لە لایەن گرووپی خۆیەوە دەخرێتە بەر گوشار و تەنانەت رەنگە لە نێو گرووپیش دەر بکرێ. ئەم گرووپانە دەتوانن ئایینی، رەچەڵەکی و یان تەنانەت چینی کۆمەڵایەتی بن. بە گشتی لەم گرووپانەدا ئیزن نادەن کە نە کوڕیان لە دەرەوەی گرووپی خۆیان کچ بخوازێ و نە ئیزن دەدەن کە کچیان بە کوڕێک لە دەرەوەی گرووپیان مێرد بکات.

هاوسەنگی (هاوکێشی) کۆمەڵایەتی / social equilibrium

هاوکێشی لە واتایەکی بەرفراوانیدا باس لە جۆرێک هاوسەنگی نێوان چەن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە پێوەندیان پێکەوە هەیە. ئەو هاوکێشییە رەنگە ئاشکرا یان پیوار بێ؛ رەنگە لە روانگەی عەینییەوە کارێکی واقیعی بێ یاخۆ تەنیا راڤەیی بێتە ئەژمار؛ رەنگە بزۆز و ئەکتیڤ یان بێجووڵە و ستاتیک بێ.

هاوسەنگی، زاراوەیەکە کە لە هەموو نووسراوەکانی کۆمەڵناسیدا بە بەردەوامی بوونی هەیە و هەروەها زاراوەیەکە کە لە باری وردیدا ئاستی جۆراوجۆری هەیە. سوروکین بۆ ئەم زاراوەیە پێنج واتای لێک جیاوازی

دەسنیشان کردووە کە بریتین لە: ۱) حالەت و دۆخێک لە نەگۆڕ (ستاتیک) بوون لە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیدا، وەکوو بارودۆخێک کە لە سیستەمی سیاسیدا هەیە؛ ۲) هاوسەنگییەکی کاتی لە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیدا، وەکوو بەرزترین ئاست لە گەشە یا فەوتانی ڕێکخراوێکدا؛ ۳) بەرتەسک کردن یان بەرگری لە بەرانبەر هێزە کۆمەلایەتییەکاندا، وەکوو ئەوەی لە چاودێری و هاوسەنگییەکانی حکوومەتی دەستووریدا هەیە؛ ٤) تایبەتمەندی هاوسەنگی، سازیان و هارمۆنیکی دیاردەکۆمەلایەتییەکان، وەکوو گەیشتن بە نیازە تاکەکەسییەکان لە سیستەمی کۆمەلایەتیدا؛ ٥) «ئەو مەیلەی کە کۆمەلگا لە کاتێکدا کە تووشی قەیران دێ بۆ گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی و پێشووی هەیەتی، یان پاراستنی ڕەوتی ئاسایی خۆی»؛ وەکوو سەقامی کورت ماوەی شێوازگەلی بەرهەمهێنانی کرێکاران لە بەرانبەر داهێنانە تەکنیکییەکان، یان بەڕێوەبەرایەتییەکان.

هەرچەند سپێنسێر یەکەمین کەسێک بوو کە لە سیستەمی هزری خۆیدا جێگای بۆ زاراوەی هاوسەنگی کردەوە، بەلام زۆربەی پێناسە هەنووکەییەکان لە پارێتتۆوە سەرچاوە دەگرن. بە گوێرەی بۆچوونی پارێتتۆ، کۆمەلگا کاتێک لە حالەتی هاوسەنگیدایە کە ئەگەر «بکەوێتە بەر گۆڕانێکی دەسکرد، گۆڕانێک جیاواز لەو گۆڕانە ئاساییانەی کە لە ئارادان، دەمودەس دژکردەوەیەک ڕوودەدا کە کۆمەلگا دەگەڕێنێتەوە بۆ بارودۆخی پێشووی خۆی». هۆمنز پێناسەیەکی نوێی داوەتە دەست: «سیستەمەمی کۆمەلایەتی کاتێک لە حالەتی گۆڕاندایە کە بارودۆخ و کارلێکی ئەو بەشە نوێیانە کە دێنە نێو کۆمەلگاوە بە چەشنێک بێ کە هەر گۆڕانێکی بچووک کە لە یەکێک لەو بەشە نوێیانەدا دێتە دی، ببێتە هۆی گۆڕان لە بەشەکانیتردا و بەم چەشنە ئەو گۆڕانە کەم بێتەوە» (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

هەژاری/ poverty

نەبوونی سامان و دارایی، لە راستیدا ئەزموونێکی بەناوی نەداری کە هەژاران لە نێو کۆمەڵگادا تاقی دەکەنەوە. هەژاری بریتییە لە نەبوون و نەدارییەک کە بە سەر چەندوچوونی ژیاندا کاریگەری بەرچاوی هەیە و دەبێتە کۆسپێک لە بەرانبەر گەشەو پەرەسەندنی لێهاتوویییەکان تاک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ژیانی. هەژاری دەبێتە هۆی پووچەڵ کردنەوەی هەر چەشنە بەرنامەداڕێژانێک بۆ داهاتوو. دەکرێ هۆی بەشێکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە هەژاری بزانرێ. لە راستیدا هەژاری رەهەندێکە لە کۆمەڵگایەکی نابەرانبەر و هۆی بەدیهاتنی ئەوەیە کە هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگا بە زیانی کەسانی‌تر سەردەکەون (ملک؛ ١٣٨٧).

زۆربەی کۆمەڵناسان و تۆژەران دوو بۆچوونیان سەبارەت بە هەژاری هەیە: **هەژاری رەها و هەژاری رێژەیی**. هەژاری رەها باس لە نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دەکات؛ وەکوو نەبوونی خۆراک، جلوبەرگ و خانوو. ئەوانەی کە ئەم پێداویستانەی ژیانیان نەبێ –وەکوو خۆراکی پێویست، خانوو و پۆشەن- لە هەژاریدا دەژین. وادیارە کە ستانداردەکانی بژیوی مرۆڤ کەم تا کورتێک بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە باری جەستەیی و تەمەنییەوە وەکوو یەکن، بەبێ سەرنجدان بەوەی کە لە کوێ دەژین، یەکسانە. هەرکەس کە لە ژێر ئەم پێوەرەجیهانییەدا بژیت، لە هەر کوێی دونیادا کە بێ، دەتوانین بڵێین کە لە بە هەژاری دەژیت (گیدنز؛ ١٣٨٦).

بەڵام هەموو کۆمەڵناسان پێیان وا نییە کە دەکرێ ئاوەها پێوەرێک دیاری بکرێ. ئەوانەی کە دان بە هەژاری رەهادا نانێن دەڵێن کە دەبێ لە واتای هەژاری رێژەیی بەهرە بگیرێ، کە هەژاری دەبەستێتەوە بە ستانداردێکی گشتی ژیان لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا. لایەنگرانی هەژاری رێژەیی باوەڕیان

هەژاری

ئەوەیە کە هەژاری پێناسەیەکی کولتووری هەیە و نابێ بە گـوێرەی پێـوەری جیهانی، هەژاری لە پێوانە بدرێ. زۆر هەڵەیە گەر پێمـان وابـێ نیـازەکـانی مرۆڤ لە هەموو شوێندا وەکوو یەکن؛ لە راستیدا ئـەم نیازانـە هـەم لـە نێـو کۆمەڵگایەک و هەمیش لە نێو نەتەوەجۆراوجـۆرەکانـدا جیـاوازن. بـۆ وێنـە رەنگـە ئـەو شـتانەی کـە لـە نێـو کۆمـەگایـەکـدا بـە نیـاز دەزانـرێن، لـە کۆمەڵگایەکیتردا بە هۆی رابواردن و خۆشگوزەرانی و تەشریفات بزانرێن. بۆ وێنە لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکاندا ئاوی لوولەکێشـی کـراو، ئـاودەسـتی سیفۆندار و خواردنی بـەردەوامـی میـوە و سـەوزی بـە بـەشـێک لـە نیـازە سەرەکییەکانی ژیان دەزانرێن. کەسانێک کە بەبێ ئەم پێداویسـتانە دەژیـن، بە هەژار دەزانرێن. بەڵام لە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـەی کـە خـەریکـی گـەشـە سەندنن، لە نێوان زۆربەی خەڵکیدا ئەم شتانە باو نین، بەم بۆنەوە بێ واتایـە کە هەژاری بە گوێرەی بوون یا نەبوونی ئەو شتانەی بپێوین.

بۆ پێناسەکردنی ورد و بێ‌هـەڵـەی هـەژاری رەهـا و هـەژاری رێـژەیـی، هەندێ کۆسپ و تەگەرە هەیە. یەکێک لە شێوازە باوەکانی پێوانی هـەژاری رەها ئەوەیە کە هێڵی هەژاری دیـاری دەکـەن. هێڵـی هـەژاری بریتیـە لـە توانایی ئەندامانی کۆمەڵگایەک بۆ کـڕین و دابـین کـردنی پێداویسـتەکـانی ژیانیان. بە واتایەکیتـر، نرخـی پێداویسـتەکـان و رادەی داهـاتی تـاک بـە چەشنێ کە بتوانێ بەبێ گرفت و کێشە نیازە سەرەکییـەکـانی ژیـان دابـین بکات، هێڵی هەژاری دیاری دەکـات. ئـەو کـەسـانەی کـە رادەی داهاتیـان خوارتر لەم هێڵە بێت، بە هەژار دەزانرێن. بەڵام کەڵکوەرگرتن لە پێوەرێکی تاک بۆ هەژاری دەتوانێ خـۆی ببێتـە هـۆی کێشـە و گرفـت؛ چونکـە ئـەم پێناسانەش ناتوانن جۆراوجۆر بوونی نیازەکانی مرۆڤ لەنێو یـەک کۆمـەڵـگا یاخۆ لە نێوان چەن کۆمەڵگای جۆراوجۆردا لەبەر چاو بگرن. بۆ وێنە ژیان لە هەندێ ناوچەی وڵاتێک یا گەڕەکی شارێکدا رەنگە لە شوێنەکانیتـر گرانتـر

بێ؛ نرخی پێداویستە سەرەکییەکانی ژیان لە هەر شوێنێکدا جیاوازە. نموونەیەکی‌تر ئەوەیە کە ئەو تاکانەی کە لە بەر تاو و بەفرو باراندا کاری جەستەیی دەکەن، نیازە خۆراکییەکانیان زۆرتر لەو کارمەندانەیە کە زۆرتر لە ژێر سێبەردان و لە سەر کورسی کاردەکەن. کەڵک وەرگرتن لە یەک پێوەر بۆ هەژاری، زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ کەس کە داهاتیان ناتوانێ بژیوی ژینیان دابین بکات، سەرتر لە هێڵی هەژاری دابنرێن (گیدنز؛ ١٣٨٦).

هەژاری ڕەها/ absolute poverty بڕوانە: **هەژاری**

هەژاری ڕێژەیی/ relative poverty بڕوانە: **هەژاری**

هەڵاواردن / segregation

زاراوەی هەڵاواردن لە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ماوەی چەندین ساڵ باسی لە پرۆسەیەکی ژینگەناسی دەکرد کە بە هۆی ئەو پرۆسەوە، تاکەکان لە شوێنکی کۆمەڵگایەکدا نیشتەجێ دەبوون کە پێشتر لە لایەن کەسانێکەوە کە لە باری تایبەتمەندییەوە زۆر لێک دەچن، داگیر کراوە. رابێرت پارت و بورگس لە کتێبی *دەسپێکێک بۆ کۆمەڵناسی*، هەر بەم چەشنە پێناسەی ئەم زاراوەیانە کردووە. هەروەها لە ئاسەوارە نوێکانیشدا هەر بەم جۆرە پێناسە کراوە. بۆ وێنە لە کتێبی *کۆمەڵناسی* لاندبێرگ و هاوکارانیدا هاتووە کە «کەسانێک کە تایبەتمەندی بایۆلۆجیکی، کۆمەڵایەتی یان هەر جۆرە وێکچوونێکی‌تریان هەیە، یاخۆ کەسانێک کە خەریکی کارێکی هاوچەشنن، لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبن کە تەنیا کەسانێکی تێدا دەژین کە لە باری وێکچوونەوە زۆر لێک نزیکن» (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

لەم ساڵانەی دواییەدا لە سەر بەکار هێنانی ئەو بەشەی ئەم زاراوەیە جەختی زۆرتر کرا کە ئاماژە دەکات بە هەڵاواردنی جۆگرافیایی و کەڵک وەرگرتنی جیاواز لەو ئامرازانەی کە لە ڕێی یاسا، نەریت یان بڕیارەوە بە سەر هەندێ لە چین و توێژەخوارەکاندا داسەپابێ. ئەم شێوازی بەکاربردنە زۆرتر بۆ چین و گرووپە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزیەکان بەهرەی لێ دەگیرا. وێنە ئەم هەڵاواردنە گەڕەکی جووەکان بوو لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەڵس‌و کەوت لە گەڵ چینی و گرووپە پیسەکان لە هێنددا.

بە بەربڵاو بوونی واتای ئەم زاراوەیە –بە تایبەت لە ئەمەریکادا- هەڵاواردن خرایە خانەی کردە دووچاوەکییەکانەوە؛ وەکوو حاشا کردن لە هەندێ لە کار یان مافی دەنگدان و بەرگری لە تێکەڵاوی ڕەگەزی. بەهۆی ئەم چەشنە هەڵاواردنەوەچین و گرووپە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزییەکان، مافی یەکسان بۆ بزاوتی کۆمەڵایەتییان نەبوو. ئەم زاراوە لەم بارەدا لە گەڵ یەکێک لە چەمکەکانی دووچاوەکی هاوواتایە (گولد و کولب؛ ١٣٨٤).

هیتری گشتیکراو/ generalized other

هیتری گشتی‌کراو دەور یان ڕۆڵێکە کە تاک لەو کەسانەی وا لە گەڵیان کارلێکی هەیە، فێر دەبێ. هەر لە سۆنگەی ئەم دەورەیە کە تاک وشیاری (خۆئاگایی) لە خۆیدا رادێنێ. ڕوانگەی تاک سەبارەت بە تۆڕی پێوەندییەکانی خود-کەسانی‌تر پەرە پێ‌دەدا، بۆچوونە یەکسانەکانی کەسانی‌تر لە ناخی خۆیدا سەقامگیر دەکا و لە نێو بازنەی ئەو نۆرمەی کە پەسندی دەکات، خەریکی خۆگونجاندن دەبێ. وەرگرتنی دەوری هیتری گشتی‌کراو، یارمەتی دەدات بە گەشەسەندنی کەسایەتیگەلی یەکدەست و ئاڵۆز.

پێویستە ئەو باسانەی کە لە سەر هیتری گشتی‌کراو کراون، لە چوار

تەوەردا بخرێنە بەر راڤە و وردبوونەوە:

١- تەوەری یەکەم، هێتری گشتیکراو وەکوو رێکخراوێک کە چالاکی کۆمەڵایەتی یا چاوەڕوانییەکان پێناسە دەکات کە تاک بە هۆی بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا لە ناخی خۆیدا سەقامگیری دەکات. ئەم زاراوە بۆچوونی تاکە سەبارەت بە دەوری جۆراوجۆری ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ یا لە رەهەندی هزرییەوە لە کارێکی بەکۆمەڵدا بەشداریان لە گەڵ دەکات. هەر بەو چەشنەی کە مید دەڵێ: «گرووپی کۆمەڵایەتی یا جەماوەرێکی رێکخراو کە دەبێتە هۆی یەکیەتی کەسایەتی تاک، پێی دەڵێن هێتری گشتیکراو. هەستی هێتری گشتیکراو هەمان هەستی سەرجەمی جەماوەرە. بۆ وێنە گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەکوو تیمی فووتبۆڵ؛ ئەم تیمە تا ئەو جێگای کە بڕواتە نێو ئەزموونی یەک بە یەکی ئەندامانیەوە، بە هێتری گشتیکراو دەناسرێ». هەر بەم چەشنە ئا. رۆز ئاماژە دەکات: «بە بەرفراوان بوونیەوەی گرووپ، چۆنییەتی پێوەندیەکان گۆڕانیان بە سەردا دێ. پێوەندییەکی راستەوخۆ و رووبەڕوو لە رێی یەک یا چەن ناونجییەوە یاخۆ لە رێی کۆمەڵە یاسایەک کە نووسراوە تا هەمووان بیخوێننەوە، یا بە هۆی مامۆستاوە فێری قوتابیان بکرێت، دەبێتە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ. هێترێک کە دەورەکەی وەردەگیرێ "هێترێکی" جیاواز یا تەنانەت تیمێک لە "کەسانیتر" نییە، بەڵکوو هەر بەو جۆرەی کە مید دەڵێ ئەوە هێتری گشتیکراوە».

٢- دووەمین تەوەر، هێتری گشتیکراو وەکوو پاژێکی سەرەکی لە دوایین قۆناغی تەکامولی خود یا کەسایەتی، پێناسە دەکات. لێرەدا هێتری گشتیکراو بۆ پیشان دانی پێوەندی دوو لایەنە لە گەڵ رێکخراوی کۆمەڵایەتی، رێکخستنی **خود** پێناسە دەکات.

٣-سێیەمین رەهەندی هێتری گشتیکراو، وەکوو پرۆسەیەک بۆ دەروونی

کردنی بۆچوونەکانی کەسانیتر لە ڕێی وەرگرتن و سەلماندنی دەوری کەسانیترەوە پێناسە دەکرێ، پرۆسەیەک کە هەلی وتوویژی دەروونی بۆ ئەو دیاردانەی کە بە پێکهێنەری بیرو ئەندێشە دەزانرێن، دەڕەخسێنێ. بیرکردنەوە بریتیە لە ڕەهەندێکی زۆر گرینگ لە توانایی تاک بۆ بەشداری لە واتاکاندا لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە گەڵیان کارلێکی هەیە؛ واتە لە ڕەوتی کۆمەڵایەتیدا بەشدارییان لە گەڵ دەکات.

٤- چوارەمین تەوەری هیتری گشتیکراو بۆ پیشاندانی چۆنییەتی پێوەندی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە گەڵ کۆنترۆڵی کەسایەتیدا پێناسە دەکرێ. تاک بە کەڵک وەرگرتن لە نۆرمەکۆمەڵایەتییەکان -کە هیترە گشتیکراوەکان نوێنەرین- هەڵسوکەوتی خۆی دێنێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیەوە. تاک هان دەدات تا خۆی بەو هیترە گشتیکراوانەوە بچوێنێ و خۆی لە گەڵیان بگونجنێ کە هەست دەکات بەشێک لەوانەیە. کەواتە، دەتوانێ لە گەڵ ئەو کەسانەشدا کە خۆیان بە ئەندامی ئەو گرووپانە دەزانن هاوکاری بکات، چونکە ئەوانیش بە کەڵکوەرگرتن لە هەمان نۆرم و ڕێسا بە سەر هەڵسوکەوتی خۆیاندا چاودێری دەکەن (گولدو کولب؛ ١٣٨٤).

هێز/ power

سەبارەت بە واتای هێز، بابەتی زۆر نووسراوە، بەڵام هیچ پێناسەیەک نییە کە بە تەواوی لە لایەن هەمووانەوە دانی پێدانرابێ و بەم بۆنەوە پێناسە کردنی هێز وەکوو بابەتێکی ناتەواو ماوەتەوە. ئەم زاراوە لە مێدیا گشتییەکاندا بەزۆری بەکار دەبرێ: وەکوو «بە دەستهێنانی هێز»، «گرتنی هێز» و «شەڕی هێز». مێژوونووسان زۆرتر ئاماژە دەکەن بە «زل هێزەکان» و «هاوسەنگ کردنی هێز». ڕاڤەکارانی سیاسی و کەسانیتر، ئەمریکا (و

پێشتریش یەکیەتی سۆڤییەت) بە «زلهێز» نادەبەن. هەموو ئەمانەی کە بێژران لە گەڵ واتای ساکاری هێزدا سازگارە؛ واتە «توانایی ئەنجامدانی کار یا کردەیەک»، بەم واتایە کە هێزدار بوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک بتوانێ ئیرادە و ویستی خۆی جێبەجێ کات. «بە دەستهێنانی هێز»، «هێز گرتن» و «شەڕی هێز» هەموویان بە راشکاوی ئاماژە دەکەن بە بەدەستهێنانی توانی ئەنجام دانی کار. وادیارە دەوڵەت و هێزە گەورەکان توانایيەکی زۆرتریان بۆ نواندن و سەلماندنی ویستی خۆیان هەیە تا دەوڵەت و هێزە بچووکترەکان.

بێرتراند راسێل(١٩٣٨) دەڵێ «هێز بریتیە لە بەرهەمهێنانی ئەو دەرەنجامانەی کە کەسێک دەیەوێ». ڤیبێر لەو شتەیدا کە بێگومان بەناوبانگترین پێناسەی هێزە، رێگاچارەیەک بۆ ئەم بابەتە پێشنیار دەکات: «هێز بریتیە لەو ئەگەرەی کە تاکێک لە پێوەندییەکی کۆمەلایەتیدا لە شوێنگەیەکدا بێ کە بتوانێ لە سەرینی بەرگری کەسانیتردا، ویستی خۆی بە سەریاندا داسەپێنێ» (وبر؛ ١٩٤٧). بەکار هێنانی وشەی «ئەگەر» لە لایەن ڤیبێرەوە، دەوری سەرەکی هەیە؛ چونکە دەیەوێ ئەم واتایە بە چەشنێکی رێژەیی بەکار ببات نە بە شێوازێکی رەها و موتلەق. ڤیبێر هەر جۆرە بیردۆزێک کە هێز، بە بەکارهێنانی زۆر بزانێ، رەت دەکاتەوە و دژایەتی لە گەڵ دەکات و ڕای ئەوەیە کە زۆر هۆکاریتر دەبنە هۆی ئەوەی کە ویستی تاک یا گرووپێک بە سەر ویستی تاک یا گرووپیتردا داسەپێندرێ (راش؛ ١٣٨٨)؛ وەکوو سامان، پێگەی کۆمەلایەتی، زانست، کاریزما و دەسەلات (وبر؛ ١٣٨٢).

هێز، هەندێ جار هاوواتا لە گەڵ «هێزی رامیاری» دەزاندرێ کە بەش بە حاڵی خۆی بریتیە لە: ئا- دەسەلاتداریێتی رامیاری بە واتای ١) ئیزن و دەسەلاتی یاسایی ئۆرگانە دەوڵەتییەکان (هاوڕێ لە گەڵ هەموو ئەو

دەسەڵاتە فەرمییانە کە بە دەستی دێنن)، یاخۆ ٢) مافی رامیاری، واتە مافی یاسایی تاکەکان بۆ دامەزراندنی ئۆرگانە دەوڵەتییەکان یاخۆ دامەزران لە نێو ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا؛ ب) هێزی رامیاری بریتیە لە کاریگەر بوون بە سەر بڕیاری ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسین؛ پ) کاریگەر بوون بە گوێرەی دەسەڵاتی رامیاری (براون؛ ١٩٦٤).

یاری / game

یارییەکان کارگەلێکی رێکخراو و تەکووزن کە هەموو دەم ژمارەیەک زۆرتر لە یەک کەسی تێدا بەشداری دەکەن. یەکەم جار جۆرج هێربێرت مید لە کتێبی *زەین، خۆ و کۆمەڵگادا* ئەم زاراوەیە بۆ راڤەی هەڵومەرجی بە کۆمەڵایەتی بوون بەکار هێنا کە بە هۆی ئەم کردانەوە **خود** دێتە دی. بەڕای مید، منداڵان بەر لە هەر شتێک بە لاسایی کردنەوەی کردەوەی کەسانێک کە لە دەور و پشتیاندان، وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خۆیان پێشان دەدەن. یاری یەکێک لەو رێگایانەی گەیشتن بە دەرەنجامەیە. منداڵان لە نێو یارییەکانیاندا زۆرتر لاسایی ئەو کارانەی دەکەن کە لە گەورەساڵاندا دەیبینن. منداڵێکی ساوا بە قوڕ، کلووچە چێ دەکا، چونکە گەورەساڵێکی لە کاتی کلووچە دروست کردندا بینیوە؛ یاخۆ بە کەوچک زەوی هەڵدەکەنێ، چونکە کەسێکی لە کاتی باخەوانیدا دیوە. یاری کردنی منداڵان لە لاساییەکی ساکارەوە دەڕوا بەرەو یارییەکی ئاڵۆزتر و دژوارتر کە تێیدا منداڵێکی چوار یان پێنج ساڵە دەوری گەورەساڵێک دەگێڕێ. مید بەم کارە دەڵێ: «وەرگرتنی دەوری کەسی‌تر». منداڵان بە دیتنی خۆیان لە چاوی کەسانی‌ترەوە، دەگەن بە تێگەیشتنێک لە خۆیان کە پێی دەڵێن «من» (گیدنز؛ ١٣٨٥).

کاتێ منداڵ بۆ یەکەم جار لە (بۆ نموونە) یارییەکی وەرزشیدا بەشداری

دەکات، کۆشەوەی، بە کۆشەوەیەکی ئاڵۆز و ناڕێک دەزاندرێ. بۆ وێنە کاتێ تۆپێ دەخرێتە نێو زەوی یاری کردن، هەموویان هان دەدەن تۆپەکە بگرن و نەهێڵن مندالانی‌تر دەست بە تۆپەکەوە بدەن. هۆی ئەم ئاژاوە و ناڕێکییە ئەوەیە کە هەنووکە منداڵان بەو فامە نەگەیشتوون کە بزانن دەوری ئەوان لە گەڵ دەوری یاریکەرەکانی‌تردا چ پێوەندییەکی هەیە. بە بێ ئاوەها تێگەیشتنێک یاری ناتوانێ رێک و تەکووز بێ.

یاسا/ law

یاسا بریتیە لە سیستەمێک لە نۆرمی یەکسان بۆ رێکوپێک کردنی هەڵس‌وکەوتی مرۆڤ. مەبەست لە بنیاتنانی ئاوەها سیستەمێک، دامەزراندنی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتییە. یاساکان نە بە هۆی دابونەریتەوە، بەڵکوو بە هۆی فەرماندەرانی کۆمەڵگاوە (بە تایبەت فەرماندەرە سیاسیەکان) شرۆڤە دەکرێ و دادەسەپێندرێ. واتای یاسا یەکێک لە لێڵترین واتاکانی مێژووی مرۆڤە و هێشتا پێناسەیەکی گشتگیری لێ پێشکەش نەکراوە. رەنگە لە راستیدا هیچ وەلامێک بۆ پرسیاری چییەتی یاسا نەبێ. یەکێک لە کێشەسەرەکییەکانی ئەم واتایە ئەوەیە کە یاسا بۆ هەر تاکێک و لە کات و شوێنی جیاوازدا مانای جۆراوجۆری هەیە. ئەم زاراوە و زاراوەی لەم چەشنە، واتاکانیان زۆر بگۆڕن، لە راستیدا وەکوو پۆشەن دەمێنن کە بە گوێرەی هەل‌ومەرج و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر، رواڵەت و ناوەرۆکیان تووشی گۆڕان دێ. بەلام هێشتا یاسا یەکێک لە مێژینەترین و باوترینی ئەو واتایانەیە کە لە هەموو شوێندا بەکار دەبرێ. تاک و گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتییەکان، بەگوێرەی شوێنگە و پێگەی کۆمەلایەتییان، ئەم واتایە بۆ پاراستن و راگرتنی بەها و باوەڕەکانی خۆیان بەکار دەبەن و بەسەرنج دان بەوەی کە گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتییەکان خاوەنی باوەڕ و بەهای جیاوازن، ناکرێ

یاسا

پێناسەیەکی گشتگیر کە هۆی ڕەزامەندی هەموو چین و گرووپ و توێژێک بێ، پێشکەش بکرێ. خەڵکی زۆربەی شوێنەکانی جیهان، بەتایبەت خەڵکی وڵاتە دیمۆکراتیکەکان، زۆریان رق لەو کەسانە هەیە کە بەنیازن یاسا بگرنە ژێر چەتری دەسەڵاتی خۆیان. بە سەرنجدان بەو باسەی کە هاتەگوتن، دەکرێ ئەو بۆچوونانەی کە لە سەر یاسا هەیە، بەشەش پاژ دابەش بکرێن:

١- قوتابخانەی پازیتیڤیزم (positive or inperative school): شۆپی ئەم قوتابخانەیە –کە هەندێ جار بە قوتابخانەی شیکاری ناوی لێ دەبرێ- دەگەڕێتە بۆ نووسراوەکانی بیرمەندی بریتانی، جرێمی بێنتام. بێنتام بێجگە لە پەرژانە سەر بابەت و تەوەری جۆراوجۆر، بنیاتنەری قوتابخانەی قازانجگەری (utilitarian) بووە. بێنتام پەیدۆزی ڕاستەقینەیە و لە زۆربەی نووسراوەکانیدا واتا یاساییەکان شیدەکاتەوە و دەیانخاتە بەر ڕاڤە و وردبوونەوە، تا بەڵکوو بتوانێ بگاتە پێناسەیەکی کارا و شیاوی پێواندن. هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بێنتام بۆ ناسینی مکانیزمەکانی سیستەمە یاساییەکانە. بێجگە ئەمەو وەکوو تاکێکی قازانجخواز، بۆیە بێنتام یاساکان دەخاتە بەر ڕاڤە و وردبوونەوە، چونکە دەیەوێ بزانێ ئەم یاسایانە زۆرترین قازانجیان بۆ زۆرترین کەس هەیە یا نە (کاپلستون؛ ١٣٨٢). بەم بۆنەوە دەکرێ بێنتام بە یەکەمین بیرمەندێک بزانین کە هەم پرۆسەکان و هەم دۆزە یاساییەکانی خستۆتە بەر ڕاڤە و وردبوونەوە. کەواتە دەکرێ بۆچوونەکەی هەم بە بۆچوونێکی شیکارانە و هەمیش بۆچوونێکی فەلسەفی بزانین.

٢- قوتابخانەی زانستی هزری یاسا (pure science of law): یەکێک لە کارەکانی قوتابخانەی پازیتیڤی لە «قوتابخانەی زانستی هزری یاسا»ی هانس کێلسێن(*Hans Kelsen*) (*1973-1881*)دا بەدی دەکرێ. کێلسێن دانی بە سەر ئەو بەشەلە بۆچوونی پازیتیڤیدا نا کە یاسا وەکوو فەرماندەر

دەبینێ، بەلام بەجێی سەرنجدان بە فەرماندەرێکی ناسراو، سەرچاوەی یاسای لە نۆرم و ڕێسا بنەماییەکانی کۆمەڵگادا دیبەوە. بەڕای ئەو، هەموو ڕێسا یاساییەکانی‌تر لەم ڕێسا بنەماییەوە سەرچاوە دەگرن. زانستی هزری یاسا، خوازیاری ئەوەیە کە یاسا لە هەموو بەشە بیانی ونامۆکان خاوێن بکرێتەوە. یاسا لایەنگری هیچ پێوەرێکی ئاکاری نییە و ڕۆڵی بەرەنگاری لە هەڵس‌وکەوتێکی تایبەت ناگێڕێ. بەبڕوای کێلسێن، بۆچوونە نوێکانی یاسا بارێکی گران سەبارەت بە دادوەری و یاسایان لە ئەستۆیە و بە تەم و مژێکی سەروسروشتی داپۆشراون کە ئاوێتەیەکە لە بەها ئاکاری و زەینی و کەسییەکان. بۆ دەسڕاگەیشتن بە زانستی هزری یاسا، دەبێ ئەم تەم و مژە سەرووسروشتیانەی لێ بسڕێتەوە. هەروەها کێلسێن باوەڕی ئەوەیە کە یاسا هیچ پێوەندییەکی لە گەڵ مێژوو، کۆمەڵناسی، ئاکار و دۆزەکانی دادوەری نییە. بەلام بەشێکی زۆر لە توێژەران و بیرمەندان لە گەڵ کێلسێندا هاودەنگ نین و دەڵێن کە یاسا ناتوانێ بێ‌پێوەندی بێ لە گەڵ زانستە مرۆییەکان، بە تایبەت مێژوو و کۆمەڵناسی و هەروەها ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە دادوەری و ئاکارن، بێ‌وەلام بهێڵێتەوە. هەرچەند قوتابخانەی پازیتیڤی و زانستی هزری یاسا، بۆ فام کردنی ئەم واتایە یارمەتی زۆریان داوە، بەلام ناتوانن وەلامدەری ئەم پرسە بن کە «یاسا چییە و چ ئامانجێکی هەیە؟»

٣- قوتابخانەی مێژوویی (historical school): ئەم بۆچوونە بە نیازە کە لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا چەندوچوونی بەدیهاتنی یاسا ببینێتەوە. یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە یاسا لەخۆیدا پێوەندییەکی نزیکی هەیە لە گەڵ ئەو ئالۆزییە کۆمەلایەتییانەی کە تێیاندا گەشە دەکات. لایەنگرانی قوتابخانەی مێژوویی نە دەیانەوێ یاسا وەکوو فەرماندەر (قوتابخانەی پازیتیڤی) پیشان بدەن و نە دەیانەوێ لە نۆرم و ڕێسا خاڵی بکەنەوە (بۆچوونی زانستی هزری). ئەم قوتابخانە بە دان نان بە

گرینگی داب‌ونەریتەکاندا، وەکوو ژێربینای بەدیهاتنی یاسای ڕەسمی و پازیتیڤی، لە سەر ئەم خاڵەدا پێداگری دەکات کە مرۆڤ خاوەنی هەستی فیترییە سەبارەت بە «چاک» و «خراپ»، «دروست» و «نادروست». مرۆڤ لە کات و ساتی جۆراوجۆردا بە گوێرەی هەلومەرجەکانی دەوروپشتی، کاردانەوەی غەریزی لە خۆی پیشان دەدات، چونکە هەستی هەڵبژاردنی «ڕاست و دروست» لەناخیدا هەیە. بەم پێیە، لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان ئەوەیە کە فەرمان بە کاری نەگونجاو و نەشیاو لە کۆمەڵگایەکی ئاکاریدا، ناتوانێ بە یاسایەکی ڕاستەقینە بزانرێ. بەم بۆنەوە، هەر یاسایەک کە خۆی لە گەڵ پێوەرەراستەقینەکانی کۆمەڵگادا نەگونجێ، ناچار دەبێ بشکێ و بڕووخێ. ئەم قۆتابخانە، زۆر لە قوتابخانەی فەلسەفی یاسا نزیکە.

٤- قوتابخانەی کۆمەڵناسی (sociological school): ئەم قوتابخانە لە سەر پێوەندی یاسا لە گەڵ نیاز و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان جەخت دەکات. یەکێک لەو کەسانەی کە بە وردی ئەم قوتابخانەیە لێکداوەتەوە، ئۆژێن ئێریشە (١٩٢٢-١٨٦٢) کە کتێبێکی لەژێر ناوی *بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی یاسا* بلاوکردۆتەوە. ئەو، یاسا بە ڕەنگدانەوەی خودی کۆمەڵگا دەزانێ. بەواتایەکی‌تر، لایەنگرانی ئەم قوتابخانە لە سەر ئەم خاڵە پێداگری دەکەن کە یاسای ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە لایەن هەمووانەوە دانی پێدا نرابێ. یاسای زیندوو، یاسایەکە کە هەموو چینەکانی خەڵک دانی پێدا بنێن. کۆمەڵناسانی یاسا تا ئەو جێگا کە داب‌ونەریتی کۆمەڵگا لە گەڵ ئەم ئەزموونەدا هاودەنگ بن، بۆچوونەکانی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دەسەلمێنن. یەکێک لە ڕەهەندە لاوازەکانی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە هان دەدات بۆ ئەوەی یاسا و کۆمەڵگا بە بەرانبەر و یەکسان پیشان بدات. دەبێ ئەو خاڵەمان لە بەرچاو بێ کە پانتای یاسا بەڕێژەی کۆمەڵگا زۆر بەرتەسکترە. هەرچەند ئەم قوتابخانە یاسا و کۆمەڵگا هاوکات لە گەڵ یەک

و له پێوەندی له گەڵ یەکدا شیدەکاتەوە، جەختی زۆر دەکات له سەر سەرچاوە ڕەسمییەکانی یاسا؛ وەکوو یاسای سەرەکی، یاسادانان و تیۆرییە یاساییەکان.

٥- قوتابخانەی ئەرکی (fanctional school): ڕاسکۆ پۆند (١٩٦٤-١٨٧٠) یەکێک له دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئەرکی سەبارەت بە یاسایه (پاند؛ ١٩٥١). ئەو ساڵەها سەرۆکایەتی کۆلیژی یاسای زانکۆی هارواردی لە ئەستۆ بوو. هۆی ئەم ناولێنانه جەختی زۆری پۆنده له سەر کار و چۆنییەتی کارکردنی یاسا له نێو کۆمەڵگادا؛ ئەمەش هەمان شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەرکییه. بەڕای پۆند، یاسا دەبێتە هۆی هاودەنگ کردنی ململانێ و داخوازە ناتەبا کۆمەڵایەتییەکان. فورموولی پۆند بەم جۆرە شرۆڤە دەکرێ کە یاسا خاوەنی بەهای سیاسییە و دەیەوێ زۆرترین داخوازەکان بە کەمترین پێکدادان و ناتەباییەوە بێنێتە دی. بەم بۆنەوە یاسا نە سەرچاوەیەکی فەرماندەرانەیە (بۆچوونی پازیتیڤی) و نە هەستێکی فیترییە سەبارەت بە هەڵاواردنی «چاک» و «خراپ» (قوتابخانەی مێژوویی). بەپێچەوانەی ئەوانە، یاسا دەرەنجامی هاودەنگ کردنی ئیداری و دادوەرانەی ویست و داخوازە ناتەبا کۆمەڵایەتییەکانە. بەم بۆنەوە هەندێ جار قوتابخانەی ئەرکی یاسا بەناوی «ئەندازیاری کۆمەڵایەتی» ناودەبرێ.

٦- قوتابخانەی فەلسەفی یا ئەنجامناسانە (philosophical or teleological school): ئەم قوتابخانه بەر له هەموو شتێک سەرنج دەداتە ڕاستێتی یاسا و پانتایەک له ئامانجە ئەقڵانییەکانی مرۆڤ کە یاسا دەتوانێ بۆ بەدیهاتنیان یارمەتی بدات. بەم بۆنەوە دەبێ پێوەری هەڵسەنگاندنی یاسا له فەلسەفەی ژیان له گەڵ ئایدیاڵه کۆمەڵایەتییەکان پەیدۆزی بکرێ. پێڕەوانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان ئەوەیه کە یاسا دەبێ هەم وەکوو بەرهەمی کولتوور و هەم وەکوو ئامرازێک بۆ گەشەی کولتوور بخرێتە بەر وردبوونەوە و توژینەوە.

بەواتایەکی‌تر، یاسا بریتیە لە ئامرازێکی کۆمەلایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆمەلایەتی و لە ئەنجامدا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادوەری کۆمەلایەتی. لە روانگەی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەوە، بەشەکانی فەرماندەری و زۆر دەبێ گوێڕایەڵی دۆزەکانی یاسا بن. هەندێ لە پێڕەوانی ئەم قوتابخانە، یاسا بە جیاواز و سەربەخۆ لە دەوڵەت دەزانن و باوەڕیان ئەوەیە کە یاسا بەر لە دەوڵەتیش هەر بووە. بەم بۆنەوە، بۆ تاقی‌کردنەوەی یاسا بەجێی یارمەتی خواستن لە سەرچاوەیەکی فەرمی، دەبێ سەرنج بدرێتە هاودەنگی یاسا لە گەڵ هەست و نستی کۆمەڵگا سەبارەت بە «راست و دروست بوون»ی یاسا (کاکر؛ ١٩٣٤).

یەکگرتوویی ئۆرگانیکی/ organic solidarity

ئەم واتایە لە داهێنانەکانی دوورکایمە کە بۆ لێکدانەوە و راڤەی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا نوێکان بەکار دەبرێ. ئەم زاراوە لە بەرانبەری **یەکگرتوویی میکانیکییەوە** دەوەستێ کە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا کۆن و سوننەتییەکانە. یەکگرتوویی ئۆرگانیک جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە بناخەی پەیمانە کۆمەلایەتییەکان لەسەر شارەزایی‌و پسپۆڕییەک دانراوە کە ئەندامانی کۆمەڵگا نوێکان هەیانە. بەواتایەکی‌تر، بەپێچەوانەی جڤاکەکۆنەکان - کە بنەمای یەکگرتووییان لەسەر وێکچوونەکان دانراوە- لە کۆمەڵگا مۆدێڕنەکاندا یەکگرتوویی لە سەر جیاوازییەکان بنیات نراوە (دورکیم؛ ١٣٨٦). لە کۆمەڵگا نوێکاندا، پسپۆڕی و شارەزایی هەرکەس لە بوارێک‌و هەروەها نیازە جۆراوجۆرەکانی تاکەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ پێکهێنانی نیازەکانیان پێویستیان بە یەکتر بێ.

یەکگرتوویی میکانیکی/ mechanical solidarity بڕوانە: **یەکگرتوویی ئۆرگانیکی**

یەک هاوسەری / monogamy

ئەم زاراوە لە زمانی یوونانیوە سەرچاوەی گرتووە و بە واتای «یەک پێوەند»ە. مەبەستی کۆمەڵناسان لەم زاراوەیە، شێوازێک لە هاوسەرگرتنە کە هەر ژن یان پیاوێک تەنیا یەک ژن یان پیاوی‌تر وەکوو هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێ. لە هەندێ لە ولاتانی دونیادا، بەتایبەت لە ولاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، یەک هاوسەری مەرجێکی یاساییە و کەس ئیزنی نییە بە راشکاوی و رەسمی هاوسەرێکی‌تر هەڵبژێرێ. زۆربەی خەڵکی ئەم ولاتانە، هاوسەرگیری بە هەمان یەک هاوسەری دەزانن (اعزازی: ١٣٨٨).

یەکیەتی کرێکاران/ trades unions

یەکیەتی کرێکاران بە رێکخراوەیەکی کرێکاری دەڵێن کە ئامانجی بەرزکردنی ئاستی داهاتی کرێکاران و چاکسازی هەل‌و مەرجی کار لە رێی ستراتژیگەلێک وەکوو وت‌و وێژ و مان کردنە (عضدانلو، ١٣٨٤). یەکگرتوویی کرێکاران لە کارو پیشەیەکی تایبەتدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەلام یەکەتی بەچەشنی رێکخراوە، دیاردەیەکی نوێیە و ئاکامی گەشەی سەرمایەدارییە. دەوڵەتەکان، وەکوو رێکخراوەگەلی رووخێنەر و دژ بە یاسا سەیری یەکیەتی کرێکارانیان دەکرد، بۆیە سەرکوت کردنیان لە لایەن دەوڵەتەوە کارێکی ئاسایی و باو بوو (یەکیەتییەکان لە فەرەنسا تا ١٨٨٤ و لە ئاڵمانیادا تا ١٨٩٠ نافەرمی بوون) .(*Bottomore, 1992*)

زاراوەی یەکیەتی کرێکاران ئاخێزگەیەکی نوێی هەیە. تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم زۆرتر زاراوەگەلێک وەکوو«ئاپۆرەی کرێکارانی شارەزا»، «کلووپی کرێکاری»، «ئەنجومەنی کرێکاری»، «ئەنجومەنی دۆستان» و «کلووپی دەردەداران» باو بوون. ئەم رێکخراوانە لە هیچ بارێکەوە –بێجگە

یەکیەتی کرێکاران

سەرچاوە بوون- لە یەکەتییەکانی ئەمڕۆ نەدەچوون. لە دەیەی ١٨٣٠دا یەکیەتی کرێکارن یاخۆ «یەکیەتی پیشەکان» هاتۆتە دی. لە چارەکەی دوایی سەدەی نۆزدەهەمدا یەکیەتی کرێکاران وەکوو زاراوەیەکی ناسراو دەرهات، کە بریتی بوو لە کۆمەڵەی کرێکارانی پیشەیەکی تایبەت. ئەم زاراوەبە پێی زاراوەکانیتر، واتایەکی روونتری هەیە و مەبەستی کرێکاران لە هاتنە ریزی ئەم یەکیەتیە چاکتر و روونتر پیشان دەدا. هەرچەند ئەم زاراوەیەش لە سەرەتادا وردبینی پێویستی نەبوو. لەو کاتەوەکرێکاران بەگوێرەی چین یان پیشەی تایبەت دەستیان دا بە کۆوەبوون لە نێو رێکخراوەگەلێکی هاوبەشدا. هەر لەو کاتەوە رێکخراوەگەلێک کە بۆ راگەیشتن بە بارودۆخی کرێکارانی پیشەیەک دیاری کراون، هاتوونەتە دی و ئەو پیشانەی کە باڵیان بە سەریاندا راکێشاوە زۆرتر کردووە.

لە باری یاسایەوە پێناسەیەکی جێمتمانە لە یەکیەتی کرێکاران لە پانتای نێونەتەوەییدا نییە. لە هەندێ وڵاتاندا یەکیەتی کرێکاری لە لایەن یاساوە پێناسە نەکراوە، لە وڵاتانیتردا پێداگری یاسا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە سەر پێکهاتەی ئەندامان، شێوازو ئامانجەکانی یەکیەتی کرێکاران بنیات نراوە. یاسای هەندێ لە یەکیەتیەکان، خاوەن کارەکانیش دەگرێتەوە، هەندێکیتر تەنیا بۆ تاقمێکی بچووک لە کرێکاران دامەزراون. ئەم کارە لە رێی تەکووز کردنی چالاکییەکانی یەکیەتی یاخۆ رێنومایی ئەو رێکخراوەوە جێ بە جێ دەکرێ. بە بۆنەی ئەم هۆکارەوە، پێناسەی یاسایی یەکیەتی کرێکاران زۆر جار لە گەڵ دۆزو مەبەستی سەرەکی و هاوبەشی ئەم زاروەیە جیاوازی هەیە(*Gould. J and Kolb.L. William, 1964*).

مارکس و ئەنگلس لە کاتێکدا یەکیەتی کرێکارانیان بە وردی خستە بەر راڤە و وردبوونەکە بە توندی لە ژێر کاریگەری رادیکالیسمی خەباتی کرێکاری بریتانیادا بوون. مارکس «هەژاری فەلسەفە»ی بە

یەکیەتی کرێکاران

هەڵسەنگاندنێکی چڕو پڕ لە مەڕ خەباتی یەکیەتی کرێکاران لـە بریتانیـادا دوایـی پـێ هێنـا. ئـەم باسـەی لـە مانیفیسـتی پـارتی کۆمۆنیستیشـدا دووپاتەکردەوە.

فەرهەنگۆک (ئینگلیزی- کوردی)

A

ability grouping	گرووپبەندی لێهاتووییەکان
absolute poverty	هەژاری ڕەها
abstraction	ئینتزاعی (ڕووت)
abstract social class	چینی کۆمەلایەتی ئینتزاعی
acculturation	کولتوور وەرگری
achieved status	پێگەی بەدەستهاتوو
acid rain	بارانی ئەسیدی
active adaptation	سازگاری ئەکتیڤ
advanced market economics	ئابووری بازاڕە پێشکەوتووەکان
agriculture	کشتوکاڵ
alienation	نامۆ کەوتن
altruistic suicide	خۆکوژی هیترخوازانە
amalgamation	تێکەلاوی
anomic suicide	خۆکوژی ئانۆمی
apartheid	ئاپارتاید
ascribed status	پێگەی پێسپێردراو
assimilation	ئاسیمیلەبوون
authority	دەسەلات

B

back stage	پشتی شانۆ
belief	باوەڕ
blended family	خێزانی ئاوێتە
blue-collar occupations	پیشەی ئێخە شینەکان

bolshevism	بۆلشیڤیزم
bourgeoisy	بورژوازی
bureacracy	بۆرۆکراسی
bureaucratic alienation	نامۆکەوتنی بۆرۆکراتیک
bureaucratic ritualism	نەریتخوازی ئیداری

C

capitalism	سەرمایەداری
career	ڕێڕەوی ژیان (پیشە)
cast system	سیستەمی کاست
catechism	نامیلکەی دینی
censorship	سانسۆر
class-consciousness	وشیاری چینایەتی
class society	کۆمەڵگای چینایەتی
closed system	سیستەمی بەسراو
collective behavior	ڕەفتاری بەکۆمەڵ
colonialism	کۆلۆنیالیسم
economy	ئابووری
command economy	ئابووری دەستووری
communication	گەیاندن (پەیوەندی)
communism	کۆمۆنیزم
comparable worth	مووچەی هاوسەنگ
competition	ڕکەبەرێ
compound family	خێزانی تێکەڵ
conflict perspective	ڕوانگەی ململانێ
conglomerate	ئامێتە کردن (تێکەڵ کردن)
conjugal family	خێزانی ژن و مێردی

consanguine family خێزانی خوێنی (یان هاوپشت)
onservatism پاراستنخوازی
content analysis راڤەی ناوەرۆک
core economy ئابووری ناوکی
corporate crimes تاوانە کۆمپانیاییەکان
corporation شەریکەی بەشکۆ
counterculture دژە کولتوور
craze شەیدایی
crime تاوان
crowd ئاپۆرە
cult ئایین
cultural base بنەڕەتی کولتووری
cultural conflict ململانێی کولتووری
cultural reproduction بەرهەمهێنانەوەی کولتووری
cultural shock راتەکانی کولتووری
cultural transmission گواستنەوەی کولتووری
cultural universals گشتگیری کولتووری
culture کولتوور
culture of poverty کولتووری هەژاری
culture trait دانستەی کولتووری

D

definition of the situation واتای شوێنگە
delegation of power سپاردنی دەسەلات
democracy دیمۆکراسی
democratic socialism سوشیالیزمی دیمۆکراتیک
demographic trap داوی دیمۆگرافیک

descent	ڕەچەڵەک
despotism	ملهۆڕی
deterrence	بەرگری کردن
development	پێشکەوت (گەشە سەندن)
deviance	لادان
dialectic	دیالکتیک
diffusion	پەرەسەندن
discrimination	دووچاوەکی
division of labor	دابەشکردنی کار
divorce	تەلاق (جیابوونەوە)
documents of life	دۆکیوومێنتەکانی ژیان
dysfunction	دژەئەرک

E

ecclesia	کۆمەڵگای ئایینی
ecology	ژینەوەرناسی
education	پەروەردە
educational sociology	کۆمەڵناسی پەروەردە
egoistic suicide	خۆکوژی خۆخوازانە
election	دەنگدان
empty nest syndrome	دیاردەکانی هێلانەی خاڵی
endogamy	هاوسەرگری ناوخۆیی
equalitarian family	خێزانی یەکسانخواز
euro centrism	ئەوروپاناوەندی
euthanasia	مەرگی خۆش (مەرگی دڵسۆزانە)
extended family	خێزانی فراوان
exogamy	هاوسەرگیری لاوەکی

experiment	ئەزموون

F

false consciousness	وشیاری درۆینە
family	خێزان
family violence	توندوتیژی خێزانی
fascism	فاشیزم
fatalistic suicide	خۆکوژی چارەنووسخوازانە
feminism	فێمینیزم
feminization of poverty	ژنانەکردنی هەژاری
formal education	پەروەردەی فەرمی (رەسمی)
formal curriculum	وانەی رەسمی
formal dimension of organization	رەهەندیرەسمی رێکخراوەکان
folkway	رێسا
formal organization	رێکخراوە رەسمییەکان
formal social controls	کۆنترۆڵە فەرمیە کۆمەلایەتیەکان
front stage	سەرشانۆ
function	ئەرک
functionalism	ئەرکخوازی
functional relationship	پێوەندی ئەرکی
fundamentalism	بنەماگەری

G

game	یاری
game stage	شانۆی یاری
generalized belief	باوەڕی گشتیکراو
generalized other	هیتری گشتیکراو

gender polarization	دووجەمسەری بوونی جنسییەت
gerontology	پیرناسی
global perspective	روانگەی گشتگیر
global economy	ئابووری جیهانی
government	حکوومەت
great belt movement	بزاڤی پشتوێنی شین
great changes	گۆڕانە مەزنەکان
green revolution	شۆڕشی شین
group marriage	هاوسەرگری بەکۆمەڵ

H

hate crimes	تاوانە رقاوییەکان
hawthorne effect	ئاسەواری هاوسۆرن
head of state	سەرۆکی وڵات
health	تەندروستی
hegemony	زاڵبوون (هەژمۆنی)
hermaphrodite	نێرەمۆک
hidden curriculum	وانەی نادیار
hidden motive	ئەنگێزەی بەرپیوار
hidden rape	دەستدرێژی နامووسی نادیار
historicism	مێژووگەری
horticulture	بێسانکار
hospice	ئاسایشگا
humanism	مرۆڤ خوازی
hunting and gathering	راو و کۆوەکردنی خۆراک
hypothesis	گریمانە

I

ideal cultural	کولتووری ئارمانجی
ideology	ئایدیۆلۆژی
illiteracy	نەخوێندەواری
imultaneous-independent invention	داهێنانی سەربەخۆی هاوکات
incest taboo	تابۆی زینا لە گەڵ مەحرەمەکان
individual	تاک
individual discrimination	دووچاوەکی تاکەکەسی
industrial revolution	شۆڕشی پیشەسازی
industrialization	بەپیشەسازی بوون
informal dimension of organization	رەهەندی‌نارەسمی‌رێکخراوەکان
informal education	پەروەردەی نافەرمی
informal social controls	کۆنترۆڵە نافەرمیە کۆمەلایەتیەکان
information	زانیاری
information society	کۆمەڵگای زانیاری
isolation	گۆشەگیری
isolationism	گۆشەگیری خوازی
intergenerational mobility	بزاوتی نێوان وەچەکان
internalization	بە دەروونی‌کردن
intragenerational mobility	بزاوتی نێو وەچەیی
involuntary minorities	کەمینە نائیرادییەکان

J-K-L

joking relationship	پێوەندی گاڵتەجاڕانە
juvenile delinquency	لادانی تازەلاوان
kinship	خزمایەتی

language	زمان
latent function	ئەرکی پیوار
law	یاسا
leadership	ڕێبەرایەتی
liberalism	لیبرالیسم
liberation theology	ئایینی (تیۆلۆجی) ڕزگاریدەر
life history	مێژووی ژیان
life chanced	بەختەکانی ژیان
lobby	لۆبی (گرووپی گوشار)
looking-glass self	خودی ئاوێنەئاسا

M

majority	زۆرینە
manifest function	ئەرکی ئاشکرا
marketization	بەبازاڕی بوون
marriage	هاوسەرگری
matrilineal descent	ڕەچەڵەکی دایکی
mass	کۆمەڵ
mass behavior	ڕەفتاری گشتی
mass communication	ڕاگەیاندنی گشتگیر
mass media	میدیا گشتییەکان
master status	پێگەی سەرەکی
means of production	ئامرازەکانی بەرهەمهێنان
measurement	پێوان
mechanical solidarity	یەکگرتوویی میکانیکی
medicine	پزیشکی
midlife crises	قەیرانی نیوەتەمەن

minimal state	دەوڵەتی لانیکەم
minorities	کەمینەکان
monarchy	پادشایەتی (مۆنارشی)
monogamy	یەک هاوسەری
monopoly	قۆرخکردن
mores	دام و نەریت
mortality crises	قەیرانی مردن
multinational corporation	شەریکە فرەنەتەوەییەکان

N

nation-state	دەوڵەتی نەتەوەیی
nativism	ناوچەگەری
nature	سروشت
neocolonialism	کۆلۆنیالیسمی نوێ
network	تۆڕ
neutralization	پووچەڵ کردنەوە
new extended family	خێزانی فراوانی نوێ
new religious movements	بزاڤە ئاینییە نوێکان
nonverbal communication	ڕاگەیاندنی بێ ئاخاوتن
nuclear family	خێزانی ناوکی

O

occupational prestige	پرستیژی کاری
oligarchy	ئۆلیگارشی
oligopoly	قۆرخی چەن لایەنە
open system	سیستەمی کراوە
opposition	ئۆپۆزیسیۆن

organic solidarity	یەکگرتوویی ئۆرگانیکی
organization	رێکخراوە
out-migration	کۆچی دەرەکی

P

party	پارت
pastoralism	شوانکارەیی
patriarchy	باوکسالاری
patrilineal descent	رەچەڵەکی باوکی
peace	ئاشتی
peripheral economy	ئابووریدەڤەری
phenomenology	دیاردەناسی
polygamy	فرە هاوسەری
polysemic	فرە واتایی
positivism	پازێتیڤیسم
positivistic approach to society	دەسپێکیپازیتیڤی بەکۆمەڵگا
postindustrial economy	ئابووری پاش پیشەسازی
poverty	هەژاری
power elite	بژاردەکانی دەسەڵات
power	هێز- دەسەڵات
predestination	چارەنووس
prediction	پێشبینی
prejudice	لایەنگری
prestige	ئاوڕوو (کەسایەتی)
primary deviance	لادانی سەرەتایی
primary economic sector	بەشی یەکەمینی ئابووری

primary group	گرووپی یەکەمین
primitive classification	پۆلێن کردنی (چینبەندی) سەرەتایی
primitive communism	کۆمۆنیزمی سەرەتایی
productivity	لێهات
professionalization	بە پیشەیی کردن
professions	پیشەکان
protest movement	بزاڤی بەرهەڵستکارانە
protestant ethic	ئاکاری پرۆتستانی
primary labor market	بازاڕی کاری سەرەکی
property	دارایی
purge	پالاوتن

Q-R

quasi household	نیمچەخێزان
questionnaire	پرسیارنامە
rationality	ئەقلانییەت
rebellion	سەرهەڵدان
refugee	پەنابەر
rehabilitation	بووژاندنەوە
poverty relative	هەژاری رێژەیی
religious prejudice	لایەنگری ئایینی
replication	دووپاتە کردنەوە
reproduction	بەرهەمهێنانەوە
research	توێژینەوە، لێکۆڵینەوە
research methods	شێوازەکانی کۆڵینەوە
retreatism	پاشەکشەخوازان
retreatists	پاشەکشە کردووان

revolution	شۆڕش
riot	ئاژاوە
rising expectation	بەرزبوونەوەی رادەی چاوەڕوانییەکان
role strain	گوشاری دەور (رۆڵ)
rumor	دەنگۆ

S

scapegoat	قەزاگێڕ (بەلاگەردێن)
schooling	خوێندن
science	زانست
secondary analysis	راڤەی دووەمین
secondary economic sector	بەشی دووەمینی ئابووری
secondary deviance	لادانی دووەمین
secondary group	گرووپی دووەمین
secondary labor market	بازاڕی کاری دووەمین
sectarian community	جڤاتی دەستەکان
secularization	دونیاگەری
segregation	هەلاواردن
self	خود
semi peripheral economy	ئابووری نیوەدەڤەری
sexual harassment	ئازاری سێکسی
service economy	ئابووری خزمەتگوزاری
single parent family	خێزانی تەک سەرپەرشت
slavery	کۆیلەداری
social class	چینی کۆمەلایەتی
social change	گۆڕانی کۆمەلایەتی
social conflict	ململانێی کۆمەلایەتی

social contact	پێوەندی کۆمەلایەتی
social control	کۆنترۆلی کۆمەلایەتی
social differentation	جیاوازی کۆمەلایەتی
social distance	مەودای کۆمەلایەتی
social equilibrium	هاوسەنگی (هاوکێشی) کۆمەلایەتی
social formation	فۆرمبەندی کۆمەلایەتی
social interaction	کارلێکی کۆمەلایەتی
socialism	سوشیالیزم
social mobility	بزاوتی کۆمەلایەتی
social movement	بزاڤی کۆمەلایەتی
social promotion	گەشەی کۆمەلایەتی
social protection	پاراستنی کۆمەلایەتی
social reproduction	بەرهەمهێنانەوەی کۆمەلایەتی
social revolution	شۆڕشی کۆمەلایەتی
social selection	هەلبژاردنی کۆمەلایەتی
social status	پێگەی کۆمەلایەتی
social stratification	توێژبەندی کۆمەلایەتی
socialization	بە کۆمەلایەتیبوون
socialized medicine	پزیشکی بەکۆمەلایەتی کراو
sociological imagination	بۆچوونی کۆمەلناسانە
society	کۆمەلگا
sociobiology	ژینەوەرناسی کۆمەلایەتی
sociocultural evolution	گەشەی کۆمەلایەتی-کولتووری
socio-economic status	پێگەی ئابووری-کۆمەلایەتی
sociolinguistics	زمانناسی کۆمەلایەتی
sociology	کۆمەلناسی

sociology of knowledge	کۆمەڵناسی زانین
sociology of religion	کۆمەڵناسی ئایین
state	دەوڵەت
state terrorism	ڕەشکوژی دەوڵەتی
status competition	رکەبەریی پێگە
status consistency	سازگاری پێگە
status group	گرووپی پێگە
structuralism	پێکهاتەخوازی
structural social mobility	بزاوتی کۆمەلایەتی پێکهاتەیی
suburbs	دەڤەری شار
suicide	خۆکوژی
survey	پێواندن
symbolic interaction	کارلێکی سیمبۆلیک

T

taboo	تابۆ
technological determinist	جەبرخوازی تیکنۆلۆژیک
technology	تیکنۆلۆجی
terrorism	ڕەشکوژی
tertiary economic sector	بەشی سێیەمینی ئابووری
thatcherism	تاچێریسم
the conflict paradigm	پارادایمی ململانێ
theory	بیردۆز (تیۆری)
third world	جیهانی سێیەم
this worldly asceticism	پارێزکای دونیایی
totalitarianism	تۆتالیتاریزم
totem	توتم

traces	شۆپ
trades unions	یەکیەتی کرێکاران
tradition	رەسم (سوننەت)
traditional authority	دەسەلاتی سوننەتی
trained incapacity	لاواز راهێنراو

U-V-W

unemployment	بێکاری
underclass	چینەژێرینەکان
upward mobolity	بزاوتی ئەستوونی
urbanization	شارنشینی
urban sociology	کۆمەڵناسی شار
value	بەها (بایەخ)
violence	توندوتیژی
voluntary minorities	کەمینەئیرادییەکان
war	شەڕ (جەنگ)
wealth	سامان
welfare state	دەوڵەتی کامەرانی
white-collar class	چینی ئێخەسپی
white-collar crimes	تاوانی ئێخە سپییەکان
white-collar occupations	پیشەی ئێخە سپییەکان
witch-hunt	رەش بگیر

ئـ

ئابووری	economy
ئابووری بازاڕە پێشکەوتووەکان	advanced market economics
ئابووری پاش پیشەسازی	postindustrial economy
ئابووری جیهانی	global economy
ئابووری خزمەتگوزاری	service economy
ئابووری دەستووری	command economy
ئابووریدەڤەری	peripheral economy
ئابووری ناوکی	core economy
ئابووری نیوەدەڤەری	semi peripheral economy
ئاپارتاید	apartheid
ئاپۆرە	crowd
ئازاری سێکسی	sexual harassment
ئاژاوە	riot
ئاسایشگا	hospice
ئاسەواری هاوسۆرن	hawthorne effect
ئاسێمیلەبوون	assimilation
ئاشتی	peace
ئاکاری پرۆتستانی	protestant ethic
ئامێتە کردن (تێکەڵ کردن)	conglomerate
ئاوڕوو (کەسایەتی)	prestige
ئایدیۆلۆژی	ideology
ئایین	cult
ئایینی (تیۆلۆجی) رزگاریدەر	liberation theology

function	ئەرک
manifest function	ئەرکی ئاشکرا
functionalism	ئەرکخوازی
latent function	ئەرکی پیوار
experiment	ئەزموون
rationality	ئەقلانییەت
hidden motive	ئەنگێزەی بەرپیوار
euro centrism	ئەورووپاناوەندی
opposition	ئۆپۆزیسیۆن
oligarchy	ئۆلیگارشی
abstraction	ئینتزاعی (رووت)

ب

acid rain	بارانی ئەسیدی
secondary labor market	بازاڕی کاری دووەمین
primary labor market	بازاڕی کاری سەرەکی
patriarchy	باوکسالاری
belief	باوەڕ
generalized belief	باوەڕی گشتیکراو
new religious movements	بزاڤە ئاینییە نوێکان
upward mobolity	بزاوتی ئەستوونی
protest movement	بزاڤی بەرهەڵستکارانە
great belt movement	بزاڤی پشتوێنی شین
social movement	بزاڤی کۆمەلایەتی
social mobility	بزاوتی کۆمەلایەتی
structural social mobility	بزاوتی کۆمەلایەتی پێکهاتەیی

intergenerational mobility	بزاوتی نێوان وەچەکان
intragenerational mobility	بزاوتی نێو وەچەیی
power elite	بژاردەکانی دەسەڵات
cultural base	بنەڕەتی کولتووری
fundamentalism	بنەماگەری
sociological imagination	بۆچوونی کۆمەڵناسانە
bourgeoisy	بورژوازی
bureacracy	بۆرۆکراسی
rehabilitation	بووژاندنەوە
bolshevism	بۆلشێڤیزم
marketization	بەبازاڕی بوون
industrialization	بەپیشەسازی بوون
professionalization	بە پیشەیی کردن
life chanced	بەختەکانی ژیان
internalization	بە دەروونی کردن
rising expectation	بەرزبوونەوەی رادەی چاوەڕوانییەکان
deterrence	بەرگری کردن
reproduction	بەرهەمهێنانەوە
cultural reproduction	بەرهەمهێنانەوەی کولتووری
social reproduction	بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی
secondary economic sector	بەشی دووەمینی ئابووری
tertiary economic sector	بەشی سێیەمینی ئابووری
primary economic sector	بەشی یەکەمینی ئابووری
value	بەها (بایەخ)
socialization	بە کۆمەڵایەتیبوون
theory	بیردۆز (تیۆری)

بێسانکار	horticulture
بێکاری	unemployment

پ

پادشایەتی (مۆنارشی)	monarchy
پارادایمی ململانێ	the conflict paradigm
پاراستنخوازی	conservatism
پاراستنی کۆمەڵایەتی	social protection
پارت	party
پارێزکای دونیایی	this worldly asceticism
پازێتیڤیسم	positivism
پاشەکشەخوازان	retreatism
پاشەکشە کردووان	retreatists
پالاوتن	purge
پرستیژی کاری	occupational prestige
پرسیارنامە	questionnaire
پزیشکی	medicine
پزیشکی بەکۆمەڵایەتی کراو	socialized medicine
پشتی شانۆ	back stage
پۆلێنکردنی (چینبەندی) سەرەتایی	primitive classification
پووچەڵ کردنەوە	neutralization
پەروەردە	education
پەروەردەی فەرمی (رەسمی)	formal education
پەروەردەی نافەرمی	informal education
پەرەسەندن	diffusion
پەنابەر	refugee

gerontology	پیرناسی
prediction	پێش‌بینی
development	پێشکەوت (گەشە سەندن)
professions	پیشەکان
white-collar occupations	پیشەی ئێخە سپییەکان
blue-collar occupations	پیشەی ئێخە شینەکان
structuralism	پێکهاتەخوازی
socio-economic status	پێگەی ئابووری-کۆمەلایەتی
achieved status	پێگەی بەدەستهاتوو
ascribed status	پێگەی پێ‌سپێردراو
master status	پێگەی سەرەکی
social status	پێگەی کۆمەلایەتی
survey	پێواندن
measurement	پێوان
functional relationship	پێوەندی ئەرکی
social contact	پێوەندی کۆمەلایەتی
joking relationship	پێوەندی گاڵتەجاڕانە

ت

taboo	تابۆ
incest taboo	تابۆی زینا لە گەڵ مەحرەمەکان
thatcherism	تاچێریسم
individual	تاک
crime	تاوان
hate crimes	تاوانە رقاوییەکان
corporate crimes	تاوانە کۆمپانیاییەکان

white-collar crimes	تاوانی ئێخە سپییەکان
totalitarianism	تۆتالیتاریزم
totem	توتم
network	تۆڕ
violence	توندوتیژی
family violence	توندوتیژی خێزانی
social stratification	توێژبەندی کۆمەڵایەتی
research	توێژینەوە، لێکۆڵینەوە
divorce	تەلاق (جیابوونەوە)
health	تەندروستی
technology	تیکنۆلۆجی
amalgamation	تێکەلاوی

ج-چ

sectarian community	جڤاتی دەستەکان
technological determinist	جەبرخوازی تیکنۆلۆژیک
social differentation	جیاوازی کۆمەڵایەتی
third world	جیهانی سێیەم
predestination	چارەنووس
underclass	چینەژێرینەکان
white-collar class	چینی ئێخەسپی
social class	چینی کۆمەڵایەتی
abstract social class	چینی کۆمەڵایەتی ئینتزاعی

ح-خ

government	حکوومەت

kinship	خزمایەتی
self	خود
looking-glass self	خودی ئاوێنەئاسا
suicide	خۆکوژی
anomic suicide	خۆکوژی ئانۆمی
fatalistic suicide	خۆکوژی چارەنووسخوازانە
egoistic suicide	خۆکوژی خۆخوازانە
altruistic suicide	خۆکوژی هیترخوازانە
schooling	خوێندن
family	خێزان
blended family	خێزانی ئاوێتە
compound family	خێزانی تێکەڵ
single parent family	خێزانی تەک سەرپەرشت
consanguine family	خێزانی خوێنی (یان هاوپشت)
conjugal family	خێزانی ژن و مێردی
extended family	خێزانی فراوان
new extended family	خێزانی فراوانی نوێ
nuclear family	خێزانی ناوکی
equalitarian family	خێزانی یەکسانخواز

د

division of labor	دابەشکردنی کار
property	دارایی
mores	دام و نەریت
culture trait	دانستەی کولتووری
demographic trap	داوی دیمۆگرافیک

imultaneous-independent invention	داهێنانی سەربەخۆی هاوکات
dysfunction	دژەئەرک
counterculture	دژە کولتوور
replication	دووپاتە کردنەوە
gender polarization	دووجەمسەری بوونی جنسییەت
discrimination	دووچاوەکی
individual discrimination	دووچاوەکی تاکەکەسی
documents of life	دۆکیوومێنتەکانی ژیان
secularization	دونیاگەری
positivistic approach to society	دەسپێکیپازیتیڤی بەکۆمەڵگا
hidden rape	دەستدرێژی ناموسی نادیار
authority	دەسەلات
traditional authority	دەسەلاتی سوننەتی
suburbs	دەڤەری شار
prejudice	لایەنگری
religious prejudice	لایەنگری ئایینی
state	دەوڵەت
welfare state	دەوڵەتی کامەرانی
minimal state	دەوڵەتی لانیکەم
nation-state	دەوڵەتی نەتەوەیی
election	دەنگدان
rumor	دەنگۆ
empty nest syndrome	دیاردەکانی هێلانەی خاڵی
phenomenology	دیاردەناسی
dialectic	دیالکتیک
democracy	دیمۆکراسی

ر

cultural shock	راتەکانی کولتووری
secondary analysis	راڤەی دووەمین
content analysis	راڤەی ناوەرۆک
mass communication	راگەیاندنی گشتگیر
nonverbal communication	راگەیاندنی بێ ئاخاوتن
hunting and gathering	راو و کۆوەکردنی خۆراک
competition	رکەبەرێ
status competition	رکەبەرێی پێگە
global perspective	روانگەی گشتگیر
conflict perspective	روانگەی ململانێ
descent	رەچەڵەک
patrilineal descent	رەچەڵەکی باوکی
matrilineal descent	رەچەڵەکی دایکی
tradition	رەسم (سوننەت)
witch-hunt	رەش بگیر
terrorism	رەشکوژی
state terrorism	رەشکوژی دەوڵەتی
collective behavior	رەفتاری بەکۆمەڵ
mass behavior	رەفتاری گشتی
formal dimension of organization	رەهەندی رەسمی رێکخراوەکان
informal dimension of organization	رەهەندی نارەسمیرێکخراوەکان
leadership	رێبەرایەتی
folkway	رێسا

career	ڕێڕەوی ژیان (پیشە)
organization	ڕێکخراوە
formal organization	ڕێکخراوە رەسمییەکان

ز-ژ

hegemony	زاڵبوون (هەژمۆنی)
science	زانست
information	زانیاری
language	زمان
sociolinguistics	زمانناسی کۆمەڵایەتی
majority	زۆرینە
feminization of poverty	ژنانەکردنی هەژاری
ecology	ژینگەناسی
sociobiology	ژینەوەرناسی کۆمەڵایەتی

س

active adaptation	سازگاری ئەکتیڤ
status consistency	سازگاری پێگە
wealth	سامان
censorship	سانسۆر
delegation of power	سپاردنی دەسەڵات
nature	سروشت
socialism	سوشیالیزم
democratic socialism	سوشیالیزمی دیمۆکراتیک
front stage	سەرشانۆ
capitalism	سەرمایەداری

head of state	سەرۆکی وڵات
rebellion	سەرهەڵدان
closed system	سیستەمی بەسراو
cast system	سیستەمی کاست
open system	سیستەمی کراوە

ش

urbanization	شارنشینی
game stage	شانۆی یاری
pastoralism	شوانکارەیی
traces	شۆپ
revolution	شۆڕش
industrial revolution	شۆڕشی پیشەسازی
green revolution	شۆڕشی شین
social revolution	شۆڕشی کۆمەڵایەتی
war	شەڕ (جەنگ)
corporation	شەریکەی بەشکۆ
multinational corporation	شەریکە فرەنەتەوەییەکان
craze	شەیدایی
research methods	شێوازەکانی کۆڵینەوە

ف-ق

fascism	فاشیزم
polysemic	فرە واتایی
polygamy	فرە هاوسەری
social formation	فۆرمبەندی کۆمەڵایەتی

فەرهەنگۆک

فێمینیزم	feminism
قۆرخکردن	monopoly
قۆرخی چەن لایەنە	oligopoly
قەیرانی مردن	mortality crises
قەیرانی نیوەتەمەن	midlife crises
قەزاگێڕ (بەلاگەردێن)	scapegoat

-ک

کارلێکی سیمبۆلیک	symbolic interaction
کارلێکی کۆمەلایەتی	social interaction
کشتوکاڵ	agriculture
کۆچی دەرەکی	out-migration
کولتوور	culture
کولتوور وەرگری	acculturation
کولتووری ئارمانجی	ideal cultural
کولتووری هەژاری	culture of poverty
کۆلۆنیالیسم	colonialism
کۆلۆنیالیسمی نوێ	neocolonialism
کۆمەڵ	mass
کۆمەڵگا	society
کۆمەڵگای ئایینی	ecclesia
کۆمەڵگای چینایەتی	class society
کۆمەڵگای زانیاری	information society
کۆمەڵناسی	sociology
کۆمەڵناسی ئایین	sociology of religion
کۆمەڵناسی پەروەردە	educational sociology

sociology of knowledge	کۆمەڵناسی زانین
urban sociology	کۆمەڵناسی شار
formal social controls	کۆنترۆڵە فەرمیە کۆمەڵایەتیەکان
informal social controls	کۆنترۆڵە نافەرمیە کۆمەڵایەتیەکان
social control	کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی
communism	کۆمۆنیزم
primitive communism	کۆمۆنیزمی سەرەتایی
slavery	کۆیلەداری
means of production	کەرەسەگەلی بەرهەمهێنان
voluntary minorities	کەمینەئیرادییەکان
minorities	کەمینەکان
involuntary minorities	کەمینە نائیرادییەکان

گ

ability grouping	گرووپبەندی لێهاتووییەکان
status group	گرووپی پێگە
secondary group	گرووپی دووەمین
primary group	گرووپی یەکەمین
hypothesis	گریمانە
cultural universals	گشتگیری کولتووری
cultural transmission	گواستنەوەی کولتووری
great changes	گۆڕانە مەزنەکان
social change	گۆڕانی کۆمەڵایەتی
role strain	گوشاری دەور (رۆڵ)
isolation	گۆشەگیری
isolationism	گۆشەگیری خوازی

social promotion	گەشەی کۆمەڵایەتی
sociocultural evolution	گەشەی کۆمەڵایەتی-کولتووری
communication	گەیاندن (پەیوەندی)

ل

deviance	لادان
juvenile delinquency	لادانی تازەلاوان
secondary deviance	لادانی دووەمین
primary deviance	لادانی سەرەتایی
lobby	لۆبی (گرووپی گوشار)
liberalism	لیبرالیسم
productivity	لێهات

م

humanism	مرۆڤ خوازی
cultural conflict	ململانێی کولتووری
social conflict	ململانێی کۆمەڵایەتی
despotism	ملهۆڕی
comparable worth	مووچەی هاوسەنگ
euthanasia	مەرگی خۆش (مەرگی دڵسۆزانە)
social distance	مەودای کۆمەڵایەتی
mass media	مێدیا گشتییەکان
historicism	مێژووگەری
life history	مێژووی ژیان

ن

alienation	نامۆ کەوتن
bureaucratic alienation	نامۆکەوتنی بۆرۆکراتیک
catechism	نامیلکەی دینی
nativism	ناوچەگەری
illiteracy	نەخوێندەواری
bureaucratic ritualism	نەریتخوازی ئیداری
trained incapacity	لاواز راهێنراو
hermaphrodite	نێرەمۆک
quasi household	نیمچەخێزان

و

definition of the situation	واتای شوێنگە
formal curriculum	وانەی رەسمی
hidden curriculum	وانەی نادیار
class-consciousness	وشیاری چینایەتی
false consciousness	وشیاری درۆینە

هـ - ی

marriage	هاوسەرگری
group marriage	هاوسەرگری بەکۆمەڵ
exogamy	هاوسەرگری لاوەکی
endogamy	هاوسەرگری ناوخۆیی
social equilibrium	هاوسەنگی (هاوکێشی) کۆمەلایەتی
poverty	هەژاری
absolute poverty	هەژاری رەها
poverty relative	هەژاری رێژەیی

segregation	هەلاواردن
social selection	هەلبژاردنی کۆمەلایەتی
generalized other	هیتری گشتیکراو
power	هێز
game	یاری
law	یاسا
organic solidarity	یەکگرتوویی ئۆرگانیکی
mechanical solidarity	یەکگرتوویی میکانیکی
monogamy	یەک هاوسەری
trades unions	یەکیەتی کرێکاران

سەرچاوە فارسییەکان

- آرنت، هانا؛ «میان گذشته و آینده (هشت تمرین در اندیشه‌ی سیاسی)». مترجم: سعید مقدم؛ نشر اختران، تهران ۱۳۸۸.
- آرنت، هانا؛ «انقلاب». مترجم: عزت‌الله فولادوند. نشر خوارزمی، چاپ دوم، تهران ۱۳۷۷.
- آرون، ریمون؛ «مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعه‌شناسی» (متن کامل). مترجم؛ باقر پرهام؛ انتشارات علمی فرهنگی؛ چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۶.
- آشتیانی، دمنوچهر؛ «جامعه‌شناسی شناخت ماکس شئلر». نشر قطره، تهران ۱۳۸۳.
- آشفته تهرانی، دامیر؛ «جامعه‌شناسی جهان سوم». دانشگاه پیام نور، چاپ نهم، تهران ۱۳۸۴.
- آشوری، محمد و شهلا معظمی؛ «نگاهی به پدیده‌ی همسرکشی در استان فارس». مجله‌ی دانشکده‌ی حقوق و علوم سیاسی، شماره ۵۸ زمستان ۱۳۸۱.
- آگ‌برن و نیم‌کوف؛ «زمینه جامعه‌شناسی». مترجم: ا. ح. آریانپور؛ نشر گستره، تهران، ۱۳۵۲.
- آلبرت، ج. ریس (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- اتودالک، اچ (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- احمدی، بابک؛ «آفرینش و آزدی (جستارهای هرمنوتیک و زیبایی‌شناسی)». نشر مرکز؛ تهران ۱۳۷۷.
- احمدی، بابک؛ «کار روشنفکری». نشر مرکز؛ چاپ سوم، تهران ۱۳۸۷.
- احمدی، بابک؛ «مدرنیته و اندیشه‌ی انتقادی». نشر مرکز، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۷.
- احمدی، بابک؛ «واژەنامه‌ی فلسفی مارکس». نشر مرکز، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۳.
- ارسطو؛ «سیاست». مترجم: حمید عنایت؛ انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ ششم، تهران ۱۳۸۶.
- ازکیا، مصطفی؛ «جامعه‌شناسی توسعه». نشر کلمه، تهران ۱۳۷۷.
- استونز، راب؛ «متفکران بزرگ جامعه‌شناسی». مترجم: مهرداد میردامادی؛ نشر مرکز، تهران ۱۳۷۹.
- اسکارپیت، روبر؛ «جامعۀشناسی ادبیات». ترجمه: دمرتضی کتبی؛ نشر سمت، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۷.
- اسکاکپول، تدا؛ «دولت و انقلابهای اجتماعی». ترجمه: حمید روئین تن؛ انتشارات سروش؛ تهران، ۱۳۷۶.
- اسمیت، دنیس؛ «برآمدن جامعه‌شناسی تاریخی». مترجم: دهاشم آقاجری؛ نشر مروارید، تهران ۱۳۸۶.

سه‌رچاوه‌کان

- اشلی، دیوید و دیوید مایکل اورنشتین؛ «نظریهٔ جامعه‌شناسی- اصول و مبانی کلاسیک». مترجم: علی اکبر حسینی؛ دانشگاه باهنر کرمان، کرمان ۱۳۸۳.
- اعزازی، د.شهلا؛ «جامعه‌شناسی خانواده- با تاکید بر نقش، ساختار و کارکرد خانواده در دوران معاصر». انتشارات روشنگران و مطالعات زنان؛ چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۸.
- باتامور، تام؛ «جامعه‌شناسی سیاسی». مترجم: محمد حریری‌اکبری؛ نشر قطره، تهران ۱۳۸۰.
- باتامور، تام؛ «جامعه‌شناسی». مترجم: سید حسن منصور و سید حسن کج‌کلاهی؛ نشر امیرکبیر، چاپ چهارم، تهران ۱۳۷۰.
- باتامور، تام؛ «نخبگان و جامعه». مترجم: علیرضا طیب؛ دانشگاه تهران، تهران ۱۳۶۹.
- باتامور، تام؛ «منتقدان جامعه». مترجم: محمد جواهرکلام؛ نشر سفیر، تهران ۱۳۶۹.
- بارنت، ر. و ر. میلر (۱۹۷۵)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- بانکز، جی. آی (۱۹۸۱)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- براون، جی.ام (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- بروباکر، راجرز (۱۹۸۴)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- برومهید، پ. آ (۱۹۴۶)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- برینتون، کرین؛ «کالبدشکافی چهار انقلاب». مترجم: محسن ثلاثی؛ نشر نو، تهران، ۱۳۶۶.
- بشیریه، د.حسین؛ «گذار به مردم‌سالاری». نشر معاصر؛ تهران ۱۳۸۷.
- بشیریه، د.حسین؛ «تاریخ اندیشه‌های سیاسی قرن بیستم- لیبرالیسم و محافظه‌کاری»؛ جلد دوم. نشر نی، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۲.
- بشیریه، د.حسین؛ «تاریخ اندیشه‌های سیاسی قرن بیستم- مارکسیسم»؛ جلد اول. نشر نی، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۲.
- بشیریه، د.حسین؛ «جامعه‌شناسی سیاسی». نشر نی؛ چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۰.
- بلومر، هربرت (۱۹۶۹)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- بودن، ریمون؛ «مطالعاتی در آثار جامعه‌شناسان کلاسیک(۲)». مترجم: باقر پرهام؛ نشر مرکز؛ تهران ۱۳۸۴.
- بودن، ریمون؛ «مطالعاتی در آثار جامعه‌شناسان کلاسیک(۱)». مترجم: باقر پرهام؛ نشر مرکز؛ تهران ۱۳۸۳.
- بوسون و. دیکسون (۱۹۹۰)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.

- بیتس، دانیل؛ «انسان‌شناسی فرهنگی». ترجمه: محسن ثلاثی؛ چاپ چهارم، انتشارات علمی، تهران، ۱۳۸۶.
- بیکر، ترز ال؛ «روش تحقیق نظری در علوم اجتماعی». ترجمه: هوشنگ نایبی؛ دانشگه پیام نور، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۷.
- پاند راسکو (۱۹۵۱)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- پرلموتر، اچ. و (۱۹۷۲)؛ برگرفته از: جامعه‌شناسی سازمانها؛ منوچهر صبوری.
- پوپر، کارل ریموند؛ «جامعهٔ باز و دشمنان آن»؛ مترجم: فولادوند؛ نشر خوارزمی، تهران ۱۳۸۳.
- پهلوان، د.چنگیز؛ «فرهنگ‌شناسی- گفتارهایی در زمینه‌ی فرهنگ و تمدن». نشر پیام امروز، چاپ اول؛ تهران ۱۳۷۸.
- ت.د ایگلتون؛ «درآمدی بر ایدئولوژی». مترجم: اکبر معصوم‌بیگی؛ تهران ۱۳۸۱.
- ترنر، برایان؛ «ماکس وبر و اسلام». مترجم: سعید وصالی؛ نشر مرکز؛ چاپ دوم، تهران ۱۳۸۷.
- ترنر، جاناتان؛ «پیدایش نظریه‌ی جامعه‌شناختی». مترجم: عبدالعلی لهسایی‌زاده؛ شیراز، انتشارات شیراز، ۱۳۷۰.
- تریگ، راجر؛ «فهم علم اجتماعی». مترجم: شهناز مسمی‌پرست؛ نشر نی؛ چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶.
- تفضلی، د.فریدون؛ «تاریخ عقاید اقتصادی- از افلاطون تا دورهٔ معاصر». نشر نی، چاپ هفتم، تهران ۱۳۸۶.
- تودارو، مایکل؛ «توسعه‌ی اقتصادی در جهان سوم». تهران، سازمان برنامه و بودجه، ۱۳۶۶.
- توسلی، د. غلامعباس؛ «نظریه‌های جامعه‌شناسی». نشر سمت؛ چاپ چهاردهم، تهران ۱۳۸۷.
- جلائی‌پور، حمیدرضا و جمال محمدی؛ «نظریه‌های متاخر جامعه‌شناسی». نشر نی، تهران ۱۳۸۷.
- جلالی‌مقدم، د. مسعود؛ «درآمدی بر جامعه‌شناسی دین (آراء جامعه‌شناسان بزرگ دربارهٔ دین)». نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶.
- جنکینز، ج. س (۱۹۸۳)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو، نشر نی، ۱۳۸۴.
- جیمز، آلیسون و کریس جنکس و آلن پروت؛ «جامعه‌شناسی دوران کودکی». مترجم: علیرضا کرمانی و علیرضا ابراهیم آبادی؛ نشر ثالث؛ تهران ۱۳۸۳.
- چف، دبلیو. اچ (۱۹۷۲)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- حبیب، م آ. ر (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه‌ی انتقادی، ویراسته‌ی مایکل پین.
- حسن‌زاده، د. رمضان و محمدتقی مداح؛ «روش‌های آماری در علوم رفتاری». نشر ویرایش؛ چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۸.

سەرچاوەکان

- د. لاک وود (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- دفلور، ملوین و اورت ای. دنیس؛ «شناخت ارتباطات جمعی». مترجم: سیروس مرادی؛ انتشارات دانشگاه صدا و سیما؛ چاپ دوم ۱۳۸۷.
- دورکیم، امیل؛ «درباره‌ی تقسیم کار اجتماعی». مترجم: باقر پرهام. نشر مرکز، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶.
- دورکیم، امیل؛ «صور بنیانی حیات دینی». ترجمه: باقر پرهام؛ چاپ دوم، تهران، نشر مرکز، ۱۳۸۴.
- دورکیم، امیل؛ «خودکشی». مترجم: د. نادر سالارزاده امیری؛ نشر دانشگاه علامه طباطبایی، تهران ۱۳۷۸.
- دیلینی، تیم؛ «نظریه‌های کلاسیک جامعه‌شناسی». مترجم: بهرنگ صدیقی و وحید طلوعی؛ نشر نی، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸.
- دینی،
- رابرتسون، یان؛ «درآمدی بر جامعه». مترجم: حسین بهراون؛ آستان قدس رضوی؛ مشهد ۱۳۷۲.
- راسل، برتراند؛ «آزادی و سازمان- پیدایش و سیر تکوین سوسیالیسم، لیبرالیسم، رادیکالیسم، ناسیونالیسم». مترجم: علی رامین؛ نشر فرزان، چاپ سوم، تهران ۱۳۸۶.
- راش، مایکل؛ «جامعه و سیاست- مقدمه‌ای بر جامعه‌شناسی سیاسی». ترجمه: منوچهر صبوری؛ نشر سمت، چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۸.
- رایت، کوینسی (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد ودیگران.
- راین، آلن؛ «فلسفه‌ی علوم اجتماعی». مترجم: د. عبدالکریم سروش؛ نشر صراط، چاپ دوم، تهران ۱۳۷۰.
- ربانی، د. رسول و د.ابراهیم انصاری؛ «جامعه‌شناسی قشرها و نابرابریهای اجتماعی». نشر سمت و انتشارات دانشگاه اصفهان؛ اصفهان ۱۳۸۵.
- رفیع‌پور، م؛ «کندوکاوها و پنداشته‌ها». شرکت سهامی انتشار؛ تهران ۱۳۶۰.
دیگران.
- روشه، گی؛ «تغییرات اجتماعی». مترجم: د. منصور وثوقی. نشر نی، چاپ بیستم، تهران ۱۳۸۷.
- ریتزر، جورج؛ «نظریهٔ جامعه‌شناسی در دوران معاصر». مترجم: محسن ثلاثی؛ انتشارات علمی؛ چاپ یازدهم، تهران ۱۳۸۵.
- ژوبوف، شوشانا (۱۹۸۸)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- ژیرو، کلود؛ «تاریخ جامعه‌شناسی». مترجم: گیتی خرسند؛ نشر نگاه معاصر؛ تهران ۱۳۸۴.
- سایر، اندرو؛ «روش در علوم اجتماعی- رویکردی رئالیستی». مترجم: عماد افروغ. نشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی؛ تهران ۱۳۸۵.
- سروش، د.عبدالکریم؛ «علم چیست، فلسفه چیست؟». نشر صراط، چاپ شانزدهم، تهران ۱۳۸۶.
- سروش، د.عبدالکریم؛ «فربه‌تر از ایدئولوژی». نشر صراط؛ تهران ۱۳۷۸.
- سروستانی، د. رحمت‌الله‌صدیق؛ «آسیب‌شناسی اجتماعی (جامعه‌شناسی انحرافات اجتماعی)». نشر سمت؛ چاپ سوم، ۱۳۸۷.

- سویزی، پل. ام (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه مارکسیستی؛ تام باتامور و دیگران.
- سی. گریوز، توماس (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه‌ی انتقادی، ویراسته‌ی مایکل پین.
- شارع‌پور، د محمود؛ «جامعه‌شناسی آموزش و پرورش». نشر سمت، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۶.
- شیخاوندی، دلور؛ «جامعه‌شناسی انحرافات و مسائل اجتماعی ایران»؛ نشر قطره؛ چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶.
- صبحی، نازخند و د. شاهین عبدوی نژاد کوهی؛ «نباید بمیری- بررسی علل و انگیزه‌ی خودکشی در ایران و جهان». نشر نیکان کتاب؛ زنجان ۱۳۸۷.
- صبوری، منوچهر؛ «جامعه‌شناسی سازمانها». نشر شب‌تاب، چاپ ششم، تهران ۱۳۸۸.
- عضدانلو، حمید؛ «آشنایی با مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی». نشر نی؛ چاپ اول، تهران، ۱۳۸۴.
- فرهنگ فارسی-کردی (جلد اول)؛ به سرپرستی: محمد ماجد مردوخ روحانی. دانشگاه کردستان، سنندج، ۱۳۸۵.
- فرهنگ فارسی-کردی (جلد دوم)؛ به سرپرستی: محمد ماجد مردوخ روحانی. دانشگاه کردستان، سنندج، ۱۳۸۶.
- فرهنگ فارسی-کردی (جلد سوم)؛ به سرپرستی: محمد ماجد مردوخ روحانی. دانشگاه کردستان، سنندج، ۱۳۸۶.
- فرهنگ‌نامه اندیشه‌ی مارکسیستی؛ ویراستاران: تام باتامور، جی. کیرنن، رالف میلی‌بند. مترجم: اکبر معصوم‌بیگی؛ نشر بازتاب‌نگار، چاپ اول، ۱۳۸۸.
- فرهنگ ادیان جهان؛ ویراستار: جان آر. هینلز. مترجم: گروه مترجمین، ویراسته‌ی ع.پاشایی؛ نشر مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب؛ چاپ اول ویرایش دوم، تهران ۱۳۸۶.
- فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی: جولیوس گولد ویلیام کولب. مترجم: گروه مترجمین، به‌ویراسته‌ی محمدجواد زاهدی؛ انتشارات مازیار؛ چاپ دوم، تهران، ۱۳۸۴.
- فرهنگ اندیشه‌ی انتقادی، ویراسته‌ی مایکل پین. مترجم: پیام یزدانجو؛ نشر مرکز، چاپ سوم؛ تهران، ۱۳۸۶.
- فرهنگ جامعه‌شناسی انتقادی؛ ریمون بودون، فرانسوا بوریکو. مترجم: عبدالحسین نیک‌گهر؛ فرهنگ معاصر، تهران، ۱۳۸۵.
- فیالکوفه یانکل؛ «جامعه‌شناسی شهر». مترجم: عبدالحسین نیک‌گهر. نشر آگه؛ چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸.
- فردریک سی. جی (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- فریدن، بتی (۱۹۷۰)؛ برگرفته از: جامعه‌شناسی خانواده؛ شهلا اعزازی.
- فریدن، بتی (۱۹۶۳)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- فلود، جین (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- فیشر، آر. یوری (۱۹۸۸)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- کاپلستون، فردریک؛ «تاریخ فلسفه (از بنتام تا راسل)» جلد هشتم، ترجمه‌ی: بهاءالدین خرمشاهی؛ شرکت انتشارات علمی و فرهنگی و انتشارات سروش؛ چاپ سوم، تهران ۱۳۸۲.

- کاتر، بی. کورنلیوس (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
- کاتوزیان، محمدعلی همایون؛ «تضاد دولت و ملت – نظریه‌ی تاریخ و سیاست در ایران». مترجم: علیرضا طیب. نشر نی؛ چاپ دوم، تهران ۱۳۸۱.
- کاتوزیان، محمدعلی همایون؛ «نه مقاله در جامعه‌شناسی تاریخی ایران– نفت و توسعه اقتصادی». مترجم: علیرضا طیب. نظر مرکز؛ چاپ سوم، تهران ۱۳۸۸.
- کاظمی‌پور، دشهلا؛ «روشهای مقدماتی تحلیل جمعیت». نشر دانشگاه پیام نور؛ ۱۳۸۷.
- کاکر، فرانسیس (۱۹۳۴)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- کانرتون،پل (تدوین و ویرایش)؛ «جامعه‌شناسی انتقادی». مترجم: حسن چاوشیان؛ نشر اخترلن؛ چاپ دوم، تهرلن ۱۳۸۷.
- کرایب، یان؛ «نظریه‌ی اجتماعی کلاسیک– مقدمه‌ای بر اندیشه‌های مارکس، وبر، دورکهیم، زیمل». مترجم: شهناز مسمی‌پرست؛ نشر آگه؛ چاپ چهارم، تهرلن ۱۳۸۸.
- کرایبه یان؛ «نظریه‌ی اجتماعی مدرن– از پارسونز تا هابرماس». مترجم: عباس مخبر؛ نشر آگه، چاپ پنجم، تهرلن ۱۳۸۸.
- کلن، ان (۱۹۷۵)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
- کوئن، بروس؛ «مبانی جامعه‌شناسی». ترجمه: غلامعباس توسلی، رضا فاضل؛ نشر سمت، چاپ بیستم، تهرلن ۱۳۸۷.
- کوئن، بروس؛ «درآمدی به جامعه‌شناسی». مترجم: محسن ثلاثی. نشر توتیا، چاپ بیستو پنجم، تهرلن ۱۳۸۴.
- کوزر، لیوئیس؛ «زندگی و اندیشه بزرگلن جامعه‌شناسی»؛ مترجم: محسن ثلاثی؛ انتشارات علمی؛ چاپ چهاردهم، تهرلن ۱۳۸۷.
- کولمن، دی‌سی (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگرلن.
- کوهن، آلوین استانفورد؛ «تئوری‌های انقلاب». ترجمه: علیرضا طیب، نشر قومس؛ چاپ هفدهم، تهرلن ۱۳۸۷.
- گلشن فومنی، محمدرسول؛ «جامعه‌شناسی آموزش و پرورش». نشر شیفته، تهرلن ۱۳۷۵.
- گورویچ، ژرژ؛ «مطالعه درباره‌ی طبقات اجتماعی». مترجم: باقر پرهام؛ نشر امیرکبیر، چاپ پنجم، تهرلن ۱۳۶۹.
- گیدنز، آنتونی؛ «جامعه‌شناسی» (ویراست چهارم: ۲۰۰۳)؛ با همکاری: کارن بردسال. مترجم: حسن چاوشیان؛ نشر نی؛ تهرلن ۱۳۸۶.
- گیدنز، آنتونی؛ «سیاسته جامعه‌شناسی و نظریهٔ اجتماعی». مترجم: منوچهر صبوری؛ نشر نی؛ چاپ دوم، تهرلن ۱۳۸۱.
- گیدنز، آنتونی؛ «جامعه‌شناسی» (۱۹۸۹). مترجم: منوچهر صبوری، نشر نی، چاپ هجدهم، تهرلن ۱۳۸۵.

– گیدنز، آنتونی؛ «فراسوی چپ و راست». مترجم: محسن ثلاثی. انتشارات علمی فرهنگی، تهران ۱۳۸۲.
– لهسایی‌زاده، د.عبدالعلی؛ «جامعه‌شناسی توسعه». نشر دانشگاه پیام نور؛ چاپ ششم، تهران ۱۳۸۷.
– لیتل، دانیل؛ «تبیین در علوم اجتماعی». مترجم: د. عبدالکریم سروش؛ نشر صراط؛ تهران ۱۳۷۳.
– لی‌کاکـ الینور بِرِک (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه مارکسیستی؛ تام باتامور و دیگران.
– م. داگلاس (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.
– مارکس، کارل؛ «سرمایه (جلد اول)». مترجم: ایرج اسکندری؛ نشر فردوس؛ تهران ۱۳۸۳.
– مارکس، کارل؛ «سرمایه (جلد دوم)». مترجم: ایرج اسکندری؛ نشر فردوس؛ تهران ۱۳۸۳.
– مارکس، کارل؛ «سرمایه (جلد سوم)». مترجم: ایرج اسکندری؛ نشر فردوس؛ تهران ۱۳۸۳.
– مارکس، کارل؛ «دست‌نوشته‌های اقتصادی و فلسفی ۱۸۴۴». مترجم: حسن مرتضوی. نشر آگه، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۷.
– مانهایم، کارل؛ «ایدئولوژی و اتوپیا– مقدمه‌ای بر جامعه‌شناسی شناخت». مترجم: فریبرز مجیدی؛ نشر سمت، تهران ۱۳۸۰.
– ملکـ حسن؛ «جامعه‌شناسی قشرها و نابرابریهای اجتماعی». نشر دانشگاه پیام نور؛ چاپ دوم (ویرایش دوم)، تهران ۱۳۸۷.
– مندراس، هـ؛ «مبانی جامعه‌شناسی». مترجم: باقر پرهام؛ انتشارات امیرکبیر؛ تهران ۱۳۴۹.
– مندل، ارنست (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه مارکسیستی؛ تام باتامور و دیگرلن.
– مور، برینگتون؛ «ریشه های اجتماعی دیکتاتوری و دموکراسی». ترجمه: حسین بشیریه؛ نشر دانشگاهی، تهران، ۱۳۶۹.
– مور، استفن؛ «دیباچه‌ای بر جامعه‌شناسی». مترجم: مرتضی ثاقب‌فر؛ نشر ققنوس، تهران ۱۳۷۶.
– مومسن، ولفگانگ (۱۹۸۹)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.
– مید، جورج هربرت (۱۹۴۳)؛ برگرفته از: زندگی و اندیشه‌ی بزرگان جامعه‌شناسی؛ لیوئیس کوزر.
– میردال،
– میلنر، آندرو و جف براویت؛ «درآمدی بر نظریهٔ فرهنگی معاصر». مترجم: جمال محمدی. نشر ققنوس، تهران ۱۳۸۵.
– نراقی، احسان؛ «علوم اجتماعی و سیر تکوینی آن». نشر فرزان؛ چاپ سوم، تهران ۱۳۸۵.
– نوذری، حسینعلی؛ «مدرنیته و مدرنیسم– سیاسته فرهنگ و نظریهٔ اجتماعی». انتشارات نقش جهان، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۰.
– نوذری، حسینعلی؛ «بازخوانی هابرماس». نشر چشمه، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۶ .
– نوربخش گلپایگانی، سیدمرتضی؛ «واژگان علوم اجتماعی». انتشارات بهینه، تهران ۱۳۸۰.
– نولان، پاتریک و گرهارد لنسکی؛ «جامعه‌های انسانی». مترجم: ناصر موفقیان؛ نشر نی، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۳.

سەرچاوەکان

– نیک‌گهر، عبدالحسین؛ «مبانی جامعه‌شناسی». نشر رایزن، چاپ دوم، ۱۳۶۹.

– وارد گلن؛ «پست مدرنیسم». مترجم: ابوذر کرمی؛ نشر ماهی، چاپ دوم؛ تهران ۱۳۸۷.

– وایت (۱۹۴۹)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.

– وبر، ماکس؛ «مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی». مترجم: احمد صدارتی. نشر مرکز، چاپ هشتم، تهران ۱۳۸۸.

– وبر، ماکس؛ «اخلاق پروتستان و روح سرمایه‌داری». مترجم: دعبدالمعبود انصاری؛ نشر صراط، چاپ سوم ۱۳۸۷.

– وبر، ماکس؛ «دین، قدرت، جامعه». ترجمه: احمد تدین؛ چاپ اول، نشر هرمس، تهران، ۱۳۸۲.

– وبر، ماکس؛ «روش‌شناسی علوم اجتماعی». مترجم: حسن چاوشیان؛ نشر مرکز، تهران ۱۳۸۲.

– وبر، ماکس (۱۹۴۷)؛ «نظریهٔ اجتماعی و نهادهای اقتصادی» . برگرفته از: جامعه و سیاسته مایکل راش.

– وبلن، تورستن (۱۹۲۳)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.

– وزارت کشور، اداره‌ی کل امور اجتماعی، آمار جرایم ۱۳۸۳.

– ولستون کرفت، مری (۱۹۹۲)؛ برگرفته از: مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، حمید عضدانلو.

– وولف، کورت اچ (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.

– ویکس، جان (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه مارکسیستی؛ تام باتامور و دیگران.

– وینسنت، اندرو؛ «نظریه های دولت». مترجم: حسین بشیریه؛ نشر نی، چاپ پنجم، تهران ۱۳۸۵.

– هاروی، دیوید (۱۹۹۱)؛ برگرفته از: فرهنگ اندیشه مارکسیستی؛ تام باتامور و دیگران.

– هال، آنتونی و جیمز میجلی؛ «سیاست اجتماعی و توسعه». مترجم: مهدی ابراهیمی و علیرضا صادقی؛ نشر جامعه‌شناسان، تهران ۱۳۸۸.

– هانت (۱۹۶۴)؛ برگرفته از: فرهنگ علوم اجتماعی؛ ویراسته‌ی جولیوس گولد و دیگران.

– همیلتون، ملکم؛ «جامعه‌شناسی دین». مترجم: محسن ثلاثی؛ نشر ثالثه تهران ۱۳۸۷.

– هولاب، رابرت؛ «یورگن هابرماس– نقد در حوزهٔ عمومی». مترجم: د حسین بشیریه. نشر نی، چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۶.

– هیوز، هنری استیوارت؛ «آگاهی و جامعه». ترجمه: عزت‌الله فولادوند. انتشارات علمی فرهنگی؛ چاپ چهارم، تهران ۱۳۸۶.

سەرچاوە کوردییەکان:

– ئۆسکارمان؛ «توحفەی موزەفەرییە». هێمن هێناویەتە سەر ڕێنووسی کوردی و پێشەکی بۆ نووسیوە؛ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ۲۰۰٦.

– موحسنی، مەنووچێهر؛ «دەروازەکانی کۆمەڵناسی». وەرگێڕ: دەستەی وەرگێڕان. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر ۲۰۰٦.

- موحسنی، مەنووچێهر؛ «کۆمەڵناسی گشتی». وەرگێڕ: موسلح ئیروانی؛ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر ۲۰۰۷.
- د. حەمید عەزیز؛ «بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی». دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، هەولێر ۲۰۰۹.
- د. مەعن خەلیل؛ «کۆمەڵناسی خێزان». وەرگێڕ: ئارام ئەمین جەلال؛ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ۲۰۰۷.
- شەریفی، فەرشید؛ «فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان». دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم؛ سلێمانی ۲۰۰۷.
- شیرزاد حەسەن؛ سەرجەمی ڕۆمانەکانی (حەسار و سەگەکانی باوکم). دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ۲۰۰۵.
- غەزالی، ئیمام ئەبووحامید؛ «کیمیای بەختەوەری». وەرگێڕ: فەخرەدین ئامێدیان. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شەمیمی سنە؛ سنە ۱۳۸۸.
- نەراقی، ئێحسان؛ «زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی پێشوە چوونی». وەرگێڕ: فەخرەدین ئامێدیان؛ دەزگای موکوریانی، هەولێر ۲۰۰۹.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Ayensu, Edward S. *'A worldwide Role for the Healing Powers of Plants'* simithsonian. Vol. 12 (1981).
- Bernstein, B. (1997); *clase, code and control: Towards a theory of educational transmission*; vol. 3, London; Routledge and kegan Paul.
- Bernstein, B. (1997); *clase, code and control: Towards a theory of educational transmission*; vol. 1, London; Routledge and kegan Paul.
- Bell, D. *the Coming of Post-Industrial Society*. New York. Basic Books, 1973.
- Benjamin, Lois. *The Black Elite: Facing the color Line in the Twilight of the Twentieth Century*. Chicago: Nelson-Hall, 1991.
- Berk, S.F. 'Women's Unpaid Labor: Hom and Community.' In A. H Stromberg and Harkness (eds). *Women Working*, pp. 287-302 Mountain View, CA: Mayfield, 1988.

- Blau Peter M. and Richard A. Schoenherr. *The Structure of Organizations.* White Plains, NY: Longman, 1973.
- Blumer, H. *Symbolic Interaction: Perspective and Methods.* Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall, 1969.
- Boff, Leonard and Clodovis. *Salvation and Liberation: In Search of a Balance Between Faith and Politics.* Maryknoll, NY: Orbis Books, 1984.
- Brown, L. R. 'The Changing World Food Prospect: The nineties and Beyond'. *Worldwatch Paper 85*(October 1988), Worldwatch Institute.
- Caplan, Lionel. 'Populare Conception of Fundamentalism'. in L Caplan, ed; *studies in Relegious Fundamentalism.* Albany: State University of New York, 1987.
- Chirot, D. *Social Change in The Twentieith Century.* New York: 1977.
- Ciernia, J. 'Myths About Male Midlife Crisis.' Psychological Reports, 56 (1985), pp. 1003-1007.
- Cohen, David K. and Barbara Neufeld. 'The Failure of High School and the Progress of Education.' *Deadaluse* (Summer 1981) : 69-89.
- Eurosat. *Europe in Figures.* 4th edn. Luxemborg: Office for Official Publication of the Europen Community, 1995.
- Farrel, M; and S. Rosenberg. *Men at Midlife.* Boston 1981.
- Glock, Charles Y. 'The Religious Revival in America'. In Jane Zahn, ed., *religion and the face of America.* Berkeley: University of California Press, 1959.
- Goffman, E. *The Presentation of self in Everyday Life.* New York, 1959.
- Goran, Therborn. *Europen Modernity and Beyond: The Trajectory of Europen Societies1945-2000.* London: Sage, 1995.
- Hawley, A. H. *American Sociological Reviw,* April 1948.
- Hay, D. *Europe: The Emergence of an Idea.* 2nd edn. Edinburg: Edinburg University Press 1968.
- Heilborner, Robert L. *The Making of Economic Society.* 7th edn. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall, 1985.
- Hendry, P. 'Food and Production: Beyond Five Billion.' *Population Bulletin 42* (April 1988).

- Hughes, E. C. 'Dilemmas and Contradiction of Status.' *American Journal of Sociology 50* (1945), pp. 553-559.
- Hunter, James Davision. 'Conservative Protestanism.' In Philip E. Hammond, ed., *the Sacred in a Secular Age.* Berkely: University of California Press, 1985: 50-66.
- Kitsuse, J. 'Societal Reaction to Deviant Behavior.' In H. S. Becker (ed), *The Other Side: Perspevtives on Deviance,* pp. 87-102. New York: Free Press, 1964.
- Koss, Mary P., Christine A. Gidycz, and Nadine Wisniewski. 1987. 'Scope of Rape: Incidence and Prevalence of Sexual Aggession and Victimization in a National Sample of Higher Education Students.' *Journal of Consulting and Clinical Psychology 55*(2): 162-70.
Lechner, Frank J. 'Fundamentalism Revisited.' *Society* (January/ February 1989).
- Levinson, D., et al. *The Seasons of a Man's Life.* New York: Knopf, 1987.
- Mauro, Tony. *Cruzan's Struggle Left Imprint: Private Case Triggered Public Debate*. USA Today (27 December 1990).
- Merton, R. K. *Social Teory and Social Structure.* Free Press, Glencoe, III; 1957.
- Merton, R. K. *Social Teory and Social Structure*. Free Press, Glencoe, III; 1968.
- Michael, Donald, 1948. 'Too Much of a Good Thing?: Dilemmas of an Information Society.' *Technological Forecasting and Social Change,* 25(4): 347-54.
- Miller, Jurdith. 'Displaced in the Gulf War: 5 Million Refugees.' *The New York Times* (July 16, 1991).
- Mills, C. W. *The PowerElite*. New York: Oxford University Press, 1956.
- Mills, C. W. *The Sociological Imagination*. New York: Oxford University Press, 1959.
- Mommsen, Wolfgang. *The Political and Social Theory of Max Weber.* Cambridge, UK: Polity Press, 1989.
- Morley, David. *Televisions: Audiences and Cultural Srudies.* London: Routledge, 1992.

- Nakao, K. and J. Treas. *Revised Prestige Scores for All Occupations* (unpublished Paper). Chicago: National Opinion Research Center, 1990.
- Neuhouser, Kevin. 'The Radicalization of the Brazilian Catholic Church in Comparative Prespective.' *American Sociological Review*. Vol. 54, No. 2 (April 1989): 233-44.
Nisbet, Robert A. *Sociology as an Art From,* London: Heinemann, 1976.
- O'Niell, Bard E. *Insurgency and Terrorism.* Washington DC: Brassey's, 1990.
- Oakley, A. *Sociology of Houseweek.* New York: Pantheon, 1985.
- Ogburn, William F., and Clark Tibbits. 'The Family and its Functions.' In *Recent Social Trends in the United States,* The Research Committee on Social Trends (eds). New York: Mcgraw-Hill, 1934, pp.661-708.
- Porter, Micheal E. *The Competitive Advantage of Nations.* New York: Free Press 1990.
- Quane, Adama. 'National Languages anf Mother Tongues'. Unesco Courier (July 1990).
- Quinn, J. A. *Human Ecology.* Prentice- Hall, Englewood Cliffs, N.J., 1950.
- Scully, D. and J. Marolla. "Convicted Rapists' Vocabulary of Motive: Excuses and Justifications." *Social Problems 31 (June 1984)*. Pp: 530-544.
- Sekulic, Dusko, 1978. 'Approaches to the Study of informal Organization'. *Sociologija 20(1.*
- Sheehy, G. *Passages*. New York: Dutton, 1976.
- Shilts, R. *And The Band Played On: Politics, People, and The AIDS Epidemic.* New York: Penguin, 1987.
- Simon, R. J., and Danziger, G. *Women's Movements in America: Their Success, Disappointments, and Aspirations.* New York Preager. 1991.
- Skidmore, Thomas E., and Peter H. Smith. *Modern Latin America,* 2nd Ed. New York: Oxford University Press, 1989.
- *Statistical Abstract of the United States, 1992.*
- Wallis, Roy. *The Road to Total Freedom: A Sociological Analysis of scientology.* London: Hienemann, 1976.

- Sykes, G., and D. Matza. 'Thechniques of Neutralization: A Theory of Diliquency.' *American Sociological Review 22*(1957), pp. 664-670.
- Ungar, Sanford J. *Africa: The People and Politics of an Emerging Continent,* 3rd rec. ed. (New York: Touchstone Books, 1989).
- Van Evera, Stephen. 'The Case Against Interventions.' *The Atlantic Monthly* (July 1990): 72-80.
- Vogt, Evon Z. and John M. Roberts. 'A Study of Values'. Pp. 109-17 in Readings in Sociology, 2nd edition. 1990.
- Walby, Sylvia. *Theorizing Patriarchy.* Cambridge: Polity Press 1990.
- Waldrop, J., and T. Exter. 'What the 1990 Census Will Show.' *American Demographics* (Janury 1990), pp: 20-30.
- Wallerstein, I. *The Modern World System.* New York: Academic vol. 1, 1974, vol. 2, 1980.
- Wallerstein, Immanuel. *The Politics of the World-Econimy: The State, the Movements and the Civilization.* New York: Cambridge Univesity Press. 1984.
- Wallis, Roy. *The Road to Total Freedom: A Sociological Analysis of Scientology.* London: Hienemann, 1976.
- Watkins, Susan C. and Jane Menken. 1985. 'Famines in Historical Perspective.' *Pupulation and Development Review 11*(4): 57-76.
- Webester, Andrew. *Introduction to Sociology of Development,* 2nd ed. Atlantic Highlands, NJ: Humanities Press International. 1990.
- Weiss, R. S. *Staying The Course: The Emotional and Social Lives of Men Who Do Well at Work.* New York: Free Press 1990.
- White, Leslie A. *The Science of Culture: A Study of man and Civilization.* New York, 1949.
- Yinger, J. Milton. *The Scientific Study of Religion.* New York: Macmillan, 1971.